حوکمەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان

بەشی زمانی کوردی

# ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا

لێکۆڵینەوەیەکی بونیادگەرییە

نامەیەکە

**بوشرا قادر کاکە محەمەد**

پێشکەشی کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردیی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە
لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

**پ.د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد**

(٢٧٢١)ی کوردی        (٢٠٢٢)ی زایینی

نامەی (ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا – لێکۆڵینەوەیەکی بونیادگەرییە)، بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی، ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

**پ. د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد**

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**پ. ی. د. محمد عمر عول**

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت: / ٢٠٢٢/١

ئێمە ئەندامانی لێژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکە دا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا، کە شایەنی ئەوەیە، بە پلەی (       ) بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

پ. د. حەمەنووری عومەر کاکی

سەرۆکی لێژنە

ڕۆژ: ٢٠٢٢/١/٩

پ. د. فەرهاد قادر کەریم

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠٢٢/١/٩

پ. ی. د. عوسمان عەبدول مەعروف

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠٢٢/١/٩

پ. ی. د. محەمەد ئەحمەد حەسەن

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠٢٢/١/٩

پ. ی. د. دیار فایەق مەجید

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠٢٢/١/٩

پ. د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ٢٠٢٢/١/٩

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەند کرا.

پ. ی. د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

ڕاگری کۆلێژی زمان

زانکۆی سلێمانی

# ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا

لێکۆڵینەوەیەکی بونیادگەرییە

# پێڕست


| ناوەڕۆک | لاپەرە |
|---|---|
| سوپاسنامە | ا |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم<br>ئێستاتیکاو گێڕانەوەناسی سیما و خەسڵەتەکانی لە ئەدەبیاتی کوردییدا<br>پاری یەکەم: گێڕانەوە و گێڕانەوەناسی<br>پارچەی یەکەم: گێڕانەوە | ٥- ٨ |
| پارچەی دووەم: ئامانجی گێڕانەوە | ٨-١٤ |
| پارچەی سێیەم: گێڕانەوەناسی | ١٤-١٨ |
| پارچەی چوارەم: تایبەتمەندی گێڕانەوە | ١٨-٢٠ |
| پارچەی پێنجەم: ڕێزمانی گێڕانەوە | ٢٠-٢٥ |
| پارچەی شەشەم: سنووری گێڕانەوە | ٢٦-٣٥ |
| پارچەی حەوتەم: گێڕانەوەناسی و دیدگا<br>١. فەلسەفە و گێڕانەوە<br>٢. کۆمەڵناسی و گێڕانەوە<br>٣. جێندەر و گێڕانەوە<br>٤. ئایین و گێڕانەوە<br>٥. زانست و گێڕانەوە<br>٦. شوناس و گێڕانەوە | ٣٥-٤٦ |
| پاری دووەم: ئێستاتیکا و ئێستاتیکای گێڕانەوە | ٤٧-٥٣ |
| پارچەی یەکەم: جوانی و داهێنان | ٥٤-٥٧ |

| | |
|---|---|
| پارچەی دووەم: جوانی و ناشرینی | ٥٨-٦٦ |
| پارچەی سێیەم: هونەر و چێژ | ٦٦-٦٨ |
| پارچەی چوارەم: سەلیقە و زەوق | ٦٨-٧٢ |
| پارچەی پێنجەم: هاودڵی | ٧٢-٧٤ |
| پارچەی شەشەم: بنەمای جوانیناسی | ٧٤-٨٢ |
| بەشی دووەم: جوانیناسی گێڕانەوەی پەخشانیی<br>پاری یەکەم: گێڕانەوە لە هەقایەتی کوردیدا<br>پارچەی یەکەم: لە بارەی هەقایەتەوە | ٨٣-٨٤- |
| پارچەی دووەم: جۆرەکانی هەقایەت<br>یەکەم: هەقایەتی خورافی<br>دووەم: هەقایەتی کۆمەڵایەتی<br>سێیەم: هەقایەتی پەندئامێز<br>چوارەم: هەقایەتی دینی و عیرفانی<br>پێنجەم: گاڵتەوگەپ | ٨٥-٨٩ |
| پارچەی سێیەم: ئێستاتیکای گێڕانەوە لە هەقایەتدا | ٩٠ |
| یەکەم: هەقایەت لە هەقایەتدا | ٩١-٩٤ |
| دووەم: مۆتیڤ<br>▪ کەسێتی<br>▪ کەرەستە<br>▪ چەمک و بابەت<br>▪ ڕووداو<br>▪ شوێن<br>▪ دەستەواژە<br>▪ ژمارە | ٩٤-١١٤ |

| | |
|---|---|
| پاری دووەم: چیرۆکی کوردی<br>پارچەی یەکەم: لە بارەی چیرۆکی کوردییەوە | ١٢١-١١٤ |
| پارچەی دووەم: ئێستاتیکای گێڕانەوەی چیرۆک<br>ئاواز<br>یەکەم: ئاواز و وەگێڕ<br>دووەم: ئاواز و گۆشەنیگا<br>سێیەم: ئاواز و زمان<br>چوارەم: ئاواز و شێواز<br>پێنجەم: ئاواز و دووبارەکردنەوە | ١٤٢-١٢١ |
| پاری سێیەم: ڕۆمانی کوردی<br>پارچەی یەکەم: واقیعی چیرۆکی/ واقیعی ناو چیرۆک | ١٤٢ |
| یەکەم: واقیعییەت | ١٤٦-١٤٣ |
| دووەم: گێڕانەوەی مێژوویی وەک واقیع | ١٤٩-١٤٦ |
| سێیەم: خەیاڵ وەک هونەر | ١٥٣-١٤٩ |
| چوارەم: فەنتازیا | ١٥٨-١٥٣ |
| پێنجەم: ناباوکاری | ١٦١-١٥٨ |
| شەشەم: سەرسامکردن | ١٦٢-١٥٨ |
| پارچەی دووەم: ڕیالیزمی جادوویی<br>یەکەم: دەقئاوێزان<br>دووەم: کەسێتیسازی<br>سێیەم: زمانی شیعری | ١٧١-١٦٢ |

| | |
|---|---|
| پاری چوارەم: ژیاننامە وسەفەرنامە<br>پارچەی یەکەم: جۆرەکانیان<br>یەکەم: ژیاننامەی ئەویدی<br>دووەم: خۆژیاننامەنووسی | ١٧١– ١٧٥ |
| سێیەم: سەفەرنامە | ١٧٥–١٧٦ |
| پارچەی دووەم: پێکهاتەی جوانناسی<br>یەکەم: زمان<br>دووەم: ناونیشان<br>سێیەم: گۆشەنیگا | ١٧٧–١٨٨ |
| بەشی سێیەم: جوانیناسی گێڕانەوەی ژانری شیعر<br>پاری یەکەم: ژانری شیعر | ١٨٢–١٨٩ |
| پارچەی یەکەم: ئەدەبی زارەکی و داستان<br>یەکەم: بەیت- ئیپیکی میللی | ١٨٩–١٩٤ |
| دووەم: داستان | ١٩٤–١٩٥ |
| وەگێڕ وەک جوانیناسی داستان | ١٩٥–١٩٨ |
| پاری دووەم: قەسیدە و غەزەل<br>پارچەی یەکەم: قەسیدە | ١٩٨–٢٠٣ |
| پارچەی دووەم: غەزەل | ٢٠٤–٢٠٧ |
| گفتوگۆ وەک جوانیناسی غەزەل | ٢٠٨–٢١١ |
| پاری سێیەم: لە بارەی شیعری نوێیەوە | ٢١٢–٢١٤ |
| پارچەی یەکەم: لیریک | ٢١٢ |

| | |
|---|---|
| پارچەی دووەم: وێنەی شیعریی، جوانیی دەربڕین | ٢١٤ |
| ◆ وەسف<br>وەسفی کەسێتی<br>وەسفی شوێن<br>وەسفی کات<br>وەسفی ڕووداو | ٢١٤ –٢٣٥ |
| پارچەی سێیەم: فەزاسازی<br>• فەزای ئەفسانەیی<br>• فەزای سۆزاوی<br>• فەزای شارنشینی<br>• فەزای مۆدێرن | ٢٣٥– ٢٤٩ |
| پارچەی چوارەم: دەقی والآ | ٢٤٩–٢٥٣ |
| بونیادی ژانریی | ٢٥٤–٢٥٧ |
| بونیادی هونەریی | ٢٥٨–٢٦٢ |
| ئەنجامەکان | ٢٦٣–٢٦٤ |
| پەراوێزەکان | ٢٦٥–٢٦٧ |
| سەرچاوەکان | ٢٦٨–٢٨٢ |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | ٢٨٣ |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٨٤ |

## سوپاسنامە


- سوپاسی زۆرم ئاراستەی بەشی کوردی و سەرۆکی بەش؛ کاک دکتۆر محەمەد عومەر دەکەم، بۆ پشتیوانییە بەردەوام و دڵسۆزەکانی.
- سوپاسگوزاری بەهەشتیی، پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد کەساسم، کە پرۆپۆزەڵی نامەکە لە بنەڕەتدا هی ئەو بوو، بەڵام بە داخەوە لە نێوەی کارەکەدا، سەفەری ڕۆحی خۆیی کرد و جێی هێشتین، کارەکە قەرزاری هەوڵەکانی ئەوە و یادی هەمیشە لە دڵماندایە.
- سوپاسی بێ پایانم بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد دلێر، کە ڕەزامەند بوو، سەرپەرشی باسەکەم بگرێتە ئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجەکانی، نامەکە بە پێز بکات. زانایی و خاکەڕایی و میهرەبانییەکانی جێی ستایشن.
- سوپاس و خۆشەویستیم بۆ مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی، نەک تەنها لەم کارەمدا، بەڵکو هەمیشە بە ڕێزانی خۆی پشتیوان و ڕێنیشاندەرم بووە، ستایشی ئوستادییەکەی دەکەم.
- سوپاس بۆ هەموو مامۆستاکانم، لە قۆناغەکانی خوێندن و لە دەرەوەی خوێندن دا، مامۆستام زۆر بوون و هەن، لە دڵەوە داوای بەرەکەت و بڵندپایەییان بۆ دەکەم.

# پێشەکی

گێڕانەوەناسی وەک زانستێکی نوێ، ڕێگایەکی ڕێکخراوە بۆ لێکۆڵینەوەی بونیادی گێڕانەوە. بە وردبوونەوە لە شێوەی بەرهەمی ئەدەبی، هەوڵ دەدات بگات بە پەیڕەوێکی واتایی سەروو دەق و گوتاری گێڕانەوەیی دەقەکە وا لێبکات قابیلی تێگەیشتن بێت. بە واتایەکی تر: ئەم زانستە بەهۆی کۆمەڵێک دەستوور و یاسای هەڵهێنجراو لە خودی گێڕانەوەوە، حوکمی خۆی بەسەر دەق دا دەکات و هاوکات وا دەکات توانای تێگەشتن و درکی زیاترمان لە گێڕانەوە، هەبێت. دەقەکە چ بە شێوەی پەخشان یان شیعر بێت، بەهۆی ئەو بنەمایانەوەی کە بوونەتە هۆی پێکهێنانی گێڕانەوە و جەوهەری گێڕانەوەن، دەبێتە جێی لیکۆڵینەوە. بە سەرنجدان لە بەش و یەکەکانی دەقەکە، کۆی دەقەکە دەخرێتە بەر باس و دواجار ڕەخنەگر وەک بەشێکی گشتگیر، حوکمی خۆی لە بارەی دەقەکەوە دەخاتە ڕوو. لێرەوە بە پشتبەستن بەم زانستە و تێڕامان لە دەقی گێڕانەوەیی ئەدەبی کوردی؛ بڕیاری لێکۆڵینەوەمان لە بارەی گۆشەیەکی گێڕانەوەناسییەوە دا، ئەویش گۆشەی جوانیناسییە. بۆیە ناونیشانی باسەکەمان کردووە بە: "ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردی"دا. کە هەوڵێکە بۆ کەشفکردن و ناسینی کاری گێڕانەوەی ناو ئەدەبی کوردی. شرۆڤە و شیکردنەوە و دواجار خستنەڕووی کۆی ئەو وردەکاری و هونەرسازییەیە کە لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەی کوردیدا هەیە.ناونیشانی ڕوونکردنەوەیی "لێکلۆلینەوەیەکی بونیادگەرییە" وەک بەشێکی چەسپیو لە پرۆپۆزەڵی ئامادەکراو، مەبەست لە زانستی گێڕانەوەناسییە کە لە هەناوی بونیادگەرییەوە هەڵدەقولێت.

ناونیشانەکەمان سنووری باسەکەی بۆ دەستنیشانکردووین: ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا. بەم پێیەش وشەی ئێستاتیکا وەک خۆی (بە چەمکە فەلسەفییەکەی) خەمی ئەم توێژینەوەیە نییە، هێندەی ئەوەی بەکاردەهێنرێت و بیری پێدەکرێتەوە بۆ بابەتەکەمان، کە گێڕانەوەیە لە ئەدەبی کوردییدا. ئێمە لەم تێزەدا وشەکە لە کۆنتێکستە ئەوروپاییەکەی خۆی دابڕدەکەین و تا ئەو ئەندازەیە پێویستیمان بە چوونەوە سەر ڕەوتی مێژووی و پێکهاتەکەی لە ناو هونەرە جۆراوجۆرەکاندا هەیە، کە وابەستەی ئەدەبیات بێت. دواجار وەک دووربینێک سوودی لێوەردەگرین بۆ بیرکردنەوە لە دنیای لۆکاڵیی خۆمان و چالاکییەک لەو نێوانەدا کە گێڕانەوەیە. گێڕانەوە جۆرێکە لە هونەر و وەک پێویستی هەموو هونەرێکیش بەرهەمهێنەری ئێستاتیکای خۆیەتی. ئێمە قسە لە ئێستاتیکا دەکەین وەک ئەوەی لە ئەدەبی گێڕانەوەی کوردییدا بەدیدەکرێت، نەک مێژوو و ئاڕاستەی ئێستاتیکا لە ناو فەلسەفەی ئەوروپاییدا. بەڵگەنەویستی ئێمە بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە، کە ئێستاتیکا لە کۆی ئەو چالاکییانەدا هەیە کە میللەتە شارستانی و

مێژووییەکان ئەنجامیانداون. هیچ نەتەوەیەک و میللەتێک لە مێژوودا نییە، خاوەن ئاستێک لە ئێستاتیکا و سەلیقەی جوانییناسی خۆی نەبێت. کوردیش میللەتێکی مێژوویی و خاوەنی شارستانییەتێکی دێرینەیە و ئێستاتیکای خۆی لە کۆی ئەو چالاکییانەدا بەرجەستە کردووە، کە ئەم میللەتەیان گەیاندووە بە پێگە شارستانییەتەکەی. ئەدەبیات یەکێکە لەو چالاکییانە و گێڕانەوە یەکێکە لە گرنگترین لقەکانی ئەدەبیات. بۆیە ئێمە لەسەر ئەم خاڵە دەوەستین و ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا وەک بابەتێکی کارلەسەرنەکراو، یان دەستبۆنەبراو دەبینین. بەمجۆرەش پەیوەست نابین بە دووبارەکردنەوە مێژووی ئێستاتیکا لە ناو کتێبەکان و لە ئەدەبیاتی شوێنەکانیتری دنیادا. ئەگەر ئێمە لەم تێزەدا مێژووی ئێستاتیکامان نووسیباوە، ئەوکاتە دەبوو قۆناغ بە قۆناغ پەیگریی لەو مێژووی بکەین و وەک بابەتێکی نەریتی ئەو شتانە بڵێینەوە کە لە کتێبەکاندا کەسانیتر گوتویانن. ئێمە ڕاستەوخۆ پابەند دەبین بە ئێستاتیکاوە وەکئەوەی لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەی خۆماندا بەرجەستە بووە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

هەڵبژرادنی وەها ناونیشانێک ئەگەرچی سنووریکی فراوانی هەیە، بەڵام بەدەرنییە لە توانای کاری خوێندکاری باڵا، چونکە لە لایەکەوە بابەتەکە تا ئێستا بەو شێوە گشتگیری و وردبینییە کاری لەسەر نەکراوە، ئێستاتیکای گێڕانەوە نەبۆتە کێشەیەک بۆ توێژەری ئەکادیمی. لە لایەکی ترەوە وەک پێویستی ناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی گێڕانەوە، ئەم کارە جێی خۆی دەگرێت و دەبێتە سەرەتایەک بۆ توێژینەوەی دیکە لە بوارەکانی: ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و زارەکی و بەندبێژی، ئەدەبیاتی شیعری و گێڕانەوە لە نێو فەرهەنگ و کولتوور و گەلێک لقی دیکەی ئەدەبیاتماندا. یەکێک لەو هۆکارانەی وەهای کردووە سنوورەکە بەو فراوانییە وەربگرین، ئەوەیە لە گێڕانەوەناسی دا ئێمە دەبێت کار لەسەر یەک لەو ژانرانە بکەین کە گێڕانەوەن، بەڵام هەندێک لەو ژانرانە لە شێوەزارێک دا هەیە و لەوی تردا نییە. بۆ نموونە داستان، ئەگەر تەنها کرمانجی ناوەڕاستمان وەرگرتبا، دەبوو، لە بارەی داستانەوە نەدوێین و ئەوسا داستانە گۆرانی و کورمانجییەکان بەو پێکهاتە هونەریی و وێنەسازی و گێڕانەوە جوانانەوە پشکیان نەدەبوو لە نامەکەدا و وەک کەموکورتییەک دەکەوتە ملی باسەکەمان، چونکە ئەوەی لەم شێوەزارەدا لەبەردەستدایە، بەشێکی وەرگێڕانی داستانە فارسییەکانە، بەشێکی دیکەیشی ئەدەبیاتی میللی و زارەکین {بۆ نموونە ئەو داستانانەی کەمالی وەریگێڕاون}. یا خود ئەگەر خۆمان ببەستایەتەوە بە ماوەیەکی دیاری کراوەوە، ئەوسا هەندێک لە ژانرەکان یا بەسەرچوو بوون یان هێشتا نەدەنووسران، دیسانەوە کارەکە لەنگ دەبوو، بۆ نموونە ئەگەر سەرەتای کلاسیک لە مەلای جزیرییەوە تا ئەدەبی نوێ و گۆران وەرگیرایە، ئەوا نەمان دەتوانی قسە لەسەر چیرۆک، ڕۆمانی و چیرۆکەشیعر وەک دیارترین رەگەزی شیعری نوێ باس بکەین. خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە بوایە،

له ئەدەبی نوێیەوە کارمان بکردایە، ژانرەکانی داستان و غەزەل و قەسیدە و هەقایەت باس نەدەکران. بۆیە لێرەدا پێوستمان بە نیشاندانی سیمایەکی گشتی ئەدەبی کوردی هەبووە. وەرگرتنی دەق و نمونەکانیش پەیوەست بووە بە سەلیقە و مەیلی توێژەرەوە. چونکە خودی کارکردن لەسەر ئێستاتیکا ئەو مافەت پێدەدات، لە دیدگای خۆت و بە پێشینەی مەعریفی خۆت ئەو بڕیارە بدەیت. لە لایەکی ترەوە خاڵێک کە دەبێتە جێی گازندە، نائامادەیی دەقی نوسەرانی ژنە، هەر چەندە کردەی گێڕانەوەو لە بنەڕەتدا ڕۆحیکی مینەیی و ژنانەیی هەیەو لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا ژنان هەقایەتخوانی یەکەمی ژیانی تاکەکان، دایکان بە هەقایەت مناڵەکان گۆش دەکەن. بەڵام کاتێک دێینە سەر دەق، ئیتر بۆ ئێمە دەقی ژنانە و دەقی پیاوانە نابێتە جێی سەرنج، ئەو دەقەی بەها جوانیناسییەکانی کێشت دەکات، ئەوە دەبێتە کەرەستە بۆ کارەکەت، بۆیە ئەم کارە بە ئاگایی و لە ناسینی دەقەکانەوە هاتووە و نەمان ویستووە بۆ هاوسەنگی ڕاگرتن، نامەکان بار بکەین بە دەقێک کە ڕای نەکێشاوین.

**هۆکاری هەڵبژردنی بابەتەکە:**

بێگومان بۆ هەڵبژاردنی هەر بابەتێک چەندان هۆکار هەن کە بۆنەتە پاڵنەری توێژەر، یەکێک لەو هۆکارانە، گرنگیی گێڕانەوەناسییە، ئێمە دەتوانن وەک زانستێک لە ڕێگایەوە کار لەسەر دەقی گێڕانەوەییمان بکەین، کە هێندەی ئێمە سەرنجمان دابێت، کەم کەم خەریکە لە گۆشەنیگا و ڕەهەندە جیاکانەوە کاری لەسەر دەکرێت ئەگەر ئاماژە بە چەند کارێک بدەین، یەکێک لەوانە نامەی ماستەری توێژەرە بە ناوی "پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا"، کە تێیدا لە چوارچیوەی زانستی گێڕانەوەناسی دا لە پلۆتی چیرۆکی نوێیمان لە چوارچیوەی قوتابخانەی بونیادگەری دا کۆڵیوەتەوە، لە پاش ئەوە سیمۆلۆژیای گێڕانەوە- حەمە مەنتک و گێڕانەوەناسی هاشم ئەحمەد زادە، جێی باسن. بەڵام ئەوەی نەبۆتە جێی سەرنجی لێکۆڵەران، یاخود هێشتا کاریان لەسەر نەکردووە، ڕەهەندی ئێستاتیکایە. ئەمەش بۆتە پاڵنەری یەکەم بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە. کەموزۆر لە بارەی ئێستاتیکاوە بابەت هەن. بۆ نموونە "ئێستاتیکای شیعری نوێی کوردی" جەبار ئەحمەد حسێن، یان ئێستاتیکای وەسف لە چیرۆکەشیعرییەکانی ئەنوەر قادر محەمەد دا "ڕەوەند حەمە جەزا". بەڵام بەو گشتگیری و پاوانخوانخوازییە، کارێک لەبەر دەست دانییە.

هەموو توێژینەوەیەک بەدوای وەڵامی پرسیارگەلێک دا دەگەڕێت و ئەمەش وەک گرفتی لێکۆڵینەوەکە، کاری سەرەکی توێژەرە چارەسەر و وەڵامدانەوەی، بۆیە ئەم بەرهەمە بە ئەنجامی خواست و مەیلی توێژەر دادەنرێت سەبارەت بە گێڕانەوە و گەڕان بۆ وەڵامی: ئەم گێڕانەوەیە بۆچی هەمیشە چێژبەخشە؟ بۆچی گێڕانەوە باڵی بەسەر هەموو ئەدەبیات دا کێشاوە؟ نوسەرە مەزنەکانی بوارەکانی زانست و هزر و فەلسەفە و عیرفانیش خۆیان لە گێڕانەوە نەبواردووە، تەنانەت پەروەردەگاریش وەک حیکایەتخوانی یەکەم، لەگەڵ ناردنی هەر پەیامبەرێکدا دیسانەوە زاری بۆ گێڕانەوە هەڵهێناوە.

**بەشەکانی نامەکە:**

پلانی کارکردنمان لەسەر ئەم بابەتە، وەها دارشتووە، کە باسەکە دابەش بێت بۆ سێ بەشی سەرەکی و هەر بەشەیشی لە ناو خۆیدا لە چەند پار و پارچەیەک پێکدێت. بەشی یەکەممان بە ناونیشانی ئێستاتیکا و گێڕانەوەناسی، سیما و خەسڵەتەکانی لە ئەدەبیاتی کوردییدا، بەرێژەیەکی زۆر تیۆرییە و تەرخانمان کردووە بۆ وردبوونەوە لە چەمک و زاراوە و ناساندنی هەردوو چەمکی گێڕانەوەناسی و ئێستاتیکا. لەوێدا وێڕای ئەوەی سەرەتایەکی مێژوویی هەردوو زانستەکەمان باس کردووە، لە بارەی چییەتی و چۆنییەتی کارکردنی ئەم چەمکانە لە ناو دەق دا دواوین و لە کوێدا بە پێوستمان زانیبێت، نمونەمان هێناوەتە بۆ بەپێزی بۆچوونەکانمان. بەشی دووەم لە بارەی جوانیناسی گێڕانەوەی پەخشانییەوە دواوین، کە هەر یەک لە ژانرەکانی "هەقایەت، چیرۆک، ڕۆمان، ژیاننامە و سەفەرنامە" دەگرێتەوە بە وردی لە بارەی جوانیناسی و ئەو هۆکارانەی وا دەکەن دەقەکە بە دەقیکی ئێستاتیکی دابنرێت، دواوین. هەرچی بەشی کۆتاییە، ئەوەی بۆتە بنەوانی لیکۆڵینەوەکە، گێڕانەوەیە بە ژانری شیعر کە لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە "بەیت و بالۆرە" تا "داستان" و ئەدەبی کلاسیکی "قەسیدە و غەزەل" دەگرێتەوە، دواجار لە بارەی لیریکەوە وەک شیعری نوێ کۆڵاوینەتەوە و چیرۆکەشیعر و دەقی والآمان بە وردی لە ڕوانگەی جوانیناسییەوە خستۆتە بەر باس. لە کۆتاییدا ئەنجامی بەدەستهاتوومان خستۆتە ڕوو.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بابەت:**

بە شێوەیەکی گشتی لە باسەکەدا پابەند بووین بە ڕێبازی وەسفی و شیکارییەوە، بەڵام لە هەر شوێنێکدا دەقێک پێوستی بە شیکردنەوەی زیاتر بووبێت، پشتمان بە ڕێبازی تر بەستووە و بە بونیادگەری کراوە کارمان کردووە.

## بەشی یەکەم: ئێستاتیکاو گێڕانەوەناسی

## پاری یەکەم: گێڕانەوە و گێڕانەوەناسی

### پارچەی یەکەم: **گێڕانەوە**

لە زمانی کوردیدا گێڕانەوە، وشەکانی: ڕاز، بەسەرهات، سەرد، حیکایەت، نەقل، قەول، سەرگوزەشتەشی بۆ بەکاردێت. هەمووشیان نیشاندەری"narration"ی ئینگلیزی و "ریوایت، حیکایت"ی فارسی و "سرد"ی عەرەبین. بابەتێکی دێرینی هێندەی مێژووی مرۆڤایەتییە. ((گێڕانەوە وەک چەمێکێکی ڕەخنەیی و ئەدەبی نوێ، وەک کێشەیەکی ئەدەبی ئاڵۆز کە هەردەم دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەبی، لە ناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە چەند هەنگاو و وەرچەرخان و گۆڕاندا تێپەڕیوە)){ئەحمەد:٢٠١٢: ٣٤١}

لە سەردەمی ئێستادا گێڕانەوە لە ژیانی هەمووماندا وەک تۆڕێکی چنراو هەیە، ئەگەر پێشتر گێڕانەوە تایبەت بوو بە دەقی ئەدەبی و لە ژانری ئەدەبی زارەکی و نووسراودا دەردەکەوت، لە هەندێک قۆناغدا بابەتی گێڕانەوە ئاریشەداربوو ئایا شیعر گێڕانەوەیە یان پەخشان؟ بەڵام قۆناغ گەلێک هاتە پێشەوە کە گێڕانەوە سنوورەکەی گۆڕا بۆ بابەتی ڕۆژنامە و مێژوو و دەروونناسی و سینەماو تەنانەت خەونبینینش. بەڵام لەسەردەمی ئێستادا گێڕانەوە لەوە فراوانترە، کە بیری لێدەکرێتەوە. ئەمەش لە ئاستی زۆر ورد و جودادا دەبینرێت، هەر لە ئەدەبیاتەوە بە ژانرە جیاکانییەوە، تا هونەری نۆیینە و بابەتی ڕاگەیاندنەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سیناریۆی سیاسی و تۆڕی کۆمەڵایەتی. ئەمەش بە شێوە جوداکانی وێنە و دەنگ و ڕەنگ و موزیک و کۆمیک و ئیمۆجیش دەردەکەوێت. بابەتێکی نوێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بابەتی ستۆرییە، کە بۆ بیستوچوار کاتژمێرە و بابەتەکەش مەبەست لە دانانی وتە یان وێنەیەکە، کە نیشاندەری باری خۆیەتی، مەبەست لێی گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە کە کەسی دانەر تێیدابووە. ئەو دەمەی کەسەکە هەست دەکات وێنەکە بە تەنها ناتوانێت چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە، ئەوا بە ڕستەیەک کات یان شوێنەکە دەنووسێت و بەمەش وێنە و نووسین دەبنە تەواوکەری ئەو چیرۆکەی، کە ئەو دەیەوێت بۆ هەمووانی بخاتە ڕوو. لێرەشەوە چیرۆک تەنها گێڕانەوەی زمانی نییە، بەڵکو دەتوانرێت گێڕانەوە بە هەر کەرەستەیەکی داهێنراوی مرۆیی بکرێت.

ڕۆژانە هەر یەک لە ئێمە بە ئاگا و نائاگا دەگێڕینەوە، خەونەکانمان تەنانەت بەوانەشییەوە کە زیاتر سوریالین و لە چیرۆکی سەر بە شەپۆلی هۆش دەچن و بەرگی گێڕانەوەیان بە زەحمەت بەبەردا دەکرێت، بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەمان، لە پاشملەباسکردنی هاوسێ یان کارمەند و هاوکارەکان و ناشرینکردنی کارەکتەر و شێوازی گفتوگۆ و زیادلەپێوست گەورەکردنی ڕووداوەکانیان. باسکردنی یادەوەری منداڵی و ساتە تراژیدی و کۆمیدییەکان، هەموو ئەمانە پڕن لە گێڕانەوە. هەندێکیان ڕووی هونەرییان زاڵە، هەندێکی تریان لە سنووری گێڕانەوەی ئاسایی دا

دەمێننەوە. لە سەدەی بیست دا نوسەران؛ گرنگی زۆریان بە گێڕانەوە دا. تەنانەت کەسێکی وەک: "گابرێل گارسیا مارکیز" بەشێک لە یادەوەرییەکانی ناودەنێت: "زیندووم بۆ ئەوەی بگێڕمەوە"، چونکە گێڕانەوە بە مانا شەهرەزادییەکەی ڕزگاربوونە لە مردن و لە بیرچوونەوە. مرۆڤەکان لە پێناو سەلماندن و داننان بە خۆیاندا، کە بوونی ئامادەیان هەیە، دەگێڕنەوە. لەم ڕووەوە وتەیەکی ئیمبەرتۆ ئیکۆ جێی بایەخە، پێی وایە گێڕانەوە ئەو شتەیە کە هەمیشە هەیبووە. چ کاتێک هەیە ئێمە تێیدا نەگێڕینەوە: ((دەزانی، یەکێک لە هاوڕێ ئازیزەکانم، ڕۆلان بارت، بەو پەشیمانییەوە مرد کە ڕۆمانی نەنووسی. ئەو هەڵە بوو، چونکە هەموو وتارەکانی لە ڕووی گێڕانەوە سەرنجڕاکێش و جوان بوون. بەپێچەوانەوە، من بۆم دەرکەوت هەرچەند من لە تەمەنی چل و هەشت ساڵیدا دەستم بە نووسینی ڕۆمان کرد، بەڵام هەمیشە خەریکی گێڕانەوە بووم، تەنانەت لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکانیشم لە فۆڕمی گێڕانەوەدا بوون. من ئەو دنەیەی خۆمم بۆ گێڕانەوە بە دوو شێواز تێرکردبوو، لەڕێگای پێدانی فۆڕمی گێڕانەوە بە لێکۆڵینەوەکانم و گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵەکانم. ڕەنگە من لەوکاتەدا دەستمکرد بێت بە نووسینی ڕۆمانێکی ڕاستەقینە، کە منداڵەکانم لەوە گەورەتر بوون گوێ لە چیرۆکەکانم بگرن. من هەمیشە چێژم لە گێڕانەوەی چیرۆک دەبینی، ڕەنگە گێڕانەوەکان نوکتە بووبن، کاتێک قوتابی بووم چەندان دەقم بۆ میوزیکەڵ نووسی، ڕەنگە ئەمە ڕێگایەکی تر بووبێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆک، بەڵام بەبێ ئەوەی گرنگییەکی ئەوتۆ بدەم بە قوڵبوونەوە؛ سەرگەرمی بوو.)){ئیکۆ:٢٠١٩}

هەر ئەم بەهای گێڕانەوەیەشە وەهای کردووە، سەردەمی ئێستە بە گێڕانەوە ناوببرێت. جۆناسان کۆلەڕ لەم بارەیەوە دەڵێت: سەردەمانی پێشین مەبەست لە ئەدەبیات لەسەروو هەموو شتێکەوە شیعر بوو، ڕۆمان تازەگەیشتوو بوو، نزیکیشی لە ژیاننامە و بەسەرهاتی ڕاستەقینەوە وەهای کردبوو، کە لە سنووری ئەدەبیاتی جدی دا تەماشا نەکرێت و وەک بابەتی ڕەشۆکی تەماشا بکرێت، بەڵام لە سەدەی بیستەوە بابەتەکە گۆڕا.{کالر:١٣٨٩: ١١١}

هەر وەک چۆن لە بارەی تۆڕی فراوانی گێڕانەوەوە دواوین، کە ئێستا هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، جێی خۆیەتی، بە وردی لە بارەی چییەتی گێڕانەوەوە بدوێین، کە دواتر زانستێک بۆ ناسینی بە ناوی گێڕانەوەناسییەوە سەر هەڵدەدات و کۆی کارەکەی ئێمەش لەو چوارچێوەدایە. "جیراڵد پرێنس" سەبارەت بە گێڕانەوە وشەی (narrative) بە هاوڕەچەڵەکی وشەی لاتینی (gnarus) دەزانێت، کە ڕیشەیەکی هیندۆئەوروپی هەیە و بە مانای زانین دێت. ئەمەش بەو مانایەیە، کە گێڕانەوە لە هەمان کاتدا ڕوویەکی تایبەتی زانستە. گێڕانەوە، تەنها ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانە نییە کە ڕوویان داوە، بەڵکو هاوتا کەشف و داهێنانی ئەوەش دەکات کە دەتوانرێت ڕووبدات. تەنها ڕووداو تۆمار ناکات، بەڵکو وەک بەش و ئەندامی مانادار، گشتێکی مانادار دەسازێنێت و ڕاڤەی دەکات {مکوئیلان:١٣٨٨، ٢٠١} لێرەوە ناسین و ئاشنایی نوسەر بۆ ڕوودا و بەسەرهاتەکان، بۆ وەرگر دەگوازرێتەوە، کە دواجار بە ناونیشانی "زانیاری بەخشین" بە یەکێک

لە ئامانجەکانی گێڕانەوە دادەنرێت. ئێستە پاش ناسینی وشەکە، کە هەم خستنەڕوو و هەمیش زانستە، پێوستە بزانین مەبەست لە خودی گێڕانەوە وەک چەمک، چییە؟.

گێڕانەوە خستەڕووی بەسەرهاتێکە بۆ کەسانێکی وەک: "مرۆڤ، فریشتە، ئاژەڵ، شت" هاتۆتە پێش، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. وەسفکردن و نیشاندانی بە زمانێکی وردچنراوی پەخشانی یان شیعریی، بە ڕەچاوکردنی چۆنییەتی باسکردن و شێوازی ڕێکخستنی ڕووداوەکان، هونەرمەندێتی کەسی وەگێڕ نیشان دەدات. بەو مانایەی ئەوەی دەگێڕردرێتەوە، ڕووداوگەلێکە، دەشێت لە ڕابردوویەکی نزیک یان دووردا ڕوویان دابێت و ڕەگیان لە مێژوو، واقیع و ژیانی ڕۆژانەدا هەبێت. یان دەشێت ڕوویان نەدابێت و ئەگەری ڕوودانیان هەبێت. لە هەندێک باریش دا هێندە خەیاڵئامێزە، لە سنووری ئەندێشە و خەیاڵی زانستییەوە بەرەو ئەفسانەی ڕێتێنەچوو دەچێت. لە هەر یەک لەم بارانەدا، ڕووداو پەیوەست دەبێتەوە بە هەڵسوڕێنەرانییەوە، کە دەشێت لە ژێر ناوی کەسێتی یان کارەکتەر دا جێی بکەینەوە. لەو ڕوانگەوەی مەرج نییە هەمیشە ئەوەی دەیگرێنەوە بەسەر مرۆڤ دا هاتبێت، چونکە بەم مانا فراوانەی گێڕانەوە کە لێی دەدوێن؛ لە ئەفسانە و ئستۆرە و هەقایەت و دەقە ئاینیی و ئاسمانییەکاندا، کەسێتییەکان زۆرتر بانمرۆیین؛ "خوداکان، فریشتە، خێو، جنۆکە، دێو، پەری، شەیتان"ن وەک: کۆمیدیای یەزدانی، ئیلیادە، هەزارویەک شەوە، شەوانی گوێئاگردان، هەقایەتەکانی برایانی گریم، گێڕانەوە فرەڕەهەندەکانی پەیمانی کۆن. وەک چۆن لە گێڕانەوەی ڕیالیزمی جادوویشدا ئەمە ڕێتێچووە و کەسێتییەکان دەشێت: ڕۆح، مردوو، وەهمی، بونەوەری کلدار یان ئاژەڵی قسەکەر بن. بە نموونەی: "پیدرۆ پارامۆ، مورشید و مارگرێتا، غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ، سەدساڵ تەنیایی، منداڵانی نیوەشەو، کافکا لە کەنار دەریا...هتد".

لە چیرۆک و ڕۆمانی واقیعی و مێژوویدا، کەسێتییەکان مرۆڤی ئاساییی کۆمەڵایەتین، لەو مرۆڤانەی دیومانن و بەریان کەوتووین، دەکرێت زۆر نمونەیی و بەرزنوێن یان زۆر پەست و ڕەزیل و ئاست نزم بن، بەڵام دواجار لە چوارچێوەی مرۆڤبووندا پێناسە دەکرێن. وەک کەسێتییەکانی ناو: "تاوان و سزا، شەڕ و ئاشتی، بابە گۆریۆ، میرنامە، سەمەرقەند، منداڵانی گەڕەک، نەمریی، زۆربا، لۆلیتا، پاسەوانێک لە مەزرا". لە گێڕانەوەی سوریالی و شەپۆلی هۆش و گێڕانەوە ناباوەکاندا، کەسێتییەکان تەنها بونەوەر و گیاندار نین، بەڵکو شتە بێگیانەکانیش دەکەونە ڕۆڵگێران و هەڵسوکەوتی مرۆڤانە دەکەن، بێ ئەوەی هەست بە درۆبوون، یان گومان بە ناڕاستبوونیان ببەین. وەک: "سەربازی نەبووی ئیتالۆ کالڤینۆ، پەتاتەخۆرەکانی فەرهاد پیربال، کورسی و ملوانکەی شێرکۆ بێکەس، کازینۆی منداڵانیی کاروان کاکەسوور...". کەسێتی لە چوارچێوەی هەر کام لەم شێوازانەدا بێت، وابەستەی ڕووداوەکان و مۆدێل و چەشنی گێڕانەوەکەیە، وەک بەشێکی دانەبڕاوی ناو شێوازی گێڕانەوەکە دەردەکەوێت. بونیاد و کەسێتیسازیەکەشی، دیسانەوە گرێدراوی جۆری گێڕانەوەکە دەبێت. ئێمە چاوەڕوانی کەسێتی واقیعی لە ڕۆمانی واقیعی دەکەین و توشی سەرسوڕمان نابین ئەگەر شت یان بوونەوەری

سەیروسەمەرە لە ئەفسانە و ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویدا ببینین. هاوتای کەسێتی خستەڕووی کات و شوێنیش بەستراوەتەوە بە بونیادی گێڕانەوە و وەسفەوە. سەبارەت بەو فۆرمەی گێڕانەوەکەی تێدا دەخەملێنرێت، دەکرێت هەم پەخشانی، هەم شیعر یان دەقی والا و ئاوێتە لە هەردووکیان بێت. هۆراس لە بارەی ئەم تەبایی و گونجاندنەی ناو دەقەوە، پێی وایە: هەر شێوازێک لە نووسین تایبەتمەندی خۆی هەیەو ئەگەر گونجان لەنێو بەشەکانی دەقێکدا هەبێت، ئەوە نوسەر بۆی هەیە چی دەوێت بینووسێت. بێگومان گونجان کاتێک دێتە دی، کە چنینی ڕووداو بە وردی هاتبێتەدی و بابەتیش لەگەڵ فەزا و کۆی کارەکەدا بگونجێت: ((ئەگەر مرۆڤێک ئارەزوو بکات، ناتەباییەک بخاتە نێو بابەتێکەوە کە سرووشت ڕێگەی نادات. ئەگەر ئەو ئەنجامەی وێنەی دۆلفین لە دارستان دا و هی کەڵەکێوی لەسەر شەپۆلەکانی دەریا بکێشێت، بە تەنگەوە بوون، بۆ خۆ لە هەڵەپاراستن، لەوانەیە ببیتە هۆی ڕێ لێگۆڕان ئەگەر هونەر ڕابەری نەبێت)){هۆراس:٢٠٠٥، ١٩}.

## پارچەی دووەم: ئامانجی گێڕانەوە

ئامانجی گێڕانەوە لە دێرزەمانەوە جۆراوجۆر بووە. مرۆڤی سەرەتایی، کە ڕووداوەکانی ڕۆژانەی خۆی لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دیاردە سروشتییەکان و زۆرانبازی لەگەڵ ئاژەڵە دڕندەکانی، بۆ ئەوانی تر دەگێڕایەوە، یان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان نیگاری دەکرد. لە لایەکەوە بۆ نیشاندانی پاڵەوانێتی خۆی و دڵگەرمکردنی ئەندامانی گروپەکەی بوو؛ بەوەی پارێزەر و پشتگیریان هەیە. لە لایەکی ترەوە بۆ سەرگەرمی و خۆشکردنی کۆڕوکۆوبونەوەکانیان بوو. بیسەرانی بەسەرهاتەکە لە چاوی وەگێڕەوە، ئەو جیهانە کێوی و دەستبۆنەبراوەیان دەدی، کە ئەو بۆی کەشف دەکردن. گوێگرتن لەم بەسەرهاتانە ئەزموونکردنەوەی ئەو ڕووداوە بوو، بە شێوەی وێنا و خۆخستنەبری پاڵەوان. ئەمە لە لایەکەوە ترس و دڵەڕاوکێی بۆ دروست دەکردن، لە لایەکی دیکەشەوە دڵگەرمی پێدەبەخشین. بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تا ئێستاش، هەقایەت ڕۆڵی کەشفکردنی جیهانی پەی بۆ نەبراو، نیشاندانی زەمەنی دوور و شوێنی نادیاری؛ بینیوە. ((ئێمە چێژێکی زۆر لەوە دەبینین، بزانین داخۆ ژینی ئادەمیزاد لە مێژووی کۆندا، لە شوێنە دوورەدەستەکان، ئەو شوێنانەی کە ئێمە بە ئاسانی نایانگەینێ، چلۆن بووە. خەڵکی سادە ئارەزوو دەکەن بزانن، داخۆ بازرگانباشی و وەزیر و پاشایان چلۆن بۆ دنیایان ڕانیوە و چلۆن ژیانیان لە کۆشک و سەرای خۆیاندا لەبەرچووە)). {حەسەن:٢٠١٠، ٤٠} لەم قۆناغەی مرۆڤایەتی دا، کە قۆناغی بەر لە نووسین و تۆمارە، مرۆڤ لە ڕێگەی کولتوری زارەکییەوە کە بریتییە لە گێڕانەوە، ژیانی کۆمەڵایەتییانەی خۆی ڕێک دەخات. بەو مانایەی گێڕانەوە کە بە شێوەی دەم بە دەم و نەوە بۆ نەوە وەک بەهایەکی کولتوری خۆی دەنوێنێت، دەبێتە داهێنانێک، کە ژیانی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ لە ئاڵۆزی و سەرگەردانی ڕزگار دەکات و ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێکخستن

و بە کۆمەڵبوونی مرۆڤ دا دەبینێت. لە ڕێگەی گێڕانەوەوە، نۆرم و باوەڕە کولتوورییەکانی مرۆڤ، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بە شێوەی دووبارەکردنەوە دەگوازرێتەوە، بۆ ئەوەی هەر نەوەیەک ئاگای لە نەوەی پێش خۆی بێت و لەسەر ئەو ڕێچکە و یاسا بۆماوەییانەی بۆیان ماوەتەوە، بەردەوامی بە ئەزموونە هاوبەشەکانیان بدەن.{سیوەیلی: ٢٠١١، ١٧} ئەمەش ئەو دەمەیە کە ڕوویەکی تری گێڕانەوە جیا لە سەرگەرمی و زانیاری بەخشین، خۆی دەردەخات. ڕووی کولتووریی زارەکی، کە بناغەی کولتووری شارستانییەتەکانی جیهانە. لەم دەمەدا ڕۆڵەکانی گێڕانەوە هاوتای بەخشینی زانیاری و سەرگەرمی، ڕۆڵی ڕۆشنبیری و دامەزراندنی بناغەی کولتووریش دەگرێتەوە.

گێڕانەوە جگە لە جەوهەری خۆی، بە پێی ئاڕاستەکردنی گوێگر، ڕۆڵیشی دەگۆڕێت، بۆ نموونە کاتێک هەقایەتەکان ئاڕاستەی منداڵ دەکرێن، ڕۆڵەکەیان دەبێتە پەروەردەکاری، بۆ هاندان و نیشاندانی پاڵەوانی نمونەیی، کە چۆن دەشێت مرۆڤێکی ئاسایی بێت، بەڵام بەسەر هێز و توانای بونەوەرە خراپەکاندا زاڵ بێت و ڕزگاری بۆ خەڵکەکەی بهێنێت. هەقایەتەکان لە ڕێگای نیشاندانی کوڕە بێگوێ و خەمساردەکانەوە، کە ئەرکە گرنگە چارەنووسسازەکان پشتگوێ دەخەن، کار ڕاپەڕێن نین و وەسێتی کەسانی دنیادیدە بە جێناهێنن، دواتر توشی زیان دەبن. کەسێتی بێ ڕۆڵ و ناکارا وێنەدەکێشن. لەگەڵیشیدا کوڕەی لەخۆبوردوو، کە دەستبەرداری هەمووشت دەبێت، بۆ بەدیهینانی خەونی وەسێتکەر یان جێبەجێکردنی ئامۆجیاری کەسێکی دنیادیدە، سەفەری پڕ ئەزموونی ژیانی دەکات و بە کەسێتیەکی ئاسایی ناچیزەوە دەڕوات، بە پاڵەوانێتی بە شانوشکۆی دەستپڕەوە دێتەوە. ئەم وێنەیە یەکێک لە وێنە زۆر و دووبارەبووەکانی ناو هەقایەتی کوردییە، بە تایبەت لە هەقایەتەکانی شەوانی گوێ ئاگردان دا. ئەم ڕۆڵە پەروەردەکارییەی هەقایەت؛ لە پاڵ ڕۆڵی سەرگەمی و زانیاری بەخشیندا، دەبنە ئامانجی دیاری گێڕانەوەی هەقایەت.

وەختێکش مرۆڤ بەهۆی تێڕامانە قوڵەکانی و هەوڵدان بۆ تێگەشتن لە دیاردە گەردوونییەکان و گەڕان بۆ وەڵامی پرسیارەکانی لەمەڕ دروستبوون و ژیان و مەرگەوە، ئەفسانەی خولقاند. گێڕانەوە لەم قۆناغەدا ڕۆڵی زانست و فەلسەفەشی دەگێڕا، لە پێناو زانین و زانیاری بەخشین و وەڵامدانەوەی پرسیارە جەوهەرییەکانی مرۆڤ و دروستکردنی جیهانبینییەوە بوو. ((مرۆڤ لە جیهانبینی ئەفسانەیی دا وەک هەر جیهانبینیەکی تر، هەوڵی داوە بۆ پرسیارە بونیادییەکانی خۆی لە بارەی جیهان و مرۆڤەوە، وەڵامی شایان بداتەوە و لە ڕێگایەوە نهێنییەکانی بوون بدۆزێتەوە و بیخاتە ڕوو)) {کزازی:١٣٧٢، ٧} لەو ڕوانگەوەی ئەفسانە پەیوەستە بە سیستم و ڕێکخستنی ئاینێکی دیاریکراوەوەو بەشێکە لە کەشە پیرۆزەکانی و ڕێباوەڕەکانی ئەو ئایینە ڕوون دەکاتەوە. ئەوا پیرۆزی دەبێتە مۆرک و خەسڵەتی سەرەکی ئەفسانە: ((ئەفسانە کە هەر لە کۆنەوە لەگەڵ ئایین تێکەڵ بوویێت و دەبێت ئەفسانەیش وەک دەقی ئایینی و مێژوویی پیرۆز سەیر کرابێت، ئەوا گێڕانەوە و گوێلیگرتنیشیان بیگومان هەروەک جۆرە پەرستنێک ڕێزی لێگیراوە)){ئیبراهیم حەسەن: ٢٠٢٠b،٣٥} لە ئەفسانەدا خەسڵەتی پیرۆزیی، دەبێتە جیاکردنەوەی لە خورافات کە

هاوشێوەی ئەفسانە، کەسایەتی و ڕووداوی سەیروسەمەرەی تێدایە و لە بارەی دێو و جنۆکە و خوداوەندەکانەوە دەگێڕێتەوە. شتی سەیر و پەرچوویان تێدایە، کەچی پیرۆزنین و ئەمانە نابنە بەرگێک بۆ پیرۆزکردنی، چونکە لە بنەڕەتدا ئەفسانە درۆ و خورافات و بابەتی ناڕەسەن نییە، بەڵکو هەوێنی باوەڕ و ئایین و کولتوورە، ئەو حەقیقەتە دۆگما و جێگیرانەیە، کە مایەی هارمۆنی و هاوئاهەنگی و وابەستەیی کۆمەڵایەتین، بەها بە ژیانی ڕۆحیی هەر کۆمەڵگا و گرووپێکی مرۆیی دەدەن. لێرەدا ئەفسانەکە وەک گورسێکی پیرۆز کۆیان دەکاتەوە و دوورکەوتنەوە لەو ئەفسانەیە، دوورکەوتنەوەی ڕۆحییە لەو کۆمەڵگایە. ئەفسانە ڕۆڵی گردکردنەوەی تاکەکانی سەر بەو ئایین و ڕێباوەڕە دەگێڕێت، نزیکایەتییەکی ڕۆحی لە نێوانیاندا دەخولقێنێت، ئەو ڕۆڵەی ئەفسانە دەیگێڕێت، ڕۆڵی پەیوەستکردنەوەی تاکە بە گرووپەوە و نیشاندانی پیرۆزییە.{مەلائەمین:٢٠١٥، ١٢٤}.

لە چیرۆک و ڕۆمان و ژانرەکانی تردا ((گێڕانەوە دەتوانێت چەند کارکردێکی هەبێت وەک: دروستکردنی سەرگەرمی، زانیاری گەیاندن، خرۆشهێنان و سەرسامکردن، لادان و ڕووەرگەڕاندن و هتد)) {مکوئیلان:١٣٨٨، ٢٠١} لە ژیانی ڕۆژانەشدا، گێڕانەوە ئەرکی تری هەیە. بۆ نموونە کاتێک لە تاکسییەکدا شۆفێرەکە بێ ئەوەی بتناسێت، بۆ قسەدامەزراندن دەست بە گێڕانەوە دەکات، چەندێک بۆ کاتبەسەربردن و تاقەتبڕییە، لە لایەکی تریشەوە قولاپ هەڵدانە بۆ پەیوەندی خۆشکردن. هەر ئەو ئەرکەی زمانە کە بە جێ خۆشکردن ناو دەبرێت. لە دادگا تاوانبارێک یان قوربانییەک چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە، یەکەمیان بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆیەتی، ئەوی تریان بۆ نیشاندانی ستەملێکردنێتی. وەختێک سیاسییەک لە وتاردانداا بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، بۆ نیشاندانی زەبوونی و پاکی خۆیەتی، بە تایبەت ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ باسکردنی مێژووی شۆڕشیان لە شاخ، ناو بەناو چیرۆکێک هەڵدەبژێرن تا لە دەمەوەختی پێویست دا، سۆزی جەماوەر بجوڵێنن. کاتێک مامۆستایەکی ئایینی لە نێو وتارەکانی ڕۆژانی هەینیدا، چیرۆک دەگێڕێتەوە، جگە لە ڕووی ئامۆژگاری، بۆ سەرنجڕاکێشانی گوێگرەکانی ئەو کارە دەکات، چونکە زۆرینەیان باسەکانیان بیستووە و یاسا شەریعەتییەکانیان ئەزبەرە، ئەمەش وەڕسییان بۆ دروست دەکات، ناچاریشن بەهۆی پابەندبوون بە فەرزەکەوە گوێبگرن، بەڵام گێڕانەوەیەک دەتوانێت ئەو وەڕسی و کەشە خەوهێنەرە بۆ بەئاگابوون و کنجکۆڵکردن بگۆڕێت. تا بزانن بەسەرهاتەکە لە چییەوە بە چی دەگات. کاتێک دایک و باوک بەر لە خەو چیرۆک بۆ منداڵەکانیان دەگێڕنەوە، بۆ ڕەواندنەوەی ترس و ئامادەکردنییەتی بەدەم خەیاڵەوە بۆ خەو. چونکە بە وێنەی زەینی، جیهان و کەشێکی تری بۆ درووست کردووە، ڕێگرە لەبەردەم هاتنەوە ناو واقیع و بەو خەیاڵەوە چاوی دەچێتە خەو. ئیدی لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەمان دا، گێڕانەوە دەیان ئەرک دەبینێت: هەستبزواندن، باوەڕپێهێنان، ئاڕاستەکردن، سەرنجڕاکێشان، زانیاری گەیاندن، خۆدەرخستن، دڵخۆشکردن و سەبووری پێدان...هتد.

"ژان میشیل ئادەم" لە کتێبی "شیکاری جۆرەکانی چیرۆک" دا لە بارەی ئەرکی گێڕانەوەوە دواوە و بە وردی پۆلێنبەندی بۆ کردووە. بە ڕای ئەو؛ لە دێر زەمانەوە گێڕانەوە وەک ئامرازێک بۆ فێرکاری جێگەی سەرنجی مرۆڤ بووە، بۆیە کاتێک نوسەران چیرۆک دەنووسن، ڕەچاوی ئەوە دەکەن گێڕانەوەکەیان ڕۆڵی سەرگەرمکردن و ئاگایی پێبەخشین ببینێت. زۆرێکی نوسەرانی کلاسیک لەسەر ئەوە کۆکن ئەرکی گێڕانەوە؛ وریاکردنەوە و ڕازیکردنە. هەڵبەت ڕای ئەو لە بارەی نوسەرانی کلاسیکەوەیە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە لە گێڕانەوەی نویَ دا، شتەکان بە جۆرێکی ترن. بۆ نموونە لە گێڕانەوەی نوێی شەپۆلی هۆشدا: ((چیرۆک لە یەک ڕیتیمی دەرەکی ئامادەکراوەوە بەرەو پچڕان و جێگۆڕکێ چوو، وەک ناوەڕۆکیش بابەت لە دەرەوە بەرەو ناوەوە کێش کرا، ڕووداو و بابەت چیدی ئامادەکراو بەسەرچوو نەبوو، حیکایەتخوان بیگرێتەوە یان چاوەڕێی گوێگرێک بکات بۆ بیستنی ڕازەکانی و چاوەڕوانی کاردانەوەش بێت، بەڵکو گرتەی ڕووداو لە شوێنێکدا نیشاندرا، کە هێشتا سیمایەکی تەواوی پێنەبەخشراوە، ببێتە شریتێکی دەنگی تا بگاتە وەرگر، تەنها لە مێشکدایەو وەک وێنەی بەیەکاچوو و تێکچڕژاو یەک دەبڕن)){کەسنەزانی:b ۲۰۱۲، ۷۲} لەم بارەدا ناکرێت ئەم جۆرە ئەدەبە وەک سەرگەرمی تەماشا بکەین، چونکە خودی گێڕانەوە تیایدا تاقەتبڕ و ماندووکەرە، خوێنەری دەستەبژێر نەبێت بەرگەی ئەم جۆرەی گێڕانەوە ناگرێت. بەڵام "ئادەم" پێی وایە هەموو گێڕانەوەیەک دواجار ئامانجی خۆی هەیە. یەکێک لە ئامانجەکانی بەشی زانیاری گەیاندنە کە سێ تایبەتمەندی سەرەکی هەیە:"سەرگەرمی، ڕوونکردنەوە، بەڵگەهێنانەوە":

- **ڕووی سەرگەرمی:**

بەشێکی زۆری ڕۆمانی کلاسیکی ڕووی سەرگەرمی تیایاندا زاڵە، وێڕای هەقایەت و ئەفسانەکان، کە بەهۆی بابەتی سەیرو نامۆوە، خوێنەر سەرگەرم دەکەن. ئەگەر تەماشای دیکامیرۆن بکەین. دەمی گێڕانەوەکە لە ئانی تاعونی فلۆرەنسا دایە، حەوت ژنی خانەدان و سێ پیاوی جوامێری لاو، بە مەبەستی ڕەوینەی ترس و سەرگەرمی و کات گوزەراندن، کۆدەبنەوە و هەقایەت باس دەکەن. ئەو شتەی کە شەهرەزاد لە "هەزارویەک شەوە"دا بۆ سەرگەرمکردنی شەهریار و دواخستنی مەرگی خۆی کردی. ئەوان بەدەر لە گێڕانەوە، هۆکاری تریان بۆ خۆ سەرقاڵکردن هەیە. بۆ نموونە: دامە و شەترەنج و یاری تر، بەڵام پێیانوایە ئەمە زوو وەڕسی دێنێت و ناکرێت سەرتاسەری ڕۆژەکەی پێ بەڕێبکرێت، بۆیە پێشنیاری گێڕانەوە دەکەن:

((.. بەڵام من پێمباشە ئەم کاتە گەرمە بە یاریکردنەوە نەکوژین، چونکە هەر دەبێت یەکێک لە یاریکەران وەڕس و بێتاقەت بێت، ئەمەش خۆشحاڵی ئەو کەسە، کە یاریی لەگەڵدا دەکات و ئەوانەیش کە سەیری یارییەکە دەکەن تێکدەدات. بۆیە باشتر وایە لە حیکایەتخوانیدا بیگوزەرێنین. بەمجۆرە تەنیا یەکێکمان قسە دەکات، لە کاتێدا ئەوانی کە هەموویان گوێی بۆ شل دەکەن. دوای ئەوەی هەر یەکەمان چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، کاتێک دەزانین خۆر بەرەو ئاوابوون باروبنەی پێچاوەتەوە و تینەکەی کز بووە، دوای ئەوە دەتوانین یاریی بکەین و بەو جۆرەی حەزی لێ دەکەین، کات بەسەر ببەین...)){جیۆڤانی: ۲۰۰۹، ٥}.

لە هەزارویەک شەوەدا، شەهرەزاد دەزانێت گێڕانەوە ڕزگاریی دەهێنت، بۆیە بەر لە چوونە کۆشکی شا، مژدەی ئەوە بە خوشکەکەی دەدات کە((خوا یار بێت قسە و باسێکتان بۆ دەگێڕمەوە، ڕزگاربوونی بەدوادا بێت)). شەهرەزاد قسەوباس و گێڕانەوە، بە هۆکاری مژوڵکردن و خافڵاندن دەزانێت، هاوکات بەهۆی لەتکردنی گێڕانەوەکانەوە، کنجکۆڵی شا دەجوڵێنێت، بەو جۆرەش درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات:

((شەهرەزاد وتی: ئەی پاشا، بیری خوشکە بچووکەکەم دەکەم و خوا حافیزیم لێنەکردووە!

شا دواتر ناردی بەشوێنیدا، ئێوارە لەسەر جێگە دانیشتبوون، کە خوشکە بچووکەکە گەیشت باوەشیان بەیەکدا کرد، ئەمجا لەسەر زەوی لە ژوورەکەیاندا دانیشتن. دوای کەمێک خوشکە بچووکەکە، ڕووی لە خوشکی گەورە نا وتی: توخوا خوشکە گیان ئەگەر چیرۆکێکمان بۆ نەگێڕیتەوە، با ئەمشەوی پێ بەسەر بەرین. شەهرەزاد لە وەڵامدا وتی: ئەگەر شا ڕێم پێبدات، بەسەرچاوان. شا شەهریار کە ئەمەی بیست خۆشحاڵ بوو، ڕێی پێدا)).{مەحموود ئاغا: ٢٠٠٧، ٢٧}

پاش ئەمە شەوی یەکەم دەست پێدەکات:

شەهرەزاد وتی: بۆیان گێڕاومەتەوە ئەی پاشای دانا، بە ژیان زانا..بەو شێوەیە شەوی شەهرەزاد تا دەمی خەو دەبات.

- **ڕووی ڕوونکردنەوەیی:**

هەموو گێڕانەوەیەک بە شێوەیەکی گشتی، ڕوویەکی ڕوونکردنەوەیی هەیە. شێوەی گشتگیری گێڕانەوە، نیشاندەری بونیادێکە تێیدا کەسێتییەکان و چنین بە شێوەیەکی ئاڕاستەکراو بەیەکەوە دەبەسرێنەوە، تا بەو هۆیەوە ڕووداوەکانی جیهانی دەروبەرمان مانایەکی تایبەتمان هەبێت. بە واتایەکی تر ئامانجی هەندێک لە گێڕانەوەکان، ڕوونکردنەوەی نهێنی و گرێ و ڕازە هەبووەکانی جیهانە. بۆ نموونە: گێڕانەوەی ئەفسانەیی و هەقایەت کە تێیدا گێڕانەوە وەڵامێکە بۆ بابەت یان پرسیارێک کە لەپێشدا خراوەتە ڕوو. تایبەتمەندی ئەم جۆرانەی گێڕانەوە دەرخەری دوو جیهانی جیان. یەکێکان دەرخەری جیهانی ڕاستەقینەیە، کە تیایدا گرێیەک بۆ کردنەوە و شیکارکردن هەیە و زۆرجار بە پرسیار دەست پێدەکات. بۆچی دەریا خوێی هەیە؟ پێستی پڵنگ خەتخەتە و پرسیاری لەم جۆرە. لە لایەکی ترەوە جیهانێکی ئەندێشەیی هەیە کە تێیدا وەڵامی پرسیارەکان خراوەنەتە ڕوو، ئەم پرسیارانە هی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین و ئەفسانە وەک جۆرێکی گێڕانەوەی تایبەت و جیاواز وەڵامیان دەداتەوە. {آدام:١٣٨٣، ١٥٢} وەک مالینۆفسکی دەڵێت: ئەفسانە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە لە ((کولتووری بەراییدا ئەرکێک جێبەجێ دەکات، کە دەستبەردابوونی نییە. گوزارشت دەکات، پشتیوانی دەکات، بیروباوەڕ ڕێکدەخات، پشتیوانی ئاکار دەکات و دەیپارێزێت، گەواهی لەسەر کارایی سرووتەکان دەدات و ڕێسا پراکتیکییەکانی ڕێنوێنیی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت)) {مەلائەمین:٢٠١٥، ٢٠}.

ئەگەر تەماشای ئەفسانەی نەتەوە جیاوازەکان بکەین، بەشێکی زۆریان وەڵامی پرسیاری فڵان شت چۆن دروست بوو، دەدەنەوە، ڕەنگە لە ئێستا دا بەهۆی پاوانخوازی زانستەوە ئەفسانەکان وەک هەقایەت و چیرۆک بۆ منداڵان تەماشا بکرێن، بەڵام دەبێت لە یادمان بێت، ئەمانە لە بنەڕەتدا بۆ مرۆڤی دێرین، ڕوونکردنەوەی ئایینی و باوەڕیین. لە ئەفسانەی ئوستورالیدا وەڵامی ئەستێرە چۆن دروست بوو، بە گێڕانەوەیەک دەدرێتەوە. گوایە لەسەردەمی زوودا خودای زەریا و دەریاکان، بە ناوی ڕۆمالانۆ{بە ڕەبونەوعی خودای دەریا دەناسرا}، ڕۆژێک بۆ ڕاو دەچێتە گۆمێکی نزیک کەناردەریا، ژمارەیەکی زۆری ماسی ڕاو دەکات و بە ئاگر دەیانبرژێنێت، وەختێک دەست بە خواردن دەکات، دوو ژنی جوانی، بەدەن نازک دەبینێت. بڕیار دەدات بیانگرێت، بۆیە لە پشت درەختەکانەوە خۆی مەڵاس دەدات تا نزیک دەبنەوە، ئەوسا تۆڕیان بۆ هەڵدەدات. یەکێکان بە تۆڕەکەوە دەبێت و ئەوی تریان هەڵدێت و خۆی دەخاتە ناو دەریاوە. ڕۆمانۆلا؛ هێندە توڕە و خەمبار دەبێت، بە لقەدارێکی نیوەسووتەوە بە شوێن ژنەکەدا ڕادەکات، کاتێک لقەدارە گڕاوییەکە بەر ئاوەکە دەکەوێت، پزیسکە گڕ لە دارەکە دەبنەوە، بەرەو ئاسمان دەڕۆن و دەبن بەو ئەستێرانەی کە ئێستا ئێمە دەیانبینین. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو ژنەی کە بووە بە تۆڕەکەوە، دەریدەهێنێت و لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ ئاسمان، تا هەمیشە پێکەوە بژین، ئێستا ئەو ئەستێرە جوان و پرشنگدارەی لە ئاسمان دا دیارە بە ناوی زوهرەوە، ئەو ژنەیە.{فیاض:١٣٤٥، ٢٦}. لە ئەفسانەی کوردیدا، هۆی پەیدابوونی دەریاچەی زرێبار/زرێوار دەگەڕێنەوە بۆ بەسەرهاتێک کە لە ڕۆژگاری کۆندا ڕوویداوە. دەڵێن: سەردەمی زوو دەروێشێکی پیر و ژنەکەی غەریبانە ڕێیان دەکەوێتە شارێک، کە خەڵکەکەی گومڕا و لەخوانەترسن، ئەوان داوای نان و پەنایەک دەکەن، بەڵام خەڵکەکەی گاڵتەیان پێدەکەن و ئازاریان دەدەن، بۆیە دەروێش لەشارەکە دەچێتە دەر و لەسەر کێوێکی نزیکی ئەوێ، سەر دەباتە سوجدە و نزا دەکات، خوا هەقیان بسەنێت. کاتێک سەر بەرز دەکاتەوە، شارەکە لە ئاودا نوقوم بووە و لە بری شار، دەریاچەیەک دەبینێت. خۆی و خێزانی لەسەر ئەو کێوە دەمێننەوە خوا پەرستی دەکەن، کاتێک دەمرن، هەر لەوێدا بەخاکیان دەسپێرن و تا ئیستا ئارامگاکە بە گۆڕی دەروێش ناسراوە و بەرامبەر بە دەریاچەکەیە.

- **ڕووی بەڵگەیی:**

گێڕانەوە دەشێت بەڵگەمەند بێت و بیەوێت بە ئەنجامێکی تایبەت بگات و لایەنگری لەو ئەنجامەش بکات. ئەم جۆرە "گێڕانەوەی پەندئامێز، حیکایەتی تەمسیلی، ڕۆمانی باسمەند و ژیاننامە" دەگرێتەوە. هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە. بۆ نمونە: گێڕانەوەی پەندئامێز یان مەسەل، بە مەبەستی بڕواپێهێنان و ڕێنماییکردنە. حیکایەتی تەمسیلی ڕێخۆش دەکات بۆ پتەوکردنی یاسا کۆمەڵایەتی یان ئەخلاقییەکان. هەرچی ڕۆمانی باسمەندیشە یارمەتی خوێنەر دەدات تا بەرگری لەو تیۆرە بکات، کە لە گێڕانەوەکەدا خراوەتە ڕوو. گێڕانەوەی ڕۆمانی ژیاننامەیی، یان ژیاننامە و بەسەرهات، ئەوە دیسانەوە بەڵگەهێنانەوەیە بۆ سەرکەوتنی کەسی گێڕەرەوە، کە سەرەڕای شکست و ناخۆشی و بەربەستە زۆرەکانی ژیان، بەڵام ئەو زیندووە و دەگێڕێتەوە، ئەمەش بە

دەستەوەدانی ئەنجامێکی ئەخلاقییە. بۆ نموونە لە پێشەکی ژیاننامەکەیدا، شاکر فەتاح ڕاشکاوانە ئەوە دەردەبڕێت: ((ئەگەر لاپەڕەکانی ئەم نووسراوە، کە ناوم ناوە "ئاوێنەی ژینم" بخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێت تا چ ئەندازەیەک لە ژیانی تایبەتی و لە ژیانی گشتیمدا سەرکەوتنم دیوە. منیش کە ئەم نووسراوەم پێشکەش کردوویت، بەو مەبەسەیە، کە تۆ کەڵک و خۆشیی لێ ببینیت. لە هەڵەکانی من خۆت دوور بخەیتەوە، لە کردەوە چاکەکانیشم خۆت نزیک بخەیتەوە. تۆش ئەوەت لە بیرنەچێت کە وەک من سەرلەنوێ، بەو شێوەیەی من کردوومە، خۆت پەروەردە بکەیتەوە و خۆت پێبگەیەنێت، تا بتوانیت کەڵک و چاکە بە خۆت و بە نەتەوەکەت بگەیەنێت)). {فەتاح: ٢٠٠٥، ٢٥}

سەرەڕای ئەمانە "ئادەم" دواجار بۆ نیشاندانی دوا ئەرکی گێڕانەوە، ئەو ئەرکە نیشاندەدات کە بزوێنەر و پاڵنەرە. ئامانجی گێڕانەوە، جودا لەو خستنەڕووانە، دەبێتە هۆی پاڵنان و کاراکردنی خوێنەر. بەو مانایەی گێڕانەوەکە ڕاشکاوانە خوێنەر بەرەو بزواندنی کارێک هان دەدات، جا دەشێت ڕێژەکە زۆر بێت یانیش کەم. {آدام:١٣٨٣، ١٥٥}. ئەگەر نمونەی هەندێک گێڕانەوەی بەڵگەیی باس بکەین، دەتوانین ئاماژە بە گێڕانەوەکانی شێرزاد حەسەن و کاروان کاکەسوور بدەین، لە بارەی خستنەڕووی تیۆری دەروونی و باسکردنی خواستە چەپێنراوەکانەوە. بۆ نموونە لە "حەسار  وسەگەکانی باوکم" دا {حەسەن:٢٠١٤} و بابەتی باوککوژی دەرەنجامەکانی، بە گێڕانەوەی چیرۆک بەڵگەمەند کراوە. کاتێک کوڕی گەورە باوک دەکوژێت، هەموان بە دوای ئازادی خۆیان دا دەچن، تا ئاستی بەربادی و بەرەڵایی. گێڕانەوەکە ئەوە نیشاندەدات کارەسات ئەو کاتە نییە، کە لە ژێر دەسەڵاتی ستەملیکەردایت، ئەو کاتەیە کە ستەملێکەر دەکوژیت، بەڵام وەهم و تارماییەکەی بەرت نادات. پاش ڕووخانی سیستمێک ئەگەر لە جێی سیستمێکی باشتر بونیاد نەنێت، ئەوە کارەساتێک ڕوودەدات، چاک بوونەوەی مەحاڵە. یاخود گێڕانەوەکانی بەختیار عەلی، نیشاندەری پاوانخوازی دەسەڵاتی سیاسی کوردییە، ئەو دەمەی بە ناوی پاراستنەوە، تاکی ڕۆشنبیر و هونەرمەند دەکوژن، بە ناوی شۆڕش و خەباتەوە چی ناشرینییە دەیکەن و لە ژێر ناوەکانی تردا دەیشارنەوە.

**پارچەی سێیەم: گێڕانەوەناسی**

زانستی گێڕانەوە، زانستێکە کار لەسەر ناساندن، ڕوونکردنەوە، چەسپاندنی چەمک و زاراوە و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە دەکات. جیاکاری لە نێوان پلۆت و چیرۆکدا دەکات و هێڵی تەنکی نێوان ژانرەکانی ئەدەبی گێڕانەوە دیاریدەکات. پێشینەی ئەم زانستە بە سێ قۆناغ دیاری دەکرێت: ((قۆناغی بەر لە بونیادگەری تا ١٩٦٠، قۆناغی بونیادگەری (١٩٦٠–١٩٨٠)، قۆناغی پاش بونیادگەری کە نەک تەنها گۆڕانکارییەکانی دوای بونیادگەری وەک بونیادشکێنی لەخۆدەگرێت، بەڵکو گۆڕانکارییەکانی گێڕانەوەناسی وەک (نێوانڕشتەیی) لە خۆی دەگرێت)){مکاریک:١٣٨٨، ١٤٩} هەندێک لە تیۆرناسان گێڕانەوەناسی بە مۆدێلی دووەمی بونیادگەری دادەنێن و پێیانوایە، کارەکانی گریماس و بێرمۆند و چەند تیۆرناسێکی تر، کە هەموویان بە کارەکەی پرۆپ کاریگەر بوون، وای کرد گێڕانەوەناسی بێتە بەرهەم: ((ئەم جۆرە جیاوازەی پێکهاتەخوازی لە ئەدەبیاتدا، پێی دەڵێن گێڕانەوەناسی و ناوەندی سەرنجی بریتی نییە لە پێکهاتەی بنەمایی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان، بەڵکو پێکهاتەی گێڕانەوەیە، واتە چۆنییەتی گوتنی چیرۆک بە واتا بەربڵاوەکەی)). {تێنز:٢٠١٥، ١٢٧}

کارکردن لەسەر گێڕانەوە، بەر لە چەسپاندنی وەک زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای کاری ئەریستۆتالیس لە کتێبی "هونەری شیعر" دا، کاتێک باس لە ژانری تراژیدیا دەکات، بنەماکانی گێڕانەوە و چۆنییەتی ڕەنگڕێژی پلۆت و کارکردنی کەسێتی نیشاندەدات. بەهاداری کارەکەشی پەیوەستە بە خودی گێڕانەوەوە نەک شیعرییەتی تراژیدی، ئەگەرچی خودی باسکردنی تراژیدیا، واتە باسکردنی هونەرێک کە بەشیعر هۆنراوەتەوە، بەڵام وەختێک جیاوازی لە نێوان کۆمیدی و تراژیدی و داستاندا دەکات، بەراوردکارییەکە چەندێک لە بارەی کێش و ڕیتمەوەیە، هێندەش لە بارەی حیکایەتخوان و ژمارەی کەسێتی و گێڕانەوەوەیە، کە هەموویان بابەتی جێی سەرنجی گێڕانەوەن و لە هەموویشی گرنگتر وەستانی ئەو لەسەر چنین و کەسێتییە: ((داڕشتنی چنینی چاک لە بنەڕەتدا بۆ ئیکارمۆس و فۆڕمیس دەگەڕێتەوە کە سەلیقەیی بوون، لە شاعیرانی ئاتی؛ کرێتس یەکەم کەس بوو داشۆرینی نایەلاوە و چیرۆک و چنینی گشتی بەکارهێنا)) {ئەرەستۆ:٢٠٠٤، ٢٦}.

بە درێژایی سەدەکان، کارکردن لەسەر گێڕانەوە کەم و زۆر و لە هێڵە کلاسیکییەکە لای نەدا و خودی زاراوەی گێڕانەوەناسیش نەبوو، بەڵام بەهۆی هەوڵە زمانییەکانی "فەردیناند دی سۆسێر" و بونیادی قوتابخانەی زمانەوانی و کاریگەری لەسەر فۆڕمالیستە ڕووسەکان و دواتریش بونیادگەرەکانەوە، گێڕانەوەناسی وێڕای ئەوەی وەک زاراوە چەسپا، وەک ڕەوتی کارکردنیش گەلێک ڕەوش و شێوەی نوێی ڕاڤە و خوێندنەوەی هێنایە ئاراوە. تزڤیتان تۆدۆرۆف لە کتێبی "ڕێزمانی دیکامیرۆن،١٩٦٩"دا، بۆ ئاماژەدان بە زانستی گێڕانەوە، زاراوەی گێڕانەوەناسی

بەکارهێنا. بەڵام کۆی گێڕانەوەناسان، لەسەر ئەوە کۆکن، بنەمای کاری گێڕانەوەناسی نوێ، دەگەڕێتەوە بۆ کارەکەی پرۆپ. پرۆپیش بەهۆی کارکردن و ڕەخنەگرتن لە کارەکەی ئەلێکساندەر ڤیسلۆڤیسکییەوە، مۆرفۆلۆژی نووسی. لەگەڵ کارەکەی پرۆپ دا، دەکرێت لە بواری لێکۆڵینەوە لە پەخشان و چیرۆک دا، ئاماژە بە کاری هەندێک لە فۆرمالیستەکانی وەک ڤیکتۆر شکلۆڤسکی و بۆریس ئایخنباوم بدرێت. پاش ئەمانیش وەک درێژەدان بە کارەکەی پرۆپ، کلۆد لیڤی شتراوس، گریماس، کلۆد بێرمۆند پێداچوونەوەیان بۆ بونیادی گێڕانەوە کرد و بنەمای کاری خۆیان لە ڕوانگەی جوداوە خستەڕوو. لەگەڵ ئەمانەشدا بڵاوبوونەوەی کتێبی "ڕەوانبێژی گێڕانەوە"ی "ویان بۆس" لەساڵی ١٩٦١ دا، گەلێک هێڵی نوێی کارکردنی لە گێڕانەوەناسیدا ئاماژە پێدابوو، جێی سەرنجە. کاری ئەو زیاتر لە بارەی گۆشەنیگای گێڕانەوە و گێڕەرەوە بوو.

لەگەڵ ئەمانەدا جیاکارییەکانی دی سۆسێر بۆ زمان (لانگ و پارۆڵ، دیاکرۆنی و سینکرۆن) کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بوو بەسەر نوسەرانی بواری چیرۆکناسی دا. خوێندنەوەیان لە ڕوانگەی وەرگرتنی ڕێزمانی زمانەوە، بووە هۆی دەرهێنانی ڕێزمانی گێڕانەوەش. بۆ نموونە ئەو ڕێزمانەی کە ڤلادیمێر پرۆپ {پراپ:١٣٨٦} لە بواری حیکایەتناسی فۆلکلۆری ڕووسی دا دیاریکرد و دەستوورێکی گشتی بۆ حیکایەتەکانی جیهان لە کتێبی (مۆرفۆلۆژی حیکایەتی فۆلکلۆر، ١٩٢٨)دا، دانا، بناغەی بۆ زۆر لقی تری نێو زانستی گێڕانەوەناسی، وەک: سیمیۆلۆژیای گێڕانەوەناسی، حیکایەتناسی، پلۆتناسی و هتد دارشت.

یەکێکی تر لەو کارە گرنگانەی لەسەر بابەتە پێشینەکان کرا، کارەکەی کلۆد لیڤی شتراوس بوو بە ناوی "مەنتقی ئەفسانە"ەوە کە کارکردنی لەسەر بونیادی قوڵ و ڕووکەشی ئەفسانەکان بوو. ئێمە لە ماستەرنامەکەماندا "پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا" بە وردی لە بارەی جۆری کارکردنی ئەمانەوە دواوین و ڕەوتی مێژووی گێڕانەوەناسی پەیوەست بە پلۆتمانەوە دیاریکردووە. وێڕای ئەوەی پاش ئێمە لە کتێبەکانی(سیمۆلۆژیای گێڕانەوە){مەنتک: ٢٠١٩} و (گێڕانەوەناسی){ئەحمەدزادە:٢٠١٨} دا باس لەم ڕەوتەی پرۆپ و نوسەرانی دواتر کراوە. بەڵام لە پێناو دانانی بناغەیەک بۆ باسە تیۆرەکەمان بە هێڵێکی سەرەکی ئاماژە بە چەند نوسەرێک دەدەینەوە، کە ڕۆڵی جیاواز و هەنگاوی گەورەیان لە بواری گێڕانەوەناسی دا ناوە، لە وانە: "ژێرار ژینت، ڕۆلان بارت، تزڤتان تۆدۆرۆف، کلۆد بێرمۆن، گریماس، تۆماشڤسکی، جیراڵد پرنس، ڕۆجەر فاوڵەر، ڕۆبەرت سکۆڵز، مایکل جی تۆلان...". بنەمای کاری ئەمانە ناساندن و شیکردنەوە و خستنەڕووی یەکە و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی گێڕانەوە بوو. کارکردن بە هێڵی ئاسۆیی و ستوونی و چوونە ناو یەکە زمانییە وردەکانی دەقەوە. ئەو کارانەی کە هەر یەک لەمانە کردیان، دۆزینەوەی یاسایەکی گشتی بوو لە بارەی گێڕانەگەرییەوە. بۆ نموونە کۆی ئەو حیکایەتە میللییانەی پرۆپ کاری لەسەرکردن، یەک بونیادی هاوشێوەیان هەبوو. بونیادەکەش ئەرک و کەسێتی بوو، بەڵام ڕۆلان بارت جگە لەوەی وەک پرۆپ گێڕانەوە بە وەسفکردن لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دادەنێت، ئەو پێی وایە گێڕانەوە سێ ئاستی وەسفی هەیە: ئەرک (function)، کردە (action) گێڕانەوە، لە

گێڕانەوەدا ئەم سێ ئاستە پێکەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانیان هەیە و هەرسێکیان گێڕانەوە بونیاد دەنێن. {اخوت:١٣٩٢، ٢٢}

ڕۆلان بارت لە گێڕانەوەناسی دا بە قوتابخانەی زمانەوانی بونیادگەرەکان کاریگەربوو، دەیوت: ((زمانەوانی توانای ئەوەمان پێدەدات، کە هەم بڕوانین چۆن گێڕانەوەیەک، دەرەنجامی کۆی سادەی گوزارەکان نییە و هەم دەستەیەکی دیاریکراو لە ڕەگەزەکان، کە لە بونیادی گێڕانەوەیەکدا بەشدارن، پۆلێنبەندی بکەین)) {بارت:١٣٨٧،٣٤} دەرهێنانی یاسایەکی گشتی بۆ هەر یەک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ناو گێڕانەوەناسی، بەهۆی تەماشاکردنی بەشەکانەوەیە کە بۆتە هۆی ئەفراندی گشتێک. گەڕان بۆ ئەم یاسایە لە دەمی بەر لە فۆرمالست و بونیادگەرەکان، تا کۆتایی سەدەی پێشووش بە چەندەها ئاراستە کاری لەسەر کراوە. بە تایبەت لە ئەدەبیاتەوە بۆ بواری کتێبە ئایینی و ئاسمانییەکان و ئەفسانە و سینەما گوازراوەتەوە. کۆی ئاراستەکانیش جەخت لەسەر کاری بونیادگەرەکان، لە زۆر بواری ئەدەبناسی دا دەکەنەوە و لەم بارەیەوە دەوترێت: ((ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین و جیاوازترین بواری شیکردنەوەی ئەدەبی بونیادگەراییەکان، بواری گێڕانەوەناسی بێت، کە لەگەڵ کۆی گێڕانەوەکان و لە هەمووی باوتر لەگەڵ پەخشان دا سەروکاری هەیە، دەکرێت ئەم شێوەیە لە بارەی شیعر و داستانە حەماسی و فیلم و کارتۆن و هاوشێوەکانیشییەوە بەکاربهێنین.)){هالند:١٣٨٥، ٣٦٠} بە تایبەتیش زانستی گێڕانەوە جەختی لە هەندێک ڕەوشی ناو گێڕانەوەناسی دەکردەوە، کە لە بونیادی ژانرێکی ئەدەبییان دەکوڵییەوە. بۆ نموونە وەک: ژانری ڕۆمانی پۆلیسی، یان دیاریکردنی پەیوەندی جۆراوجۆری زۆر فراوانی کەسێتییەکانی چیرۆک و ڕۆمان و نیشاندانی پەیوەندی و ڕۆڵیان بە یاسایەکی گشتی. جگە لە مانە بونیادگەراییەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر هەندێک لایەنی گێڕانەوەیی کردووە: دەقەکان، فیلم، نووسراوی مێژوویی، ڕیکلامی بازرگانی و ئەو بەرهەمە کولتوورییانەی تر، کە سوودیان لە گێڕانەوە وەرگرتووە و بۆ بە سیستەمکردنی تەکنیکە گێڕانەوەییەکانی، کە لەبەردەستی نوسەر یان دەرهێنەردان.{تێنز:٢٠١٥، ١٢٦}.

یەکێک لە ڕێکارە بونیادگەراییەکان، کارەکەی "نۆرسرۆپ فرای"ە لە بارەی بونیادی گێڕانەوەوە. زۆرینەی توێژینەوەکانی لە بارەی ئەفسانەوەن، وەک مۆدێلی گێڕانەوە جێی بایەخن و کار لەسەر پێشنموونە {ئارکیتایپە} ئەدەبییەکان دەکات و لە کتێبی "توێکاری ڕەخنە" دا چوار مۆدێل یان ژانری بنەڕەتی گێڕانەوە دیاری دەکات. کە پێکدێن لە: کۆمیدی، ڕۆمانس، تراژیدی و ساتیر یان ئایرۆنی. هەر چوار جۆرەکەی گێڕانەوەش بەرامبەر بە چوار وەرزەکەی ساڵ دادەنێت.

بە ڕای فرای مرۆڤ؛ لە بنەڕەتدا گێڕانەوەکانی بە دوو ڕێگە وێنا دەکات: لە چوارچێوەی خستنەڕووی جیهانی ئایدیالی و لە چوارچێوەی خەستەڕووی جیهانی واقیعدا. جیهانی ئایدیالی کە لە جیهانی واقیعی باشترە، جیهانی پاکێتی و نیعمەت و دڵپەسەندییە. ئەمە ناودەنێت: "ئەفسانەی هاوین" پەیوەستی دەکاتەوە بە ژانری ئەدەبی ڕۆمانسەوە. ئەم جیهانە جیهانی پڕ سەرکێشی و

گەڕانی سەرکەوتووئامێزە، کە تێیدا پاڵەوان بەربەستەکان دەشکێنێت و، لە لابردنی هەر شتێکدا، کە لە ئامانجەکەی دووری دەخاتەوە براوە دەبێت. لە بەرامبەر ئەمەدا جیهانی واقیعی، جیهانی ئەزموون و نادڵنیایی و شکستە. فرای بە (ئەفسانەی زستان) ناوی دەبات، لەگەڵ ژانری دووانەیی ئایرۆنی و تەنز دا پەیوەستی دەکاتەوە. لە ئایرۆنی دا جیهانی واقیعی لە پشتی چاویلەکەی تراژیدییەوە تەماشا دەکرێت، جیهانێکە کە تێیدا کەسێتییە سەرەکییەکان، تێکشکاوی ئالۆزییەکانی ژیان دەبن. ئەوان ڕەنگە بیانەوێت ببنە پاڵەوان، بەڵام هەرگیز ناتوانن بگەنە سنووری پاڵەوانی، ڕەنگە ئەوان لە خەونی دڵخۆشبوون دا بن، بەڵام هەرگیز دڵخۆش نابن. پێچەوانەی ڕۆمانس کە لە جیهانی ئایدیالی و ئایرۆنی لە جیهانی واقیعی دا ڕوودەدەن، دوو گێڕانەوەکەی تر جوڵەن لە جیهانێکەوە بۆ جیهانەکەی تر. تراژیدیا جوڵەیە لە جیهانی ئایدیالییەوە بۆ جیهانی واقیعی. گۆڕانە لە ناکامڵییەوە بۆ ئەزموون، لە ئەفسانەی هاوینەوە بۆ ئەفسانەی زستان و هەر بۆیە فرای لەم ڕووەوە تراژیدیا بە ئەفسانەی پاییز ناودەبات کە تێیدا پاڵەوان لە جیهانی بەرزییەوە بەرەو شکست و دارمان دەچێت.

لە بەرامبەر ئەمەدا لە کۆمیدیا دا، جوڵە لە جیهانی واقیعییەوە بۆ جیهانی ئایدیالی دەگرێتەوە، بۆیە بە ئەفسانە یان گێڕانەوەی بەهاری ناودەبات. لە کۆمیدیادا کارەکتەری سەرەکی، کەوتۆتە تۆڕێک لە کێشەی هەڕەشەکەری جیهانی واقیعەوە، بەهۆی کۆمەڵێک جوڵە و هەڵسوکەوتەوە دەتوانێت لێی دەرباز بێت و سەرکەوتوو بێت، بە پێچەوانەی ئەو کەسێتییە شەڕانگێزانەی کە دێنە سەر ڕێگەی پاڵەوانی ڕۆمانس، ئەوانەی دێنە ڕێی ئەم کەسانی پوچ و گاڵتەجاڕن. ئەو جیاکارییەی فرای کردوویەتی بۆ هەر یەک لەگێڕانەوەکان و بونیادیان پێ دیاریکردووە، چوار بەشی گرنگی بونیادی گێڕانەوەن، کە بریتین لە: (زۆرانبازی-کێشمەکێش، کارەسات، ناڕێکی و سەرلێشێواوی، سەرکەوتن) پێی وایە زۆرانبازی نەخشەی ڕۆمانسە، کارەسات هی تراژیدیا و سەرلێشاوی هی تەنز و دواجاریش سەرکەوتن هی کۆمیدیایە.{تایسن:١٣٨٧، ٣٥٦}

**پارچەی چوارەم: تایبەتمەندیی گێڕانەوە**

لە دەقێکدا بۆ ئەوەی بتوانین گێڕانەوە دەستنیشان بکەین و شیبکەینەوە، دەبێت سەرنج لە چەند خاڵێکی گرنگی گێڕانەوەکە بدەین. یەکەم: بەدواییەکداهاتنی ڕووداوەکان. دووەم: خێرایی گێڕانەوە. سێیەم: زمان. {ئەحمەد:٢٠١٢، ٢٤١} کە یارمەتیدەر و ڕێنیشاندەری چۆنییەتی مامەڵەکردنن لەگەڵ دەقی گێڕانەوەیی دا. بەڵام بەر لەمانە گرنگە، توێژەر خەسڵەتەکانی دەقی گێڕانەوەیی بناسێت، ئەوسا بایەخ بە چۆنییەتی شیکردنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکە بدات. "مایکڵ تۆلان" لە بارەی تایبەتمەندی گێڕانەوەوە چەند خاڵێک دیاریدەکات، کە ئەحمەد ئوخوەت ڕوونتر و پوختر خستویەتییە ڕوو: بە پشتبەستن بە هەردوو سەرچاوەکە لێرەدا تایبەتمەندییەکان نیشان دەدەین:

١.داهێنراوی: جیاوازی گێڕانەوە لەگەڵ زمانی ئاسایی و ڕۆژانەدا {بۆ نموونە گفتوگۆی نیوان دووکەس لە چایخانەیەک دا} لەوەدایە، کە لە پێشدا پلۆت و بەرنامەی بۆ دانراوە و لەسەر بنەمای ئەو پلۆتە دەچنرێت و دروست دەکرێت. تەنانەت لە گێڕانەوەی زارەکیشدا، چونکە چیرۆکخوان، پێشتر لەسەر ئەو چیرۆکەی دەیەوێت بیگێڕێتەوە ڕاهێنانی کردووە، بۆیە هەمان حاڵەتی دروستکراوی بوونی هەیە.

٢.دووبارەیی: لە گێڕانەوەدا {بە تایبەت گێڕانەوەی چیرۆکی} شتێک هەیە، کە وادێتە پێشچاو دووبارە بێت. ئەم حاڵەتە ئاشنا یان دووبارەییە، تەنها تایبەت بە حیکایەت نییە، چونکە بە هۆیەوەی بەر پێشنمووەکان {ئارکیتایپەکان} دەکەوین ئەمە زۆر تێیدا ڕوونە، بەڵکو لە چیرۆکیشدا بەر حاڵ و فەزا و کەسێتیگەلێک دەکەوین کە بۆمان ئاشنان و پێشتری لە بەرهەمی ئەوانی تردا دیومانن. بۆ نموونە: "چووە بەر پەنجەرەکەی و تەماشای شەقامەکەی دەکرد، دەمەوەختی ئاوابوون بوو و با گەڵای دارەکانی سەر شەقامەکەی بەملاولادا دەبرد، کەوتەوە یادی منداڵی و ئەو کاتەی هێشتا نەنە زیندوو بوو..." ئەم بارە دووبارەییە لە تایبەتمەندییەکانییەتی و ڕەگی لە سرووشتی گێڕانەوەدا هەیە. بەهۆی ئەم خەسڵەتەشەوەیە دۆزینەوەی ڕێزمانی گێڕانەوە گران نییە، بۆ نموونە تا ڕادەیەک ڕۆمانە ئینگلیزییەکانی سەدەی نۆزدە، هەمان تایبەتمەندییان هەیە. کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکانی دیکنز، ئەلیۆت و هاردی و هتد، دەکرێت بە ڕێگای هاوشێوە لێی بڕوانرێت.

٣.هەر گێڕانەوەیەک هێڵێکی دیاریکراوی هەیە: لە شوێنێکەوە دەست پێدەکات و لە شوێنێکدا کۆتایی دێت. بۆ حیکایەت (هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەوشم دڕا هیچم پێ نەبڕا). گێڕانەوە وەک ئەریستۆتالیس دەڵێت: دەبێت سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت ((شتی باش ئەوەیە کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، سەرەتا ئەوەیە کە دوای شتی ترەوە نایەت، بەڵام شتی تری بە دوادا دێت. کۆتایی بە پێچەوانەوە ئەوەیە بە سرووشتی خۆیەوە بە دوای شتی تردا دێت، چ بە ناچاری بێت چ بە شیاوی بێت. بەڵام خۆ هیچ شتی تری بەدوادا نایەت. ناوەڕاست ئەوەیە، لە دوای شتێکی ترەوە دێت و شتێکی تریشی بە دوادا دێت، چنینی چاک نابێت، سەرەتا و کۆتایی هەرچۆنی ڕێکەکەوت بەو جۆرەبێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا بگونجێت، کە باسم کردن)) {ئەرەستۆ: ٢٠٠٤، ٣٣} ڕەنگە بۆ حیکایەت ئەمە ئاسان بێت، بەڵام بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمانی مۆدێرن، کە ئاڵۆزو پڕ پێچە، کارەکە ئاسان نییە.

٤. هەموو گێڕانەوەیەک وەگێر یان چیرۆخوانێکی هەیە، تەنانەت ئەگەر نادیار و خوازەییش بێت. لەو ڕووەوەی، گێڕانەوە هەر چەندە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام جۆرێک مامەڵەی زمانییە و وەک مامەڵە زمانییەکانی تر پێویستی بە قسەکەر و بیسەرە.

٥. له هەر گێڕانەوەیەکدا بەرامبەر بە جۆرێک لە جێگۆڕکێداین. گێڕانەوە زنجیرەیەک لە ڕووداوی هاوکات نییە، کە لە دوای یەکەوە ڕیز بن، بەڵکو گێڕەرەوە یان نوسەر دەتوانێت جێیان بگۆڕێت و بە دڵی خۆی ڕێکخستنی نوێیان بۆبکات و دەسکاری هێڵی گێڕانەوە بکات.

٦. بۆ ئەوەی گوتارێک بە گێڕانەوە بزانین دەبێت لە ڕووی کات و شوێنەوە لێی دوور بین و پێوست بە نزیک بوون نەکات، بەو مانایەی ئەو چیرۆکەی دەگێڕدرێتەوە پێویستی بەوە نەبێت سەردانی شوێنەکە بکەیت، یان لە سەردەمێکی دیاریکراودا مانابەخش بێت.{تولان: ١٣٨٣، ١٨} {اخوت: ١٣٩٢، ١٢}

**پارچەی پێنجەم: ڕێزمانی گێڕانەوە**

کاتێک وشەی ڕێزمان بۆ بابەتی گێڕانەوە بەکاردێنین، بە تایبەت وشەکە لە زمانی کوردیدا وەک زمانەکانی تر نییە، داڕشتنی بە جۆرێکە دەستبەجێ بیرت دەخاتەوە سەبارەت بە زمانە {بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا دەوترێت دەستووری زمانی چیرۆک}، بەڵام گواستنەوەی ئەمە بۆ ناو گێڕانەوە، دەرخەری دوو بارە، کە یەکێکیان پەیوەندی زمانەوانییە بە گێڕانەوەناسییەوە، ئەوی تریان چۆنییەتی دەرهێنانی یاسای گێڕانەوەیە، کە نزیکە لەو یاسا زمانەوانییەی زمانەکانی دنیاوە دەردێن و زمانی پێدەناسرێت. هەر دوو بارەکەش وابەستەی ڕەوتێکی مێژووییە.

سەبارەت بە ڕێزمان یان یاسای زمانی، لە زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبی دا مانای جیاوازی هەیە. بۆ نموونە: لە ڕوانگەی زمانەوانی باو و تەقلیدییەوە، ڕێزمان بریتییە لە کۆمەڵە یاسایەک، کە حوکم بەسەر زمانێکی دیاریکراو دا دەکات. لە کاتێکدا هەمان مانا لە زمانەوانی نوێ دا، مانایەکی دیاریکراوتر و قوڵتری هەیە. بۆ نموونە بە ڕای چۆمسکی ڕێزمانی زمانێکی تایبەت کۆمەڵێک یاسایە کە دەتوانێت تەواوی ڕستەکانی ئەو زمانە بئەفرێنێت و پێکهاتەی ڕاستی هەر ڕستەک دیاریبکات. پێکهاتەکەش توانسی قسەپێکەرانی دیاریدەکات. هەر بۆیە هەر یەک لە قسەپێکەرانی زمانێکی دیارکراو، دەتوانن زنجیرەیەکی بێشوماری ڕستە دروست بکەن، لەسەر بنەمای یاسای زمانەکەیان ڕستەی نوێ و نەبیسراو درک بکەن و شیبکەنەوە.

لێرەدا ئێمە وشەی "ڕێزمانی گێڕانەوە" لەو پێشزەمینەیەدا بەکاردەهێنین، کە تویژینەوەکانی گێڕانەوەناسی بەکاریان هێناوەو ئەمەش جیاوازە لەبەرکارهێنانە زمانناسییەکەی. وشەی ڕێزمان لە زۆربواری جیاوازدا بەکارهاتووە بۆ نموونە: ڕێزمانی خەونەکانی فرۆید، تیۆری یارییە زمانییەکانی ڤیتگنشتاین، فۆرمە سادەکانی ئەندرێ یۆلس، ڕێزمانی گواستنەوەی چۆمسکی و ڕێزمانی ئەفسانەیی کلۆد شتراوس.

تیزڤیتان تۆدۆرۆف لە "ڕێزمانی دیکامیرۆن" دا لە بارەی ڕێزمانەوە، ڕایەکی ڕۆبەرت کیڵ واردبی سەبارەت بە ڕێزمان، لە ڕوانگەی مودیستەکانی{مۆدگەراییەکانی} سەدەی سیانزە و چواردەوە

دەهێنێتەوە، کە پێیان وایە ڕێزمان تەنها ئەو کاتە دەتوانرێت بە زانست دابنرێت، کە بۆ کۆی هەموو مرۆڤ هاوتا بێت. ڕێزمان بە ڕێکەوت یاساگەلێکی تایبەتی بۆ هەندێک لە زمانەکانی وەک زمانی لاتین دروست کردووە، وەک چۆن ئەندازیاری کاری لەگەڵ هێڵ و ڕووبەرێکی دیاریکراودا نییە، وەهاش ڕێزمان بە ڕەچاونەکردنی زمانێکی تایبەت، خەریکی ڕاست بوون یان ناڕاست بوونی گوتارە و بابەتی ڕێزمان بۆ هەموو مرۆڤەکان یەک جۆرە. بۆیە تۆدۆرۆف پێیوایە دەکرێت سود لە ڕێزمان وەک زمانەوانی وەربگیرێت و ڕێزمانی گێڕانەوەی پێ دیاری بکرێت، بە جۆرێک کە تەواو نەکەوێتە ژێر کاریگەری زمانەوانییەوە.(١) {تودوروف:١٣٨٨} تۆدۆرۆف بەهۆی بەشەئاخاوتنەکانەوە، ڕێزمانی گێڕانەوە دیاری دەکات، هەر لە سەرەتاوە پێیوایە دەبێت جیاکاری بکرێت لە نێوان "ناوی تایبەت، ئاوەڵناو، کردار". ناو کەسێتی ناو گێڕانەوەیە، ئاوەڵناویش مەبەست لە سێ دەستەیە وەک بارودۆخ (جۆرە دژیەکانی وەک شاد- خەمبار) هەڵگری سیفەت (باشییەکان- کەموکوڕییەکان) هەلومەرج (نێر- مێ، ڕەچەڵەکدار، بێ ڕەچەڵەک). سێ جۆر کرداریش هەن، ئەوانەی بارودۆخێک نیشان دەدەن، ئەوانەی تاوانکردنێک نیشان دەدەن، ئەوانەی بۆ سزادان بەکاردێن. هەروەها هەموو جۆرە گوزارەیەکیش یەکێک لەم پێنج حاڵەتەی هەیە:

هەواڵی: ئەو ڕووداوانەی بە ڕاستی ڕوودەدەن.

فرمانی: جۆرێک لە ئیرادەی دەستەجەمعی کە یاسای کۆمەڵگە درووست دەکات.

داخوازی: ئەوەی کە کەسێتی چیرۆکەکان دەخوازن ڕوو بدات.

مەرجی: ئەگەر تۆ ئەو فلانە کار بکەیت، من ئەمە وئەوە دەکەم.

پێشبینی: لە هەلومەرجی تایبەتدا، فلان شت ڕوودەدات.

ئەوەی وای کردوە تۆدۆرۆف ئەم بابەتانە هەڵبژێریت، خواستی ڕژدی ئەوە بۆ پەیڕەوکردنی ئۆلگویەکی زمانەوانی تا ڕێزمانی گێڕانەوەی پێ دیاری بکات {کالر: ١٣٨٨، ٣٠٠}

فۆرمالیستەکان بە کاریگەری زمانەوانی، دەیانویست ڕێزمانی بەرهەمە فۆلکلۆری و فەرهەنگی و کولتوورییەکان دیاری بکەن. هەر بۆیە لێرەوە ڕێزمانی گێڕانەوە جێگای خۆی گرت. ڕێزمانی گێڕانەوەش بە مانای کۆمەڵێک حوکم یان فۆڕمول دێت کە ئەم یاسایە شیدەکەنەوە، ئەم کۆمەڵە یاسایە وەک زمان، لە خودی گێڕانەوەوە دەرهێنراوە، بە ئاسانی بەهۆی ناسینی دەستوورەکانەوە دەتوانرێت گێڕانەوە لە ناگێڕانەوە جیابکرێتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە خەسڵەتی مرۆڤەوە هەیە بۆ گێڕانەوە، چونکە ڕەنگە هەموان نەتوانن باش بگێڕنەوە، بەڵام لە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دا کە مێژوو و مرۆڤناسی لێی بەئاگایە، دەزانن بگێڕنەوە و لە منداڵییەوە فێری ئەمە دەبن، هەر بۆیە هەمووشیان دەتوانن گێڕانەوە لە ناگێڕانەوە یان بە واتایەکی تر چیرۆک لە ناچیرۆک جیابکەنەوە. ئەمەش پەیوەستە بە یاسایەکی ناوەکییەوە، کە دیاری دەکات چ شتێک گێڕانەوە و چ شتێک گێڕانەوە نییە. دواجار هەموان لەسەر ئەو خاڵە ڕێکن، ئایا ئەو کۆمەڵە ڕەگەزە گێڕانەوە

پێکدەهێنن، یان نا، وەک چۆن لە زمانێکی دیاری کراودا، قسەپێکەرانی، دەزانن ئایا ئەو ڕەگەزانە ڕستەیەکی مانادار دروست دەکات یان نا. هەموو ئەمانەش پەیوەندی بە فێرکردنەوە نییە، بەڵکو کەسی قسەکەر خۆڕسکانە ئەوە دەکات.

ڕێزمانی گێڕانەوە بێ ئەوەی بەکارهێنەر بخاتە بەردەم تەفسیرکردنەوە، دەبێت نیشانی بدات چۆن بە سوودوەرگرتن لە کۆمەڵە یاسایەکی دیایکراو، گێڕانەوە بەرهەمبهێنرێت، وێڕای ئەوەی دەبێت ئەم ڕێزمانە وەسفێکی بونیادی گێڕانەوەکە بدات بە دەستەوە. هاوکات ڕێزمانی گێڕانەوە دەبێت کامڵ بێت و توانای ڕوونکردنەوەی هەموو گێڕانەوەیەکی هەبێت، نەک تەنها گێڕانەوەی باش، یان گێڕانەوەی ئەدەبی. وەک چۆن هەندێک، کۆمەڵێک ڕەگەز بە گێڕانەوە دەزانن و هەندێکی تر کۆمەڵێکی تر. بێگومان ئەمانە زۆرن و کاری ڕێزمانی گێڕانەوەیە، کە بە ڕوونی نیشانی بدات ئەم کۆمەڵانە چ تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا هەیە، کە هەموان بە گێڕانەوەی دەزانن.{پرینس: ١٣٩٥، ٨٦}.

ئەو ڕێزمانەی ڤلادیمیر پرۆپ بۆ حیکایەتی میللی داینا، بوویە بناغەیەک کە دەیان نوسەری تر ڕێزمانی گێڕانەوەیان بۆ بەرهەمی جودا دانا. بەرهەمەکانی شتراوس، ڤان دایک، تۆدۆرۆف، بارت، گریماس و بێرمۆن، نموونەی دیارن. بێ لەوەی کاری ئەمان بوو بە بناغە و پەلی هاویشت بۆ بواری تر، چونکە پەیوەندی زانستەکان لە نێو یەکدا و تێهەڵکێشیان وایکرد، خوێندنەوەی ئەدەبیات پاش بونیادگەری پشت تەنها بە دەق نەبەستێت و بگەڕێتەوە بۆ نێوانڕەشتەیی، هەر ئەوەی بەشێکی زۆری ئەدەبناسان بە پشتبەستن بە کارەکانی زیگمۆند فرۆید، ڕاڤە و خوێندنەوەی خۆیان بۆ ئەدەب ئەنجامدا. بەشێکی تریان بە پشتبەستن بە یۆنگ لە بواری ئەفسانەدا کاریان کرد.

جۆزێف کەمپڵ {کمپل:١٣٨٨} بە پشتبەستن بە (چڵی زێڕین)ی جیمز فرێزەر و بواری کۆمەڵناسی ئایین و ئەفسانەناسی دێرین، بونیادی ئستۆرە و ئەفسانەکانی سەرانسەری مێژووی جیهانی نیشاندا، وەک سەفەرێکی دەروونی و ڕۆحی مرۆڤ و پێگەشتن و بە کەماڵ گەشتنی، نموونەی ئەفسانە ئاینی و مەزهەبی و ئەڤینداری و ئەخلاقییەکانی نیشان دا. ئەو بە هۆی کارەکەیەوە کە نمونەی وەرگیراو بوو لە ئستۆرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، نیشانی دا ئەم سەفەرەی پاڵەوان لە هەر کات و شوێنێک و لە نێو هەر فەرهەنگ و ئاینێک دا بێت، هاوشێوەیە و بەرزبوونەوە و ئاگایی بەخشینە بە پاڵەوان بەهۆی سەفەرێکەوە کە بانگێشت دەکرێت بۆی، بەمەش ڕێزمانی گێڕانەوەی لە سنووری ئەفسانە و حیکایەتدا بە شێوازی خۆی نیشاندا. دواتر کریستۆڤەر ڤۆڵگەر{ولگر: ١٣٩١،٢٥} لە کتێبەکەیدا بە ناوی "سەفەری نووسەر" بە کاریگەری تەواو و جێبەجێکردنی هێڵی کاری کەمپڵ، کاری سەفەری پاڵەوانی گواستەوە بۆ بواری سینەما، ڕای وایە هەموو چیرۆکەکان لە ژمارەیەک بونیادی هاوشێوە دورست کراون، کە لە ئەفسانە و ئستۆرە و خەون و فیلمەکانی سەراسەری دنیادا دەدۆزرێنەوە.

سەرسامی ڤۆڵگەر بە کەمپڵ، بوویە هۆی خستنەوە ڕووی کارەکەی ئەو و ڕوونکردنەوە و سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو سەفەرەی بە هی پاڵەوان دەزانرێت و، ڕای وایە سەفەری پاڵەوان نمونەیەکی جیهانییە و لە هەر کلتور و هەر کاتێکیدا بێت ڕوودەدات. ئەم نمونەیە وەک نەژادی مرۆڤ فرەچەشنی بێسنووری هەیە، بەڵام فۆرمە بونیادییەکەی چەسپاوە. بیرکردنەوەی کەمپڵ لەسەر بنەمای بیرکردنەوەکانی یۆنگە، کە لە بارەی پێشنموونەکانەوە {ئارکیتایپ} ڕای وابوو کەسێتی وزەی هەمیشە دووبارەبووەوەن، کە لە خەونەکانی هەموو تاکێک و لە ئەفسانەی هەموو کەلتوورەکاندا دەردەکەون. یۆنگ پێی وابوو کە ئەم پێشنموونانە ڕەنگدەرەوەی ڕەهەندی جیاوازی زەینی مرۆڤە. یۆنگ گەیشتە ئەو بڕوایەی لێکچونێکی زۆر لە نێوان وێنەی خەونی نەخۆشەکانی و ئارکتایپەکانی ناو ئەفسانەناسی دا هەیە. هەردوو ئەمانەشی بۆ سەرچاوەیەکی قوڵتر دەگێڕایەوە، کە کۆنەست یان نائاگایی دەستەجەمعی مرۆڤایەتییە. کەسێتییە دووبارەبووەکانی ناو دنیای ئەفسانە وەک: پاڵەوانی گەنج، پیری دانا و کەسێتی بەدکار، هاوشێوەی ئەو سیمایانەن کە بەردەوام لە خەونەکان و داڵغەکانماندا دەردەکەون. لەبەر ئەوەشە کە ئەفسانەکان و زۆرینەی ئەو چیرۆکانەی لەسەر نمونەی ئەفسانەیی بونیادنراون، هەڵگری حەقیقەت و ڕەسەنییەتی دەروونناسانەن. ئەوەی لەم ئەفسانانەدا گرنگن، هەمیشە جێگەی تێگەیشتن، چونکە لە سەرچاوەیەکی جیهانییەوە دێن، کە کۆنەستە.{ولگر: ١٣٩١،٣٦}

پاش باسکردنی جۆرە جیاوازەکانی ڕێزمانی گێڕانەوە، جێی خۆیەتی لە بارەی ڕێزمانی فۆرمی گێڕانەوەوە بدوێت. ئەندرییە یولس لە کتێبی "فۆرمە سادەکان" دا، نۆ شێوەی وەک ڕێزمانی فۆرمی ئەدەبی دیاریکردووە:

| | | |
|---|---|---|
| ١. ئەفسانەی پیرۆز | ٢. ئەفسانەی پاڵەوانێتی | ٣. ئستورە |
| ٤.موعەمما | ٥. مەتەڵ | ٦. مەسەل |
| ٧.ڕاپۆرت | ٨. حیکایەت | ٩. نوکتە و قسەی خۆش |

کارەکەی ئەگەرچی لە دەرەوەی بونیادگەری و فۆرمالیستەکان بوو، بەڵام دواتر بەرچاوڕوونی زۆری بۆ بونیادگەراکان هەبوو. "ڕۆبرت سکۆڵز" {اسکولز:١٣٧٧، ٦٨} ڕای وایە کارەکەی "یولس" ئەگەرچی زۆر بوێرانە بوو و دەیوست کۆی ئەو فۆرمە سادانە دیارییکات و پەسنیان بدات، کە ژێرخانن بۆ کۆی ئەو بەرهەمانەی ئەفرانێراوی مرۆڤن. ڕەنگە بڵێین کارێکی زۆر دژواری بۆ خۆی دیاری کردبوو، کە بێگومان مەحکوم بوو بە شکستهێنان، بەڵام کارەکەی سەرنجراکێش بوو. بە بڕوای یۆڵس فۆرمێکی سادە جۆرێکی ڕەسەنی بونیادنەرە، کە هاوکات لەگەڵ خۆگرتنی هزری مرۆڤدا لە زماندا کار دەکات، پێشی وایە ئەمانە تا ڕادەیەک دیاریکراون. ئەم فۆرمانە هێندەی زمانی مرۆڤ، جیهانین و پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان هەیە، لەگەڵ پێڕەوی مرۆیی ڕێکخستنی جیهان لە ڕێگەی زمانەوە. فۆرمە سادەکان سەر بەو جیهانەن کە جێی دیاردەی زمانی ئایدیالی وەک: ناو و کردارن. هاوشێوەی مرۆڤ. کە بە سوودوەگرتن لەو ناو و کردارانەی زمانێک

خستونییەتی بەردەستی فێردەبێت، بەو زمانە قسە بکات. ئەوەش فێردە بێت، کە فۆڕمە سادەکان دروست بهێنێتە دی. بە واتایەکی تر فۆڕمی سادە لای یۆلز؛ بنەڕەتی بونیادی بیری مرۆڤە، کە لە نێو پەیکەری زماندا دەخرێتە ڕوو. ئەگەرچی ژمارەیان سنووردارە، بەڵام جەختی لەسەر ڕووی گشتگیری کردۆتەوە، کە ئەمانە وەک زمان وان و ڕێکخستنی ژیان و ڕیتمی شتەکان بە شێوەی زمانەوانی هاتوونەتە بوون. بەکارهێنانی شێوە سادەکان، ڕێک وەک بەکارهێنانی وشە و کردارەکانە، ناکرێت کۆمەڵگەیەک بدۆزرێتەوە کە بێ "ئستۆرە، نوکتە، مەتەڵ یان حیکایەت" بێت {هەروەک چۆن ناشکرێت کۆمەڵگەیەک هەبێت بەبێ ئێستاتیکای خۆی}. ئەگەرچی یۆلس لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە، بۆچی تەنها نۆ فۆڕمی دیاریکردووە، فۆڕمە سادەکانی تری وەک حیکایەتی ئەخلاقی، دوعاکان، گۆرانی و چیرۆکی ئاژەڵان و چیرۆکی منداڵانی باس نەکردووە؟ بەڵام هەر خۆی لە بارەی ئەوەی بۆچی تەنها نۆ شێوەی دیاریکردووە دەڵێت: کە ئەمانە ناونیشانی کۆتایی و دوا قسە نین. لە بنەڕەتدا بابەتی شێوەی سادە سیستمێکی داخراو نییە.

سالانێکی دواتر و پاش چاپبوونەوەی کتێبەکەی "هێنری بکر" کە هاوکار و هاوڕێی یولس بوو، پێی وابوو یولس دەیوست کاری زیاتری لەسەر بکات و دوو یاسای بنەڕەتی لە دابەشکارییەکەی خۆیدا ڕەچاوکردبوو. لەسەر یاسای یەکەمیش پێنج دەستە لە شێوەی سادەمان هەیە، کە پەیوەست دەکرێنەوە بە شێوەی قسەوەوە، دەتوانرێت ئەوانە بە: "پرسیاری، هەواڵی، فرمانی، داواکاری و خامۆش" دابنرێن. لەسەر یاسای دووەمیش شێوە سادەکان دوو جۆرن: ڕیالیست و ئایدیالیست. یەکەمیان ئەگەری هاتنەدی ڕووداوەکانی هەر شێوەکیان دەردەخات، بە شێوەیەک، کە نەتوانین بڵێن ئەم ڕووداوە مەحاڵە ڕووبدات، بەڵام دووەمیان لە بارەی ڕووداوە مەحاڵەکانەوە دەدوێت. بە بڕوای هنری بکر پێنج شێوە ڕیالیستییەکە بریتین لە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| چیرۆکی ئاژەڵان | قسەی نەستەق | موعەمما | ئەفسانەی پاڵەوانێتی | تەمسیل |
| داخوازی | ڕستەی فرمانی | خامۆش | هەواڵی | پرسیاری |

و پێنج شێوە سادە ئایدیالیستییەکەش بریتین لە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| حیکایەت | ئەفسانەی پیرۆز | نوکتە | ڕاپۆرت | ئستۆرە |
| داخوازی | فرمانی | خامۆش | هەواڵی | پرسیاری |

بە بڕوای بابەک ئەحمەدی،{احمدی:١٣٨٠، ١٤٨} کارەکەی یولس پراکتیکیە و هەر شێوەیەکی سادە، لەسەر بنەمای مەبەستێک بوونی هەیە و دەبێت لە سەروبەندی هێنانەدی ئەو مەبەستەدا، شیکردنەوەی بۆ بکرێت. بۆ نموونە هەقایەت دەبێت بە ڕێگەیەک بۆ تێکشکاندنی بەربەستەکان و دەستڕاگەشتن بە دادەوەری دابنرێت و لەسەر ئەم ڕاستییە شێوە جۆراوجۆرەکانی لەیەک جیابکرێتەوە.

جیراڵد پرێنس {پرینس: ١٣٩٥، ٨٥-١٠٦}.لە بارەی ڕێزمانی گێڕانەوەوە، ڕای وایە کاری هەر یەک لە نوسەرانی پێشوو وێڕای ئەوەی زۆر بیرمەندانە و سەرسوڕهێنن، بەڵام کەموکوڕی خۆیان هەیە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند شتێک: یەکێک لەوانە (گشت، یان کۆ) نەبوونە. بەو مانایەی ئەو ڕێزمانانەی خراونەتەڕوو، نمونەی سنووردار دەگرێتەوە و لە ئەنجامیشدا تەنها ئەو نموونانە پەسن دەدات. یەکێکی تر لە خاڵە لاوازەکان ناڕوونییە، چونکە یەکە بونیادییە بنەڕەتییەکانی پەیوەست بەم ڕێزمانەوە بە وردی نەناسێنراون. هەروەها لایەنێکی تر، مەیل بۆ ڕوونکرنەوەی هەندێک واتا، بۆ نموونە مەبەست و پەیامی، یان هێزی جوانیناسی گێڕانەوەکە، کە نابێت هیچ ڕێزمانێکی گێڕانەوە ئەمانە ڕوون بکاتەوە. لە ڕوانگەی ڕێزمانەوە هیچ گێڕانەوەیەک شاکار یان جوان یان قوڵ یان سواو نییە؛ بەڵکو تەنها گێڕانەوەیە، هەر بۆیە خۆی ڕیزمانێک دادەنێت کە ئەم لاوازیانەی تێدا نەبێت. ئەو پیی وایە گێڕانەوە بەهۆی چەند توخم و رەگەزێکەوە دێتە بوون کە بریتین لە: توخمی بونیادی، توخمی مەنتقی، توخمی گێڕانەوە، توخمی خستەڕوو یان بەیانکردن.

لە بارەی توخمی بونیادییەوە پێی وایە، مادەم بابەتێکی دیاریکراوی چیرۆکی، دەکرێت بە فیلم یان وێنە یان سەما بخرێتەڕوو، بابەتی ناچیرۆکیش بە هەریەک لە مانە دەکرێت بخرێنە ڕوو. بۆیە کەرەستەی خستەڕووی گێڕانەوەکە {بۆ نموونە: دەنگ، زمان، وێنە و..} و شێوەی خستەڕووی گێڕانەوەکە {بۆ نمونە: بە شێوەی زمانێک} هیچیان پێناسەی گێڕانەوە نین. هەروەها گێڕانەوە دەکرێت لە بارەی هەر بابەت و ناوەرۆکێکەوە بێت. لە بارەی: عەشق، مەرگ، ژیان، درەختان، پارە...هتد گێڕانەوەی زۆر هەن. دەکرێت بابەتێک دیاری بکرێت بە شێوەی گێڕانەوە یان شیعر یان وتار بخرێتە ڕوو. بۆیە ناکرێت بابەتی گێڕانەوە، ببێت بە ناسێنەری گێڕانەوە.

توخمی لۆجیکی، بۆ بەراوردکردنی پێکهاتەی گێڕانەوەکان دەبێت سوود لە شتێک وەربگیرێت، کە بە توخمی مەنتقی ڕێزمانی گێڕانەوە ناو دەبرێت. ئەم توخمە، گروپێک لە تایبەتمەندی مانابیە لە وشە و زاراوەی مەنتقی پێکدێت، وەک: (پاشان، لە ئەنجامدا، جۆن خواردن دەخوات). کە پەیوەستە بە ڕیزکردنی لۆجیکییەوە. توخمی گێڕانەوە یان چیرۆکخوانی، دەکرێت چیرۆک بەو شێوەی ڕوویداوە بگێڕێتەوە، یان بەهەر جۆرە ڕێخکستنیکی تر کە نوسەر بیەوێت. پرێنس پێی وایە هێشتا ناکرێت بەو سێ توخمە، گێڕانەوە بێتە بوون، بەڵکو تەنها دەتوانرێت ڕووەکانی بونیاد، پێکهاتە و گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە دیاری بکرێت، بۆ دروستکردنی گێڕانەوە، پێوستمان بە توخمی بەیان یان خستەڕووە، ئەم توخمە دەکرێت هاوتای زمانێکی دیاریکراو یان بە هاوتای ڕێزمانی زمانەکە دابنرێت. ئەمەش پەیوەندی بە جۆری خستەڕوو و ڕێکخستنی ڕووداوەکانەوە هەیە. ئەوەی گرنگە بزانین لێرەدا ئەوەیە، کە هەر یەک لە ڕەخنەگرانی نوێی گێڕانەوەناسی پێداگری لەسەر ڕێزمانی گێڕانەوە وەکو سیستمی گواستنەوەی چیرۆکەکە دەکەنەوە، چونکە هەوو کەرەستەکان، پێوەندی نێوانیان ناتوانێت دەقێکی هونەرییان پێبدات، بەڵکو ئەوەی گرنگە، شێوازی گواستنەوە و پلۆتسازی و بونیادی چنینە، کە دواجار لە ڕێگای ئەمەوە ئێستاتیکای دەقی گێڕانەوەیش کار لەسەر نیشاندانی ئەم لایەنە دەکات.

**پارچەی شەشەم: سنووری گێڕانەوە**

ڕۆلان بارت پێی وایە گێڕانەوەکانی دنیا بێشومارن، گێڕانەوە بەر لە هەر شتێک کۆمەڵێکی جۆراوجۆری گەورەی ژانرەکانە، کە دابەش دەبێت بۆ بابەتی جیاواز، وەک ئەوەی هەر کەرەستەیەک گونجاوە بۆ چیرۆکی مرۆڤ. گێڕانەوە دەتوانێت لە ڕێگای زمانی ئارتیکۆلەیتید لانگویج، زارەکی یان نووسراوی، وێنەی جوڵاو یان جێگیر، ژستەکان و... گێڕانەوە لە ئستۆرە، ئەفسانە، چیرۆکی ئاژەڵان، حیکایەت، نۆڤڵێت، پاڵەوانێتی، مێژوو، تراژدی، دراما، کۆمیدی، وێنەکێشان، پەنجەرەی شوشەی ڕەنگکاری، سینەما، سەرگەرمی وێنەیی کۆمیک، ناونیشانی هەواڵی و گفتوگۆ دا بوونی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوە لەسەر بنەمای هەمان جۆراوجۆرێتی بێسنووری شێوەکان، لە هەموو دەم و کات و کۆمەڵگەیەکدا هەیە. گێڕانەوە ڕێک لەگەڵ مێژووی مرۆڤ دا دەستپێدەکات و لە هیچ شوێنێک مرۆڤ بێ گێڕانەوە نەبووە. هەموو چین و گرووپە مرۆییەکان گێڕانەوەیان هەیە. ئەو چێژەی کە زۆرینەی خەڵکی بە زەمینەی فەرهەنگی جیاوازەوە یان تەنانەت دژیەک تێیدا بەشدارن، پۆلێنکاری لە نیوان ئەدەبیاتی باش و خراپ دا بەهای نییە، گێڕانەوە جیهانییە، سەروو مێژوو، سەرووکولتوور، بە سادەیی وەک خودی ژیان. {بارت: ١٣٨٧، ٢٧}.

جۆزێف کەمپڵ لە کتێبی پاڵەوانی هەزار سیما دا دەڵێت: ((مەستانە گوێگرتن لە ویردە خەونئاساکانی پزیشکێکی چاوسووری کنگۆیی، چێژی جەزبەداری خوێندنەوەی غەزەلە عارفانەکانی لاوتزۆ، شکاندنی توێکڵی ئەستووری دەلالەتەکانی ئاکویناس، دەرککردنی ئەفسانەیەکی سەیروسەمەرەی ئەسکیمۆیی لە ساتێکی جادووییدا، هەموویان یەکسانن، یەک چیرۆکی تاقانەیە کە بەردەوام شێوە دەگۆڕێت و ئەوەی لێی بەجێدەمێنێت بەرگرییە، کە مرۆڤ داوەت دەکات و دەبێت لە سەروو وتن و نووسینەوە ئەزموونی بکات.)){کمپل:١٣٨٨، ١٥}.

کاتێک قسە لەسەر ئەو فراوانییەی گێڕانەوە دەکرێت و پەیکەرێکی لقداری لێ دروستدەکرێت و دواجار گێڕانەوەناسی خۆیی پێوە سەرقاڵ دەکات، پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە، ئایا ئەو پەیکەرە لە چی درووست بووە و چی دەگرێتەوە؟ زۆر جار لە بەرکەوتنی سەرەتادا وەڵامەکە ڕوونە: ئەوەی بواری گێڕانەوە دەگرێتەوە: ڕۆمان، چیرۆکی کورت، حیکایەتی فۆلکلۆر، بابەتی ڕۆژنامەوانییە. بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت، بەم وەڵامە مەرز و سنووریکمان دیاریکردووە کە مەرج نییە هەمووان لەگەڵی بن. بۆ نموونە: کەسانێک هەن چیرۆکە وێنەییەکان لە نێو پەیکەربەندی ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا جێدەکەنەوە، هەندێکی تر پێچەوانەی ئەمەن. هەردوو ڕاکەش دەکەوێتە سەر ئەوەی، ئایا ڕاڤەی ئەوان بۆ گێڕانەوەناسی تەنها دەقی زمانییە یان نا؟ بەوەش بابەتەکە دەگاتە شوێنی خۆی.{مکوئیلان:١٣٨٨، ١٢٨}

نەک هەر چیرۆکی وێنەیی، بەڵکو خوێندنەوەی گێڕانەوەناسی کاری خۆی لە بواری هونەری شێوەکاریشدا دەکات، چونکە لە لێکۆڵینەوەی نێوانڕەشتەیی بواری گێڕانەوەناسی دا، بەرهەمی

وێنەیی وەک گێڕانەوە زمانییەکان شیاوێتی {قابیلیەت} گێڕانەوەییان هەیە. وێنە بە کەرەستە تایبەتەکانی وەک: ڕەنگ و هێڵەکان و شێوە و ڕەهەندەکان، فەزایەکی گونجا و و جیاواز بۆ گێڕانەوەناسی دێنێتە کایەوە. نڵسۆن گودمەن.{میرزایی پرکلی: ١٣٩٦} لەو فەیلەسوفانەیە کە ڕاکانی لە جوانیناسی دا لە بواری گێڕانەوەناسی دا دەرخستووە. گودمەن بە پشتبەستن بە تایبەتمەندییە بونیادییەکان لە بەرهەمی وێنەیی و  لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزی کات و پەیوەندی نێوان (ڕێکخستنی ڕووداو و ڕێکخستنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، گێڕانەوە وێنەییەکانی) بۆ چەند بەشێک جیاکردۆتەوە کە وابەستەی کات و ناکاتن.

سنووری گێڕانەوەناسی، لای زۆرێک لە بونیادگەراکان، پەیوەستە بە بەرهەمی پەخشانی چیرۆکییەوە و کۆی کارەکانیش لە دەوری مۆدێلەکانی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمان و حیکایەت و هاوشیوەکانی دەردەکەوێت. بەڵام بە تێپەڕینی کات، سنوورەکە فراوانتر بوو. گێڕانەوە نەک تەنها لە ژانرە پەخشانییەکاندا خۆی دەبینییەوە، بەڵکو ژانرەکانی وەک شیعریش دیسانەوە بوویە جێگای سەرنج، بگرە زیاتر لەوە ڕۆی تا بوارەکان، لە ئەدەبیات چووە دەرەوە و بابەتی ڕاگەیاندن، مێژوو، هونەری شێوەکاری، سینەما، سەمفۆنیا، بابەتە پیرۆز و ئاینییەکانیشی گرتەوە. لە ئێستا دا گەڕان بۆ گێڕانەوەناسی لە هەر یەک لە ژانرە ئەدەب و هونەری و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کارێکی کردەیە. ڕۆبەرت سکۆڵز لە بارەی چیرۆکەوە قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە چیرۆک سەرگوزەشتەیەکی درووستکراوە. هەر ئەم پێناسەیەش زۆر بواری فراوان دەگرێتەوە، بۆ نمونە: ئەو درۆیانەی لە ناو خێزاندا دەیان کەین تا شتێک بشارینەوە، ئەو قسەخۆش و نوکتانەی بە ڕیکەوت دەیان بیستن و لە زۆر شوێن و بە زۆر باری ڕێزدارانە یان بێڕێزیانە دەیانڵێینەوە، یان بەرهەمی خەیاڵکرد و مەزنی وەک: بەهەشتی ونبووی جۆن میڵتۆن یان خودی کتێبی پیرۆز.

لێرەدا سکۆڵز جەخت دەکاتەوە بە مەبەست ناوی کتێبی پیرۆزی هێناوە وەک چیرۆک، و داوا لە خوێنەرەکانی دەکات بەرلەوەی لە ڕووی ئیمان و دەمارگیرییەوە توڕە بن، لەگەڵ نووسینەکەدا بڕۆن، کە ڕوونکردنەوەی هەیە بۆ ئەوەی کتێبی پیرۆز بە چیرۆک دادەنێت، چونکە حیکایەتی دروستکردووە، مەبەستیشی لەوە نییە مادەم چیرۆکە ڕاستەقینەی تێدانییە، یاخود شتی واقیعی تێدا نەبێت، چونکە پەیوەندی واقیع و چیرۆک شتێکی وەها ئاسان نییە کە بیری لێدەکەینەوە {اسکولز: ١٣٧٧، ٣} بێگومان شوێنکەوتوانی هیچ ئاینێک پێیان خۆش نییە، لە بارەی کتێبەکانییانەوە وشەی چیرۆک یان ئەفسانە بدرێتە پاڵیان، چونکە ئەوان بڕوای تەواوەتیان بە ڕاستەقینەبوونی هەموو نووسراوەکانی ناو کتێبەکە هێناوە، لە بابەتە بانسرووشتییەکانی وەک: پەڕجوو؛ تا دەگاتە سەر پیرۆزی کەسانی ڕابەر، کە وەک خاوەن کەرامات دەردەکەون. بۆیە سکۆڵز بەوپەڕی ئاگاییەوە قسەکانی دەکات. وێڕای ئەو نۆرسرۆپ فرای لە کتێبی "ڕەمزی گشتی، کتێبی پیرۆز و ئەدەبیات" دا، بابەتی کتێبی پیرۆز وەک ئەدەبیات تەماشا دەکات، نەک لە ڕوانگەی ئاینییەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی ئستۆرەناسی و زمانییەوە لە ئینجل دەڕوانێت. لە پێشەکی کتێبەکەیدا لە بارەی چۆنییەتی کارکردنی خۆیەوە دەدوێت، کە مادەم ئینجل بە درێژایی سەدەکان کاریگەری لەسەر

ئەدەبیات داناوە، ناکرێت خۆی خاڵی بێت لە ئەدەبیبوون. بە تایبەت ئەو کاتەی لە زانکۆ وانەکانی لە بارەی بەرهەمەکانی "جۆن میلتۆن"ەوە بوو و کتێبیشی لە بارەی ولیام بلیکەوە دەنووسی، کە بەرهەمی هەردووکیان کاریگەرن بە کتێبی پیرۆز، بۆیەش چۆتەوە سەر کتێبەکە و وەک کۆرس بە وانە وتویەتییەوە، دواتریش بووە بەو کتێبە.

فرای پێیوایە هەر کەس لە سەرەتاوە تا کۆتایی کتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە، هەرچەند تاقەتهێنان لەسەری ئاسان نییە، پەی بەوە دەبات، سەرەتا و کۆتایی هەیە، و کۆمەڵێک ئاماژەی بونیادی گشتی تێدایە، لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە زەمان دەست پێدەکات. واتە بە دروستبوونی جیهان، لەو شوێنەشدا کۆتایی دێت، کە زەمان کۆتایی دێت، واتە بە موکاشەفەی یوحەننا کە ڕۆژی دواییە. لە نێوان ئەم سەرەتا و کۆتاییەدا مێژووی مرۆڤ دیارە و کۆمەڵێک وێنەی بەرجەستەی وەک: شار، ڕووبار، چیا، ڕۆن، نان، شەراب...تێدایە. دواجار ڕای خۆی سەبارەت بەم کارەی دەنووسێت: ئێمە لێرەدا لەگەڵ کتێبێک سەروکارمان هەیە کە لە نووسەرانی ئەنگلۆساکسۆنەوە بگرە تا شاعیرانی کەم تەمەنتری لە من، کە کاریگەریان لەسەر ئەدەبیاتی ئینگلیزی هەبووە، کەسیان نابینین، ئینجیلی وەک بەشێک لە دەبیات دانابێت، تەنانەت کەسێکی وەک ولیام بلیک کە گوتویەتی ئینجیل و پەیمانی کۆن، ڕەمزی هەموو هونەرێکن.{فرای: ١٣٧٩، ٩} بەمەش دیسانەوە خۆی لەوە لادەدات کە ئینجیل وەک بەرهەمی ئەدەبی ببینێت، ئەگەرچی لە کارکردنیدا سورە لەسەر ئەوەی کە بە ڕوونی ڕووی ئەدەبی پێوە دیارە و، ئەگەر بەشێک نەبێت لە ئەدەبیات، وەها کاریگەری لەسەر ئەدەب دانەدەنا.

لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێت لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە تەماشای هەر یەک لە کتێبە ئاینییەکان بکەین، ئەوا هیچیان لە ئەدەبیبوون خاڵی نین. بە تایبەت ئەدەبی گێڕانەوە و بەشێکی سەرنجڕاکیشی کتیبەکانیش خۆی لە زمانئارایی و حیکایەتخوانیدا دەبینێتەوە. ئەمە بە سەختی بۆ هەندێک لە کتێبەکانی ناو پەیمانی کۆن وەک: ئەستێر، ئەیوب و شینەکانی ئەرمیا دەگەڕێتەوە. لە ئینجیلدا سفری پەیدابوون و لە قورئاندا چیرۆکی درووستبوون و پەیامبەران و نەتەوە لەناوچوو و گومڕاکان. لە سەردەمی ئێستادا وەک گێڕانەوەناسی جێگەی سەرنجن. لەم بارەیەوە ڕەزا بەراهەنی تەورات بە باوکی چیرۆکە دێرینەکان دەزانێت: ((پەیمانی کۆن گەنجینەیەکی پڕ لە چیرۆکە، ڕەگی زۆریک لە چیرۆکەکانی دوو هەزار ساڵ لەمەبەر لەم کتێبەدا دەدۆزیتەوە و جگە لەوەی هیچ کتێب لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواو وتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بە ئەندازەی تەورات، کاریگەری نەبووە...لەو ڕووەوەی کە تەورات کتێبیکە تەواوی قسەکانی لە ڕێگەی کارەکتەرەوە وتووە، دەتوانرێت لە پاڵ ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمەردا، بە یەکێک لە کۆنترین دەقە گێڕانەوەییەکانی جیهان دابنرێت)).{براهنی: ١٣٦٨، ٢٥٣}

ئەمین ئەلخولی لە زانکۆی ئەزهەر سەرئامەدی ئەو کەسانە بوو کە لە ڕوانگەی ئەدەبیاتەوە لە قورئانیان دەڕوانی. سەرپەرشتی هەندێک لەو نامانەی دەکرد کە لە ڕووی چیرۆکناسییەوە

تەماشای قورئانیان دەکرد. بۆ نمونە: "هونەری چیرۆکی لە قورئانی پیرۆز دا"، ئەگەرچی کارەکە یار و نەیاری زۆری بۆ دروستبوو، بەڵام وەک هەوڵی گرنگ لەو بوارە دا تەماشا دەکرێت. لەم کۆتاییانەدا نوسەرانێکی ناو جیهانی ئیسلامی زۆر ڕوون لە ژێر ناونیشانی (قورئان وەک بەرهەمی ئەدەبی)دا لێکۆڵینەوە دەنووسن و ئاماژە بە ڕووە ئەدەبییەکانی قورئان دەدەن لە ڕوویی ڕەوانبێژی، زمانەوانی، وێنەسازی، گێڕانەگەری، گفتوگۆ و کەسێتیسازییە. موستەنسیر میر{میر: ١٣٩٠} لە بارەی گێڕانەوەناسی قورئانەوە، ئاماژە بە چیرۆکەکان دەدات و لە بارەی چینینی گشتییەوە قسە دەکات، نەک چینینی چیرۆک لە ناو سورەتەکاندا، چونکە وەک دەبینرێت چیرۆکەکان بە پچڕپچڕ و لە چەند سورەتێکی جودادا باسیان لێوەکراوە. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە هێنانەوەی چیرۆک لە قورئاندا بۆ سەرگەرمی نییە، کاری موستەنسەر میر و حوسەین عەبدولڕەئوف، تەماشکردنی قورئانە لە ڕوانگەی زمانەوانی و شێوازناسی و گێڕانەوەناسییەوە و، ئەمەش مۆدێلێکی تری خوێندنەوەی قورئانە، لە چوارچێوەی تیۆری ئەدەبی و گێڕانەوەناسی دا. لە لایەکی ترەوە چنینی تەونی لە چیرۆکەکاندا دەبینرێت، بەوەی نیوەی ئەم چیرۆکە دەوترێت و نیوەی دانەیەکی تر، پاشان دێتەوە سەر یەکەم و نیوەی سێیەم باس دەکات، بەمەش چنینی چیرۆکەکان لە ئاستی کۆدا بەرجەستە دەبێت. (٢)

تەماشاکردنی قورئان وەک دەقێکی باڵای ئەدەبی، کە ژانری گێڕانەوە تەنیویەتی، لای کەسێکی وەک ئەدۆنیس دەبێتە جێی تێڕامان. ئەدۆنیس لە باسێکی دا، قورئان بە فۆڕمێکی ئێستاتیکی زمان دادەنێت، کە سەرلەنوێ حیکمەت و گوتار و بەسەرهاتەکانی پێشووی بەر لە ئیسلام، لە نووسینی بابلی و کەنعانی و ئارامیی و نووسینی تەوراتەوە گێڕاوەتەوە و، دووودڵیش نیشان نادات لە دووبارەکردنەوەی ئەوانەی پێش خۆی. هەموو ئەمانەش بە چەندان هونەری جیاواز خراونەتەڕوو. قورئان ((لە ڕووی تەکنیک و دروستکردنەوە، پشت بە دیالۆگ و گێڕانەوەو حیکمەت و پەند دەبەستێت، لە یەک کاتدا یاسادانان و ستایشیشە، لاپەڕەشی تێدایە دەکرێت بەو وەسفەی شیعرێکی ئەبستراکتە، بکۆڵرێتەوە. لاپەڕەشی تێدایە، دەشێت وەکو باشترین چیرۆک تەماشا بکرێت. هەموو خوێنەرێکیش دەتوانێت لە تێڕوانینی دیاریکراو بۆ شیعر و فیکر، چەمکی تایبەت بە مرۆڤ و گەردوون و میتۆدێکی ڕوون بۆ ڕوانین لە ئاکار و مەرگ و ئەڤین و سروشت و میتای پوخت بکاتەوە، لێرەدا دەق بە هێڵێک پەرە ناسێنێت، بەڵکو لە بۆشایی فرەئاڕاستە و فرەڕەهەندا گەشە دەکات)) {ئەدۆنیس: ٢٠٠٨، ٣٥}.

ئەگەر لیکۆڵەری کورد بیەوێت کار لەسەر گێڕانەوەناسی کتێبی دینی بکات، ئەوا کتێبەکانی هەر دوو ڕەوتی یارسان و ئێزیدیان "جیلوە، مەسحەفا ڕەش، سەرەنجام" سەرچاوەی گرنگن. وەگێڕی کتێبی جیلوە، وەگێڕی هەمووشتزانە و خودایە، ئماژە بە خۆی و ئاکارەکان و سنووری پیرۆزییەکان دەدات، بەڵام مەسحەفا ڕەش بە گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێش دەستپێدەکات: ((هەوەڵجار خوا مرواریيەکی گەورەی سپی لە ڕاز و پەنهانی زاتی خۆی دروستکرد. دواتر باڵندەیەکی دروستکرد ناوی ئەنفەر "Anfer" بووو مرواییە گەورەکەی خستە سەر پشتی باڵندەکە

و ماوەی چل هەزار ساڵ لەسەری نیشتەوە. خودا لە یەکەم ڕۆژی یەکشەممەدا فریشتەیەکی بە ناوی عیزرائیل دروستکرد، ئەو فریشتەیە ناوێکی دیکەشی هەیە ئەویش تاوس مەلیکە"-Taus Malek" و سەرداری هەموو فریشتەکانی دیکەیە. دووەم ڕۆژ خوا فریشتە دەردایل "dardail"ی دروستکرد، کە شێخ حەسەنە...)){کەرمەلی: ٢٠٠٦، ٨٩}


ئەگەر بمانەوێت وەک نەخشەی ناساندنی کارەکەمان، بناغەیەک بۆ ئەدەبیاتی گێڕانەوە دابنێن، ئەوا دەکرێت تەماشای کاری هەندێک لە نووسەران بکەین. سەبارەت بە دیاریکردنی ژانرە بنەڕەتییەکانی ئەدەبیات، کە لە دابەشکاری پێشین دا بە شیعری لیریکی و نمایشی و داستانی و فێرکاری دانراون. ئەمانە بە پێوەری ئەریستۆتالیس تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە و، نمونەی ڕەسەنی ئەمانە، لای هەندێک لە نوسەراندا دەردەکەون، وەک داستان لای هۆمیرۆس. ژانرەکان لە ڕوانگەی ئەوەوە خاڵی هاوشێوەیان هەیە، بەڵام سنووری جیاکەرەوەی دیاریکراویان وەهای کردووە، ناو و مۆدێلیان جیا بێت.

لە تێڕوانینی تیۆری ئەدەبی پێشین دا ژانرەکان پابەندی یاسا و ڕێسای ئەو قۆناغە مێژوووییە بوون، یاساکان زۆر بە هیواشی و بە گۆڕینی، ڕەنگە سەدەیەک بگۆڕانایە، بەڵام لەسەردەمی نۆێدا بارەکە گۆڕا، بە تایبەت ڕۆمانسییەکان، کە چوارچێوەی سیستمی کلاسیکیان شکاند، ژانرەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هات. ئەو بە ئازادی دەربڕینە بووە هۆی ئەوەی هەندێک ژانر، جێ بۆ هەندێکی تر چۆڵبکەن، وەک ئەوەی قەسیدەی کلاسیک و پۆیەمای پیاهەڵدان سست بوون، لە بری ئەوانە بالاد و ژانرەکانی لیرۆئیپیکی کەوتنە برەو. پیتەر هاڵبێرگ لە بارەی سنووری ژانرەکانەوە پێی وایە کە شیعری لیریکی و ئیپیکی و نمایشی بەشێوەیەکی تەواو سەربەخۆ و ڕوون نین، بەڵکو هەر یەکەیان لەگەڵ دووانەکەی تردا تێکەڵی یەک دەبن. ژانری تر دێنە ئاراوە، بۆ نموونە لیریک لەگەڵ داستان دا(ئیپیک) لیرۆئیپیکی درووست دەکەن، کە ئەوەش بە شێوەی (چیرۆکەشیعر کە بالادی پێدەوترێت) و فابێڵ خۆی دەنوێنێت. بەشەکانی بەرهەمی ئیپیکیش دابەش دەکات بۆ(شیعر، ڕاپۆرت، پەخشان). بە هەمووشیان (ڕاز، پۆیەمای داستانی، ڕاپۆرتی خەیاڵی و واقیعی، چیرۆکی کورت، چیرۆکی درێژ، ڕۆمان) دەگرنەوە. {هاڵبێرگ: ٢٠١٠، ٤٣-٥٥}


جگە لەو دابەشکاریانە، جەمال میرسادقی لە جیاکردنەوەی ئەدەبیاتی خەیاڵئامێزدا نەخشەیەکی داناوە، کە دابەشکردنی ئەدەبیاتە بۆ سێ پاژی سەرەکی: ١.ئەدەبیاتی نمایشی، کە پێکدێت لە نمایشنامە و فیلم نامە، ٢.ئەدەبیاتی گێڕانەوەناسی، کە پێک دێت لە هەردوو بەشی گێڕانەوەی داستانی شیعری و ئەدەبیاتی چیرۆکی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەگەری. ٣.شیعری ناگێڕانەوەیی، کە غەزەل و قەسیدە و مەسنەوی و چەندین فۆڕمی تر دەگرێتەوە.

لە بارەی ئەدەبیاتی چیرۆکییەوە دەڵێت: بە مانای گشتی بە هەر گێڕانەوەیەک دەوترێت کە تایبەتمەندی ساختەیی و دروستکراوی و داهێنانەکەی بەسەر ڕووی واقیعی و مێژوویدا زاڵ بێت. لەم ڕووەوە دەبێت هەموو جۆرە داهێنراوەکانی بەرهەمی ئەدەبی بگرێتەوە. هەم پەخشان و هەم

داستان و شیعریش، بەڵام لە یاسای ڕەخنەی ئەمرۆ دا، بە بەرهەمی داهێنراوی پەخشانی دەوترێت؛ ئەدەبیاتی چیرۆکی. ئەدەبیاتی چیرۆکیش بەشێکە لە ئەدەبیاتی خەیاڵئامێز و جیاوازی سەرەکیان ئەوەیە کە ئەدەبیاتی چیرۆکی تەنها جۆرەکانی بەرهەمی چیرۆکی گێڕانەوەیی پەخشانی دەگریتەوە، جا دەشێت ئەم بەرهەمە، تایبەتمەندی و شکۆی بەرزی ئەدەبی خەیاڵی هەبێت یان نەبێت. بەو واتایەی میرسادیقی ئەدەبیاتی چیرۆکی تایبەت دەکات بە خودی چیرۆک کە بەشەکانی چیرۆک، ڕۆمانس، ڕۆمان، چیرۆکی کورت و بابەتە پەیوەست و هاوشێوەکانی لەخۆدەگرێت و ژانرەکانی یۆنانی کۆن: بەرهەمی داستانی، ویژدانی، نمایشی و فێرکاری ناگرێتەوە. ئەگەرچی هەر یەک لەوانە بەشێکی گەورەی گێڕانەوەن.{میرصادیقی: ١٣٩٢، ٢١}




**نەخشەی ئەدەبیاتی چیرۆکی**



دابەشکاری بۆ ئەدەبیاتی گێڕانەوە بە تایبەت ڕەخنەی نوێی گێڕانەوەناسی، کۆی باسەکانی تەرخان دەکات بۆ باسە پەخشانییەکان. کاری ڕەخنەگرانیش هەر بەو شێوەیە بوو، وەک چۆن جەمال میرسادقی ئاماژەی بەوە دا، بەڵام لێرەدا شتێک جێی هەڵوێستە کردنە، ئەوەیە کە هەر یەک لە نووسەرانی گێڕانەوەناسی، لە باسی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گێڕانەوەدا، ئاماژە بە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی یۆنانی کۆن دەدەن و، ڕاکانی ئەفلاتوون و ئەریستۆتالیس و هۆراس شیدەکەنەوە. یان بۆ پاڵپشتی باسەکانی خۆیان لێی دەدوێن، یان بۆ ڕەخنەکردنی و خستەڕووی مۆدێلی نوێی کارکردن. لە هەردوو بارەکە دا، ئەوان و ئێمەش ئەو ڕاستییە دەزانین، کە باسەکانی یۆنانی کۆن لە بارەی شیعرەوەیە، بەڵام هەر هێنانەوەی ڕاکانیان لە باسی گێڕانەگەری دا، واتە ڕەوایەتی دانە بە خودی گێڕانەوە. جا فۆڕمەکە شیعر یان پەخشان بێت، هیچی وا لە باسە بنەڕەتییەکە کە بەهای گێڕانەوەیە ناگۆڕێت. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە کتێبەکەی ماریتین مکویلان لە بارەی گێڕانەوەناسییەوە، لە شیکردنەوەی کلاسیکەوە، کە ڕاکانی ئەفلاتوون لە کۆمار دا و پۆیەتیکای ئەریستۆتالیس و هونەری شیعری هۆراسە، دەستپێدەکات تا دەگاتە بونیادگەراییەکان و پاش بونیادگەراییەکان و بونیادشکێنی و..بەمەش خاڵی دەستپێکی گێڕانەوەناسی، بەرهەمی یۆنانی کۆنە، کە لە بارەی شیعرەوەیە نەک پەخشان. {مکوئیلان:١٣٨٨}

لە بواری فیلمنامەنووسین و بایەخی ڕەگەزەکانی چیرۆک، دیسانەوە باسە تیۆرییەکان لە بارەی چیرۆک و کەسێتی و پلۆت و ڕووداو و کۆتاییەکەیەوە، ڕاکانی ئەریستۆتالیس جێی بایەخە: ((ئەریستۆتالیس لە یەکەمین ناساندنی دا بۆ ژانرەکان، نمایشەکانی پۆلێنکرد لەسەر بنەمای بەهای کۆتاییەکەیان، لە بەراورد بە بونیادی چیرۆکییان. بە بڕوای ئەو هەر چیرۆکێک دەیتوانی لە کۆتایی دا یان بارێکی ئەرێنی هەبێت، یا بارێکی نەرێنی، لە هەمان کاتدا ئەم دوو جۆرە چیرۆکە، بونیادێکی سادە، یان بونیادێکی ئاڵۆزیان هەبوو.)) {مک کی: ١٣٨٧، ٥٥}

"ڕێنیە وێلک" و "ئۆستین وارن" {ولک و وارن: ١٣٨٢، ٢٦١} لە "کتێبی تیۆری ئەدەبی" دا لە بارەی ژانرەکانەوە باس لە دابەشکارییەکانی ئەریستۆتالیس و هۆراس بۆ ژانری دەقە کلاسیکییەکان دەکەن، کە لەسەر بنەمای ڕای ئەوانە ئێمە حەماسە و تراژیدی بە ژانری سەرەکی دەدانێین. هەر لە دیدی ئەوانیشەوەیە جیاکاریی لە نێوان شانۆ، داستان و شیعری لیریکی دادەکەین. ئەوان پێیان وایە کە زۆرێک لە تیۆرە ئەدەبییەکانی ئەمڕۆ، دەیانەوێت جیاکاری نێوان شیعر و پەخشان لاببەن و ئەدەبیاتی ئەندیشەیی دابەش بکەن بۆ ئەفسانە: "ڕۆمان و چیرۆک و داستان"، نمایش: "شیعر یان پەخشان"، شیعر: "بە پشتبەستن بەوەی کە هاوتای شیعری لیریکی کۆنە". ئەو جیاکارییەی ئەفلاتوون و ئەریستۆتالیس بۆ لاسایی یان دووبارەخستەنەوەڕووی ئەم سێ ژانرە سەرەکییەیان کردووە، بریتییە لەوەی شیعری لیریکی دەربڕینی خودە. شاعیر لە شیعری

حەماسی دا لە پێگەی ڕاویدا بە زمانی خۆی قسە دەکات، هەندێک جاریش کارەکتەرەکان وا لێدەکات، کە ڕاستەوخۆ بدوێین. لە نمایش دا شاعیر لە پشت پەردەوە خۆی دەشارێتەوە.

ئەم دابەشکارییە بە جۆری تر و لە چەندین گۆشەنیگای ترەوە تەماشاکراوە، دیارترینیان ئیمیەل شتایگەری ڕەخنەگری ئەڵمانییە. لە ڕوانگەی زمانەوانی و فەلسەفییەوە تەماشای جیاکاری ئەم سێ بەشە سەرەکییە دەکات. پێی وایە هەر بەهەمێکی ئەدەبی داهێنراوی هەر سێ ڕووەوەکەن، ئەگەرچی دەشێت ڕوویەکیان بەسەر دوو ڕووەکەی تردا زاڵ بێت. پێی وایە ڕووی لیریکی و حەماسی و نمایشی لە برگە و وشە و ڕستە دەچن. لیریک وەک برگە قاڵبێکی دەربڕینە، کە هیچ مانایەکی نییە، هیچ مەبەستێک نایەنەتەدی. ڕووی حەماسی وەک وشە شتێک دەناسێنێت. ڕووی نمایشی وەک ڕستە لەگەڵ پەیوەندی نێوان بەرکار و کار، یان کارەکتەرە و ڕووداو سەروکاری هەیە. پێشی وایە هەر سێکیان بەرجەستەکەری سێ قۆناغی ژیانی مرۆڤن. ڕووی لیریکی کە پەیوەندی بە بابەتە هەستییەکانەوە هەیە، قاڵبی منداڵییە. ڕووی حەماسی، پەیوەندی بە بابەتی خستنەڕووەوە هەیە کە هاوتای لاوێتییە. ڕووی نمایشی کە پەیوەندی بە بابەتی واتاییەوە {مەفهومییەوە} هەیە، ڕووی کامڵی و پێگەشتنە. {دوبرو: ١٣٨٩، ١٤٢}

دەیڤد دیچیز لە بارەی ڕاکانی ئەریستۆتالیسوە بۆ هەر یەک لە ژانرەکان، جەخت لەسەر شیکردنەوەکەی ئەریستۆتالیس دەکات بۆ حەماسە و پێی وایە، قسەکانی ئەو لەمڕۆدا بەهای خۆی هەیە، چونکە لە نێو ژانرە ئەدەبییەکانی جیهانی کۆن دا، حەماسە نزیکترین ژانرە لە ڕۆمانەوە ((چیرۆکی پەخشانی لەسەردەمی ئەریستۆدا نەناسراو بوو، لەمڕووە ئەو شیعرانەی، وەک هۆکارێکی بنەڕەتی چیرۆکخوانی خستەڕوو. بەڵام سەرنجی سەرەکی ئەو بۆ چییەتی و بونیادی چیرۆکەکەیە و، لەم بارەیەوە بابەتی زۆر باس دەکات. کە پەیوەست دەبێتەوە بە ڕەخنەی ڕۆمانی سەردەمەوە.)) {دیچز: ١٣٧٩، ٨٤}. زۆرێک لە نوسەران؛ جیهانی پێشینی ئەدەبیات، بە جیهانی شیعری حەماسە و پاڵەوانێتی دادەنێین. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش توانای لەبن نەهاتوو و خووخدەی مرۆڤ بێت بۆ گێڕانەوە، بۆ نیشاندانی ئازایەتییەکانی خۆی و، لەیادنەچوونی پاڵەوانە ڕزگارەکەرەکانیان. مرۆڤ لە دێرزەمانەوە سەرقاڵی هۆنینەوەی ئەم حیکایەتانەیە. لە کتێبی گەشەی دەبیاتدا، نوسەران بە وردی لە بارەی ئەم سەردەمانەوە دواون، لە بارەی سەردەمی پاڵەوانییەوە باسیان لە ڕەچەڵەکنامەکەی هزیۆد کردووە بۆ سەرگوزەشتەی مرۆڤایەتی. ئەگەرچی ڕەچەڵەکنامەکەی {نەسەبنامە} هزیود تایبەتە بە ڕەچەڵەکی خودایان، بەڵام لەبەر ئەوەی خوداکانیش دروستکراوی خەیاڵی مرۆڤن، بۆیە بابەتەکە پەیوەستی مرۆڤە و، دواجار کەسانی وەک هۆمیرۆس و هزیۆد داهێنەر یان سەرلەنوێ گێڕانەوەی داستانە پاڵەوانێتییەکانن.

بە گێڕانەوەی هزیۆد؛ سەرگوزەشتەی مرۆڤایەتی بۆ پێنج قۆناغ دابەش دەبێت و نوێنەری هەر قۆناغەش نەژادێکی جیاواز بووە. قۆناغی یەکەم تایبەت بوو بە نەژادی زێڕین، کە هەموو جۆرە شادی و کەیفسازییەکیان هەبوو و خەم و ناخۆشییان نەدەناسی، کە دەمردن وەک ئەوە بوو،

خەون بیانڕفێنێ و وەک ڕەوانی پاک لە زەوی دەردەچوون. پاش ئەوان نەژادی زیوین دەرکەوتن، کە لە نەژادی پێشوو لە خوارتر بوو. لە قۆناغی دواتر دا نەژادی برنجە پەیدابوون، کە هەموو ئامێر و چەکەکانیان لە برنجە دروست ببوو، چونکە هێشا ئاسن بوونی نەبوو. نەژادی برنجین نەژادێکی دڕندە و چاوقایم بوون، هەموو ژیانی خۆیان بۆ شەڕوشۆڕ تەرخان کردبوو. ئەمانە بە دەستی یەک کوژران و، ناویان لە جیهاندا سڕایەوە. قۆناغی دواتر و کۆتایی لە خراپە و نابودی، بە هاتنی نەژادی ئاسنین دەرکەوت، بەڵام شاعیر (هزیود) بەر لە گەشتنی ئەوان لە بارەی نەژادێکی ترەوە دەدویت کە باشتر و دادوەرترن لە دوایەمین نەوە، "ئەوانیش نەژادی ڕەبونەوعن لە پاڵەوانان، کە نیمچەخوداوەند ناودەبرێن و لە ڕۆژگاری کۆنەوە، لەسەر زەوی بڵاوبوونەتەوە. ئەمانیش بەهۆی جەنگ و شەڕەوە لە ناوچوون، هەندێکیان لە تای حەوت دەروازەدا، سەرزەمینی کادمۆس، لە جەنگ بۆ لەشکری کوڕی ئۆدیپۆس، ئەوانەی تر لە تەروادە کە لەبەر هێلێنی پرچ زێڕین، بە کەشتییەکانیانەوە بۆ جەنگی خۆیان دا لە دەریای بێکەنار. لە ڕاستیدا زۆرێک لەوان لەوێ بەرەو ئامێزی مەرگ هەڵاتبوون، هەندێکی تریشیان زیۆسی باوک، کوڕی کورنس، ژیانی پێبەخشین و ئەوانی لە مرۆڤەکان جوداکردەوە و لە چوار گۆشەی زەوی دا داینان. لە جیهانی تیتانییەکان و یۆنانییەکاندا کەمترین باس لە سەردەمەکانی تر، ماوەتەوە و ئەوەی هەیە سەردەمی پاڵەوانێتییە، کە کۆنترێن قۆناغە لە یادەوەریدا مابێتەوە. ئەم قۆناغە بابەتی کۆنترین ئەدەبیاتە کە گەیشۆتە ئێمە و دواتر، کە بوو بە ئەدەبیاتی جدی، کۆی ناوەڕۆکەکەی لەمە وەرگیرابوو. بەم شێوەیە ئەدەبیاتی نمایشی ئەسینا لە سەدەی پێنجەم دا، هەموو بابەتەکانی خۆیی لێرەوە وەرگرتبوو، نەک هەر ئەمە، بەڵکو دواتر لە وڵاتانی سکەندنیاڤیا داستانە پاڵەوانییە شیعرییەکان سودی لێ وەرگیرا و تەنانەت لە داستانە پەخشانییەکانیشدا.{چادویک: ١٣٧٦، ١٧}

پاش نیشاندانی هەر یەک لەو دیدگا و شێوازی ڕوانینانە، بەڕای ئێمە گێڕانەوەناسی دەشێت لە هەر یەک ژانرە ئەدەبییەکانی ناو ئەدەبی کوردیدا دیاریبکرێت. ژانرە پەخشانییەکانی وەک: ((شانۆگەری، فیلمنامە، وتار، حیکایەت، خوتبە، چیرۆک بە هەموو جۆرەکانییەوە، مێژوو، ژیاننامە بە خودگێڕانەوەوە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، ئەدەبی نامە، سەفەرنامە، مەناقیب)) ئەدەبیاتی شیعریش: "داستان، غەزەل، قەسیدە، لیریک، داستانە شیعر، ڕۆمانەشیعر، شیعری واڵا".

لە ئەدەبیاتی نوێدا کۆمەڵێک دەقی نووسراو هەن، بە شێوە تەقلیدییەکەی ناچنە ژێر هیچ یەکێک لەو ژانرە ئەدەبییانەی بۆ شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆنامە دانراون، وەک: هەندێک دەقی: ئێمبرتۆ ئیکۆ، بیکێت، سەلیم بەرەکات، محەمەد بنیس، وهێنری میشۆ؛ ئەمەش ڕەخنەگرانی ئەدەبی وا لێکردووە بە دوای ئاریشەدارییی دەقدا بچن و، بۆ هەر یەک لەو نووسراوە نوێیانە جگە لە "دەق" زاراوەی دیکەشی بۆ دابنێن. لەلای رۆلان بارت و جاک دریدا "نووسین" یان "نووسینی دەقێتی" بەکارهاتووەو مەبەست لەو دەقانەیە، کە نە بە تەواوی شیعرن و نە چیرۆک، بەڵکو نووسینێکی نوێیەو سەربەستە لەوەی، لە کام ژانر بۆ دەربڕینی هزرو و فەنتازیاو ڕوانین کەڵک وەردەگرێت.

و دەشێت لە ئەدەبی نوێدا "دەق"ێک نەچێتە ژێر ناولێنانی هیچ یەکێک لەو چوار ژانرە ئەدەبییە "شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆنامە" و تەنانەت ژانری "پەخشانە شیعر"یشەوە، بەڵکو "دەق"ێک بێ وەک ژانرێکی ئەدەبی، سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆی بەوە جیابکاتەوە کە تۆڕێک بێت لە پەیوەندییەکانی نێوان توخمە جیاجیاکانی چەند ژانرێکی ئەدەبی و، پێکهاتی جومگەکانی لە جەستەی دەقێتیدا ڕێک بخات.{ئەسوەد:٢٠١٨}.

## پارچەی حەوتەم: گێڕانەوەناسی و دیدگا

پێشتر لە بارەی سنوورەکانی گێڕانەوە و تێکەڵبوونی زانستی گێڕانەوەوە، لەگەڵ زانستەکانی تردا دواین، لێرەدا ئاماژە بە چەند لقێکی زانستی دەدەین، کە کاری هاوبەشیان لەگەڵ گێڕانەوە، دیدگای نوێی هێناوەتە ئاراوە:

- **فەلسەفە و گێڕانەوە:**

سنووری نێوان ئەدەب و فەلسەفە، سنوورێکی ڕەهاو چەسپاوی شورابەند نییە، بەڵکو سنوورێکی تیوار و جیوەییە. ڕێبوار سیوەیلی لە پێشەکی کتێبی "لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا" {بێرلین:٢٠٢١} لەم بارەیەوە دواوە و پێی وایە: زۆرێک لە فەیلەسوفان بە زمانێکی ئەدەبی پڕ هێما و دیالۆگ لە بارەی کەمکردنەوەی نرخی ئەدەبیات و شیعرەوە دەدوێن، بۆ نموونە ئەفلاتوون و هیگڵ ئەو دوو فەیلەسوفەن لەوەدا یەک دەگرنەوە، هەوڵیان بۆ لەناوبردن و سڕینەوە و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەدەبی داوە. ئەفلاتوون پێی وایە، دەبوو فەلسەفە شوێن بە ئەدەب چۆڵ بکات و هیگڵیش ڕای وایە: دەبوو فەلسەفە بتوانێت جێگەی ئەدەب بگرێتەوە و ڕیشەکێشی بکات. لێرەدا بە خۆبواردن لەو دیدەی کە ئەفلاتوون بایەخ بە هەقیقەت و مەعریفە دەدات؛ نەک جوانی و ئێستاتیکا و ڕەخنەکانی لەسەر ئەو بنەمایەیە، پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا ئەفلاتوون بە چ زمانێک دەدوێت و بەرهەمەکانی دەنووسێت؟ بە ڕوانین لەبەرهەمەکانی، بەر هێما و سیمبوڵ و دەستەواژە و ئارایشتکرن و دیمەنسازی دەکەوین، کە هەموویان سەر بە بونیادی ئەدەبین. دەتوانین پەی بەوە ببەین، ئەفلاتوون وەک فەیلەسوفێک بە زمانی ئەدەب و، لە ناوی فەزای زمانی ئەدەبییەوە، دژی ئەدەب و شیعر قسە دەکات.

لیکۆڵەران؛ بەهۆی باڵادەستی لە چنینی زمانی ئەدەبی دا، ئەفلاتوون هەم وەک فەیلەسوف، هەم وەک هونەرمەند دەناسێنن: ((نامەکانی ئەفلاتوون لە ڕووی ئەدەبییەوە زۆر بایەخدارن، ئەفلاتوون لەم بەرهەمانەیدا، سەرەڕای خستنەڕووی هەندێک لە باشترین فەلسەفەکانی، کە تائیستا خراونتەڕوو. توانیویەتی بە پەخشانێکی جوان بیانووسێت و زۆرێک لە لێکۆڵەرانی زمان، ئەمانە بە بەشێک لە جوانترین پەخشانی ئەدەبی یۆنان دادەنێن. ڕەنگە کاریگەرترینیان و باشترینیان بۆ سەرەتای خوێندنەوە، ئەو نامانە بێت کە ڕاستەوخۆ باسی مەرگ و دادگایی سوکرات دەکات. واتە

نامەکانی: کریتۆن، ئاپۆلۆژی و فایدۆن. ئاپۆلۆژی ئەو وتانەی سوکرات دەگێڕێتەوە، کە لە بەرگری خۆیدا، لە دەمی دادگاییکردنیدا وتونی، بڕوای ئەو بووە بۆ سەلماندنی حەقانییەت لە ژیانیدا. ئەفلاتوون دەبێت هەم بە فەیلەسوف، هەم بەهونەرمەند لە قەڵەم بدریت.){مگی: ١٣٨٨، ٢٦}.

وێڕای ئەمانەش لە باسی تیۆری ئەدەبی و پەیوەست کردنەوەی بە فەلسەفەوە، ناتوانین ڕۆڵی ئەو فەیلەسوفانەی لە سنووری نێوان ئەدەب و فەلسەفەدان، بە کەم بگرین. کە نموونەیان (سارتەر، کامۆ، باشلار..)ە. هاوکات ناشێت دەقی فەیلەسوفانێکیش، کە خەسڵەتی نەگۆڕی هەیە و ناکرێت بخرێتە خانەی ئەدەبەوە، وەک ئەدەب تەماشا بکەین، بۆ نموونە دەقەکانی (کانت، برتراند ڕاسڵ و فرێگە و پوتنام)، بەڵام ئەوەی کاری کردەیە لەم نێوانەدا، دەتوانرێت دەقە فەلسەفییەکان وەک دەقی ئەدەبی بخوێنرێنەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە گرنگی بە پێکهاتەی دەقیان بدرێت، بە ڕێژەی بەکارهێنانی خوازە و ڕەمز و هیما و چۆنییەتی کارکردنیان لەگەڵ زماندا.{بێرلێن: ٢٠٢١، ١٣}

لە باسکردنی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و گێڕانەوە دا، بەر دوو باس دەکەوین. یەکێکیان قابیلی پێشبینی زیاترە، ئەویش بایەخ بە گرنگی فەلسەفە لە گێڕانەوەی ئەدەبی و تیۆری گێڕانەوە دەدات. ئەوی تریان کە کەمتر چاوەڕوانی لێدەکرێت، ڕۆڵی گێڕانەوەیە وەک بونیادنەری فەلسەفە. بە درێژایی مێژوو بەر پەیوەندی گێڕانەوە و فەلسەفە دەکەوین و، بەردەوام وەک پەیوەندییەکی لێکنەترازاو، دێتە پێش چاو. ئەم پەیوەندییە لە ڕۆڵی گێڕانەوە لە گوتاری فەلسەفییەوە، تا ڕۆڵی گێڕانەوە لە مێژووی فەلسەفە و پێگەی توێژینەوەی فەلسەفی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەگرێتەوە. فەیلەسوفان بە بەکارهێنانی فۆرمە ئەدەبییەکان، هزر و بۆچوونەکانی خۆیانیان خستۆتەڕوو. پارچە فەلسەفییەکەی ئاناکسیماندەری فەیلەسوفی ڕۆژئاوا، کە بە دێرینترین پارچەی تۆمارکراوی فەلسەفی دادەنرێت، لە بارەی فەلەکناسییەوە گێڕانەوەیەک دەخاتە ڕوو: ((.. ئەو سەرچاوەی کە شتە هەبووەکان، بونیان لەوەوەیە، ئەوەیە کە ئەوان لە دەمی تیاچوونیاندا لەسەر بنەمای پێوستی بۆی دەگەڕێنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان دادپەروەردی لەدەست دەدەن و تاوانی نادادپەروەری بەرامبەر بەیەک، بە هاوتای فەرمانی زەمان دەبینن..)) پارمەنیدس، یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە بیرە فەلسەفییەکانی و بەشێکی بنەڕەتی بەڵگە فەلسەفی و بە تایبەت جەدەلییەکانی بە شیعر دەخاتە ڕوو، بە هەمان وەزنی شیعری حەماسی یۆنانی، ئەو شیعر و بەیان و ڕاستی بە جۆرێک لە ئیلهامی خودایی دەزانێت. پاش ئەمان بازنەی فراوانی گێڕانەوە و فەلسەفە لە گێڕانەوەکانی ئەفلاتووندا دەگاتە لوتکە. بەو جۆرەی کە ((سوکرات هەرگیز بابەتیکی فەلسەفی بێ پێشەکی هەڵنابژێرێت و ناڵێت: باشە وەرن ئەمڕۆ لە بارەی فڵانە بابەتەوە بدوێین، بەڵکو بابەتەکە هەمیشە لە ناخی بارودۆخێکەوە دەخرێتە ڕوو، تەنانەت هەندێک جار بارودۆخیکی چیرۆکییە کە بابەتی گفتوگۆکە دەخوازێت)){هایلند:١٣٩٥، ٢٧} بۆ نموونە لە دیالۆگی خوان(سەمپۆزیەم) دا، گێڕانەوەکە لە کەشێکی چیرۆکئامێزانەدا، بەڕێوەدەچێت کە زمانی شیعریی بەسەر زمانی فەلسەفی دا زاڵە:

((ئێستاش لەبیرمە، کە دەتەوێت چیت بۆ بگێڕمەوە، پێریّ لە ماڵی خۆمانەوە. لە فالرۆمەوە دەهاتم و بەرەو شار دەچووم و ناسیاوێکم بینیمی و بەتەوسەوە هاواری لێکردم: ئەپۆلۆدێرس لەسەرم

بوەستە با پێت بگەمەوە. منیش وەستام تا گەیشتە لام، وتی: ئەی ئەپۆلۆدێرس من بۆ تۆ دەگەڕام بۆم باسکە بزانم لەسەر خوانەکەی ئەجاسۆن چی ڕوویدا. لە نێوان سوکرات و ئەلقبیادس و ئەوانیتردا چی قەوما، دەربارەی خۆشەویستی چییان وت؟ پیاوێک لە فینیکسی کوڕی فیلیپی بیستبووڤ، هەندێکی بۆ گێڕامەوە، بەڵام هەمووی نەدەزانی و پێی وتم: کە تۆ باشترین کەسیت بتوانیت بیگێڕیتەوە، تۆ لەوێ بوویت؟...)) {ئەفلاتوون: ١٣٩٩، ٢٦}.
ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە زۆربەی دیالۆگەکاندا شوێن و کات دیارن. دیالۆگەکان بەهۆی ڕووداوێکەوە دێنە ئاراوە، دواتر دەبێتە قسەکردن لەسەر چەمکێکی ئەخلاقی یان سیاسی یا فەلسەفی و کۆمەڵایەتی. لە دیالۆگی (ئیوتیفرۆ) دا((کە شێوازی چینین دیالۆگەکە زۆر تۆکمە و دراماتیکیانەیە)) {ئەفلاتوون: ٢٠٠٤، ٧} سوکرات لە ئەگۆرا یان ناوبازاڕی شاری ئەسینایە و بەرەو دادگا دەڕوات. چەند کەسێک تاوانباریان کردووە، بەوەی بڕوای بە خواکانی کۆنی یۆنان نییە و بیری لاوانیش گەندەڵ دەکات. لەبەردەم دادگادا ئیوتیفرۆ دەبینێت، کە ئەویش دژی باوکی لەسەر ئەوەی کۆیلەیەکی خۆی کوشتووە دەچێتە دادگا. سوکرات و ئیوتیفرۆ لەسەر چەمکی بەزەیی دەکەونە گفتوگۆ{کەمال: ٢٠١٠، ٦٢} جگە لەمانە زنجیرەیەک، لە دیالۆگەکانی دا پێکەوە، تۆمەتبارکردن و دادگاییکردن و داکۆکیکردن لە بارەی ژیانی سوکراتەوە، بە هەموویان چیرۆکی ژیانی ئەومان بۆ دەگێڕنەوە هەر لە تۆمەتبارکردنییەوە تا دواجار ژەهرخواردکردنی.

ئەریستۆتالیس کاتێک لە بارەی شیعرەوە، بە تایبەت شیعری گێڕانەوەیی شانۆوە دەدوێت، ئەم جۆرە بە فەلسەفی تر دەزانێت. نیشانی دەدات، سەرەتای پەیدابوونی گێڕانەوە و فەلسەفە بە شێوەیەکی شیکاری هاوکات بوون. بەو جۆرە پۆیەتیکا فەلسەفەیەک لە گێڕانەوە دەخاتە ڕوو، کە خودی گێڕانەوەی ئەدەبی لە بنەڕەتدا بە فەلسەفی دەبینێت. ئەمە بووە هۆیەک تا سەرەتای مێژووی ئەدەب، بە مێژووی فەلسەفەوە ببەسرێتەوە، بە تایبەت تێڕوانینی تیۆری و ڕەخنەیی لە بارەی ئەدەبیاتییەوە، کە ئەفلاتوون و ئەریستۆتالیس و دواتر هۆراس بە سەرامەدیان دادەنرێت. دواتر بەهاوکاری تێڕوانینی ئەریستۆتالیسییەکان بۆ شیعر بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەتوانرێت بە پێگەی فەلسەفەوە ڕووە فەلسەفییەکانی گێڕانەوە لە دەقی ئەدەبی یۆنان و ڕۆم تا دەرکەوتنی ڕۆمانی دۆنکیشۆت و بەرهەمەکانی تۆڵستۆی، ستاندال، دستۆیڤسکی، پرۆست، جۆیس، فاکنەر و ناباکۆف، هەڵبسەنگێنریت، کە هەر یەکەیان سەر بە سەردەمی خۆیانیان، لە یۆنانی کۆنەوە، تا سەردەمی کلاسیک و مۆدێرن و پاش مۆدێرنە.{راغیب:١٣٩١، ١٦٧}

- **کۆمەڵناسی و گێڕانەوە:**

لە سێ جەمسەری گرنگی ئەدەبیات دا: نوسەر، دەق، خوێنەر، لە تەماشاکردنی ڕەهەندەکانی خوێنەر و نوسەر چ وەک تاک و چ وەک بیری کۆمەڵ، بە تایبەت لە بەرهەمی فۆلکلۆری دا، بەر حەقیقەتێک دەکەوین، کە دەق لە هەناوی کۆمەڵەوە دروست دەبێت و، پەیامێک بۆ کەسانێک کە دیسانەوە لە کۆمەڵدان دەنێرێت. لەو نێوەندەش دا، پەیامەکە کە گێڕانەوەیە، لە کاریگەری دوو ڕەهەندەکە بێبەش نییە، کە کاریگەری قوڵی کۆمەڵە. لێرەوە بە وردبوونەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان نوسەر و خوێنەر و پشکی کۆمەڵگا لە بەرهەمی ئەدەبیدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە سەری هەڵدا. لوسیەن گۆڵدمەن لە بارەی کۆمەڵناسی ئەدەبیاتەوە پێی وایە: ((ئەوەی کۆمەڵناسی ئەدەبیات بە مانای فراوان و، لە هەموو فۆڕمە ئەدەبییەکانی ترو فۆڕمە ڕەخنەییەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەم تێزەیە کە لە داهێنانی هونەریی دا، تاک بەتەنیایی مەبەست نییە، بەڵکو بەرهەم بەیانی جۆرێک وشیاری کۆییە، کە هونەرمەند زیاتر و باشتر لە زۆربەی خەڵک دەینووسێتەوە)) {ئەدرنۆ: ٢٠٠٩، ٥٩}

تەماشاکردنی ئەدەبیات لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بە دوو جۆر خۆی دەنوێنێت. جۆرێکیان لە ڕوانگەی ڕۆڵی ئەدەبیات لە کۆمەڵگە و بە سەرنجدان لە توێژە جۆراوجۆرکانی کۆمەڵگادا، لە ئەدەبیات دەڕوانێت. لە هەندێک لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دا، تەنانەت لە هەندێک لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە فەرهەنگی بەرفراوانیان هەیە، ئەدەبیات لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاوێتە بووە و ناتوانرێت بە لێبڕاوی بوترێت کە جەوهەرێکی سەربەخۆی لە مەراسیمی دینی یان گرووپی هەیە. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا چەمکی کۆمەڵباوەڕی زاڵە و تاک لە خزمەتی کۆمەڵ دایە. لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ئەدەبیات هۆکارێکە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردانە، بۆ نموونە: سروودی خێڵەکان و شیننامەی یۆنانی دێرین و پرسەی مەسیح لە سەدە ناوەڕاستەکاندا. بە پێچەوانەشەوە لە دنیای چینی ناوەند دا، ئەدەبیات چالاکییەکی زۆر جودایە لە کۆی چالاکییە کولتوورییەکان، کارکردی جۆراوجۆری هەیە. بۆ نموونە: دەکرێت ئەدەبیات ببێتە پەنایەک بۆ دەرخستنی بیرورا ئایدۆلۆژییەکان، یان ئامانجی فێرکاری، یان هەر شتێکی تری لەو جۆرەی هەبێت. لەم نێواندەدا جۆرج لۆکاش و هیگڵ، دوو نوسەری بەرچاون کە کاریگەری دیاریان لەسەر ئەم ڕەوتە هەیە. هیگڵ بڕوای وایە مرۆڤ بە گوێرەی گەشەی عەقڵ و هۆشیاری خۆی لە هەر قۆناغێکدا بە گوێرەی پێوستی ئەو قۆناغە گۆڕانکاری لە دەق دا کردووە. بەو مانایەی ئێمە دەتوانین لە ڕێی ئەدەبەوە (گێڕانەوەوە) گەشەی کۆمەڵگا بزانین.

جۆری دووەم کە کەمتر بۆتە جێی سەرنج، توێژینەوەیە لە قاڵب و فۆڕمی ئەدەبی. داستان، شیعری لیریکی، شانۆنامە و ڕۆمان، هەر یەکەیان بە جۆرێکی تایبەت بەستراونەتەوە، بە چارەنووسی کۆمەڵایەتی تایبەتەوە، بەڵام لە ناو ئەدەبیاتیشدا گێڕانەوە و پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە، جێی مشتومڕی زیاترە، بنەڕەتی کۆمەڵناسی گێڕانەوە، لەو بڕوایەدایە کە چیرۆک، بەشی ژێرخانی

ئەزموونی تاکەکەسی و کۆمەڵی مرۆڤەکان بونیاد دەنێت. کۆمەڵناسان لەو ڕوانگەوە کار لەسەر گێڕانەوە دەکەن، کە بگەنە درکێکی درووست لە ئەزموون و نمونەی بنەڕەتی پیکهێنەری ئەزموون و، ڕاڤەی مرۆڤ بۆ دنیای کۆمەڵایەتی. بونیادە گێڕانەوەییەکان لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و پەیکەربەندی کولتووریدا هەن و، لەوێوە سەرچاوە دەگرن. {راغیب:١٣٩١، ٣٦}

کۆمەڵناسی گێڕانەوە کار لەسەر دەقی گێڕانەوە دەکات، بە وردبوونەوە لە کارەکتەر لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی، باری دەروونی، باری کەسێتی، کاریگەری چواردەور و ژینگە لەسەری. دواجار لێکۆڵینەوە لەسەر گۆڕانەکانی کەسێتی وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگادا، بە کاریگەری ڕووداو و شوێن و کات. بۆ نموونە تەماشاکردنی کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆمانی "شار" دا{عارف: ٢٠١١} بەهۆی کارەکتەری سابیر و گۆڕانی ژینگەی لە گوندەوە بۆ شار. یان خود تەماشاکردنی جەمشیدخانی مامم، بەهۆی گۆڕانی ئەو کارەکتەرەوە، گۆڕانی مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نیشاندەدات. هاوکات، گۆڕانی کۆمەڵگای کوردی، لە ماوەی سی ساڵی پێشوودا، زۆر ورد بە شێوەی ڕەخنەی تەوساوی نمایش دەکات و، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە کار لەسەر گێڕانەوەکە دەکات.

- **جێندەر و گێڕانەوە:**

جێندەر چەمکێکە سەرجەمی ئەو توێژینەوانە لە خۆدەگرێت، کە لە بارەی کاروبار و کێشەی ژنان دەکۆڵێتەوە، لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی: سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری، بایۆلۆژی، نۆژداری، ئاینی، فێرکاری، یاسایی، ئەدەب و ڕاگەیاندن و هتد. کارکردنی جێندەر بۆ نیشاندانی تێڕوانینێکە کە پێی وایە: جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان نێر و مێدا، بریتییە لە جیاوازییەکی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی و کولتووری، نەک جیاوازییەکی سروشتی و بایۆلۆژی. بۆیە ئەو جیاوازییانەی لە نێوان نێر و مێدا دەکرێن، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بایۆلۆژی و ئەندامەکانی زاوزێ، ئەمەش هیچ بنەمایەکی نییە و بەزۆر سەپێنراوە.{ئەسوەد:٢٠١١، ١٦٠}

بەو مانایایەی ڕەگەز؛ پەیوەندی بەوەوە نییە، کە ژن و پیاو لە ڕاستیدا چۆنن، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە لە کولتوور و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دا چۆن تەماشا دەکرێن. واتا تەماشاکردنی ژن و پیاو، وەک پیکهاتەی جەستەیی و پەسنکردنی بایۆلۆجیان، دانەپاڵی ژنبوون یان پیاوبوونە. بەڵام کاتێک سیفەتگەلێک دەدەینە پاڵیان و دەڵێین ژن لە زاتی خۆیاندا: ترسنوک، ڕەزاسووک، وابەستە، هەستیار، یان دەستەپاچەن، لە ڕاستیدا ئەوە ڕۆڵمان داوەتە پاڵیان. تێڕوانینی وەها، کە هیچ پەیوەندی بە جیاوازی بایۆلۆجییەوە نییە، بەرامبەر بە کۆمەڵێک تێڕوانینی تر دەوەستێت، کە هاوتای ژنانە، کولتوورین و پیاو دەبنە ئاستێکی تر، کە وشەکە دەبێتە هاوواتای: پیاوەتی، دەسەڵات، ئاوەز، متمانەبەخۆیی و ئارامگری. کە لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی بە پیاوانی ڕاستەقینەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو ئامانجانەوە هەیە، کە دەدرێتە پاڵیان.{تێنز: ٢٠١٥، ١٧}

هەر بۆیە بەهۆی ئەم جیاوازی تێڕوانینەوە، جێندەر ڕۆڵێکی گرنگی لە تیۆری فیمینیزمی و بابەتی بەرگریکاری ڕەگەزی ژن دا هەیە، کە دواجار وەک لقێکی ڕەخنەی ئەدەبی بە ناوی ڕەخنەی فیمینیستی جێی خۆی دەگرێت.

ڕەخنەی فیمینیزمی یەکێکە لەو لقانەی ڕەخنەی ئەدەبی، کە لە شیکاری دەقەکاندا وێڕای خودی دەق، پشت بە باسەکانی دەرەوەی دەقیش دەبەستێت و خۆی لە ناو چوارچێوەی دەقدا قەتیس ناکات. ئەم ڕەخنەیە بە دیدێکی ترەوە و لە پێناوی نیشاندانی جیاوازیکردن لەنێوان ڕەگەزەکاندا کار لە ناو دەقی ئەدەبیدا دەکات. ئەم ڕەخنەگرانە لایان وایە، دەقە ئەدەبییەکانیش، بە تایبەت ئەوانەی لە لایەن پیاوانەوە نووسراون، وەک هەر بابەتێکی تری ئەم جیهانە لە درووستکردنی جیاکاری ڕەگەزی و پێشێلکردنی مافی ژندا پشکیان هەیە. ئەم شێوازە لە ڕەخنەی ئەدەبی، جگە لەوەی لەناو دەقی پیاواندا، بە دوای وێنەی دروستکراوی ژندا دەگەڕێت، لە تەکیشیدا کار لە ناو ئەو دەقانەدا دەکات، کە نووسەرەکانیان ژنن و بەهۆی شیکاریی دەقەکانەوە، دەیەوێت پێگەی ژن لە ناو ئەدەبدا تۆختر بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەم جۆرە ڕەخنەیە بە دوای دەرخستنی شێوە و بیچمی ئەو ئەدەبەوەیە، کە بە دیدی تر و لە ناواخنێکی ترەوە دێتە بوون و هەڵگری ئەدگاری جیهانی مێینەیە!

یەکێک لە پێشەنگەکانی ڕەخنەی فێمینیستی ڤێرجینیا وۆڵف بوو{وولف:١٣٨٥، ٦٩}، بە تایبەت ئەو دەمەی لە باسێکیدا بە ناوی "ژن و ئەدەبی چیرۆک" دا ئاماژە بەو هۆکارگەلە دەکات، کە بۆچی ئەدەبی ژن پشتگوێ خراوە. لەم باسەدا وۆڵف دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی نووسینی ژنان و ئاماژە بە چەند ژنەنووسەرێکی دیار دەدات، کە لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا قەڵەم بە بڕشت بوون، کەچی لەناو بازنە ئەدەبی و ئەکادیمیەکاندا، بەهەند وەرنەگیراون و هەندێک لە نوسەرانی تری فیمینیستی نمونەی کتێبەکەی ئیان وات، دێنێنەوە کە بە ئاستەم ئاماژە بە جین ئۆستین دەدات.

ڕەخنەی فیمینیستی لەناو ئەدەبیاتدا بە دوای ڕەگی قوڵ و دێرینی پیاوسالاریدا دەگەڕێت. بەدرێژایی مێژوو زۆربەی نووسەران پیاو بوون هەر بۆیە پاڵەوان، شاکەس و کارەکتەری تیشکلەسەر پیاو بوون و ڕۆڵێکی پەراوێزیش بە ژن دراوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە نموونە جیهانییەکانی وەک: ئۆدیب، ئودیسیوس، هاملێت، تۆم جۆنز، هۆک فین و چەندانی تر بکەین. ئامانجی ڕەخنەی فێمینیستی ئەوەیە، کە مادەم ژن ڕەگەزێکی دیار و نیوەی کۆمەڵە، بۆیە دەبێت لە ئەدەبیاتیشدا پڕڕەنگ بکرێتەوە و، مافی خۆی وەک کارەکتەری دیار و وەک پاڵەوان پێبدرێت.{کەسنەزانی، C٢٠١٢}. ئەدەبیاتی نوسراوی ژنان بەشێوەی بەربڵاو، یان شیعری ئیرۆتیکی و باسە جەستەییەکان و مافی ژنانە، یاخود ڕۆمان و چیرۆکە، کە کەناڵی نیشاندانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و جیندەری و ئازاری ژنانە. و فێرجینیا وۆڵف پێی وایە لە سەردەمی دێرینەوە تا ئێستا، گێڕانەوە ئاسانترین شێوەی نووسینە بۆ ژنان. ئەو لە باسەکەیدا ئاماژە بە سەردەمە جیاوازەکانی دەرکەوتنی دەنگی ژنان و بێدەنگبوونیان وەک نوسەر دەدات، کە شەش

سەد ساڵ بەر لە زاینی لە درووگەیەکی یۆنان دا ساڤۆ و گروپێک لە ژنان شیعریان دەهۆنییەوە. دواتر لە ژاپۆن "موراساکی" ڕۆمانێکی درێژ دەنووسێت. ئیدی لە سەدەی هەژدە و سەرەتای نۆزدە بە دواوە دەنگی ژنان وەک نوسەر دێنە ئاراوە. لە بارەی هەڵبژاردەی ژانری چیرۆک لە لایەن ژنانی نوسەرەوە، پێی وایە ڕۆمان لەناو شێوە هونەرییەکانی تردا، کەمترین ئاستی سەرنجکۆیی {تەمەرکوز} دەوێت، ڕۆمان ئاسانتر لە شانۆنامە یان شیعر دەتوانرێت بنووسرێت یان دەستی لێهەڵبگیرێت. جۆرج ئەلیۆت بەردەوام بۆ پەرستیاریکردنی لە باوکی دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێت، شارلوت برۆنتە قەڵەمەکەی دادەنا تا پەتاتە پاک بکات، هەموو ئەمانە، ژنی وەک نوسە و بونەوەرێکی ئەرککێش وا لێدەکرد دەست بۆ گێڕانەوە ببەن نەک شیعر. {ولف، ١٣٨٥، ٢١}. لەم ڕوانگەوە ((گێڕانەوەناسی فیمینیستی بەشێوەیەکی پێڕەودار، چیرۆک و گوتار بە سەرنجدان لە جیاوازییە جێندەرییەکان دەخاتەر بەر لێکۆڵینەوە. سەبارەت بە بابەتکاری لێکۆڵینەوە، گێڕانەوەناسی فیمینیستی لەسەر یەکێک لەمانە سەرنجی چڕ دەکاتەوە: ڕەگەزی نووسەرەکان، وەرگری گریمانەکراوی نوسەر، خوێنەرانی ڕاستەقینە، کارەکتەر، وەگێڕ و بیسەر)). {راغیب:١٣٩١، ٩٣}

لە لایەکی ترەوە ڕەخنەی فیمینستی؛ دەقی گێڕانەوە دەکات بە ناوەندی کارەکانی، بۆ نیشاندانی نابەرامبەری و خراپ بەکارهێنانی ژنان و وێناکردنیان بە دیدی پیاوانە. لێکۆڵەرە فیمینیزمەکان، ڕۆمان و چیرۆک و فیلمی بەرهەمهاتووی عەقڵی پیاوان دەخەنە بەرباس، کە بە ڕێژەیەکی زۆر نابەرامبەری ژن و پیاو تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەدەبیاتی پیاوان وەک کۆمەڵگای پیاوسالاری؛ ژن بە ڕەگەزی دووەم دەزانێت، وێنەی ژن لە گێڕانەوەکاندا لە ڕاستیدا هەمان کلێشە ناسراوە کولتوورییەکانە. وێنەی ئەم کلێشانە نواندنەوەی ژنە هاوشێوەی ڕیکلامە بازرگانییەکان کە ژنی هەستورژێن و مەیلبزوێن دەکەنە سەنتەر. لە ڕۆمانەکان و فیلمەکاندا ژن یا بەرجەستەکەری مەیل و هەستە سێکیسەکانە یان دژە ئەخلاق و مەترسیدارە. یان وەک مەکربازێکی هەمیشە ناڕازی دەبینرێت. ئەگەر بە بارە ئەرینییەکەشدا بێت، ئەوە وەک بونەوەرێکی ئاسمانیی و بانمرۆیی و فریشتەیەکی فیداکار و لەخۆبوردوو وێنادەکرێت، کە دیسانەوە وێنەی ڕاستەقیەی ئەو بونەوەرە نییە، کە ناوی ژنە و بونێکی هەقیقی هەیە.{تێنز:٢٠١٥، ١٦٩}.

- **ئایین و گێڕانەوە:**

پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەبیات، ڕیشەیەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتە کۆنەکان. سەردەمانێک کە شاعیر، کاهین، ڕابەری خێڵ و نەتەوەکان، دەکرا یەک کەس بن، یاخود ئەگەر ڕابەر نەبوونایە، ئەوا هاوتا ئەرکی زمانڕەوانی، شاعیری و پێگەی ئایینی بەو کەسە دەسپێرا. لە شارستانییەتی یۆناندا ئەدەبیات لە خزمەتی دین دایە و چیرۆکەکانی هۆمیرۆس سەرگوزەشتەی خوداکانن. سەبارەت بە ئایینە ئیبراهیمی و یەکتاپەرستییەکانیش، ئەوە هەر یەک

له کتێبه پیرۆزەکان چ ئاسمانی و چ زەمینی، بە زمانێکی ئەدەبی باڵای پڕوێنە و گێڕانەوە بونیاد نراون، بەو جۆرەی پەیام و ئەدەب وەک دووانەیەکی ئاوێتەی لێکجیانەکراوە، جەوهەری کتێبە ئایینییەکان پێکدێنن. زۆرێک لە پیاوە ئایینیەکانی یەهودییەت و مەسیحی نەک هەر دان بە ئەدەبییەتی دەقی ئاییندا دەنێن، بەڵکو کار دەکەن بۆ بە ئەدەبیکردنی زمانی دینی، نموونەشیان قەشە ئاگۆستینە. پەیڕەوکەرانی ئایینەکان، ئەدەبیات دەکەن بە سەنتەری تێڕوانیینە ئایینییەکانیان، نەک وەک پەیامی ئایینی، بەڵکو بە جیهانبینی و جوانیناسی نوێی خۆیانەوە. ڕەنگە "کۆمیدیای یەزدانی"ی دانتێ ئەلیگۆری و "بەهەشتی ونبوو"ی جۆن ملتۆن، نمونەی بەرجەستەیان بێت.

لەم ڕوانگەوە و بە سەرنجدان لە مێژووی ئەو پەیوەندییە دوورودرێژەی ئەدەبیات و ئایین، لە هەموویشی گرنگتر پشتبەستن گێڕانەوە لە کتێبە ئایینی و ئاسمانییەکاندا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پشتبەستوو بەو توێژینەوانەی کە دەیان ویست پەیوەندی ئایین و گێڕانەوە دەربخەن، لقێک لە گێڕانەوەناسی بە ناوی خوداناسی{تیۆلۆجی} و گێڕانەوەوە دروست بوو. زاراوەی خوداناسی و گێڕانەوە ساڵی ١٩٧٣ لە لایەن هارڵد وێنریچی زمانەوان و یۆهان-ەوە بوویە جێی گرنگی. کاری ئەوان دووبارە گرنگی بەخشینەوە و سەلماندنی کاریگەری گێڕانەوە بوو لە خوداناسییدا، پێیان وابوو گرنگی خوداناسیانەی گێڕانەوە، کە ساڵانێکە ئینکاری دەکرێت، دەبێت نیشان بدرێتەوە. {راغب: ١٣٩١،٢٢٧}

بە سەرنجدان لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی لەبەردەستان، کە لە هەناوی ئایین و تێڕوانینی خوداناسییانەوە نووسراون، کارکردن لە ناو دەقی گێڕانەوەی دا، چ بە شێوەی ڕاڤە و بونیادشکێنی {پێکهاتەهەڵوەشێنی} چ لە ڕوانگەی هێرمنۆتیکا و جوانیناسییەوە، بەر کۆمەڵێک دەق دەکەوین، کە دەشێت لە ئاڕاستەیەکدا ڕووە خوداناسییەکەی زەق بکرێتەوە. لە لایەکی تریشەوە، تەنها بایەخ بە بونیادی گێڕانەوەی بدرێت. لە جیهانی ئیسلامیدا، جیاواز لە تەیار و باڵە جوداکان و ڕێباوەڕەکانی تری ناو ئیسلام؛ هێڵی گێڕانەوەی کەسانی سەر بە سۆفیزم، هێڵی پڕ ڕەنگی ناو ئەدەبیاتە.

سۆفییەکان بڕوایان بە خولقاندنی جوانییە، پێیان وایە زمان هەرچەندە بێ توانایە لە ئاست نیشاندانی ئەوەی لە ناخدا دەگوزەرێت، بە تایبەت لە کاتی شەتەحات دا، بەڵام هێشتاش ئەو کەناڵەیە کە دەتوانێت گەیەنەر بێت. مەولانا پێی وایە مرۆڤ لەژێر زماندا شاراوەتەوە "آدمی مخفی است در زیر زبان"، بۆیە لەسەر دەستی عاریفانی وەک: سەنایی غەزنەوی، عەتاری نیشابوری، مەولانای ڕومی و سەعیدی شیرازی دا، شیعری گێڕانەوەی خوداناسی دەگاتە ترۆپک. بە شێوەی پەخشانیش لە لای هوجەویری و عەبدوڵای ئەنساری و عەتاری نیشابوری، مۆری خۆی لێدەدات. لە لای عارفانی تری وەک: سوهرەوەردی، گێڕانەوە و زمانی پڕ لە ڕەمزی ئەدەبی، ئەو چوارچێوەیە کە بیرە گنوسیزمییەکانی تیا دەهۆنێتەوە، ئەو لە چیرۆکە سۆفییانەکانی دا، بە زمانی کوتبڕی ڕەمزئامێزی پوختەکراو، گەلێک بابەتی گرنگی نێو فەلسەفەی ئیشراقی و ڕوونبینی

باس دەکات. کە ئەمە وەک بەشێکی ترادشنی دنیای سۆفیزمە، بەر لەویش ئیبن سینا لە نامەی باڵندەدا بەو چەشنە گێڕانەیەوە فەلسەفەکەی خۆی خستبووە ڕوو.

گێڕانەوە لای ئەم عارفە گەورانە، کە خۆیان ئەندامی ناو دنیا گنوسیزمییەکەن، بۆ نیشاندانی ئادابەکان و ڕێگاکانی گەیشتنە. ئەوان ((هەرگیز حەکایەتێک کە ئامانجی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و سیاسی نەبووبێت، نەیان نووسیوە)). {ابرهیم: ١٣٧٠، ١٠١}. لە ئەدەبی کوردیشدا دا شاعیرانی سۆفی مەشرەبی وەک ئەحمەدی خانی و فەقێی تەیران بە گێڕانەوەی چیرۆکە سۆفیانەکانیان، دەبنە سەلمێنەری پەیوەندی لە مێژینەی خوداناسی و گێڕانەوە.

شاعیرانی سۆفی ڕەوتار {سۆفی مەشرەب} بەهۆی گێڕانەوەکانیانەوە، کۆمەڵێک چەمکی گرنگ باس دەکەن، لە لایەکەوە گێڕانەوەکان بۆ کەسانی ئاسایی گێڕانەوەی پەندئامێزن، لە لایەکی ترەوە بۆ وەرگری دەستەبژێر و موریدەکانیان، جەوهەری خوداناسی و بابەتە کەلامی و فەلسەفی و ئەویندارانەکان دەخەنە ڕوو. بۆ ئەوان گێڕانەوە سەرگەرمی نییە، حیکمەت و جوانی و دڵۆپێنراوی ئەزموونی چەند ساڵەی سۆفیبوونیانە، کە پێیان وایە زمانیان هێشتا دەرەقەتی ئەو هەموو جوانییە نەهاتووە بیخەنەڕوو، ((هەر لێرەوە ئەو ڕەنجە زۆرە هەست پێدەکەین، کە سۆفییەکان دەیدەن لە پێناوی دەربڕینی ئەو شتە پەنهانانەی کە دەرنابڕێن، لە پیناو دۆزینەوەی پەیوەندییەکی نوێ، لە نێوان وشە و وتەکاندا و بەکارهێنانی هەموو ئیحتمالاتی مۆسیقی و وتەیی وشەکان تا بتوانن خولیا ڕۆحییەکانیان دەرببڕن)) {میراودەلی:١٩٧٩، ٥٩}.

لیکۆڵەر و ڕاڤەکاری دەقی عیرفانی بۆ گەیشتن بە مەعریفە و حیکمەتی جەوهەریی، مامەڵەی لەگەڵ دەقەکەدا، دەبێت لەسەر دوو ئاست بێت، لە لایەکەوە دەقەکە لە بەرگی ڕووکار کە گێڕانەوەیە داماڵێت، لە ئاستی دووەمدا لە چوارچێوەیەکی فراوانی ڕاڤەیی دا، بکەوێتە کردنەوەی ڕەمز و کۆدەکان، چونکە وەک ئەدۆنیس {ادونس: ١٣٨٥، ٢٠١}.دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی کە سۆفی بە زمانێک دەدوێت، کە هەموو خەڵکی لێی تێدەگەن، بەڵام وەکو شاعیر ئەم زمانە بە شێوەیەکی جیاواز بەکاردەهێنن و لە پشتییەوە زمانەکە دەخەنە سەر کەڵکەڵەی وتنی شتی تر، ئەوان وشەکان لە فەزایەکی نوێتردا دەخەنە ڕوو، لەم ڕێگەیەشەوە جوانییەکی نوێ دەخولقێنن

## ▪زانست و گێڕانەوە:

زۆر جار باسی زانستە پەتییەکان پەیوەست بە ئەدەبیاتەوە لە بەراورد بە زانستە مرۆمایەتییەکاندا، هەست بە مەودایەک لە نێوان زانست و ئەدەبیات دا دەکرێت، بەڵام بە وردبوونەوە لە فرە ڕەهەندی گێڕانەوە و مەیلی مرۆڤایەتی بۆ بیستنی گێڕانەوە، دواجار لقوپۆپداری گێڕانەوەناسی، پەیی بە نزیکی زانست و گێڕانەوەش دەبەین. بە تایبەت کاتێک تەماشای گریمانە و گێڕانەوەکانی ئەنشتاین دەکەین، سەبارەت بە کات و ڕێژەیی تایبەت وەک بابەتی فیزیایی. ئەو گریمانەکە وەک چیرۆکێکی پێشخستنە چاو دەهێنێتەوە: دوو شوێنی

چوارچێوەییمان{چوارگۆشەیی} هەیە یەکێکیان جولاو و ئەوی دیکەیان نەجولاوە، جولاوەکە تەماشاکەرێکی تێدایە کە لەناو شەمەندەفەرێکدایە. تەماشاکەرە نەجولاوەکەش لەسەر پلاتفۆرمێک وەستاوە، شەمەندەفەرەکە تێپەڕ دەبێت بە لای نەجولاوەکەدا، لەو ساتەدا دوو تیشک بەیەک کات و خێرایی دەدەن لە شەمەندەفەرەکە. تیشکێکیان لە پێشەوە دەدات ئەوەی تر دواوە دەدات، ئەوەی سەر پلاتفۆرمەکە لە یەک کاتدا هەردوو ڕووداوەکە دەبینێت. ئەوەی ناو شەمەندەفەرەکە ئەوەی پێشەوە زووتر دەبینێت، لەبەرئەوەی شەمەندەفەرەکە بەرەو پێشەوە دەڕوات. ئەوەی سەر پلاتفۆرمەکە وا دەڕوانێت کە ئەوەی ناو شەمەندەفەرەکە ئەوەی پێشەوە زووتر دەبینێت، ئەوەی شەمەندەفەرەکە وادەڕوانێت ئەوەی سەر سەکۆکە تیشکەکەی پێشەوە زووتر دەبینێت، ئەنشتاین دەڵێت: پێشنیاری هەردووکیان ڕاستە، دوو تیشک بدەن لە شەمەندەفەرێک بەو شێوەیە هاوکاتبوونی ڕێژەیی پێدەوترێت.

گێڕانەوەناسان ڕایان وایە، ئەوەندەی گریمانەکانی وەک چیرۆک جێی سەرنج و ڕامان بوون بوون، ئەوندە زانستەکە تووشی ڕامانی نەکردوون، پاش ئەویش سودوەرگرتن لە چواندن و خواستن و خوازە وەک کەناڵێکی یارمەتیدەر بۆ تێگەشتن لە زانست هەمیشە لەلایەن زانایانەوە بەکاربراوە. هەر چەندە مەبەستی زانایان بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان بووە، بەڵام لە ڕوانگەی گێڕانەوەناسییەوە بەهای خۆی هەیە. وەک چۆن گریمانەی پشیلەکەی "شرودینگەر" لە بواری کوانتومی دا، هەم لە ڕووی هزری و فەلسەفییەوە، هەم لە ڕووی فیزیاییەوە بووەتە جێگای بایەخ. {راغیب:١٣٩١، ١٤٣} (٣) نەک هەر لە زانستە پەتییەکاندا، بەڵکو لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی دەروونناسی دا، بەهۆی چیرۆکی سەگەکەی پاڤلۆڤ و بابەتی وروژاندن و بەدەنگەوە هاتنەوە، خوێنەر پەی بە هەندێک چەمکی گرنگی دەروونی دەبات. دواجار ئەمە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی تریش ڕاستە، هەر لە بابەتی مێژووەوە بگرە تا دەگاتە فەلسەفە، وەک کتێبەکانی ئەفلاتوون کە زۆرینەیان گفتوگۆی سوکراتن، خاڵی نین لە چیرۆکخوانی، یاخود گریمانەکەی خۆی لە بارەی وێناکردنی کۆمارە نمونەییەکەیەوە. لێرەوە وەک چۆن دەکرێت پەیوەندی نێوان هەر یەک لە زانستەکانی وەک پزیشکی فیزیا و زیندەوەرناسی، لەگەڵ گێڕانەوەدا دیاری بکرێت، وەهاش دەکرێت پەیوەندی فەلسەفە و سینەما و دەروونزانی و گێڕانەوە دیاری بکرێت.

- **شوناس و گێڕانەوە**

شوناس، وەک چەمکێک کە وەڵامدەرەوەی پرسیاری چییەتی و کێیەتی و کوێنەیی تاکە، پەیوەندییەکی توندگرێدراوی بە زانستی گێڕانەوەناسییەوە هەیە. شوناس ((بریتییە لەو پانتاییەی کە پێناسەی تاکایەتی و بێنموونەیی و جەوهەری ئێمە، لە پەیوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتی و دۆخی دەروونی و کولتووری و مێژووییمانەوە دەکات و وەڵامدەرەوەی سێ پرسیارە: من چیم؟، من کێم؟، من سەر بەکوێم؟)){سیوەیلی: ١٥، شوناس، ٧٩} بەهۆی وەڵامدانەوەی هەر یەک لەو پرسیارانەوە شوناسی تاک یان کۆمەڵێک دەردەکەوێت، کە لە ڕاستیدا جەوهەر و کرۆکی ئەو تاک و کومەڵەیە و بەوەش خۆی لەوانی تر جیا دەکاتەوە. بەهۆی ناسینی ئەو توخمانەی دەبنە

دەرخەری شوناسی تاک یان نەتەوەیەک، دەتوانین لێکۆڵینەوە لە شوناسی نەتەوەیەک بکەین، کە ئەوانیش: "نەتەوە، مێژوو، ئایین، نیشتمان، زمان، هونەر و کولتوو، ئەدەب، بیری سیاسی"یە. هەر یەک لەمانە دەرخەری شوناس و جیاکەرەوەی شوناسی نەتەوەکانن لە یەکدی. هەوڵی لە مێژینەی مرۆڤیش هەمیشە، نیشاندانی شوناسی خۆی و پەرژینکردنی جەوهەری خۆی بووە بە هەر یەک لە ئایین و زمان و کولتوور و ئەدەب و هونەری تایبەت بە خۆی، بۆ نیشاندانی خۆی وەک هەبوویەکی جیاواز و سەقامگیر و بەرچاو.

ئەوەی لەم شوێنەدا پەیوەستە بە کاری ئێمەوە، پەیوەندی مێژوو و ئەدەبە بە شوناسەوە، لە ناو ئەدەبیش دا گێڕانەوە. لەو ڕوانگەوەی گەلێک خاڵی هاوبەش لە نێوان مێژوو و ئەدەبی گێڕانەوەدا هەیە، دەتوانین لە بارەی پەیوەندی هەردووکیان بە شوناسەوە، بوەستین. ئەوەی مێژوونووس دەیگێڕێتەوە، هەوڵی بێوچانییەتی بۆ نیشاندانی شوناس، بۆ نموونە هەوڵەکانی مێژوونووسانی ئێمە: شەرەفخانی بەدلیسی، مەستورەی ئەردەڵانی، ئەمین زەکی بەگ، کەمال مەزهەر. هەوڵی ڕژدن بۆ خستنەڕووی شوناسی کورد، ئەوەی کە چەندێک بێ لایەنانە یان لایەندارانە نووسراون ئەوە شتێکی ترە. لە پاڵ ئەمەدا ئێمە لە مێژوو و یادەوەری و سەفەرنامەکانی نەتەوەکانی تردا، بەر شوناسی خۆمان دەکەوین، کە زۆریان لایەنگیرانەن و نیشاندانی شوناسی ئێمە، لە چاوی ئەوانەی ترەوە کە خۆیان شوناسێکی تریان هەیە. ئەم شوناسەی کە ئەوان بۆیان ئێمەیان دروستکردووە هەندێک جار کێشەدار و ناڕاستەقینەیە یان بە واتایەکی تر بێ مەبەست نین. ڕەنگە بەرهەمەکانی "مێجەر سۆن، ئیدمۆنز، مستەر ڕیچ، فرێزەر، ئەولیا چەلەبی.." نیشاندەری ئەو بارە بن. ئەمەش پەیوەندی بە خودی ڕیوایەتکردن و گێڕانەوەوە هەیە، چونکە نووسینەوەی ڕووداوەکان، چ لە بەرهەمی ئەدەبی و چ لە بواری گێڕانەوەی مێژوو دا، گێڕانەوەی بێ مەبەست نین، بەڵکو گێڕانەوەن لە پەنجەرەی بینینێکی تایبەتەوە بۆ ژیان کە هەڵگری ڕەهەندێکی ئەخلاقیشە)). {سیوەیلی،a ٢٠٠٦، ٧٨}.ئەگەر تەماشایەکی سەدەکانی پێشوو بکەین، دەبینن ڕۆژئاواییەکان، زیاتر لە خۆمان شوێن شوناسی ئێمە کەوتن، بیگومان ئەمەش لە دڵسۆزی ئەوانەوە نییە بۆ نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، کە نەتەوەکانی فارسی و تورک و عەرەبی هاوسێش دەگرێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بە بارودۆخێکی سیاسی و داگیرکارانەوە هەبوو، باشترین دەستکەوتێک بۆ داگیرکاری بەرکەوتنە لەگەڵ شوناسی ئەوی چاوتێبڕاودا، ئەمەش لەو قۆناغەدا لە ئەدەب و کولتوور و زماندا خۆی دەبینییەوە ئەو دەمانە ((کەسانێک لە کراسی گەڕۆڵ و بازرگان و موژدەگاران دا، بەری دەکنە ئەو وڵاتانەی وا مرخیان لی خۆشکردوون، دوای ماوەیەکی ئەم مژارە دەکەوێتە بواری ئەکادیمییەوە و لە زانستگاکان دەبێتە بابەتێکی گرینگی توێژینەوەیی بە ناوی لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە خزمەتی خواست و ویستی دەسەڵاتی ڕۆژاوایی)) {ئەقدەم: ٢٠٢٠، ١٧}

یەکێک لەو نوسەرای کە گرنگی بە شوناس دا لە گێڕانەوەدا، پۆڵ ڕیکۆر بوو، ئەو بەهۆی کتێبە دیارەکەیەوە "کات و گێڕانەوە" کۆمەڵێک بابەتی گرنگی لە بارەی گێڕانەوەوە نووسی{ریکور: ١٣٩٧}. لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی پێشوو دا، ئەوەی خستەڕوو، ئاڵۆزی ژیانی مرۆڤ بەو هەموو گۆڕانەوەی کە بە تێپەڕینی کات بۆی دروست دەبێت، ئەگەر بخرێتە چوارچێوەیەکی گێڕانەوەییەوە، ئەوا زیاتر دەبێتە جێی تێگەیشتن. ئەو پێی وابوو ئێمە ژیاننامەی خۆمان و ئەوانی

تر بەو جۆرە تێدەگەین و کە لە چیرۆکیش تێدەگەین، واتە بە شوێنکەوتنی پلۆت و پاڵەوانێکی دیار تێیدا. کەواتە لە گێڕانەوەدا شوناسی کەسێک، شوناسی کەسێتییەکیشە. وەک چۆن ئەرستۆتالیس پێی وابوو کەسێتییەکان بەهۆی کردە و ئەزموونەکانییانەوە دروست دەبن {راغب: ١٣٩١، ٢١٦}. بە هۆی ڕێکخستن و چنین و داڕشتنی پلۆتی ڕووداوەکاتەوە، دەتوانین لە هەڵسوکەوت و شوناسی کەسێتی ناو گێڕانەوەکە تێبگەین، لە کاتێکدا لە دەرەوەی گێڕانەوە، ئەو کەسێتییە ئەگەر بەرچاویش بێت، بەو جۆرەی لە گێڕانەوەدا نیشاندەدرێت، قابیلی تێگەیشتن نییە.

ئەدەبی گێڕانەوە، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ دۆزینەوەی شوناسی تاک یان نەتەوەیەک. هەر یەک لە ژانرەکانی ناو گێڕانەوە بگریت، دەرخەری بەشێکی شوناسن، بۆ نموونە بەهۆی هەقایەتی کوردییەوە، شوناسی تاکی کورد پەیوەست بە کولتوور و بڕوا و ئایین و خورافەوە دەناسین، لە ڕێگەی داستانەکانەوە بە تایبەتیش داستانی مەم و زینەوە، شوناسی کورد، وەک نەتەوەیەکی بێکەس و پەردەوازە و پشتکردووە یەک دەبینین و لە چیرۆک و ڕۆمانیش دا بەشێکی تری شوناسی کورد، لە دەروونناسی و ڕۆشنبیری و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئامادەیی لە نێو جیهانی نوێدا هەست پێدەکەین. لە هەموو ئەمانە ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە، لە گێڕانەوەکاندا، یادەوەری و خودژیاننامەیە. کە لە لایەکەوە چمکێکی نووسینەوەی مێژووە، لە لایەکی ترەوە، نیشاندەری شوناسی کوردە، لە ماوەیەکی مێژوویی دا، ئەو کارەی بە تایبەت لە باشوری کوردستان دا لە پاش ڕاپەڕینەوە بە لێشاوێکی زۆر لە لایەن شۆڕشگێر و سیاسی و سەرکردەی حیزبەکانەوە نووسرا. لەوێدا لە گۆشەنیگای سیاسەتەوە، شوناسی کورد بە ڕیوایەتی ئەوان دەردەکەوێت، یەکەم دەرکەوتەشی بەهۆی پەرتبوون و پارچەپارچەبوونی کوردەوەیە، بەسەر گروپ و حیزبی جیاوازدا، کە پاش تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر بەسەر شۆڕش دا، ئەوان ئێستا ناشرینییەکانی یەک، بە زیادەڕەوەییەوە دەخەنەڕوو، گێڕانەوەکە دەکەنە سەکۆیەک، کەسی گێڕەرەوە دەبێتە هێزی یەزدانی و ئەوانی تر هێزی شەیتانی، هەر خودی ئەم نیشانە دەبێتە شوناسێک بۆ تاکی کورد وەک سیاسییەکی ناجێگری بێمتمانە بەرامبەر هاو زمان و هاو ناسنامە و هاونیشتمانییەکانەی کە پێکەوە شۆڕشیان کرد.

**پاری دووەم: ئێستاتیکا و ئێستاتیکای گێڕانەوە**

ئێستاتیکا لە زمانی کوردیدا بە هەردوو زاراوەی جوانیناسی و جوانناسی–ش دێت، زاراوەکە لە بنەڕەتدا وەک گەلێک زاراوەی تری نێو هونەر و ئەدەبیات، یۆنانییە و لە (Aesthetics) وەرگیراوە، کە هەستپێکردن و تێگەیشتن مانایەتی. لە ئێستادا بە مانای زانستێک دێت، کە لە بارەی هونەر و درککردنی جوانییەوە دەدوێت. لە بارەی مێژووی جوانیناسییەوە ئاسان نییە، دەست بخریتەسەر خاڵێک، چونکە بابەتی جوانی و هەستپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مرۆڤایەتی و درک و سەلیقە و زەوقی مرۆڤ، لە بەرکەوتن لەگەڵ سرووشت و کۆمەڵگا و بابەتە ئەفرێنراوەکانی دا. بێگومان ئەمەش بە شێوەی تێکەڵ و لە پەیوەندی لەگەڵ هەر یەک لە خواستەکانی تری مرۆڤدا بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە: پێویستی و خواستی ئایینی و خواستی سوودمەندانە. ڕەنگە دۆزینەوەی مێژووی مەیلی جوانیدۆستی و ئەم جوانییانەش وابەستەی شوێنەوارناسی بێت، کە بەردەوام پارچە و کەلوپەل دەدۆزرێتەوە و کە لە پاڵ گەیاندنی پەیام دا دەبێتە بەڵگە بۆ درکی مرۆڤی دێرین لەسەر جوانی، و مرۆڤی سەردەمی ئێستا سەرسام دەبێت، کە پێشینانی ئێمە هەزاران ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح کاردەستی وایان کردووە، کە وێڕای پێوستی، هەم کولتوور، هەم ئایین و شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی ئەوانە.

ئەم پاشمانەوانە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا، بەردەوام لە دۆزینەوەدان و لە لای شوێنەوارناسان، ئەم کەلوپەلانە وەک یەکەمین کتێبی مێژوو تەماشا دەکرێن، چونکە سەردەمی بەر لە نووسین و خودی ڕەمز و هێڵی سەر کەلوپەلەکان ڕێخۆشکەری نووسین بوون: ((گڵکارییەکانی {سەفاڵ} بەر لە مێژوو ئەوانەی کە درووستکردنیان لە ئاسیای ڕۆژئاوادا بەر لە ٤٠٠ پێش زایینییەوە دەستی پێکردبوو، بە یەکەمین کتێبی مرۆڤ دێتە ئەژمار، چونکە هێڵ و نیگاری ئەم کاسانە، ئەگەرچی ڕووی جوانییەکەی خاڵی سەرەکی بوو، بەڵام بۆ ئەوانەی دروستیان دەکردو ئەوانەشی بەکاریان دەهێنا زیاتر لە جوانکاری بەهای هەبوو، ئەم نیگارانە دەرخەری ترس و ئومێد بوون و کۆمەڵێک نیشانەی کۆمەک وەرگرتن بوون لە هێزی سرووشتی بۆ نەبەردی هەمیشەیی ترسناکی ژیان)).{ایهام پوپ:١٦،١٣٨٧} هەر یەک لەم بەرهەمانەی لەبەر دەستدان، دەکرا وەک پێوستی لە چوارچێوەیەکی سادەدا بەرهەم بهاتنایە، بەڵام مرۆڤی دێرینیش عەوداڵی جوانی و هێما بووە، درک و خواستی جوانیناسییانەی ئەو، هەمیشە وەهای کردووە، شتە ئاساییەکانیش ببنە دەرخەری جوانی. لەسەردەمێکدا، کە هێشتا هونەر و ئەدەبیات نەبوونەتە پاژێکی سەربەخۆ و لەگەڵ کۆمەڵگا و ئایین و پێویستی ڕۆژانەدا تێهەڵکێشن. جگە لە کەرەستە و شتومەک، مرۆڤ کاتێک زمانی بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خستەگەڕ، ئەو ئانەی زمانی وەک ترپە و ئیقاع هێنایە گۆ، دیسانەوە بەرهەمهێنەری جوانی بوو، خودی هۆنینەوەی شیعر و گێڕانەوەی حیکایەت و وێنەسازی کە زمانی ئاسایی نایکات، بەمانای مەیلی مرۆڤە بۆ درووستکردنی شتێکی باشتر و

جوانتر لەوەی کە هەیە، ئەمە چەندێک پەیوەندی بە جۆری ژیانکردنەوە هەیە، دوو ئەوەندە پەیوەستە بە چێژەوە.

لە بارەی ئەدەبیاتەوە، یەکێک لە دێرینتر دەقی دۆزراوە، داستانی پاڵەوانێتی گلگامیشە و بە تێپەڕینی پێنج هەزارە هێشتاش چێژی خۆیی بۆ خوێنەرانی سەردەمە جیاکان لە دەست نەداوە. ئەو داستانە دەکرێت بە سەرەتای جوانی ئەدەبی دابنرێت، ئەگەرچی زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لە بارەی سەرەتاکانی جوانییەوە دەدوێن باسی جوانیناسی لە ڕۆژئاوا دەکەن و سەرەتاکانیش دەبنەوە بۆ یۆنانی کۆن. {بۆ نموونە: ئیمبەرتۆ ئیکۆ لە هەردوو کتێبی مێژووی جوانی و مێژووی ناشرینی دا و تاتارکیڤیچ لە مێژووی جوانیناسیی دا} بەڵام جوانی گێڕانەوە لە داستانی گلگامیش دا هی فەرامۆشکردن نییە، ئەو جوانییە لە گێڕانەوەناسی و کەسێتیسازی و نامۆکاری و دووبارەکردنەوەی یەکە زمانییەکانەوە تا دەگاتە ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێشی هی لەسەر وەستانە.(٤)

مێژووناسان لە بارەی جوانییەوە، هەموو جوانیناسییەک پەیوەست بە شارستانییەتی یۆنان دەکەنەوە، سەرەتای درکی ئەوانیش بۆ جوانی، پەیوەست بوو بە هونەرە جیاوازەکانەوە و، تایبەت نەبوو بە خودی جوانییەوە. بۆ نموونە: جوانی لە سروودەکانی ستایش دا کە بۆ ئاپۆلۆ دەوترا، لە قاڵبی هەماهەنگی گەردوونیدا، لە شیعردا بە شێوەی ئەفسونێک، کە دەبێتە هۆی شادی ئەفراندن لە مرۆڤدا. لە پەیکەسازیدا بە گونجاندنی ڕەهەند و هاوتایی بەشەکان، لە هونەری ڕەوانبێژی دا بە شێوەی کێشی دروستی ئاواز بەیان دەکرا.{ایکو:١٣٩٢، ٢١} لە یۆنانی کۆندا باسکردنی جوانی بە بابەتێکی تایبەتەوە نەدەگیرسایەوە، چونکە خودی بابەتەکان سنوورەکانیان بەیەکداچووبوو. جوانی ئەو دەمە خۆی لە هونەر و ئەدەبیاتدا دەبینێتەوە، کە زۆرجار لە هەندێک لە پاژەکاندا ئاوێتەی یەکن، بە تایبەت سەما و شیعر و مۆسیقا، کە دواتر ناسرا بە کۆرسی {هاوبێژیی} سێینە. ((کاتێک یۆنانییەکان بۆ یەکەمین جار لە بارەی جوانییەوە بیریان کردەوە، فەرهەنگیان سەردەمی لاوێتی تێپەڕاندبوو، بەڵام مێژوویەکی درێژ و ئاڵۆزیان بەسەربردبوو، لە ٢٠٠٠ ساڵی بەر لە زاینیدا کولتوور و هونەر کە دوای پادشای بەناوبانگ مینوس، ناوبرا بە کولتووری مینوسی، لە جزیرەی کریت شکۆفەی کردبوو)) {تاتارکیویچ:١٣٩٦، ٣٧}. جوانی لە یۆنانی کۆندا لە هونەر و شیعر و موزیک دا دەبینرایەوە و لە هەر قۆناغێکدا چەمکی جوانی دەگۆڕا. لە سەرەتادا هونەرەکان لە یەکتری جیا نەبوون و پێکەوە پەیوەستبوون، ئەوان بە دوو هونەر دەستیان پێکرد، هونەری بەیانکەر یان دەربڕین (Expressive) کە ئاوێتەیەکی لە شیعر، مۆسیقا و سەما بوو، و هونەری بونیاد و پێکهاتە (Constructive) کە بیناسازی و، پەیکەرسازی و وێنەی دەگرتەوە. ئەوەی لە باسی ئێمەدا جێی هەڵوێستە لەسەرکردنە هونەری شیعرە.

ئەو دەمەی یۆنان لە بواری بیرکردنەوەی جوانیناسی دا یەکەمین هەنگاوی خۆی دەنا، بوویە خاوەنی شیعرگەلێکی مەزنن، ئەویش شیعری حەماسی بوو کە لە سەدەی حەوت و هەشتی بەر

لە زایینەوە داهاتبوو. نموونەی بەرچاو و بێ ڕکبەریش هەردوو داستانی ئیلیادە و ئۆدیسایە. هەر لەو دەمەوە ئەم شیعرانە بە شیعری بێ کەموکوڕی و نمونەی کەماڵ دانران و، هۆمەریش وەک نیمچە خودا، پیرۆزدەکرا و شیعرەکانی وەک موکاشەفە و سرووش لێ دەڕوانرا. ئەمەش نەک وەک هونەر، بەڵکو وەک باڵاترین جۆری حیکمەت تەماشا دەکرا. ئەم تێڕوانینە کاریگەری دیاری لەسەر یەکەمین بیرکردنەوەکانی یۆنانی دێرین، لە بارەی جوانی و شیعرەوە هەبوو. بەو مانایەی یەکەمین دیدگای جوانناسی یۆنانییەکان لە تایبەتمەندییەکانی شیعری هۆمەرەوە سەرچاوەی گرت، هەر چەندە شیعری هۆمەر پڕە لە ئەفسانە و خوداوەندان و پاڵەوانی مرۆیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری لەسەر چەسپاندنی دینی ئۆڵەمپیش هەبوو. لە شیعری هۆمەردا نەزم باڵادەست بوو، هەموو شتێک و ڕووداوێک بە شێوەیەکی عەقڵانی دەچووە پێش، خوداکان مۆجیزەگێڕ نەبوون و کرداریان زیاتر لەوەی لە هێز و توانا بانمرۆییەوە بێت، سروشتی و ئاسایی بوو. بەو شێوەیە ئەو دەمەی ئەوان لە بارەی جوانی و هونەرەوە بیریان دەکردەوە، خاوەنی ژانری جۆراوجۆری شیعر و ئەدەبیات بوون، لە پاڵ شیعری هۆمەریی دا، شیعری حەماسی هزیۆدیشیان هەبوو، کە لە بری ستایشی پاڵەوانانی چەکدار، بە بەهای کارو کۆشش دا هەڵیدەگوت. هەروەها غەزەلی ئەرخیلۆس و ئاناکرۆن و سافۆ و پینداریشیان هەبوو، کە لە شوێنی خۆیاندا هەر یەکەیان وەک حەماسەی هۆمەر بێ خەوش بوون.

خودی بێ خەوشی و کامڵی ئەم ژانرانە، نیشانەی ئەوەیە کە لە ئەدەبیاتێکی پێشینەوە هاتوون، و بەر لەوەی کامڵ بن، بە زاری خەڵکانەوە بوون. هەر لەبەرهەمی ئەمانیشەوەیە لە بارەی شیعر و جوانییەوە پرسیار دەوروژێنرێت، کە پرسیارەکان و وەڵامەکانیان لە بارەی جوانییەوە، دەبنە خاڵی ڕوونکەرەوە. بۆ نموونە پرسیارێکی وەک: مەبەست لە شیعر چییە؟ هۆمەر وەڵامی دەداتەوە، مەبەست لێی خۆشحاڵی و شادمانییە. پێی وایە خودا سروودەکانی داوە بەو تا ببێتە هۆی شادی مرۆڤەکان. لێرەوە پرسیار لە بارەی چێژ و ڕازیکردنی بینەر و بیسەر و پەیامداری شیعرەوە لە خودی شیعرەکانەوە دێتە بەرهەم.

ڕەوتی جوانیناسی لەگەڵ ڕەوتی مێژوو دا هەڵدەکشێت و لە سەردەستی فەیلەسوفە دێرینەکاندا لە بارەی هونەر و ئەدەبیاتەوە گەلێک تیۆر و باس دێنە ئاراوە. ئەوان لە بارەی شیعر و ئەدەبیاتەوە دادوەریان دەکرد. بۆ نموونە پەیکەرسازی پەیوەندی بە تێگەشتن لە ماتماتیک و، شیعر پەیوەندی بە درکی ئەخلاقییەوە بوو، ئەمەش سەرەتای تێڕوانینە، لە جوانی و مامەڵەکردنێکی هزرمەندانەی دەورانی کلاسیک و پاش کلاسیکە، کە لە بەرهەمی فیساگۆرسییەکان، هیراکلیتۆس، دیمۆکریتۆس، سۆفیستاییەکان، ئەفلاتوون، ئەریستۆتالیس، هۆراس، ئەپیکۆریۆس و گومانگەراکان و ڕەواقییەکان و فەیلەسوفانی دواتر دا بەرچاودەکەوێت.{تاتارکیویچ: ١٣٩٢}. یەکێک لە دێرینترین بیروڕاکان لە بارەی جوانییەوە، گفتوگۆ چیرۆکئامێزەکانی سوکراتە. ئەفلاتوون لە سێ گفتوگۆدا بابەتی جوانی لە زاری سوکراتەوە خستۆتەڕوو، ئەوانیش لە "هیپیاسی گەورە" و "خوان" و "فایدرۆس" دایە. لە یەکەمیاندا هەوڵ بۆ

ناساندنی جوانی دەدرێت، بەڵام چەمکەکە بە ڕوونی ناناسرێت، چونکە وەک زۆر چەمکی تر ئەفلاتوون پێی وایە، جێگای ناساندن نییە، بەڵکو جێگای تێگەیشتنە. لە گفتوگۆی "خوان" دا بە جۆرێکی تر لە بارەی جوانییەوە دەدوێت، کە جوانی مرۆڤی و جەستە و ئیرۆسە. لە فایدرۆس دا لە بارەی کاریگەری جوانییەوە دەدوێت.{هایلند:١٣٩٥،١٩} هەر یەک لەمانە ڕەهەند و خوێندنەوەی جیای خۆی هەیە، دابڕاو نییە لە تێڕوانینی فەلسەفی و ئاراستەکردنی لەناو چوارچێوەی خۆیدا.

کاری ئێمە لێرەدا پێداچوونەوە نییە بە کۆی مێژووی جوانیناسیدا، بەڵام لەو ڕوانگەوەی باسەکانی ئەفلاتوون و دواتریش وەڵامی ئەریستۆتالیس لە هونەری شیعر دا پەیوەستی کاری گێڕانەوەناسی و جوانیناسییە، بۆیە لە زۆر شوێندا ناچاری ئەم گەڕانەوەیەن، بەڵام لەسەر چەمکی جوانی لە هەریەک لە قۆناغەکان و لای فەیلەسوفانی دێرین دا ناوەستین، چونکە وێڕای زۆری بابەتەکە، خودی باسی فەیلەسوفانیش بە شێوەیەکی ڕوون و یەک پارچە لە بەدەستدا نییە، ئەوەی جێی سەرنجی بۆ کارەکەی ئێمە، ئەوەیە کە تیۆرییەکانیان لە بارەی جوانیناسییەوە ((لە دادەوەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، لەسەر جیاکردنەوەی جوان لە ناجوان و شیعر لە ناشیعر)){داد:١٣٨٥، ٣٤٨}

لە سەردەمی نوێدا حوکم دان و تێڕوانین لە جوانی، گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە، بە تایبەت کاتێک زاراوەی ئێستاتیکا بە مانای ئێستای لە ساڵی ١٧٥٠ دا لە لایەن ئەلێکساندەر باومگارتن-ەوە بەکارهات و زاراوەکە بۆ زانستێک چەسپا، کە وەک لقێک لە فەلسەفە، کار لەسەر ئاراستەکردنی جوانی دەکات:((لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا، ئەلێکساندەر بۆمگارتین واتایەکی نوێی بۆ ئەم وشە چەسپاند. ئەم زانستەی لە زانستی پەیوەست بە هەستەکانەوە، بۆ زانستی پەیوەست بە جوانی و هونەرەوە گوازستەوە و، بەو جۆرەش گرنگییەکی قوڵتری پێدا. بۆمگارتین لە تێڕوانینی سێینەی مرۆڤ بۆ جیهان دا: حەق، چاکە و جوانی. پێیوابوو بێبایەخی بەرامبەر بە جوانی کراوە و زانستی جوانیناسی بە کەمبایەخ تەماشاکراوە)) {مارکوزە: ١٣٩٤، ٢}

زاراوەی جوانیناسی لە پاش تەیکردنی ڕەوتی مێژوویی خۆی، دەچەسپێت بۆ زانستێک لە نێو فەلسەفەدا، کە کاری ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی مانا و چییەتی جوانییە. ئەمەش دەمانخاتە بەردەم جیاکارییەک لە نێوان جوان و جوانیناسی دا، چونکە لە سادەترین جیاکاریدا دەتوانین بڵێین: جوانی خەسڵەت و سیفەتی ئەو شتانەیە کە پێیان دەوترێت جوان، لە کاتێکدا جوانیناسی/ئێستاتیکا ئەو زانستەیە کە لە جوانی دەکۆڵێتەوە و ئیدراکی هەستەوەرانەی ئێمە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە {سیوەیلی:٢٠٢٠، ٣١٤}. لێرەوە دەتوانین لەسەر ئەوە بوەستین، کە زانستەکە زیاتر وابەستەی بیری فەلسەفییە، بەو مانایەی ((ئێستاتیکا زانستێکی فەلسەفییە، لە سەرەتا گشتییەکانی هەڵوێستی ئیستاتیکی ئادەمیزاد بەرامبەر واقیع دەکۆڵێتەوە و، هەروەکو فەلسەفە زانستێکی ئایدۆلۆژییە، هەوڵدەدات کە چارەسەری گیروگرفتی پەیوەندی هۆشمەندی ئیستاتیکی و هونەرەکان بە بوونی کۆمەڵایەتی، واتە ژیانی ئینسانییەوە بکات)) {میراودەلی:١٩٧٩، ١٣}.

پاش جێگیربوونی جوانیناسی وەک زانستێک، لە سەدەی نۆزدەوە ئیدی جوانیناسی ئەدەبیات بوویە جێگای گفتوگۆ و بنەمای خۆی دیاریکرد، ئەو جوانییە بە شێوە سەرەتاییەکەی لە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنان دا بە تایبەت لە تراژیدیادا قسەی لە بارەوە کراوە، بەڵام ئەدەبناسان و خودی شاعیران تێڕوانینی نوێیان بۆ جوانی ئەدەبی هێنایە ئاراوە. "تیۆفیل گوتیە" لە پێشەکی کتێبەکانیدا "ئالبێرتوس و مادموازێل دوموپێن"دا دروشمی هونەر بۆ هونەری ڕاگەیاند، هاوکات بۆدلێر و فلۆبێریش کاریان بۆ ڕزگارکردنی هونەر کرد، لە ئەمریکاش "ئەدگار ئالان پۆ" داکۆکی لە هەمان ڕوانگە دەکات، هەموو ئەمانەش لە پێناو تەماشاکردنی ئەدەبیات لە چوارچێوەی جوانیدا بوو، نەک لە خزمەتیک بە کۆمەڵگە و تێڕوانین لە چوارچێوەی ئەخلاقەوە.{سەجادی و محەمەد مەحمودی:٢٠٠٤، ١٦١}

بابەتی جوانی لای ڕۆمانتیکەکان و دواتریش بە زەقی لە بەرهەمی پەرناسەکاندا، بە زیادەڕەوییەکی زۆرەوە خرایەڕوو. بانگەشەی هونەر بۆ هونەر، لە پێناو دوورخستنەوەی ئەدەب و هونەر لە هەموو پێداویستی و داواکارییەک، بەخشینەوەی ئەرکی سەرەکی بە هونەر کە جوانییە، هەنگاوێکی گرنگی هزرییانە بوو، بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوە و پێداچوونەی جوانی و سەرهەڵدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ، لە بارەی: سوودی ئەدەب، سوودی جوانی، چییەتی هەر یەک لە مانە. پەرناسەکان باوەڕیان بەسەربەخۆیی هونەر هەبوو، لە کاتێکدا هونەر دەکرێت بەرهەمی بیرکردنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینش بێت، بەڵام ئەوان لە هەموو ئەمانەیان ڕاماڵی و لەبەرامبە هونەری سوودمەند و پەیامدار و ئامانجدار دا، زاراوەی هونەر لە پیناوی هونەریان هێنایە ئاراوە.

زۆرن ئەو نوسەرانەی لەم ڕەوتەدا بەشداربوون: ڤیکتۆر هۆگۆ، ڤیکتۆر کۆزان و تیوفیل گۆتییە، بەهۆی دەربڕینە ڕاشکاوەکانیانەوە، جوانی ئەدەبیاتیان وەک چەقی بە بایەخ دانا. ڤیکتۆر کۆزان دەڵێت: ((شەریعەت بۆ شەریعەت، ڕەوشت بۆ ڕەوشت، هونەر بۆ هونەر)){میراودەلی:١٩٧٩، ٢٧١} ئەگەرچی دیاریکردنی ئەرکی هەر یەک لەمانە، بە تێڕوانینی کۆزان کارێکی کردەیە، بەڵام ئەو کات جوانی لە هەر یەک لە کایەکانی تر دادەبڕێت، ئەمەش زیان بە دیدی جوانیناسییانە دەگەیەنێت، کە وابەستەی هەر یەک لە کایەکانی ترە. لە لایەکی ترەوە ڤیکتۆر هۆگۆ بەهۆی بڵاوکردنەوەی کتێبی شەرقییاتەوە، کە تێیدا بایەخێکی زۆری بە فۆڕم و کێش و سەروا دابوو، لە پێشەکییەکەیدا لە بارەی شیعر و ئەدەبەوە وەک خودی خۆیان دوا و نووسی: ((شاعیر هەمیشە هەقی ئەوەی هەیە، کە بەرهەمێکی بێهودە بڵاوبکاتەوە، کە شیعری پەتی بێت)){پیربال: ٢٠٠٤، ١٤٧} بەمەش شوێنکەوتوانێکی زۆری هونەر بۆ هونەر پەیدا بوون، کە بڕوایان بەوە هێنا، دەکرێت ئەدەب خودی خۆی جوان بێت، بەهۆی بونیاد و پێکهاتەیەوە، ئەمەش هەموو ئەو شتەیە کە ئەدەب هەیەتی. لەکاتێکدا بە درێژایی مێژوو لە لایەن ڕەخنەگرانەوە داواکاری زۆر سەیر و نابەجێ بە ئەدەب و هونەردا هەڵواسراوە.

گوتییە لە بارەی بە ئامرازکردنی ئەدەب و داماڵینی لە ئامانجەوە دەیوت: ((ئێمە باوەڕمان بەسەربەخۆیی هونەر هەیە، هونەر لای ئێمە ئامرازێک نییە، بەڵکو ئامانجە. هەر هونەرمەندێک لە گەیشتن بە جوانی بەولاوە، هیچ ئامانجێکی دیکەی هەبێت، بە هونەرمەند ناژمێررێت. هەرگیز ناتوانین ئایدیا و فۆرم لەیەک جیابکەینەوە، هەموو فۆرمێکی جوان ئایدیایەکی جوانە)){میراودەلی:١٩٧٩، ٢٧١} بیری جوانییناسیانە هونەر بۆ هونەر، لەبەرامبەر بێ سوودبوونی جوانی دا، بوویە دوو باڵی جودای لە ئەدەب و هونەر ڕوانین. یەکەمیان جوانی چەق و ناوەندە، لەو دیدەوەی هەر خودی ئەدەبیات هێندەی لە زمانی ئاسایی جیاوازە و پڕ لە خورپە و ڕیتم و وێنەکارییە، ئەفرێنەری جوانییە. بۆ نموونە وێناکردنی بارودۆخێکی ناشرینی نێو کۆمەڵگە، بەشێکە لە جوانی ئەدەبی گێڕانەوە، بەڵام لایەنگرانی ئەدەبی پابەندبوو و سوودمەند، جوانی بە شتێکی بێسوود دەزانن، ئەگەر بێت و ئەدەب و هونەر سوودمەند و هەڵگری پەیامێک نەبێت، ئەوا بوونی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ژان پۆل سارتەر لە بارەی جوانی ئەدەبیاتەوە دەڵێت:((لە بەرامبەر منداڵێکدا کە دەمرێت، ڕۆمانی هێڵنج هیچ بەهایەکی نییە))، ئەمە دەبێتە دروشمێک بۆ شوێنکەوتوانی ئەدەبی ئامانجدار، کە دەبێت ئەدەب خزمەتکاری کۆمەڵ بێت. هەمان دید بە ڕوانگەیەکی ترەوە خراوەتەڕوو، نوسەری فەڕەنسی هویسمانس دەڵێت: لەبەرامبەر بەرهەمێکی هونەریدا مەرگی منداڵێک چ بەهایەکی هەیە؟)) لێرەدا ڕووبەڕووبوونەوەی دوو بەرە دەبینین، کە بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیست لە گەنگەشەدا بوون.{گری یە:١٣٨٩، ١٥٢}(٥)

عەوداڵبوون بۆ جوانی لای ڕۆمانتیکەکان و دواتر پەڕناسەکان وەهای کرد قوتابخانەی جوانیناسی یان جوانیناسیگەرایی بێتە ئاراوە، کە پەیڕەوکەرانیان پێیان وابوو ئەدەب و هونەر، پێوست ناکات ناواخنی ئەخلاقی و پەندئامێزیان هەبێت. بۆیە گرنگیان بە هونەریبوونی ئەدەب و هونەر دەدا، پێیان وابوو ئامانجی هونەر دروستکردنی جوانییە، بۆ هەڵسەنگاندنی هونەر دەبێت ڕووبکرێتە پێوەرە جوانیناسییەکان. یەکەمین پەسنی جوانیناسیانەی ئەم قوتابخانەیەش، لە بەرهەمێکی کیتس دا ببینین کە دەیوت: جوانی حەقیقەتە، حەقیقەت جوانییە!، کرۆکی جوانیناسیگەرایی لە تیۆری جوانیناسی ئیمانۆیل کانتەوە وەرگیرا بوو کە بڕوای بە سەربەخۆیی و بێلایەنی هونەر هەبوو. {میرصادقی و میمنت میرصادقی:١٣٨٨، ١٨٢}

بێگومان جوانیناسی وەک بابەتێکی فەلسەفی کارەکەی قوڵتر و هزری تر دادەنێت، کە تەنها لە چوارچێوەی هونەری سووددار و هونەر بۆ هونەردا بێت. {سوانە:١٣٨٩، ٣٢} کاری جوانیناسی لە کۆدا هەوڵدەدات تێبگات لەوەی کاتێک کەسێک دەڵێت: ئەم شتە جوانە، مەبەستی چییە؟ لێرەدا جوانیناسی فەلسەفی وێڵی ئەوە نییە بزانێت چ شتێک جوانە، بەڵکو دەیەوێت تێبگات، بۆچی ئێمە شتێک بە جوان دەبینین، ئەو هەستەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جوانیدا بۆمان دروست دەبێت، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕیت، بەڵام لە هەموو بارێکدا هەستێکە کە تەنها جوانی دەتوانێت دروستی بکات.

((ڕەوشی هاتنەناوەی جوانیناسی بۆ ناو ئەدەبیات، لە بنەڕەتدا ڕەوشێکە پەیوەندی بە جوانی و شێوەی بەرهەمەوە هەیە، وەک لە بابەتی ناواخنی یان زەمینەیی وەک سیاسەت، جوانیناسی کە کاری لیکۆڵینەوە لە جوانیی و سرووتە لە ئەدەبیات و هونەرە جوانەکاندا، دوو ڕەوتی تیۆری دەگرێتەوە: توێژینەوەی فەلسەفیانەی بنەڕەتی جوانی و پێناسەکردنی. دووەمیش توێژینەوەی دەروونناسییانەی پەیپێبردن و ڕەگەکان و کاریگەری هۆشەکی جوانی.)) {مکاریک:١٣٨٨، ١٦٦}.لێرەوە ڕوانین لە ئەدەبیات لە دیدی ئێستاتیکاوە، دەبەسترێتەوە بە دیدی ئەدەبناسانەی سەردەمەکانەوە. لە هەندێک دەمدا جوانی ئەدەبی لە فۆرم و شێوە و، چۆنییەتی ڕێکخستن و یەک خستنی یەکە پێکهێنەرەکانی بەرهەمەکەدا خۆی دەبینییەوە، کە زیاتر لە دەوری پەیامداری ئەدەبدا دەمێنێتەوە. پەیوەندی بە پاکژکردنەوەی دەروونەوە هەیە، بەو جۆرەی بەرهەمی کامڵی جوان ئەفرێنراو، بەهۆی نەزم و ڕێکخستنی ناوەڕۆک و شێوەوە، کاردەکاتە سەر وەرگر و دەروونی پاکژ دەکاتەوە. ئەم جوانییە لە ڕیکخستن و هاوسەنگی ڕاگرتندا دێتەدی: ((شتی جوان چ بوونەوەرێکی زیندوو بێ و چ ماددەیەک بێ و، لە چەند بەشێک پێکهاتبێت، پێوستە نەک هەر ڕێکخستنی بەشەکانی ڕێکوپێک بێت، بەڵکو دەبێت قەبارەیەکی گونجاویشی هەبێت، چونکە جوانی بە ڕێکخستن و بە قەبارەیەکی تایبەتەوە پەیوەستە. بوونەوەری هەرە بچووک ناشێ جوان بێت، چونکە بینینەکەی کاتێکی وای ناوێت و ناتوانین بە ڕوونی درکی پێ بکەین، هەروەها شتی هەرە زلیش وەکو شتێک بۆ نموونە هەزار میل درێژ بێت، چونکە چاوناتوانێت هەمووی بە یەکجار وەربگرێت، ئیتر تەماشاکەر هەست بە یەکێتی و تەواوییەکەی ناکات)){ئەرەستۆ:٢٠٠٤، ٣٤} ئەم جوانییە بە جۆری تر و لە ڕوانگەی ترەوە لە ئەدەبیات دەخوازرێت، چونکە جوانی لە بەرکەوتن لەگەڵ وەرگردا مانای خۆی کامڵ دەکات، وەرگریش پێوەری بۆ جوانی دەگۆڕێت و هەمیشەش داوای زیاتر لە جوانی دەکرێت: ((تەنیا جوانی قەسیدە بەس نییە، بەڵکو دەبێت سیحرێکی هەبێت کە هەرکاتێک ویستی هەستی گوێگر بۆ لای خۆی ڕاکێشێت..)){هۆراس:١٩٧٩، ٢٠}جوانی ئەدەبی لە فۆرم و ناوەرۆکەوە بۆ درک و کاریگەری دەگۆڕێت، دواتریش لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی دا بە دیدی ئێستاتیکایانە، هەر یەک لە ڕەهەندە جوانییەکانی ناو دەق دەبێتە جێی بایەخ و لێکدانەوە.

## پارچەی یەکەم: جوانی و داهێنان

دکتۆر محەمەد کەمال {کەمال: ٢٠٠٤، ١٣١} لە کتێبی "بوون و داهێنان" دا، داهێنانی هونەریی بەو شتە پێناسە دەکات، کە بوونێک لە نەبوونەوە دەخاتە بەر ڕۆشنایی زانین، لە هەمان کاتدا بوونی داهینەرکەشمان بۆ زەق دەکاتەوە. یەکێک لە خەسڵەتە جوانیسازەکانی داهێنانی هونەرییش، خەسڵەتی نازانستی و نالۆجیکییە. چونکە زانست پەنا بۆ زانینی ئەزمونگەریی دەبات و لەوێوە بە ئاکامەکەی دەگات. دەستەواژەی "ئاسن بە گەرما دەتوێتەوە" ئەزموونگەرییە و بە تاقیکردنەوەش دروستییەکەی دەسەلمێنرێت، لەبەر ئەوەیە دەستەواژەکە زانستییە و بە بەڵگەش لۆجیکمەندانە ساخ دەکرێتەوە. هەرچی شێوازی دەربڕینی هونەرییە، بە پێچەوانەی دەربڕینی زانستییەوە، پشت بە ئەزموون نابەستێت و مەرجیش نییە ڕاستییەکە لە دەستەواژەیەکی ئەزمونگەریدا بخاتە ڕوو. دوورکەوتنەوە لەم خەسڵەتەی دەربڕینی زانستییانە، یان بە واتایەکی تر، دەربڕینی نازانستی؛ جوانکاری بە بەری داهێنانە هونەرییەکەدا دەکات و دەسەڵاتی داهێنانیشی بەهێزتر دەکات. بەڵام دەربڕینی هونەریی لە ئەدەبیات دا بە شێوەی دەستەواژە و وێنە، دەبێتە داهێنان و بەهای هونەری بەرزی دەبێت و ڕەتکەرەوەی بیرکردنەوەی زانستیانە و لۆجیکیانەیە. نمونەی ئەو دەربڕینانەش دەشێت وشەی وەک: (شەربەتی دیدار)ی غەزەلی نالی و (گۆمی شێت بوو)ی شێرکۆ بێکەس و( ئەستێرەی ئاوارە)ی ڕەفیق سابیر بێت. بەم پێوەرە ئەگەر تەماشای ئەم پارچەیەی شێرکۆ بێکەس بکەین، بەر چەندان دەستەواژەی نازانستی دەکەوین، کە لۆجیک ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام هونەر تایبەتمەندی جوانیناسانەی پێدەبەخشێت:

وا مێژوو جۆلانەی شەهیدە.
هەموو شەو بە هێشوو «مانگ»ی سەوز
لە بەفری ناو سەرتا هەڵدێن و
لە پڕیش لەو دیوی گوڵاڵەی خەونەوە
ون ئەبن.
ون ئەبن بۆ ئەوەی بێنەوە
وێڵ ئەبن بۆ ئەوەی بگەنە دڵی خوا و
لەوێدا بڕوێن و بشنەوێن. {بێکەس:٢٠٠٩، ب٣، ٥٢٩}

مێژوو بوونێکی بەرهەستی نییە، کراوە بە بەرهەست، پاشان مامەڵەی هونەریی دوور لە لۆجیکی لەگەڵ دا کراوە، بەڵام ئەم مامەڵەیە وێنە و مانایەکی نوێی لە نەبوونەوە هێناوەتەوە بوون، کە وێڕای خەمهێنییەکەی، وێنایەک لە زەینی خوێنەردا بەرامبەر بە مێژوو و شەهید دروست دەکات، پێشتر لە ئەدەبی کوردیدا بوونی نەبووە. دیاردەی لۆجێکی و فیزیکی هەڵاتنی مانگ و بەهۆی سوڕانەوەیەوە لە دەمی پڕبووندا خەرمانە دەدات و ڕەنگی زەردوام دەبێت، زانست ئەمە

دەسەلمێنێت و شیکاری دەکات، بەڵام هێشووە مانگی سەوز، بەلای زانستەوە قسەی ڕێتێنەچووە، کەچی لە بواری جوانیناسیدا لە ڕووی ڕەوانبێژی و هونەرکارییەوە، دەبێت بەیەکێک لە وێنە داهێنراوە جوانەکان.

پێشتر ئەریستۆتالیس لە بارەی جیاوازی گێڕانەوە و مێژووەوە، ئەو جیاکارییەی کردبوو، مێژوو ئەوەی هەبووە دەگێڕیتەوە، بەڵام چیرۆک ئەوە دەگێڕێتەوە ئەگەری ڕوودانی هەیە. بۆیە لێرەدا داهێنان، ئەفراندنە، ئەگەر لە شیعردا وێنە ئەو کارە بکات، ئەوا لە گێڕانەوەدا، چنین و کەسێتیسازی و ئەندێشە و ناباوی ئەو کارە دەکات. مامەڵەی زمان لەم نێوانەدا هەم بۆ شیعر هەم بۆ پەخشانیش، لەسەر ئاستی لادان لە سیستمی زمانی باو و لۆجیکییە. شکاندنی پێوەرە زمانییەکان، لادان لە هەر یەک لە ئاستەکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی) دا، دەرچوون لە وێنای باو و وێناکردنی جیهانی ئەندێشەیی خەسڵەتی بەرزی هونەریین و ئەو هۆکارانەن، کە ئەدەب لە قسەو زمانی ئاساییەوە بۆ داهێنان دەگۆڕن. بۆ نموونە ئەوەی ئەم بەیتەی نالی کردووە بە شیعر:

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ

نەچم شەرت بێ هەتا ئەو خوارە بێ تۆ {نالی:١٣٨٠، ٣٨٠}

لادانی زمانییە لە ئاستی ڕستەسازیدا، ئەگەر بیخەینەوە سەر یاسای زمانی کوردی، بەم جۆرە دەبێت بە قسەی ئاسایی و ڕستەی زانیاری بەخش: "من ئەگەر ئەمجارە بەبێ تۆ نەمردم، شەرت بێت، ئەمجارە بە بێ تۆ هەتا ئەو خوارە نەچم" بۆیە لادانەکان هێزی سەرەکی ئەفراندنی هونەرن. کاتێک مەحوی دەڵێت:

بەجێ نایە دەبێ ڕووبکەینە سارا

حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا {مەحوی:٧،١٣٨٤}

دارِشتنە ئاساییەکە بەم جۆرەیە: "حەقی ئادابی مەجنوونی لە شار(د)ا، بەجێ نایە(ت)، (بۆیە) دەبێت ڕووبکەینە سارا". لە ئاستی ڕستەسازیدا بەهۆی جیگۆڕێ بە یەکەکانی ڕستەکەوە، لە ئاستی دەنگسازی وشەسازیدا، بەهۆی کرتاندن و بڕینەوە، فۆڕمێیک شیعری و مانایەکی نوێی بەرهەمهێناوە، کە سەنعەتکاری شاعیر بەرجەستە دەکات.

لە گێڕانەوەدا بەشێکی زۆری بە هونەریی بوونی گێڕانەوە، و جیاوازی لەگەڵ گێڕانەوەی ئاسایی دا، ڕەنگرێژی و پلۆتە، کە وادەکات، بەهۆی نەخشەی گێڕانەوەوە و ڕێزانی و بەکارهێنانی تەکنیکە زۆرەکانی گێڕانەوە و جیاوازی گۆشەنیگاکانەوە، بەسەرهاتە زۆرەکان بکرێن بە داهێنان. نموونەی باو و دیار، بەسەرهاتی مەمی ئالان-ە، کە گێڕانەوەیەکی فۆلکلۆری هەیە، ئەحمەدی

خانی؛ بەهۆی پلۆتسازی و ئاوێتەکردنی بیرە عیرفانییەکانی و بە بەراکردنی مانای نوێوە، کارەکەی وەک داهێنانێکی تایبەت بەخۆی دەردەکەوێت. وێنای عەتا محەمەد بۆ: "خواجە نەسرەدین، مەحوی، جەمیل سائیب" هەمان ئەو کارکردەی هەیە، کە بابەتی نالۆجیکی بەرامبەر بە بابەتی لۆجیکی هەیەتی. بۆ نموونە کەسێتی مەحوی، وەک شاعیرێکی عارفی پلەبەرز، وەک مەلایەکی پێگەدار، لە مێژوودا خۆی دەنوێنێت. کەچی لە گێڕانەوەیەکی عەتا محەمەد دا، وەک سەردەستەی کۆمەڵێک چەتە دەناسرێت، کە بە دڵرەقی و بیبەزەیی ناسراوە و لەگەڵ دەستەکەیدا لە دەشتێکی کاکی بە کاکی دا، ڕێ بە کاروانێک دەگرن، کە بەرەو شام دەچێت. کاروانەکە ڕووت دەکرێتەوە و بار و خشڵ و شتە بەبەهانیان لێ دەسەنرێت، بەڵام سەرۆکی چەتەکان، واز لەهەموو شتەکان دێنێت و بەدیار جوانی کچێکەوە ڕادەمێنێت، کە بڕیارە سەفەر بۆ لای دەزگیرانەکەی بکات. پیاوەی چەتە، هێند ئەفسوونی جوانی دەبێت، تا خۆراوابوون بێ جوڵە بەدیار تەماشای کچەکەوە دەبێتە پەیکەر، کە تاریک دادێت ئەوسا بەیتێک شیعر دەڵێت و ئەوێ بەجێدەهێڵێت:

((..سەردەستەی چەتەکان واز لە کاروانەکە و شتە دزراوەکان دەهێنێت، کە لە لایەکەوە کۆمەڵکراون و بە دیار جوانی کچەکەوە ڕادەوەستێت، بە درێژایی ئەو ڕۆژە و تا تاریک بوون، بێ جوڵە، بێ ئەوەی هەست بە تینوێتی بکات، تەنها سەیری جوانیی کچەکە دەکات. کاتێکش لە خۆرنشیدا کە کزەبایەکی سارد دەست بە هەڵکردن دەکات، دەیەوێت قسە بکات، بەڵام تەنها بەیتێک شیعر دەڵێت و سوار ئەسپەکەی دەبێت و، لە کاروانەکە دوور دەکەوێتەوە و، بە تەنها خۆی دەداتە دەست بیابان. چونکە ئەو کاتە بەیادی دێتەوە، کە هەر جارێک ئەستێرەناس و دەستگرەوەیەک لە بەختییان ڕوانیبێت، پێیان وتوە: کە چارەنوسی ئەم، شاعیرێکی لێنووسراوە کە لە خۆڵەمێشی ئەمەوە دێتە دەرێ و، هەرگیز ناوی ئەو پیاوە هەڵناگرێت کە ڕۆژانێک چەتە بووە، بەڵکو شاعیرێک لە ناو ئەمدا هەیە، کە نازناوی وەک با، شارەو شار دەڕوات. هەرواش دەبێت و دوای ئەو جوانییە ئەفسانەییە، کاتێک شاعیرەکە لە خۆڵەمێشی چەتەکەوە لە دایک دەبێت، سەردەستەی چەتەکان نازناوی "مەحوی" بۆ خۆی دادەنێت لە شیعرەکانیدا و دڵنیا دەبێت لەوەی کە ساڵانێکی زۆر بە دوای دەروازەیەکی ئیماندا گەڕاوە، کە لە سیمای ئەو کچەدا دۆزییەوە، کە تا مرد وێنەی لەسەر چاوی لانەچوو.)) {محەمەد:٢٠٠٩، ٦}

تێکشکاندنی وێنەی مەحوی، وەک کەسێتییەکی مێژووی شاری سلێمانی، دروستکردنی مێژوویەکی تر، بەهۆی ئەندێشەوە، ناڕاستی مێژووی بۆ ئێمە ناگوێزێتەوە، بەڵکو بۆ تاوێک، تێڕوانینی چەقیوی ئێمە بەرامبەر بە کەسێتی مێژوویی دەگۆڕێت. ئەم ئاستە لە ناڕاستی مێژوویی، وەک داهێنانی ئەدەبی و جوانی گێڕانەوەی ئەندێشەیی خۆی دەنوێنێت.

داهێنانی ئەدەبی، هەمیشە وابەستەی، بابەتی ئەندێشەیی نییە، دەکرێت، لە گێڕانەوەی واقیع، یان بابەتی بەرهەست، ئەوە دروست بکرێت، ئەوکات ئەوە بابەتەکە نییە ئەندێشەیی بێت، بەڵکو خەیاڵی داهێنەرانەی نوسەر، پەیی بە داڕشتنی گێڕانەوەی وەها بردووە، لۆجیکێکی ناوەکی لە دەقدا

دروست کردووه، تا خوێنەر جگە لە سەرسامی بەگێڕانەوەکە، بڕوای ڕاستی بوونیشی لا بچەسپێنێت. وەها داهێنانێک لە درووستکردنی دووکەسێتی ناو ڕۆمانی (هۆتێل ئەوروپا)دا بەدیدەکرێت{پیربال:٢٠١٠}. گێڕانەوە واقیعییەکە، لە نێوان ژانری ڕۆمان و یادەوەری دا، دەگێڕدرێیتەوە. وەگێر، خودی پیربالە و بەسەرهاتی خۆی و هاوڕێ پەناهەندەکانی باس دەکات. لە گێڕانەوەکەدا دووکەسێتی یەکێکیان، ڕۆژئاوایی، ئەوی دی ڕۆژهەلاتی. ئەمیان جوولەکە، ئەویان موسوڵمان، ئەمیان پورتوگالی، ئەویان ئێرانی. وەک دووانەیەکی لێکچوو وەهان. تەنها ڕێکەوتی لێکچوونەکە بەس نییە، بۆ سەرسامکردنی خوێنەر، بەڵکو گێڕانەوەکە لە چنینی وردیدا دەگاتە گۆڕینەوەی شوێن و ناسنامە، و دواجار گۆڕینی چارەنووسیان:

((مسیۆ لووسیانا و محەمەدی حاجی زادە، من بەیەکترم ناساندن. بە محەمەدی حاجی زادەم وتبوو: ئەگەر چاوت بە مسیۆ لووسیانای خاوەن هوتێلەکەم بکەوێ، واقت وڕ دەمێنێ، وادەزانی خۆت دەبینی، هەمان سەروسیماتان هەیە، تەنانەت قەد و باڵاشتان هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. ئیمەی کورد دەڵێین: سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە.

هەمان ئەم قسەیەم چەندین جار بە مسیۆ لووسیانا گووتبوو. گووتبوم: ئەگەر چاوت بەم محەمەدی حاجی زادەیە بکەوێ، واقت وڕ دەمێنێ، وادەزانی خۆت دەبینی، هەمان سەروسیماتان هەیە، تەنانەت قەد و باڵاشتان هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. ئیمەی کورد دەڵێین: سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە.)){پیربال:٢٠١٠، ٤٨}.

گێڕانەوەی ڕۆژی دیداری ئەو هاوڕێ لەیەکچووەکەی، بە دووبارەکردنەوەی ڕستە و قسەکانی، جەختی ئەوە لەسەر وشەی سێوێکن و کراون بە دوولەتەوە، وەک چۆن ناساندنەکانی دووپارچەی یەک شێوەن، دوو ڕۆحی یەک قاڵن. ئەوەی جێی سەرنجە کەسێتیسازی، مسیۆ و حاجی زادە، لە میانەی گێڕانەوەکەدا، داهێنەرانەیە، جیاوازییە کولتووری و زمانی و ئەخلاقییەکان، بەهۆی گفتوگۆ و کردارەکانیانەوە نیشان دراوە. جگە لەوەی بەهۆی هونەرەکانی دووبارەکردنەوە و چنین و گۆشەنیگای گێڕانەوەوە، ڕۆمانەکە دەبێتە یەکێک لە ڕۆمانە سەرکەوتووەکانی ئەدەبی کوردی.

## پارچەی دووەم: جوانی و ناشرینی

ئیمبەرتۆ ئیکۆ {ایکو:١٣٩٢} لە بارەی جوانی و ناشرینیەوە زنجیرە توێژینەوەیەکی بە نرخی پێشکەش کرد، کە وێڕای بابەتیبوونی لە بارەی جوانی و ناشرینی و پەیوەیستبوونی بە جوانیناسیەوە، ئەزموون و مەعریفەی زۆرو زەوەندی خۆی لە بارەی فەلسەفە و ڕەمزو گێڕانەوەوە، خستەڕوو. ئەو لە بارەی جوانییەوە دەڵێت: هەمیشە وشەی جوان لەگەڵ ئاوەڵناوەکانی وەک: (دڵگیر، قەشەنگ، بڵند، سەرسامکەر، بێوێنە) دا، سیفەتێکە بۆ ئاماژەدان بە شتێک بەکاری دەهێنین کە حەزمان لێیەتی. بەو مانایەی وادێتە پێشچاو، ئەوەی جوانە باشیشە، لە ڕاستیدا لە سەردەمە جیاکانی مێژوودا لە نێوان جوان و باشدا پەیوەندییەکی نزیک هەبوو. دواتر پەیوەندی نێوان باش و جوان وەها ڕوون دەکاتەوە، کە ئەگەر لەسەر بنەمای ئەزموونی ڕۆژانە داوەری بکەین، ئێمە ئەو شتانە بە باش دەزانین کە نەک تەنها حەزمان لێیەتی، بەڵکو دەمانەوێت هی خۆمان بێت، وەک هەموو ئەو شتە باشانەی  مرۆڤ حەز بە خاوەندارییان دەکات لە نمونەی: عەشقی نایاب، بەدەستهێنانی سامانی شەرەفمەندانە و هەستیاری و خوی ڕێزدارانە و پەروەردەکراو، کە هەموویان باشەی جێی چاوتێبڕینن. باش ئەو شتەیە کە تاسەمان دەوروژێنێت، تەنانەت کاتێک ڕەفتارێکی ئاکاردارانە بە باش دەزانین، خۆزگە دەخوازین کە بریا خۆمان ئەوەمان بکردایە، یان دەمانەوێت کارێکی هاوتای ئەوە و جێی ستایش ئەنجام بدەین.

لە هەندێک لایەنی ترەوە باش بە ئسوڵی ئەخلاقیی نموونەیی دەناسێنین کە جێبەجێکردنی پەیوەستە بە ڕەنج و ئارامگرییەوە، وەک مەرگی پڕ شانازیی پاڵەوانێک یان قوربانیدانی ئەو چاکەکارانەی چاودێری نەخۆشانی گول دەکەن، یان دایکوباوکێک بۆ ڕزگارکردنی ڕۆڵەکەیان گیانی خۆیان دەبەخشن. لەم بارانەدا تا ئاستی سەرسامی پشتگیری لە باشبوونی ئەو کردەوانە دەکەین، بەڵام لە ڕووی خۆپەرستی یان ترسەوە، نامەوێت بکەوینە بارودۆخێکی وەهاوە. لە باری وادا نامانەوێت خۆمان بکەر بین، بەڵکو دەمانەوێت یەکێکی تر بیکات و ئێمە ئافەرینی بکەین و داجار دەڵێین چەند کارێکی جوانە!

ئیکۆ سەبارەت بە تێڕوانینی ڕەسەن بۆ جوانی؛ ڕای وایە ئەگەر شتێکمان پێ جوان بێت و مەیلی خاوەنداری ئەو شتەمان نەبێت، تەنها لەبەر خودی جوانی شتەکە چێژمان وەرگرتبێت، ئەوە لە بارەی جوانییەوە قسەمان کردووە. شتیکی جوان ئەگەر هی ئێمە بێت دەبێتە هۆی دڵخۆشیمان، بەڵام تەنانەت ئەگەر هی یەکێکی تریش بێت، دیسانەوە هەر جوانە. لە بارەی تاسە و جوانییەوە، لەوە دەدوێت کە تاسە و تامەزرۆیی لە جوانی جیایە، بەو مانایەی ئەگەر کەسێکی تینوو کانییەک بدۆزێتەوە و بەرەو ڕووی ڕاکات، بۆ جوانی کانییەکە ناگەڕێت، ڕەنگە پاش تینوویەتی شکان، سەرنجی جوانییەکەی بدات، بەڵام لە دەمی تینوویەتیدا نا. بەم نمونەیە جیاوازی نیوان جوانی و تاسە ڕوون دەکاتەوە. ڕەنگە ئێمە کەسانێک بە جوان بزانین بێ ئەوەی تاسە و مەیلی شەهوەتیمان

بۆی هەبێت. یان بەبێ ئەوەی هەرگیز ئەگەری خاوەنداریمان هەبێت. بەڵام کەسێک ئەگەر تەنانەت ناشرینیش بێت، ڕامان بکێشیت و نەتوانین پەیوەندیەکی دڵخوازانەی لەگەڵ ببەستین، ئازار دەکێشین. بۆ نموونە ساڤۆ لە بارەی جوانی هێلنەوە دەنووسێت:

بۆ هەندێک کەس جوانترین شت لە دنیادا جوڵەی سوارە سوپاییەکانە، کەسانێکی تر دەڵین لەشکرێک لە سەربازی پیادە جوانترینە، هەندێک گەشتی کەشتی بە جوانترین دەزانن بەڵام من لەو بڕوایەدام جوان ئەو شتەیە کە دڵبزوێن بێت و دڵت ببات. ڕوونکردنەوەی ئەوە زۆر سادەیە. هێلن جوانترینی جوانان، پیاوێکی هەڵبژارد کە لەبەر ئەو چراکانی تروادەی کوژاندەوە. منداڵ و خێزانەکەی لەبیرکرد و بە دوای عەشقی ئەو پیاوەوە بەرەوە سەرزەمینی دوور ڕۆی، ئەو شوێنەی کە ئافرۆدیت لە چارەی نووسیبوو..کەسێک کە جوانە، تا ئەو دەمەی لەپێش چاوی ئێمەیە جوانە، بەڵام کەسێک کە باشیشە، ئێستا و هەمیشە باشە. {ایکو:١٣٩٢، ٢٤-٢٦}

کانت سەبارەت بە جوانی، سێ شت لەیەک جیادەکاتەوە: شتی خۆش، شتی جوان، شتی باش. شتی خۆش مەیل و هەوەست، تاسە و شەهوەت تێر دەکات، لە نیوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا هاوبەشە. شتی باش ئەوەیە کە بەهۆی بەهاوە دەیناسین، وەک ڕەفتاری ئەخلاقی، کە لە کۆتاییدا سوود و بەشی تێدایە، ئەمە تایبەتە بە بونەوەرە عاقڵەکان، جا مرۆڤ یان فریشتەکان بێت، بەڵام شتی جوان هیچ پەیوەندییەکی بە مەیل و خواست و شەهوەتەوە نییە، سەرچاوەیەکی هەستە و لەبەر ئەوەیشە تایبەتە بە بونەوەری زیندوو، ئاوەزدار و هەستیار، واتە تایبەتە بە مرۆڤ.{احمدی: ١٣٩٥، ٨٢}. لە فەلسەفەی کلاسیکدا، جیاکردنەوەی ئەم سێ دانەیە کاری عەقڵ بوو، دواجار جوانی بەوە دەپێوێرا.

سەبارەت بە جوانی و دوالیزمەکانی تر پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا پەیوەندی جوانی لەگەڵ هەر یەک لە باشی و خۆشی دا، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە یان پێچەوانە؟ دەکرێت شتێک جوان بێت، بەڵام هاوکات خراپ بێت؟ یان شتێک جوان بێت، بەڵام ناخۆش بێت؟ یا خود هاوتای جوانی و باشی و خۆشیش بهێنێت. بێگومان وەڵامدانەوەی ئەمە، بە پێی سەردەم و ئایین و کولتوورە جیاوازەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئایینە ئاسمانییەکان و فەلسەفەی کلاسیک، جوانی لە ئاکاردا دەبیننەوە، بۆیە شتی خراپ، بە جوان نازانرێت. جوانی لە تێڕوانینی دینی دا، بە هەردوو چەمکە نەفسانی و ڕۆحانییەکەی جێی سەرنجە. لە لایەکەوە ئایین هەوڵی پێناسەکردنی جوانی دەدات و پەیوەستی دەکاتەوە بە ئاکارەوەو تاکو شوێنکەوتوانی بپارێزێت لە جوانی نەفسانی، کە ڕووکەش و فریودەرە. لە لایەکی ترەوە جوانی نەفسانی وەک خەڵاتێک پێشکەش بە بڕواداران دەکات لە ژیانی سەرمەدی، ئەو دنیادا. بۆ نموونە جوانی جەستە، یەکێکە لەو خاڵانەی لە ئایینە ئاسمانییەکاندا لە سنووری حەرامدایە، هەمیشە لەبەرامبەر نامەحرەماندا هەوڵی شاردنەوە و داپۆشینی دەدرێت، لەبەر ئەوەی ئەم جوانییە دەبێتە تەفرەدەری ئاکار و خراپە بەرهەم دەهێنێت. بەڵام کاتێک تەماشای دەقە ئاسمانییەکانی وەک: پەیمانی کۆن و قورئانی پیرۆز دەکەین، جوانی

جەستە شاراوە و پەنهان نییە، بۆ نموونە لە "غەزەلی غەزەلەکانی سولەیمان" دا، ئەو وەسفە ئیرۆتیکی و مەیلخوازانەی بۆ جەستەی ئەویندارەکە کراوە، دەرخەری جوانییە، بێ ئەوەی تەفرەدەر بێت، چونکە دوو ئەویندارەکە هی یەکن و بە مانا ئایینەیەکەی حەڵاڵی یەکن، بەڵام هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە وێنەی جوانییەکە مەیلخوازانەیە:

((ئەی کچە میر، پێیەکانت لەناو پێڵاو چەندە جوانن! کەوانی ڕانت وەک خشڵە دەستکردی دەستی وەستای کارامەیە. ناوکت جامێکی خڕە شەرابی تێکەڵاوی لێ کەم ناکات، ناوقەدت خەرمانی گەنمە بە سەوسەن پەرژین کراوە. جووتە مەمکەکەت وەک دوو کارمامزن، وەک جووتێک مامزن. گەردنت قوللەیەکی عاجە. چاوەکانت وەک گۆمن لە حەشبۆن لەبەردەم دەروازەی بەت ڕەبیم. لووتت وەک قوللەی لوبنانە ڕووەو دیمەشق دەڕوانێت. سەرت وەک کێوی کارمەلە بەسەرتەوە وپرچی سەرت ئەرخەوانییە، پاشا بەندی ئەگریجەکانە. چەند جوان و چەند شیرینیت، ئەی ئەویندارەکەم، من بە تۆ دڵشادم! ئەم بەژنەت لە دار خورما دەچێت، مەمکەکانت لە هێشوو. گوتم: "بەسەر دار خورما دەکەوم، خۆم بە بەرهەمەکەی دەگرم." با مەمکەکانت وەک هێشووە ترێ بن، بۆنی هەناسەت وەک سێو بێت، دەمت وەک باشترین جۆری شەراب بێت. با شەرابەکە بە ئاسانی بۆ دڵدارەکەم بڕژێت، بە نەرمی بەسەر لێو و ددانندا بڕوات.)){پەیمانی کۆن: ٨٣١}

وێنەی جوانی جەستەیی، لە قورئانی پیرۆزدا، بۆ ئەو کچە جوانانەیە، کە لە بەهەشتدا دەدرێن بە کەسانی ئیماندارو ئاکار جوان، ئەوانەی لەم دنیا لە جوانی نەفسانی خۆیان پاراستووە، تەنانەت چاویان لە ئاستیدا داخستووە. لەو جیهانەی تردا، پێکەوە جوانی و باشی و خۆشی یەکدەگرن، چونکە جیهانەکە ئایدیالییە، خەڵاتەکەش بەرەنجامی خۆگری و دوورکەوتنەوەیە لەو جوانییەی ئێرە کە پاڵفتە نییە و بەهۆی گرێداروی بە ئارەزووەوە خراپی و ناخۆشی دێنێت. لە یەکێک لە دیمەنەکانی وێنای بەهەشت دا، لە لایەکەوە جوانی سروشتی و ژینگەیی، لەلایەکەوە جوانی ئیرۆتیکی دەبینرێت، هاوتای جوانی وەرگرتنی چێژ لە هەردوو جوانییەکە، جگەلە لە خۆشی و چێژی خواردن و خواردنەوە، لەوێ ئاکار و باشی هەیە، کە هەموو ئەوانە دەبنە جوانی کامڵ و نمونەیی:

((تازەلاوی هەمیشە لاو، لە دەورەیان دێن و دەچن*بە زەرک و تونگە و پیاڵەوە، بادەی ڕەوان لە سەرچاوەیان دەدەنێ* نە لە خورما سەریان دێشێ و نە ئاوەزیش لە دەست دەدەن*میوەجاتیش هەرکامی هەڵدەبژێرن* گۆشتی مەلیش لەوانەی ئارەزووی دەکەن* کیژی سپی چاوبەڵەکیش* هەموو ئێژی مراوین لە ناو قاپۆڕ دا*پاداشی کردەوەیانە* کە لەوێدان نە قسەی هەرزە دەبیسن* نە وتاریکی ناڕەوا* مەگین درود لە یەکتر کەن و وەرامی پێ بدەنەوە....ئێمە خۆشمان کیژەکانمان بە تایبەتی بەرهەمهێنا* بڕیارمان بۆدان هەر کچ بن* شووخۆشەویس....)) {واقیعە: ١٧-٣٧}.

شوێنکەوتوانی ئایینەکان، ئەم جوانیانە بە جۆری تر، لە ئەدەب و هونەردا ڕەنگ پێدەدەنەوە. ئایینی مەسیحی چیرۆکەکانی ئینجل و وێنەی بەهەشت و دۆزەخ، لە کەنیسەکاندا دەکێشێت و وێنەی ژنیش بەهۆی مریەمی پاکیزەوە، بە جوانترین شێوە نیشان دەدات. لێرەدا نەک هەر جوانی، بەڵکو ناشرینی شەیتان و هێزە خراپەکارەکانیش کە دووانەی جوانین لە هونەرکاریدا، بەرجەستە دەکرێن، نمونەی زۆروزەوەندی ئەمانە لە پەیکەر و وێنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بە ئاشکرا

دیاره. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕوایەی کە جیهان بە جوانی و ناشرینییەوە وەک گشتێک دەبینێت، گشتیش بە گشتی بڕیاری لەسەر دەدرێت و ناشرینی لێی جیاناکرێتەوە. بەو مانایایەی ((جیهان، ئەفرێنراوێکی یەکگیرە کە لە کۆی خۆیدا دەبێت دەرک بکرێت، ئەو شوێنەی کە سێبەرەکان یارمەتی دەدەن، تیشک زیاتر دەرکەوێت، تەنانەت ئەوەی وا دەردەکەوێت ناشرین بێتە پێشچاو لە (نەزمی) گشتی جیهاندا، جوان دەنوێنێت)) {اکو:١٣٩٢، ٧٩}.

هەرچی شوێنکەوتوانی ئیسلامە، بەهۆی قەدەغەیی وێنەی ژنەوە، جوانییەکان لە هێڵ و چەمانەوە و ڕەنگ و خۆشنووسی و هونەرکاری بیناسازی مزگەوتەکاندا دەنەخشێنن. هیچ یەکێک لە شوێنکەوتوانی ئایینەکان، ناتوانن دەستبەرداری جوانی ببن، بەڵام ئەوەی دەگۆڕێت، فۆڕمی جوانییەکەیە. نووسینەوەی قورئان بە خەتە ڕۆژهەڵاتییە جیاوازەکان، زڕکەفت و نیگارکردنی بە زەخرەفە، بڕوای ئەوانە بۆ جوانی ڕۆحانی. کە دواتر هەندێک لە ڕەنگ و چەمانەوەکان دەبن بە سیمبولی جوانی ئیسلامی، وەک ڕەنگی پیرۆزەیی و تاقی قەوسی میحرابی. لە نووسینی شوێنکەوتوانی ئایینی ئیسلامدا{شەریعەتییەکان} بە شێوەی خۆپارێزی لە بارەی جوانییە نەفسانییەکانەوە خۆیان دەبوێرن. بەڵام لە ناو ئەواندا گروپە سۆفیزمییەکان، کە بڕوای تەواویان بە جوانییە، دەبنەوە بە ئەفرێنەری جوانی، بەڵام ئیتر جوانییەکە مانای قوڵتر و ڕەهەندی تری وەرگرتووە، لەوەی نەفسانی یان ڕۆحانی بێت.

ئەوان بەهۆی سنووورداری زمانەوە لەبەرامبەر بە گەیاندنی حاڵ و بارە عیرفانییەکانیان، کە پاش کردنەوەی بینایی و شهود پێی گەشتوون، جوانی یەزدانی، بە کەرەستەی زمانی جوانی نەفسانی و جەستەیی باس دەکەن. دەستڕاگەشتنیان بە جوانییەکی بانمرۆیی، درککردنی جوانی یەزدانی، حاڵی شەتەحاتیان بۆ دروست دەکات و زمانیان، دەخاتە سەر کەڵکەڵەی گێڕانەوەی ئەو جوانییانە، بەڵام چونکە زمان دەرەقەتی گواستنەوەی نایەت، بۆیە بەشێوەی ڕەمز و ئاماژە، وەسفە نەفسانییەکان دەخەنەکار و پەسنی جوانییەکانی خودای پێدەکەن. سۆفییەکان ڕایان وایە، ئەمە نەک هەر شیاوە، بەڵکو بە تەماشاکردنی هەر جوانییەکی سرووشتی خواکرد: بونەوەر، سروشت، مرۆڤ، کچ و کوڕی جوان، هونەرئارایی خوداوەند و جوانی یەزدانیمان بۆ دەردەکەوێت، بۆیە لای ئەوان جوانی بەشێکە لە بڕوا و بگرە بەڵگەیە لەسەر مەزنێتی خودا. لە ئەدەبی کوردیدا عارفانی وەک: مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی، لە شیعرەکانیاندا ئەم بەیانەیان بەرجەستە کردووە.(٦)

جگە لە ئایینەکان، لە کولتوورە جیاوازەکاندا تێڕوانین بۆ جوانی جیاوازە، هەندێکیان ڕەنگە بەلای ئێمە و کولتوورەکانی ترەوە سەیرو سەمەرە بن. بۆ نموونە جوانی ژن لە ناو خێڵی کارنی تایلەندیدا، لە گەردن بەرزی دایە، بەوجۆرەی کە گەردنیان پڕ لە ئەڵقەی برنجە دەکەن و وەک تەوقێک پێوەی دەژین. یان لە هەندێک لە خێڵە ئەفریقییەکاندا جوانی ژنان، لەو نەخشکارییەدایە کە وەک جێبرین، بەشێوە و هێڵی جیاواز لەسەر سیمایان هەڵدەکۆڕێت. ژنانی سەرنجڕاکێش و

جوان له کینیا دەبێت قەڵەو بن، له کاتێکیدا جوانی ژن له ئاسیای ناوەڕاست دا، له بچووکی پێ دایه، که له منداڵییەوە قاچیان له قاڵب دەدان تا پێیان گەورە نەبێت، لای عەرەب، له چاوی مانگا شێوە و لای فارس، له برۆی پەیوەست و لای کورد لێوی تەنک و نەرموشلی و جەستەی پڕدا. هەر چەندە ئێستا، پێوەرەکانی جوانی لەسەردەمی بە جیهانی بووندا، گۆڕاوە و جوانییەکان بوون بەیەک شێوە، کە خواستە سێکسییەکان پڕ دەکاتەوە، بەڵام دواجار دەکرێت پاشماوەکانی له کولتوورەکاندا بدۆزینەوە.

ئەگەر بمانەوێت له پاڵ جوانی دا، له بارەی ناشرینییەوە بدوێین دەوترێت: دژواتای جوانی، ناشرینییە. وەک چۆن دژواتای باشە خراپە و دژواتای حەق، باتڵە. مرۆڤ که بابەتێکی جوانی شیکار دەکات، له بابەتی ناشرینیش دەڕوانێت. له جیهاندا، ڕوداوی ناشرین هەن، بەڵام له هونەر دا، ناشرینی نییە. هونەر چونکە جوانە، ناتوانێت ناشرین بێت. بەڵام هونەر لەگەڵ ئەوەی که جوانە، دەتوانێت دیاردەی ناشرین بئەفرینێت.{یوسفیان:١٣٧٩، ١٥١}

ئەگەر تەماشای تێڕوانینە جیاکان بکەین، بەرامبەر بە ناشرینی، ئەوا دەبینین له یۆنانی کۆندا، ناشرینی وەک بەشێک له جیهان دادەنرا. له کولتووری یۆنانی دا بڕوایان بەوە نەبوو، کە جیهان له هەموو ڕوویەکەوە جوانە، ئەفسانەناسی یۆنان له بارەی بونەوەری سەیرەوە دەدوێت. نەک هەر ئەمە بگرە فەیلەسوفێکی وەک ئەفلاتوون، بڕوای بەوە بوو کە ئەم دنیایە، چاولێکەری ناچیزانەی دنیای باڵایە. بەڵام بەهۆی ئایینی مەسیحییەوە، ئەم تێڕوانینە له کولتووری ڕۆژئاوادا دەگۆڕێت، چونکە له دیدی خوداناسی و میتافیزیکدا تەواوی کائینات جوانە، لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئەفرێنراوی خودایە. بەهۆی لوتفی ئەم جوانییە ڕەهایەوە، ناشرینی و هێزی شەڕانی بەجۆرێک له جۆرەکان ڕزگاریان دەبێت، چونکە له تێڕوانینە جیاکاندا، وەک بەشێکی بچوکی ناو سیستمێکی ڕێکخراو تەماشا دەکرێن.{اکو: ١٣٩٦، ٣١} له هونەر و ئەدەبی شوێنکەوتوانی دینی مەسیحی و دواتر ئیسلامیش دا، هێزە شەڕانییەکانی وەک شەیتان، مرۆڤە گوناهکار و دۆزەخییەکان، بە شێوەی ناشرین و له باری زۆر سەخت و لەتاقەتبەدەردا نیشان دەدرێن. وەک چۆن له دەقە پیرۆزەکانیان دا باسی بەهەشت و جوانییەکانیان کردبوو، وەهاش دۆزەخ و دانیشتوانی کە بەشێکن له ناشرینی، نیشان دەدرێن. وێنەی دۆزەخ له گێڕانەوەکانی قورئانی پیرۆزدا، وێڕای ناشرینی هاوتا تۆقێنەریشە. بە کۆی وەسفی ناو سورەتە جیاکان، دیمەنێک نیشان دەدات، کە ئاگرێکی خودایییە، سوتێنەرەو هیچ شتێک له دوای خۆی جێنێهاڵێت، له پاڵ ئاگرەکەدا، بای گڕاوی بە ناوی سموم و ئاوی سوتێنەر بە ناوی حەمیم، بەشێکی ناو دیمەنەکەن. ئەوانەی لەوێن گوناهبارانن و خۆراکیان زەقوم و شەرابی لەهیم-ە. بەرگیان له گڕ و کڵپەو بڵێسەیە:

((..بەری دارەکەی ژەقنەموت* خواردنی گوناهبارانە* کە چەشنی خڵتەی ڕۆن زەیتون، له ناو سکاندا دێتەکوڵ؛* وەک کوڵینی ئاوی گەرم* سا بیگرن و ڕای بکێشن بۆ ناوەڕاستی جەهەندەم* ئەوساکەش هەر بۆئازاردان، ئاڤاکەلی بەسەرداکەن...)) {هەژار: دخان،٤٢}

ئەم وێنانە، دواتر دەچنە ناو ئەدەبیاتی گێڕانەوەوە، بە تایبەت لە میعراجنامەکاندا، نوسەرانێکی زۆر باسی شەوڕەوی پێغەمبەر(د.خ) بۆ ئاسمان دەکەن، لە پاڵ وێنە جوان و لەبەردڵانەکانی بەهەشتدا، بە زیادەڕۆییەکی زۆروە وێنەی ترس و ناشرینی دۆزەخ نیشان دەدەن. دەستەی ژنانی گوناهکار زریکەیان لە عەرشە و، پیاوانی بەدکار و داوێنپیس تەوقی ئاگرین وا لە ملیاندا.

دەر لەحزە لای دا پەردەی جەهەنەم — نـەعوزوبیلا ناگوترێ بە دەم

هەر تاریکایی و گرمەی نیران بوو — گرمەی وەک هەوری مانگی نیسان بوو

حەفتا هەزاران دەرایا غەسلین — حەفتا هەزاران زوخاو لەگەڵ خوێن

حەفتا هەزاران قەتران و ئاو بوو — حەفتا هەزاران مسی تەواو بوو

دوپشکم دیتن وەک ئێستران — مارم چاوپێکەوت وەکو حوشتران

کۆمەڵێکم دیت ئاگر لەبەردا — زنجیری ئاگر لە دەست و مل دا

مارودووپشکی زۆر دەیان گەزن — ناتوانن بۆ هیچ لایەک ببەزن.. {حەیدەری:١٩٨٢، ٢٥}

هەمان گێڕانەوە بۆ دۆزەخ لە کۆمیدیای یەزدانی دانتێ دا دەبینرێت. ئەڵقە یەک لە دوا یەکەکانی دۆزەخ، بە گێڕانەوە پڕ سیمبول و خوازە، وێنەیەکی سەیروئازاراوی دۆزەخ نیشان دەدات، کە دواتر دەبێتە ئیلهامی دەیان پەیکەر و تابلۆی لە ناو قوتابخانە جیاکانی هونەردا:

((..ڕۆیشتم بۆ ئەو شوێنەی، جەفاکێشەکان دانیشتبوون. ژان و ئازار فیچقەی دەکرد لە چاویان، بە دەست گڕی ئاگر و خاکی سوتاویان لە خۆیان دوردەخستەوە. سەگیش هاوین ناتوانێ ئاوها بە لمۆز و چوارپەل، کێچ و پێشکە و مێش لە خۆی پاس بکا. کە چاوم بڕییە دەموچاوی ئەوانەی ئەم ئاگرە بە سۆییەیان بەسەردا دەڕژا کەسم نەناسییەوەو بەڵام دیم هە ریەکەی کیسەیەکی بە ملدا شۆربووبووەوە. ڕەنگ و دروشمی تایبەتی خۆی لەسەر بوو. سەریان دانەواندبوو، تامەزرۆیی خۆیان پێ دەشکاند..)){ئەلیگییری:٢٠١٥، ٢٦٢}

ناشرینی لە ئەدەب و هونەردا لای هەندێک نوسەر، بە خودی جوانی دادەنرێت. بۆ نموونە کەسێکی وەک ڤیکتۆرهۆگۆ شێوازی گروتێسکی بە جۆرێک لە جوانیناسی نوێی دادەنا. ئەو شێوازەی کە شتی ناجۆر، ترسناک، بێزارکەر لە ڕێگەی حەقیقەت و شیعرەوە، هاتۆتە ناو مەیدانی هونەرەوە.{ایکو: ٢٠٢،١٣٩٦}. گرۆتێسک بە شێوەیەکی گشتی بە واتای پێکەنیناوی، سەیروسەمەرە، زێدەڕۆیی، بایی هەوا، ناسروشتی و لادانان لە پێوانەی باو دێت. لە ئەدەبدا توخمەکانی گروتێسک زیاتر لە کاریکاتێر، دژوازی{تەزاد}، هەجوو، تانە، گاڵتەوگەپ، چەپەڵ نووسی، کۆمیدی ڕەش، شانۆی پوچگەرایی دا دەبینرێت. {سجادی:٤٧،٢٠٠٤} ئەوەی لە ئەدەبی گروتێسک دا دەبینرێت، تا ئاستی لە پێشچاوخستن و دروستکردنی شێوەیەکی دێوئاسا، لادانە لە حەقیقەت.

له جەوهەردا ئەم جۆرە لە ئەدەبی گێڕانەوەدا سەیر و سەمەرەیە، چونکە بە شێوەیەکی غافڵگیرکەر لە سنووری باوەوە تێدەپەڕێت و هاوتای بە پێکەنین هێنان، ترسێنەریشە. نەک هەر ئەمە، دەکرێت شێوازەکانی نیشاندان تێیدا درکەیی، تانەلێدەر یا دەشکرێت بێ مانا بێت. لە زۆرێک لە بەرهەمەکانی پەیڕەوکەرانی هەردوو قوتابخانەی سوریالیزم و دادایزمدا ئەم جۆرەی گێڕانەوە باوە. گرنگترین تایبەتمەندی ئەم شێوازە بریتین لە: (ناهەماهەنگی، پێکەنیناوی و ترسناک، زیادەرەوی، نائاسایی). نووسینی گرۆتێسکی بەڕای تیۆرناسانی خوێنەرتەوەر، ئەو جۆرەیە کە((هەم سەرنجرادەکێشێت، هەم لەخۆیت دووردەخاتەوە، هەم دەتخاتە پێکەنین، هەم دەتترسێنێت، هەم چێژ دەبەخشیت هەم بێزارت دەکات)){مکاریک:١٣٨٨، ٢٤٥} بۆ نموونە نیشاندانی قێزەونی گریگۆری سامسا لە ڕۆمانی بەدگۆڕانی "کافکا" دا، گاڵتەجاڕی و سەیروسەمەریی جەمشیدخانی مامی "بەختیار عەلی"، ناشرینی شێوەی فرانکشتاینی "ماری شیلی" و مانەوەی لە نێوان مرۆڤ و زەبەلاح دا. پوچی چاوەڕوانی و فەزای بێڕۆحی لە چاوەڕوانی گۆدۆی "سامۆێل بێکت"دا، بابەتە سەیروسەمەرە و پێکەنیناوییەکانی ئالیس لە سەرزەمینی سەمەرەی "لویس کارۆڵ" دا. ترس و پێکەنین لە خەونی جاڵجاڵۆکەکانی "شێرزاد حەسەن" دا. هەر یەک لە مانە لە چوارچێوەی ئەدەبی گرۆتێسکی دا، قسەیان لێدەکرێت. لە چیرۆکی و ئەدەبی کوردیدا، نمونەی ئەم جۆرەی هونەر لە گێڕانەوەدا، بە تایبەت لە پاش ڕاپەڕینەوە، بەرچاوە. نمونەی ئەمە لە هەندێک لە چیرۆکەکانی عەتا محەمەد دا هەیە. بۆ نموونە لە چیرۆکی "یاقووتی ئازار"{محەمەد:٢٠٠٢} و "مەرگی پیاوە ناشرینەکەی ناوم" دا، دەبینرێت. لە یەکەمیاندا، کچێک پارچە شووشەی بڕاوی بچووک، لە چاوییەوە دەردێت و دوایی بینایی لە دەست دەدات، بەڵام لە بری ئەوە ماڵ باوکی بڕە پارەیەکی باشیان بەهۆی فرۆشی ئەو پارچانەوە دەستدەکەوێت، لە چیرۆکی دووەمیاندا، مرۆڤێک لە ناو کەسێتییەکی وەگێڕ دایە و هەموو شت ئاسایی دەنوێنێت لای کەسێتییەکە، بەڵام بۆ خوێنەر دیمەنەکە، لە لایەکەوە ترسناک و قیزەونە، لە لایەکی تریشەوە، پێکەنیناوییە:

((ئەو کاتەی سەیری خۆم کرد بینیم قاچێکی درێژ لە سەروو ئەژنۆوە لە گوێی ڕاستمەوە هاتووەتە دەرەوە و بەسەر شانمدا شۆڕ بووەتەوە، پێڵاوێکی ڕەش و شەڕواڵێکی ڕەشی لەپێدایە، لە گوێکەی ترمەوە دەستێکی توکنی ڕەش لەسەر و ئەنیشکەوە هاتووەتە دەرەوە، دەستێک پڕ لە هێز، سەرسامبووم لەوەی چۆن ئەو قاچە ئەستوور و زلە، لەو کونە بچووکەوە هاتووەتە دەرەوە، وەک بەسەر قەرەوێڵەیەکەوە شۆڕ بووبێتەوە ئاوا بوو، هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو، بەڵام هەر زوو ناسیمەوە، ئەو قاچە بوو ئەگەر لەگەڵ ڕۆیشتنا گوێم لە تەقەی نەبوایە لە دوای خۆمەوە یان لە تەنیشتمەوە، نائارام دەبووم)){محەمەد:١٩٩٩، ٤١}.

ئایا ئێمە ئەم بەرهەمە ئەدەبیانە وەختێک دەخوێنینەوە، دەتوانین بە کاری جوان بیان دەینە قەڵەم؟ هەمیشە وەختێک لە بارەی جوانیناسی بەرهەمی هونەریی و ئەدەبیاتەوە دەدوێن، لە ڕووی فۆڕم و تەکنیک و ناواخنەوە بە دوای وێنەی سەرنجڕاکێش، گێڕانەوەی پڕ بەسەرهات، تەکنیکی ناباو

دا دەگەڕێین. بە جۆرێکی وا کە هەمیشە بەهۆی خەسڵەتی داهێنانیانەوە، چاوەڕوانی جوانیی لە ئەدەب و هونەر دەکەین، دەکرێت بەرهەمی ئەدەبی، ڕاچڵەکێنەر، تراژیدی، خەمهێنەر یان شادی بەخش، خۆش ئاواز، خرۆشهێنەر بێت، بەو مانایەی جوانی و مانای بەرهەمەکە وەک دوو ڕووی یەک دراو تەماشا بکەین. بەڵام زۆرێک لە مانادارترین بەرهەمەکانی ئەم دواییانە، تەواو ناشرینن بگرە لێدەریش بوون، بۆ نموونە لە هونەردا تابلۆی گرونیکای پیکاسۆ، لە ئەدەبی گێڕانەوەدا، ڕۆمانی تەپڵی تەنەکەی گۆنتەر گراس. ڕۆجەر سکروتین ڕای وایە بە جوان زانینی ئەمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە کەمزانی و تەنانەت ڕووکەشسازی ئەو شتەیە، کە ئەوان دەکۆشن بە ئێمەی بڵێن.{اسکروتین،:١٣٨٣، ١٣٥}

نمونەیەک لە ڕۆمانی گرۆتێسک، دەکرێت ئاماژە بە ڕۆمانی "جەمشیدخانی مامم" بدەین. ڕۆمانەکە لە بارەی پیاوێکی کێشسووکی بێجورمە،کە بابردەڵەیە و بەهۆی لەدەستدانی کێشییەوە لە زیندانەکانی بەعسدا، بووە بە مرۆڤێکی نائاسایی و لەگەڵ هەڵکردنی بادا، ئەویش وەک شتە بێ کێش و سووکەکن، با لەگەڵ خۆیی دەبات." من کە بۆ یەکەمجار بینیم کەسێکی لەڕ و قوپاو بوو، لە مەخلوقێک دەچوو لە کاغەزی بۆر دروست بووبێت، پیاوێکی تەنک لەسەرلا وەک خەتێکی باریک دەردەکەوت، هەر بە دەزوویەک دەچوو هەوا بیهێنێت و بیبات، بە پەتێک دەچوو نەسیم بیجوڵێنێت" {عەلی:٢٠٢٠، ١٠} ئەم کەسێتییە کە لەسەرلا وەک هێڵێکی باریک دەبینرێت {بەڵام نازانین سەری چۆن دەبێت بەهێڵ!}، بە گەلێک قۆناغی ناخۆشدا تێدەپەڕێت، کە هەموو جارێک لە فڕیندا پەتەکەی دەپچڕێت و دەکەوێتە مەملەکەتێکی ترەوە، هەموو کەوتنە خوارەوەیەکیشی، توشی لەبیرچوونەوەی دەکات. هەمیشە لە خاڵی بەیەکگەشتنەوەی خۆی و زەویدا، باوەڕ و بیروبۆچونێکی نوێ پەیڕەو دەکات. ڕۆمانەکە هێڵی مێژووی بەسەرهاتەکانی پەنجا ساڵی کۆتایی کوردستانی باشور نیشان دەدات، ئەوەی بەسەر کارەکتەری جەمشید خاندا دێت، دەستخستنە سەر ئەو هێڵە ئایدۆلۆژییە کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا تاکی کوردی پیا تێپەڕێوە "کۆمەنیستی، جاشێتی و سەربازی، ئەسیربوون لە ئێران، خۆ تەسلیمکردنەوە، بوون بە گەریلا، بوون بە خوداناس، قاچاخچێتی لە نێوان ئیستەنبوڵ و یۆنان و دواتر ئاوارەی وڵاتان" و چەندین جار ڕۆشتن و هاتنەوەیی، وەک مەیمون تەماشاکردنی لە لایەن سیاسییە زەنگینەکانەوەو نیشاندەری ئەو ڕووداوە دیارانەن کە بە گشتی کوردی ئێمەی پێداتێپەڕیوە. دواجار ئەم کارەکتەرە، بۆ ڕزگار بوون لەو دۆخە، کە لە وێنە گشتییەکەدا ڕزگاربوونی تاکی کوردستانی باشوورە، بە چوونە دەرەوەیە، ئەو جوگرافیا دوورەی، هەمیشە کورد وەک بەهەشتی ون بوو تەماشای دەکات، بە گەشتنە ئەوێ خەم و کەسەر و نارێکی و بابردەڵەیی خۆیی تێدا چارەسەر دەکات:

"..دواجار لە زەوییەکدا گیرساوەتەوە کە سەرزەمینی خۆیەتی و وەک دوا وێستگەی ژینی تەماشایدەکات. نووسیویەتی لەوێ حەکیمەکان بەسەرییەوەن و هەموو شتێک بەرەو باشی دەڕوات و کێشی وردە وردە زیادیکردووە. دەڵێت ژنانی ئەوی بە دڵسۆزی خزمەتی دەکەن و خۆشەویستی و میهرەبانیان لێدەبارێت..."{عەلی: ١٩١،٢٠٢٠}

گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی جەمشید خان، لەلایەکەوە پێکەنینهێنەرە، ئەو پیاوەی هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبات، لەلایەکەوە ترسهێنەرەوە، بەو ئاراستەیەدا کە سایکۆلۆژی تاکێک نیشان دەدات، هەمیشە لە بارودۆخە سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکاندا شکست دەهێنێت و هیچ جارێکیش ئەزموون وەرناگرێت و هەمیشە وەک سیزیف بە بارە گرانەکەیەوە بەردەبێتەوە و دیسانەوە سەردەکەوێتەوە، بەو جۆرە ژیانی دەگوزەرێت، تا فریادڕەسە جادووییەکە دەگات، کە جێهێشتنی نیشتمانە. ئەمە ئەو ترسەیە کە ڕۆمانەکە دروستی دەکات، ئایا بۆ ڕزگاری، دەرچوون تاکە چارەیە؟.

## پارچەی سێیەم: هونەر و چێژ

مرۆڤ چێژ لە زۆر شت وەردەگرێت، هەندێک لە چێژەکان بەهۆی بەرهەستەکانەوە دەگەن، هەندێکی تر ئەزموون دەکرێن. ئەو چێژەی بەرهەمی هونەریی و ئەدەبی بە مرۆڤی دەبەخشێت، جیاوازە لە چێژی شتەکانی تر. بەو واتایەی ((مرۆڤ چێژ لە هونەر وەردەگرێت، بەڵام چێژوەرگرتنەکەی وەکو چێژوەرگرتن لە ئاوخواردنەوە نییە. من تینووم دەبێت و بۆ شکانی تینوێتییەکەم پەرداخێک ئاو دەخۆمەوە. بە تەماشاکردنی پەرداخە ئاوەکە، تینوێتیم ناشکێت و دەبێت ئاو بخۆمەوە و بیخەمە سەر بوونی خۆم. چێژوەرگرتنم لە ئاو لەم بەرژەوەندییەدا بەرجەستە دەبێت، من لەوێدا چێژ لە پەرداخەکە ئاوەکە وەردەگرم، کە سوودی بۆ شکاندنی تینوێتیم هەبێت. بابەتی ئیستاتیکی لە ئەزموونی مندا، ئەم بەرژەوەندییە دەرناخات، من هیچ کات ناتوانم بەو جۆرەی سوود لە پەرداخە ئاوەکە وەردەگرم و دەیکەم بە بەشێک لە بوونی خۆم، سوود لە خوێندنەوەی هۆنراوەیەک، یان چوونە نێو پێشانگایەکی هونەری وەربگرم، بابەتی ئێستاتیکی لە بەرژەوەندی بەدەرە)){کەمال:٢٠٠٧، ١٨١}. ڕەنگە زۆر جار لە ئەدەبیاتدا چێژوەرگرتن، پەیوەست بکرێتەوە بە مەعریفە بەخشینەوەو یان لە گێڕانەوەدا، پەیوەست بێت بە دوو چاوەڕوانییەوە (ئەی دواتر چی ڕوویدا؟، چۆن ڕوویدا؟) بەڵام دواجار پێناسەی ئەدەبیات هەرچییەک بێت، ئەم فۆڕمە لە هونەر بەهۆی ئەفراندنی خەیاڵیانەی جیهانی دووەم لە ڕێگای زمانەوە، بارێکی چێژبەخش بۆ خوێنەر دروست دەکات {بریسلر:١٣٨٦،٤٠}. چێژەکەش بە شێکی پەیوەستە بە سەلیقەی وەرگرەوە، بەشێکی تری پەیوەندی بە بونیادی بەرهەمەکەوە هەیە.

چی وادەکات بەرهەمێکی ئەدەبی دێرین، لە سەدە جیاوازەکاندا و تائیستاش خوێنەری خۆی هەبێت و چێژبەخش بێت، بۆ نموونە "کۆمیدیای یەزدانی"ی دانتێ ئەلیگۆری، لە سەردەمی نوێدا هێشتا خوێنەرانێکی زۆر چێژی لێوەردەرگرن، ئەم چێژ و خوێندنەوەیە دەبێت بە تایبەتمەندییەکی بەنرخ و باش بۆ ئەو بەرهەمە، هەر خودی ئەو تایبەتمەندییە گۆشەنیگایەکە، بۆ تەماشاکردنی بەرهەمی ئەدەبی و حوکمدان لەسەر ئەوەی هەرکات، خەڵکان بەرهەمێکی ئەدەبییان لەبەر هەر هۆیەک پێ باش بوو، ئەوە بە ئەدەبی ڕەسەن تەماشا دەکرێت. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە،

چی ئەو بەرهەمە، لەبەرهەمە نووسراوەکانی تر جیای دەکاتەوە ؟ چی وای کردووە خوێنەری خۆی بە تێپەڕینی کات هەبێت؟ بێگومان تایبەتمەندی جوانیناسییە، بۆتە سیمای جیاکەرەوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە لە بەرهەمە نووسراوەکانی تر. ئەو کارەشی کە جوانیناسی وەک لقێکی فەلسەفە دەیکات، قسەکردنە لەسەر چەمک و کێشەی جوان و جوانی و دیاریکردنی کێشانەیەک بۆ جوانی بەرهەمی هونەریی. بەو جۆرەی کە تیۆریستە دێرینەکانی وەک ئەفلاتوون و ئەریستۆتالیس پێیان وابوو{برێسێلر:٢٠٠٧، ٣٧} سەرچاوەی جوانی لە ڕێگای خودی بابەتە هونەرییەکەوە بە میرات پێمان دەگات، بەڵام ڕەخنەگرانی دیکەی وەک دەیڤد هیوم حوکمی ئەوە دەدەن کە جوانی لە چاوی وەرگر یان بینەردایە، لە سەدەی بیستەمیش دا هەندێک لە تیۆریسان لە بارەی تێگەشتنی مرۆڤ لە جوانییەوە دەدوێن و پێیان وایە جوانی بەستراوەتەوە بە پێوەندی دینامیکی نێوان بابەت و وەرگرەوە.

بابەتی چێژوەرگرتن لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری دا ئەو کات دێتە دی، کە بەرهەمەکە وەک ئەرکدار، کە ئەرکی گەیاندن و بەیانکردنی شتێک بێت تەماشا نەکرێت، بەڵکو وابەستەی هەر یەک لە ئەرکانەکانی تری سەلیقە و زەوق و هاودڵیی بکرێتەوە، چونکە زەوقێکی پەروەردەکراو چێژ لە هونەر و ئەدەبی باڵا دەبینێت، زەوقی ئاسایی و خۆڕسکی خەڵکی گشتی بە جوانییە ڕووکەش، سادە و ئاسایی و ڕۆژانەکان ڕازییە. هاوکات لەو شوێنەدا چێژ بە بابەتی سوودەوە پەیوەیست دەبێتەوە، وەرگرتنی چێژ لە ڕوانگەی سوودەوە، نەک جوانی ڕەهاوە. لەم بارەیەوە بۆرخیس لە وتارێکی دا بەناونیشانی "ڕازی شیعر"ەوە لە بارەی بەهای شیعر دەدوێت، ڕەخنە لە تیۆرناسان دەگرێت، کە زۆر جار بەرهەمی ئەدەبی و شیعر بەتایبەتی، لە ڕوانگەی زمانەوە تەماشا دەکەن و پەیوەستی دەکەنەوە بە گەیاندنەوە. دەڵێت: ((هەر کاتێک سەرقاڵی خویندنەوەی کتێبەکانی جوانیناسی بووم، هەستێکی ناخۆشم هەبووە، کە وا خەریکم بەرهەمی ئەستێرەناسانێک دەخوێنمەوە کە هەرگیز تەماشای ئەستێرەیان نەکردووە. مەبەستم ئەوەیە ئەوان لە بارەی شیعرەوە وەها دەیاننووسی، وەک ئەوەی شیعر ئەرک بێت{وەزیفە}، نەک وەک ئەوەی کە هەیە: هەیەجان و چێژ!)) {بورخیس: ١٣٨٨، ١٤} دواتر ڕەخنە لە کروچە دەگرێت، کە لە کتێبی جوانیناسییەکەیدا ئەوەی بە دەستەوە داوە، شیعر و زمان، بەیان و دەربڕینن، ئەگەر مەبەست لە بەیان شتێک بیت، ئەوا لە بابەتی کۆنی فۆڕم و شێوەدا دەوەستین، ئەگەریش بیرکردنەوەیەکی تایبەتمان نەبێت لە بارەی بەیانەوە ئەوە ئەم ناساندنە هیچ نابەخشیت.{هەر ئەو سەرچاوە}

بە بڕوای کانت، ئەو هونەرە نمایشکراوانەی کە تێیدا هەستی چێژ، شتێکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان بێ نێوانگیر جێی سەرنجە، بە هونەری جوان دادەنرێت. بەو واتایەی ئامانجی هونەری جوان و دڵڕفێن ئەفراندنی هەستی بەچێژە. ئەو چێژەیشی لە ئەنجامی خستنەڕووی هونەرەجوانەکاندا دێتەبەرهەم، چێژی تێرامانە. بەو مانایەی بەهۆی خستنەگەڕی هێزی ئەندێشە و مەعریفەوە سەرچاوە دەگرێت. {جرولند:١٣٨٧، ١٠}کانت پێیوایە نابێت جوانی شتێک بە سوود و بەهای شتەکەوە ببەستینەوە، بەڵکو دەبێت لایەنی جوانی، لە خۆیدا و بۆ خۆی بە جوان بزانین، تاوەکو

بتوانین حوکمی جوانیناسیانە بدەین. کاتێک حوکم لەسەر جوانی شتێک دەدەین، لە ڕاستیدا جوانی وەک ئامانجی کۆتایی و ئەنجامی قەتعی دەناسێنین، کەواتە جوانی ئامانجێکی بێ مەبەستەو کاتێکیش وەک ئەنجام بخرێتە ڕوو، واتە خۆی هەدەف بێت، دوور لە وێنای هەر جۆرە ئەنجامێک نیشان دەدرێت. ئەگەر جوانی بخەیتە خزمەت ئامانجێکەوە، واتە وەک ئامرازێک بۆ گەشتن بە مەبەستێک بەکاری بهێنێن، ئەو کات حوکمێکی ئەنجامخوازانامان داوە، کە دوورە لە حوکمی جوانیناسانە و کاری ناکردەیە. لە حوکمی جوانیناسی دا نابێت بڵێین ئەم شتە جوانە، چونکە گونجاوە بۆ گەشتن بەو ئامانجە، دەبیت بابەتی جوانی خۆی لە خۆیدا بە جوان بزانین، تاکو حوکمێکی جوانیناسانەمان دابێت. {احمدی:١٣٩٥، ٨٥}. سەبارەت بە چێژوەرگرتن لە بابەتی هونەریی و ئەدەبی، دەتوانیین بڵێین: ((چێژوەرگرتن و هەستکردن بە جوانی بابەتێکی خۆیین؛ پەیوەندیان بە ئەزموونی تاکەوە هەیە، ئێمە دەزانین ئەم ئەزموونە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دی جیاوازە و تاکەکان وەکو یەک چێژ لە بابەتێک وەرناگرن)){کەمال:٢٠٠٧، ٢٧٨} بۆیە زۆر جار سەبارەت بە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی، ڕای جیاواز بە پێداگری و بەڵگەی زۆرەوە لەلایەن وەرگرەکانییەوە درووست دەبێت. بابەتی چێژ لە تیۆری ئەدەبی دا، تەنها بە جوانییەوە نابەسرێتەوە، بەڵکو لە ئەدەبناسی نوێ دا یەکێک لە بابەتە گرنگ و لەسەر دواوەکان، بابەتی چێژە. ڕۆلان بارت لە بارەی چێژی دەقەوە دەدوێت، تۆدۆرۆف لە بارەی چێژی ڕەخنە و پۆڵ ڕیکۆریش چێژی تەفسیر و ڕاڤە دەبنە جێی بایەخی.

## پارچەی چوارەم: سەلیقە و زەوق

تێڕوانینەکان لە بارەی زانستی جوانیناسییەوە، زۆر و لقدارن، کە هەر یەکەیان لە دیدگایەکەوە پەی بە جوانی دەبات و میتۆد و شیوازی خۆی بۆ دیاریکردنی جوانی نێو بەرهەمی ئەدەبی دادەڕێژێت. هەندێکیان لە بارەی ڕێژەیی بوونی جوانییەوە دەدوێن، هەندێکی تریان جوانی سروشتی و جوانی هونەریی بەراورد دەکەن، دەستەیەکیشیان لە بارەی خودیبوون و کاریگەری دەروونی تاک و سەلیقەی کەس بۆ جوانبینی و ناسینی جوانی دەدوێن. لە نیوان ئەمانەدا ڕای ڕیمۆن بایێر بۆ ئێمە سەبارەت بە زانست و مەسەلەی جوانی گرنگە. ئەو پێی وایە هەموو زانستەکانی تر زانستی چەندایەتین، بەڵام ئێستاتیکا بەر لە هەر شتێک زانستی چۆنایەتییە و زادەی چەند فاکتەرێکی خودییە، لە کاتێکدا زانستەکانی تر بابەتین، دواجار ئێستاتیکا خاوەنی مۆرکێکی تاکەکەسی یان تایبەتە، کەچی هەموو زانستەکانی تر خاوەنی مۆرکێکی گشتی یان تایبەتین.{فولەر: ٢٠٢٠، ٢٢٣}. درککردن، بە چۆنییەتی بەرهەمێکی ئەدەبی، پەیوەستە بە سەلیقە و زەوقی وەرگرەوە، بەو مانایەی زەوق هەمیشە وابەستەی زانستی جوانیناسییە، تا ئەو ئاستەی لە ناساندنە بنەچەییەکاندا ئاماژەی پێدەدرێت، جوانیناسی لقێکە لە فەلسەفە، کە لە هونەر و زەوقی هونەری و جۆر و ئەزمونی پەیوەست بە جوانییەوە دەکۆڵێتەوە.{شریفی:١٣٨٧، ٧٦١}.

له بنەڕەتدا، وشەی زەوق و زائقە، وشەیەکە ئاماژەیە بۆ یەکێک لە پێنج هەستەکە، ئەو هەستەی کە هێزی جیاکردنەوە و چێژی چەشتن دروست دەکات. چەشە وەک بەدەستهاتووی هەستەکان، پەیوەندی تەنگاتەنگی بە چێژ و نەبوونی چێژەوە هەیە. بەڵام کاتێک باسەکە دێتە سەر ئەدەب و هونەر ئەوا پەی بەوە دەبەین کە ئەم توخمەی سۆز کە یەکێکە لە هەستی چەشتن بە شێوەیەکی خواستن بۆ چێژی جوانیناسی بەکاردێت. بەو مانایەی کە چەشتن نەک تەنها بۆ بەدەستهێنانی خۆش یان ناخۆشە بە تایبەت لە خواردن دا، بەڵکو لە پاڵ ئەوەدا و لە دەمی چەشتنی دا، دەکرێت هەست بە شتی تر بکرێت، بۆ نمونە: ئەو کەسەی چەشەی سنووردارە، ڕەنگە گرنگی بە خواردنی خۆش نەدات، بەڵام کەسێک توانای چەشەکردنی زیاتری هەیە، توانای جیاکردنەوەی تامە جیاکانیشی هەیە. کەوایە زەوق خواستنێکە لە تیۆری درکی شت و دیاردە سرووشتی و هونەرییەکاندا بەکاردێت، لەو بوارانەی کە تێیدا ئەو کەسە دەتوانێت بەرامبەر بە درک کردن بێ موبالات یان هەستار بێت. هەموو ئەمانەش وەختێک بەدی دێن، کەسەکە بەر ئەو شتە کەوتێبیت و ئەزموونی هەبێت لەگەڵیدا، تا بتوانێت لە بارەی چەشەی خۆیەوە بڕیار بدات.{گات و ایر لوپس:١٣٨٦، ١٤٤}

زەوق و سەلیقە بە یەکێک لە هۆکارەکانی دیاریکردنی خاڵی جوانیناسی لە قەڵەم دەدرێت، هەر چەندە ئەم بابەتە خودییە و بە کەسێتی وەرگر یان بینەرەوە پەیوەستە، بەڵام ڕەخنەگر دەتوانێت بە شێوەیەک، کە کەمترین مەیل و خواستی خۆی ئاوێتەی سەرنجەکانی بکات، بەهۆی سەلیقەوە پەی بە جوانی و داهێنانی ئەدەبی ببات ((لە ڕاستیدا زەوق، بریتییە لە هەست و درکی ورد و خێرا، کە جوانی و ناشرینی بەرهەمی سرووشت و هونەر کەشف دەکات و، هەڵبەتە پێگەیاندن و پەروەردەکردن، کاریگەریان لەسەر فراوانکردن و کامڵکردنی هەیە.)){زرین کوب:١٣٨٠، ٥٦}.

وردبوونەوە لە بابەتی زەوق و سەلیقەی ئەدەبی، وەک بەشێک لە کۆمەڵناسی ئەدەبیات تەماشا دەکرێت، ئەو زانستەی لە سەدەی نۆزدەوە کار لەسەر پەیوەندی بەرهەمی ئەدەبی و دۆخی کۆمەڵایەتی دەکات، نوسەر وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی هەڵگری بیری کۆمەڵە و بە شێوازی خودیی دەریدەبڕێت، وەک "ژان ئیڤ تادییە" دەڵێت: کۆمەڵگە بەر لە نووسین و بەرهەم بوونی هەیە، نوسەر پابەند دەکات و نوسەریش دۆخی کۆمەڵ دەنەخشێنێت و دەینوێنیت و هەوڵدەدات بیگۆڕێت. بایەخی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتی توێژەرانی وەک: دوستاڵ و ئیپۆلیت و بیرمەندانی وەک هیگڵ و مارکس، کە پرەنسیبەکانیان لەگەڵ کارەکانی ئیمیل دۆرکایم و لانستۆن، بوونە پێکهێنەری بنەماکانی ئەم لقەی توێژینەوە.{ئەدرنۆ:٢٠٠٩، ٧٥} ئەوەی جێی سەرنجە سەبارەت بە سەلقیە و زەوقی ئەدەبی، کارکردنی شوکینگە لەسەر زەوقی ئەدەبی وەک لقێک لە کۆمەڵناسی ئەدەبیات، ئەو لە کتێبەکەیدا {شوکینگ:١٣٨٣} لە بارەی مامەڵەی نێوان کۆمەڵ و تێکستی ئەدەبی و چۆنییەتی پێکهاتەی زەوقی ئەدەبی و گەشەسەندنی زەوقی گشتی-یەوە، دواوە و پێی وایە لە هەر سەردەمێکی دیاریکراودا زەوق و سەلیقەیەکی دیاریکراو هەیە، ئەمە زۆر بە ڕوونی لە سەبکە گۆڕاوەکانی هونەرەجوانەکاندا دەردەکەوێت. بابەتی زەوقی لە لایەکەوە

پەیوەستی کۆمەڵناسییە، لە لایەکی ترەوە وابەستەی ئاسۆی خوێنەر و هەڵویستی وەرگرە، کە ئەوان لە ژێر ناونیشانی جوانیناسی وەرگرتن دا لێی دەدوێن، بنەڕەتی کارەکەشیان پەیوەستە بە کتێبێکی "هانز رۆبێرت یاوس" ەوە بە ناوی "دەربارەی جوانیناسی وەرگرتن"ەوە. ئەو پێی وایە خوێنەر لە بەخشینی مانا بە دەق دا، پشکی هەیە و مادەم دۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی تێگەیشتن دەگۆڕێت، مانای بەرهەمیش دەگۆڕێت. گۆڕانەکەشی پەیوەندی بە دیدی ئێستاتیکی وەرگرەوە هەیە. {ئەدۆنۆ:٢٠٠٩، ٩٧}.

زەوقی ئەدەبی بە ڕای شۆکینگ وابەستەی زەمەنە و لە ئان و دەمی خۆیدا دەگۆڕێت، وەک چۆن کۆمەڵناسەکانی تریش بۆ ڕوانین لە ئەدەبیات گرنگیان بە زەمەن دەدا، بۆ نموونە لەگەڵ ناوهێنانی ئیپۆلیت تن کە بونیادنەری کۆمەڵناسی ئەدەبیاتە، سێ وشە دێتە زەینمانەوە: "نەژاد، شوێن، کات" وێرای گرنگی دوودانەکەی تر، لێرەوە مانای کات کە بە {ڕۆحی سەردەم} دەناسرێت و جێی خۆی دەگرێت. وشەکە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ئەڵمانییە (Zeitgeist) بە مانای سەلیقەی باوی سەردەمێکی دیاریکراو دێت. {ولک:١٣٨٥، ٤، ٥٢}، بە ڕۆحی هاوبەش لە سەردەمێکدا دەوترێت. چاوەڕوان دەکرا لە ڕەخنەگر وەها لەگەڵ ئەم ڕۆحەدا هاودڵی هەبێت وەک ئەوەی لەگەڵ بار و دیدگای بیرێکی تاکدا هاودڵی بکات. {ریچارد:١٣٨٥، ٤١٦}

سەلیقەی ئەدەبی، لە زۆر باردا پەیوەستە بە بابەتی هزری و ئایدۆلۆژی و جیهانبینی خوێنەر یان ڕەخنەگرەوە. تاکو باکگراوندی ئەدەبناسی و جیهانبینی فراوانتر بێت، سەلیقەی ئەدەبیشی بەرەو ئاستی بالاتر دەچێت. لە کاتێکدا خۆبەستنەوە بە چوارچێوەیەکی سیاسی یان ئایدۆلۆژییەوە، دەبێتە هۆی سنووردارکردنی جوانیبینی و چێژی ئەدەبی. نموونەیەکی زۆر دیار و ڕوونی سەلیقەی ئەدەبی، بەرهەمی ڕەشۆکیخواز و بەرهەمی دەستەبێژخوازە، کەسانی ئاسایی و ئاست نزمی ڕۆشنبیری، جوانییەکانیان لە ڕۆمانێکی سۆزاوی هەستبزێن دا بەرجەستە دەبێت و زۆر گرانە توانای چێژوەرگرتنی لە بەرهەمێکی جدی بە هەمان تێمەوە هەبێت. بەڵام ئەم سەلیقەیە دەتوانێت بگۆڕێت و ئاستەکەی بەرەو درککردنی جوانی و کەشفکردنی جوانی بڕوات، دەشێت بەرهەمێک جوان بێت، بەڵام ئێمە نەتوانین پەی بە جوانییەکەی ببەین، بەهۆی کەسێکەوە کە دەستی بە جوانی گەیشتووە، لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوەوە جوانییەکە بۆ ئێمەش کەشف دەکات. ئەو کات ئاستی چێژوەرگرتن و توانای تێگەیشتمان دەگۆڕێت، ئەمەش ئەو کارەیە کە ڕەخنە دەیکات. بەهۆی خوێندنەوەوە یارمەتی وەرگر دەدات، جارێکی تر بە ڕوویەکی ترەوە ئەو بەرهەمە ئەزموون بکات، تا بەهۆی بەڵگەهێنانەوە و خوێندنەوەوە دەستی بە مانا شاراوە و جوانییە پەنهانەکانی بگات بەو مانایەی ((شتێک بە ناوی بەڵگەهێنانەوە هەیە، کە ئامانجی گۆڕانە لە درک کردندا، هەر بەڵگەهێنانەوەیەکیش کە گۆڕانکاری لە درک دا نەکردبێتە ئامانج، ناکرێت بە بەڵگەهێنانەوەی ڕەخنەگرانە ئەژمار بکرێت)) {اسکروتین:١٣٨٣، ١٤٩}.

لێرەوە بابەتی جوانی و سەلیقەی جوانیناسی لە بابەتێکی سرووشتی و غەریزییەوە، دەبێت بە بابەتێکی پەروەردەیی. بۆیە هەمیشە کەسانی ڕۆشنبیر منداڵ یان خوێندکارەکانیان لە خاڵی سەرەتاوە بە بەڵگەهێنانەوە و کەشفکردنەوە پەروەردەکەن. لەکاتێکدا ئەگەر وێڕای پەروەردەکردن، هەر یەک لە هەستی ئایدۆلۆژی یان ئایینی یان هەر دەمارگیرییەک لە کەسەکەدا بێت، ئەوا دیدی جوانیناسی ئەو سنووردار دەبێت و، لە نەستدا توانای هەڵمژینی جوانی نابێت. ڕەنگە نموونەی ئەمە کتێبی ئەیوب بێت، بە گێڕانەوەی پەیمانی کۆن، چەندێک زمانی ئەدەبی پڕ وێنە و گێڕانەوەیەکی دڵنشینی هەیە، بەڵام بەهۆی تێڕوانینی جیای قورئان بۆ ئەو چیرۆکە و بڕوای کەسی موسوڵمان، ناتوانێت بەر جوانییەکانی بکەویت، یان گێڕانەوەی شەوڕەوی پێغەمبەر بۆ کەسێکی پابەندی یەکێک یەکێک لە ئایینە ئیبراهیمییەکانی دی. هەمان شت بۆ دەشێت بۆ تورکێکی دەمارگیریش ڕاست بێت، کە جوانی لە موزیک و گۆرانی کوردی دا، چەندێکیش بە شکۆ بێت نەبینێت.

سەبارەت بە زەوقی ئێستاتیکی جێی خۆیەتی لێرەدا، ئاماژە بدەین بە تێڕوانینەکانی کانت. ئەو جوانیناسی خۆی بە بەشێک لەژێرناونیشانی "حوکمی زەوقیی جوانیناسی" دەست پێکرد، کە دەکرێت نیشاندەری ڕای جیاوازی ئەو بێت بەرامبەر بە بومگارتن. بەڕای بومگارتن حوکمی زەوقی دەرخەری جۆرێک لە ناسین و مەعریفەیە. بەو شێوەیەی دەکرێت، بە جۆرێک حوکمی مەعریفی بزانین کە هێشتا بەتەواوی شێوەی خۆی وەرنەگرتوە. بەڵام کانت، حوکمی زەوقی بە جۆرێکی جیاوازی حوکم دادەنێت، کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ حوکمی ناسین دا جیاوازە. بە ڕای کانت حوکمی زەوقی بنەمای تەواو تایبەت بە خۆیی هەیە. کەواتە ناکرێت ئەو حوکمانە وەک دروستکەری قۆناغی پێشدەستی بۆ حوکمی مەعریفی دابنرێت و نە وەک باسێکی ناهاوتای حوکمی ناسینیش بخرێتە ڕوو، بەڵکو دەبێت بە هاوئاستی حوکمی ناسین بزانرێت.

کانت پێداگری لەسەر جیاکردنەوەی دوو شت دەکرد، کە بومگارتن جیای نەکردبوونەوە: جوانی و ناسین. یان بە واتایەکی تر، حوکمی زەوقی و حوکمی ناسین.{ونزل:١٣٩٥، ٣١}. وەختێک شتێک بە جوان یان ناشرین لە قەڵەم دەدەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێنایەمان کە بەرهەمی ئیدراکی حیسیمانە. کاتێک شتێک بە جوان ناو دەبەین، حوکمێک دەدەین جیاواز لە حوکمی لۆجیکی، مەفهومی و عەقڵانی. بۆ نموونە کاتێک دەڵێم "ئەم گوڵە بە بڕوای من جوانە" ئەو بڕیارەی داومە زەوقییە و جوانیناسیانە نییە، چونکە لە هەستی تایبەتی خۆمەوە ئەو ڕایەم دەربڕیوە، حوکمێکی گشتی و گشتگیرم نەداوە و زۆر بە سانایی هەستی خۆمم دەربڕیوە، کە لە ڕاستیدا ئەم حوکمە پشت ئەستورە بە سەلیقەی تاکەکەسی و جێگەی چەند و چونی تێدا نابێتەوەە. گوڵ بە ڕای من جوانە، ئەگەریش کەسێک بە جوانی نەزانێت، هیچ کاممان ڕێگەیەمان بۆ سەلماندنی دروستیی ڕاکەی خۆمانمان نییە، چونکە داوەری زەوقی لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی لۆجیک دایە. وەختێک دەڵێین "ئەم گوڵە جوانە"، بەم داوەریکردنە، نەک تەنها دەمەوێت نیشانی بدەم کە بە ڕای من ئەم گوڵە جوانە، بەڵکو بە ڕای من دەبێت هەر کەسیش بینی بە جوانی بزانێت، ئەمە هەم

داوەری زەوقییە، هەم داوەری جوانیناسییانەیە، بەڵام لەو ڕوانگەوەی جوانی نابینرێت و درک دەکرێت دیسانەوە ناتوانین ئەو کەسەی دەڵێت ئەم گوڵە جوان نییە، قەناعەتی پێ بکەین و هاوڕای خۆمانی بکەین. داوەری من لە بارەی جوانیی گوڵەوە، پێچەوانەی ئەوەیە کە بڵێم "ئەم گوڵە زەردە". لەم بارەدا من داوەریی مەفهومی، مەعریفی و لۆجیکیم کردووە. واتە مەفهومی زەردیم بۆ گوڵ زیاد کردووە، بانگەشەی ناسینی لایەنێکیم کردووە و، ئامادەم تا لە بارەی دروستی حوکمەکەوە گفتوگۆی لۆجیکی بکەم، بەڵام ئەو دەمەی دەڵێم ئەم گوڵە جوانە، جوانیم وەک مەفهومێکی گشتی بۆ گوڵەکە زیاد نەکردووە، کەواتە لایەنێکی گوڵ ناناسم و جێگەی گفتوگۆ و قەناعەتکردنیشم نەهێشتۆتەوە. داوەری گشتی من کە گوڵێکم بە جوان زانیوە، تەنها هەواڵی کاردانەی هەستیی من بەرامبەر بە گوڵ نیشان دەدات. هێزی داوەری ئێمە دەتوانێت، بابەتی تایبەت بۆ بابەتی گشتی بگۆڕیت، بەڵام سەلیقە ناتوانێت ببێت بە بابەتێکی گشتی. من خۆم وتومە بە ڕای من ئەم گوڵە جوانە، بانگەشەی جیهانی بوون و گشتگیربوونی ئەم حوکمەی خۆم نیم. بەڵام وەختێک داوەری زەوقی و داوەری جوانیناسیانە دەکەم و دەڵێم: ئەم گوڵە جوانە، بابەتێکی تایبەتم گۆڕیوە بۆ گشتی و هەمەکی، بانگەشەی ئەوەم کردووە، کە ئەم گوڵە بۆ هەر وێنایەک کە لە زەینی هەر کەسێکدا دروستی بکات، جوان دەبێت. من لە تەماشاکردنی گوڵێدا کە چێژم لی وەرگرتووەو بە شوێن سودێکی تایبەتەوە نیم، حوکمێکی گشتیم داوە. واتە وتومە کە ئەم گوڵە دەبێت بە ڕای هەموو کەسێک جوان بێت، واتە بۆ هەموو کەسێک ببێتە هۆی چێژی جوانیناسییانە، چونکە چێژ بنەمای کارەکەیە. دواتر کانت چوار پێناسەی هەندەکی جوانی دەدات بە دەستەوە کە پێکەوە ناساندێکی گشتی جوانی دەخەنە بەردەست: (چۆنییەتی، چەندێتی، پەیوەندی، مەرجدارێتی) و لە ڕوانگەی ئەمانەوە داوەری زەوقی دەخاتە بەر باس.{احمدی:١٣٩٥، ٨٣}.

### پارچەی پێنجەم: هاودڵی

وەرگر و خوێنەر بەهۆی پێشینەی زانیاری و ئاستی ڕۆشنبیری و جیهانبینیانەوە، تێگەشتیان بۆ جوانی و ئاستی چێژوەرگرتنیان لەبەرهەمێکی ئەدەبی دا دەگۆڕێت، هەندێک جار خوێنەر چێژ لەبەرهەمێکی ئەدەبی وەردەگرێت، بەهۆی هاودڵی "هاوسۆزی"ییەوە، ((هاودڵی بریتییە لە هەوڵدان بۆ هەستکردن بە دەروونی زیهنیەتییەک جگە لە دەروونی زیهنیەتی خودی خۆی، خوێنەر و ڕەخنەگر دەشێت بتوانن دەروونی و بیری کەسێتی نشیاندارو یان نوسەر یان تەنانەت گیانێکی گشتی هەست پێ بکەن. شاعیر دەشێت دەروون و بیری پارچە هەورێک یان شاهێنێک لەدەمی فڕیندا هەست پێبکات)){هارلند:١٣٨٥، ٤٠} ئەم هەستپێکردنە بۆ خوێنەر دەگوێزرێتەوە ئەویش ئەمە دەکاتە پێوەرێک بۆ بە جوانداناني بەرهەمێک. لەو ڕوانگەوەی کە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی و تێڕامان بەرامبەر بە جوان و ناشرین، ڕوون و چوارچێوەبەند نییە، ئەوا هەستکردن و تێگەشتن لە بارودۆخی ناو دەقێکی، ئەدەبی دەبێتە

پێوەرێکی خودیی بۆ هەڵسەنگاندنی جوانی. بێگومان ئەمە پەیوەستە بە باری دەروونی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی مەعریفی وەرگرەوە، لە لایەکی تریشەوە پەیوەستە بە جۆری کارکردنی نوسەر یان بەرهەمهێنەرەوە، کە چۆن کار دەکات لەسەر سۆز و تێگەیشتنی خوێنەر بەرامبەر بە بابەتە مرۆییەکان. ئەوانەی کە کۆی مرۆڤایەتی لەسەری کۆکن و وەک چەمکی گرنگ و بنەڕەتی بۆ ژیان تەماشای دەکەن.

لەم ڕوانگەیەوە توێژەران ئەریستۆتالیس بە بونیادنەری بەهای هاوسۆزی و هاوخەمی ناو بەرهەمی ئەدەبی دەزانن ((پۆیەتیکا ئیلهامبەخشی گۆڕانکاری گرنگ بوو لە جوانیناسی دا)) {الساندرو: ١٣٩٧، ٤٨} ئەو بە بایەخدان بە هەردوو بابەتی جوانی و ئاکار، لە بەرهەمی ئەدەبی (تراژیدیا) دەدوا، بەرهەمی جوان تەنها پێکهاتە و فۆڕمی پتەو و چینینی باشی نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی وروژاندنی ترس و بەزەیی و هاودڵی دروست دەکات، بەو مانایەی هاودڵی دەبێتە هۆی ڕامان بەدیار بەرهەمەکەوە، هاودڵیش سۆز و بەرزەیی دەجولێنێت و دواجار ناخی وەرگر خاوێن دەکاتەوە. ئەریستۆتالیس لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ترس و بەزەیی بۆی هەیە بەهۆی دیمەنی شانۆییەوە بوروژێنرێن و بۆشی هەیە لە ناخی بنیاتی کردەوەوە سەرهەڵبدەن، ئەمەیان ڕێبازێکی پەسەندە و نیشانەی شاعیری تراجیدی هەرە چاکە. چنینەکە دەبێت بە جۆرێکی وا ڕێکبخرێت، کە ئەوەی هەر دەیبیستێت، بێ ئەوەی بیشیبینێت و لەسەر شانۆ پیشان بدرێت، لەبەر ترس و بەزەیی موچڕکی پێدابێت، ئەمە وەکو ئەوە وایە هەر کەسی گوێی لە چیرۆکی ئۆدیپۆس بێت، هەستی پێدەکات)) {ئەرەستۆ:٢٠٠٤، ٥١}.

دروستکردنی هاودڵی و وروژانی سۆز، کاتێک مەیسەر دەبێت، کە ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان بۆ دۆست و کەسانی نزیک بێنە پێش. ئەو جیاکارییەک لە نێوان ڕوووداوەکاندا دەکات، ئەگەر کەسێک گێڕانەوەکەدا بیەوێت دوژمنی خۆی بکوژێت، یان هەوڵی کوشتنی بدات، ئەمە نابێتە هۆی بزواندن، یان ئەگەر ڕووداوەکە بۆ کەسانێک ڕووبدات کە نەدۆست نەدوژمن بن، بەڵام ئەو کاتە ڕووداوەکە دەبێتە تراژیدیا هەست بزوێن و هاوخەمی، کە ڕووداوەکان بەسەر کەسانی هاوخوێن دابێن، وەک ئەوەی برایەک برا یان خوشکی خۆی بکوژێت، کوڕێک باوکی خۆی، یان دایکێک کوڕی خۆی بکوژێت یان ڕووداوی هاوشێوەی وەها. ئەوەی ئەم بابەتەی جوانی لەوانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە لێرەدا پێوەری هەڵسەنگێنەری جوانی، بابەتە، نەک فۆڕم. بابەت یان تێمە ((بیرۆکەی بنەڕەتی و باڵای هەر دەقێکی ئەدەبییە، هێڵ یان ئەو ڕشتەیەیە کە لە میانەی بەرهەمەکەدا دەکێشرێت توخمەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، بە واتایەکی تر، تێمەیان وەک بیرۆکە و بۆچوونی حاکمانە ناساندووە کە نوسەر لە چیرۆکەکەدا دەیخاتە گەڕ)) {میرصادقی و میمنت میر صادقی: ١٣٨٨، ١٢٧}.

بەشێکی زۆری هاودڵی و دەرگیری سۆزئامیز لە بەرکەوتن لەگەڵ گێڕانەوەدا ڕوو دەدات (دەرگیری سۆزاوی، بە زۆری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئێمە لەگەڵ هونەردا ڕوویەکی بونیادی

هەیە، دەوترێت کە بەشێک لە بەرهەمی ئەدەبی بەیانکەری هەستەکان- سۆزەکانن، زۆربەی کات ئیدراک"خوێندنەوە، بینن، بیستن"ی بەرهەمی هونەریی باری سۆزاوی جۆراوجۆر لە ئێمەدا دروست دەکات، کە دروستبوونی سۆزەکان، هەست و خرۆش ڕەسەنترین نمونەیین)){السالندرو: ١٣٩٧، ٢٨٤}گێڕانەوە ئەو خەسڵەتەی هەیە، کە نزیکی بۆ خوێنەر دروست بکات، بە هەردوو بارەی ئەرێنیی و نەرێنی دا خوێنەر بخاتە داوی سۆزە. دەکرێت خوێنەر لایەنگر و هاوسۆزی کارەکتەرەکان بێت، بەهۆی ئەو کردە و ئاکارە مرۆڤانەیەی کە دەیکەن، یان دەشێت بەهۆی شەڕانی بوون و لادانە بێشوومار و زیانبەخشەکان، دژ و نەیاری کارەکتەرەکە بێت. یاخود لەبەردەم پرسیاری قوڵ و گومان دروستکەردا بوەستێت و نەتوانێت لە نیوان سۆز و ئاکار و ئەقڵ دا بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، بۆ نموونە بەرامبەر بە کرداری "ڕاسکۆلینکۆف" لە تاوان و سزادا، دەبێت خوێنەر هاودڵی بۆ بکوژێک یان بۆ پیرەژنێکی کوژاوی خراپەکار هەبێت ؟

هاودڵی لەبەر ئەوەی وەک جادوو دەتوانێت خوێنەر بەلای دەق، تایبەتتریش گێڕانەوەدا کێش بکات، زۆرجار دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی (چیرۆک، ڕۆمان، فیلم، شانۆ) لاواز و ڕەشۆکیخواز. نوسەرانی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە، بەرهەمەکانیان بە بیرۆکەی هەستبزوێن و لەسەر بنەمای جوڵاندنی هاودڵی بونیاد دەنێن و بەهۆی زەقکردنەوەی ئەم خاڵەوە، هەر یەک لە بابەتە ئێستاتیکی و هونەرییەکانی گێڕانەوەکە دەبێت بە ژێر باری سۆزبزواندنەوە. فرۆشی بێشوماری فیلمەکانی بۆکس ئۆفیس و ڕۆمانە بازرگانییەکان، نیشاندەری ئەم خاڵەن. ئەگەر ئەم بارە پەیوەست بکەینەوە بە خوێنەری کوردەوە، ئەوا لەبەردەم خوێنەرێکی دروستکراوی فریودراو دا دەوەستین، کە بەهۆی وەرگێڕانی ڕۆمانە سۆزبزوێنە تورکی و فارسییەکانەوە، جیهانبینی ئەدەبی و سەلیقە و زەوقی بۆ ئەدەبی گێڕانەوە، لە هاوخەومی بۆ بەسەرهاتی هەستبزوێنی ڕۆژانە دا سنووردار کراوە. بەشێکی ئەوەی ئەم کارە دەکات، لایەنگرانی گەشەپێدانی مرۆیین، کە ئەدەبیات لە بەهای جوانی و چێژەوە دەگوازنەوە بۆ پەیامی ساختە و دەستگیرۆیی ڕووکەش و لە ژێر ناونیشانی ڕاستەخۆ و پەیامدەردا، ڕۆمانی بێشومار وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی. دواجار لە سایەی ئەم ڕێکخراوانەوە، ژمارەیەکی زۆری خوێنەری ڕەشوکی بەرهەم دێت، کە جوانی بەرهەمی ئەدەبی تەنها لە هەستبزوێنیدا دەبیننەوە.

### پارچەی شەشەم: بنەمای جوانیناسی

بە شێوەیەکی گشتی لە بارەی جوانیناسییەوە، قوتابخانە جیاوازەکان، سەردەم و دیدی تاکەوە، لە ڕوانینی تایبەت و سەربەخۆوە لێی ڕوانراوە و زۆرجاریش کە دەوترێت جوانی بابەتێکی ڕێژەییە، ڕووبەڕووی جۆرێک لە بێ چوارچێوەیی و سەرگەردانی دەبینەوە، بەڵام کاتێک ئەو پرسیارە دەکەین، بۆچی شتێک بە جوان دەزانین و شتێکی تر بە ناشرین؟ ئایا هیچ هێزێک لە مرۆڤدا هەیە بۆ جیاکردنەوەی غەریزیانەی جوان لە ناشرین؟ ئایا پشتی تەواو ببەستین بە

سەلیقە و زەوقی تاک و کۆمەڵ لە دیاریکردن و هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر جوانی بەرهەمێک؟ ئەوکات بە چوونەوە ناو زانستی جوانیناسی وەڵامی هەر یەک لەوانەم دەستدەکەوێت و لە چوارچێوەی کارکردن تێیدا ناچار دەبین، بنەمای گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی جوانی دیاری بکەین.

هەرچەندە لە جوانیناسی دا، دیاریکردنی بنەما بۆ بەجوانداناني شتێک کارێکی ئاسان نییە. چونکە دەکرێت لەسەر هەندێک بنەما، شتێک بە جوان بزانین، بۆ نموونە: "گونجاندن و ڕێکی و هاوتایی" بکەین بە پێوەر و لەسەر ئەو بنەمایە، تەماشای شتەکە بکەین و جوانیش بێت، بەڵام زۆرجار هەمان بنەما بۆ شتێکی تر، جوانی ناهێنێت، بگرە دەشێت بە هەموو ئەو پێوەرانە شتەکەیان کلێشەیی و سەرنجڕانەکێش و ناشرین کردبێت{گات و دومینیک مکایور: ١٣٨٦، ١٦٧} بەڵام ناکرێت هەوڵ نەدرێت بۆ دیاریکردنی هەندێک پێوەر، بۆیە قوتابخانە جیاوازەکان، بە تایبەت قوتابخانە ئەدەبییەکان، هەوڵی خۆیان داوە بۆ دیاریکردنی هەندێک بنەما.

بنەماکان دەشێت لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی تر بگۆڕێن، بەڵام دواجار بوونیان ڕێگر دەبێت، لەسەر بێ بەندوباری و ڕوانین لە بەرهەمی هونەری و ئەدەبی. لەم ڕوانگەیەوە "باسچ" پێی وایە جوانناس تەنها ڕانامێنێت و هەستەکانی بۆ جوانی ناخاتەگەڕ، یان لە کارەکانیدا پەنا بۆ ئیلهام بات، بەڵکو ئەو زانایەکە کار بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی جوانی دەکات و ڕوونکردنەوە لەسەر تێگەشتنی خۆی بۆئێمە دەدات. بەو مانایەی ڕاستە زانستی جوانیناسی وەک زانستی ژیربێژ و ئاکارناسی(لۆجیک و مۆراڵ) پشت بە هەستیکی خۆڕسک دەبەستێت، بەو جۆرەی کە خود هەست دەکات ناچارە بە دوای جوانیدا وێڵ بێت وەک چۆن بە دوای ڕاستی و خێردا دەگەڕێت، بەڵام هەر زانای جوانناسیشە کاتێک واقیعی پیوەرەکان پۆلێن دەکات و گوزارشتیان لێدەکات و شییان دەکاتەوە، تەنها پەنا بۆ هەستی ئیستاتیکی نابات، کە سروشتیکی حەدسی پێوەریی هەیە، بەڵکو پەنا بۆ کۆمەڵیک شیوازی ئەنجامخوازی و کۆمەڵیک میتۆدی ئەزمونگەری دەبات لە پیناو شیکردنەوەی بابەتە ئیستاتیکەکەدا. بەو مانایەی هەرچەندە هەستکردن بە جوانی مەرجێکی گرنگی بایەخدانە بە لێکۆڵینەوەی جوانیناسی، بەڵام ناکرێت ئەو هەستکردنە بە تاقە مەرجی بنەڕەتی دامەزراندنی زانستی جوانی بزانین و زانای جوانناس تەنها لە ڕێگەی هەستکردن بە جوانییەوە نابێتە زانا، بەڵکو پێوەر و میتۆد و ڕوانین لە بنەما پێکهێنەرەکانی جەوهەری جوانییەکە گرنگی خۆی هەیە.{فولەر:٢٠٢٠، ٣١٦}

لە سەردەمانی پێشینەوە، بنەماکان بەردەوام بونیادنراون و گۆڕاون، بۆ نموونە لە سەدەی پینجی بەر لە زایین و پێش ئەفلاتوون، هەم شاعیران هەم بیرمەندان و بیرکارەکان لە بارەی جوانییەوە بنەمایان دیاری کردووە: ((ئەم دەورە لانی کەم سێ تیۆری لە بارەی جوانییەوە پێکهات: تیۆری بیرکاری فیساگۆرسەکان کە جوانیان دەبەستەوە بە ئەندازە، نسبت، نەزم و هارمۆنییەوە، تیۆری ڕێژەگەرایی سۆفیستاییەکان کە جوانییان دەبەستەوە بە چێژی چاو و گوێیەوە. تیۆری کرداری

سوکرات، کە جوانی شتەکانی لە گونجاندن لەگەڵ مەبەست و کارکردنیاندا دەبینی، لەم قۆناغەدا جوانیناسان، جوانی بەرجەستەیان بەرامبەر بە جوانی ڕۆحانی؛ جوانی ڕەها بەرامبەر بە جوانی ڕێژەیی دادەنا.)) {تاتارکیویچ:١٣٩٦، ٢١٨}ئەگەرچی ((هەست بە جوان زانینی بەرهەمێکی هونەریی یان دیاردەیەک، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەڵام دەتوانرێت کۆمەڵێک بنەمای گشتی بۆ دەرک و هەستی جوانی بدۆزرێتەوە کە پێیان دەوترێت بنەمای جوانیناسی، هونەرمەندا لە بنەڕەتدا ئاگاداری بنەماکانی جوانیناسین و بە سوودوەرگرتنی ئەو بنەمایانە لە کارەکانی خۆیاندا هەوڵ دەدەن کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دابنێن)){غیاثوند:١٣٩٤، ١٧٤} بنەماکانی پەیکەرتاشی لە یۆنانی کۆن، نیگارگەری و مینیاتۆر لە ئێران و شیعری کلاسیک لە ناو عەرەب و نەتەوەکانی تردا، بەڵگەی ئاگایی هونەرمەند و شاعیرن لە بنەما ئێستاتیکییەکانی بوارەکەی خۆیان. بۆ نموونە: وشەکاری و بەکارهێنانی چڕ و ئاڵۆزی ڕەوانبێژی لە شیعری نالیدا، ئاگایی ئەوە لە بنەمای جوانیناسی شیعری کلاسیک، بۆیە لە لایەکەوە لە سەر بنەماکە هۆنراوەکانی دەهۆنێتەوە، لە لایەکی ترەوە، هەر خۆی وەک شاعیرێکی خاوەن ڕێچکە، بنەمای تری جوانیناسی دەهێنێتە ناو شیعری کرمانجی ناوەڕاستەوە.

بنەماکان لەگەڵ ڕۆحی زەمەن دا دەگۆڕێن، چەندێک وابەستەی خودی سیستمی ناوەکی دەقی ئەدەبییە، هێندەش پەیوەندی بە سەلیقەی سەردەمەوە هەیە. دەقی باڵای جوان لە شیعری کلاسیکیدا وێڕای ڕیتم و کێش و سەروا و وشەکاری ناو هونەرەزمانییەکان، پەیوەستە بە بیرو ناواخنی شیعرەکانەوە، لە غەزەلیاتدا شابابەت لە بارەی مەعشقوقێکی نمونەیی، سەردەم پەسەندەوەیە. مەلای جزیری وێنەی دڵبەرەکەی وەها وەسف دەکات:

من دی سەحەر شاهی مەجەر لەبسی دبەر مەخموربوو

ئەودیم زەری سوڕ موشتەری یارەب پەری یاحور بوو

حوری وەشە، شیرین مەشە کاکول ڕەشە، خال حەبەشە

خالێن دقەر میسکاتەتەر نازک بەشەر کافور بوو {جزیری: ١٣٩٣، ٤٨٤}

دڵبەر، وەک کافور سپی، زوڵفی ئاڵۆزو ڕەش و درێژ، برۆی کەوان و خاڵی سەر گۆنای ڕەش، ئەمە وێنەی جوان و لەبەر دڵانی شاعیر و وەرگری شیعری کلاسیکە، خوێنەر چێژ لە وەسفی وەها وێنەیەک وەردەگرێت، کە جۆریک هاوسەلیقەیی خۆیشی پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ڕیتم و کێش و مۆسیقا و وشەکاری ناو شیعردا، شیعری نوێ بەهۆی گۆڕانی زەوقی دەستەجمعییەوە، وێنە نمونەییەکەی ناو شیعریش دەگۆڕێت، بۆیە بەم گۆڕانە بنەماکانی جوانیناسی ناو شیعری نوێ خۆی دادەڕێژێت:

قژکاڵی لێوئاڵی پرشنگی نیگاکاڵ! ئەی کچە جوانەکەی سەرگونا نەختێک ئاڵ

ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دووا! گەندەمووی دەموچاو، مەچەک هەڵنەگرتوو! {گۆران: ١٩٨٠، ٤٥}

ئیدی بنەماکان بەردەوام دەگۆڕێن، شاعیری هەرمانیش، بە لیهاتووی خۆی و سوودوەگرتن لە ئەزموون و تێکەڵکاری بنەماکانی سەردەمە جوداکان بەرهەمی هەمیشە زیندووی خۆی بونیاد دەنێت.

وێڕای گۆڕانی پێوەرەکانی جوانیناسی، لە کاری ڕەخنەدا ئاڕاستەکانی ڕەخنەی جوانیناسی لەسەر چەند پێوەرێک دیاری کراون، لەم بارەیەوە "بێردزلی" بە ڕوانین لە کاری ڕەخنەگران و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سێ پێوەری گشتی چەسپاو نیشاندەدات کە بریتین لە "یەکپارچەیی، ئاڵۆزی، چڕی فشردگی" هەر یەک لە مانە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی جوانیناسی چ دیدەنی، بیستەنی، یان زمانی بێت بکرێت بە پێوەر و پێی وایە تەنانەت دەکرێت لەوەش زیاتر بڕۆین و بڵێین هەر بەڵگەیەک کە وابەستەی ڕەخنە بێت، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشت بەستووە بەم سێ پێوەرە. بۆ نموونە سەبارەت بە بەرهەمێک دەوترێت:

-ڕێکخستنی باشی نییە، یان ناڕێکە.

-لە ڕووی شێوەوە کامڵ، یان کەموکوڕی هەیە.

-بونیاد و شێوازێکی لۆجیکی هەیە یان نییە.

هەر یەک لەمانە پەیوەندی بە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی بەرهەمەکەوە هەیە. بەڵام هەندێکی تر لە سادەیی و ئاڵۆزی بەرهەمەکە دەڕوانن و ڕاکانیان بەم شێوەیە دەخەنە ڕوو:

-بە شێوەیەکی گشتی، سادەیە.

-لە ڕووی کۆنتراستەوە بەهێزە، یان فرەجۆری تێدانییە و پڕە لە دووبارەیی.

-نازک و خەیاڵئامێزە یان پێنەگەشتوو و نەخەملاوە.

هەندێکی تر لە ڕووی فراوانی و چڕیی و چۆنایەتی بابەتی مرۆییەوە، تەماشای بەرهەمی هونەری دەکەن و ڕوانگەکانیان بەم جۆرە دەردەبڕین:

-پڕە لە گوڕوتین یان دڵمردوو و بێ گیانە.

-پڕ وزە و زیندووە، یان لاواز و کەم گیانە.

-جوان یان ناشرینە. نەرمە، تەوساوییە، خەمهێنەرە، بەسۆزە، یان تا دڵ بیەوێت لەبەر دلانە.{هاسپرس: ١٣٩٣، ٣٨٠}

سەبارەت بە پێوەری جوانیناسی لای فۆرمالیستەکان و بونیادگەراییەکان و پەیڕەوکەرانی ڕەخنەی نوێ، ئەوان پێیان وابوو ((ئەدەبیات لە سەرو مێژووەوەیە، دەقی ئەدەبی لە ڕووی جوانیناسییەوە ئازاد و سەربەخۆیە، خاوەنی یاسای گشتی تایبەت بە خۆیەتی، جیهانێکی لە خۆیدا

ئەفراندووە سەربەخۆ لە هەلومەرجی مێژووی دەردەکەوێت)) {اندروبت:١٣٨٧، ١٦٤} سەربەخۆی دەقی ئەدەبی، لە ڕوانگەی جوانیناسییەوە بە پێوەری ئەوان لە ڕاڤە و شیکردنەوەکانیاندا، گرێ درابوو بە دوو باری پەیوەستەوە، یەکەمیان کارکرنی زمان وەک بونیادنەری دەق، دووەمیان ئەدەبییەتی ئەدەب. ئەدەبیەت بە مانای کەشفی ئەو هۆکارەی دەقێک دەگۆڕیت بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی. بەڕای ئەوان ئەدەبییەت ئەو دەمە دەست پێدەکات کە بونیادی هونەرییەکان لە حاڵەتی ناسراوی و ئاشنایی و دووبارەیی و ناچالاکییانەوە، بگۆڕین بۆ کۆمەڵێک وێنە و دەربڕین، کە خوێنەر هەست بکات یەکەم جارە بەر ئەم وێنە دەکەوێت. هەر یەک لە هونەرەکانی ڕەوانبیژی "چواندن، خواستن، درکە..." لایەنی فۆڕم و فۆنەتیک و کێش و سەروا و کۆی بونیادە هونەرییەکان، لەبەر زۆر بەکارهێنانیان دەسوێن و ناکارا دەبن، کاری نوسەر ئەوەیە، سەرلەنوێ ئەمانە بە شێوازی تایبەت و هونەرئارایی کارزان، کارا و چالاکیان بکاتەوە. بەهۆی تیۆری ئەدەبییەت و خستەنەوەگەڕی بونیادە هونەرییەکانەوە ئەفرێنەریی نوسەر دەرکەوێت. لە دەقە شیعریەکاندا بونیادەوێنەیی و دەنگییەکان ئەو ڕۆڵە دەگێڕن، لە دەقی گێڕانەوەدا گۆڕینی چیرۆک بۆ چنین (فابل بۆ پلۆت) و چۆنییەتی گێڕانەوە دەبێتە دروستکەری ئەدەبییەت. {کدکنی:١٣٩١، ٥٩}

ئەوان جوانی ئەدەبیاتیان دەبەستەوە بە بابەتی ناباوی و بەکارهێنانی هونەرمەندانەی زمانەوە. لە ڕوانگەی بونیادگەرەکانەوە کەشفی زمانئارایی، دەبێتە هۆی کەشفی چێژوەرگرتن لە دەقی ئەدەبی. ڤیکتۆر شکلۆفسکی کە یەکێک لە کاریگەرترین ئەو کەسانەیە لە بارەی جوانی دەقی ئەدەبییەوە دواوە، لە بارەی درک و دووبارە بینینی شتەکان لە ڕیگای ئەدەب و هونەرەوە، ڕاکانی تا ئێستاش پایەدارن، پێوەری ئەو بۆ تەماشاکردنی بەرهەمی ئەدەبی بابەتێکی گرنگە بە ناوی ئاشنایی لادان، یان ناباوی و لادان لە باو بەو جۆرەی لە ناباویدا بۆ جوانیناسی دەگەڕێت، لە وتاری "هونەر وەک داهێنان" دا لە بارەی نوێکردنەوەی دید و ئیدراکی وەرگرەوە دەدوێت، کە بە دەقی بەرهەمهاتووی ناباوەوە پەیوەستە. دەقی ناباو بەهۆی تازەکردنەوە و سەرنجراکێشی زمانەوە بونیاد دەنرێت، کە تیایدا جوانیناسی بەهۆی تێکشکاندنی عادەت و لادانی زمانییەوە دێتە بەرهەم. دواتر جوانی بە هۆکاری دروستکردنی چێژ دادەنێت و لەو بڕوایەدایە کە ناباوی ئەفرینەری چێژە.{تودوروف:١٣٨٥}. نموونەیەک سەبارەت بە جوانیناسی غەزەلی کوردی و دووبارە ئەفراندنی وێنەی هونەری و گواستنەوەی وێنە و دەربڕینەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگییەوە و، دابڕینیان و سەرلەنوێ مانا پێدانەوەیان لە غەزەلی (هەی کەرێکم بوو)ی نالیدا بەرجەستەیە.

غەزەلەکە بە شیوەی گێڕانەوەیەکی وەسفئامێز، بەسەرهاتی کەرەکەیمان بۆ بەیان دەکات و بە دەنگی هەی کەریکم بوو یەکەم گرێی غەزەلەکە دەچنێت، شیعرە ((ڕیوایەتئامێزەکەی نالی بە دەنگێک دەست پێدەکات، کە دەنگی بڕوابەخۆ بوون و دڵنیایی و مژدەهێنەرە، دەنگێکە تا ڕاشکاو و بڵند بێتە گۆ و سەرنجمان بەرەو ئەو بابەتە ڕابکێشیت، کە شاعیر دەیەوێت ڕیوایەتی بکات. واتە بەرجەستەی بکاتەوە و بیشعرێنێت)){سیوەیلی:٢٠٠١، ١٨٢} باسکردنی کەرەکەی بە شێوەی

غەزەل بابەتە سەیر و ناباوەکە نییە، چونکە شاعیرانی کلاسیک ئاژەڵەکەی هاودەمیان وەک هەر یەک لە شتەکانی تری گەشتەکەی ژیانیان بۆتە جێگای ڕیوایەتکردن، بۆ نموونە سالم بەسەرهاتی خۆی و ئەسپەکەی باس دەکات، پاشتریش شێخ ڕەزای تاڵەبانی وێنەی ئێسترێکی ڕووت و قوت دەنەخشێنێت و قانعیش گفتوگۆی خۆی و کەرەکەی هۆنیوەتەوە(٨). ئەوەی ناباوییەکە دروست دەکات ئەو وێنەهونەرییانەیە، کە پێشتر بۆ یار یان کەسانی خۆشەویست و لەربەدڵانی شاعیر بەکارهاتوون. هونەرکاری ناو غەزەلەکە بە زنجیرە وێنەیەک هاتۆتە بەرهەم، کە سەرەتا وێنەگەلێکن لە وەسفی کەرەکەیدا بۆ ئەوەی لە کۆپلەی یەکەمدا دڵنیابین، ئەوەی وەسف دەکرێت کەرە، نەک هیچی تر ئاوەڵناوەکانی (سینەپان، موچەکورت، شانەبەرز، گوێدرێژ) وێرای دژواتایی و دیاریکردنی ڕەهەندەکانی(پان، درێژ، کورت، بەرز) ئەو پەیکەرەی باسی دەکات، بەهۆی نزیکی بەیتی یەکەمەوە دەرخەری سیفاتی ئاژەڵەکەن، لە بەیتی دووەمدا وەسفەکان زیاتر دەبنە چەسپینەری وێنەی ئاژەڵەکە بەهۆی (بن زک و جەبهەت سپی، کلک ئێستر و دامەن سیا). بەڵام پاش ئەم وەسفانە کۆمەڵێک وێنەی تر دێنێتە ئاراوە کە ئەگەر چوار بەیتی سەرەتا نەبوایە دەیخستینە گومانەوە بەرامبەر بە دەلالەتەکان، ئایا ئەمە وەسفی پیاوێکی پاڵەوانی ڕۆستەم ئاسایە، یان ژنێکی نازەنینی بێوێنە؟ هەر یەک لە وێنەکان بیرخەرەوەی جۆرێک لە کەسێتی ناو شیعری کلاسیکن و وێنەی بەکارهاتوون بۆ وەسفی یار یان کەسێتی دیار. وێرای ئەم وێنانە کە بەهۆی دانەپاڵی کەرەوە، ناباوی هونەریی دروستکردووە، بەهۆی دەستبردن بۆ بابەتی تابووی ئاینییەوە، بۆتە بەرهەمهێنەری شیعری تابووشێکنی لە باشووری کوردستاندا. بە خشتەیەک وێنەکان نیشان دەدەین:

| | |
|---|---|
| کەر | سینەپان، موچە کورت، شانەبەرز، گوێدرێژ، بنزک و جەبهەت سپی، کلک ئێستر، دامەن سیا، یەکەتازە، سێبڕ، شەش دانگ، درێژ، قامچی نەچێژ، سم خڕ، کلک ئێستر، مەنزڵ بڕ، عارەق نەڕێژ، سم یەشم، گوێدرێژ، کورتان بەرز، پاڵانی بەزین |
| پیاو | کەللە وە جەڕەی شەراب، تەڕ دەماغ، شێری نەڕ، ئاهویی بەڕ، گورگی سەفەر، چوست و وریا، عاقڵ، قاتیعی ڕێگەی سەفەر. خۆش سلوک. |
| ژن | مل عەلەم، شیرین قەلەم، ئاهو شکەم، مەیمون قەدەم، زەرق و زەراق، بەرق و بەراق، چاو بیجادە، چاو شەوچراغی شوعلە ریژ |
| خوداناس | سائیمی دەهر، قائیمی لەیل، بەڕووژی بێنیەت، سلوکی بێ نوێژ. |
| سۆفی | قانیعی بابی ڕەزا، سالیکی سەبر و تەحەمول، بوردەبار، هیچ نەوێژ. |

کارکردنی نالی، چەندێک بۆ گۆڕینی تێڕوانینی ئێمەیە سەبارەت بە ئاژەڵی کەر، وەک بونەوەرێکی نەخوازراوی، جێی گاڵتە و، ئامراز بۆ بەکارهێنانی زمانی زبر لە ژیانی ڕۆژانەدا، هێندەش بەرهەمهێنانی وێنەی شیعرییە، کە دەشێت بەهۆی جێگۆڕکیی ئاوەڵناو وپەسنەکانەوە، وێنەی شیعری جیاواز بئەفرێنن، کە پێشتر بە بیری خوێنەردا نەهاتبێت. بۆ نموونە هیچ خوێنەرێک هەرگیز وەها بیری لە وێنەی کەرێک نەکردۆتەوە کە هەڵگری سیفاتە ڕەسەنەکان بێت، ئەوەی ئاژەڵێک دەکات بە ئاژەڵێکی ڕەسەن، یان سیفاتە جوانەکانی ژنان، سیفاتی جوامێری پیاوان، سیفاتی باڵایی و پڕ فەزیلەتی سۆفییان و سیفاتی لە خواترسی موسوڵمانان. ئیماندارکردن و بە سۆفیکردنی کەر، وێنەسازییەکە تەنها لای نالی دەبینرێت. سائیمی دەهر و قائیمی لەیل، لە مانای فەرهەنگی و دانەپاڵی کەسی خوداناسی مژدەپێدەری بەهەشتەوە گوازراوەتەوە، بۆ کەر. ئەوەی کە وەک مانا نالی دەیەوێت ئاستی کەر بەرز بکاتەوە بۆ مرۆڤ، کە هەردوو حەیوانین، یان باڵاتر لە هەزار برادەری گێژوویژ نیشانی بدات، بابەتێکی ترە. ((جیاوازی نێوان حەیوان و ئینسان، جیاوازی نییە لە عەقڵ و ناعەقڵ و لە نیوان زمان و بێزماندا. واتە جیاوازی نییە لە جەوهەردا، بەڵکو جیاوازی ئێمە لە فۆرم و شێوە دایە، جیاوازییە لە ئاستی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەدا کە، کە یەکێکمانی لەسەر ئاستی شێوەیەوە بە گوێدرێژ ناوبردوو و ئەوی دیکەشمانی هەر لەسەر هەمان ئاستەوە بە گوێ کورت ناوناوە)){نالی:١٣٨٠، ١٩٣} ئەم تێڕوانە بیرمەندانەی کە نالی بەهۆی غەزەلی کەرەکەوە لە میانەی وەسفەکانەوە بە ئێمەی دەبەخشێت، لە ڕاستیدا بەهۆی چنینی زمانی و وێنەساز و دانەپاڵی ناباوانەوە هاتۆتە بەرهەم و دەتوانین بڵێین دواجار ڕووی جوانیناسی غەزەلەکە بە لادانە زمانی و هونەرئاراییەکەیەوە بەندە و مانای زۆروزەوەندی غەزەلەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

سەبارەت بە ئەدەبیبوونی دەقی گێڕانەوەی پەخشانی کە خودی جوانی ئەدەبیشە، ئەوەی فۆرمالیستەکان و بونیادگەراییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، پلۆت و چنینی ڕووداوەکانە؟ بەو شێوەیەی کە چیرۆکەکە لە دەرەوەی ئەدەبیات، چ وەک بابەتی مێژوویی هەبوو چ وەک خەیاڵی نوسەر، بەشێوەی ڕیزبەندی مێژوویی هەیە، هەموو ڕووداوێک سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، بەڵام خستەڕوو بەم شێوەیە بەرهەمی ئەدەبی درووست ناکات بەو واتایەی ((چیرۆک؛ بریتییە لە ڕێکخستنی واقیعی ڕووداوەکان، شێوەی بەدوای-یەکداهاتن و ئەبستراکت، لە کاتێکدا پلۆت زنجیرەیەک لە ڕووداوەکانی چیرۆکە بەو شێوەیەی وەگێڕ بۆمان دەگێڕێتەوە)) {اخوت:١٣٩٢، ٤١}. دیارە جیاکردنەوەی ئەم دووانەش لە یەک، بۆ دەرخستنی ئەدەبییەتی دەقی چیرۆکە، ڕاستەوخۆش بە پلۆتەکەوە پەیوەستە، چونکە چیرۆک کەرەستەیەکی خاوی پێکهاتووی توخمەکانی چیرۆکە بەر لە ئامادەسازی، بەڵام لە قۆناغی ئامادەکردندا بە هۆی پێداچوونەوە و دەستخستنەسەر ڕێگەی گونجاو تا چیرۆکەکەی پێ بگێڕدرێتەوە، پلۆتەکە، کە بنەڕەتی کارەکەیە، دیاری دەکرێت.{کەسنەزانی: ٢٠١٢a،٦٤}. ئەگەر نمونەیەکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی میرنامەدا

وەرگرین، چیرۆکەکە لە بارەی ئەحمەدی خانییەوەیە. کاتی دەرەکی گێڕانەوەکە لە بارەی لاوی ئەحمەدی خانی تا دەمی کۆچی دوایی و ناشتنییەتی.

ئەم چیرۆکە وەک بەسەرهات و هەقیقەتی مێژوویی لەو سۆنگەیەوەی، کە ڕۆمانەکە مێژووییە و کارەکتەری سەرەکی بوونی ڕاستەقینەی هەیە، هەندێک زانیاری لە بارەی ئەحمەدی خانییەوە دەدات بە دەستەوە کە زۆر نین و پێشتر لە دەرەوەی ڕۆمانەکە بیستوومانە. بەڵام نوسەر وەک کەسی داهێنەر، ئەو کەرەستەیەی کە بە چیرۆک ناسراوە، کردوویەتی بە پلۆت و بەهۆی نەخشەیەکی جیاواز لە کەرەستە هەبووە، دایڕشتووە. چرکەساتی هەڵبژێراو بۆ دەستکردن بە گێڕانەوە، دەمی ناشتنی ئەحمەدی خانییە، هەمووان بە دەوری تەرمەکەیدا وەستاون و دەیانەوێت ئەسپەردەی بکەن. گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە، سپێراوە بە کارەکتەرە زۆرەکانی ناو ڕۆمانەکە، کە هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان نزیک و یار یان نەیار و دوژمنی خانی-ن. ئەوەی دەمانەوێت لە بارەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە بیزانین، هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا خراوەتە ڕوو. ئەحمەدی خانی مردووە وگومانی ئەوە دەکرێت کوژرابێت، ئەوەی دەمێنێتەوە و خوێنەر کێش دەکات، پرسیاری "چۆن ڕوویدا؟"یە. خوێنەر لە مەراقی دەستکەوتنی ئەم وەڵامەدا، شوێن ئەو ڕەنگڕێژیە هونەرییە دەکەوێت، کە نوسەر وەک داهێنەر چیرۆکەکەی لەسەر بونیاد ناوە. بۆ ڕۆمانێکی وەک میرنامە ئاوێتەکاری جۆری ڕۆمانی مێژوویی، تەکنیکی فرەدەنگی، ڕیالیزمی جادوویی، سێ جار دوورخستنەوەی چیرۆکە لە بوونە سەرەتایی و کەرەستە خاوەکەی، بە واتایەکی تر بەهۆی ئەو هونەرئاراییەوە کە نوسەر کردوویەتی، لە ئاستی هونەرییدا لێزانیی و وەستایی دا دەبێتە هۆکارێک بۆ خولقاندنی دەقێکی ئێستاتیکی و هونەریی باڵا.


ڕۆمانەکە لە بارەی کەسێتی ئەحمەدی خانی_یەوەیە، لە ڕەچاوکردنی سەردەم و شوێنی ژیانی و هێشتنەوەی خاڵە مێژووییەکان، بۆتە ڕۆمانێکی مێژوویی، هەر لەبەشی یەکەمدا پاش دەسپێک ناوی دەبرێت و دەزانرێت ئەو گۆڕەی هەڵدەکەنرێت بۆ ئەو کەسایەتییەیە، کە بڕیارە ئێمە چیرۆکی ژیانی بزانین: ((کاتێک دارتەرمەکە بەدەر کەوت کە لاشەی شێخ ئەحمەدی خانیی لەخۆگرتبوو، یارۆی لووتهەڵپێچراو بەرەو لای هەنگاوی نا، چوار زەلام ئەملاوئەولای تەرمەکەیان گرتبوو، لەسەرخۆ شەقاویان دەهاویشت، کفنی لە تەرمپێچراو، وەک باران نەبارییێت، تەڕایی پێنەگەیی بوو، وەلێ تەرمهەڵگران بەمەیان نەدەزانی، مەلا سمایل کەلەپێشەوە، لای ڕاست تەرمەکەی هەڵگرتبوو، سەلاحەدینی سەحافی ئاگادار کردەوە، کە لای چەپەوە بوو: ئەرێ تۆش تێبینی ئەمەت نەکردووە؟...)){دۆست:٢٠١٧، ١٦}.

خاڵی دووەم کە گێڕانەوەکەی لە چیرۆکە کردوە بە پلۆت و ئاستێکی جوانیناسیانەی پێبەخشیوە، فرەدەنگی ناو ڕۆمانەکەیە، بەو جۆرەی کە گۆشەنیگای گێڕانەوە بەهۆی دامەزراندنی وەگێڕای هەمووشتزانەوە دەستپێدەکات و دوایی وەک دەنگی تەسبێح دەیداتە دەست یەک بەیەکی کارەکتەرەکانی دەوری ڕووداوەکە. بەو جۆرەی کە وەگێڕەکان، یەک ڕووداوی سەرەکی کە تایبەتە بە خانی و چەندین ڕووداوی لاوەکی باس دەکەن. کۆی وەگێڕەکانی ناو ڕۆمانەکە لە

خزمەت ناساندنی ئەحمەدی خانی دا هەڵدەسوڕێن و ژمارەیان بیستویەک دانەیە، بێ لە سەرەتای گێڕانەوە، کە وەگێڕی هەمووشتزانە.

ژمارەی وەگێڕەی ڕووداوەکان

وەگێڕی هەمووشتزان




بە ناوەکانی: "تەیموری فاسق، ئۆمەری خەزنەدار، شەنگێ، حاجی زوهدی بازرگان، بوهاری، مەلا فەرید، میرزا سەبری، دۆستۆیی دەنگبێژ، ڕەجەبی بەرگدروو، خالیدی چۆلاق، سۆفی حەیدەری قەرسی، شێخ سەیفەدینی جبە شین، فەلەی حەکیم، مەلا سالْحی جزیری، سەلاحەدینی سەحاف، سەلیمی نالْبەند، بەنگینی دەرگەوان، شەمسۆی قەواڵ، مەلا سمایلی بایەزیدی، کابرای دەمامەکدار، میر". ئەمانە کەسێتی لاوەکین و بە ڕای ئێمە ڕۆڵی زۆر گرنگیان لە نیشانی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەدا هەیە و لە ڕێگای بۆچوون و بیر و تۆنی دەنگی ئەمانەوە پاژە ونەکانی خانی بە ئێمە دەگات. هەر یەک لەم کارەکتەرانە هەڵگری سیفاتی ڕووکاری و ئایدۆلۆژی خۆیانن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەیەکەم بەرکەوتنیاندا شتێک بە ئێمە دەڵێن. بۆ نموونە لە ناوهێنانی تەیموری فاسق دا بەشێک کەسێتی ئەو وەک بیروباوەڕ دەردەکەوێت، لە ناوی ئەوانی تریشدا پێگەی کۆمەڵایەتیان دەنوێنرێت.{کەسنەزانی: ٢٠١٦}

خاڵی سێیەم، خواستنی شێوازی ڕیالیزیمی جادووییە، بۆ نیشاندانی هەندێک ڕووداوی ژیانی ئەحمەدی خانی، کە بە شێوە ڕۆژهەلاتی و عیرفانییەکەی بە کەرامات و ڕووداوی بانمرۆیی دەناسرێت و پەیوەستە بە بڕواددارانی ناو ئایین و ڕێباوەڕە جیاوازەکانەوە. ڕووداوی تەڕنەبوونی کفنی خانی لە دەمی ناشتنیداو، تەڕ نەبوونی قوماتەکەی لە منداڵیدا، مەرەکەب بارین و شەوی مردنیشی کوژانەوەی ڕووناکییەکان. بۆ نموونە لە گێڕانەوەی (مەلا فەرید) دا بە سەردێڕی (مەرەکەبی پەشیمانی وشک نابێتەوە)، ڕووداوە جادوویەکە دەگێڕێتەوەو زۆریش بە لایەوە ئاساییە: ((ئەو بارانە ڕەشەی بەسەر کفنی ئەحمەدی خانیدا دەباری، دەبووە هەڵم و کفنەکەش هەر بە وشکی دەمایەوە و تەڕ نەدەبوو. ئێمە تازە تەرمەکەیمان لە مزگەوت دەرکردبوو، تێبینی ئەوەم کرد بارانەکە بەر کفنەکەی ناکەوێت. هەڵبەت من ئەمەم بە کەس نەگوت، هەروەها بەر لەوەی تەیموری فاسق بقیڕێنێ "مەرەکەب دەبارێ"، سەرنجی ئەوەم دابوو بارانەکە تاریک بوو. دەمزانی ئەمە باران نییە، لە هەموو ژیانمدا بارانی وام نەدی بوو...)){دۆست:٢٠١٧، ٧٩}. هەڵسوکەوتی وەگێر، بەرامبەر بە فەنتازیا و بە واقیع زانینی و گێڕانەوەیشی وەک دیاردەیەکی ئاسایی پشکی لە جوانکردنی دەقەکەدا هەیە.

## بەشی دووەم: ئێستاتیکای گێڕانەوەی پەخشانی

### پاری یەکەم: گێڕانەوە لە هەقایەتی کوردیدا

#### پارچەی یەکەم: لە بارەی هەقایەتەوە

هەقایەتەکانی جیهان، نزیکییەکی تەواویان لەگەڵ یەکدا هەیە، لەم پەڕی ڕۆژهەڵاتەوە کە بە لانکەی حیکایەت و ئەفسانە و خورافە دادەنرێت، تا ئەو پەڕی ڕۆژئاوا، هەقایەتی هەموو نەتەوەکان، لە بارەی مرۆ و خەیاڵ و کۆشش و وێنای مرۆڤەوەن. مادام مرۆڤەکان لە ڕووی مرۆڤبوونەوە هاوشێوەی یەکن، ئەوا خواست و مەیل و خەون و ئەندێشەکانیشیان لەیەک دەچێت. بۆیە ئاساییە لە دەمی خوێندنەوە، یان بیستی هەقایەتی هەر یەک لە نەتەوەکانی تردا، هەست بە نزیکی و لەبەردڵانی هەقایەتەکان بکەین. ئەم هەقایەتانە بەرهەمی ئەزموونی ژیان و ڕەنج و خۆشییەکانی نەوەی مرۆڤایەتین، ساڵانێکی زۆر گێڕدراونەتەوە و دەماودەم لە نەوەیەکەوە بە میرات بۆ نەوەکانی دیکە ماونەتەوە و بوونەتە کولتوورێکی زارەکی، پاشان لە سەردەمێکی دیاریکراودا، پەی بە گرنگییان براوە و نووسراونەتەوە. نووسینەوەی حیکایەتەکانی هەزارویەک شەوە، وەرگێڕانی حیکایەتی کلیلە و دیمنە بۆ زمانە جیاوازەکان، کۆکردنەوەی هەقایەتی فۆلکلۆر لە ئەڵمانیا لە لایەن "برایانی گریم" و دواتریش لە سەدەی بیست دا هەر نەتەوەی ئەفسانە و حیکایەتی خۆی کۆکردەوە، هەموو ئەمانە هۆکارێک بوون تا لە بارەی ناوەرۆک و بونیادی ئەم هەقایەتانەوە لیکۆڵینەوە بکرێت. ڕەنگە کورد لە دوایەمین نەتەوەکان بووبێت کە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هەقایەتەکانی، هەر لەبەر ئەوەشە، زۆرجار لە کارکردنی ئەدەبی بەراورد دا هەست بە تێکەڵی و نزیکی گێڕانەوەکان لەگەڵ سێ نەتەوەی هاوسێمان، "فارس و تورک و عەرەب دا دەکەین. بەڵام دیسانیش تایبەتمەندی کوردانەی، لە بیروباوەڕ و زمان و کولتوور، تا شێوازیی داڕشتنەوەی پێوەیە. بە تەماشاکردنی ئەو هەقایەتانەی کە کۆکراونەتەوە، هەست بەو خاڵە دەکرێت، ئەگەر لەگەڵ نەتەوەکانی تریشدا هاوبەش بن، بەڵام بەهۆی هەقایەتخوانەوە، لەگەڵ ژیان و ئەندیشەی کوردا چنراون.

بۆ دیاریکردنی ڕووی جوانیناسییانەی گێڕانەوە لەم ژانرەدا، سەرەتا دەبێت بە ڕەچاوکردنی زاراوەی هەقایەت، ئاماژە بە جۆری هەقایەتەکان بدەین. چونکە لە پاڵ ئەم وشەیەدا، زاراوەکانی: ئەفسانە، چیرۆک، حیکایەتیشی بۆ دادەنرێت. دکتۆر عیزەدین زاراوەی چیرۆک و سەرگوزەشتە و نەقڵ بەرامبەر بە هەقایەت دادەنێت، {ڕەسول: ٢٠١٠،٢٤} هاشم سەلیمی چیرۆک و ئەفسانە {سەلیمی: ٢٠١٣} ئەحمەد چاک، زاراوەی ئەفسانە {چاک:١٣٩٨} و عەلادین سەجادیش؛ چیرۆک(سەجادی:١٩٥٢} و عەزیز گەردیشی هەقایەت {گەردی:٢٠١٤} بەرامبەر بە چەمکەکە دادەنێن. بە ڕای ئێمە زاراوەی هەقایەت، بۆ ئەم جۆرەی گێڕانەوەی نێو ئەدەبی فۆلکلۆر کوردیتر

و ڕوونتره. وشەکە لە منداڵییەوە بە گوێی تاکی کورد ئاشنایە و دایکان هەر وشەی هەقایەتیان گۆ دەکرد و منداڵیان پی گۆش دەکرد.

کاتێک زاراوەکەمان دیاری کرد، ئەو کات پێویستمان بە جۆرەکانییەتی، چونکە هەندێک لەم هەقایەتانە، لەگەڵ ژانرێکی تری نێو ئەدەبی فۆلکلۆر، کە ساتیر یان گێڕانەوەی تەنزئامێزە، تێکەڵ بوون. بۆ نموونە: بەشێک لە گێڕانەوەکانی ناو "ڕشتەی مرواری" هەقایەتن و تەنز نین، لە کاتێکدا بەشێک لە هەقایەتەکانی ناو مەملەکەتی ماسی، گێڕانەوەی تەنزن و بەسەرهاتی ڕاستەقینەن و هەقایەت نین، هەمووشیان لە سنووری گێڕانەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریدا دەمێننەوە. یان هەقایەتی پەندئامێز و ئاژەڵانیش لە نێو کۆکراوەی هەقایەتەکان دا دەبینرێن. هەر نوسەرێک لە دڵسۆزی خۆیەوە ویستویەتی چی دەست کەوت تۆماری بکات{بۆ نموونە عەلائەدین سەجادی}. بۆیە جیاکردنەوەی ئەمانە کار و کاتی دەوێت، و ئێمە نموونەمان لە هەر یەکەیان وەرگرتووە. خاڵێکی جیی سەرنج لەم میانەدا ئەوەیە لە زۆربەی نەتەوەکاندا هەقایەت لەگەڵ ئەفسانەدا تێکەڵ دەکرێت، کۆکردنەوەی هەقایەتی کوردیش لەم خاڵە بەدەر نییە. لەو ڕوانگەوەی خاڵی هاوبەشیان زەقکردنەوەی خەیاڵە لە بونیادەکەیاندا وەک: باسکردنی بوونەوەری بانمرۆیی، دێو، شەیتان، فریشتە و جنۆکە، ڕووداوی جادووئامێز و خەیاڵی و موجیزەئاسا، کات و شوێنی سەیر و ئەندێشەیی. بەڵام دەبێت ئەو دووانە لەیەک جیا بکەینەوە، چونکە بەکارهێنانی ئەوانە لە ئەفسانەدا، ڕوویەکی باوەڕداری هەیە و پەیوەستە بە ئاینێکی دیاریکراوەوە و بە بەشێک لە پیرۆزییەکانی بڕوادارانی ئەو ئەفسانەیە دادەنرێت، بەڵام بۆ هەقایەت بابەتەکە وەها نییە و لە ڕاستیدا پاش کەلبوون و کەوتنی پیرۆزی ئەفسانە، هەندێک لەو هەقایەتانە هاتوونەتە ئاراوە: ((ئەفسانە لە قۆناغێکی مێژوویی خۆیدا، ئەو دەمەی بەشێک لە پیرۆزیی خۆی لە دەست دەدات، دەگۆڕێت بۆ چیرۆک و هەقایەتگەلێک، کە سەردەم بە سەردەم دەبێتە شوێنی ڕەنگدانەوەی بیرەجۆراوجۆرەکان، دەستەواژەی نوێ، ئایین و مەناسیک و ڕێوڕەسمی نوێ)) {قاسمی:١٣٩١، ١٦}. بۆ نموونە لە کتێبی (ئەفسانە وچیرۆکی کوردی) بە گێڕانەوەی مام سەعیدی عەزیزی دا جیاکاری لە نێوان هەقایەت و ئەفسانەدا نەکراوە. لە ڕاستیدا وەک هاوواتای یەک دانراون. لە کاتێکدا تەنها ئامادەیی دێو و ئەژیها، گێڕانەوەیەک لە هەقایەتەوە ناکەن بە ئەفسانە. ئەوەی گرنگە سەبارەت بە هەقایەت بوترێت، جا هەر جۆرێکیان بێت، کە باسی دەکەین، ئەوەیە وەک میرسادقی دەڵێت: سێ تایبەتمەندی گرنگ و بنەڕەتی، هەقایەت لە چیرۆک و نۆڤڵێت و ڕۆمان جیادەکاتەوە، ئەوانیش پیکدێن لە: کەشگێڕ {خرق عادت}، پلۆتی لاواز و گشتێتی {میرصادقی:١٣٩٣، ١٤٦}. ئەمانە بنەمای گشتی هەقایەتن.

## پارچەی دووەم: جۆرەکانی هەقایەت

### یەکەم: هەقایەتی خورافی/ پەرییان

هەقایەتی خورافی؛ کە بە هەقایەتی دێودرنج و هەقایەتی جادوویی و ئەفسانەییش {ئەفسانەیی بە مانای خەیاڵ و ناڕاستی، نەک خودی ئەفسانە، چونکە تێروانین کورد بۆ ئەفسانەیی ناراستی و ئەندێشەییە} دەناسرێت. ئەم جۆرەی هەقایەت لە بارەی پاڵەوانێکەوەیە، کە بەهۆیەک لە هۆیەکان لە باری ژیانی ئاسایی خۆیدا، دەست بە گەشتێک دەکات بۆ بەدەستهێنانی شتێک، بەڵام ئەو شتە لە میانەی سەفەرێکی درێژدا، پەیوەست دەبێتەوە بە شتی تر و، وەک ئەڵقەی زنجیرێک یەک بەیەکی ڕووداوەکان لەگەڵ یەک تێهەڵکێش دەبن، تا پاڵەوان دەیەوێت بگات بە خواستێکی، ڕووبەڕووی مەرجێک دەبێتەوە. بۆ بەجێهنانی مەرجەکەش، تووشی مەرجی تر دەبێت، بەو جۆرە هەقایەت درێژ دەبێتەوە، بەڵام پاڵەوان بە زرنگی خۆی و یارمەتی هێزە بانمرۆییەکان و ئاژەڵ و مرۆڤی باش، بە خواستەکەی دەگات. لە میانەشیدا دێو، ئەژدیها، پیرێژنی بەدفەڕ و بەدکاری ناحەز بە سزای خۆیان دەگەن. ئەم جۆرەی هەقایەت لە ڕووی قەبارەوە زۆر جاران درێژە و وەک سندوقی دێرین، هەقایەت لە ناو هەقایەتدا دەگێڕێتەوە. جاری واهەیە هەقایەتی سەرەتا، خۆی دەسپێرێت بە هەقایەتی دووەم، ئەویش بە هەقایەتی سێیەم. دەشکرێت، هەقایەتەکە زۆر لێزانانە تێکەڵ بە هەقایەتی تر بکرێت و هەقایەتخوان بە توانای خۆی چەند هەقایەتێک لەیەک بدات. ئەم جۆرەی گێڕانەوە پەیوەندی بە سەردەمی پێشینی مرۆڤەوە هەیە و لە ئێستادا سینەمای جیهانی کەڵکی زۆری لێ وەرگرتووە بە شێوەی ئەنیمەیشن و فیلم وێنەی دەکات و وەرگری خۆی لە دەست نەداوە. ((پاڵەوانەکانی نێو هەقایەتەکان لە پاشا و کوڕەئازا و دێو و پەری و... هتد پێکهاتوون، زیاتریش گرنگیان تێدا بە پاڵەوانەکە دراوە، چونکە ئەو کارانەی ئەو کردوونی، بە کەسی تر نەکراون، بەڵام سادەییش لە کردەوەکانیدا دەبینرێت، زوو ناچێتە هۆشەوە، زۆرجاریش دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی هێزێکی نادیارەوە)){جمباز:١٩٨٩، ١١} زۆرێک لەم هەقایەتە کوردییانە، گێڕانەوەکانی ناو هەزارویەک شەوەی تێکەڵ بووە، بۆیە چەندێکی لە بارەی دیو و پەری و ئەژدیها و سیمورغەوەیە، هێندەش لە بارەی هاروونە ڕەشید و باڵوولی داناوەیە، جگە لە باسی سوڵتان مەحمود و هەیاسی خاس، کە تێکەڵ بووە بە شیعر و هەقایەت و ئیدیۆمی نەتەوەکانی ڕۆژهەلات.(٩) ئەم هەقایەتانە بەشکی زۆریان ئاوێتەی چیرۆکی ئەوینداری شازادەکانە لەگەڵ یەکدی، کە بەهۆی خەونەوە یەک دەبینن، یان وێنەیەکی کێشراویان بەرچاو دەکەوێت، یانیش ئامۆزان و لە منداڵییەوە دڵبەری یەکن، بەڵام بۆ بەیەک گەشتنیان ڕێگریان لێدەکرێت، دواجار لەم جۆرەی هەقایەتدا بەیەک دەگەن و هەموو شت بە خۆشی و کۆتایی دڵشادکەرانە تەواو دەبێت.

**دووەم: هەقایەتی کۆمەڵایەتی:**

هەقایەتی کۆمەڵایەتی، زیاتر دەشێت ناوی بەسەرهاتی لێبنرێت، نموونەیان لە "ڕشتەی مرواری" و "خەرمان لۆغە" و "مەملەکەتی ماسی" دا زۆرە. لە ڕووی قەبارەوە بە گشتی مامناوەندی یان کورتن و، کارەکتەری کەمی تێدا بەشدارە. ئەوانەشی هەن، یاخود بە سیفەت و ناوی گشتی باس دەکرێن، یان کەسایەتی دیاری ناو کۆمەڵی کوردین و لە ناوچە جیاوازەکاندا ژیاون. بۆ نمونە: عەلادین سەجادی لە ڕشتەی مرواریدا بەسەرهاتێک دەهێنێتەوە، کە گێڕانەوەیەکە هەم ڕووی کۆمەڵایەتی هەیە، هەم تەنزو سەتیرە لە جۆری تابوو:

((کاروانێکی "دەلۆیی" لەو گەرمیانە دەچن بەسەر سەید فەتاحی جەباری دا، کاروانەکە نۆ کەس دەبن، دەڵێن: ئێمشەو بە نان و دان و گانەوە میوانتین! ئەویش دەڵێت: نان هەیە، دان هەیە، بۆ ئەویتریش ئافرەتێکی دەلۆییمان لە ماڵایە، نۆ لۆی بۆ ئێوە و لۆیەکی بۆ من!)) {سەجادی:٢٠١٥، ب٥، ٥٩}

**سێیەم: هەقایەتی پەندئامێز**

ئەم جۆرەی گێڕانەوە، پەیوەندی بە ئەزموونی ژیانەوە هەیە. بەسەرهاتی دانایان و کەسانی خاوەن حیکمەتن. زۆرجار بە زاری کەسانی نمونەیی ناو مێژووە دەگێڕدرێنەوە. بۆ نموونە: "لوقمانی حەکیم، باڵووڵی دانا، حەزرەتی سولەیمان، عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب، جالینوس..." زۆرێک لە گێڕانەوەکانی ناو ئەدەبی کوردی کاریگەری گێڕانەوەکانی ناو "مەسنەوی مەعنەوی، بوستان و گوڵستانی سەعدی شیرازی"یان لەسەرە. ئەم هەقایەتانە، چەندێک بۆ سەرگەرمین، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هێندەش نییەت و خواستی ئامۆژگاریکردن و وانە لێوەرگرتنی پێوەدیارە. زۆر جار ئەم هەقایەتانە لەگەڵ هەقایەتی ئاژەڵان، تێکەڵ دەبێت و پەیامەکەی خۆی لە ڕێگەی کارەکتەری مرۆڤ و ئاژەڵە و دەگەیەنێت. نموونەی حیکایەتێکی پەندئامێز لە بارەی حاتەمی تەی-یەوە لە مەملەکەتی ماسیدا هاتووە{حەسەن:٢٠١٠} لە خەرمان لۆغەشدا چەند حیکایەتێک لە زاری لوقمانی حەکیمەوە دەگێڕێتەوە.{شلّماشی:٢٠٠} بەشێکی کتێبی ئەفسانە و چیرۆکی کوردیش {لوقمانی:٢٠٢٠} هەقایەتی پەندئامێزن لە جۆری ئاژەڵان. ئەوەی دەمێنێتەوە بوتریت ئەوەیە، پیاوانی دیاری ناو ئەم مۆدێلە هەقایەتە هاروونە ڕەشید و سوڵتان مەحموود و حەزرەتی سولەیمانن.

**چوارەم: هەقایەتی دینی و عیرفانی**

زۆرینەی ئەم هەقایەتانە بۆ سەردەمی پاش موسوڵمانبوونی کورد دەگەڕێنەوە، هەقایەتەکانی نێو ئەم پۆلێنە بەشێکی زۆری لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراون، کە هەقایەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان و نەتەوە گومڕاکانن. بەشێکی تری لە ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی و

ئیسلامییەوە هاتوون، کە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات پێکەوە بەشداربوون لە دروستکردنیدا، بە تایبەت وێڕای چوارچێوەی ئایین، هەقایەتی پیاوانی عارفی دەروێش مەشرەب و گەورە شێخانی ناوچەکە و کوردستانن. هەندێک لەم هەقایەتانە ڕاستەقینە و بەشێکی تری تێکەڵ بە ڕووداوی ئەفسوناوی و ژوورمرۆیی بوون. ئەمانە بە زۆری لە شێوەی کەرامات و سرووش و موجیزە دا دەگێڕدرێنەوە، هەڵبەت زۆرجار تێکەڵ بە هەقایەتی پەندئامێزیش دەبنەوە. گەلێکجار ئەمانە لە نێو ژیاننامەی نووسراوی کەسەکانەوە دەردەهێنرێن و تێکەڵ بە ڕەوتی هەقایەت دەبن. هەندێک جاریش بە شێوەی مەناقیب دەنووسرێنەوە. بۆ نموونە مەناقیبی کاک ئەحمەدی شێخ {ئەفەندی:٢٠٠١٣} لە لایەن خواجە ئەفەندییەوە نووسراوەتەوە و پیرەمێرد وەریگێڕاوە، لەگەڵیشیدا هەر خۆی مەناقیبێک دەگێڕێتەوە، کە بەهۆی ئەفسوناوی بوونییەوە، دەبێتە یەکێک لە هەقایەتە ئاینییە ئێستاتیکییەکانی ناو پۆلێنی هەقایەتی ئایینی.

لە کۆندا ئەگەر مەجلیسی میر و پاشایان بە حیکایەتی جن و پەری و دزی و قازی خۆشکرایە، ئەوا مەجلیس و کۆبوونەوەی پیاوانی ئاینی نا حوجرە و مزگەوت و تەکییە، بە هەقایەتی دینی و باسی پیاوخاسان و عاریفان خۆش دەکرا. ئەمەش وێڕای چێژی بیستن و بەخشینی هەستی جوانیناسی و پەندوەرگرتن، وەک بەشێک لە ئەرکی ئایینی تەماشا دەکرا، بۆ دوورکەوتنەوە لە باسی دنیایی و پابەندبوون بە ئەرکی ئایینی و لە هەموویشی گرنگتر گیانبەخشین بە شەریعەت، بەهۆی ئەو هەقایەتخوانییەوە. محەمەد شڵماشی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((باسی پیاوچاک و ئەولیا، خۆشەویستی دین دەخاتە دڵی ئینسان، خۆشەویستی دنیا لە دڵی پیاودا کەم دەکاتەوە و ئینسان بۆ تەماع و ماڵی دنیا خۆی تووشی تەنگ و چەڵەمە ناکا و چاو لە ژیانی ئەو گەورەپیاوانە دەکا و قەناعەت دەکاتە دەستمایەی ژیانی)) {شڵماشی: ١٣٩٢،٢٢٠} بەشێکی ئەم هەقایەتانە بەهۆی مەلایان و سۆفی و دەروێشانەوە لە کتێبەکانی حلیەتوئەولیا و مەجلیسی ئەولیاوە وەرگیراون، بەشێکی تریشیان دەماودەم لە دێر زەمانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا لە شوێنە ئاینییەکان دا گێڕدراونەتەوە، زۆرینەشیان کەشی ئەفسوناوی شێوەی هەقایەتی پەرییانە. بابەک ئەحمەدی{احمدی: ١٣٩١، ٦} لە بارەی ئەم جۆرە هەقایەتانە و بە تایبەتیش کۆکراوەکانی ناو "تەزکیرەتول ئەولیا"ی عەتتاری نیشابووری-یەوە ڕای وایە؛ نیشاندانی جیهانی پیاوانی خودایە، دنیایەکی ئایدیالی و ئەندێشەیی، کە هەندێک جار قابیلی پەسنکردن نییە، و هەندێک جاریش زۆر بەردەست و ئاشنایە. لەم جیهانەدا مردووەکان قسە دەکەن، تورە دەبن، یان پێدەکەنن. دەتوانێت گوێت لە ئاواز بێت لە درەختی هەنارەوە و، گورگی دڕندە شێخ لەسەر بەرماڵ دەبینێت، بەڵام پەلاماری نادات و دەڕوات، عارفێک دەشتودەر دەگۆڕیت بۆ زێڕ، پیاوچاکێک هێڵێک لەسەر زەوی دەکێشت و ئاوی لێوە هەڵدەقوڵێت، دووپشکێک دوانزە ساڵ دەبێتە نەدیمی حەلاج. لەم جیهانە دا کەعبەی پیرۆز بە دەوری زیارەتکەردا دەسوڕێتەوە، لەم هەقایەتانەدا جیهانێک درووست دەبێت کە جیهانی سەمەرە و ڕێتێنەچووەکانە. نمونەی ژیانی ئەم عارفانە:

((دەڵێن: شێخ مەعروفی کەرخی بە زۆری بەڕووژوو دەبوو، ڕۆژێک بەلای پیاوێکی ئاوفرۆشدا دەڕوات، کابرا بانگ دەکات و دەڵێت: ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی ئاو وەخوا، و ڕەحمەت لە ئاوخۆرەوە. شێخ مەعروف دەچێت دەست دەکات بە ئاوخواردنەوە. لە پاشان عەرزی دەکەن، قوربان خۆ جەنابت بەڕۆژووبوویت، چۆن ئاوت خواردەوە؟ دەڵێ: بەڵێ، بەڵام لەبەر دوعاکەی خواردمەوە.)) {شڵماشی، ٢٠٠، ١٧٩}.

((دەڵێن ڕۆژێک خەلیفەی بەغدا، دەچێتە خزمەت"**شێخ عەبدولقادری گەیلانی**" و دە کیسەی پارەی بۆ دادەنێت، شێخ دەفەرموێت: لە سایەی خواوە پێوستم بە پارە نییە، هەڵیان گرەوە، خەلیفە زۆر دەکا دەڵێت: قوربان دەبێت لێمی وەربگری، حەزرەتی غەوس ئاخری توڕە دەبێت و کیسەیەک بە دەستە ڕاست و کیسەیەک بە دەستی چەپەوە دەگرێت و بە توندی لێکیان دەکێشێ خوێنیان لێ دەردەپەڕیت، توڕە دەبێت و دەفەرمووێت: ئەی ئەبوومورزەفەر شەرم لە خوا ناکەیت خوێنی خەڵک دەمژیت و، کۆی دەکەیەوە و دێنی لە پێش منی دا دەنێیت و ڕادەوەستی! خەلیفە بێهۆش دەبێت و لە پاش ماوەیەک، بە هۆش دێتەوە و دەستی شێخ ماچ دەکا و بە خەجاڵەتییەوە دەڕوات!)) {شڵماشی:١٣٩٢،٢١١}.

### پێنجەم: گاڵتەوگەپ

گێڕانەوەی بابەتێکی پێکەنینی و تەنزە، بە شێوەی چیرۆکێکی کورت. چیرۆکەکە دەشێت، ڕووی دابێت و دەشێت ئەفرێنراوبێت. ئەم گێڕانەوەیە ڕێیتدەچێت سەربەخۆ لێی بڕوانرێت، لە گەڵێشیدا دەکرێت وەک مۆتیڤێک بچێتە ناو هەقایەتی گەورەوە. لە ئەدەبی کوردیدا نوکتە، گاڵتەوگەپ، قسەی خۆشیشی پێدەوترێت: ((قسەی خۆش چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بە جۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی بەبەردا کراوە)){ڕەسول:٢٠١٠،،١٣٢} ئەم مۆدێلەی گێڕانەوە، بە گێڕانەوەی تەنزئامێزیش دەناسرێت. بەو مانایەی لە زمانی کوردیدا هەردوو وشەی تەنز و سەتیر خوازراوە بۆ ئەو جۆرە لە ئەدەب کە زمانێکی بە پلاری هەیە و لایەنە نەشیاوە ئاکارییەکانی کۆمەڵ بە شێوەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی نیشاندەدات، لە پاڵ هەر دوو وشەکەدا، زاراوەکانی وەک: گاڵتەجاڕی، تەوس، پلار، توانج-یش بەکاردێت. ئەم جۆرەی گێڕانەوە لەسەرشانی کەسێتییە. ئەمانەش کۆمەڵێک پێشنموونەی نێو حیکایەتی ڕۆژهەڵاتن، زۆر ڕووداو دەدرێنە پاڵ ئەمان، چ لە حیکایەتی پەندئامێزدا، چ لە گێڕانەوەی تەنزئامێز بۆ نموونە: هاروونە ڕەشید، تەیموری لەنگ، سوڵتان مەحموود، باڵوڵ، جوحا/مەلای مەشهورە، خدری زیندە، مەلا ئەبوبەکر، تەڵحەک... وەکو کەسێتی باویش بە زۆری ژنان و پیاوانی ئاییبی، کەسانی هەژار، گوندەکی و کەسانی گەمژەن.

لە گێڕانەوەی تەنزئامێزدا بەهۆی کورتی مەوداکەیەوە، کەسێتیسازی کارەکتەر، بەشێکی لە زەینی خوێنەری ئەو کلتورەدا هەیە، بەشێکی تری بەهۆی ڕووداوەکەوە نیشاندەدرێت. بۆیە تەنها

ناوهێنانی دەبێتە هۆی ئامادەگی ئەو هەموو زانیاریانەی، ئێمە پێشتر وەک بیسەر و خوێنەر لە بارەی ئەو کەسەوە هەمانە. توێژەرانی ئێمە پێیان وایە هاوبەشێتی نەتەوەکانی ڕۆژهەلات وای کردووە لە ئەدەبی گاڵتەوگەپ و تەنزئامێزدا کەسایەتییەکانی بەهلول و مەلامەزبوورەش وەک کورد تەماشا بکرێن، بەلام لەگەڵ ئەمانەشدا کەسێتی ڕەسەنی کورد لە نێو گێڕانەوە کوردییەکاندا هەن وەک: لالە سەرحەد و ئەحەی کڕنوو، کە بەڕای دکتۆر عیزەدین، لالە سەرحەدی قارەمانی نێو خێڵەکی و ڕووداوەکانی گوندە، بەلام کەسێکی وەک ئەحەی کوڕنوو قارەمانێکی شارستانییە و قسەکانی بەرهەمی ژیانی شارستان و سەرەتای پەیدابوونی ژیانی تازەی شارە لە ناوچەی باباندا و قسەکانیشی نرکەی پڕ لە پێکەنینە بە ژیانی دواکەوتووی کۆمەڵگا نمونەیەکی گاڵتەوگەپ:

((ئەحەی کڕنوو جارێک دەچێتە کۆیە، سەیر دەکات پیاوێک دوو منداڵی جوانی لەگەڵدایە، بە پیاوەکە دەڵێت ئەرێ برا توخوا ناوت چییە؟ دەڵێت عەبدلواحید، دەڵێت دەلاچۆ تۆ بە جێیان بێڵە من عەبدی هەردووکیانم!)) {سەجادی:٢٠١٥، ب٤، ٩٦}

پۆلێنبەندی ئەمانە لەسەر بنەمای ناوەرۆکە، وەک فۆڕم هەمان پەیڕەبەندی گشتی هەقایەتە. ئەوەی ئەمانە لە یەک جیادەکاتەوە ڕووداو و کەسێتییەکانن و ئێمە لە بارەی جوانیناسییانەوە دەدوێین. بونیادی حیکایەت بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکی و ناوەرۆک و کۆتایی پێکهاتەوە. حیکایەتخوان بە ڕستەی هەبوو نەبوو دەست پێدەکات، بە گشتی سەرەتای هەقایەت ڕستەیەکی کورتە، هەندێک جاریش بە تایبەت لە گێڕانەوەی زارەکی دا هەقایەتخوان درێژە دەدات بە پێشەکییەکەی و خۆی لە چەند ڕستەیەکدا دەبینێتەوە ((کە زیاتر بۆ ئامادەکاری و جۆشدانی کۆڕی حیکایەت و کەشێکی گەرموگوڕی جەفەنگ ئامێزە)) {حەسەن:٢٠١٠، ٢٦}. هەقایەتخوان لەم سەرەتایەوە کە نیشاندەری کاتی نادیار و لە مێژینە و دوورە، دەست بە گێڕانەوە دەکات، ((کە لە ڕاستیدا هەموو کارو کردەوە دواییەکانی حەکایەتەکە، لە کەسەکان و شوێن و زەمەنیش، لەسەر ئەستوونی ئەو هەبوو نەبووە ڕادەگیرێت)) {جوتیار:٢٠٠٦، ٧٣} لە سەرەتای گێڕانەوەشدا پاڵەوانی داهاتوو یان یەکێک لە کەسیتییە سەرەکییەکان دەناسێنێت، لەوێوە بە ناو ڕوودا و بەسەرهاتەکاندا دەڕوات، تا خاڵی سەرکەوتن و کۆتایی. ئەوسا لە کۆتاییدا بە ڕستەی منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ. کۆتایی بە گێڕانەوەکە دەهێنێت. ئەم بونیادە بەشێوەیەکی جێگیر لە هەموو حیکایەتەکانی دنیادا دەمێنێتەوە، تەنها بەپێی ناوچە و نەتەوە و بڕواکان، دەکرێت دەربڕینی سەرەتا و کۆتاییەکەی بگۆڕێت. بۆ نموونە لە هەقایەتی کوردیدا هەبوونەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئاماژەیە بۆ کاتێکی زوو، تێهەڵکێش بە بڕوای ئایینی کە هەر سەردەمێکیش بووبێت، باسی هەر پاشایەکیش بووبێت، بەلام ئەوەی هەبووە و ئەوەشی هێشتا نەبووە و دەبێت، هەر مەخلوق بوون و خالق نەبوون، خودا لە هەمووان گەورەتر بووە.

## پارچەی سێیەم: ئێستاتیکای گێڕانەوە لە هەقایەتدا

هەقایەت ئەگەرچی لە ئێستادا وەک دەقی نووسراو مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەین، بەڵام دەمانێک بەشێکی جوانیناسی هەقایەت، پەیوەست بوو بە جوانیناسی وەگێڕەوە{بێگومان لە بواری هەقایەتدا وەگێڕ بە هەقایەتخوان ناودەبرێت} ڕاویی پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. لە دێرزەمانەوە وەک خاوەن پایەیەک لە لاسەروی کۆڕوکۆبوونەوەکاندا دادەنرا و بەشێوەی جوڵەئامێز و بە گۆڕانی ئاوازەی دەنگی هەقایەتەکەی دەگێڕایەوە. هەندێک لە هەقایەتخوانەکان، دەنگخۆش بوون و لە نێوان هەقایەتەکاندا بە شێوەی تێهەڵکێش بەیتی شیعری و مەقامیان دەوتەوە. لە کوێشدا پێوست بوایە، وەک شانۆگەری هەڵدەستانە سەرپێ و ئەو جوڵەیان دەکرد، کە پاڵەوان یان پادشا یان کارەکتەرێک کردبووی. لەلایەکی ترەوە، هەقایەتخوانی ژن، توانای گۆڕینی دەنگی هەبوو لەگەڵ کارەکتەرە جیاکاندا، دەربڕینی ژنانەی خۆی ئاوێتەی گێڕانەوەکە دەکرد، هەمیشە سەلیقەکاری ژنان بۆ سۆزبزواندن و ئاوێتەکاری زمانی ئاسایی خەڵکی وردترە. ئەوان بە ئاماژە نازمانییەکان و جوڵە جەستەییەکان، گوێگر کێش دەکەن بۆ ناو فەزای هەقایەتەکە. بەڵام ئەوەی ئێمە لە بارەیەوە دەدوێن، هەقایەتی تۆمارکراوە و ڕۆڵی هەقایەتخوانی زارەکی ون دەبێت.

هەقایەت بە گشتی و هەقایەتی کوردی بە تایبەت، جیهانێکی دێرینی تایبەتە، بە تێپەڕینی مێژووش ئەم جیهانە لەبەردڵانە و جێی سەرنج و چێژی خەڵکانێک زۆرە، ئەمەش پەیوەندی بەو جوانییەوە هەیە، کە بە بیسەر و خوێنەری دەبەخشێت. بەڕای ئێمە جوانی هەقایەت لە ئاستی یەکەمدا، پەیوەستە بە مۆتیف و یەکە جادووییە دووبارەبووەکانەوە، کە هێزی ئاشنایی و خۆمانەیی دەدات بە خوێنەر، بەمەش لە پاڵ هەموو ئەفسانە و دووری لە واقیعەوە هێشتاش خۆی بە نزیک دەزانێت. لە لایەکەوە دووبارەبوونەوەی مۆتیڤەکان ئەمە هەڵدەسوڕێنێت، لە لایەکی ترەوە خودی مۆتیڤەکانن، کە ئەگەرچی فۆرم و چەمکی تاڕادەیەک چەسپاون، بەڵام لە فەزای هەقایەتێکەوە بۆ هەقایەتێکی تر دەگۆڕێن. پاڵپشتی نیشاندانی مۆتیڤەکان، زمانە. لە هەقایەتدا، هێزی جوانیبەخش بە مۆتیڤەکان و ئاڕاستەکردنیان، بەهۆی زمانەوەیە. هەقایەت چەندێک پەیوەندی بە ڕۆژە دوورەکان و تەنانە سەردەمە دوورەکانەوە هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی شیعری کلاسیکەوە، زمانێکی هەیە ڕوون و سادە و ڕەوان و پێ هەڵە و پەڵە، بۆ کەسانی ئاسایی کۆمەڵ، بەمەش ئاستە جیاوازەکانی تێگەیشتن، لە خوێنەدەواری داناوە تا پادشا و کەسانی نەخوێنەوار و تەنانەت منداڵانیش، لەو زمانە تێدەگەن و ئاوێتە ڕووداوەکان دەبن. لێرەوە زمان دەبێتە کەناڵی بەرهەمهێنانی گێڕانەوەیەکی ڕوونی ڕووداوی سەیر و قبوڵنەکراو، بەمەش هاوسەنگی لە نێوان خۆمانەیی و بێگانەیی، سادەیی و ئاڵۆزی، دووری و نزیکی هەقایەتەکان دروست دەبێت، ئەمەش ئەو خاڵە جەوهەرییە کە بە جوانیناسی گێڕانەوەی هەقایەت دەناسرێت. سەبارەت بە ڕووی جوانیناسی ئەم جۆرەی گێڕانەوە لە بارەی ((هەقایەت لە هەقایەتدا، مۆتیڤ) دەدوێین:

## یەکەم: هەقایەت لە هەقایەتدا

هەقایەت لە هەقایەتدا، لە دێرزەمانەوە تەکنیکی جوانیناسیانەی ناو هەقایەتە میللیەکانی جیهان بووە و هەزارویەک شەوەش بە سەرچاوەی ئەم جۆرە لە حیکایەت دادەنرێت. هەقایەت لە هەقایەتدا، کۆمەڵێک، گێڕانەوەی جیاواز یان تەواوکەری یەکن، لە ناو هەقایەتێکی گەورەدا بۆ کەسێتی ناو هەقایەت، یان بۆ گوێگری هەقایەت دەگێڕدرێنەوە، هەروەک ئەو هەقایەتانەی شەهرەزاد بۆ شەهریاری دەگێڕایەوە، وێڕای ئەوەش، لە ناو ئەوانیشدا هەقایەتی تر دەهاتە ئاراوە، کە وەک بووکەڵەی ڕووسی یەک لە ناوی یەک هەقایەت دادەنرا. ئەم جۆرە کە بە تێهەڵکێشکردنیش دەناسرێت {القاضی:٢٠١٠، ٣٣٨} هەقایەتەکە لە ئاستی کەسێتی و ڕووداو دا، لەم هەقایەتەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەوی تر، کە لە هەقایەتێکی وەک هەزارویەک شەوەدا دەورێکی گرنگی لە چارەنووسی شەهرەزاد دا هەیە.

ئەم هەقایەتانە دەشێت بە سەربەخۆیی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، یان وەک لەتی یەکیش تەماشا بکرێن. لە ئەدەبی کۆنی جیهانی دا جگەلە هەزارویەک شەوە بەرهەمەکانی: کلیلە و دیمنە، دیکامیرۆن، چل تووتی و چەندانی تر بەم شێوەیە نووسراون. ((لە کۆندا بەم کۆمەڵە هەقایەتانەیان دەوت، هەقایەت لە هەقایەتدا، بەڵام لەمڕۆ دا بە ناوی چیرۆکی موزایکی و چیرۆک لە چیرۆک دا دەناسرێت و لە تایبەتمەندییەکانیشی مۆتیڤی هەمە ڕەنگە)) {میرصادقی:١٣٨٨، ١١٢} ئەم هەقایەتانە چەشنی ڕووداوی سەربەخۆ و لاوەکی تێکەڵ بە شاهەقایەت دەبن و وەک گوژمی ئاوی بەخوڕ، ڕەوتی هەقایەت ڕەوان و پڕ لە بەسەرهاتی چاوەڕوان نەکراو دەکەن.

تەکنیکی موزایکی بە ڕۆحی هەقایەتی دێرین دادەنرێت و نووسەرانێکی زۆری ئەدەبی نوێ بە کاریگەری ئەدەبی کۆن، لە بەرهەمەکانیاندا بەکاری دەهێنن. حیکایەتخوانی دێرین ئەم مۆتیڤە جیاواز و پارچە بچووکانەی بۆ ڕازاندنەوەی پارچە گەورەکەی حیکایەت بەکاردێنا، لە گەڵیشیدا بیسەر{بۆ ئێستا خوێنەر}ی کێش دەکردە ناو پێچەکانی گێڕانەوەوە، کە هەموو جار دەبوو بیری بکەوێتەوە، ئەوە هەقایەتی پارچەیە کە تەواو بوو، دەچنەوە ناو هەقایەتی گەورە، و دیسانەوە بۆ ناو بچووک، بەو شێوەیە تا دەگەشتن بە کۆتایی هەقایەت. لە هەقایەتی ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکەدا، ڕەوتی هەقایەت بە هێڵی ئاسایی خۆیدا دەڕوات، تا ئەحمەد دڵی بە کچی پاشادا دەچێت، بەڵام کچە لە زار کەوتووە و هیچ ناڵێت، هەر کەسیش چووبێت بیخاتە قسە و نەیتوانێت لە سەری دراوە و منارەیەک لە کەللەسەر هەڵچنراوە، بەڵام مەحموودی هاوەڵی، دەچێت و بەهۆی گێڕانەوەی سێ هەقایەتی سەیر و سەمەرەوە، کچەکە دەخاتە قسە و شازادە وەردەگرێت و دەیدات بە ئەحمەد. ئەو سێ هەقایەتەی لە ناو هەقایەتە گەورەکەدا دەگێڕدرینەوە، کە هەر یەکەیان دەتوانرێت بە سەربەخۆیی و جیا لە هەقایەتی سەرەکی بگێڕدرێنەوە، بەڵام کاتێک یەک لە دوای یەک لە هەقایەتە سەرەکییەکەدا دێن و بەهۆی تێهەڵکێشی قسەکانی مەحموودەوە، کە

هەقایەتخوانی سێ هەقایەتەکەیە، و پرسیار ئاراستەکردنی لە شازادە و وەزیران و گزیران، خوێنەریش دەبێتە بەشێک لە گێڕانەوەکە، چونکە ڕاوی داوای ڕا دەکات، بزانێت ئەو بەسەرهاتانەی بەسەر کەسێتییەکانی ناو هەقایەتەکەیدا هاتووە، هەق بە کامیانە و کامیان شایەنی بردنەوەن:

- مەحموود دەستی پێکرد: دوو برا هەبوون، برا بچووک ڕەبەن بوو....کاتێ: هەقایەت کۆتایی دیت، کە لە بارەی سەر سەربڕینی دووبرایە، ژنەکە سەرەکانیان پێوەدەکاتەوە، بەڵام لە پەلە پەلەی دا سەری مێردەکەی بە لەشی شوبرا و هی شوبراکەی بە لەشی میردەکەیەوە دەکاتەوە، شازادە بەوە دەهێنێتە قسە کە: ئایا ژنەکە کامیان بە مێردی بزانیت؟
- پۆپەشمین گفتی دا ڕاست بڕوا، مەحموودیش دەستی پێکرد: بەرگدوور و دارتاش و مەلا بوونە هاوڕێ، کەلوپەلیان هەڵگرت و بەدوای کارو فەرماندا لێیاندا ڕۆشتن... ئەم سیانە شەو ئێشک ئەگرن بە نۆرە، دارتاش پەیکەری کیژێکی جون دادەتاشێت، و نۆرەی تەواو دەبێت و دەنوێت، دوایی بەرگدوور نۆرەی دێت کە ئەو پەیکەرە دەبینێت، دەستێ جلی بووکی قەشەنگی بۆ دەکات، دواتریش مەلا دوعا دەخوێنێت و ڕۆح دەکرێت بەبەریا، مەحموود شازادە و خوێنەریش لەبەر دەم ئەو پرسیارەدا ڕادەگرێت، کە ئاخرییەکەی دەبێت بۆ کامیان بێت؟ (١٠)
- مەحموود دەستی پێکردەوە، پاشایەک دەبێ سێ وەزیری دەبێت، ئەم پاشایە لە کچێک بەو لاوە نەوەی نییە، وەزیرەکانیشی سەروکوڕیان هەیە..لە میانەی گەشتێکدا هەر یەکەیان ڕووبەرووی کۆمەڵێک شت دەبنەوە، بەڵام یەکێکیان فێری حەکیمی و ئەوی تر فاڵگرتنەوە دەبێت و ئەوی دیش قاڵیچەی سلێمانی دەستدەکەوێت، کاتێک فاڵچی کتێب دەگرێتەوە دەبینێت شازادە نەخۆشە، بە سواری قاڵیچە دەچنەوە لای و حەکیم چارەسەری دەکات، پاشان ڕاوی دەپرسێت، دەبێت شازادە بۆ کامیان بێت؟

بەو جۆرە سێ هەقایەتەکە لەگەڵ هەقایەتی گەورەدا دەچنرێت و پاش تەواوبوونی، مەحموود گرەو دەباتەوە بە وەی شازادەی خستۆتە قسە، بۆیە شازادەی دەدەنێ و ئەویش دەیبات بۆ ئەحمەد.

لە هەقایەتی سەلیمی جەوهەر دا{شادی: ٨٧،٢٠٠٥} پاشایەکی دادوەری باش لە ناکاو شێت دەبێت، دەیانەوێت بە گێڕانەوەی هەقایەت چاری بکەن، سەلمی جەوهەر دێت، هەقایەتی خۆی بە شێوەی حەوت ئەپیسۆد بۆ دەگێڕێتەوە. ئەپیسۆد یان ڕووداوی سەربەخۆیش بەشێکە لە چیرۆک کە خۆی لە خۆیدا کامڵە، بەڵام لۆجیکە ناوەکییەکەی دەیبەستێتەوە بە بەشەکانی ترەوە و نمونەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دێنێتە ئاراوە، زۆرێک لە هەقایەتە درێژە فۆلکلۆرییەکان لە چیرۆکی سەربەخۆ و ئەپیسۆد پێکهاتووە و ئەم ڕووداوانە لە هەمان کاتدا خۆیان سەربەخۆن و پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەک هەیە کە پلۆتی سەرەتایی هەقایەتەکە دروست دەکەن و و تاتوپۆی هەقایەتەکە پێکدەهێنن.{میرصادقی:١٣٨٨، ٩٣}

له هەر پارچەیەکی حەوت ئەپیسۆدەکەدا سەلیم پاڵەوانە و ڕووداوێکی بەسەردا دێت، لە یەکەمدا ژیان و بەسەرهاتی کە چۆن لە دەوڵەمەندییەوە هەژار دەکەوێت و دەبێت بە پاڵەوانی فیل هەڵگر، لە دووەم دا دێوی ڕەش کە خۆی کردوە بە شوان و ئادەمیش دەکات بە مەڕ و پەز، دەکوژێت و جادوو بە تاڵ دەکاتەوە. لە سێیەم دا دۆڵپای بەحری سوار بۆتەقەی ملی دەبێت و بە هەزار فەلاکەت تا لێی دەرباز دەبێت. لە چوارەم دا لە تەڵەی ساحێب میوانخانە دەرباز دەبێت و کەشفی دەکات کە کابرا جەلادە و گۆشتی ئادەمی بە خەڵک دەفرۆشێت. لە پێنجەم دا لە شاری مەیموونان توشی دەبێت بە پاشای مەیموونانەوە، کە ناسراوە بە مەیموونی سپی. دەیخوازێت و دوو منداڵی لێی دەبێت و دواتر شارەکە جێدەهێڵێت. لە شەشەم دا شارێک لە دەستی کچی شێتبوو و گۆشتخۆری پاشا ڕزگار دەکات و کچی پەری دەخوازێت و دواتر پەری دەچێتەوە ناو ئاو و ئەم جێدەهێڵێت. لە حەوتەم دا گەوهەری شەوچراغی دەستدەکەوێت و لە ناو کۆنەبرینی لاقیدا دەیشارێتەوە.

پاش تەواو بوونی ئەپیسۆدەکان، ڕەوتی هەقایەت دەچێتەوە ناو هەقایەتە سەرەکییە، کە پاشا و وەزیران دانیشتوون گوێ لە سەلیمی جەوهەر دەگرن، پاشا چاک بۆتەوە بەم گێڕانانەوە. ئەوەی جێی سەرنجە و لەم هەقایەتانەدا، هەموو جارێک بەهۆی مۆتیڤی دووبارەی: (پاشا لێرەدا دەستی کرد بە گریان، پاشا لێرەدا دەستی کرد بە پێکەنین) هەقایەتخوان، بیسەر بە هەقایەتە گەورەکەوە دەبەستێتەوە، لە هەر حەوت گێڕانەوەکەدا نۆ جار پێدەکەنێت، نۆ جار دەگری، کاتێک بەسەرهاتەکانی سەلیمی جەوهەر بەرەو بردنەوە و سەرکەوتنن ئەو پێدەکەنێ، کە سەلیم لە نوشوستی دایە ئەو دەگری.

هەقایەت لە هەقایەت دا، لە مەملەکەتی ماسی دا{حەسەن: ٢٠١٠، ١٣٦}چەندان هەقایەتە، دەبنە جوڵێنەری ڕەوتی هەقایەتە سەرەکییەکە، کارەکتەرەکان بە گێڕانەوەیەک، دەبنە نیشاندەری بەشێک لەو ڕووداوانەی کە پاڵەوان نایزانێت. لە سەرەتادا تیشکی گێڕانەوە لەسەر یەکەم کارەکتەری ناو گێڕانەوەکەیە، کە ماسیگرە. ئەو کوپەڵەیەکی دێو لە ناو، لە ئاوەکە دەردەهێنێت، دێوەکە هەقایەتی خۆی دەگێڕێتەوە:

دێوەکە وتی: زەمانی خۆی گوێڕایەڵی حەزرەتی سلێمان بوون، جارێکیان بە کاری خراپ گیرام و برامە خزمەتی...

ئەم گێڕانەوەیە تەواو دەبێت، ماسیگر داوای لێدەکات شوێنێکی پڕ ماسی نیشان بدات، ئەویش نیشانی دەدات وماسی دەگرێت و دەیفرۆشێت بە وەزیر، بەڵام ماسییەکان لە تاوەکە دا لەگەڵ ئەو عەرەبەی لە ناکاو بە شوڵێکەوە پەیدا دەبێت، قسە دەکەن. هەقایەت بەردەوام دەبێت تا پاشا دەیەوێت سەر لەم نهێنییە دەربکات. کاتێک دەچێتە ناو دەریا و لە دەمی کارێزەوە دەچێتە ناوەوە، دەرگا دەشکێنێت دەبینێت کەسێک لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بە مۆڵەق وەستاوە. ئیدی ئەو کەسە پاشایە و چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە، لە ناو گێڕانەوەکەشدا دوو کەنیزەک گێڕانەوەیەکی تر

دەکەن، ئەگەرچی کورتە بەڵام دیسان ڕاوین و بەسەرهات دەگێڕنەوە، کە لە بێئاگایی پاشادا ڕوویداوە. بەو جۆرە هەقایەت لە ڕەوتی سەرەتای دوور کەوتۆتەوە، لە ماسیگرو دێوەوە بۆ وەزیر و پاشا، لە پاشاشەوە بۆ پاشای جادوولێکراو.

لە هەقایەتی "پسمام و دۆتمام" دا {گەردی:٢٠١٤، ١٦٢} سێ وەگێڕ، سێ چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە. جوانیناسی گێڕانەوە لەم سێ هەقایەتەدا، بەهۆی لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتاچوونە، لە سەرەتادا پاڵەوان بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی ماسییەک، تا بزانێت نێر یا مێیە، دەست بە سەفەری خۆی دەکات، بەڵام ئاسنگەرێکی خەمبار دەبینێت و دەیەوێت چیرۆکی ئاسنگەرە خەمبارەکە بزانێت، ئەویشی پێی دەڵێت لەمن خەمبار تر هەیە، چیرۆکی مەلا خەمبارەکەیە. ئەویش دەڵێت: کەی هەقایەتی پسمام و دۆتمامت بۆ هێنامەوە ئەوسا منیش بۆت باس دەکەم، پاڵەوان دەڕوات تا دەگاتە کۆشێکی حەوت نهۆمی، کە چل دەڵە دێو پاسەوانن، لەوێ لە زاری پسمامەوە هەقایەتی خیانەتی دۆتمام دەبیستێت، پاشتر دەگەڕێتەوە، مەلایش هەقایەتی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەوسا ئاسنگەریش. پاش تەواوبوونی هەقایەتەکانیش پاڵەوان دەچێتەوە کۆشکی پاشا و خیانەتی شاژن ئاشکرا دەکات و خەڵات دەکرێت. لە هەقایەتی قەلەڕەش و کۆتریشدا هەر یەکەیان بەسەرهاتێک دەگێڕنەوە تا حەزرەتی سولەیمان حوکمیان بدات. {گەردی:٢٠١٤}. نزیک لەم گێڕانەوەیە لە هەقایەتی "تووتی و حەزرەتی سلێمان" دا، تووتی چیرۆکێک دەگێڕێتەوە تا حەزرەتی سولەیمان حوکمی دادوەرانە بدات بەرامبەر بە سکاڵای قەلەڕەش {لوقمانی:٢٠٢٠، ٣٨}.

### دووەم: مۆتیڤ

هەقایەت یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی، کە فەزای ئەفراندن و جوڵەی داهێنەرانەی هونەریی تێدا کراوە و فراوانە. هەقایەتخوان ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە تا هونەری خۆی بە تاقەت و تێروتەسەلی بخاتەڕووو، چونکە لە هەقایەتدا دەرفەتی بەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژییەکان و بونیادە ئێستاتیکییەکان زۆرترە. {عمران:١٣٩٥، ٣٢} بۆ نموونە هەقایەتخوان دەتوانێت لە هەندێک شوێندا سوود لە سەروا و سەجع وەربگرێت، یان تیلنیشان بکات، پەندی پێشینان، شیعر، بابەتی ئایینی تێکەڵ بە هەقایەتەکەی بکات. جگە لەوەی ئەوەی لەڕووی ڕەوانبێژییەوە بەشێکی زۆری خواستن و خوازە و درکە بەکاردەهێنێت. بەڵام بەڕای ئێمە یەکێک لەو هونەرانەی جوانی هەقایەت دەنوێنێت، دووبارەیی و بەکارهێنانی چەندین جارەی دەستەواژە و وێنە و بەسەرهات و تەنانەت ناوی کەسێتی و ڕووداوەکانە. ئەمانە یەکێکن لە سەرەکیترین تایبەتمەندی هەقایەت و دیارترین ڕووی جوانیناسی لەم جۆرەی گێڕانەوەدا. ئەم بارە لە تیۆری ئەدەبی دا بە مۆتیڤ ناودەبرێت.

مۆتیڤ زاراوەیەکی ویژەییە، واتای ئەو بیرە سەرەکییە دەدات، کە لە بەرهەمی ویژەیی دا و بە تایبەت لە هەقایەتەکاندا بە دەربڕینی بیرو جۆری کارەسات لە شێوەی دەقی تایبەتی دا، کە بە زۆری لەو دەق دووبارە دەبێتەوە، دەردەکەوێت {جمباز:١٩٨٩، ٢٩} بە واتایەکی تر ((مۆتیڤ؛ تێمە یان کەسێتی یان ئارکیتایپێکی دیاریکراوە، کە بەشێوەی جۆراوجۆر لە ئەدەبیات و هونەردا دووبارەدەبێتەوە)) {داد:١٣٨٥، ٨٥} لە ئەدەبیاتدا بریتییە لە: تێمە، وێنەی هونەریی، بیر، کردار، بابەت، بارودۆخ، دیمەن، کەش و ڕەنگ یان وشە و دەربڕینێک، لە بەرهەمی ئەدەبی دیاریکراو یان بەرهەمی جیاواز دا دووبارە دەبێتەوە. دووبارەبوونەوەی مۆتیڤ لە بەرهەمێکی دیاریکراودا، بەرهەمەکە بەرەو هاوئاهەنگی و یەکپارچەیی دەبات.{میرصادقی:١٣٨٨، ٥٧} مۆتیڤ لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا بە مانای توخمی دووبارە بووەوە دێت، کە زۆر شت دەگرێتەوە. بۆ نموونە: تایبەتمەندی گشتی کەسێتی وەک: "گەردن بلوور، چاوی شین، خاڵی ڕەش، قەمبور، باڵا کورت، ناوشان پان.." باری دەروونی وەک: "خەمبار، دڵخۆش، ترس، دەروونپەرۆشی، چاوقایم، ڕۆحسووک.." هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە کەسێتییەوە وەک: "شێوازی قسەکردنی، پۆشاک، دەنگ، پلەی کۆمەڵایەتی، بڕوا و ئایدۆلۆژیا.."، جگە لەمانە ڕووداو، وێنەی هونەریی، کات، شوێن، هەر یەک لەو ژانرە پێکهێنەرانەی گێڕانەوە دەگرێتەوە، کە بەهۆی دووبارە و چەندبارە دەرکەوتنیانەوە دەبنە مۆتیڤ. لە ڕاستیدا هیچ یەک لە مانە بە تەنها نابنە موتیڤ، بەڵکو لە بەرکەوتنی چەندین جارەیاندا خوێنەر هەستی پێدەکات و هەستیار دەبێت بەرامبەری، ئەمەش دەبێتە بەشیک لە جوانییەکانی گێڕانەوە. بە واتایەک: ((مۆتیڤ بریتییە لە چەمک، وێنە، ڕووداو یان پێشنموونەیەک کە لە چیرۆکدا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و جوانیناسی بەرهەمەکە تێر دەکات. لە هەقایەتی پەرییان دا ئەم مۆتیڤە دەتوانێت کەسێتی و ئاژەڵی وەک ئەسپ، جادووگەر یان شازادە بێت و یا ڕووداوی وەک دزینی شازادە لە لایەن جادووگەرە و ڕزگارکردنی لە لایەن پاڵەوانەوە بێت، شازادە بە گشتی لە هەموو ئەم هەقایەتانەدا دووبارە دەبێتەوە.)) {مقدادی:١٣٧٨، ٢٨١}. یەکێک لە وانەی لە بارەی مۆتیڤ لە ئەدەبی گێڕانەوەدا دواوە، بۆریس تۆماشفێسکییە، کە مۆتیڤ وەک بچوکترین یەکەی گێڕانەوە دەناسێنێت، بە بڕوای ئەو هەموو چیرۆکێک مۆتیڤێکی سەرەکی هەیە، لەگەڵ کۆمەڵێک مۆتیڤی لاوەکی کە مانای بەشێک لە چیرۆکەکە ڕوون دەکەنەوە، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەم مۆتیڤە لاوەکیانە ئەرکی خوێنەرە و بەمەش هەر چیرۆکێک دەبێتە زەمینەیەکی گفتوگۆ بۆ خوێنەر و دەق. کاتێک خوێنەر توانی ئەم پەیوەندییە بدۆزێتەوە ئەوە چیرۆکەکە سەرنجڕاکێش دەبێت {بەرزنجی:٢٠٠٨، ٢٣٤}

جۆرەکانی مۆتیڤ بەهۆی دەرکەوتنیان لە نێو توخمە بونیادییەکانی گێڕانەوەدا، فرە چەشنەن، ئێمە لێرەدا بەش و جۆرەکانی بە هێنانەوەی نموونەی ناو هەقایەت و گێڕانەوەی سەرگوزەشتە، دیاری دەکەین.{پارسانسب: ١٣٨٨، ژ٥} (١١) هەڵبەت پێشتر لە لایەن تاریق جمبازەوە مۆتیڤی هەقایەتی کوردی لە کتێبی "چل کەزی" دا نیشان دراوە، هەرچی مەولود ئیبراهیم حەسەنیشە گەلێک مۆتیڤی دیاریکردووە، ئەگەرچی کارەکەی ئەو لە نێو هەقایەتی ئەفسانەییە دایە، بەڵام

ڕاشکاوانە لەوەش دەدوێت مەرج نییە هەموو ئەو مۆتیڤانە هی هەقایەتی ئەفسانەیی بن، ناساندن بۆ هەقایەتی ئەفسانەییش دەکات "ئەو چیرۆکەیە کە دانەرەکەی دیار نییە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕدرێتەوە و کەسێتی ئەفسانەیی(دێو، ئەجندە..) بەهۆی ئامیر و کەرەستەی ئەفسانەییەوە(کڵاوی سەخر جن، بەرماڵی فڕێو) لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا(تێپەڕبووین هەزار ساڵ لە خولەکێکدا، کێوی قاف..) کارێکی ئەفسانەیی (بە بەرد بوونی مرۆڤ..) تێدا دەکەن.{ئیراهیم حەسەن: ٢٠٢٠a، ٢٥}

### ١. کەسێتی:

هەم ڕۆڵی کەسێتی چیرۆک دەگێڕێت و هەم وەک پێشنموونە مانا و تیگەشتنێکی تایبەت بە چیرۆکەکە دەبەخشێت. ئەگەر ئەم کەسێتیانە بگۆڕین بە کەسێتی تر، ڕووی مانا و تەنانەت جوانیناسی چیرۆکەکە دەگۆڕێت و لە پێزی کەم دەکاتەوە: ((بە شێوەیەکی گشتی، کەسێتی بە کۆمەڵە ڕەفتارێک دەوترێت، کە تاکێتی دەدات بە کەسێک و لە ئەنجامدا ناسنامەی پێدەدات، ئەم ناسنامە دەکرێت بە دڵی کۆمەڵگە بێت، یان بە دڵی نەبێت)){خسروی:١٣٨٨، ١٠٣} بەشێکی جوانیناسی هەقایەت پەیوەستە بە مۆتیڤی کەسێتییەوە، بە تایبەت پاڵەوان، کە مەردی مەیدان و پیاوی نەجیب و کەسی ڕۆژی تەنگانەیە. ئەم کارەکتەرە لە زۆربەی هەقایەتەکاندا دووبارە دەبێتەوە و هەقایەتی پەرییان نییە، پاڵەوانی تێدانەبێت.

پاڵەوان لە هەقایەتی کوردیدا بە دوو جۆر دەرکەوێت. پاڵەوانێک کە کوڕی بچوکی پادشا، یان جوتیار یان کەسێکی لیهاتووە، بەهۆی پلەی کۆمەڵایەتی، یان سیفاتی مرۆڤی، یان جوانی خودایی و دەوڵەمەندییەوە شایەنی بە پاڵەوان بوونە. یاخود پاڵەوان بە ڕێکەوت دەبێت بە پاڵەوان و لەسەرەتادا شایستە نییە، و پێگەیەکی کەمی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەیش کوڕە کەچەڵەیە، بەڵام ڕەوتی هەقایەت پێی دەگەیەنێت و ئازا دەبێت و کاری شایستە دەکات. ئەگەرچی پرۆپ پێی وایە کەسایەتییەکان خودی خۆیان نا، بەڵکو کردەوەکانیان لە هەقایەتی پەرییان دا گرنگن، چونکە ڕیشەیان لە کردەکاندا هەیە، کەسی دزێو، فریادڕەس خۆیان گرنگ نین، بەڵکو ئەو شتەی دەیکەن گرنگە، کاری ئەوان لە چیرۆکە جۆراوجۆرەکاندا کارکردێکی هاوشێوەیە. {بێرتێنز:٢٠١٥، ٧٣}. بەڵام لای خوێنەر ئەمە واناکەوێتەوە، خوێنەر و بیسەری هەقایەتی میللی کەسیتییەکەی بۆ گرنگە، بە تایبەت ئەگەر هەقایەتەکە دینی یان گاڵتەوگەپ بێت، دەگۆڕێت، جەختی هەقایەت لە هەندێک بەسەرهاتی ئایینی دا بۆ کەسێتییە کە لە زۆربار دا بوونی مێژووی هەیە، وەک چیرۆکی پێغەمبەران و پیاوچاکان، لەم هەقایەتانەدا کەسێتییەکان بەبوونی خۆیان دەبنە داڕێژەری هەقایەتیش.

لەو ڕووەوە کەسێتیەکان لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی خۆیانیان هەیە، پلۆتیش لەگەڵ کارەکتەردا پەیوەندییەکی نزیکی دەبێت، کەسێیتەکان لە داڕشتنی پلۆتدا کاریگەر دەبن، زۆرینەی

تیۆرناسانیش بە پرۆپ-یشەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە کەسێتی و ڕووداو بێ یەک نایان کرێت، کاتێک کەسێتی و ڕووداو پێکەوە هەقایەتەکە بەرەو پێش دەبەن-کە کەسێتی خێر و شەڕن- ئەمانە بە شێوەیەکی واقیعی نوێن بۆ خوێنەر بخرینە ڕوو، ئەوا خوێنەر بەهۆی کەسێتییەوە، دەبێتە بەشێک لە هەقایەت و لایەنگری ئەو بۆ کەسێتی چاکەکار دەست پێدەکات، ئەمەش وادەکات مەیل و چاوەڕوانی هەبێت لەگەڵ گێڕانەوەکەدا و لە خوێندنەوەی هەقایەتەکە بەردەوام بێت {رضوانیان:١٣٨٩، ١١١}.

مۆتیڤی کەسێتی دابەش دەبێت بۆ چەند دەستەیەک:

- **کەسێتی ڕاستەقینەی مرۆڤی:** ئەم جۆرە لە هەقایەتەکاندا، وەک کەسانی ناو کۆمەڵ دەردەکەون، ئەمەش نزیکی و سۆز دەدات بە خوێنەر چونکە، نمونەی کەسانی هەبوون و خوێنەر لە ژیانیدا لەم نمونانەی دیوە. وەک کەسێتییە حەقیقییەکان، ئەم کەسێتییانە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە، زۆر جار لە هەقایەتی پەرییان دا ژمارەیەکی زۆریان دەکەونە ناو یەک هەقایەتەوە، لە هەقایەتی پەندئامێز یان ئایینی دەکرێت دانەیەک یان چەند دانەیەکی دیاریکراویان بەرچاو بکەوێت. وەک: پیر، دەروێش، گەمژە، شێت، کەچەڵ، لادێی، شێت نوێن (عاقڵی شێت)، کەنیز، غولام، قازی، عاشق، مەعشوق، پاشا، وەزیر، خدری زیندە، یونس، سولەیمان، سوڵتان مەحمود و هەیاس، حەلاج، شبلی، وەیسی قەرەنی، ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم مەعروفی کەرخی، شا عەباسی سەفەوی... هتد. هەندێک لەم کەسێتانە بوونی مێژوویيان هەیە و گەلێک ڕووداو لە ژیانیان دا ڕووی داوە، بەڵام ئیدی هەقایەتخوان لە زۆر هەقایەتی تردا بە سوودوەرگرتن لەم کەسێتیانە هەقایەتی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم کەسێتییانەی دوایی کارەکتەری کورد نین، بەڵام لە گێڕانەوەدا، گوێگر چاوەڕوانی کورد بوون یان فارس و تورک بوون ناکات، ئەو بە شوێن ئەو پێشنموونەوەیە، کە دەبێتە پاڵەوانی ناو ڕووداوەکان و لە ڕێگەیەوە بەسەرهاتێک دەبیستێت. بۆ نموونە: لە "خەرمان لۆغە"دا باسی ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم. ئەمین و مەئمونی هاروونە ڕەشید، باڵوڵ و لوقمانی حەکیمیش دەکات. هەندێک لەم کەسێتیانە، کەسانی ناو مێژوون، لە هەقایەتی ئایینیدا هەن، بە تایبەت لە کتێبی یادی ئەولیای "عەتاری نیشابور"ی دا، کە "محەمەد شلْماشی" خۆی کتێبێکی بە ناوی مەجلیسی ئەولیا لە هەموو ئەو کتێبانەی ژیانی پیاوچاکان و پیرانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکانیان نووسیوەتەوە ئامادەکردووە، ئەمانە بەهۆی کۆڕ و کۆبوونەوە ئاینییە و حوجرە و تەکێکانەوە بوون بە بەشێک لە هەقایەتی کوردی.

هەندێک لەو هەقایەتانە، لە ڕووداوی ڕاستییەوە نزیکن و لە زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەلاتدا بە چەسپاوی بونیادە گشتییەکەی و دەستکاری مۆتیڤە لاوەکییەکانی، گێڕدراونەتەوە. بۆ نموونە: هەقایەتی گیسکەکەی هەیاس، کە وەک ئیدۆمیش بەکاردێت. عەلادین سەجادی لە ڕشتەی مرواریدا باسیکردووە{سەجادی:٢٠١٥، ب٨، ١٢٠} هەقایەتەکە لە بارەی زرنگی

هەیاسەوەیە، کاتێک سوڵتان مەحموود لێی تورە دەبێت، ئەویش دڵگران دەبێت و دەڕوات، پاشتر بەهۆی لیهاتووییەوە لە ڕووداوی گیسکی بەخێوکراوی چل ڕۆژەدا دەدۆزرێتەوە. ئەم جۆرەی هەقایەت چەسپاوە و پەیوەستە بە چیرۆکی بەربڵاوی دانایی و کارزانی هەیاس و زاڵمی سوڵتان مەحمودەوە و لە هەر هەقایەتێکش ئیدۆمێک سازاوە. بۆ نمونە: "خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە"ی کابرای دارتاش. بەڵام لە گێڕانەوەی تردا، سوڵتان مەحموود دەکەوێتە ناو هەقایەتی پەرییانەوە، چیرۆکی زاڵمێتی سوڵتان و حەکیمیی هەیاس، ئاوێتەی ئەژدیها و فیرنەگولە و کچی شای پەرییان دەبێت، بۆ نموونە لە هەقایەتی (سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و پرسینەوەی شای پەرییان) دا، بەهۆی لێکدانی حیکایەتی ڕاستەقینە و ئەفسانەییەوە، هەقایەتێکی نوێ ئەفرێنراوە. ئەمەش جوانیناسی گێڕانەوەیە لە هێنانی مۆتیڤە جیاکانی ناو هەقایەتە جیاکان و هاوتایی پێدانیان لە هەقایەتی  پەرییان دا. وەک چۆن لە هەقایەتی "کوڕە کەچەڵە" دا، هەیاسی خاس، کوڕە کەچەڵەیە کە لە ڕەوتی مێژوویدا، دوورە لە ڕاستییەوە، بەڵام ئەم جۆرە ناباوییە، کە ئاوێتەکاری هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی و داستانی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاسە، دەبێتە هۆی بونیادێکی نوێی هەقایەت، لەم هەقایەتەدا(هەیاس کوڕە کچەڵەیە و دایکی نەماوە و باوەژنی دۆستی هەیە و وەک ئاشکراشە بە چەشنی سۆزانییەک هەڵسوکەوت دەکات، باوکی هەیاس جوتیارە و زەوی دەکێڵێت، باوکی هەیاس کابرایەکی ملشۆڕی بودەڵەیە...) {سەعید: ٢٠٠٩}.

ناونیشان و تایبەتمەندی پاڵەوانان لە هەقایەتی پەرییان دا توخمی گۆڕاون، مەبەستیش لە تایبەتمەندی {سیفات} کۆمەڵێک خەسڵەتی دەرەکی وڕواڵەتی پاڵەوانە، وەک: تەمەن، ڕەگەز، پلە، و وردەکاری شێوە و بیچمی، ئەم سیفاتانە درەوشاوەیی، دڵفڕێنی و جوانی تایبەت دەدەن بە هەقایەت. {پراپ:١٣٨٦، ١٧٥}

هێندەی هەیە، ئەو حیکایەتانەی لە ناوچەکانی کوردستانی باشوور دا دەگێڕدرێنەوە، زۆریان هەقایەتی پەندئامێز بە زاری سوڵتان مەحموود و هاروونە ڕەشیدەوەن، کەچی حیکایەتەکانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتیش کرمانجییەکانی خۆراسان شا عەباسە و زۆرجاریش پاڵەوانی فریادڕەس ئیمامی عەلییە، ئەمەش پەیوەندی بە گۆڕانی هەقایەت و تێکەڵ بوونی لەگەڵ لەگەڵ کولتوور و بڕوادایە: ((ئەو شەوە حەزرەتی عەلی لەوڵاتەوە تێپەڕی، دەستێکی بەسەر ئاسکەکەدا کێشا و ئاسکەکە بوو بە لاوێکی جوان و گەشایەوە..)){تەوحودی:٢٠٢٠، ٤٨}

- **کەسێتی سیمبولی:**

ئەم کەسێتیانە دەکرێت لە هەقایەتەکاندا وەک یارمەتیدەر دەربکەون، یان ببن بە هەقایەتی لاوەکی. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە هەقایەتی دینی و پەندئامێزدا هەن. بە هێنانی ناویان خوێنەر هەست بە جۆری هەقایەتەکەش دەکات، کە دەشێت: دانایی، یان بەخشندەیی، یان ئەویندارى یان کارزانی بێت، نمونەشیان بریتین لە: لوقیمانی حەکیم، مەلا نەسرەدین، جوحا،

شێخی سەنعان، حاتەمی تایی، هەر یەک لە مانە ئارکتاییپکن و بە سیفاتدا دەناسرێنەوە، وێنەی ئامادەبوون کە دەخرێنە ناو گێڕانەوەوە، خوێنەر وەک ڕەنگی زاڵی ناو تابلۆیەک چاوەڕێی ڕەنگەکانی تر دەکات، تا ئەم پاژە لە پاڵ پاژەکانی تردا تابلۆکەی بۆ تەواو بکەن. کەسێتی لوقمانی حەکیم دانایە و لە گێڕانەوەی ئامۆژگاریئامێز دا دەرکەوێت، کە زۆر جاران بە زمانی ئاژەڵانیشەوە دەگێڕێتەوە، شێخی سنعان، لە ڕێونی و ئەوینداری دا باس دەکرێت و کەسێتییەکی پیری ئاینی خوداناسە، کە تەمەنی پەنجا ساڵە و هەشتا هەزار دەروێشی هەیە. "حاتەمی تایی" پیاوی زەنگینی دەستودڵ باشە، هەرچی باڵوڵە خاوەنی هەڵویستە و قسەبڕی ناو مەجلیسانە، کە زۆرجار گێڕانەوەکانی دانایی و تەنز دروست دەکەن، بۆ نموونە:

((ڕۆژێک باڵوڵ چووە مەجلیسی هاروونە ڕەشید، یەکێک لە وەزیرەکان گوتی: ئەی باڵوڵ! موژدەبێ لە تۆ کە ئەمیری موسوڵمانان تۆی کردووە بە گەورە و سەرداری مەیمون و بەرازارن. باڵووڵ لەسەرەخۆ گوتی: جا کەوایە لەورۆ بەدواوە هەرچی گوتم بە قسەم بکە و لە فەرمانم دەرمەچۆ؛ چونکە تۆ یەکێک دەبی لە ڕەعیەت و ژێردەستەکانم.)) {شلماشی: ٢٠٠٠، ١٣}.

- **کەسێتی ڕاستەقینەی ئاژەڵی:**

لە هەقایەتی کوردیدا چوارپێ، باڵندە، تەنانەت دیاردە سرووشتییەکانیش خاوەن گیان و نیشانەی تایبەتن و لەگەڵ مرۆڤ قسە و پرسوڕا دەکەن: وەکو کۆتری نامەبەر، تووتی قسەکەر، سەگی بەوەفا، ئەسپی نەجیب، ڕێوی فێڵباز، مێلورەی زەحمەتکێش، ئەمانە ئەگەرچی بیچمیان واقیعییە، بەڵام لە هەقایەتدا کردەوەیان نائاساییە و ئەمەش پەیوەندی بە هێمایی بوونی ئەوانەوە هەیە، کە سیبمبولن بۆ کەسێتی ناو کۆمەڵگا {سەلیم:٢٠١٣، ٥٢} ئەم ئاژەڵانە دەشێت لە هەقایەتی پەرییان دا یارمەتیدەری پاڵەوان بن، لە هەقایەتی پەندئامێزیشدا وەک کەسێتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و تەنها بە ناو ئاژەڵن وەک: شێر، ڕێویَ، گورگ، مار، ماسی، توتی، کۆتر، ئەسپ، هەنگ، قالۆنچە، مێلوورە: ((ڕێویەک تەماشای کرد، لە بیابانێک هێسرێک خەریکە گیان دەدا و هێشتا گیانیشی دەرنەچووە. وتی: بەزاتی خوا ئەمە دووچاری پەنێکم دەکا، ئا با بزانم یەکێک ناهێنم پێش دەستی بکا. توشی گورگێک بوو، تەعزیمی لێ کرد و گورگ وتی: ها! مام ڕێوی لەچی دەگەڕێیَ؟

ئەی ئاغای وەخت. ئەی پادشای زەمانە، نیعمەتێکم دۆزیەوەتەوە، بەشی تەواومانە ئەگەر تۆ تەشریف بێنی. جا کەباب دەخۆی، گۆشتی جوان دەخۆی. قەڵە و ئەخۆی هەیە و لەڕ دەخۆی هەیە..)){لوقمانی:٢٠٢٠، ٢٣٥}.

▪ **کەسێتی خوازەیی:**

- توخمە سرووشتییەکان: درەخت، با، درەیا، خۆر، ئەشکوت، گوڵ.
- توخمە پیرۆزەکان: فریشتە، ئیزرائیل، جوبرەیل، هاتف، سرووش، سولەیمان، خدری زیندە.
- توخم واتاییەکان: خێر و شەڕ، عەقڵ و عەشق، چاکە و خراپە.
- توخمی ئستورەیی- ئەفسانەیی: کێوی قاف، سیمورغ، گا، عەنقا، دێو، فیڕنەگولە، ئەژدیها، پەری، جنوکە، عیفریت، ئەهریمەن.

لە هەقایەتی دینی و پەندئامێز دا، زۆرجار کەسێتی خوازەیی دێتەوە لە پۆلێنی کەسێتی پیرۆز، وجودی ئەو کەسێتییە وەها دەکات، کۆی هەقایەتەکە ببێتە گێڕانەوەیەکی پڕ سۆزی ئایینی، لەم هەقایەتدا کەسێتی ڕاستەقینەی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ کەسێتی وێناکراوی جوبریل و فریشتەیەکی تردا باس دەکرێن: ((دنێڤا ئەکرادان ل وەجهێ تەمسیل، وەها مەشهوورە کو گۆیا نەقل دکەن، کو وەقتێ پێغەمبەر علیه السلام وەکو چوویە میعراجێ، حەزرەتێ جبرائیل دگەل بویی و سەیرا عەجایب و غەراییبێد سەمەواتان دکرن، پێغەمبەر علیه السلام مەلەکەکی مەزن دیت کو دهولەکی زێدە جەسیم د ئەستودایە و چوماغەکێ مەزن د دەستی دایە، وەها مونتەزر وەستایە، پێغەمبەر علیه السلام پرسیار کرن کو ئەڤنە چنە و تۆ مەئمورێ چ شولی، ئەوی مەلەکی جەواب دایێ، گۆ، یا رسول الله ئەز مەئمورم کو ئەگەر مرۆڤەک ژ تائیفا خوەندیان ئیحسان و سەدەقەیەکێ وەیاخۆ تەعام و زادەکی بدەنە فەقیرەکی، ئەز دێ چوماغەکی لڤێ دهولێ بدەم، کو ئەڤ ئیحسان و سەدەقەیا وی خوەندی، ب مەعلوومی مەلایکێد سەمەواتان ببن، ئیجارێ پێغەمبەر علیه السلام ژ وی مەلەکی سوال کرن، کو هندی کو تو هاتی مەئمور کرن تە قەت چەند جاران لڤێ دهولێ دایە، مەلەکی جەواب دایە، کو حەتا نها ئەز مونتەزرم، لاکین من قەت ل دهولێ نەدایە، پاشی نها ژی ئێدی خودێ بزانی، یانی خوەندییێد حەمو مللەتان، ئەکسەری کێم ئیحسان و کێم ئیکرام دبن، لەوڕانێ ئەو دخوەزن خەلق ئیکرام و ئیحسانێ ل وان بکەن، لاکین بخوە تشتەکی نادەنە ژاران.)) {بایەزیدی:٢٠٠٤، ٨}.

لە هەقایەتی ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکەدا{حەسەن:٢٠١٠، ١٢٢}، تەنها ئاژەڵ و مرۆڤ کارەکتەر نین، بەڵکو پاڵەوان بۆ هێنانە قسەی کچی پادشا، چرا و پۆپەشیمنیش دەدوێنێت، ئەمەش شەقڵی ئەفسانە و هەقایەتی دێرینە، تایبەتن بە جیهانبینی مرۆڤی سەرەتاییەوە، جیهان بە هەموو بوونییەوە هەمەکی و هەندەکی زیندوو و گیانلەبەرن. هەر یەکەیان ڕۆح و زمانی خۆیی هەیە:

((کچە شازادە دوو چرای بۆ دانرابوو، یەکێک لە پاینی و یەکێک لە سەرینی، مەحموود ڕووی کردە چرای سەراورد، وتی: ئەی چرا ئەوندەی کوڕی دانا و چاژان هاتوونەتە ئەم جێگەیە و حیکایەتیان بۆ شازادە خان گێڕاوەتەوە، زۆریان لیوە فێر بووی، دە فەرموو ئەی چرا حیکایەتێکم بۆ بگێڕەوە. چرای سەراورد هاتە زمان: من هیچ حیکایەتێک نازانم، دەبیت تۆ حیکایەتخوان بیت،

ئەگەر وەها نەبووایە، قەواڵەت لەسەر ژیانی خۆت مۆر نەدەکرد! فەرموو تۆ ڕازێک بۆ من بگێڕەوە کوڕەی لاو.

-باشە بۆت دەگێڕمەوە، بەڵام دەبێ هەق بڵێی چرا. بە ڕاستی واتا و مەبەستی حیکایەتەکەم بۆ ڕوون بکەیتەوە. سەد جار چرای کچە پاشا بیت، ئەگەر ڕاست نەڕۆیت، دەتشکێنم ها! چرا وتی: سوێند بێ بە خواوەند ڕاست دەڕۆم. مەحموود دەستی پێ کرد...)).

لە هەقایەتی "زەنگی شەقلەباز" دا کانی بۆگەن، دڕکوداڵ وەک کەسێتی قسە دەکەن{تەقی:٢٠٠٦، ٣٣}: ((کە گەشتە کانییە بۆگەنەکە، دەڵە دێوەکە نەڕاندی: کانییە بۆگەنەکە بیگرە، وەرامی دایەوە، گوو بخۆ، لە گووی باوکت بخۆ، تۆ پێم دەڵێی کانییە بۆگەن، ئەو پێم دەڵێ کانییە شەکراو، ئیتر چۆنی بگرم؟!))

هەمان مۆتیڤ بە شێوەی دیالۆگی دڕکوداڵیش دووبارە دەبێتەوە:

((بەم جۆرە لەم ناوچەیە ڕزگاری بوو، کە گەیشتە نزیک دڕکوداڵەکە، دەڵە دێوەکە هاواری کرد: دڕکوداڵ بیگرن. دەنگێک لە دڕکوداڵەوە هات و وەرامی دایەوە: گوو بخۆ، لە گووی باوکت بخۆ، تۆ پیمان دەڵێی دڕکوداڵ و ئەو پێمان دەڵێ باخ و باخات، ئیتر چۆنی بگرین؟))

پاڵەوان کەسێتی حەقیقییە، دەشێت کوڕی بچوکی پادشا بێت، یان کوڕە هەژا و شوان، یانیش کوڕە کەچەڵە بێت، زۆرجار ئەم پاڵەوانە لە هەقایەتی کوردیدا یان خود بە شازادە یان کوڕە کەچەڵە ناودەبرێت، یانیش بە ئەحمەد. ئەم ناوانەش دەگەڕێتەوە بۆ پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە ناو کورددا، کە لە پاڵ ئەحمەد دا ناوەکانی محەمەد و محمودیش دێن، کە بە تێپەڕینی کات ئەم هەقایەتە کۆنانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و لەگەڵ بیروباوەڕی نوێ دا خۆی گونجاندووە، هاوتا لە پاڵ ناوی ئەحمەد دا ئاوەڵناوەکانی وەک: عەگید، خۆشمیرۆ، قارەمان، چەڵەنگ، پاڵەوان، چوست و چالاک و چاپوگ و پاڵەوان دێت، ئەمەش بۆ نیشاندانی زیاتری ئەو کەسێتییە پاڵەوانەیە کە چاوتێر و ڕەسەنە و بە هانای لێقەوماوان دەگات. {جمباز:١٣٨٩، ١٥} ((هەندێک لە سووژەکانی ئەفسانەی کوردی کەسایەتی ئاسایین، هەڵبەت دەبێت بڵێین لە سەرەتاوە ئاسایین، دواتر لێهاتووی خۆیان نیشان دەدەن و شوێنکی شایان بۆ خۆیان دەستبەرە دەکەن ئینجا لە بواری پلەوپیگەوە دەتوانن لە ناو چینی سەرەوەی کۆمەڵگادا شوێنێک بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن یان دەبنە زاوای پادشا. و دواتر خاوەنی موڵک و دەسەلات یان سامان و داراتێکی زۆر بۆ خۆیان پێکەوە دەنێن)) {چاک، ٤٣،١٣٩٨}

مۆتیڤی ئەحمەد کە کوڕی سێیەم و بچوکی پادشایە، وادەکات لەسەرەتای هەقایەتەوە خوێنەر چاوەڕوانی پاڵەوانێتی لەو بکات، چونکە لە هەقایەتی تردا بەر ئەم مۆتیڤە کەوتووە، چاوەڕوانییەکەشی بەڕاست دەگەڕێت، ئەمەش چێژی زیاتر بە خوێنەر یان بیسەر دەبەخشێت، کە وێنای ئەو بەشێکە لە هەقیقەتی ناو هەقایەتەکە.

مۆتیڤی کوڕەکەچەڵە لە هەقایەتی هەپووش دا{تەقی:٢٠٠٦، ب١، ١١٩} بەهۆی سێ کەرەستەی جادووییەوە، دەتوانێت ببێتە خاوەنی کچی پاشا، لە هەقایەتی ئەحمەدە کەچەڵی دا{سەلیمی:٢٠١٣، ٩٨} ئەحمەدە کەچەڵی دەبێتە خاوەنی کچی پاشا، نەک هەر ئەوە بگرە لە میانەی ڕووداوەئاڵۆز و یەک لە ناو یەک و مەرجدارەکاندا، کچی گەورهەر فیراز کە خوێن لە دەستی دێت دەبێتە گەوهەر، کچی بچکۆلەی ناوسێ خوشکانی پەریزادە وخزمەتکارێکیش.

**٢. کەرەستە:**

کە وەک ژانرێکی تایبەت و کاریگەری گێڕانەوە و هەندێک جاریش وەک شتێکی ژوورئاسایی لە هەقایەتدا دێت، زۆر جار لە بری تێمەش دەردەکەوێت. لە هەقایەتی کوردیدا، کەرەستە گەلێک گرنگە "ئەنگوستیلە، کەوش، تاڵەموو و قوتووی جادوویی" کاری سەیروسەرمەری وەها دەکەن، کە مرۆڤی ئاسایی توانای ئەنجامی کاری ئاوای نییە، بۆ وێنە بە چاوتروکاندنێک، بڕینی مەودای حەوت دەریا و حەوت کێوان، یان هەڵپروزاندنی تاڵە موویەک لە دوایەمین کاتەکاندا دێنە یارمەتی خاوەنەکانیان و لە مەترسی ڕزگاریان دەکەن {سەلیمی:٢٠١٣، ٩٢} ئەم کەرەستانە بە چەند جۆرێک دابەش دەبن:

- کەرەستەی جادوویی- ئەفسانەیی: سندوق، ئەنگوستیلە، ژەهر، کاسەی زێڕوزیو، چەرخوفەلەک، پاچ، زوڕنا..
- کەرەستەی موفەڕک و پیرۆز: لیکی دەم، تاڵی موو، کلۆی شەکر، خەرقە، مێزەر، بەرماڵ، کڵاو، عەبا، عەسا، سێو، هەنار، پەڕی سیمورغ، تاڵی کلکی گا، موی مێلوورە، تاڵی سمێڵ.
- کەرەستەی هێمایی و ڕەمزیی: شەلاقی سوڵتان، ئەنگوستیلەی پادشا، ئاوێنە، تابووت.

لە هەقایەتدا، ئەم کەرەستانە وێرای بەشدارییان لە ڕێڕەوی بەسەرهات و گێڕانەوەکەدا، کاری ڕازاندنەوە و دروستکردنی کنجوڵیشیان هەیە. بۆ نموونە لە هەقایەتی زەنگی شەقلەباز دا{تەقی: ٢١،٢٠٠٦} ئەحمەد و فاتێ بەهۆی بەدکاری پورەکانیانەوە فڕێ دەدرێن و نازانرێت شازادەن، ئاشەوانێک بە خێویان دەکات، کە گەورە دەبن، ئاشەوان جێدێڵن تا بچن بە لای چارەنووسی خۆیانەوە، ئاشەوان بەر لە ڕۆشتن دەڵێت: ((ڕۆڵەی شیرینم پێش ئەوەی لەیەک جیابینەوە دیاری یەکت دەدەمێ، ئەم **مێزەر و دار عەسایەی** دەستم لێ وەرگرە، پارێزگاریان لێ بکە تا دەگەیتە شوێنێکی ئاودار کە بە دڵت بێت، ئەوسا چاو بنوقینە و مێزەرەکە بکەرە سەرت و دارعەساکە بدە بە زەوی دا و بڵێ: لە نییەتی ئەوەی ببێتە کۆشک و تەلارێک وێنەی نەبێت، دە بڕۆن خواتان لەگەڵ)). لە هەقایەتی ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکەدا{حەسەن، ١٢٢،٢٠١٠}:

((لەرێگە تەماشای کرد وا سێ دێو ئامبازی یەک بوون، و لێکدا لێکدا لەیەک دەدەن و سەروپۆتەڵاکی یەکتری دەکوتنەوە، کوڕە ترسی لێ نیشت. وەلێ دیوەکان هەر کە چاویان بە

کوڕەکە کەوت، وازیان لەشەڕ هێنا، یەکێکیان وتی: ئەوا ئادەمیزادێک پەیدا بوو با ئەو ناوبژیوانمان بێت، ڕوویان کردە کوڕە و بانگیان کرد: وەرە پێشێ کوڕەی لاو، مەترسە زیانمان بۆت نابێت داخۆ تۆ لە یاسا دەزانی تاکو ناوبژیوانمان بکەیت؟ کوڕە خێرا وەڵامی دایەوە: ئەدی چۆن نازانم، من باوکم قازی بووە. دێوێکیان وتی: دەک بەخێربێی بان چاو، ئێمەش عەودالی دوای یەکێکی وەک تۆین، ئێمە یەکێکمان **کڵاوی سەخری جن، یەکێک** نگینی (ئەنگوستیلە)ی حەزرەتی سولەیمان و ئەوی تری قاڵیچەی حەزرەتی سولەیمانی دەستکەوتووە، ئێستا لەسەر بەشکردنیان شەڕمانە، ئەوەتا وەک ئاسنگەر بەسەروگوێلاکی یەکتر دەدەین. دە فەرموو بکەوە نێوانمانەوە..))

لە هەقایەتی هەپووش دا{تەقی، ٢٠٠٦، ب١، ١١٩} کوڕەی کەچەڵ بەهۆی سێ کەرەستەی جادووییەوە، کە بەختی بۆ دێنن، دەتوانێ کچی پاشا بباتەوە ئەوانیش (پاچێک کە زەوی پی هەڵدەکەنێت و هەنجیری مەسخکەری پێ دەدوزێتەوە، زوڕنایەکی کە جنۆکانی لە دەوەر کۆدەبنەوە، کڵاوێک کە دەیکاتە سەری غەیب دەبێت.

لە حیکایەتی تیغ شوناس دا{تەقی:٢٠٠٦، ب١، ٤٧} و لە هەقایەتی بازی پەرییان {سەلیمی:٢٠١٣، ١٤٨} پاشا وەجاخکوێرە، بەڵام بەهۆی دەروێش و ڕێش سپییەوە، سێوی پێ دەدرێت و بە کەرتکردنی لەگەڵ شاژن و خوادرنی دەبنە خاوەن منداڵ.

کوڕە کەچەڵە لە دەروێشیک مارێک و سیمورخێک و پشیلەیەک دەکڕێ، مارەکە قوتویەکی دەداتێ، سیمورغ پەڕێکی خۆی کە هەلێ کڕوزێنێت، پشیلەکەش ڕێنمایی دەکات.{تەقی:٢٠٠٦، ب١، ٧٥}.

لە گوڵپەری دا، تاڵێک زوڵفی پەری وەک گڵۆڵە بەنێک دەبێت و دەیدات بە پاشا: ((پاشان تاڵیکی لە قژی هەڵکەند و دای بە شا محەمەد و وتی: لە هەر شوێنێک کێشەت بۆ ساز بوو، ئەم تاڵە قژەم ئاگر تێبەردە، ئەمن خیرا لەوێ ئامادە دەبم)) {تەوحودی:٢٠٢٠، ٩٢}

### ٣. بابەت و چەمک:

بابەت و چەمکی ئەرکپێدراوی ناو هەقایەتی کوردی، بابەتی مرۆیی و خواست و مەیلەکانی مرۆڤە بۆ دەستبەسەراگرتن، دەستکەوتن، چاکەکاری، خێرخوازی. بە هەردوو ئاراستەی چاکە و خراپە دا کاردەکات. هەمیشەیش چاکە سەردەکەوێت. ئەو بابەتانەی ناواخنی هەقایەت پێکدەهێنن زۆرن وەک: "ئیمان، کفر، عەشق، نەمری، وەجاخکوێری، دانایی، بێهۆشی، نەخۆشی، زیندانی، گەمژەیی و زرنگی، چاوقایمی، ئازایی، ڕەندی، پاکی، خیانەت، خوداپەرستی، بەندایەتی، وەفاداری..." لە بارەی چەند دانەیەکیانەوە دەدوێین:

- **مۆتیڤی ئەویندداربوون**

لە زۆرێک لە هەقایەتی پەرییان دا هەیە، کە کوڕی پاشا، ئەویندداری کچێک دەبێت، کە بەڕیکەوت لە دارستانێکدا دیویەتی، یان نەیدوە و بۆی وەسف کراوە، یانیش لە خەون دا دەیبینێت. بۆ نموونە: زۆراب کوڕی پاشایە زەرد و لاوازە و ئارامی لێبڕاوە، کوڕی وەزیر کە هاوڕێیەتی لە

هۆی بێقەراریی دەپرسێت، ئەویش ڕازی خۆی دەدرکێنێت: ((بەخوا براگیان؛ چیبێ لە تۆ نهێنی! لە خەوما کچی پاشایەکم بینیووە، لەوساوە بە تیری عەشقی گرفتار بووم، هەر چەند دەکەم و دەکۆشم لەبیرم ناچێتەوە، خەو و خواردنم نەماوە...)){تەقی:٢٠٠٦، ب٢، ٨٩}

لە پاڵ ئەو مۆتیڤە دا، مۆتیڤێکی تریش دێتە پاڵی، کە بینیی وێنەی کێشراوی شازادەیە، جا کوڕەکە شازادە بێت یان کچەکە جیاوازی نییە. لە هەقایەتی فەلەکناس دا،{جوتیار:٢٠٠٦، ٤٣} فەلەکناس شازادەیەکی قۆز و بۆشناخی میسرە، وێنە کێشراوەکەی لە هەموو شوێنێکی شاردا هەڵواسراوە، بازرگانێک وێنەکەی لەگەڵ خۆی بۆ ئەستەمووڵ دەباتەوە، لە ئەستەمووڵێش شازادە خانمێک بە ناوی مەلیکە خان-ەوە هەیە، وەختێ بازرگان باسی گەڕان و سەفەری خۆی بۆ دەکات، چمکێکی وێنەکە لە باخەڵییەوە دیارە. وێنەکە دەردەهێنێت و دەیدا بە شازادەخانم. ئیدی شازادەخانم بە تەماشاکردنێک شەیدای کوڕی ناو وێنەکە دەبێت. بەهۆی کارەکەرەکەیەوە وێنەیەکی کێشراوی خۆی لەتەک نامەیەک دا بۆ شازادەی میسر دەنێرێت، وەختێک وێنەکە دەگات بە فەلەکناسی شازادە، ئەویش شەیدای مەلیکە خانم دەبێت.

ئەم مۆتیفە، واتە مۆتیڤی وێنەی کێشراوی شازادە، لە هەقایەتی تیخ شوناس-یش دا دووبارە دەبێتەوە {تەقی:٢٠٠٦، ب١،٤٩} جوانیناسی مۆتیڤی دووبارەبووەوەی ئەم حیکایەتە، لە دووبارە بوونەوەی مۆتیڤی وێنەی کچەی دڵبەر دایە. سەرەتا شازادە تیخ شوناس، ئەوینداری وێنەی کچەی شیرن سیما دەبێت، کە بازرگانێک پێی داوە، بۆیە سەری خۆی هەڵدەگریت بۆ دۆزینەوەی کچەکە. هەردوو مۆتیڤی وێنەی کچ و گەڕان بۆی، دووبارە دەبێتەوە، کاتێک لە ڕێ لەسەر کانی و ئاوێک دەحەوێتەوە دەبینێت لاوێک دانیشتووە و بەسەر وێنەیەکدا دەگری، کە لێی دەپرسێت، هەمان تاسەی ئەمی هەیە و لاوەکە دەیەوێت بگات بەو کچەی ناو وێنەکە، لاوە کە ناوی ئەستیرەژمێرە، دەبێتە هاودەمی تیخ شوناس، پاش تەیکردنی ڕێی دوور، هەمان وێنە دووبارە دەبێتەوە، لاوێکی تر بە ناوی دەریابڕ بەسەر وێنەیەکی پەری شێوەدا دەگری. بەو جۆرە هەر کوڕێک و شەیدای کیژێک بووە لە ڕێگەی وێنەکەیەوە، سەفەری خۆیان بۆ دۆزینەوەی دڵبەریان دەست پێدەکەن.

- **مۆتیڤی وەجاخکوێری:**

لە زۆربەی هەقایەتەکاندا کە باس دێتە سەر نەزۆکی و وەجاخکوێری پادشا، لە پاداشتی خۆراگری یان چاکەکارییەکانیدا، بەهۆی پیر یان دەروێش یان دەنگێکی غەیبانییەوە، مژدەی منداڵی پێدەدرێت. ڕەگی ئەم هەقایەتانە دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکە ئاینییەکان. لە قورئانی پیرۆز دا چیرۆکی زەکەریا باس دەکرێت، کە لە خودا دەپاڕێتەوە منداڵێکی پێ ببەخشێت، کاتێکیش دەنگی فریشتەکان دەبیستێت کە مژدەی منداڵی پێدەدەن، ئەو دڕدۆنگ دەبێت و دەڵێت: چۆن منداڵم دەبێت لە کاتێکدا خۆم و هاوسەرەکەم بەتەمەن و داکەوتووین. بۆ دڵنیابوون داوای نیشانەیەک دەکات، خوداش

پێی دەفەرموێت: سێ ڕۆژ، قسە لەگەڵ کەس مەکە. بەو جۆرە دەبێتە خاوەنی کوڕێک ناوی یەحیای لێدەنێت. ئەم چیرۆکە لە ژیانی پیاوچاکاندا وەک بابەتی ژوورمرۆیی و کەرامات دەردەکەوێت. لە چیرۆکی ژیانی کاک ئەحمەدی شێخ-یش دا بەری دەکەوین، پیرەمێرد لە پێشەکی مەناقیب دا وەها لەم باسە دەدوێت: ((دیارە ئەم زاتە گەییوەتە دەرەجەی سنەنی کەماڵ، بە حەدێک، کە نەخۆی و نە حەرەمی موبارەکی ئیحتمالی ئەولادیان نەبووە، شێخ ئەحمەدی ئەحسائی، مژدەی ئەولادێکی نێرینەی داونێ. شێخ مەعروفیش ئیعتمادی کردوووە و بەو ئومێدەوە، کتێبی "ئەحمەدی"ی بۆ ئەولادی ئاتی تەئلیف کردووە و پێش تەوەلودیان، کە دایکی حامیلە بووە، دەروێشێک کە بە حەزرەتی خدری دادەنێن، ناگەهان کەکەس نەیدیوە، هاتووە بانگی ئایشەخانی دایکی کاک ئەحمەدی کردووە، فەرموویە: زۆر مەجوڵێ ئەحمەد کاکت لە سکدایە با نەڕەنجێ. بۆیە ناویان ناوە کاک ئەحمەد. بە ڕیوایەتێک کاک بە زمانی ئەفغانی، گلێنەی چاوە، بە کوردیش برا گەورەیە. لە واقیعیشدا ئایشە خان کە منداڵەکەی دەبێت، کوڕ دەبێت، لەسەر تەوسییەی حەزرەتی خدر ناوی دەنێن؛ کاک ئەحمەد یان ئەحمەد کاکە و ئەمەیش زۆر مەشهوور و مەعلوومە کە بە منداڵی شیری کەسی غەیری داکی نەخواردووە، دایکیشی بەبێ دەستنوێژ شیری نەداوەتێ)) {خواجە:٢٠١٣، ١٤}.

هەمان بەسەرهات بە گێڕانەوەی کەمێک جیاوازی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەبەردەستدایە: ((ئەگێڕنەوە کە خوالێخۆش بوو شێخ مەعروفی نۆدێ؛ تەمەنی گەیشتبووە نزیکی شەست ساڵ و دایکی کاک ئەحمەدیش تەمەنی بووە بە پەنجا ساڵ و منداڵیان نەبووە. جا ڕۆژێک پیی ئەڵێ: قوربان تۆ وەکو خۆت دوعا بۆ ژنان ئەنووسی و مناڵیان دەبێت، دوعایەکیش بۆ خۆمان بنووسە، بەڵکو خوا مناڵێکمان پی ببەخشێ! جا شێخ مەعروف داواکەی پەسەند دەکات و دەست دەکات بە نووسینی دوعاکە بۆ خۆی و خێزانی، نامەیەکی عەریزەش دەنووسێ بۆ لای شێخ عەبدولقادری گەیلانی. پاش ماوەیەک دایکی کاک ئەحمەد لە خەودا دەگات بە خزمەتی پێغەمبەر (د.خ) دوورێکی زۆر سپی و جوان دەدات بە دایکی کاک ئەحمەد و دەفەرموێت: ئەمە دیارییەکە لە باپیرتەوە بۆ کوڕێکی پیرۆز و ناوم نا بە کاک ئەحمەد)){مودەڕیس:١٩٨٤، ٣٤٨}. لە هەردوو گێڕانەوەدا، دوو خاڵ گرنگە، یەکەمیان بەتەمەنیی شێخ مارف و خێزانی، دووەمیان پەیدابوونی هێزێکی بانمرۆیی لە ڕاستەقینەبەدەر، یان خەونبینین و مژدەپێدانی هاتنە دنیای کوڕێک، کە دەبێتە بەرەکەت بۆ شارەکەی.

لە ئەفسانە و گێڕانەوەی ئاینی و هەقایەتی نەتەوە جیاکاندا، ئەم مۆتیڤە بە شێوەی جۆراوجۆر دەبینرێت، لە ئاینی مەسیحیدا میتافۆری مریەم؛ کچە لاوە لە خواترسەکە، وەک پاکیزەی دووگیان، پیغەمبەر عیسا وەک کوڕی بێباوک باس دەکرێت. لە ئەفسانەی ژاپۆنی دا ژن و پیاوە بەتەمەنەکە منداڵیان نابێت، بەڵام دەنکە قۆخێکی گەورە دەدۆزنەوە و کوڕێکی بچکۆلەی بە ناوی مۆمۆتارۆ لێدیتە دەر{نواک:١٣٨٤، ٩}، لە چیرۆکی نەوجەواناندا باوکە ژوپیتۆ؛ پیاوە بە

تەمەنە دارتاشەکە، کورێکی دارین دروست دەکات و ناوی دەنێت پینۆکیۆ خوا ڕۆح دەکات بەبەریدا.

لە هەقایەتە کوردییەکاندا ئەم وێنەیە بە شێوە ئاینییەکەی زۆر دووبارە دەبێتەوە، لە گێڕانەوەی تیغ شوناس دا{تەقی:٢٠٠٦، ب١، ٤٧} و لە هەقایەتی بازی پەرییان دا، پادشا {بە زاری خۆیان} ئەولادی نییە؟ لە حکایەتی یەکەمدا پاشا تەرکی دنیا دەکات، عەسا و کەشکۆڵی دەروێشی هەڵدەگرێت و دەیەوێت تەرکی دنیا بکات، بەڵام خەون دەبینێت. لە حیکایەتی دووەمدا پادشا سێ ژنی هەن، بەڵام منداڵی نابێت تا ڕۆژێ ڕیش سپییەک سێ سێوی لە بەهەشتەوە بۆ دێنێ و سێ منداڵی دەبێت.

((دەڵێن: سوڵتان پادشایەک بوو، سێ ژنی هەبوون، بێ ئەولاد بوو. ئەوەندەی ڕۆژی دەچوو ڕاو و شکارێ، دەچوو ئێرە و ئەوێ، ئەبەدەن دڵی خۆش نەدەبوو. زۆر دە فکر و خەیاڵێ ئەودلایدا بوو، بە هیچ جۆرێکی دڵێ خۆش نەدەبوو. ڕۆژێکی گەڕاوە، لە ماڵێ دانیشتبوو، لە بن دیوارێ. ئەگەر تەماشای کرد ڕدێنی سپی بووبو، ئاخێکی هەڵکێشا. یەک نەفەر لە پشت سەری پەیدا بوو، ڕووی تێکرد، گوتی: سوڵتان پادشا! ئایا ئەتۆ بۆ ئەو ئاخەت هەڵکێشا؟ گوتی: فڵانە کەس ئەتۆ دەزانی بۆ ئەو ئاخەم هەڵکێشاوە. گوتی: وەڵا دەزانم بێ ئەولادی، سێ ژنیشت هەن، بەڵام بە ئان شەرتێک ئەمن دەچم سێ سێوانت لە بەهەشتێ بۆ پەیدا دەکەم و ئەگەر ئەتۆش خودا سێ ئەولادت بداتێ، ئەولادێکیان دەدەی بە من؟..)){سەلیمی:٢٠١٣، ١٤٨}

نزیک لەم گێڕانەوەیە بە گۆڕانی ڕووداوەکە و ئاوسبوونی مەڕێک، ڕووداوەکە لە هەقایەتی(عەلی مەڕێ) دا گۆڕاوە:

((هەبوو نەبوو پادشایەک هەبوو، سێ ژنی هەبوو، چ مناڵی نەدەبوو، ڕۆژەک دەروێشەک هاتە دێوەخانێ پادشا. گوت: ئەو سێ سێوە بدە بە ژنەکانت پێیک و منداڵیان دەبی. سێ سێوی دایە دەست پاشا و لێیدا ڕۆی. پاشا چۆوە ماڵێ هەر سێ سێوەکانی دایە هەر سێ ژنەکانی، ژنێ گچکەکەی لەبەر نانی بوو سێوەکەی خۆی نەخوارد لەسەر ڕۆخیکەی دانا، لەپڕ پیرە مەڕەکی لەغەر هات سێوەکەی خوارد. ژنە لە خەفەتێ سێوەکەی بەزگیدا و مرد. دوو ژنەکەی دیش هەردووک سێوەکانی خۆیان خوارد...)){شەریف: ١٩٨٥، ١٠}.

مۆتیڤی وەجاخکوێری لە هەقایەتی (ئەحمەد خان و عەلی وەلی) دا، لە کۆکراوەکانی ڕۆدینکۆ، بە هەمان شێوەی پێدانی لەتەسێوەکە دەردەکەوێتەوە.{ڕۆدینکۆ:٢٠٠٠، ١٢٣}

**چوارەم: ڕووداو**

دووبارە بوونەوەی ڕووداو و بەسەرهات لە هەقایەتدا، بە هەردوو شێوەی "ڕووداوی باو و ئاسایی، ڕووداوی دژەباو و نائاسایی" دەردەکەوێت، چەند نمونەیەکیان لێ باس دەکەین:

- **ڕووداوی باو:**

مۆتیڤی ڕووداو، لە هەموو هەقایەتەکاندا بەچەندین جۆر دەردەکەوێت، باوترین و هەمیشە ئامادەترینیان سەفەرە. پاڵەوان بۆ بردنەوە شازادە، یان کوشتنی دێو، یان پێگەیاندنی خۆی سەفەر دەکات، لەوێ چاوی بە کچی شازادە دەکەوێت. ئەم مۆتیڤانە هێندە باون، کە بە تێڕوانینە تۆدۆرۆڤییەکەی لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ناو هەقایەتن. ڕووداوی ناو هەقایەتی پەندئامێز و گاڵتەوگەپ، زۆرینەی ڕووداوی باون، پێوست بە هێنانەوەی نموونە ناکات. بە شێوەیەکی گشتیی "سەفەرکردن، پێشوازی لێکردن، چاوپێکەوتن، سەردانیکردن، خۆبەدەستەوەدان.." ڕووداوی باوی دووبارەبووەوەی ناو هەقایەتن.

- **ڕووداوی نائاسایی و دژەباو:** ڕووداوەکانی: "جادوولێکردن، سوڕانەوە بەزەویدا، شیفابەخشی بە نەخۆش، تێپەڕین لە دەریا، زیندووکردنەوەی مردوو، مردنی لە ناکاو، پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ڕۆحەکاندا، باز بەسەردا نیشتنەوە" لە ڕووداوە نائاسایی و سەیروسەمەرەکانن. ئەم ڕووداوە نائاساییانە بە زۆری لە هەقایەتی پەرییان و ئاینی دا زۆرن:

((بیشری حافی دەڵێت: ڕۆژێک بەلای گۆڕستانێکدا ڕۆشتم، تەماشام کرد ڕۆحیانەتی مردووەکان کۆبوونەوە، وەک شتێک لە بەینی خۆیاندا دابەش بکەن وابوو، لە دڵی خۆمدا گوتم، خۆزگە دەمزانی بۆ وا کۆبوونەوە، فەرمووی وەک لە غەیبەوە بانگم کەن، گوێم لە دەنگێک بوو، وتی: ئەی بیشری حافی! لەم ڕۆژانەدا موسوڵمانێک، سێ فاتیحای هەدیەی ڕۆحی ئەو مردووانە کردووە، ئەوە سەوابەکەی بەش دەکەین بۆیە وا کۆبووینەتەوە.)) {شلّماشی:١٣٩٢، ٦٦}.

((شێخ سەهلی توستەری، خاوەنی کەشف و کەرامات بوو، زۆر جار دەیان دی بەسەر ئاودا دەڕوات و تەڕ نابێت، عەرزیان کرد: قوربان بەسەر ئاودا دەڕۆیت و لیباسەکانت تەڕ نابن! لەوەڵامدا فەرمووی: بچن لە مجێوری مزگەوت پرسیار بکەن، کاتی لە مجێوریان پرسی، وتی: لەم ڕۆژانەدا شێخ خەریکی غوسڵ بوو، چووە ناو حەوزی مزگەوتەکەوە، ئەگەر فریای نەکەوتمایە دەخنکا. شێخ ئەبوو عەلی دەقاق دەفەرموێت: شێخ سەهل کەشف و کەراماتی زۆر بوو، بۆیە بە ئاشکرا چوو لە حەوزی مزگەوتێ ئاوا خۆی نواند تا لە پێش چاوی خەڵکی دایان پۆشێت)). {شلّماشی:١٣٩٢، ٣٣٨}.

لە بەسەرهاتی ژیانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دا هاتووە کە:

((کاتێک مەولانا دەگاتە مەدینەی منەوەرە، بە خزمەتی پیاوچاکێکی یەمەنی دەگات، پاش سەلام و دەست ماچکردن داوای ڕێپیشاندان و دڵڕوونکردنەوەی لێ دەکات، ئەگێڕنەوە ئەم پیاوچاکە بە

مەولانای وتووە، بچۆ بۆ مەککە، ئەگەر کەسێکت دی لە دەوری کەعبە کردەوەیەکی ناپەسەندی لێ دەرکەوت پەلە پەل مەکە بۆ ئینکاریکردنی کردەوەکەی و دەربڕینی ناڕەزایی لێی، بەڵکو ئەمە خوایە بە مەبەستی خۆت بگەیت، کە مەولانا ئەگاتە مەککە و سبەینێیەکی ڕۆژی جومعە ئەچێ بۆ بەیت، لە پاش بەجێهێنانی ئادابی زیارەت لە بەرامبەر کەعبەدا دائەنیشێت و دەست ئەکا بە خوێندنی قورئانی پیرۆز و دەلائیلولخەیرات، لەو کاتەدا چاوهەڵئەبڕێ کابرایەک دەبینێ، پشتی داوە بە دیوار کەعبەوە و ڕووی کردۆتە ئەم، ئەکەوێتە دڵییەوەکە وا ئەو پیاوە کابرایەکی بێ ئەدەبە، چونکە پشتی لە کەعبە کردووە و ڕووی کردۆتە ئەم، لەم خەیاڵاتەدا ئەبێ کابرا بانگی لێ ئەکا ئەڵێ: تۆ نازانی کە وا حورمەتی ئینسان لە حورمەتی کەعبە زۆرترە، ئیتر بۆچی ڕەخنە لەوە ئەگری کەوا من پشتم لە کەعبە و ڕووم لە تۆیە؟ ئاخۆ لە مەدینەی منەوەرە ئامۆژگاریان نەکردی؟)) {مودەڕیس:٢٠١٣،٢٥}

لە هەقایەتی هەپووش دا{تەقی:٢٠٠٦، ب١} کوڕەکچەڵ، بەهۆی سێ کەرەستە جادووییەکەوە، پاشا دەکات بە گوێدرێژ و دوایش چاکی دەکاتەوە: ((سێ کۆتر هاتن لەسەر دارەکە نیشتنەوە، یەکێکیان بەوانی تری وت، ئەم سێ خوشکە کلۆلانە بە ناهەق توشی دەردیسەری بوون، با یارمەتیان بدەین، ئەوی تریان وتی: با گوێیان لێبێت، من کە هەڵفڕیم، شاپەڕێک ئەخەمە خوارێ بچنە سەر کانییە شەکرەکەی ئەو دیو ئەم قەپاڵە، پەڕەکە بە ئاوەکە تەڕ کەن و بیهێنن بە ملی کوڕەکانیاندا چاک ئەبنەوە)){تەقی:٢٠٠٦، ٢ب، ٤٢}.

لە هەقایەتی "ئەحمەد بێ غەم" دا، مۆتیڤی هەقایەتەکە زۆر گۆڕاوە، بەوەی لە بری کۆتر، ڕووداوی چاکبوونەوەی سەری براو، بەهۆی دوو جرجەوەیە: ((تەماشای کرد، لە پێش چاوی دوو جرج هاتنە دەرێ(گوتیان) خەوی لێ کەتییە، لەو تاقەی دەستیان بە مەشق کرد، پێک سەری یێکی هەرکێشا، ڕووبووە پنچە گیایەکی هێنای جوی بەدەوی چوو لە ملی جورجەکەی ئەدا و جورجەش ڕاست دەبووەوە..)). {جمباز:١٩٨٩، ٦١} لە ئەلیک و فاتیک دا(چل ستێران، ٣٦) وێڕای کۆتر قەلەڕەشیش هەمان ڕۆڵی هەیە: ((لەپڕ دوو قالاو هاتن و لەسەر لقێکی داربییەکەوە نیشتنەوە و دەستیان کردە قرەقڕ، یەکێک لە قالاوەکان گوتی: خانگا من! زانی یان نزانی؟ قالاوەکەی دی گوتی: نا نازانم، بوێژە تا بزانم!..))

جوانی هەقایەتی ئەفسانەیی لە قەدەغەشکێنییەوە دەست پێدەکات. ڕووداوەکەش دەکرێت ئاسایی یان نائاسایی بێت. بۆنموونە: باوک وەسێت دەکات، پاش مردنی کوڕەکەی یان کوڕەکانی نەچێتە ئەو شوێنە، یان ئەو ئاژەڵەڕاو نەکات، یان لەو جامە نەخواتەوە، بەڵام بە جۆری تریش دێت کە ((قەدەغەشکێنی ئەو حاڵەتەیە کە لە نێو ئەفسانە و چیرۆکە میللیەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە، وەختێ پاڵەوان هەموو شتێک بە دەست دەهێنێت تەنیا یەک شتی لێ قەدەغە دەکرێت، بەڵام پاش ماوەیەک قەدەغەشکێنی دەکات و ئەو شتەکانی تر بە قوربانی ئەو تەنیا شتە قەدەغەکراوە دەکات، یەکەمین قەدەغەشکێن ئادەم و حەوان کە بەرهەمی ئەو تاقە دارەیان خوارد کە لە نێو بەهەشت

دا لێیان قەدەغەکرابوو {ئیبراهیم حەسەن:b٢٠٢٠، ٢٦٧}. لێرەوە ڕووداوەکان، چ باو چ ناباو، ڕێڕەوەی خۆیان وەردەگرن:

((کابرا وتی مادەم وایە، لەمەودوا تۆ کوڕی ئێمەیت و ئێمەش دایک و باوکی تۆ، بیست مەڕمان هەیە، ببە بە شوانی مەڕەکان، بەڵام وریا بە قەت مەڕ نەبەیتە لای ڕۆژهەڵات..)){گەردی:٢٠١٤، ٦٨}

((ئەحمەد ڕۆیی تووشی پەڕاموچەیەکی زۆر جوان هات، لە دڵی خۆیدا وتی: هەڵیدەگرمەوە، ماین وە دەنگ هات؛ گوتی: هەڵی نەگریەوە ها! ئەحمەد بە قسەی نەکرد، پەڕاموچەکەی هەڵگرتەوە و لە باخەڵی خۆی نا..)) {گەردی:٢٠١٤، ٥٢}

**پێنجەم: شوێن**

مۆتیڤی شوێن لە هەقایەتدا، بە ئاسانی دەناسرێتەوە، بە شێوەی شوێنی گشتی و شوێنی تایبەتی دەبینرێت.

- شوێنی نادیار: لە هەقایەتەکاندا مۆتیڤی دووبارەی شوێن، دەکرێت گشتی و شوێنی باو هەبووی ناو جوگرافیا بێت، وەرگر بە ئاسانی دەیناسێتەوە وەک: گۆڕستان، دەشت، خانەقا، ئەشکەوت، مزگەوت، دەریا، چیا، گوند، شار، مەیدانی جەنگ، ڕۆژهەڵات زەمین...
- شوێنی دیار: مۆتیڤی شوێن، دەکرێت شارە بەناوبانگەکان بێت، کە هەمیشە کۆمەڵێک وێنە بە دوای خۆیدا دەهینێت و وەرگر بەهۆی زانیاری پێش وەختەیەوە، هەست بە خەسڵەتی شارەکە دەکات و ئەوەش یارمەتی دەدات لە جۆری گێڕانەوەکە تێبگات. بۆ نموونە: شاری بەغدا لە هەقایەتی ڕۆژهەڵاتی دا شکۆی هەیە. مەککە {کە لە هەقایەتدا لە بری ناوی شارەکە دەوتریت کەعبە} شاری پیرۆزییەکانە و هندستان و چین مۆڵگەی شتە سەیرو سەمەرەکانن و دەیان شوینی تر، کە هەندێکیان جوگرافی نین و ناوچەی ئەفسانەیی و خەیاڵکردن: "کێوی قاف، کێوی ئەوقەیبەس، شاری قڕاڵی فەرەنگ، بەغداد، کەعبە، مەککە، هندستان، چین، یەمەین، ڕۆم، جابولقا، مەشریق، مەغریب، ئەرزەڕووم." چەند نموونەیەک نیشان دەدەین:

لە حەکایەتی ئەحمەدی بێ غەم دا{جمباز:١٩٨٩، ٦١} کەوشی، ژنی ئەحمەد دەکەوێتە ناو دەریاوە: مندارەکان پێ سۆڵە زێڕەکەیان لە دەست کەوتە بەحرێ، ماسی قووتی دا، تۆڕەوان هات ماسی گرت، ماسیان لۆ بازاڕی برد، لە شاری قەڕاڵی شای فەرەنگ، کوڕی قەڕاڵی فەرەنگێ گۆت: ساحێبی ئەو پێ سۆڵە زێڕەم دەوێ لە بنی بەحرێ بێ...))

خواجە محەمەدی یەمەنی بازرگان باشییە، ساڵانە دێتە ئەم هەرمە، شمەک دێنێ و دەبا هەموو جارێک دیارییەکی شاهانەی وەها دەباتەوە قابیل بە پاشای یەمەن بێ، ئەمساڵ گەڕا، سووڕا، ڕێی کەوتە بەر کۆشکی بەوزۆ و لەوی بەهاری بینی..)){حەسەن:٢٠١٠،١٧٤} یان ((شای ماران

گوتی کچی قاقانی چینم دەویٚ)) {گەردی:٢٠١٤، ٧٩} یان  لە هەقایەتی حەمە داوچی و ئەسنگوستیلەی سلێمان پێغەمبەر{تەوحودی:٢٠٢٠، ٨٢} ((لە چیا و دەرودۆڵ و ڕووبارەکانەوە تێپەڕین تاکو گەیشتنە ئەرزەڕووم و کۆشکەکەی حەمە داوچییان لەویٚ دیتەوە و بە هەڵەداوان و خۆشحاڵییەوە چوون بۆ بەر کۆشکەکە)). ((ئەگەر خۆشت دەویٚم دەبیٚ داری چل ئسترانم بۆ بێنی کە دەڵێن: لەسەر یەکیٚ لە چیا سەرکەشەکانی ئەرزەڕۆمدایە)) {تەوحودی:٢٠٢٠، ١٣٦}

جگە لە شوێنی گشتی و شوێنی تایبەتی، شوێن بە شێوەی جیاواز دێتە ئاراوە، کە نەک هەر لە هەقایەتدا، بەڵکو بە گشتی لە هەموو گێڕانەوەیەکدا دەبینرێت، بەڵام پێمان وایە تەنها ئاماژە پێدانیان بەس بێت:  شوێنی خەیاڵلیکراو، شوێنی ئەزموونکراو، شوێنی دنیایی، شوێنی بەهەشتی، شوێنی ترسناک، شوێنی دڵڕفێن، شوێنی سەرسامی...هتد.

**شەشەم: دەستەواژە**

لە ناوەڕۆکی هەقایەتدا هەندێک دەستەواژە، هێندە دووبارە دەبنەوە، کە ئەگەر هەقایەتێک تیای نەبێت، وەرگر هەست بە کەمی یان نا ڕەسەنی هەقایەتەکە دەکات. ئەو دەربڕینانە وەک نیگاری گێڕانەوەکە وەهان، لە لایەکەوە وەرگر هەست بە ئاشنایی دەکات، لە لایەکی ترەوە پشوویەک بە گێڕانەوەکە دەدات. هەندێک جار دەربڕینی ڕستەیەکە لە زاری کارەکتەرێکەوەو هەندێک جاریش وەسفی شوێن یان بارێکە بۆ نموونە: "کۆشکێک لە کەللەسەری کوڕی داخوازیکەر دروست کرابوو". یان جۆرێکە لە قسە کە تایبەتە بە چینێکی دیاریکراوی بونەوەر وەک دێو کە بە پاڵەوان دەڵێت: ((بۆن دیٚ بۆنی بێگانان دیٚ، بۆنی نان دیٚ کییە؟ ئادەمی، ئادەمزادی، فریشتەی؟ پەریت؟، خۆت دەرخە تا بتخەمە ژێر کلوی ددانمەوە.))

وێنەیەکی تری دووبارەی دێو، وەسفی گەورەیی و زلی و جۆری دانیشتنەکەیەتی، ئەم وێنە هێندە ئاشنایە، کە پاڵەوان بڕیارە بچێت بۆ لای دێوێک، خوێنەر یەکسەر دەزانێت، دێوەکە وەها دانیشتووە و پاڵەوان ژیرانە لێی دەرباز دەبێت: ((ئەویش چوو دەبینی عیفریت دانیشتییە، مەمکی ڕاستەی بەئی چۆپەی دا دایە، ئی چۆپەی بە ڕاستەی دا دایە، گۆتی لە پشت ڕا، toوند مەمکی گرت، مەمکی ڕاستەی مژی، گۆتی: بەرم دە کوڕی منی)){جمباز:١٩٨٩، ٩٥}

((دەڵەێوەکە مەمکی چەپی داوە بەسەر شانی ڕاستیدا و مەمکی ڕاستی داوە بەسەر شانی چەپی دا، بڕۆ لە پشتەوە بە دزییەوە مەمکی ڕاستی بمژە، بەڵام نەکەیت لێت تێک بچیٚ مەمکی چەپی بمژی، ئەگینا ئەتکات بە بەرد)) {تەقی:٢٠٠٦، ب١، ٩٨}

لە وەسفی کچە شۆخی ناو هەقایەتدا دەوترێت: "نە بکەی نە بخۆی تەماشای سای گەردنی بکەی، برای خۆی شەیدای بەژن و باڵای دەبیٚ، مێوژە ڕەشکە بخوات لە سای گەردنییەوە دیارە." یاخود کاتێک کوڕی پاشا دەیەوێت کچەی دڵبەری خۆی ببینێتەوە و دەیانەوێت هەموو خەڵکانی شار

ئامادەبن، دەستەواژەی: ئەوەی دەنکە جۆیەکیماڵی پاشای خواردبێ، ئامادە بێت دەوترێت.". زۆرجاریش لە کۆتایی هەقایەتەکەدا دەوترێت: "منیش هاتنەوە هیچیان نەدامێ". گەلێ جار ئەمانە لە هەقاتەکاندا دووبارە دەبنەوە، وەک بنچینەیەکی سەرەکی هەقایەت. {جمباز:١٩٨٩، ٢٩}

لە وەسفی کەسێتی پیرێژن دا بە: ((چرچۆڵ، پیرەژنەی سەرئاسنینە، پیرەژنەی پشکۆماوە)) ناو دەبرێت. مۆتیڤی هەقدەستی پیرێژن لە پای کارێک دا کە بە کەس ناکرێت و ئەو دەیکات، دیسانەوە دەستەواژەیەکی دووبارەیە: ((سەرێ بە لەتک، سەرێ بە پەتک)) کێشانەی کەن. لە هەقایەتی زەنگی شەقلەبازدا پاشا دڵی چووە بە فاتێی خوشکی ئەحمەد دا، دەیەوێت ئەحمەد بکوژێت و فاتێی بخوازێت کەس ناتوانێت ئەمەی بۆ بکات پیرەژن نەبێت:

((هەر کەسێ ئەهات تەگبیری ئەکرد، پاشا بە دڵی نەبوو، ڕەتی ئەکردەوە، لە دواییدا پیرەژنێکی پشکۆمی سەرئاسنینە پەیدابوو، وتی: پادشا من پیت ناڵیم چی ئەکەم، بەڵام ئەنجامی کارەکەم ئەبینیت، پادشا پی وتی: داپیرە چارەم بکەیت، بە سەنگی خۆت ئاڵتونت دەدەمێ. وەرامی دایەوە: ئاڵتونم ناوێ، هەر سەرێک بە لەتک و سەرێک بە پەتک هەڵکم کێشە هیچی ترم پێوست نییە)) {تەقی:٢٠٠٦، ب١، ٢٨} لە هەقایەتی فەقیر ئۆغری {جمباز:١٩٨٩، ١٠١} دا، پاشا دەیەوێت کوڕی پادشایەکی تری بۆ بدزن پیرەژن دەڵیم من بۆت دەهێنم بەڵام دەبێت لە پەتک هەڵم کێشی. پیرێژنەک گۆتی: ناوەڵا ئەمن بە پەتەدا هەرکێشی لەبۆی دێنم)).

یەکێکی تر لە دەستەواژەی دووبارەبووەوە، ئەوەیە کاتێک پیری فریادرەس دێت و دەپرسێت: فلانی بۆ کوێ دەچیت؟ ئەویش دەڵێت: مادەم ناوم دەزانیت، دەبێت بشزانی بۆ کوێ دەچم: ((پیاوێکی کورتەبالای چل گەزە ڕیشەی دی وتی: ئەحمەد بۆ کوێ دەچی؟ ئەحمەد وتی: کە دەزانی ناوم ئەحمەدە، دەبێ بشزانی بۆ کوێ دەچم!)) {تەقی:٢٠٠٦، ب١، ٩٥}. هەمان مۆتیڤ لە هەقایەتێکی تردا هەیە: ((پیرەمێردێکی ڕیش سپی نوورانی لێ پەیدابوو، سڵاوی لێکرد و لایەوە دانیشت و وتی: ها ئەحمەد ئەوە ئۆغر بێ؟ وەرامی دایەوە، کە دەزانی ناوم ئەحمەدە، دەبێ بشزانی بۆ کوێ ئەچم)) {تەقی:٢٠٠٦، ب١، ٢١}.

**حەوتەم: مۆتیڤی ژمارە**

وەک ئەفسانەی هەموو گەلان، لە ئەفسانە و هەقایەتی کوردیدا، هەندێک ژمارە هەن وەک مۆتیڤ زۆر دووبارەدەبنەوە، نەک لە هەر هەقایەتێکدا، بەڵکو دەشێت یەک هەقایەت زۆرێک لەو ژمارانەی تێدا چەند بارە ببێتەوە، تا ئەو ئاستەی بونیادی ڕووداو و کەسێتی لەسەر دابمەزرێت. ئەم ژمارانە هەمیشە وەکو ڕەگەزێکی بنەڕەتی بەرچاودەکەون، بێگومان بونیان لە خۆوە نییە و هۆی هەیە، کە بە زۆری بۆ باوەڕ، ڕەوشت، ئایین و بەسەرهاتی کۆنی مرۆڤ دەگەڕێنەوە، کە وایان کردووە ژمارە ببێتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و هەمیشەیی ئەفسانە و هەقایەت.{ئیبراهیم

حەسەن:a۲۰۲۰، ۱۳۳} ئەو ژمارانەی زۆر گرنگ و ئەفسوناوین و ئەفسون و جوانیش دەبەخشن به هەقایەکان که بریتین له: "سێ، حەوت، نۆ، چل، سەد، هەزار" ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین.

- **ژمارە سێ:**

ژمارە سێ، وێڕای ژمارەی پیرۆزیی، ژمارەی بەیادهێنەوەری بابەتی هزری و فەلسەفی و وجودیشە. لەگەڵ ناوهێنانی ژمارە سێ دا، چەندین باس دێتە زەینمانەوە وەک: زەمەن "ڕابردوو، ئێستا، ئایندە"، پێکهاتەی مرۆڤ "لۆگۆس، سۆمۆس، ئیرۆس"، سوڕی ژیان "لەدایکبوون، ژیان، مردن". ژمارە سێ، لە ئایینەکانیشدا دووبارە بۆتەوەو لە ژمارەیەکی ماتماتکییەوە بۆتە سێمبوولێک: لە دینی زەردەشتی دا، سێ بناغەی فرەیی جیهان و یەکایەتی گەردوونە: کردار، ڕەفتار، گوفتار لە "چاکە"دا دەبنە یەک. لەئایینی مەسیحییەدا خودا و مرۆڤ و ڕۆحی پیرۆز یەکدەگرن.

ئەم ژمارەیە لە کەسێتی و ڕەنگ و تەنانەت لە ژمارەی دێو و ڕووداویشدا دووبارە دەبێتەوە. لە هەقایەتی کوردیدا زۆرجار پاشا سێ کوڕی هەن، محەمەد و مەحموود و ئەحمەد. باوکیان وەسێت دەکات کە مرد، هەندێ شت هەن نەیان کەن، یان هەندێک شت هەن بیان کەن. بۆ نموونە: ئاگاداری گۆڕەکەی بن و نەچنە ڕاوی گردی ڕەش، بەڵام دوو کوڕی گەورەی بە قسەی ناکەن، سێیەم و بچوکیان بە قسەی دەکات. لە هەقایەتی ڕاوی گردی ڕەش دا ئەم ژمارانە زۆر دووبارە دەبنەوە، هەمان مۆتیڤ لە هەقایەتی پاشا کۆرە و مەلی هەزارە دا دەبینرێت:

((پاشامان ئەگەرمەلی هەزارە پەیدا بکەیت و بەسەر باخەکەتدا بخوێنێ، دێتە بەر و خشت چاوت چاک دەبێتەوە، پاشا هەر سێ کوڕەکەی بانگ کرو و پێی وتن: ڕۆڵەکانم شتێکی وام پێوستە، لە ئێوەش دڵسۆزترم نییە، ئینجا بزانم کامتان فریام ئەکەون و بۆم پەیدا ئەکەن؟ ئەحمەد کە کوڕە بچکۆلە بوو هاتە قسە و وتی: بابە گیان ئەگەر بفەرمووی من ئەڕۆم بە دوایدا، یان سەرم دائەنێک یان بۆت دێنم...)){تەقی:۲۰۰٦، ب۱، ۱۳۲}.(۱۲)

لە "ڕاوی گردی ڕەش" دا ئەحمەد؛ بە سێ شەو، سێ دێو دەکوژێت. جوانی ئەم هەقایەتە لە دووبارەبوونەوەی ژمارە سێ، بە سێ ڕووداو، سێ دێو، سێ ڕەنگ، سێ شەو دایە، هەموویان کەشێکی ئەفسۆناویان بە گێڕانەوەکە بەخشیوە: ((ئەحمەد بەرەو گۆڕستان ڕۆی، زۆری پێنەچوو گوێی لە گرمە و ناڵە و بۆڵەبۆڵێک بوو، هەموو ئەو ناوەی لەرزان. لە دوورەوە دێوێکی ڕەشی قەترانی بینی، بەرەو گۆڕەکەی باوکی ئەهات و ئەینەڕاند. شەوی دووەم، لە نیوەشەودا دێوێکی بۆر پەیدا بوو...شەوی سێیەم دێویکی بۆر{کە لە زۆربەی حیکایەتەکاندا ڕەنگ دووبارە نابێتەوە، دەشێت سپی بێت} لە هەر شەوێکشیدا لوت و گوێی دێوەکان دەکات و دەیخاتە تورەکەیەکەوە، وەک بەڵگەی ئازایی.))

لە حیکایەتی ئەحمەد کەچەڵی دا{سەلیم:٢٠١٣، ١٠٥} ئەحمەد؛ بەسەر سێ موڵکدا دەڕوات، کە هی سێ دێوی بران: ((ئەحمەد ڕۆیشت بۆ موڵکی دێوی سپی، دێوی سپی چنارێکی هەڵقەند بوو، لە ڕەگوڕیشە، شیناوردێکی دروست کردبوو، مەگەر خوا بزانێ، ئەحمەد لە ئەسپ هاتە خوارێ، چووە لای دێوی سپی، دێوی سپی نەڕاندی کوتی: باڵدار بێ باڵان دەوەرێنم، ناڵدار بێ ناڵان دەوەرێنم...دێوە کوتی: ئەوە موڵکی کاکمە، ئەوە موڵکی دێوی سوورە، دێوی سپی بە دێوی سووری کوت: ئەوە بابم ناردوویە...دێوی بۆریش لە ئەحمەدی پرسی بۆ کوێ دەچی ئادەمیزاد؟...)).

- **ژمارە حەوت:**

زۆر جار لە ژماری ساڵانی زیندانکردنی کەسێتی، یان ژمارەی ڕۆژی ئاهەنگدا بەکاردێت: حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەهۆڵ و و زوڕنایان کوتی و شایی و لۆغان بوو. حەوت ساڵ زیندان بوو، حەوت ڕۆژەڕێ بە پیی ڕۆیشت.  ژمارەی حەوت بە ڕێژەیەکی دیار لە نێو ئەفسانە و ئاینەکاندا دەبینرێت. لە دێر زەمانەوە ژمارە حەوت جێی سەرنج بووە، کتێبە ئاسمانییەکان، باس لە ئەفراندنی دنیا لە حەوت ڕۆژ دا دەکەن، ژمارەی ڕۆژەکانی هەفتە بە حەوت دانراوە و ئاسمانەکانیش حەوت چینن، ڕەنگە سەرەکییەکان حەوتن، نۆتەکانی مۆسیقاش هەر حەوت. مۆسیقا و نەزمی گەردوونی پەیوەستی شمارە حەوتن، ئیدی ئەمە لە نێو ئاینەکاندا و هەقیقەتە دینییەکاندا زۆر بڵاوە. بەتایبەت ئاینی ئیسلام کە قسە لەسەر حەوت گوناهی گەورە دەکات، یان لە بەجێهینانی مەناسیکی حەج دا سووڕانەوە بە دەوری ماڵی خوادا و پیادەبوون لە سەفا و مەروادا دەبێت حەوت جاران بێت. لە هەقایەتی کوردیدا، ئەم مۆتیفە زۆرە بۆ نموونە: ((پادشامان تاقە کچێکی هەیە، حەوت دێو حەزیان لێ کردووە، ئەیانەوێ بیفڕێنن)){تەقی:٢٠٦، ب١، ٥٢}.

مۆتیڤی حەوت، لە هەقایەتی یوسف پێغەمبەردا{شڵماشی:١٣٨٤} چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش دەبێت بەبەشێک لە جوانیناسی ئەو گێڕانەوەیە، بەر لە چوونە ناو بەسەرهاتەکەوە، لە بارەی چیرۆکەکەوە وەها دەوترێت: ((ڕاوی دەڵێت،: ڕۆژێک حەوت جولەکە، لەگەڵ حەزرەتی عومەردا کەوتنە گفتوگۆ و گوتیان تەورات لە قورئان گەورەترە، چونکە باسی حەزرەتی یوسفی تێدایە، بەڵام تا ئێستا قورئانی ئێوە باسی نەکردووە. حەزرەتی عومەر جوابی پێ نەدرایەوە، هات بۆلای پێغەمبەر(د.خ) و گفتوگۆکەی گێڕایەوە. پێغەمبەر تۆزێک ڕاما و زۆری نەخایاند، حەزرەتی جوبرەئیل هات و سورەی حەزرەتی یوسفی بە خەڵات بۆ پێغەمبەر هێنا..)). دواتر لە گێڕانەوەکەدا، وێرای باسی حەوت جولەکەکە، باسی زولەیخا دێتە پێشەوە کە حەوت ساڵ خزمەتی یوسف دەکات، دواتر کۆشکی حەوت نهۆمی و حەوت دەرگایی دروست دەکەن، پاشان، یوسف حەوت ساڵ لە زیندان دەمێنێتەوە و..هتد.

((زولەیخا کە چاوی بە یوسف کەوت موچڕکێکی لەبەری پێیان ڕا هات و لە تۆقی سەری دەرچوو، بە دڵ عاشقی یوسف بوو، شەو و ڕۆژ خەریکی خزمەتکردنی یوسف بوو. کام خواردەمەنییە باش بووایە و کام لیباس جوان بوایە، کام کڵاوە زۆرتر بە گەوهەر و مرواری جوانتر بڕازایەوە، بۆی ئامادە دەکرد. ئەوەندە یوسفی خۆش دەویست، تا حەوت ساڵ نەیهێشت هیچ کارێک بکات)).

((پیرەژن وەستا و بەننا و عەمەلە و کریکاری بانگکردن و لە ماوەیەکی کەمدا قەسرێکیان دروستکرد، کە حەوت هۆدە بەسەر یەکەوە بوون، و حەوت دەرگا لەسەر یەک داخران، تەواوی دیواری ژوورەکانیان بە وێنەی یوسف و زولەیخا ڕازێندرابوونەوە....تەختێکی زێڕینیان لە ناوەڕاستی ژووری حەوتەم دا دانابوون.))

لە تەفسیرکردنی خەونی دوو پیاوەکەدا ((ئەویش لە خۆشی خۆی شەیتان قسەکەی حەزرەتی یوسفی لەبیر بردەوە و تا حەوت ساڵان حەزرەتی یوسف لە زیندانا مایەوە)).

((مەلیک ڕووی کردە خەڵکەکە و گوتی: خەڵکینە من شەو لە خەومدا حەوت گای قەڵەو، لەناو بەحرێکی وشک هاتنە دەرەوە و دووا بەدووای ئەوانیش حەوتی کزو و لەڕولاواز هاتن، حەوت گا قەڵەوەکەیان خواردن. کەچی هیچ زگیان گەورە نەبوو. گوتی: هەروەها لە خەوەکەمدا حەوت گوولەگەنمی سەوزو شین هاتن و لە پاش ئەوانیش حەوت گوولی زەرد و وشک هاتن، لە حەوت سەوزەکە هاڵان و وشکیان کرد...))

((یوسف ئینجا حەوت ساڵ لەسەر یەک شەو و ڕۆژ هەدادنی نەبوو، بەسەر تەواوی جوتیارەکانی میسر دا دەگەڕا..)).

بەم جۆرە هەقایەتی یوسف پێغەمبەر لە گێڕانەوەی دەرەوەی قورئاندا، بە ئەفسوونی ژمارە حەوت و کۆمەڵێک بابەتی تری وەک ئەوینداربوون و خیانەت و نوێبوونەوە و ئارامگری، خەرمانە دراوە.

- **ژمارە نۆ:**

ژمارە نۆ ئەگەرچی وەک ژمارەی پیرۆز نەناسراوە، بەڵام ژمارەیەکی باوی ناو هەقایەتە: ((من چووم دەستویژ بشۆم، خوشکی تۆم لەگەڵ نۆ زرتە زەلام دا بینی...)){گەردی:٢٠١٤، ١٤}

- **ژمارە چل:**

ژمارەی چل لە ئەفسانە و هەقایەتە دێرینەکاندا، پەیوەستە بە جەژنەکان، قوربانیدان، ڕۆژانی بەجێهێنانی سرووتی ئایینی و هەندێک ڕازی ترەوە. لە ڕۆشنبیری ئیسلامی دا ژمارەی مەرگ و گۆڕان و گەڕانەوەیە بۆ بنەچە{قاسمی:١٣٩١، ١٠٨} چل یەکێکە لە ژمارە پیرۆزەکانی ناو هەموو ئایین و کلتورە دێرینەکان، کاتی تەواوی خەمڵاندن و سەلماندنە لە ناو نەتەوەکاندا، تەنانەت کاتە بۆ تەواوبوونی غەریبی، بۆ پێگەشتنی سرکەی ترێ، کاتی مانەوەی عارفانە لە خەڵوەتی خۆیاندا.

کاتی دروستبوونی کۆرپەلە، کۆتەڵبوونی ساوا، پرسەگێڕی مردوو و کەماڵ و پەیام بۆ هاتن و زۆر شتی دیکەیە.

لە حەکایەتی ئەحمەدی بێ غەم دا{جمباز:١٩٨٩، ٦١} کاتێک پیرێژنێک، ژنی ئەحمەد بۆ کوڕی قەڕاڵی فەرەنگ دەدزێت، کچە دەڵێت: ((ئەمن ئیسلامم، حەتا چل ڕۆژی دی نابێ زاوا پێبنێتە کنە من، هەموو ڕۆژێ چل ڕۆژی سەری پیرێژن پەلەدەم، ئەوجا پاشی ئەو چل شەوەی با زاوا بێتە کن من)). لە تیخ شوناس دا قەهری گەوهەرتاج دەڵێت: ((من خاوەنم هەیە، چل ڕۆژ مۆڵەتم بدەن، ئەگەر پەیدا نەبوو، هی ئیوەم))(تەقی: ٢٠٠٦ ب١،٦٧} یان ((زەنگی شەقلەباز بە شێوەی تۆپێک دانراوە، چل کونی تێدایە، چل دێو پارێزگاری دەکەن)) {تەقی:٢٠٠٦، ٣٠} یان ((زۆری پێ ناچێ، چل کۆتری سپی دێن، پەڕەکانیان دائەماڵن و هەر یەکەیان دەبێتە کچێکی ئەونە جوان وێنەی نییە، بەڵام هیچ خۆت تێک مەدە و مەجوڵێ، ئەمانە هەموویان کەنیزەکی کچی شای پەرییانن)) {تەقی، ب١، ٣٩} ئیدی مۆتیڤی چل ئەوەندە زۆرە کە بەر دەیان ڕستەی وەها دەکەوین: ((پاشایەک چل کوڕی هەبوو، هەرە بچووکەکەیان کە ناوی بنگار بوو...)) {جەلیل:٢٠٠٨، ٥٤} ((هەموو چل دزەکە لە ئەشکەوتەجەدا کۆبوونەوە و..)){تەوحودی:٢٠٢٠، ١٠٧} ((باوکم سیحربازێکی بەدەستوبردە، و ئەتۆش لە دەستی گیان دەرنابەیت و چل فێڵی سیحر دەزانێت)) {تەوحودی:٢٠٢٠، ٦٤} ((لەسەر کێوی هەزار مەچیت-ە(هەزار مزگەوت)، مایینی چل بێچووت بۆ بێنێت، کە هەر بێچوویەکی ڕەنگێکی جوانی هەیە)) {تەوحودی:٢٠٢٠، ١٣٧} ((گوتی: ئەوە لە شەڕدا میردەکەیان کوشتم، دەبێ تا چل رۆژ شینی بۆ بگێڕم، پاش چل ڕۆژ دەتوانین زەماوەندکە بگێڕین)) {تەوحودی:٢٠٢٠، ١٠٠} ((ئەگەر خۆشتدەوێم؛ دەبێت داری چل ئسترانم بۆ بێنی)){تەوحودی:٢٠٢٠، ١٣٤}. ((ئاخری منی بردە ئەشکەوتێک چل پەری تێدابوو..)) {گەردی:٢٠١٤، ١٦٩}

لە حیکایەتی چل برادا{تەقی:٢٠٠٦، ب١}بونیادی کەسێتی لەسەر ژمارە چل وەستاوە، کاتێک دوو براکە هەر یەکەیان دوعایەک دەکەن، یەکێکان دەڵێت: خوایە چل کوڕم بدەرێ. دەیداتێ، چل کوڕە گەلێک ماجەرایان بەسەردێت و بەهۆی دەڵەدێوی زەردەوە، سی و نۆیان دەبن بە بەرد، تەنها پاڵەوان دەمێنێتەوە کە ناوی ئەحمەدە، ئەویش دەچێت بۆ لای دیوە زەردەکە، کە چل دێوە کوڕی هەن و دڵیان بە چل کچی یەک پادشاوەیە. ئەحمەد دێوەکان فریو دەدات، هەشتا سنگی بەهێزی ئاسن و چل بەردی بچوکیان پێدەهێنت، تا بچنە کۆشکی پادشا، ئەحمەد چل دێوەکە دەکوژێت، پاشان براکانی چاک دەکاتەوە و چل شازادە لە چل برا مارە دەکرێن. هەمان حیکایەت بە گێڕانەوەی بنزاری هەولێری و کەمێک دەسکارییەوە بە ناوی چل کەزی دەبینرێت، تەنها لێرەدا کچەی شازادە ناسراوە بە چل کەزی، ئیدی چل برا و چل کچی پاشا هەمان شتن، تەنها مۆتیڤی چل زیادی کردووە لەوەی دیوەکان چل مەنجەڵ خواردن دەکوڵێنن.(١٣)

مۆتیڤی ژمارە هەزار لە هەقایەتی (تلی هەزار) دا دەبینرێت کە هەر لە سەرەتادا، ناوەکەی ڕوون دەکاتەوە: ((تلی هەزار یانی قامک هەزار، کیژێکی جوانی ئەفسانەیی کورد بووە، کە دەڵێن بۆ دیتنی قامکێکی وی هەزار سکە زێڕیان داوە)). {ڕۆدینکۆ: ٢٠٠، ٢٢٨}.

بەم جۆرە، دەبینین جوانیناسی هەقایەتی کوردی، لە سندوقی یەک لە ناویەکی هەقایەت و دووبارەبوونەوەی مۆتیڤەکاندا، هەقایەتەکان بە هەر زار و بنزارێک نووسرابنەوە، لە چوارچێوەی یاسا گشتییەکانی هەقایەت و سنوورەکانی جوانیناسیدا دەمێننەوە.

## پاری دووەم: چیرۆکی کوردی

### پارچەی یەکەم: لە بارەی چیرۆکی کوردییەوە

چیرۆکی هونەریی کوردی، بە بەرهەمی پاش ڕۆژنامە وچاپکردن دادەنرێت، و ئەم هونەرە لە چاو هونەرەکانی تر دا گەلێک درەنگ دێتە ئاراوە، توێژەرانی ئێمە، ئەگەرچی هەندێکیان شێخ حسێنی قازی، هەندێکی تر جەمیل سائیب و فوئادی تەمۆیان بە یەکەم چیرۆکنووسی کورد دەزانی، بەڵام لە ئاستی فراوانتردا و لە ژێر ناوی چیرۆکی هونەریی کوردیدا بەهۆی کرۆنۆلۆژیا نوێکانەوە، مێژووی چیرۆکی هونەریی پێشتر خرا و مەلا مەحمودی بایەزیدی بەهۆی نووسینەوەی چیرۆکی مەم و زینەوە لای فەرهاد پیربال بە یەکەم چیرۆکنووسی کورد،{پیربال: ٢٠٠٠} دانرا. وەک دەزانین چیرۆکەکە بە شێوەی داستان، ئەحمەدی خانی بە هونەرێکی باڵاوە هۆنیویەتییەوە، بەڵام بەڕای پیربال گێڕانەوەی بە زمانی پەخشان دەبێتە یەکلاکەرەوە بۆ مێژووی چیرۆکی کوردی. لەم بارەیەوە چەند خاڵێک دەخاتە ڕوو، بۆ بە چیرۆکدانانی لە بواری چیرۆکناسی و ئێستاتیکی چیرۆکەوە. یەکێک لەوانە، خودی پرۆسەی نووسینە، کە چیرۆکەکەی لە فۆلکلۆربوونەوە گەیاندۆتە ئاستی باڵای نووسین، بەو واتایەی سیفەتی نووسین و نووسراوەتیی دەقەکە، بۆتە ئەوەی لە پۆلێنی چیرۆکدا ناوببرێت، ئەوەش وەهای کردووە چیرۆکەکە ناوەڕۆک و بەهایەکی ئێستاتیکی نوێ پەیدا بکات. لەو ڕوانگەوەی بە ناو سیستمێکی جیاوازی بیرکردنەوەدا تێپەڕ بووە کە خەیاڵ و چێژی نوسەرە، نەک وەک چیرۆکی فۆلکلۆری خەیاڵ و چێژی کۆی میللەت. سەبارەت بە تەکنیک و گێڕانەوەش، کە چەندێک سادە و ساکارە، ئەوە ئێمە سەبارەت بە ساڵی ١٨٥٦ دەدوێن، بابەتەکە بۆ چیرۆکی جیهانی نەک تەنها چیرۆکی کوردی گشتگیرە، دواجار لە بارەی بونیادی هونەریی چیرۆکەوە هەر یەک لە ڕەگەزەکانی چیرۆکی لە: (پلۆت، گفتوگۆ و خۆدواندن، کەسێتی و ڕووداو، گرێ..) تێدایە و بێ لە ژانری چیرۆک ناشێت، هیچ ناوێکی تری لێ بنرێت. وێڕای مەم و زین، مەلا مەحمود چەند چیرۆکێکی تری نووسیوەتەوە، لەوانە (سیامەند و شەمسی، لەیلا و مەجنوون، چل حیکایەت)یش کە زیاتر لە بواری هەقایەت دا جێی دەبێتەوە وەک لە چیرۆک. گێڕانەوەکانی ئەحمەد پاشای بابان

وبەسەرهاتەکانی پێغەمبەر مەسیح و ژیانی پێغەمبەران و گەلێک بابەتی تر لە نێو چیرۆکی کوردیدا دادەنێت.

بە ڕای ئێمە هەموو ئەمانە ناشێت لە ناو چیرۆکی هونەریی کوردیدا جێی بێتەوە، چونکە کارەکە زیاتر وەک وەرگێڕانی شیعرە بۆ زمانی ئاسایی هەقایەت. لەم بارەیەوە فیرات جەوەری لە کتێبی "ئەنتۆلۆژیای چیرۆکی کوردی"دا، سەرەتای چیرۆکی هونەری لە تورکیا و کوردستانی باکوریش دا دەگەڕێنێتەوە بۆ پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا لەسەر دەستی کەمال ئاتاتورک {١٩٢٣}، پرۆسەی گۆڕینی ئەلفوبێ و شالاوی وەرگێڕانی بەرهەمی زمانە ئەوروپییەکان، کاریگەری دیاریان هەبوو لەسەر پەیدابوونی چیرۆکی نوێی تورکی، لە پاڵ ئەودا بەهۆی دەرچوونی گۆڤارەکانی "هاوار (١٩٣٢-١٩٤٣)، ڕووناهی (١٩٤٢-١٩٤٥)، ڕۆژا نو(١٩٤٣-١٩٤٦)" ئەدەبی کوردی پێشکەوتنی بەخۆیەوە دی. جەوەری پێی وایە ڕۆڵی کۆماری تورکیا چەندە گرنگ بوو بۆ ئەدەبی تورکی، دەرچوونی ئەم گۆڤارانەش بۆ ئەدەبی کوردی هێندە گرنگ بوون.{Ceweri:٢٠١٨،١٤} دواجار، لە کۆی ئەم ڕایانەدا ئەوەی گرنگە تەماشاکردنی ئەم بەرهەمانەیە لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوەوە و هەڵسەنگاندنیانە لە ڕووی جوانیناسییەوە. ئەمەش کارەکە کەمێک گران دەکات. چونکە بە بردنەوە پێشی مێژووی چیرۆکی کوردی، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە دیسانەوە ئەوە قۆناغی سەرەتای چیرۆکی کوردییە، بە ڕوانین لە لێکۆڵینەوە و "بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی"ی عومەر مارف بەرزنجی، "لێکوڵینەوە لە چیرۆکی هونەریی کوردی"ی حسێن عارف، "چیرۆکی نوێی کوردی"ی حەسەن جافیش، هەست بە سادەیی و ساکاری قۆناغەکانی سەرەتای چیرۆکی کوردی دەکەین، کە چیرۆک تێیاندا وەک ناوەڕۆک گرنگن، لە ناواخندا هەڵگری سیمایەکی فۆلکلۆری و گوندەکین، وەک فۆڕمیش گێڕانەوەی ئاسایین.

قۆناغی دەستپێک و سەرەتا، تا سالانی حەفتا بەلای ئێمەوە بەگشتی سیمایەکی هاوشێوە و نزیکیان هەیە تا ئاستی یەک شێوەیی، قۆناغێکە چیرۆکنووسەکان وەک هونەری چیرۆکنووسین لە قۆناغی سەرەتا زیاتر دەچنە پێش، وەک ناوەڕۆکیش چوونە ناو کۆمەڵ و نیشاندانی بابەتە کۆمەلایەتییەکانی وەک: "گیروگرفتەکانی ئافرەت، کڕوزانەوەی هەژار و زەبری دەرەبەگ، چەوسانەوەی ئافرەت لە سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا، گوزەرانی تاڵ، مەینەتییەکانی ژیان، ڕەنج و تێکۆشان و ئاوارەیی.." باس دەکرێت. چیرۆکنووسەکانی ئەم چەند دەیەیە، چیرۆک بە زمانحاڵی باری هەبوو دەزانن و گەرەکیانە ببێتە ڕووبەرێک تا کێشەکانی تیدا نیشانبدرێت و دواجاریش چارەسەر بکرێت. واتە بزوێنەری سەرەکی بۆ نووسین، ئەو بیرە چنراوەیە چیرۆکنووس بە بەرپرسیار دەزانێت لە ئاست کۆمەڵەکەیدا پێویستە وەک ڕۆشنبیرێک هەڵوێست وەربگرێت. بەلای ئێمەوە ئەمە خاڵی پۆزەتیڤە، هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی ئەدەبیبوونی دەق، بەلام لەم قۆناغەدا فەرامۆشدەکرێت و چیرۆکنووس، ڕووبەری چیرۆکەکەی دەکاتە مینبەر و بە زمانی وەعز و ئیرشاد، ئامۆژگاری خوێنەرەکانی دەکات. لەم ڕووەوە حسین عارف سەبارەت بەو مۆدێلە لە چیرۆک دەنووسێت: ((ئەم ڕێبازە بەرهەمەکە لە ڕووی هونەرییەوە لاواز دەکات و تاموچێژی

چیرۆکی تیاناهێڵێت و خوێنەر بێزار و وەڕس دەکات، ئەو هاتووە بەرهەمێکی ئەدەبی بخوێنێتەوە نەک خوتبە و ئامۆژگاری و قسەی نەستەقی بدرێت بەگوێدا)){عارف:٢٠٠١، ب٥، ٩٣} هۆکاری ئەمەیش بەرێژەی یەکەم ئەوەیە چیرۆک وەک هونەرێکی باڵا و تایبەت نابینن، کە چەندە ناوەڕۆکە ئەوەندەش هزر و ئەندێشەیە لە چوارچێوەیەکی هونەریی بونیادی پتەوی ئێستاتیکی دا.

ڕەنگە یەکێک لەو خاڵانانەی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ئێستاتیکی چیرۆکەکان، بایەخدان و هاودڵی چیرۆکنووسان بێت بۆ بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدۆلۆجییەکان، چونکە زۆرێکیان بڕوایان بە ئەدەبی پابەندبوو هەیە، دەیانەوێت بەرهەمەکانیان خزمەتی کۆمەڵ بکات، ئەمە لە سەرەتادا بە تێکەڵکردنی بابەتی فۆلکلۆری لە ناو چیرۆکەکاندا خۆی دەنوێنێت، لە قۆناغەکانی دواتردا کەمێک بەرەو چەسپان و بەهونەری بوون دەچێت، بەڵام ناوەڕۆک پێکدێت لە بابەتی: زۆرداری ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و مەلای ساختە، کاربەدەستی ساختە و ماستاوچی و دواجار بابەتی کێشەکانی ژن کە زۆر ڕووکارین و پەیوەندی بە بابەتە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناموس و بەزۆربەشوودان و شیربایی و دیاردە باوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. حسێن عارف لە بارەی چیرۆکی دەیەیەی پەنجا بۆ شەستەکانەوە دەنووسێت: ((شێوەی ڕێپۆرتاژنووسی لە دارشتن و نواندنی باسدا کەلینێکی گەورەی ترە لە تەکنیکی چیرۆکی ئەم پلەیەدا، کە وەک دیاردەیەک بە فراوانی لەبەرهەمی چیرۆکنووسەکاندا دەردەکەوێت، نرخی ئەدەبییان گەلێک نزم دەکاتەوە، ئەمەش بە تایبەت لەو گێڕانەوە وشکە حیکایەتخوانییەوە هاتووە، کە ڕووداو کارەساتەکانی باسەکەی یەک بە دەم یەکەوە وەک زنجیرە هەواڵیکی ڕووت و بێگیان پی دەنوێنرێ و پێی دەزانرێت.)) {عارف:٢٠٠١، ب٥، ٩٤} لە لایەکی ترەوە چیرۆک لەم قۆناغەدا ((نرخ و بەهای هونەرییان هێنراوەتە خوارەوە بۆ مەبەستێکی شۆڕشگێڕانە)){بەرزنجی:١٩٧٨، ٧٨} بە ئایدۆلۆجیکردنی چیرۆک، وا دەکات لەم قۆناغە دا چەند نموونەیەکی کەم وەربگرین، چونکە بە درێژایی چیرۆکی کوردی باشووری کوردستان، لە بنەڕەتەوە تا ساڵانی حەفتاکان، لە بیری سیاسییەوە دێتە بوون، زۆرینەشیان ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەن. هەر لە مەسەلەی ویژدان و لەخەوماوە، تا چیرۆکەکانی پاشتر، بابەتەکە لە نێو چوارچێوەی سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و ئەدەب بۆ کۆمەڵ دا دەسوڕێتەوە. بەو واتایەی وەک حسێن عارف دەڵێت: ((چیرۆکی کوردی لە ئەدەبی هاوچەرخماندا، هەر لە بنەڕەتەوە وەک چیرۆکێکی سیاسی لە دایک بوو)) {عارف:٢٠٠١، ب٥، ٥١} سەبارەت بەم قۆناغانە، هەندێک لە لێکۆڵەران پێیانوایە ئەمە تەنها کیشەی چیرۆکی کوردی نییە، بەڵکو کێشەی چیرۆکی عەرەبی عێراقیشە، کە لە سەرەتای درووستبوونییەوە، شێوەی هەقایەتخوانی بەخۆوە گرتووە و بە ڕێگای پەند و ئامۆژگاری و قسەی نەستەقی گوێ ئاگردان چیرۆک هۆنراوەتەوە، لە ساڵانی پەنجا و شەستەکانیشدا، دیمەنی جوتیاری چەوساوە بە دەست ئاغا و دەرەبەگەوە، کرێکاری چەوساوە و باری کۆمەڵایەتی دواکەتوو و کێشمەکێشی نێوان مرۆڤی شارنیشن و گوندنشین، سیمای کارەکتەری چیرۆکی داپۆشی بوو، ئەو دەمانە چیرۆک بۆ پەیام و مەبەست بوو، نووسین جۆرێک بوو لە بەرگریکردن بەرامبەر بە دوژمن و داگیرکەرانی

کوردستان، ئەگەر هێما و تەکنیکی نوێش بەکارهاتایە بۆ خزمەتکردنی ئەم بیره بوو{ڕەشید:٢٠١٦، ١٢٣}. چیرۆکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەلێک درەنگتر دەنگی دەردێت، چونکە لە لایەکەوە ئەو بەرهەمانەی بە کوردی دەنووسرێن دەگمەنن و لە باشووری کوردستان بڵاودەکرێنەوە، لە لایەکی ترەوە ئەو بەرهەمانەی لە ناوخۆ بڵاودەکرێنەوە تاکە تاکە و کەمن. ئەوەی لەم میانەدا بۆ سەرەتای چیرۆک، نوسەری دەنگ دیارە، "حەسەن قزڵچی"یە و لێکوڵەران هەر ئەویش بە دەستپێکی چیرۆکی ڕۆژهەڵات دادەنێن. ئەگەرچی ئێمە لێرەدا باس لە ڕەوتی چیرۆکی کورد بە گشتی دەکەین، بەڵام کاریک خراپ نییە ئەگەر ئاماژەیەکی خێرای پێ بدەین، دیارە ئەو قۆناغانەی کە چیرۆکی(چیرۆک و ڕۆمان) ئەوێی پێیدا تێپەڕیوە، بە سێ قۆناغ دیاریکراوە، سەرەتاکەی بۆ ساڵی ١٩٤٢ دەگەڕێتەوە، ئیدی تا ١٩٩٣ کارێکی وەها جدی نابینرێت. تا لەو ساڵەدا کۆمەڵەچیرۆکی "زریکە"ی عەتا نەهایی بڵاودەبێتەوە. قۆناغی دووەم لە نەوەدەکانەوە تا دووهەزارە، دووهەزاریش بۆ دووهەزاروحەڤدە و تا هەنوکە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە قۆناغی سەرەتای چیرۆک لای چیرۆکنووسانی ڕۆژهەڵات لەژێر چەمکی (ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی) دا پێناسە دەکرێت، تەنانەت سووژەی چیرۆکی ئەو سەردەمانە هەر سووژەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتییە و کەسەکان و ڕووداوەکان زۆر جار کەس و ڕووداوی ڕاستەقینەن. کاراکتەر، کەسێتییەکی خاوەن کێشەیە، لە هەوڵی چارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵگە دایە و خۆ وەکوو ڕەخنەگرێک لەمەڕ ژیانی واقیع پێناسە دەکات.{محەمەد پوور:٢٠١٨}

هەرچی قۆناغی چیرۆکی ساڵانی حەفتاکانە لە باشووردا بە چیرۆکی نوێی کوردی دادەنرێت ئەوەش بەهۆی ڕووکردنە تەکنیکی گێڕانەوەوەیە، حەسەن جاف دەنووسێت: ((چەمکی نوێ لێرەدا ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لە پاش ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراونەتەوە و هەمو ئەو دیاردە و تەکنیکەیان تێدا بەکارهێنراوە کە لەو ساڵانەدا بە دواوە کەوتونەتە ناو جیهانی چیرۆکی کوردییەوە و بوون بە ئاکارێکی گشتی وەک مەنەلۆج و مونتاج و جەفەنگ و ئەفسانە..)){جاف:١٩٨٥، ٣١}.

لە حەفتاکاندا چیرۆکنووسان بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو و زیادەڕەوی ڕوودەکەنە بەکارهێنانی تەکنیک و تا ئاستێکی دیار ناوەڕۆک فەرامۆش دەکەن و وەک دەمی پێشوو دەمێننەوە، عەتا محەمەد لەم بارەیەوە پێی وایە پرسیاری ئەم نەوەیە و دنیابینیان جیاواز نەبوو لە نەوەی پێش خۆیان ئەوەندەی جیاوازییەکەیان بردۆتە ئاستی تەکنیکەوە نەوەک مانا، چونکە ئەمانیش لە حەقیقەتێکی نەزانراودا نووسیویانە {محەمەد:٢٠٠٦، ژ٣} بەو مانایەی چیرۆکنووسەکان تاڕادەیەک نوێگەرییەکەیان لە تەکنیکدا بوو، ناوەڕۆکەکە لە باسی گوند و کێشەی ژن و ئاغا گۆڕابوو بۆ بابەتی ئەو دەمە و دیسانەوە بە چەشنێکی واقیع دەخرایەوە سەر ڕووی پەڕە.

ساڵانی هەشتا وەک دەیەیەک، کە تەواوکەری ساڵانی حەفتا تەماشادەکرێت، بگرە دەشێت وەک هێمنبوونەوەی ئەو تەوژمە لە پڕە تەماشا بکرێت، بە مەینی هەڵپە و پەلەیی تەکنیک کاری دابنرێت. لەم ماوەیەدا چیرۆکی کوردی ئەو قۆناغە پڕتاوەی بەجێهێشت و سیمایەکی پێگەشتوتری وەرگرت

و بوو بە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی. دوای ئەم قۆناغە قۆناغێکی تر دێت، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لە قۆناغەکانی تر جودایە، ئەویش دەمی ڕاپەڕینە. ئەگەر چیرۆکی کوردی لە سالآنی حەفتادا بە سەرەتای چیرۆکی هونەریی نوێ دابنرێت، ئەوا دەشێت دوای ڕاپەڕین بە قۆناغێکی تر دابنرێت، کە چیرۆک دەبێتە مۆدێلیکی ئەدەبی گوزارشت لە جیهانبینی و بیر و ئەندێشەی نووسەران دەکات، لە پاش بارە ئالۆز و وەرچەرخانە جیاوازەکانەوە، ئەم قۆناغە دەبێتە نیشاندەری تێگەیشتن لە خودی هونەرەکە وەک بابەتێکی تۆکمە لە ناو ئەدەبیبوونی خۆیدا. نەوەک ماوەکانی بەر لە حەفتاش ناوەڕۆک و بابەتی ئامۆژگاری دەبێتە مەبەست، نەوەک دوای حەفتاکانیش تەکنیک و ئالۆزی و سیمبولسازی، دەبێتە دروشمی چیرۆکنووسان، بەڵکو ئەو زەمینەیەی کە لە هەشتاکاندا هەیە دەبێتە هۆی پێگەیاندنی تێڕوانینێکی کراوەتر و جوانناسیانەتر بۆ چیرۆک و دەنگی هەشتاکان و نەوەدەکان پێکەوە چیرۆک بە ئاقارێکی تردا دەبەن. چیرۆکی پاش ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە بۆ لای تاک و لە چوارچێوەی پاراستنی ئەدەبی بوونیدا و فەرامۆشنەکردنی ئەوەی، کە نووسەر خەریکە بەرهەمێکی نەبوو دەئەفرێنێ نەوەک وێنەی واقیع بگرێ. چیرۆکەکانی دوای ڕاپەڕین فرەڕەهەندن و بە شێوەیەکی گشتی بابەتی مرۆیین، چونکە بیرکردنەوەکان لە هاوشێوەیی دەرچوون و نووسینەکانشی ڕەنگدەرەوەی هزرو ئەندێشەیەکن، کە پەروەردەکراوی ناو جیاوازییە قوڵەکانە.

لەم قۆناغەدا لەگەڵ هەستیارترین چرکەساتی سیاسی و مێژووی کورد، ئەدەب لە سنووری ئەدەبی بووندا دەمێنێتەوە و سیاسەت و مێژوو دەباتە ناو ئەدەب، بە کەناڵی خەیاڵدا دەیگوێزێتەوە ئەوسا وەک تێکست دەیئافرێنێتەوە. نەک ئەدەب بباتە ناو سیاسەت و مێژوو لە ئەدەبیبوونەوە بیکاتە دروشم کاری ئایدۆلۆژیا و واقیعگەرایی پەتی، دیارە خودی ئەدەبیش کار بۆ دووبارە خولقاندنەوە دەکات، بەو مانایەی یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەدەبیات، دەرخستنی شێوەکانی بەرهەمهێنانی مانایە، ئەو کردارەی کە لە بەرهەمە هونەرییەکانی دیکەدا زۆرجار بە پەنهانەی دەمێنێتەوە.(١٤) چیرۆکی پاش ڕاپەڕین، بەهۆی گۆڕانی سیاسی و فەرهەنگی و کولتووری و چوونە تاراوگەشەوە لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە گۆڕانی بەسەردا هات، لە قۆناغەدا شێوازی نووسین و ئیستاتیکای چیرۆک بەهۆی دوور کەوتنەوە لە ڕیالیزم و ناباوی و گرنگیدان بە دەربڕین و زمان و فەنتازیا، گۆشەنیگای گێڕانەوە، خۆی دەنواند، گێڕانەوەی چیرۆک لە چوارچێوەی هەقایەتخوانی ترازا و واقیع بەهۆی کەناڵی خەیاڵ و سەبکی تایبەتی نوسەرەوە دەکرایە چیرۆک، ڕەخنەگرتنیش خۆی دەپاراست لە هوتافکێشان و ڕیپۆرتاژنووسی، چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە دەکرێت بۆ چەندین دەستە پۆلێن بکرین، کە هەر دەستەیان لە بەکارهێنانی زمان و ئەندێشە و گێڕانەوەناسییەوە تا شێواز و ناوەڕۆک سیمای گشتی خۆی هەیە. {ڕەشید:٢٠١٦، ٣٣} پاش ڕاپەڕین سی ساڵێکە و چیرۆک لە برەو دایە، لە دوای دووهەزاروده و چیرۆنووسانی نەوەیەکی نوێ پێگەشتن، کە هێشتا چیرۆکەکانیان فۆڕمی خۆی وەرنەگرتووە ((دەنگەکان شپرز و شیواون، چین و هارمۆنییەت زۆر لاوازن، تێمای چیرۆکەکان

زۆر کەم بە یادگە و بیرەوەرییەوە دەچەسپێن، یانی ئەو دەنگ و تۆنەی کە بڕیارە ببێت بە شەقڵی نەوەیەک، لە چیرۆکی ئەم نەوەیەدا دروست نەبووە)) {حەمەسوور: ٢٠٢٠، چیرۆکنێت}

**پارچەی دووەم: ئێستاتیکای گێڕانەوەی چیرۆک**

ژانری چیرۆک، لە ناو ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەو ڕوانگەوەی کە مەودای گێڕانەوە سنووردارە و ڕووداو فرەڕەهەند نییە و کەسێتی کەمە، جوانیناسی گێڕانەوە لە مامەڵەی وردتر و هەستیار تری نووسەردا دروست دەبێت. هەموو ئەوەشی پێکهێنەری جوانی ئەم جۆرەی گێڕانەوەیەیە، وێڕای بونیادە سەرەکییەکان و کەسێتیسازی، وەسف، دیالۆگ و فەزاسازی، ئاوازی گێڕانەوەیە، چونکە ڕووداوێکی کورت یان ڕووداوێکی بچووک لە چیرۆکدا و سەرنج خستنە سەر یەک یان چەند کارەکتەرێکی کەم، وای کردووە، ڕووبەری چیرۆک تەسکبێت و هونەرکاری تێیدا گرانتر بێت. بۆیە چیرۆکنووسان بۆ ڕاکێشانی خوێنەر و گێڕانەوەیەکی چێژدار، لە پاڵ هەر یەک لە بابەتە جوانکارییەکانی گێڕانەوەدا، ئاوازی جیاواز بە چیرۆکەکانیان دەدەن. ئێمە لە کاری ماستەرنامەکەدا، ئێستاتیکای چیرۆکی کوردی قۆناغی پاش ڕاپەڕینمان، لە چەند ڕوویەکەوە خستبووە ڕوو، جەختی سەرەکیشمان لەپاڵ بونیادی گشتی و گۆشەنیگای گێڕانەوەدا، لەسەر ناباوکاری ناو چیرۆکەکان بوو، هەر بۆیە لێرەدا وەک تەواوکاری جوانیناسی چیرۆکی کوردی، لە بارەی ئاواز؛ وەک خاڵی جەوهەری جوانیناسی چیرۆک دەدوێین.

- **ئاواز، تۆن (tone):**

تۆن بەرامبەر بە زاراوەی (لحن)ی فارسییە و لە تیۆرناسی و گێڕانەوەناسی کوردیی دا وشەی ئاوازی بۆ چەسپیوە. لە زمانەوانی کوردیدا سێ ڕەوتی تایبەت بە دەربڕین دیاری کراوە: "هێز، ئاواز، تۆن" بەرامبەر بە وشەکانی: "stress, intonation, tone" دکتۆر وریا ئەمین جیاکارییەکانی لە بارەی دەربڕینی ئاساییەوە خستوونەتە ڕوو، ئینتۆنەیشنی بەرامبەر بە ئاواز داناوە و دەڵێت: ((قسەکەری هەر زمانێک دەتوانێت بە گۆڕینی ئاوازی ڕستەکەی چەمکی سەرسوڕمان و تیز و گاڵتەپێکردن و ڕەزایی و نارەزایی و ..هتد دەربڕێت و دەرییخات مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە)){ئەمین: ٢٠٠٤، ٢٩٠} و ڕوونکردنەوەی بۆ تۆن جیاوازە وەک لەوەی ئێمە لە ئەدەبیاتی چیرۆکناسی دا مەبەستمانە. ((تۆن لەسەر وشەی یەک مۆرفیمی یەک بڕگەیی بەرچاودەکەوێت وتایبەتە بەو زمانانەی بە ئیسۆلەیشن ناودەبرین وەک زمانی چینی و تایلەندی و نیوپی و توی.)) {ئەمین: ٢٠٠٤، ٢٩١}

له بەرهەمی ئەدەبی و ژانرە جیاوازەکاندا، دەرخەری باری هزری و ڕەسمی، گاڵتەجاڕی و پلارگرتن، پرسیارو گومان لێکردن، بابەتیبوون و بێلایەنی، شۆخی و چەندەها باری ترە کە، بەهۆی زمان و ڕێکخستن و چنینی دەنگیی و پاشخانی واتایی جۆراوجۆری وشە فەرهەنگییەکانەوە دروست دەبێت. بەو واتایەی بەرهەمی ئاگایانەی نوسەرە؛ لە ناو بابەتی چیرۆک، ڕووداو، کەسێتی، گێڕانەوە و ڕەگەزە جیاوازەکانی چیرۆکدا دەردەکەوێت. ئاواز، بە گیانی گێڕانەوە دادەنرێت و((شێوەی مامەڵەی نوسەر لەگەڵ بابەتدا نیشاندەدات و دەتوانرێت لەگەڵ ئاوازی دەنگی قسەکەر لە کاتی قسەکردندا بەراورد بکرێت، بەو جۆرەی کە ئاوازی نوسەر لە نووسیندا دەکرێت: خەمبار، جدی، تەنزئامێز، هەستبزوێن، بە پلار یان هاوشێوەیان بێت، کە هەر یەک لە مانە نیشانەی شێوازی مامەڵەی نوسەرە لەگەڵ بابەتدا)){میرصادقی:١٣٨٨، ٢٥٧}

هیچ وەختێک جوانیناسی ڕەگەزێک بە تەنها نابێتە هۆی جوانیناسی چیرۆکێک، لە پێکەوە یەکگرتنی ڕەگەزەکان و مامەڵە و کارزانی نوسەر لەگەڵ ئەو بونیادەدا، جوانی چیرۆکە دەردەکەوێت، تۆنیش لە پاڵ کەسێتیسازی، ڕووداوچنین، شێواز، گۆشەنیگای گێڕانەوە، کات و شوێن...هتد دا دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی چیرۆکێکی ئێستاتیکی. تۆن ڕەگەزێکی گرنگی چیرۆکە، چەشنی زنجیر کۆی ڕەگەزەکانی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دەبێتە هەڵسوڕێنەری ڕەگەزەکانی چیرۆک و هاوئاهەنگی لە نێوانیان دا بەرپا دەکات. ئاواز هەر لە خوێندنەوەی سەرەتای چیرۆکەکەوە دەردەکەوێت و خوێنەر بە ئاوازدا دەزانێت بابەت و ئاراستەی چیرۆکەکە چییە و کاریگەری لەسەر دادەنێت و ڕایدەکێشێت بۆ تەواوکردنی ((ئەو کاریگەرییەی چیرۆک دروستی دەکات، پەیوەستە بەو ئاوازەوەی کە لە سەرەتای چیرۆکەکەوە هاتۆتە ئاراوەو بە درێژایی چیرۆکەکە بەردەوام بووە)){پپین:١٣٨٩، ٩٢} لە چیرۆک دا ئاواز بەهۆی چنینی زمانی وردەوە دێتە ئاراوە، چونکە ئێمە کار لەسەر بەرهەمی نووسراو دەکەین، هاوکات لەگەڵ زماندا ئەوەی لە چیرۆکدا دەبێتە نیشاندەری تەواوی ئاواز و جوانیناسی گێڕانەوەی چیرۆک دەردەخات، گێڕانەوە و گۆشەنیگای گێڕانەوەیە. لێرەدایە بە نیشاندانی نموونەی چیرۆکی کوردی دەیخەینە ڕوو. لە کاتێکدا لە هەقایەتدا دەستنیشانکردنی تۆن و بەکارهێنانی، بەهۆی زارەکی بوونییەوە دیار و زەقتر و کاریگەرترە، چونکە ((حیکایەتخوان، بە پێی باری دەروونی کەسانی نێو حیکایەتەکە و بەپێی هەڵکشان و داکشانی ئاریشە و ڕووداو، تۆنی دەنگی دەگۆڕێت. وەک ئەوەی ئەکتەر بێت و نمایش بکات، لەگەڵ دایەلۆگی نیوان قارەکانەکان و پێشەوەچوونی ڕووداودا هەڵدەستا و دادەنیشت و لەرێی زمانی جەستەوە، جۆرەها جوڵە و هێمای دەنواند، بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی گێڕانەوە، کە گوزارشت بوو لە درامای حیکایەتەکە و واتاکانی، هەوڵ دەدات ئەوەندەی بۆی بکرێت بەرجەستە حیکایەتەکە بگێڕێتەوە. وەک دەنگ هەڵبڕین و تورەبوون لە تافی شەڕ و بەرەنگاریدا، زۆر نەرمونیانی نواندنیش لە کاتی گفتوگۆی نیوان خۆشەویستاندا، هاوسۆزییەکی زۆریش لە تای پێشهاتە دڵتەزێنەکاندا تیکەڵ بە گێڕانەوە دەبوو. بە ڕادەیەکی ئەوتۆ ناخی گوێگری دەهەژاند و کاری تێدەکرد، بۆ نێو جەنگەی ڕووداوی دەبرد و لە دنیای ڕاستینە دووری

دەخستەوە)) {حەسەن: ٢٠١٠، ٢٣} لێرەدا زمان کەناڵێکی جڵەوگیر و پێبەستەیە. ڕێگە نادات هیچ شتێک بڵێین بێ ئەوەی ئاوازێکمان بۆی هەبێت. وەختێک قسە دەکەین یان دەنووسین، ئەو وشەو دەستەواژانەی کە هەڵیان دەبژێرین، نەوایەکی تایبەتی بۆ خوێنەر یان بیسەرمان هەیە و مانا شاراوەکان دەگوێزێتەوە کە بەشێکی زۆری لە جڵەوی ئێمە دا نییە.{فاولر:١٠٦،١٣٩٠}.

### یەکەم: ئاواز و وەگێڕ:

وەگێڕ، کە بە چیرۆکخوان، چیرۆکبێژ، بگێڕ و گێڕەرەوەش ناودەبرێت، دەبێتە دروستکەری ئاوازی ناو چیرۆکەکە. ئەو کە ئەرکی نیشاندانی ڕووداوەکان و هەڵسوڕانی کەسێتییەکانی لە ئەستۆدایە، بەهۆی وەسف و نیشاندانی باری دەروونی و ڕواڵەتی کەسەکانەوە بە ئاوازی: حەماسی، جدی، یان تەوساوی و خەمهێنەر، کارگەری خۆی دروست دەکات. لە باسی وەگێڕ دا سێ ڕەگەزی گرنگ هەمیشە دەبێت ڕەچاو بکرێت {اخوت:١٣٩٢، ٩٣}:

- **کەسێتی:** بەهۆی ڕەگەزی کەسێتییەوە جیاوازی بنەڕەتی نێوان وەگێڕی کەسی یەکەم و وەگێڕی کەسی دووەم دەزانین، و هەر لە ڕوانگەی کەسێتییشەوە وەڵامە جیاوازەکانی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە، کە دەوترێت کێ چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە؟ ((کاتێک لە بارەی کەسێتی لە چیرۆکدا دەدەوێن، مەبەستمان لەو ئەرکەیە کە سپاردومانە بە کەسی سەرەکی، من (کەسی یەکەم)، تۆ (کەسی دووەم)، و ئەو(کەسی سێیەم)، کەسی یەکەم لە هەموان سەمیمی تر و ڕاستەوخۆترە و زۆرێک لە چیرۆکنووسان لەم تەکنیکە کەڵک وەردەگرن.)){نایت:١٣٨٨، ١٤٤}

- **مەزاج mode:** مەبەست لە چۆنییەتی خستنەڕووی کەسێتییەکانی چیرۆکە لە ڕێگای وەگێڕەوە، کە بەهۆیەوە شێوە جیاوازەکانی گێڕانەوە دێتە ئاراوە. بە ئاگاداربوون لە حاڵەت، دەبێت وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری بدرێتەوە سەبارەت بە وەگێڕ، ئایا وەگێڕ خۆی یەکێکە لە کارەکتەرکانی ناو چیرۆکەکە یان لە دەرەوەی چیرۆکەکە وەستاوە؟ وەگێڕ لە چ کەناڵێکەوە زانیارییەکانی خۆی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە. بە ئاخاوتنی نوسەر یان ئاخاوتنی کەسانی ناو چیرۆکەکە؟ ئایا لە ڕێگەی ڕاستەوخۆی شەپۆلی هۆشەوە یان بە هۆی فرە وەگێڕییەوە دەیگێڕێتەوە، یەکێک لە ڕەگەزە دیاری کەرەکانی مەزاج، ئەم جیاوازی یان هاوتاییە وەگێر و کەسێتییە لە چیرۆک دا.
- **گۆشەنیگا:** بە ڕوانین لەم ڕەگەزە دەزانرێت وەگێڕ لە چ پێگەیەکەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، لە سەرەوە یان تەنیش یان خوارەوە؟ ئایا شوێنی جێگیر یان گۆڕاوە؟ زۆر جار چیرۆکنووس بە هۆی گۆشەنیگای وەگێڕی هەموو شتزانەوە، دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەسەر چیرۆک و گێڕانەوەوە نیشان دەدات، بەڵام بەشێکی ئێستاتیکای گێڕانەوەی چیرۆک پەیوەستە بە

گۆشەنیگای کەسێتی سەرەکی ناوچیرۆکەکەوە. کە بە جێناوی من دەدوێت، و خوێنەر زۆر زوو دەتوانێت هاودڵی و هاوسۆزی ئەم جۆرەی وەگێڕ بێت، و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاوازی گێڕانەوەکەیەوە.

**دووەم: ئاواز و گۆشەنیگا:**

گۆشەنیگای هەموو شتزان، بە گشتی بۆ ئەو چیرۆکانەی پێوستی بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خوێنەرە بەکار نایەت، چونکە ئەم گۆشەنیگایە ئارام، قوڵ و بیرمەندانەیە، لەبەر ئەوەشە ئەم گۆشەنیایە کەمتر لە چیرۆکدا بەکاردێت.{نایت:١٣٨٨، ١٣١} هەرچی گۆشەنیگای کەسی یەکەم و دووەمە، بەکارهێنانیان لەبەرچاوترە. بۆ نموونە: چیرۆکی "**ملوانکەی ستیل**"ی محەمەد فەریق حەسەن، یەکێکە لە چیرۆکە ئێستاتیکییەکانی چیرۆکنووسانی قۆناغی پێشوون، کە دوای ڕاپەرین نووسراوە. چیرۆکەکە بە گۆشەنیگای کەسی دووەم، گێڕاوەتەوە، گێڕانەوەی کەسی دووەمیش بە جۆرێک لە جۆرەکان شێوەی ناباوی چیرۆکبێژییە و بە دەگمەن بەکاردێت، بەڵام تایبەتمەندییەکی هەیە، وشەی (تۆ) لە (ئەو) بەهێزتر کاردەکات و لە (منیش) بەهێزترە، واتە لە کۆتاییدا چیرۆکنووس دوو گۆشەنیگای لە یەک گۆشەنیگادا هەیە {نایت:١٣٨٨، ١٤٥}چیرۆکەکە لە بارەی مەردان ناوێکەوەیە، کە بارێکی سی کیلۆیی بە کۆڵەوەیە، لە گەرمیانەوە هاتووە تا ئەو کۆڵە بە کوێستاندا ببات بۆ مەرزی ئێران، لوغزی کۆڵەکە و دڵەڕاوکێی خوێنەر بۆ زانینی بارەکە، چیرۆکەکەی سەرنجڕاکێش کردووە، بەڵام هێندە نابات کە نهێنی بارەکە دەزانرێت، خوێنەر لە سەرسامییەوە دەگوازرێتەوە بۆ مەراق، ئایا بارەکە بە سەلامەتی دەکات یان نا، بە جۆرێک کە دەستبەرداری چیرۆکەکە نەبێت. بارەکە ئێسکوپروسکی سەربازێکی ئەسفەهانییە، مەردان دەیباتەوە تا دوو فەردە ئارد وەربگرێت، پێشتریش کاری وەهای کردووە، ئێسکەپەیکەری مردوویەک، ژیان ئەداتەوە بە خێزانێک و گۆڕێکش ئەداتەوە بە خێزانێکی چاوەڕوان. چیرۆکەکە بە ڕستەیەکی داخوازی دەست پێدەکات:

((ئێستێکی بۆ بکە مەردان. کۆمەڵکەت بڕێ هەڵنێ و ئاگاداری بەرپێی خۆت بە. کۆڵەکەت هەر سی کیلۆ دەبێ. بەڵام یەکسانە بە دوو کیسە ئارد، کە دەکاتە سەد و شەست کیلۆ ئاردی نانەوایی. پاییزەکەی پێ دەگوزەرێنی. ئێسکوپرسوک یەک و پێنج بە ئارد. کاڵایەکی بازرگانیی بێ دەستمایەیە مەردان!)){حەسەن:٢٠١٣، ٤٩٢} وەگێڕ، وەها بەسەرهاتەکە بە دەمی ئێستا دەگێڕێتەوە، کە دەڵێی چاوی کامێرای هەنوکەییە و هیچ شتێک پێش ئێمە ڕووی نەداوە و ئەگەر بڕیارە شتێک ڕووبدات، ئەوە هاوتای وەگێڕ ئێمەی خوێنەریش دەیبینین. ئەمەش هەستی دوودڵی و دڵەڕاوکێی خوێنەر بەرامبەر بە ڕووداوەکان و حەزی بەردەوام بوون لە خوێندنەوەی زیاد دەکات. بەڵام هەموو ئەمانە تەکنیک و هونەری فریودانی چیرۆکنووسە، چونکە ئەو دەزانێت چی ڕوودەدات و بۆ ڕوودەدات، بۆیەش ئێمەی لەگەڵ خۆی هێناوە بۆ تەماشای تەخت. گێڕانەوە، بەو

گۆشەنیگایە و بە ناوهێنانی کارەکتەر و بیرخستنەوەی حاڵی خراپ و چوونەوە ڕابردوو و بازبازێنی ڕووداوەکانی ڕابردوو، باسکردنی بە سۆزێکی خەمهێن، ئاوازێکی بەخشیووە بە چیرۆکەکە، کە لە لاواندنەوەی پاش کارەساتێک دەچێت بەر لە ڕوودانی. وەگێڕ لە میانەی گێڕانەوەکانییەوە، بیست و چوارجار ناوی مەردان دەهێنێتەوە، هەموو جارێکیش لە میانەی ڕستەکاندا و بە پێی خەمینی گێڕانەوەکە شوێنی لە ڕستەدا دیاری دەکات، ئەم دووبارەکردنەوە لە شین و چەمەری و لاواندنەوەی کەسانی جەرگ سوتاو دەچێت، بۆیە خوێنەر لە سەرەوەتاوە دەزانێت، شتێک لە شوێنی خۆیدا نییە، دەزانێت ئەمە شین نامەیەکە، بەر لە ڕوودان، ئاوازێکی دڵدەرانەوە و هاوخەمی. هەر چەندە ناوهێنانی کارەکتەر لەو بەشانەدا کە لەگەڵ خۆی دەدوێت و ئەوانی تریش کە دیالۆگی ناو دەقەکەن، چەندەها جار دەبێتەوە، بەڵام ئەوە کاتێکە ئاوازی وەگێڕ نییە و هی کەسانی ناو چیرۆکەکە و مەردان خۆیەتی کە سێودووی دڵی خۆی دەکات:

((پەیوەندیت بە کۆڵەکەتەوە، پەیوەندی خێزانێکە بە ژیانەوە، جا چ قەیدی هەیە؟ مس، ئاسن، فافۆن، ئامیر، بگرە مێژووی نەتەوەیەک ئەودیو دەکەن، تۆیش ئێسکەپەیکەر، کە هیچ پەیوەندییەک بەم عەرد و بوومەوە نایبەستێتەوە. دڵ لە دڵ مەدە مەردان. دەزانم ئێستا بیر لەوە دەکەیەوە، ڕەنگە ڕۆحیانەتەکەی بە بان سەرتەوە بفڕێت و بسوڕێتەوە و ئاگاداری هەموو شتێک بێت. بەڵام خۆ ئەم کارەی تۆیش تەقەلایەکە بۆ ژیان.ڕەنگە ڕۆحیانەتەکەی پێشی خۆش بێت. کێ چووزانێ؟ چونکە سبەی فەرامەرز دەبێتە خاوەنی گۆڕی هەتا هەتایی خۆی. دەبێتە خاوەنی گۆڕ و گۆڕیچە و گڵکۆی خۆی؟ ئەو ئیتر لە گومناوی ڕزگاری دەبێت. ئەو ئیتر سەربازی ون نییە. مرۆڤ تاکە بوونەوەرە شایەنی گۆڕ و گڵکۆ و کێل بێ، کەچی فەرامەرز هێشتا بێگۆڕە.. نا نا دڵاودڵ مەبە مەردان! ئەم شاردنەوە و بەخاکسپاردنەی لەمەڕ تۆ، لە شاردنەوەکەی قابیل بۆ هابیلی برای جیاوازە. خۆ تۆ فەرامەرزت نەکوشتوە مەردان، بەڵکو ئێوە خەمێکی هاوبەشتان هەیە..کاتێک خوێن لە دەمارەکانتانداهەڵچوو، کەللەتان گەرم ڕاهات. توڕەو وروژاو ڕووتان کردە قەڵاکانی دەسەڵات لە دووز دروشمتان چی بوو لە بیرت ماوە مەردان؟..)) {حەسەن:٢٠١٣، ٤٩٥}

بەکارهێنانەوەی ناوی مەردان و هاوسۆزی وەگێر، هاوسۆزی خوێنەریشی دروستکردووە، ئیتر دووبارەکردنەوە بۆتە پیکهێنەری جوانی گێڕانەوەکە، لەپاڵ ناوهێنانی کارەکتەری چیرۆکەکەدا، بەشێکی ئێستاتیکی چیرۆکەکە لەسەر ناوی خاوەنی ئیسکوپرسکەکەیە، کە فەرامەرزی ناوە کە ناوی کوڕەکەی ڕۆستەمی زاڵە و بە مانای دوشمنیش دێت.

چیرۆکی "ئەو؛ کە ون بوو"ی عەتا نەهایی{نەهایی:٢٠٠٦، ١٤٩} یەکێکە لەو چیرۆکانەی لە بونیادی هونەرییەوە تا ناوەڕۆک و هێڵی گێڕانەوە، هونەرکاری و کارزانی تێدا دیارە. هەر ئەم هونەرکارییەشە، ئاوازی چیرۆکەکەی پڕ جوڵە و نەسرەوت کردووە، چیرۆکەکە بە شێوەی میتاچیرۆک، لە زاری کەسی ناوچیرۆکەکەوە دەگێڕێتەوە. ئاوازی گێڕانەوەکەی نزیکانە و خۆمانەیە. کەسێتی چیرۆکنووس، کە مردووە سەر بە جیهانی مردووانە، ئەو ڕووداوانە

دەگێڕێتەوە کە دیونی، بەڵام خۆی ناکات بە هەمووشتزان، بەهۆی گێڕانەوەی کەسەکانی ترەوە، کە تەمەن و ڕەگەزی جیان، چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، هەر یەک لەوانەش تۆنی خۆیانیان هەیە. بەهۆی ڕووداوی ناو چیرۆکەکەشەوە، کە دۆزینەوەی نهێنی شکانی گۆڕی کچێک و ونبوونی (ئەو)ە، ڕا جیاواز و دەنگە جیاوازەکانی کە بەشدارن لە کردنەوەی گرێی نهێنیەکدا، پێکەوە بوونەتە دروستکەری ئاوازێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و خەمبار. بەهۆی زمانە وردچنراوەکەشەوە، هاوسۆزیی خوێنەر ڕادەکێشێت، خوێنەر چێژ لە بەدواداچوونی بەسەرهاتەکە و ناسینی یەک بە یەکی کارکتەرەکان دەبات، وێڕای ئەوەی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا خوێنەر دەزانێت، شکانی کێلەکە پەیوەندی بە هاتنی سێ قەیرە کچەکەوە هەبووە، کۆمەڵێک گرێ و پرسیاری وەڵام نەدراوە بەجێدەهێڵێت، بەڵام دیسانەوە دەتوانێت جارێکی تر بێ ئەوەی ماندوو بێت، بیخوێنێتەوە و چێژ لە گێڕانەوەو زمان ببات.

لە ڕاستیدا ئەوەی وادەکات چەندان جار خوێنەر بچێتەوە سەر چیرۆکێک، هەر ئەو ئێستاتیکای تەکنیک و گێڕانەوە و ئاوازسازییەیە، چونکە لە جاری یەکەمدا خوێنەر بە بەسەرهاتەکە ئاشنا دەبێت و دەزانێت چی ڕووی داوە، بەڵام لە دووبارە خوێندنەوەدا چێژ لەوە وەردەگرێت، کە یاری زمانی و ئاوازسازی نوسەر چۆن ئەو ڕووداوەی کردووە بە چیرۆک. نوسەری لێهاتوو بەهۆی فرەوەگێڕییەوە، کەرنەڤاڵی فرەئاوازی دەئەفرێنێت، زیندوویی و جموجوڵێک بە چیرۆکەکە دەبەخشێت و خوێنەر دەباتە ناو لۆف و پێچی ڕا جیاوازەکان و دەیخاتە بەردەم بڕیاردان و لایەنگرییەوە، چونکە کۆمەڵێک کەسێتی بە تایبەتمەندی کەسی و گۆشەی بینینی خۆیانەوە ڕووداو دەگێڕنەوە، کە ئەگەر نوسەر دەنگی هەر یەکەیانی بە پێی لایەنی دەروونی و پیشە و تەمەن و ڕەگەز، ئاواز پێ بەخشیبێت، ئەوا وەک بیستنی ئۆرکێسترایەک، نەک تاک دەنگی کپ، چێژ لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە وەردەگرین. بەشێک لەو چیرۆکانەی بەم شێوەیە نووسراون: چیرۆکی "کۆڵانی تەنیاکان"ی ئارام کاکەی فەلاح {فەلاح:٢٠٠٣} و "کوژرانی عەسکەرێکی تورک لە زاخۆ"ی فەرهاد پیربالدا{پیربال، پەتاتەخۆرەکان} دەبینرێن.(١٥)

### سێیەم: ئاواز و زمان

ئاوازی چیرۆک دەبێت هاوتا لەگەڵ حاڵەت و بارودۆخی ناوچیرۆکە، کە کۆی گێڕانەوەکە بگرێتەوە، ڕەنگە هەندێک چیرۆکنووس کۆی کارکردنیان لەسەر زمان، تەنها لە چوارچێوەی گفتوگۆی کەسێتییەکاندا چڕ بکەنە و بیانەوێت ئاوازی چیرۆکەکە بونیاد بنێن، بەڵام ئەفراندنی زمانی چیرۆک تەنها قسەکردن بە زاری کەسێتیەکانەوە نییە، چونکە لە یەکەمین وشەوە هەوڵی نوسەر بۆ بونیادنانانی زمانی چیرۆک دەست پێدەکات و ئەم هەوڵە کاتێک بە ئەنجام دەگات، کە چیرۆکەکە بووبێتە خاوەنی ئاوازێک یان چەند ئاوازێکی تایبەت بە خۆی. دۆزینەوەی ئاواز لە چیرۆکی باو و تەقلیدی کارێکی ئاسانە، چونکە زۆرینەیان لە گۆشەنیگای

هەمووشتزانەوە دەگێڕنەوە، بۆیە ئەم ئاوازە یەک پارچەییەی کە زوو وەگێڕ ڕای خۆی و دیدی خۆی بەرامبەر بە کەس و ڕووداوەکان دەردەبڕێت، ناسینەوەی ئاسانە {مندنی پور:١٣٨٣ ١٤٠}. چیرۆکنووسی زرنگ بەهۆی کورتبڕی و چڕی زمان و وێنەکارییەوە، دەتوانێت بە زمانێکی شیعری چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە و ئاوازی جۆراوجۆر بە چیرۆکەکەی بدات، دەبێت ئەوەشمان لە یادبێت ((شیعرییەتی نووسینی چیرۆک ئەوە نییە، کە شیعر بکرێت بە زمانی نووسین، یان شیعر تێهەڵکێشی چیرۆک بکرێت، بەڵکو چڕکردنەوە و ئێستاتیکا و بەکارهێنانی شێوەی هونەری زمانە لە دەربڕینی نوێدا)){ڕەشید:٢٠١٦، ١٦١}، نمونەی کورتبڕی زمان وەک زمانی شیعری لە چیرۆکەکانی "ئێمە لێرەین"ی بەڕۆژ ئاکرەیی دیارە، کە دواتر بە وردی لە بارەیەوە دەدوێین.

ئاواز لە چیرۆکدا، بە بەرهەمی ناوەکی زمانی کەسێتی دادەنرێت، لە دەرەوەی چیرۆکیش تاکەکان لە شێوازی دوان و قسەکردنیاندا ئاوازی خۆیانیان هەیە. بەهۆی ئاوازەوە پەی بە بارودۆخ و خولقوخۆی کەسێتییەکان دەبەین، نەک تەنها بە پەسندانی شێوە ڕواڵەتییەکەی. بۆ نموونە: لە باسی پیاوێکی شەڕانگێزدا، دەبێت بە کردنەوەی دەمی هەست بە شەڕانگیزی و تۆنی دەنگی بکەین، وەک چۆن بەهۆی ئاوازەوە پەی بە دەستەپاچەیی و ساویلەکەیی کەسێتیش دەبەین. ئاواز تا ڕادەیەک ناسنامەی کەسێتییە{براهنی:١٣٦٨، ٣٢٨}، لە لایەکەوە پەیوەندی لەگەڵ شێواز و زمانی گشتی چیرۆکەکە دا درووست دەکات، لە لایەکی ترەوە پەیوەندی لەگەڵ خولقوخوی کەسێتی و جوڵە و ڕەفتارەکانی و ئەو کردارانەی لە بارودۆخێکی دەروونی تایبەتدا توشی کەسێتی دەبێت، دروستدەکات  هەندێک شێوازی گێڕانەوە پێوستی بە زمانی جدی و ئاڵۆز و شیعری هەیە، هەندێکی تر زمانێکی ڕەوان و سادە دەتوانێت جوانی چیرۆکەکە پێبگەیەنێت. لێرەوەشەوە بابەت و کەسێتی پشکیان دەبێت لە دروستکردنی شێوازی زمان و ئاوازی گێڕانەوەدا. بۆ نموونە شێوازی زمان، لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح دا، سادە و ڕەوانە، زمانی کەسێتییەکان لە زمانی ڕۆژانەوە نزیکن و لە ئەنجامیشدا ئاوازیان، نزیکی و ڕاستگۆیی پێوە دیارە.

بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانە، بەشێوەی گێڕانەوەی سەرتاسەری لە گۆشەنیگای کارەکتەری ناو چیرۆکەوە کارێکی کردەی نێو ئەدەبیاتی گێڕانەوەیە، یان بە شێوەی گفتوگۆی کەسێتییەکان، ڕێیتێدەچێت بە شێوەزار و بنزاری جودا چیرۆکەکە بگێڕنەوە، بەڵام بەمەرجێک چیرۆکنووس، لە زمانی ستاندارد و زمانی ئەدەبی نەترازێت، و دەقەکە نەکاتە نمایشی خواستی بۆ زمانی ناوچەیی. چیرۆکنووس دەتوانێت بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەی لەو ئاستەدا بێت، کە خوێنەر هەست بە واقیعی بوونی گێڕانەوە یان گفتوگۆ و خۆدواندنی ناو چیرۆکەکە بکات، ئەگەر لەوە زیاتر بێت، ئەوسا نەک نابێتە هۆی دروستکردنی ئێستاتیکا، بەڵکو زیان بە بونیادی زمانیی چیرۆکەکەش دەگەیەنێت. ئەگەر سەرنج بدەینە چیرۆکەکانی: "بلیتێک بۆ جەهەنەم، من و کامیراکەم، نووسینەوەی دڕک، دزینی خەونەکان"، شێوازی زمانەکەی دەناسینەوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی "جیابوونەوە"دا {کاکەی فەلاح:٢٠١١، ٤١} ڕووداو لە زاری کەسی یەکەمەوە باسدەکرێت، بەهۆی

زمانی سادەی ناو کۆمەڵگا و ئاوازی بێزاری و شەرمەرمەزاربوونییەوە، خوێنەر هاودەم و هاودڵی دەبێت، بە تایبەت کاتێک لە بارەی پەیوەندی خۆی و هاوسەرەکەیەوە دەدوێت. بەهۆی ئاوازی گێڕانەوەوەیە، خوێنەر هەست بە ڕاستگۆیی و دەستەپاچەبوونی دەکات. زمانی گێڕانەوەی پیاوەکە، زمانی خەڵکانی ئاسایی دەرەوەی چیرۆکە، بۆ نموونە: لەبری وشەی"هاوسەری پێشوو"ی فەرمی، هەر وشەی باوی "ژنەکۆنەکەم" بەکاردێنێت، بەمەش گێڕانەوەکە واقیعی تر دەنوێنێت و لەگەڵیشیدا هەست بە فەیلەسوف بوون، یان چیرۆکنووس بوونی پیاوەکە ناکەین، بەڵکو کەسێکە و لەبەردەماندا باسی دڵەڕاوکێی خۆی دەکات. پاش ئەو گێڕانەوەیە، گێڕانەوە بە زمانی ژنەکەوە دەست پێدەکات، دیسانەوە بە شێوەیەکە، خوێنەر هەڵویستە دەکات و دەیەوێت لایەنگری بێت، تا کەسی سێیەم دەست بە گێڕانەوە دەکات، کە کوڕێکی لاوی چیرۆکنووسە دیمەنەکانی دەبینێت و دەیەوێت ئەمانە بگێڕێتەوە. ئەوەی ئەم چیرۆکەی جوانکردووە، تۆنی گاڵتەجاڕی و تەنزی هەردوو کارەکتەرەکەیە، کە باسی پەیوەندی سەرجێی و منداڵنەبوونیان دەکەن، لە پاڵ تۆنە بێزاری دەربڕینەکەدا. پیاوەکە، لە گێڕانەوەدا، قسەکانی ژنەکەش دەگێڕێتەوە، تۆنی بێزاری خۆی و گاڵتەجاری ئەویش هەر لە پارچەی گێڕانەوەی خۆیەوە باس دەکات:

((دەزانێ بەو قسەیە تەواو دەمپێکێ و لە هەموو پیاوەتییەکم دەخات، وەک زەرفێکی نایلۆنی بەتاڵ چرچم دەکات و دەمخاتە گیرفانییەوە. چەندەها جار هەوڵمان دا منداڵ دروست بکەین، بەڵام وەک دوایی دەرکەوت هەڵەکە هی من بوو، ئەویش هەمیشە دەیوت: عەسکەرە وریلەکانی تۆ لەو ژێرەوە باش شەڕ ناکەن، ئەم وڵاتە ئەو هەموو شەڕەی بینیوە، کەچی سەربازەکانی تۆ هێندە خامۆش و خەواڵوون نەبێتەوە، وا تەریقی دەکردمەوە تا مانگێک نزیکی نەدەکەوتمەوە، دەیوت هی تۆ هێندە بچووکە منداڵی پێ درووست ناکرێت. لە جێگادا هەمیشە دەبێت بە میکرۆسکۆپێکەوە بە دوایدا بگەڕێم، ئەوەتا لەویایە، ئەیەڕۆ...خۆ هەیەتی، منیش تورە دەبووم و دەچوومە ئەولاوە، دەموت ئیتر قەت نایەم بەلاتا..)) {کاکەی فەلاح:٢٠١١، ٤٢}جگە لەم چیرۆکە و ئاوازی گاڵتەجاڕی و تەنز و زمانی سادە وڕۆژانە، تایبەتمەندییەکی تری ئێستاتیکای گێڕانەوە لە چیرۆکەکاندا دەبینرێن، ئەویش تەبایی کەسێتی و بارودۆخ و گۆشەی گێڕانەوەیە. شاکەسی ناوچیرۆکەکە بە گۆشەنیگای خۆی و لە بارودۆخێکی دروونی و ئاڵۆزی و دڵەڕاوکێی خۆیەوە چیرۆکەکە، بۆ بیسەرێک باس دەکات، کە وەرگر و گوێگری ناوچیرۆکەکەیە، بەوەش گێڕانەوەکان خوێنەر دەخاتە ناو دۆخی گوێگرتن لە بری کەسی ناو چیرۆکەکەش، چونکە وەگێڕ بە جۆرێک بۆ گوێگری ناو چیرۆکەکە قسە دەکات، خوێنەری دەرەکی هەست دەکات لەگەڵ ئەوێتی.

چیرۆکی جیابوونەوە، پیاوەکە بۆ ئێمەی بیسەری ناو چیرۆکەکە قسە دەکات، کە دواجار هەر خوێنەری چیرۆکەکەیە، بەڵام لە چیرۆکەکانی "من بە بووکێکی گەورەوە، باوکی ناو تەلەفۆنەکە" {کاکەی فەلاح:٢٠١٠} هەر یەکەیان بۆ گوێگری ناو چیرۆک قسە دەکەن، لە یەکەمیاندا بۆ ڕۆژنامەنووسان و دووەمیان بۆ پزیشکی دەروونی، هەر دووکیشیان ئاوازی کەسێتییەکان بڵند و دیارە، لە یەکەمیان دا براکە چاوەڕێی خوشکە پەنجا ساڵەکەیەتی لە فڕۆکەخانە بە

بووکەشووشەیەکی گەورەوە، ئاوازەکەی دڵەڕاوکێ و شپرزی و دڵخۆشی و هەست بە تاوانی تێدایە، هەرچی ئاوازی دووەمە، هەمان ڕاڕایی و دڵەڕاوکیی پێوەیە" بەڵام ئەم جارە بە بێتاقەتی و بێزاری نەک دڵخۆشی.

ئاوازی گاڵتەجاڕی لە (ژنی ژێرباران) دا تۆختر دەبێتەوە، بەهۆی ڕەخنەگری لە کۆمەڵگای کورد، بەدبەکارهێنانی سۆشیال میدیا، دژی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ساختەی ناویانەوە. چیرۆکەکە لە زاری چیرۆکنووسێکی حەفتاودووساڵەوە دەگێڕێتەوە، کە تازە فێری بەکارهێنانی فەیسبووک دەبێت و لەوێوە پەیوەندی درووست دەکات. زمانی گێڕانەوەی چیرۆکەکە نیشاندانی گاڵتەجاڕیێ میدیا و ڕۆشنبیری بۆش و دزراوی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانە و لەگەڵیشیدا، نیشاندانی ڕووبەری خۆ نمایشکردنی تاکی کوردە، بە هەموو ئەکسێنتی زمانی و پێگەی جوگرافییەوە:

((دێڕێک لە ئۆڤیدۆس بە ناوی کوڕێک لە تەقتەقەوە "هەموو عاشقیک ڕەنگی زەردە، هی ئەو گولەیە کە بڕیوێتی" نوسەرێک لە کانیسکانەوە دێڕێکی لە مادام دێ سفێنگە هێنا و بە ناوی خۆیەوە دایبەزاند و هەموو هاوڕێیانی فەیسبووی بەخۆیەوە خەریک کرد: تا کتێب هەبێت خۆمان هەڵناواسین!. یان مامۆستایەک لە هەولێرەوە دێڕیکی نیتشە دەکات بە هی خۆی و دەنووسێ: هەندێک جار ئەوانەی بە دیار نەخۆشێکەوە دادەنیشن، ئازاریان لە نەخۆشەکە زیاترە. لە دهۆکەوە برادەرێک دێڕێکی ئەلیاس کانتی دەکات بە هی خۆی و دەنووسێ: ترسنۆک ئەو کەسەیە لە یادەوەرییەکانی دەترسێت. کچێک لە شۆڕیجەوە دێڕێکی ئۆسکار وایل بە ناوی خۆیەوە ئیمزا دەکات...))

((یان دەهاتم دێڕیکی سوهرابم دەستکاری دەرکرد و دەمنووسی: باوکم دەستوخەتی هەتا بڵێی خۆشبوو، بۆ بەیانی دەمنووسی: ڕەنگە نەسەبم بچێتەوە سەر بەردێک لە هەورامان. کچێکی کورد لە ستۆکهۆڵمەوە دەستخۆشی بۆ ناردبووم و نووسیبووی قوربانی بەرد بە بەردی هەورامان بم، بە خوا ڕاست دەکەی هەورامان لانکەی جوانی و دڵدارییە، هەموو عاشقەکانی ئێمە بە ئەسڵ خەڵکی ئەوێن..)){کاکەی فەلاح:٢٠١٣}

ئاوازی لاقرتێ وگاڵتەجاڕی ئەگەر لە گۆشەنیگای کەسی ناوچیرۆکەکەوە بێن، گەرمتر و لەبەردڵانترە، چونکە ئەو کەسی ناو ڕووداوەکانە و بینینی نزیکترە، هەرچی گۆشەنیگای هەمووشتزانە، ئەگەر هارمۆنی لە نێوان گێڕانەوەی خۆی و دیالۆگەکاندا ڕانەگرێت، ئەوە ئاوازی گاڵتەجاڕی لە نێوان جدی بوون و شۆخی بووندا دەمێنێتەوە. بۆیە نوسەر لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانێت بەهۆی گفتوگۆکانی ئەوانی ترەوە، ئەو ئاوازە بخولقێنێت، وەک لە چیرۆکی "ژنە ناسکەکەی سەربەست فەریادی" دا دیارە. چیرۆکەکە لە گۆشەی هەمووشتزانەوە دەگێڕێتەوە، ئاوازێکی جدی و فەرمی هەیە، ڕووداوەکە لە بارەی شیعری شاعیریکی خراپەوەیە، کە بەهۆی شیعرەوە توانیویەتی دڵی کچانی جوان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و ژنێکی جوانیشی هەبێت.

شیعرێک بەناوی ژنە ناسکەکەوە بڵاودەکاتەوە و دەنگدانەوەی جیای لە ناوەندی ئەدەبیدا دەبێت. بۆ نیشاندانی کینەی ڕەخنەگران و بە قەشمەرگرتنی ئەم شاعیرە، ڕاوی هەمووشتزان ناونیشانی وتاری ڕەخنەگران نیشان دەدات، بە یاران و نەیارانەوە، کە هەر یەکەیان بە زمانی خواستن و ئاماژە لەبارەی شیعرەکە نووسیویانە و لە ڕاستیدا ئەوەی باسی دەکەن، شیعرەکە نییە، بەڵکو ژنی شاعیرەکەیە:

((سەرەتا هیچ سەری لەوە دەرنەدەکرد، کە بۆچی هەموویان و بە جارێ دەربارەی ئەو شیعرەیان نووسی، هەندێکیان بە چاک و هەندێکیان بە خراپ: "ژنەناسکەکەی سەربەست فەریادی تا بڵێی لەزەتبەخشە و مرۆڤ لێی تیرنابێت"، "یەکێک لە خاسیەتەکانی ژنە ناسکەکەی سەربەست فەریادی ئەوەیە، تا ماوەیەکی زۆر لە خەیاڵدا دەمێنێتەوە و بە ئاسانی لە یادناچێتەوە، چونکە بە ڕاستی تەڕوپاراوە و دەچێ بە ناخی ڕۆحدا"، "ژنەناسکەکەی سەربەست فەریادی بە تەکنیکێکی تازە خۆی تێکەڵی گیان دەکات و تا تەواو نەبێت، ناهێڵێ لێی جیاببمەوە... ئەوانی دی نووسیویانە:" ژنە ناسکەکەی فەریادی ئەوە نییە، کە هەندێ کەس پیایدا هەڵدەڵێن، زۆر فشەڵە و لەشێکی داهیزراوی هەیە"، "ژنە ناسکەکەی فەریادیم لایە و وا دەیهێنم و دەیبەم، هیچ لەگەڵ ئەو شتانە یەکناگرێتەوە، کە هەندێ لە ڕەخنەگرەکانمان باسیان کردووە"...)) {کاکەسوور:٢٠٠٤، ٥٧}

تۆن لە "زارەکانی خەون" و "تارژەنی ڕەنگ"ی عەتا محەمەد دا، بەهۆی بابەتی گێڕانەوەکانەوە، کە کاری لەسەر ناباوکردن و دنیای ئەفسوناوییە، تۆنێکی یەکسەری و فەرمی هەیە، چەندێکیش بابەتی گێڕانەوەکە ئەوین یا هەر شتێکی تر بێت، بەهۆی گفتوگۆی کەسێتییەکانەوە دیسانەوە دیوارێک لە نێوان خۆی و خوێنەردا دروست دەکات. ئێمە لە شوێنی تردا لە بارەی تایبەتمەندی چیرۆکەکانی عەتا محەمەدەوە قسەمان کردووە، کە ئاوێتەکردنی چیرۆکی ناهونەریی یا هەقایەتە لەگەڵ گێڕانەوەی هونەریدا، لە ڕێگای ئەفراندنی دەقی ئەندێشەیی و سەیرو جادووییەوە. ئەم چیرۆکانەی بە پشتبەستن بە کولتووری دێرین و ئەدەبی ڕۆژهەڵات لە ڕێگای ئەو داستان و حیکایەتانەی کە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات وەک سامانێکی هاوبەشی نەتەوایەتی خۆیان بە خاوەنی زانیوە؛ بونیاد دەنێت. عەتا محەمەد دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی کۆنینەی ڕۆژهەڵات بە گشتی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە تایبەتی، بەهوی گێڕانەوەناسییەوە بیئافرێنێتەوە و فەزای ناوەڕۆکەکەی بهێنێتە ناوتێکستەکانییەوە و جۆرە چیرۆکێکی تر بونیادبنێت، کە تاڕادەیەک لە ئەدەبی کوردی دا نوێیە وبەلای خوێنەری کوردەوە کەمێک گران و تەمومژاوی دێتە بەرچاو، هەموو خوێنەرێک خۆی لە قەرەی نادات، وەک چۆن بەختیار عەلی لە بارەیەوە وتبووی: تەنها زەوقێکی زۆر پەروەردەکراو دەتوانێت سروشتی ئیشکردنی ئەوچاوە بۆرخیسییە ببینێت کە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا بێ پێشینەیە، بەڵام لەناو ئەدەبیاتی جیهانی دا گەشتۆتە پلەی خۆی و خوێنەری بەرفراوانی خۆیی پەیدا کردوە. نوسەرانی ناوداری وەک: "خورخە لویس بورخیس" ئەم مۆدێلەی چیرۆکیان گەیاندۆتە ئاستی باڵا. ئەم جۆرە لە چیرۆک پێوستی بە ئاوازێکە، هەم ئاوازی ناو هەقایەت نەبێت، کە بەردەوام لەگەڵ گێڕەرەوەی

زارەکی دا دەگۆڕێت، و لە دەمی نووسینەوەشی دا بەهۆی بابەتەوە، دەشێت حەماسی، یان سۆزبزوێن، یان پڕ دڵەڕاوکێ بێت، هەمیش ئاوازی چیرۆکی ئاسایی نەبێت، چونکە ئەم جۆرەی گێڕانەوە لە نێو واقیع و ئەندێشەدایە، لە نێوان گێڕانەوەی نوێ و کۆن، و گێڕانەوەی بیسراو نەبیسراودایە، بۆیە پێوستی بە تۆنی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئاوازی عەتا محەمەد لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانی زمانیدا تێکەڵ بووە، کە جۆرە وشکییەک پێوەیە، ئەم ئاوازە هەمیشە لە چیرۆکەکانیدا دووبارە دەبنەوە. بۆ نموونە گێڕانەوەکانی ناو"تارژەنی ڕەنگ"، {محەمەد:٢٠٠٩}مۆتیڤی دووبارەی ناو چیرۆکەکان ئەوینە، بەڵام ڕووداوەکان و ئەندیشەکان جیاواز و سەرسامکەرن، کەچی ئاوازی گێڕانەوەیان هەمان ئەو ئاوازەیە کە یەک بە یەکیانی پێ دەگێڕێتەوە و کارکتەری جیاواز و گۆشەنیگای جیاوازیشن. نەک هەر ئەوە بگرە، ئاوازەکە چیرۆکەکانی تری نێو (زارەکانی خەون) {محەمەد:٢٠٠٢} و (فریو خۆحەشاردان) {محەمەد:٢٠٠٥}و ڕۆمانەکانیشی پێ گێڕاتەوە. بۆ نموونە لە (گۆزەیەک لە ئاو)دا مەحوی ڕوداوێک دەگێڕێتەوە، دوای فەقێکانی پرسیاری لێ دەکەن، ئەو وەڵامێک دەداتەوە کە باسی ئەوین و خەلقکردنە. بە چیرۆکی (جادووگەری وێنەساز) دا، حەلاج پاش لەتلەتکردن و کوشتنی، بە لەشی خوێناوی و برینەوە دێتەوە بەر ماڵی خۆشەویستەکەی، خۆشەویستەکەی پرسیاری بوون ونەبوونی لێ دەکات، حەلاجیش وەڵامێکی لە بارەی ئەوین و لەناوچوونەوە دەداتەوە. لە تارژەنی ڕەنگ دا، تارژەنێک بەهۆی ئاوازەکانییەوە ڕەنگەکان دەگۆڕیت، بەڵام لە وەڵامی کچێک دا کە پرسیاری لێ دەکات ئەتوانی ڕەنگی ئەو بگۆڕێ، لە بارەی بێ کۆتایی بوونەوە دەدوێت. هەر سێ وەڵامەکە لە ڕاستیدا یەک ئاوازن، لە کاتێکدا ئەوان سێ کارکتەری جودای ناو سێ گێڕانەوەن:

- مەحویش بەدەم گێڕانەوەی گوڵدانەکە بۆ شوێنی خۆی، وتی: نا منیش توانیم بۆ عەشقی خۆم، لە قوڕی پیت و وشە، ئەو گوڵدانە دروستبکەم.
- حەلاج بە پیکەنینەوە دەست دەخاتە سەر برینی قوڵی و دەڵێت: نا من ئەو ئاوازە جادووییەی ناو تۆ بووم، کە تا مردن دەمژەنیت و هەرگیز ناهێڵیت بمرم.
- پاش ماندووبون و بێ ئومێدی بە کچەکەی وت: ئێستا دەزانم کە تارەکەی من بێتوانایە لە ڕەنگکردنی بێکۆتاییدا، کە تۆش وێنەیەکی بەرجەستەبووی بێکۆتاییت.

بەختیار عەلی لە بارەی بەرهەمەکانی عەتا محەمەوە، ڕای وایە: فەزایەکی تاریکی پڕ پرسیار و نهێنی ناو چیرۆکەکانی عەتا محەمەد دەگرێتەوە، کە پاش خوێندنەوەی چیرۆکەکە و ئاشکرابوونی نهێنی ناوی، دیسانیشەوە بەردەوامە. مەبەستی بەختیار عەلی لە فەزاسازی، ئەو کەشەیە کە خوێنەر لە دەمی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا هەستی پێدەکات و بێگومان وابەستەی بابەت و گێڕانەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەو بابەتە ئاڵۆز و وجودیانەدا کە هەمیشە ئاوێتەی ئەندیشەن و سنووری خەیاڵ و واقیع بە جۆرێک تێکەڵ دەبن کە ناسینەوەیان ئەستەمە، کێشەی بەکارهێنانی زمان دێتە ئاراوە. بۆیە بەختیار ڕای وایە، توانای خەیاڵ لای عەتا محەمەد زۆر گەورەترە لە توانای

بەکارهێنانی زمان: ((هونەری چیرۆک، هونەریکە دەبیت زمان جڵەوی گێڕانەوە وەربگرێت، واتە هەست بکەین خەیاڵ کێشەیەکی لەگەڵ تەعبیرکردندا لە خۆی نەماوە، فیکر و بیرۆکە و ڕووداوەکان، کێشەیەکیان لەگەڵ دەربڕیندا نەماوە. لای عەتا بارتەقای گەرمی و دڕندەیی خەیاڵ، ساردییەک لە زماندا هەیە، کە زیان لە دروستبوونی ئەو پردە سیحراوییە دەدەن کە ئەدەب لەگەڵ خوێنەردا دروستی دەکات)){عەلی: ٢٠٠٦ئاوێنە ٦}

لە دەستنووسی یەکەم "کتێبی نوسەرە ئەندێشەییەکان" {محەمەد:٢٠٠٣}دا، کە دەستدەکەیت بە خوێندنەوەی ئەو نوسەرە ئەندێشەییانەی ئەو دروستی کردوون و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات، ناتوانی وێنای دروستکەرەکەی نەکەیت و وێنەکەی لە زەینتدا ئامادە نەبێت، واتە بە دیتنی دروستکراوەکانی، تۆ هەست بە دروستکەرەکە دەکەیت کە عەتا محەمەدە و ئەو جیاوازە بەرچاوەی کە دەبێت لە نێوان نوسەر و نوسەرە دروستکراوەکاندا هەبێت نابینیت، بەڵکو زیاد لە هەر سەرسامییەک تەنها وێنەیەکی عەتا محەمەد نیشاندەدرێت. ئەوەی دەبینرێت، لەم کتێبەی دا خوێندنەوە بۆ بەرهەمی نوسەرە ئەندێشەییەکان دەکات و بە ناساندن و نووسینەوە و خوێندنەوە دەنگی عەتا محەمەد بە ڕاشکاوی لە پشت هەر یەکێکیانەوە دیارە، بە بێ ئەوەی توانیبێتی جیاوازییەک بۆ ناساندنەوەی ئەو نوسەرانە بەدی بهێنێت، چونکە فەزای بەرهەمەکانی ئەو سێ نوسەرە، هەمان فەزای بەرهەمەکانی خۆیەتی بە ناوەکانیشیانەوە:

سیامەند کاکەخان: (چەتەکانی خەون، شەوی سێیەم پاش مەرگی محێدینی وەجاخوکوێر، دەستنوسی یەکەم، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک).

ئازاد سەید خەلیفە: (سوارەکانی ئازار، تەلیسمەکانی تەنیایی، ساڵانی قاتوقڕی).

زەردەشت کەریم: (دواسەفەری غەمبارترین گەڕیدە بە ناو ئاوێنەدا، ڕێبەری جادووبازە نامۆکان، سەفەرە ئەندێشەییەکانی شەریفخانی بەدلیسی، بیرەوەرییەکانی زیندانییەکی ئەندێشە(شیعر))وە.

بە مانشێتی نووسینەکانیاندا وەک کلیلی نووسینە سەرەکییەکانی عەتا دەردەکەوێت، بە هەرسێ ڕستەی (دەبێت بە ئەندێشەی کیمیاگەرە کۆنەکانەوە سەیری واقیع بکەین، دەکرێت لە پشت هەر سیستەمێکەوە بەدوای شێوازی گێڕانەوە دا بگەڕێین، گەڕانەوە بۆ چێژی جادوو لە گێڕانەوەدا) ئەم سێ ڕستەیە بەپوختەی ڕوانینێکی قوڵی ناوزەد دەکەین، کە گوزارشتی ڕاستەوخۆی نووسینەکانی خۆیەتی و ئەم هەوڵەشی هێندە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خۆیەتی (بە ئاگا یان بێ ئاگا)ئەوەندە هەوڵ نییە بۆ خولقاندنی کەسێک لەدەرەوەی خۆی، یان ئەفراندنی مانایەکی تر کە لە دەرەوەی مانای خۆی بێت. ئەوەی لێرەدا و پێشتر لە بارەی ئەم بەرهەمانەوە وتومانە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەکارهێنانی زمان و دروستکردنی ئاوازی گێڕانەوەوە هەیە، چونکە بێگومان ئاوازی هیچ نوسەرێک لە نوسەرێکی تر ناچێت، وەک چۆن بەهۆی بابەتە جیاوازەکانی ڕوداوەوە، ئاوازی گێڕانەوەی نوسەرێک بۆ گێڕانەوەیەکی تری جودایە.

ئەم جۆرەی کارکردن لای ئەنتۆنیۆ تابوکی و فێرناندۆ پێسوا و بورخیس دەبینرێت. بورخیس لەگەڵ"بیوئی کارساس"دا نوسەری ئەندێشەییان دروستکردوە، کاتێک پێکەوە بەرهەمێکیان نووسیوە بە ناوی (ئێچ. بوستون دموک)ەوە، تێکەڵکردنی شێواز و ناو بیری دووکەس بووە و ئەفراندنی کەسێکی نوێ. بوستون ناوی یەکێکە لە باپیرەکانی بورخیس و دومیکیش ناوی باپیرێکی بیوئییە. لە بارەی ئەم ئەفراندنەوە بورخیس دەڵێت: بەرهەمی کارەکانمان شتێکە زۆر جیاوازە لە کارەکانی من و کارەکانی بیوتی، بە واتایەک هاونووسینەکەیان کەسی سێیەمی دروستکردوە تەواو جیاواز لە هەردووکمان، ئەم نوسەرە خەیاڵییە سەلیقەو تایبەتمەندی نووسینی خۆیی هەیە کە جودایە لەمان. بەڵام لەلای عەتامحەمەد نووسراوە ئەندێشەییەکان بەرەو خۆی دەڕواتەوە وەک ئەوەی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک)ی سیامەند کاکەخانی لە ساڵی دووهەزار و شەش دا بەناوی عەتامحەمەدەوە بڵاوکردەوە، کە هەمان ئاوازی عەتا محەمەدن. (١٦)

### چوارەم: ئاواز و شێواز

شێواز لە بنەڕەتدا بەهۆی زمانەوە دروست دەبێت و نوسەری کارزان، بە بەکارهێنانی ئاگایانەی زمان. شێوازی نووسینی خۆی دیاری دەکات. بەهۆی شێوازی تاک و کۆمەڵایەتی نوسەریشەوە، ئاواز بە چیرۆکەکەی دەبەخشێت، شێواز لەزمانەوانی و ئەدەبیاتدا بە شێوەی ڕەفتارە زمانییەکانی تاکەکان دەوترێت، بەو واتایەی قسەکردن ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتی، تەمەن و ڕەگەزی تاکەکان، بە شێوەی جیاواز درووست دەبێت. خاڵێکی گرنگی شێواز بە تایبەت شێوازی ئەدەبی، پەیوەستە بە تاکەکەسەوە، بەو چەشنەی زمان لە گشتییەوە دەبێتە زمانی شەخسی و کەسێتی تێدا دەردەکەوێت و دەبێتە ڕەنگدەرەوەی تایبەتمەندییە کەسییەکانی قسەکەر وەک: زەوق و سەلیقە، خولق و خوو، بڕوا و بۆچوونی ئەو لە قسەکردندا، هەر ئەم تایبەتمەندییانەشە کە بونیاد و مانای قسە جیادەکاتەوە و دەبێتە هۆی جیاکەرەوەی شێوازەکانی قسە لە یەکتری. ڕۆڵی شێواز لە زماندا ئەوەیە کە بارودۆخێک دروست دەکات کە تێیدا وشەکان دەبنە هەڵگری چۆنایەتی ڕۆحی مرۆیی. {فتوحی:١٣٩١، ٦٢}

نوسەرانی سەرەتای چیرۆکی کوردی، کە سەر بە ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانە بوون، بەهۆی هاوبیری و هاوخواستییەوە، شێوازی نووسینیان لەیەکەوە گەلێک نزیکە، ئەوەی ئەمە زەقتر دەکاتەوە، ئەو بابەتە هاوشێوانەیە کە بۆتە ناواخنی چیرۆکەکانیان بۆ نموونە: چیرۆکەکانی "ئیبراهیم ئەحمەد، عەلادین سەجادی، حەسەن قزڵچی"، چیرۆکەکانی ئەو دەمە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتە، بۆیەش شێوازەکان گرووپین و لەیەک دەچن. شێوازی گروپی بەو مانایەی کە گروپێک لە نوسەران بە نووسین و دیدگای هاوشێوەوە کە پەیوەستە بە سەردەمێکەوە، دەشێت بە شێوازی هاوشێوە و هاوتا قسە بکەن و بنووسن و نووسینەکانیان لە کۆدا چوونیەک بن. {فتوحی:١٣٩١، ٨٣}. لە هەر سەردەمێکدا

فەلسەفەیەک بەسەر ژیان و خەونەکانی مرۆڤەکاندا حوکم دەکات، کە ڕوانین و جۆری بیری گشتی ئەو سەردەمە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لە هەر سەردەمێکدا حەقیقیەتێک باوە، کە ئەو حەقیقەتە کاریگەری لەسەر زەوقی و بیری کەسەکان دادەنێت. ئەگەرچی کەسەکان سەربەخۆن، بەڵام هیچ کاتێک ناتوانن لە دەرەوەی سیستەمی ئەخلاقی، جوانیناسی، فەلسەفی، مەزهەبی، کۆمەڵایەتی و زمانی کۆمەڵگای خۆیان بژین.

لە هەمان قۆناغ دا، هەندیک لە نوسەران بەهۆی سەلیقە و توانای زمانی و دیدگایان بۆ بابەتەکە دەبنە خاوەنی شێواز و ئاوازی تایبەتی خۆیان. بۆ نمونە: عەلادین سەجادی لە چیرۆکی (ڕۆنەزەنگی حەمەسەن) دا، بەئاوازی پیاوێکی گوندەکییەوە کارەکتەرەکەی دەدوێت لە کاتێکدا فەرهاد شاکەلی ڕای وایە، چیرۆکنوسانی هاوسەردەمی ئەو بە چاوی خوێنەوارێکی شارنشین و بە چاوی ئەفەندی یان شلەشارییەوە سەیری لادێ و ژیانی لادێ دەکەن، بەڵام ئەم پێچەوانەی ئەوانە و لە چاوی گوندنشینەوە گوندییەکان دەبینێت و پێی وایە. خاڵی جەوهەری و جیاکەرەوەی ئەو، ئەوەیە کە کارەکتەرە هەژار و بێدەسەڵاتەکانی هیچ زۆر لە خۆیان ناکەن؛ ئەوەی دەیڵێن قسەی خۆیان و بیری خۆیانە و بە زمانی خۆیان دەری دەبڕن و نە دروشمی سیاسی دەزانن و نە شارەزای تیۆرین بە هەڵوێست و بیرکردنەوە و ڕەفتاریان تاڵییەکانی ژیان دەردەبڕن{سەجادی:٢٠١٢، ٤٢}

شێوازی نووسینی سەر بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی، یان ڕەوتێک یان سەردەمێک، وادەکات ئاوازی دەقەکەش بگۆڕێت، بۆ نموونە: شێوازی شیعری کلاسیکی شاعیرەکان چەندێکش جیاواز بێت، کەچی لە کۆ دا بە بەراورد بە شێوازی قوتابخانەی ڕۆمانتکی هاوشێوەی یەکن. بۆیە ئەمە لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەشدا ڕۆڵی خۆیە، نوسەرانی چیرۆکی باو و مۆباسانی بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی جۆرە ئاوازێکن، بە بەراورد بە نوسەرانی سەر بە شەپۆلی هۆش و خۆدواندن. ئاوازی چیرۆکی شەپۆلی هۆش، لە ئاستی گشتی دا، ئاوازی ناجێگر و گۆڕاو و پچڕ پچڕ و نائارامە، بێگومان لە ئاستی تاکە نوسەردا هەموو شت دەگۆڕێت.

لە چیرۆکی کوردیدا نوسەرانێکی زۆر هەن سەر بەم ڕەوتە، وەک: "حسێن عارف، شێرزاد حەسەن و کاروان کاکەسوور" و چەندانی تر، شێوازی تایبەتی خۆیان بۆتە هۆی جیاکەرەوەی شێوازی چیرۆکەکانیشیان. بۆ نموونە: ئەگەر تەماشای چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن بکەین، لە ڕێگای کۆمەڵە چیرۆکی: "گوڵی ڕەش، تەنیایی، پیرەپەپولەکانی ئێواران"ەوە دەیەوێت بە شێوازێک کاربکات بتوانێت بچێتە دەروونی تاکەکانەوە، چیرۆک لەلای شێرزاد بە ڕەچاوکردنی ژینگەی دەوروبەر لە قۆناغی دەرەوەی کەسەکانەوە بەرەو ناوەی کەسەکان دەڕوات. بە واتایەکی دی دەرەوەی تاک ئەوەندە گرنگە کە کاریان لە تاک کردووە و خستۆیانەتە بارێکی دەروونییەوە و جیاکراوەتەوە لە تاکەکانی تر کە لەگەڵ بارەکەدا ئاسایین. تاکەکەس لە ناو کۆمەڵێکدا دەژی و بەهۆی کاردانەوەوە توشی خودخویی دەبێت و دەگەڕێتەوە ناو دەروونی. مامەڵەکردنی شێرزاد

حەسەن لەگەڵ تاکدا، مامەڵەیەکی دەروونییە لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی فرۆید. بۆ نیشاندانی ئەمەش پشت بە شەپۆلی هۆش دەبەستێت و لە ڕێی مۆنۆلۆگی دەروونییەوە چیرۆک و ڕۆمانەکانی دەنووسێت. ئەم ڕێگایە دەتوانێت پەی بە نائاگایی تاک ببات و بە ناو خواستە نەدرکاو و چەپێنراوەکانی دا ڕۆبچێت. لە زۆرێک لە کارە ئەدەبییەکانی سەر بەم تەکنیکەدا، مەبەست دەروونی تاکە وەک مەوجودێکی سەربەخۆ، لە ناو بازنەی داخراوی دەروونیدا و دواتر تەماشاکردنەوەی لە ناو بازنەیەکی دیکەدا، کە کۆمەڵگایە لە ئاستە نزیکەکەی دا و لە ئاستی دوورتریش دا جیهانە.

لە ناو ئەدەبی کوردیدا ئەگەرچی نمونەی نوسەران جیاوازن و زیاتر لە دەوری کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا دەسوڕێنەوە، بەڵام لەلای شێرزاد حەسەن لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ حەزە حەرامەکان و خواستە سێکسییەکان تەرخانکراوە. ئەو پێی وایە کۆمەڵگاو ئایین و کولتوور لەبەردەم دەربڕینی ئەو خواستانەدا بوونەتە ئاستەنگ و تاک ناتوانێت بەهۆی حەرامی و قەدەغە بوونییەوە قسەی لەسەر بکات {کەسنەزانی: b۲۰۱۲}ئەم شێوازە، ئاوازی خۆی هەیە. ئاواز لە چیرۆکی "گوڵی ڕەش" دا، کە بەیەکێک لە چیرۆکە تایبەتییەکانی شێرزاد حەسەن دادەنرێت، خەمبار، توڕە، سۆزاوی، ڕەق و نەفرەتاوییە، بەهۆی درێژدادڕی وەگێڕەوە، خوێنەر هەست بە هەر یەک لەم ئاوازانە دەکات، لە سەرتادا بە ئاوازێکی خەمین و تکاکارانەوە وەگێڕ، کە کارەکتەری سەرەکیشە دەدوێت:

((دە دەی ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە..گوڵە مۆرەکانی ناو هەردوو ئینجانەکە ئاو بدە، خەمی منیش، ترسی جودایی رەوێنەوە، لەسەر ئەم بانیچە تەپیوەدا وشک بووم، چاوەڕوانی و تاسەی ڕووە جوانەکەت پەکیان خستووم، دە وەرە نێو باڵکۆنەکە و سەری خوار کەوە، وەک خۆری هاوینی ئیمڕۆ ئێوارە دەرکەوە و ئیتر ون بە و مەیەرەوە، تامەزرۆتم هێرۆ خان... هێرۆ گیان لە یادچوونەوەی تۆ قورسە...قورسە وەک مەرگ، بۆشاییەکە بە قەد بۆشایی نێوان ئەستیرەکان..خەمێکە بەقەد هەندرێن و هەڵگورد و پیرەمەگروون...)){حەسەن:۲۰۰۵، ۸۷} ئەم ئاوازە دواتر دەگۆڕێت، بە توڕەیی، بە تەشەر و تانە و سۆز، تا ئەوەی خوێنەر لە هەندێک شوێن دا گومان دەکات فەرهاد، ئەویندارى ئەو کچە بێت، چونکە بە ئاوازێکی توند و تەوساویەوە:

((من بیستوومە، ئێوە مانان گوڵی ڕەشیش پەیدا دەکەن، هەر بۆ شانازی لە هەندەرانەوە دەیکڕن، ئەگەرچی حەز لە ڕەنگی ڕەشیش ناکەن، لای ئێوە ڕەنگێکی تاڵ و ناشرین و دزێوە، شێوەی هەمیشە دەم بە پێکەینن، شێتی قاقا و تریقە، سەما و سوڕدان، دزی و پێکهەڵدان، پرسە و نسکۆ نەیدو، چاوچنۆک و سک تیر و ناوگەڵ برسی..ئێوە کەی حەز لە گوڵی ڕەش دەکەن..)){هەرئەو سەرچاوە، ۹۸}

ئاواز گۆڕین بەردەوام دەبێت و ڕیتمێک فرە جوڵە دەدات بە چیرۆکەکە. بەڵام ئیدی ئەم ئاوازە لە ساڵانی داهاتوودا، لە ڕۆمان وچیرۆک و نۆڤلیتەکانی شێرزاد حەسەن دا هێندە دووبارە

دەبێتەوە، خوێنەر هەست بە وەڕسی دەکات، چونکە بابەتە دەروونییەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و گرێ سێکسییەکان دەبنەوە بە تێمە، شێوازی شەپۆلی هۆش و ئاوازی پچڕ پچڕیش، ئیدی هەموو ئەمانە کاریگەری خراپ لەسەر چەشەی خوێنەر دروست دەکەن.

**پێنجەم: ئاواز و دووبارەکردنەوە**

زمانی ئەدەبیات بە گشتی، بەهۆی لادان لە زمانی باو و تێکشکاندنی یاسا زمانەوانییەکانەوە، بونیاد دەنرێت. دووبارەکردنەوەش بەشێکە لەو بونیادەی نێو زمانی ئەدەبیات، بەڵام جیاواز لە شیعر (دووبارەکردنەوەی دەنگ لە شیعر دا دەبێتە دروستکردنی ڕیتم و ئاواز) لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا، وێڕای دووبارەبوونەوەی دەنگ و دەربڕینی شیعرئامێز، دووبارەبوونەوە بە شێوەی: وشە، دەستەواژە، ڕستە، مانا و بابەت، دەردەکەوێت. کە ئەگەر خوێندنەوەی زمانەوانی و نیشانەناسی بۆ بکرێت، ئەوا زۆر ڕەهەندی چیرۆکەکە لە ڕووی ئێستاتیکاوە ڕوون دەکاتەوە. دووبارەکردەنەوە لە ڕۆماندا باوترە، بەو پێیەی مەودایەکی فراونتر و بونیادێکی ئاڵۆزتری هەیە، بەڵام چیرۆکیش خاڵی نییە لەم کارکردە جوانیناسییەی کە دەبێتە هۆی درووستکردنی فەزا و ئاوازی جودا.

دووبارەکردنەوە یەکێکە لە تایبەتمەندی دەقی ئایینی و عیرفانی، سرووتە ئایینی و دەقە عیرفانی و تەنانەت کتێبە ئاسمانییەکانیش لەسەر دووبارەکردنەوە بونیادنراون، ڕۆڵی دووبارەکردنەوە ئەگەرچی لە ڕووکەشدا ئاواز و مۆسیقا دروستکردنە، بەڵام لە بونیادی قوڵدا ئەرکی جەختکردن و پێداگرییە، وەک چۆن ژمارەیەکی زۆر دەربڕین لە قورئاندا هەن، چ وەک وشە، چ ڕستە و تەنانەت نزا و چیرۆک، ئاواش لە گێڕانەوەی چیرۆکدا بە هەردوو ئاراستەی فەزاسازی و ئاوازداری و مانابەخشین دێت. وێڕای ئەمانە ((دووبارەکردنەوە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی دروستکردنی نائاسایی و ناباوییە)){اندروبنت: ١٣٨٧، ٦٣}

دووبارەکردنەوە یارمەتیدەری ئاوازدانە بە گێڕانەوە {فتوحی:١٣٩١، ٤٨}، بەڵام جیاواز لە ئاوازی شیعری، بەڵکو هاوتا لەگەڵ بیرۆکەکەدا ئاواز بە دەقەکە دەبەخشن. دوبارەکردنەوە چەندێک پەیوەستە بە زمانەوە هێندەش بە شێوازی نوسەرەوە، کاتێکیش دووبارەکردنەوەی توخمەکانی شێوە و ناوەڕۆک لە قسەکردندا دەربکەوێت، ئەوە شێواز بەرجەستە بووە، بەو مانایەی کە دووبارکردنەوەکان بە شێوی ڕیکەوت و سروشتی نەبن، بەڵکو نوسەر بە مەبەست و لە ڕوانگەی ئێستاتیکییەوە دایانبن.

چیرۆکی "ئەو ژوورەی هاوڕێکەم خۆی تیاکوشت" دا، یەکێکە لەو چیرۆکانەی ئاوازێکی خەمبار و کپی هەیە، چیرۆکەکە لە بارەی منی وەگێڕەوەیە کە پاش خۆکوشتنی هاوڕێکەی ئەو ژوورە

بەجێدەهێڵێت کە تێیدا دەژیان و بە فلاشباک دەمی پێش خۆکوشتنی و چرکەساتی چوونە سەر جەستەکەی و ناشتنی و دواجاریش چوونەوە ئەو ژوورە بۆ کۆکردنەوەی شتەکانی، دەگێڕێتەوە. چیرۆکەکە چنراوە بە چەندەها وشەی دووبارەبووەوە ئەویش وشەکانی: "مردن" زیاتر لە سی و سێ جار، هاوڕێ، چل و هەشت جار، خوێن، حەڤدە و ژوور سی و پێنج ولە هەموویشی زیاتر وشەکانی کێڵگەی واتایی مردنە: ((تەرم، مردن، خۆکوشتن، گۆڕستان، ناشتن، پرسە))یە کە ژمارەیان خۆی دەدات لە نزیکەی حەفتا جار. بۆ نموونە:

((گەشبینی مرۆڤی بە خۆ هەڵخەڵەتاندن دەزانی و دەربارەی مردنیش دەیگوت: دەبوایە مرۆڤ نەیزانیایە کە دەمرێت، چونکە تۆ کاتێک بزانیت هەر دەمریت، ئیدی تا زوو بمریت پەتی خەیاڵی ترس و نائومێدی لە مردن کورتتر دەبێت..)){هادی:٢٠٠٦، ١٣} بە دووبارەکردنەوەی وشەکان لە ئاستی مانادا خەم و ترسی لە ناوچوون نیشان دەدات، لە ئاستی ئاوازیشدا کپی و خەمباری درووستکردوە، ئەمە جگە لەوەی هەر بە دووبارەکردنەوەی ئەو وشانە، جەختی لەسەر ناونیشانی چیرۆکەکە کردۆتەوە کە: گێڕانەوەی خەمبارانەی ئەو لە بارەی ئەو ژوورەوەیە کە هاوڕێکەی خۆیی تێدا کوشتووە.

لە چیرۆکی "ڕۆژانی وەڕسی"ی دا {نەهایی:٢٠٠٦، ٢٥٦} دووبارەکردنەوە، دەستەواژەی "دەڵێم" و باسی حاجی لەقلەقەکان، فەزایەکی وەڕس و جاڕسکەری وەک زیندانی دروستکردووە، و لە پاڵیشیدا بەهۆی ئاوازی خەمباری وەگێڕی بەستەزمانەوە کە هیچی بۆ تێکشکاندنی ئەو وەڕسییە پی ناکرێت، خوێنەر هەم دەبێتە هاوخەمیان، هەم هەست بە کپی و بێتاقەتی و دڵگووشین دەکات، تەمەنای زوو تەواوبوونی گێڕانەوەکە دەکات بۆ دەرچوون لەو قەفەزەی نوسەر بە مەبەست دروستی کردووە. لە چیرۆکی "پەناهەندە" دا {پیرباڵ:٢٠٠٠، ٤١} دا بەهۆی دووبارەکردنەوە، هەم ئاوازێکی گاڵتەجاڕی و هەمیش وەڕس و بێزارکەر درووست دەبێت:

((ئێوارەیەک، پەناهەندەیەکی کورد، لە شاری میوونخ، چوو لە گازینۆیەک دانیشت، گارسۆنەکە هات لێی پرسی: فەرموو چی دەخوێتەوە؟ پەناهەندەکەش وتی: زەحمەت نەبێت دەمۆز! گارسۆنەکە دوای ماوەیەک دە مۆزی لە ناو سەبەتەیەکدا بۆ هێنا و داینایە سەر مێزەکە. پەناهەندەکە، زۆر بە تاسوقەوە، مۆزی یەکەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی دووەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی سێیەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی چوارەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی پێنجەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی شەشەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی حەوتەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی هەشتەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی نۆیەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، مۆزی دەیەمی خوارد و پەلکەکەی فڕێ دایە سەر شۆستەکە، گارسۆنەکە لە ناکاو هاتەوە لای، ڕووی لە پەناهەندەکە کرد، بە تورەییەوە وتی: کاکە تۆ بۆچی مۆزی یەکەمت خوارد و پەلکەکەت فڕێدایە سەر شۆستەکە....))

دووبارەکردنەوەی ڕووداوی خواردن و فڕێدانی ئەم دە مۆزە، سیازدەجارە بە زاری کارەکتەرە جیاوازەکانەوە، کە هەم زیادەڕەوییە، هەمیش ماندووکەر و جاڕسکەر، بەڵام خودی جاڕسکردن و ماندووکردنی خوێنەر، دەبێتە نیشاندەری پێزی چیرۆکەکە، و تەنز و گاڵتەجاڕیش بۆ کەسانی دووبارەکەرەوە، دووبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژە لە چیرۆکی "پەتاتەخۆرەکان" دا، بە چەند جۆرێک دەکرێت.

دووبارەکردنەوە، دەشێت وێڕای دەنگ و وشە و ڕستە، کۆی بیرۆکە و تەکنیکیش بێت، بۆ نموون: لە کۆمەڵە چیرۆکی "ئێمە لێرەین" ی بەڕۆژ ئاکرەیی و "لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا"ی دانا فایەق دا، لە چەند ئاستێکیدا دووبارەیی دەبینرێت. لە "ئێمە لێرەین"دا خودی کارەکە کە دوانزە چیرۆکە، هەر چیرۆکەی بە تەنها و سەربەخۆ هەڵگری مانای و دیمەن و فەزای خۆیەتی، پێکیشەوە دەبنە دەقێکی یەکپارچەیی پەزڵ شێوە. ئەگەر کۆی کارەکە وەک دەقێکی درێژ تەماشای بکەین، چیرۆکەکان وەک ئیپسۆدی ناو دەقەکە، فۆڕم و جوڵەی دووبارەن، بە ناواخن و قسە و جوڵەی نوێوە. وەگێڕ، یازدە جار، لە یازدە کاتی جیاوازدا کە بە هەشت و سی و پینج دەقە دەست پێدەکات، دەچێتە یازدە ماڵی جیاواز، لە هەر یەکەیاندا چل و پێنج دەقە دەمێنێتەوە و ژەمە خۆراک و قاوە دەدات بە یازدە کەسانی پەککەوتە و لە پیسی پاکیان دەکاتەوە و حەبیان پێدەدات و زوو ئەرکەکەی بەجێ دێنێت و دەڕوات. ئەم دووبارەییە خوێنەر ڕادەهێنێت لەسەر ئەوەی چاوەڕێ بێت، لە بەشی دواتردا چ سەعاتێک و چ ماڵێک دەچێت و پەککەوتەکە چ ڕەگەزێکە، ئیدی وەک یارییەک خوێنەر لەگەڵی دەکەوێتە ڕێ، تا لە ناکاو لە بەشی دوانزەدا تەنها دەنووسێت لە کوێ، خوێنەر دەچێتەوە سەرەتای چیرۆکەکە و دەلالەت لە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی دەکات.

لە ئاستی یەک بە یەکی چیرۆکەکاندا، چیرۆکنووس بەهۆی کەسێتیسازی پیرەکان، ئایدیای لەناوچوون و زەبری زەمەن و تەنهایی، زمانی چڕکراوە، فەزای تاریک و وەڕسکەرەوە؛ ئاوازێکی ساردی واقیعبینانە دەدات بە چیرۆکەکە. بەرکەوتی گەنجێکی ڕۆژهەڵاتی، لەگەڵ پەککەوتەی تەمەنزۆری ڕۆژئاوایی، لە ڕۆژێکی ساردی کپ و بەفریندا، دەبێتە نیشاندەری دەیان چەمکی دژبەیەکی خەمهێنەر، کە مرۆڤ لە ژیانیدا دەیگوزەرێنێت. ڕۆژهەڵاتییەکە {هەر چەندە لە چیرۆکەکەدا ناوترێت} نوێنەری چەمکی: لاوێتی، تین و هێز، گەرمی، میهرەبانی، زرنگی و لەشساغی و ئارامگری، لە بەرامبەریدا پەککەوتەکانی کە ئەم خزمەتیان دەکەن، هەڵگری دەلالەتی پیرێتی، بێهیزی، ساردی، توڕەیی، خەڵەفان و نەخۆشی و بێ ئارامین، ئەم چەمک و دەلالەتانە بە زمانێکی ڕەوانی چڕی تا ئاستی دیالۆگی یەک وشەیی دەگوێزرێتەوە، فەزایەکی کپ و خنکێنەری دروستکردووە، لەگەڵیشیدا ئاوازێکی ڕەق و سارد، چەندێکش بەهۆی بابەت و گفتوگۆکانەوە، کە زۆر جار لەگەڵ پیرەکاندا درووست دەبن، لە بارەی منداڵ یان خۆشەویست یان هاوسەرەوە، کاری ڕاوی و پێوستی ئەرکەکە، نایەڵێت گەرمی دروست بێت و زمان لەگەڵ تۆنی جدی و دابڕ، زاڵ دەبێتەوە بەسەر چیرۆکەکە دا، بۆ نموونە:

"قاوە ئامادەیە"

"..ها تۆ ئەو کەسەی کە پیم دەڵێی مادام؟"

"بەلی مادام من ئەو کەسەم کە پیت دەڵێم مادام، قاوەش ئامادەیە!"

"قاوە باشە، تۆش زۆر باشی کە دێی و قاوەی زۆرباشم بۆ لێ دەنێی و پێم دەڵێی مادام.." چاوەڵێڵەکانی زەق دەکاتەوە: ( تێلێفۆن..دەنگی نەهات؟"

"نا هەڵسە قاوەکەت سارد دەبێتەوە"

"قاوەی سارد خۆش نییە، قاوەی سارد هیچ خۆش نییە"

"ئادی خۆش نییە... کەواتە هەستە با سارد نەبێتەوە"

دەست دەخاتە سەر ڕوومەتی: "زۆر ساردە، تێلێفۆنیش ئاخر دەڵیی لێی نەداوە"

"نا لیی نەداوە ئاخر ئەم تێلێفۆنە ئیش ناکات" دەڕۆم تێلێفۆنەکە هەڵبرم، تا سیمە پچڕاوەکەی ببینێ. لە نیوەڕێدا پەشیمان دەبمەوە. دەگەڕیمەوە: "چێشتەکەت بۆ بێنم؟..ها؟ بیهێنم لێرە بیخۆی؟" دەست لەسەر ڕوومەتی لادەدا: "ئاخر قاوەس سارد خۆش نییە چەند جار بیڵێم؟"

"ئادی خۆش نییە، بەڵام خۆ قاوەکەت سارد نەبۆتەوە، هەڵسە دەی!"

دەگرییێ: "ئاخر کە دەنووم زەنگی تێلیفۆنەک لێ دەدا..من دەزانم"

"دەی هەڵسیت، دەبێ دەرپیکەشت بگۆڕم.."

"دەزانم دەبێ هەڵسم.."...{ئاکرەیی:٢٠١١، ٢١}

ژنەکە وێڕای خەڵەفانی، کاتێک وردە وردە دەکرێتەوە و دەیەوێت قسە بکات بۆ وەگێڕ، لە چرکەساتی هەستیار و گریانی دا، وەگێڕ بیری دەخاتەوە کە بابەتە جدییەکە، گۆڕینی دەرپێی ئەوە، بە جۆرێک وەک ئەوە بڵێ لە بری دڵی پڕت، شوێنێکی تر پڕە و دەبێت خاڵی بکرێتەوە نەک دڵت. ئەم گەرمی و ساردبوونەوەیە لە سەعات شازدە و پەنجا دەقەدا دووبارە دەبێتەوە، ژنە بە تەمەنەکە، ڕۆژنامەیەکی بۆ دەگرێت کە بە خەتێکی درشت نووسراوە: خۆشەویستی هیچ پێوەندییەکی بە تەمەنەوە نییە، دەیەوێت گفتوۆیەک لەبارەیەوە بکەن، بەڵام وەگێڕ هەم کاتی نییە، هەم کارەکەی ئەوە نییە، ژنەکە ڕۆژنامەکەی دەداتی تا بۆ خۆی بێت و بە وردی بیخوێنێتەوە، ئەویش ڕۆژنامەکەی لێ وەردەگرێت و ئەیخاتە ئەولاوە و بە ڕستەی هیچت پیوست نییە؟ گەرمییەکە لادەبات، تا دیسانەوە ئەو بەهۆی هاوبەشی پێکردنی لە ڕازی شوێنی پاڕەهەڵگرتنی دا دەیەوێت بیسازێنێتەوە. بەڵام چیرۆکەکە تەواو دەبێت.

دووبارەکردنەوە، لە ئاستی ڕستە و وشەدا، هێندە زۆرە، کە ئاوازی چیرۆکەکەی کپ و تاقەتبڕ کردووە، هەر بەهۆی ئەم دووبارەییەشەوە بە تایبەت لە دیالۆگەکاندا، کەسێتیسازی وەگێڕ دەردەکەوێت، کەسێکی ئارامگر و پشوودرێژ و بە حەوسەڵە. هەموو پیرەکان لە نێو تاریکی زەینی

خۆیاندان و ورێنە دەکەن، بەڵام وەگێڕ لەگەڵیان دەڕوات و بەردەوام دەبێت، بەردەوامی ئەو دنەی خوێنەریش دەدات بەردەوام بێت. بەو جۆرە دووبارەییەکان و پشودرێژی ئەو هێندە دەکشێ، تا لە چیرۆکی یازدەهەم دا، گێڕانەوە و دووبارەیی و کپی و قورسی ئاواز، چیرۆکەکە دەگەیەننە لوتکە ئێستاتیکی خۆی. فەزاکە لە ماڵ دەترازێت و لە دەروەی ماڵ ڕوودەدات، پیرەکە لە سەر شەقامە و ماڵەکەی خۆی بۆ نادۆزرێتەوە، وەگێڕ دەیەوێت بیباتەوە، بەڵام ئەو چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە، کە ئایا ئەو ماڵەکەی دەزانێت یان ئایا ئەم ماڵەکەی خۆی نازانێ، هێندە دووبارە دەبێتەوە و وەگێریش بە پشوودرێژییەوە وەڵامی دەداتەوە، تا لە کۆتاییدا دەیباتە ماڵەوە و ئینجا پیرەکە لە بارەی ماڵی ئەوەوە دەپرسێت:

لە سەعاتەکە دەڕوانم، دەڕوا و لە پشت مێزەکە

دادەنیشێ: "تۆ ناتەوێ لێیان بڕوانی؟" بیرم چۆتەوە سەعات چەند بوو. یان لەوانەیە هە رنەمدیبێت، دیسان لە سەعاتەکەم دەڕوانم: "نا، دەبی بڕۆم"

"بڕیتە کوێ؟"

"ماڵەوە..دەبی بچمە ماڵەکەی خۆم"

"پێی دەزانی؟" {ئاکرەیی:٢٠١١، ٨٣}

پێشتر هەر یەکێکیان لێان دەپرسی کاریک بکات، ئەویش دەیوت نا دەبێت بڕۆم بۆ لای یەکێکی دی، بەڵام لێرەدا کارەکەی تەواو دەبێت، وەگێڕ گومان دەبات لەوەی ماڵەکەی پێ بزانێت، چونکە دوا بە دوای ئەوە لە کۆتا دانەیا کە تەنها یەک وشەیە، دەڵێت لە کوێ؟

لە کۆمەڵە چیرۆکی "لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا" {فایەق: ٢٠٢٠} فەزای دووبارەی هەموو چیرۆکەکان، وابەستەی زەنگی تەلەفۆنێکە لە نیوەشەو دا. چیرۆکەکان جیهانی سەربەخۆی خۆیان هەیە و کارەکتەرەکانیش ڕابردووی ناخۆش و پڕ ماجەرا، بەیادهێنانەوە و بۆ هەندێکیانیش پچڕینەری ئەو وێنانەی زەینیان بەهۆی زەنگی تەلەفۆنێکی نەناسراوەوەیە. بەڵام کاتێک هەموویان دەبنە پارچەی توندپێکەوە بەستراو و چیرۆکێکی درێژ دەگێڕنەوە، جیهانێکی گەورەتر دروست دەبێت، لە لایەکەوە هی چیرۆکنووسێکە و بەو نیوەشەوە لە بارەی وشەیەکەوە دەپرسێت، تا زمانی چیرۆکەکەی کوردی و پەتی بنوێنێت، لە لایەکی ترەوە، هی هەموو ئەو کەسانەیە، کە ژیانیان بە جۆریک لە جۆرەکان وابەستەی ئەو وشە و وشە هاوشێوەکانییەتی. دروستکردنی جیهانەکەش. بە گەمەی تێکەڵکردنی کاتی مێژوویی و ئاڵۆگۆڕکردنی ڕیزبەندی گێڕانەوەکانەوەیە. بەهۆی گێڕانەوەی چیرۆکی پێنجەمەوە، لە گۆشەنیگای کەسی دووەمەوە، خوێنەر دەکەوێتە ناو فەزایەکی خەمهێنەری کارەکتەرێکەوە، کە هەر دوو قاچەکەی بەر لە خۆی لە گۆڕێکدا نێژراوە، فەزاش ئەو بارودۆخەیە کە خوێنەر بە چوونە ناو بەرهەمێکی ئەدەبی هەستی پێدەکات، کە بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی وەسفەوە دروست دەبێت، بەڵام تەنها وەسف بەس نییە، بەڵکو بە

ئاویتەبوونی تایەتمەندییەکانی کەسێتی، نیشانەکان، سەبک و شێوازی نووسین، پلۆت و گۆشەنیگاکانی گێڕانەوە، دروووست دەبێت {رضایی:٢٣،١٣٨٢} لێرەش دا خۆدواندنەکانی کارەکتەرەکە و وەسفی ڕووداوەکان و تێکەڵ بوونی لەدەستدانی نیوەی خۆی و کوتە کوتەی جەستەی هاوەڵەکانی لە جەنگدا ئەو کەشە خەمهێنەرە دروووست دەکەن.

ئەم کارەکتەرە کارەساتەکانی ناو شۆڕش زەفەریان پێ نەبردووە، کەچی لە ڕووداوی هاتوچۆدا بەشێکی جەستەی لە دەست دەدا. گۆشەنیگای گێڕانەوە بەهۆی ئاراستەی قسەکردنی بە ڕاناوی تۆ، لە یەککاتدا لەگەڵ کارەکتەر و خوێنەریشدا دەدوێت، هەموو جارێکیش خوێنەری پێگەی خۆی بیردەچێتەوە و خۆی دەخاتە بری کەسێتییەکە، بەمەش پەلکێشی ناو ڕووداوی چیرۆکەکە دەبێت، تا دەگاتە چیرۆکی دواتر کە ژمارە چوارە، هەمان گۆشەنیگا، بەڵام کەسێتی لە پیاوەوە بووە بە کچێکی ئەوینداری جێهێڵراو، لە دەمەوەختی بڕینی دەماری دەستیدایە، چیرۆک دەگاتە ژمارە سێ و دەبێتەوە بە پیاو، پیاوی ناو شۆڕشەکان و بەعس و ناشرینییەکانی سەدەیی پێشووی باشووری کوردستان، پاش ئەو چیرۆکی چوارەم دێت، کە پیاوێکی دڵ نەخۆشی خانەگومانە، لەوێشەوە بۆ چیرۆکی یەکەم، لێرەوە گۆشەنیگا دەبێتەوە بە کەسی یەکەم، گێڕانەوەش دەگوازرێتەوە بۆ دیمەنی ئەو دیو تەلەفۆنەکانەوە، هەر لێرەشەوە دووبارەکردنەوە سەرتاسەری ئەم بەشە دەگرێتەوە، بە تەلەفۆنکردن و دیالۆگەکان و وتنەوەی ببورە ئەو وشەیەم دەوێت، دووبارەکردنەوەکە ئاوازێکی ئارام و پشوو درێژی داوە بە گێڕانەوەکە، لە کاتێکدا ئاوازی هەر یەک لە چوار گێڕانەوەکەی تر بەهۆی گفتوگۆی کارەکتەرەکانەوە جیاواز بوو، هەرچەندە گۆشەنیگای کەسی دووەم بەسەر هەموویاندا زاڵە، بەڵام گفتوگۆ و خۆدواندن و بیرکردنەوە هۆشییەکانی کەسێتییەکان ئاوازی خۆیانیان هەیە و لەگەڵ ئاوازی وەگێڕدا تێکەڵ دەبن.

لە چیرۆکی چوارەم دا، ئاوازی گێڕانەوە، نەرم و هێواشە، وەک ئەوەی کارەکتەرەکە پەلەی نەبێت لە بڕینی دەماری دەستی دا، تەنانەت ئەو کاتەی قسەی ئەوانی تر لە بارەی خۆکوشتنی شاعیرەکەشەوە دەگێڕدرێتەوە، دیسانەوە هەست بە نائارامی ناکەین، ڕەنگە هەموو ئەوەش بەهۆیی دووبارەکردنەوەی ئەو وەسفەوە بێت کە کارەکتەرەکە لە بارەی یەکەم مردووەوە دەیڵێت:

((خەیاڵت دەتباتەوە بۆ لای کوڕەکەی دراوسێتان، یەکەمین جارت بوو لە نزیکەوە مردوو ببینت،" ڕێک دەڵێی خەوتووە" وات بە خۆت گووت و هیچ لێی نەترسایت، دەیانگوت شاعیریش بووە.))

((پێشتر قەت ئەوت نەبینی بوو، یەکەمین جاریش بوو مردوووییەک لە نزیکەوە ببینت..لێی نەترسایت. (ڕێک دەڵێی خەوتووە" وات بە خۆت گووت. دەیان گووت شاعیریش بووە.))

((بیر لە تێکچوونی دایکی کوڕەکەی دراوسێتان دەکەیتەوە، کە دوای خۆکوشتنی بینیت و پێشتر قەت مردووت لە نزیکەوە نەبینیبوو" ڕێک دەڵێی خەوتووە" وات بە خۆت گوتبوو. دەیانگووت شاعیریش بووە.))

ئاوازی چیرۆکی سێیەم، بێ باک و تیژ و تەوساوییە، بەهۆی خۆدواندنەکانی سەرەتای چیرۆکەکەوە: ((ئەوەی لە کاتی خەوتندا چرکەچرکی سەعاتی لا ئاسایی بێت، گەوادیش قبوڵ دەکات!))، بەسەرهاتەکانی کارەکتەر و ناشرینبوونی لە شاخ وادەکات، کەسێکی بێباک و سارد و بێسۆز بێت، هەموو ئەمانەش لە میانەی گێڕانەوەوە دەگات بە خوێنەر.

## پاری سێیەم: ڕۆمانی کوردی

ڕەوتی ئاسایی ڕۆمانی کوردی بە شڤانێ کورمانجان{شەمۆ: ١٣٩٧} دەست پێدەکات(١٦)، بەڵام ئەوەی تا ئێستاش هەندێک نوسەر مەسەلەی ویژدان و لە خەوما بە ڕۆمان دەزانن، یان قەڵای دمدم چەندێک بەڕۆمانی دەزانن هێندەش بە داستان، هەموو ئەمانە وای کردوە ئەوەندەی کار لە سەر ڕاستکردنەوە و ساغکردنەوەی ئەوەی چی یەکەم بەرهەمە کراوە، کەمترین کار لەسەر چییەتی بەرهەمەکە بکرێت. ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە تەماشاکردنی ڕووی جوانیناسیانەی ڕۆمانە، ڕۆمانەکانی سەرەتا وەک هەر نەتەوەیەکی جیهان، زادەی مێژوو و کولتوور و کۆمەڵگەی کوردین، بە سوودوەرگرتن لە بەرهەمی پێشین و ناوەڕۆکە فۆلکلۆری و میللییەکان، هاوتا وەرگرتنی فۆرمی گێڕانەوە و نووسین وەک هونەرێکی نوێ کە بە ڕۆمان دەناسرێت، بناغەی خۆی داڕشتووە. ڕۆمانەکانی شڤانێ کورمانجان، ژانی گەل، قەڵامی دمدم، پێشمەرگە، شار، ئەو بەرهەمانەن، بینای ڕۆمانی کوردیان لەسەر هەڵچنراوە.

عەتا محەمەد لە نووسینێکیدا لە بارەی گێڕانەوەی ئەدەبی کوردییەوە، چەند خاڵێکی دوور لە تەکنیک بۆ بەهای گێڕانەوەکان دیاریدەکات، کە دەبنە هۆکارێک بۆ زیندووهێشتنەوەی گێڕانەوە، کۆمەڵێک بنەمای گرنگن، دەبنە هۆی ئەفراندنی مانای جیاواز و ڕاڤەی جیاواز بۆ مرۆڤ و بۆ ژیان. نووسینەکەی لەو ڕوانگەوە بۆ ئێمە جێی بایەخە، کە هەموو ئەوانە بەشێکی گرنگی ئەفرێنەری جوانیناسی ناو ڕۆمانن و بریتین لە: "ئەندێشە، سەیروسەمەرەیی، دژ بەڕووکارێتی، بێلایەنی لە نووسین دا، سەرسامکردن"، بەڕای ئێمە دەشێت ئەندێشە و سەیروسەمەرەیی و سارسامکردن، لە یەک چوارچێوەدا کاری لەسەر بکرێت و ناڕووکاری و بێلایەنیش چوارچێوەیەکی تر. کە جەختی تەواوی ئەو بۆ ئەندێشەکاری گێڕانەوەیە: ((ئەدەب جا لە هەر ئاست و بوارێکدا بووبێت، کاری تۆمارکردنی ڕووداوەکان نەبووە، ئەوەندەی بە شوێن پرسیار و وەڵامە سەختەکانی مرۆڤدا گەڕاوە کە پرسیاری وجودی ئینسانە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی پەنهان زۆر ڕووداوی مێژوویشی لە خۆیدا حەشار دابێت)).{محەمەد:٢٠٠٦، ١٥٤} ئەمانە هەموو خاڵی گرنگن و لەسەر وەستانن، لە لایەکی ترەوە، ئەوەی لە ڕۆماندا دەبێتە دەرخەری ڕووی جوانی گێڕانەوە، درووستکردنی هەقیقەت و بڕواپێکردنە. ئەمەش بۆ هەر دوو ئاستی گێڕانەوەی

واقیعی و گێڕانەوەی ئەندێشەیش دەبێت. بۆیە لێرەوە جوانیناسی گێڕانەوەی ڕۆمان و بەرهەمهێنانی (واقیعی ناو چیرۆک)، بەم خاڵانە دیاریدەکەن: واقیع، ئەندێشە، ناباوکاری، سەرسامکردن.

**پارچەی یەکەم: واقیعی چیرۆکی/ واقیعی ناوچیرۆک**

**یەکەم: واقیعییەت**

ڕۆمان لەسەرەتای پەیدابوونییەوە بە واقیعیەوە بەستراوە، چونکە ڕۆمان لە بنەڕەتدا بەرهەمی پێشکەوتن و هۆشیاری کۆمەڵگایە و زمانحاڵی ژیانی نوێیە. هەر هێندەی وەک زمانحاڵ ناودەبرێت، واتا گوزارشت لێکەری چین و توێژەکانی کۆمەڵ و تاکی مرۆڤ و بەرجەستەکەری وێنەی کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگاەش وێنەی واقیعی هەبوو و ئەزموونکراوە، بۆیە توێژەران و بیرمەندان ڕۆمان بە پێویستی سەردەمی نوێ دەزانن و لە ژانری شیعر و داستان جیای دەکەنەوە. هیگڵ ((ڕۆمان دەخاتە بەرامبەر داستان، بەو پێیەی داستان گوزارشت لە کۆمەڵگەی کۆن دەکات و ڕۆمانیش شێوازێکی گونجاوە، بۆ گوزارشتکردن لە دۆخی هۆشیاری کۆمەڵگای سەردەم)){یاقووب:٢٠١٩، ٣٥} بابەتی ڕۆمان، ڕەنگدەرەوەی ژیانی ڕاستەقینەیە بەهەموو ئەو خەیاڵانەیشی کە بۆ بە ئەدەبی بوونی، پێیدا تێدەپەڕێت. ئەمەش زۆر جار بە خاڵی جیارەوەی ڕۆمان، لە هەر یەک لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە دادەنرێت، چونکە ئەم ژانرە نوێیە، بەهۆی چۆنایەتییەوە، توانای نیشاندانی قەبارەیەکی گەورەی لە ژیان بەهەموو چەمک و لایەنەکانی و تاکی مرۆڤ بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەیە. ئەم خەسڵەتەش لەسەر دەمی نوێ دا، بۆتە ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری خوێنەر، بە جۆرێک کە ئیدی هیچ یەک لە ژانرانی تر ڕکابەری ناکەن.

مرۆڤ لە دێر زەمانەوە شەیدای گێڕانەوە و بیستن بووە، ئەمە خووخدەی نەبڕاوەیە لە مرۆڤدا و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی شوناس. مرۆڤ لە گێڕانەوەدا خۆی دروستدەکات و شوناسی خۆی پێکدەهێنت، هەموو گێڕانەوەیەک هەوڵێکە بۆ خۆ پێناسەکردنەوە، بەڵام لەسەردەمی نوێدا لە پاڵ ئەو دووانەدا شەیدایی سێیەم زیاد دەبێت، کە خواستی بینینە. مرۆڤی سەردەمی نوێ، دەیەوێت ئەوە ببینێ کە هەیە، خۆی ببینێت کە تاکێکی کۆمەڵگەیە، دواجار ئەوە ببینێت کە هەرگیز توانای بینین و بگرە سەلماندنی بوونیشی نییە. لێرەوە ڕۆمان دەبێتە وەڵامدەرەوەی خواستی مرۆڤ. لەگەڵ ڕەوتی زەمەنیش دا خواست و مۆدێیی ڕۆمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەشێک لە ڕۆمانە مەزنەکانی دنیا ڕۆمانی ڕیالیستین، کە تائێستاش وێڕای بەسەرچوونی زەمەنیان، بەهایان پارێزارەوە، ڕۆمانەکانی وەک: (سوورورەش، مادام بۆڤاری، جەنگ و ئاشتی، تاوان و سزا، دایک، باوە گۆریۆ..) لەو بەرهەمانەی ناو ڕیالیزمن، کە وێنەی هەبووی کۆمەڵگە نیشاندەدەن. لەو شوێنەدا کە کۆمەڵگا پێوستی بەو وێنەیەیە لە ناو سوچ و کەلێنەکانی ژیاندایە و، بەڵام خودی کۆمەڵگە خۆیی لێ بێبەری کردووە، بە تایبەت چینی هەژار و

چەوساوە و ستەملێکراو، لە هەمان کاتدا ڕەخنەگرتن و نیشاندانی چینی زەنگین و بە دەسەڵات و ناشرینییەکانی چینی بۆرژوازی.

ڕێبازی ریالیزم ڕۆڵی گرنگی لە گەشەپێدانی ڕۆماندا بینی، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە تەکانێکی گەورەی بە ڕۆمان بەخشی، تا ئەوەی سەدەی نۆزدە لە ڕۆژئاوادا بە سەدەی زێڕینی ڕۆمان دادەنرێت. ڕیالیستییەکان درکیان بەوە کردبوو، ڕۆمان لە هەموو ژانرێکی تر بۆ دەربڕینی ڕوانینی هونەرمەند لە بارەی کێشەکانی کۆمەڵگاوە گونجاوترە. بنچینەی کاریان ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع و ڕووکردنە نیشاندانی ژیان و شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان بوو، بە پێچەوانەی ڕۆمانسییەکانەوە کە پشت بەستووبن بە خەیاڵ و بابەتی ئەفسانەیی، لای ئەمان مرۆڤ لە چوارچێوەی جموجوڵە کۆمەڵایەتییەکایدا دەبێتە مەیدانی سەرەکی داهێنانی ئەدەبی.{پیربال:٢٠٠٤، ١٠١-١٠٧}. ئەوەی جێی باسە لێرەدا دۆزینەوەی جوانیناسی گێڕانەوەی ڕۆمانە و ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا پەیوەندی واقیع و جوانی ئەدەبی چۆنە؟ یان پەیوەندی ڕۆمان و واقیعیەت، چونکە لای ڕەخنەگرانێکی زۆری سەدەی نۆزە ((ڕیالیزم وەکو پێوەرێکی ئێستاتیکی بۆ ڕۆمان یەکلابووبووەوە)){یاقووب:٢٠١٩، ٢٢٣} بەڵام دواتر ئەو پرسیارە کرا، چۆن بەرهەمێک ڕەگەکانی لە واقیعەوە دەرخستبێت، دەتوانێت خوێنەر تا دواترۆپک لە گەڵ خۆیدا ببات و ببێتە هۆی ئەوەی ڕۆمانێک چەندین جار بخوێنتەوە و بخوێنێتەوە.(١٧) هەندێک هۆی ئەمانە دەگێڕنەوە بۆ بونیادی هونەریی ڕۆمان، کە پێکەوەچنینی ڕەگەزەکانی گێڕانەوە لە کەسێتی و کات و شوێن و ڕووداو، ئەو جوانی و سیحرە دروست دەکەن خوێنەر بچێتەوە سەری. بەڵام بە ڕای ئێمە، ویڕای ئەوانە، کە هەموویان دروستکەری ئەو جوانییەن، جوانی سەرەکی بە تایبەت لە ڕۆماندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعەی لە خۆیدا هەڵیدەگرێت و خوێنەر دەخاتە سەر کەڵکەڵەی بڕواپێکردن. ئەوەش دەشێت ڕۆمانەکە واقیعی یان جادوویی و خەیاڵی و هەر جۆرێکی تر بێت.

توێژەرانێکی زۆر هەن کە خەیاڵ بە جوانیبەخشی ناو ڕۆمان دادەنێن {کە دواتر بە وردی لە بارەی ئەمەوە دەدوێین}، بەڵام هەندێکی تر ڕایان وایە؛ ئەگەر خەیاڵیش نەبێتە هۆی دروستکردنی واقیعێک ئەوا دیسانەوە جوانی نابەخشێت، ئۆرهان پامۆک لەم بارەیەوە دەڵێت: ((سەرباری زانیارییەکانمان لە بارەی چیرۆکی خەیاڵی و داستانەوە، ئەگەر ڕۆمانێک نەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر بەخشینی وەهمی ئەوەی کە ژیانێکی ڕاستەقینەیە، ئەوا چێژ و ئاسوودەییمان لە دەستدەچێت)). {پامۆک:٢٠١٦، ١٦}. عەتا نەهایی سەبارەت بە خوێنەری کورد ڕای وایە، ئێمە ناتوانین وەک ئەدەبێکی جوان سەیری گێڕانەوەی ڕیالیستی بکەین، و بەشێک لە خوێنەرانی ئێمە لایەنە ئێستاتیکییە جوانەکانی ئەدەبی، تەنیا گرێ دەدەنەوە بە داهێنانی نمونەی ئەدەبی ئەندێشەیی و دوور لە ڕاستی: ((هەموو جوانکارییەکی ئەدەبی و ئێستاتیکای ئەدەب و بەهاکانی ئەدەب بە فانتێزیەوە نەبەستراوەتەوە و هەرچەندە دەکرێت لایەنێکی بەهێزکردنی ئەدەب و جوانکردنی ئەدەب بێت، بەڵام نەبوونی فانتێزی بەم واتایە و واتە بە نەبوونی ئەو توخم و ڕەگەزانەی کە لە

دنیای ڕاستیدا بواری نییە، هیچ زەرەرێک بە ئەدەبی گێڕانەوە و چیرۆک ناگەیەنێت، بە پێچەوانەوە زۆر جاران بوونەکەی زەرەرمەندە)){نەهایی:٢٠١٧}.

گێڕانەوەی ڕۆمان، جیا لە هەر یەک لە ژانرەکانی تر، پێوستی بە هاودڵی خوێنەرە، ئەمەش بەهۆی وەستایی نوسەرەوە دەستەبەر دەبێت، کە دەتوانێت لە ناو سیستمی دەقی گێڕانەوەدا وێڕای بونیادی پتەو و جوان چنراو، لۆجیک دروست بکات. ڕووداوەکان هۆ و ئەنجامی یەک بن، بە پێوەری ناو ئەو سیستمەکە دروستکرابن، نەک پێوەرەی دەرەوە، بە تایبەت ئەگەر ڕۆمانەکە ئەندێشەیی و ئەفسووناوی بوو. خۆ ئەگەر ڕۆمانەکە نیشاندەری واقیعیەت یان مێژوو بوو، ئەوا نوسەر پێوستی بە بەرهەمهێنانی واقیع و مێژوویەکە، لە کەناڵی خۆیەوە هاتبێتە بەرهەم و توانای قەناعەتپێکردنی خوێنەریشی هەبێت. ڕەنگە یەکێک لەو نموونە باشانەی ئەم واقیعییەتە ڕۆمانی "هۆتێل ئەورووپا"ی "فەرهاد پیربال" بێت{پیربال:٢٠١٠}. وێڕای هێزی سەرسامکردن و ناڕواڵەتی بوون، توانای بڕواپێهێنانی هەیە لەو هەموو ڕووداوانەی دەیگێڕێتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر لە دەرەوەی ڕۆمان لە ڕستەیەکی سادەدا بوترێت، ئاخونێکی گەورەی هەڵاتووی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەچێتە پاریس سەرەڕای پابەندبوونی بە دینەوە کەچی دەبێت بە هاوڕەگەزباز؛ جێی بڕوا نییە، بەڵام نوسەر لە ڕێگای هۆ و ئەنجامەوە، بە گێڕانەوەی هەنگاو بەهەنگاو و ڕەوتی زەمەن، ئەم کارەکتەرە دەباتە نێو ڕووداوەکان و نەک دەبێتە جێی بڕواپێهێنان، بەڵکو وەک واقیعی تەواوەتیش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

ڕۆمانی واقیعی مەودایەکی زۆری لە ناو جۆرەکانی تری ڕۆمانی ئەدەبی کوردیدا گرتووە، هەندێک لەوانە لە چوارچێوەی واقیعیەتی خۆیاندا، واقیعی تریان بەرهەمهێناوە، چونکە دواجار هەرچەندێک لە ڕاستیشەوە ئەو ڕووداوە نزیک بێت، خەیاڵی نوسەر دەیکات بە ڕۆمان، تەنانەت ئەگەر دەیان ڕۆماننووس یەک ڕووداوی ڕاستەقینە بگێڕنەوە دیسانەوە، بەرهەمهێنانی واقیعی ناو ڕۆمانە و جودایە لەوەی لە دەرەوەی ئەدەبیات ڕوویداوە. هەندێک ڕووداوی ناو کۆمەڵگای کوردی هەن، چ کۆمەڵایەتی و چ سیاسی، بەو پێیەی کۆمەڵگای کوردی هیچ کات خاڵی لە سیاسەت نەبووە، سەرچاوەی بەپێزن بۆ ڕۆمان. بەشێکی ئەو ڕۆمانە باشە واقیعیانە چەندێک پەیوەندیان بە هونەرکاری نوسەرەوە هەبووبێت، هێندەش لە دەموئانی خۆیدا بیرۆکە و بابەت بۆتە جێێ سەرنج. یەکێک لەوانە باسکردنی زوڵمی ئاغایە لە داگیرکاری و ماف زەوتکردنی خەڵکی و لاقەکردنی ئافرەتدا، کە بە چنینی هونەری لە ڕۆمانی "پێشمەرگە"ی ڕەحیمی قازیدا خراونەتە ڕوو. یاخود بیرۆکەی شۆڕشی کورد و چوونە شاخ و تێکۆشان بۆ ڕزگاری کورد لە ڕۆمانی "ژانی گەل"ی ئیبراهیم ئەحمەد. یان بابەتی هەرە هەستیاری ئەم بیست ساڵەی دوایی کوردانی پەناهەندە لە ڕۆژئاوادا، بابەتی کوشتنی ژن لە ڕۆژئاوا و ناشرینبوونی سیمای ڕۆژهەڵاتییەکانی جیهانی سێیەم، لەو سەرزەمینە پان و بەرین و پڕ ئازادابیەدا. ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"{نەهایی:٢٠٠٧} یەکێکە لە واقیعیترین ڕۆمانە کوردییەکانی ئەم دەیەی دوایی و عەتا نەهایی

به چنینی وردو زمانێکی چڕو وردەوە، بە تەکنیکی گەڕانەوە بۆ دواوە و دەقئاوێزانی حیکایەت لە نێو ڕۆماندا، ئەو بابەتە دەکات بە گێڕانەوەیەکی لە یادنەچوو.

هەندێک جار ڕۆمانەکە چەندیش واقیعی بێت و لە ژیانی ئاساییەوە نزیک بێت، بەڵام ڕۆماننووس بەهۆی ئایدۆلۆژی بوون و نابەبەتی بوون و لایەنگرییەوە، ناتوانێت قەناعەتپێهێنەری خوێنەر بێت، جگە لە زیانگەیاندن بە ڕۆمانەکە، سڵمینەوەی خوێنەری بۆ بەرهەمەکانی ئەو نوسەرە لێدەکەوێتەوە. بەشێک لە ڕۆمانەکانی سەدەی پێشووی ناو ئەدەبی کوردی، بە دیدی لایەنگرییانە و بیری ئایدۆلۆژی توندەوە نوسراون، بۆ نموونە: حسێن عارف لە ڕۆمانی (شار) دا، وێڕای نیشاندانی کات و شوێنی ڕاستەقینەی هەبوو، تەنانەت بە وردکردنەوەی شوێن تا ئاستی بازاڕی ماست فرۆش و مزگەر، کەچی لە هێنانی وێنەی کەسایەتییەکدا، دەکەوێتە هەڵەی زەقی واقیعییەوە، ئەویش بە هێنانی کەسێتی حازرکراوی بیری ئایدۆلۆژی نەک پەروەردەکراوی هەنگاو بە هەنگاوی ناو ڕووداوەکانی گێڕانەوەکە. ئەو لە هێنانی کەسێتی (دەروێش) دا، بە چاوی چەپگەرایانەوە کەسێتی دروست دەکات و چی ناڕەوایە لە شانی ئەو کارەکتەرەی بار دەکات، بەبێ ئەوەی ڕەفتارەکانی ئەو پەیوەندی بە ئایدۆلۆژی و بیری دەروێشبوونی ئەوەوە هەبێت، لە کاتێکدا لە درووستکردنی کەسێتی ئاینیدا زۆر سادە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا شەهلای خوداناس، خۆی و ناو و شێخێتی نیشان دەدرێت، بەڵام زەقکردنەوەی ناشرینییە بێ هۆکانی، پێدانی سیمای ناشرینانەی نەرێنی دەروێشی، بێ لە بڕوانەکردنی خوێنەر هیچی تری لێناکەوێتەوە، چونکە لە دەرەوەی ڕۆمان، کارەکتەری دەروێش بە شێوە گشتییەکەی هەڵگری ئەو خەسڵەتە نییە، لە ناوەوەی ڕۆمانیش هیچ پاساوێک نییە پەیوەندی بە بیر و سلوک و ئادابی ئەوە هەبێت، بۆیە خوێنەری ناو واقیع یان بە نەشارەزایی نوسەری لێکدەداتەوە، کە بۆ حسێن عارف ئەوە نەکردەیە، یان بە چاوی لایەنگریانەوە کە بۆتە هۆی پەرێشانکردنی خوێنەر و بڕوانەکردنی.

**دووەم: گێڕانەوەی مێژوویی وەک واقیع:**

ڕۆمانی مێژوویی، بە پشت بەستن بە واقیعی ناو مێژوو خۆی بونیاد دەنێت: ((ڕۆمانی مێژوویی، ڕۆمانێکە کە باسی نوێکردنەوەی کەسایەتی، زنجیرە ڕووداو، خەبات، یان ژیان و بارۆدۆخی یەکێک لە ژانرەکانی ڕابردوو دەکات و بۆ دووبارە داهێنانیان، دەستدەکات بە لێکۆڵینەوەیەکی جددی و خێرا لە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی چاخی ڕابردوو)){برادبری:٢٠٠٨، ٢٥} بە قسەی "واڵتەر سکۆت" ڕۆمانی مێژوویی سەردەمێک لە مێژوو دەکات بە بنەڕەتی کارەکەی، کە دوو کەڵچەر و کولتوور لەگەڵ یەکتریدا لە ململانێدان. لێرەوە بە سوودوەرگرتن لەو سەردەمە، کەسێتییەکان دەئەفرێنێت و ئەم کەسانە ناچاردەکرێن لە نێوان کەسایەتییە ڕاستەقینە مێژووییەکاندا بژین و بەشداریان لە ڕووداوە ڕاستەقینە و مێژووییەکاندا هەبێت. لە ڕۆمانی

مێژووییدا ڕۆماننووس بە ڕاستەقینەی مێژووەوە پابەند دەبێت، ئەو ڕاستەقینەیە چ وەک زەقکردنەوەی ڕووداوێک بێت، یان کەسێتییەکی دیاریکراو، ئەمانەتداری نووسەر بە مێژووەوە تا ئەو ڕادەیەیە، کە خوێنەر متمانە بکات و نەچێتەوە بۆ خودی مێژوو. هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لێرەدا خودی مێژوو، وەک مێژوو نایەتەوە ئارا، بەڵکو کەرەستەی مێژوو دەبێتە چوارچێوەی ئەدەب، وە ئەگەرنا لێرەوە ئەو جیاکارییەی ئەریستۆتالیس لەبارەی ئەدەب و مێژووەوە دەیکات نایەتەدی، هیچ جیاوازییەک لە نیوان مێژوونووس و ڕۆماننووس دا نامێنێت.

ستاندال لە بارەی مێژوونووسەوە دەڵێت: مەرجی بە مێژوونووس بوون ئەوەیە، مرۆڤ توانای ئەفراندنی نەبێت. ئەم گوتەیە بە مانای لانەدان و مانەوەیە لە سەر ڕەوتێکی هەبوو و هەقیقی، گێڕانەوەی پارچە لەت و جوداکانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و یەک ئاڕاستە، بەبێ تێکەڵکردنی بە ئەندێشە. ئەمەشە ستاندال وا لێدەکات، بڵێت: توانای درووستکردنی نەبێت، تاوەکو بە تەواوەتی توانای گێڕانەوە و نووسینی مێژووی هەبێت وەک ئەوەی هەیە، نەک ئەوەی ئەو دەیخوازێت هەبێت. لە کاتێکدا ڕێک (بە هەمان کەرەستەی مێژووەوە) ئەمە بۆ ڕۆماننووس پێچەوانە دەبێتەوە، مەرجی بە ڕۆمانبوونی کارەکەی ئەفراندن و ئەندێشەکارییە، تاکو بەر بەرهەمێکی ئەدەبی بکەوین، با ئەو بەرهەمە ڕۆمانی مێژوویش بێت. لێرەدا ڕۆماننووس بە هێنانەوەی چوارچێوەیەکی مێژوویی ئەندێشەکاری خۆی دەخاتەڕوو. {کەسنەزانی:٢٠١٦}.

ئەوەی گێڕانەوەی ڕۆمانی مێژوویی جوان دەکات، خودی مێژوو نییە، بەڵکو تێکەڵکاری ئەندێشەی نوسەر و مێژووە. فۆرستەر لە بارەی کەسێتی ناو ڕۆمانەوە، پێی وایە خستنەڕووی بە شێوەی دەرەکی و ناوەکی گرنگی خۆی هەیە، بەڵام بە چەشنێک جودا لەوەی کە لە واقیعدا هەیە، ئەو نموونەی شاژنە ڤیکتۆریا دێنێتەوە، کە باسکردنی لە ڕۆمانێک دا کتومت وەک ئەوەی هەیە، کاری ڕۆمانووس نییە، وەگەرنا دەبێتە عەرزوحاڵ نووسینەوە و مێژوو، بەڵکو ئەرکی ڕۆماننوس ئەوەیە کە هەڵویست و بیر و دەروونی کارەکتەر نیشانبدات، بەو جۆرەی شتانێک بە ئێمە بڵێت لە بارەی شاژنە ڤیکتۆریایەوە ئێمە نەیزانین و نەمان بیستبێت، دواجاریش کەسێتییەکی لێ دروست بکات، کە شاژنە ڤیکتۆریا مێژوو نەبێت. {فورستر:١٣٨٤،٦٦}

لە ڕاستیدا کەسانێکی زۆر لە جیهان و ڕۆژهەڵاتیشدا، لە نێو دەقی ڕۆماندا، خەریکی دروستکردنەوەی کەسایەتییە مێژوویەکانن، بە تایبەت کەسایەتی عیرفانی و ئایینی. بۆ نموونە ڕۆمانەکانی: "مەرگێکی بچووک، چل ڕێساکەی عەشق، قەلەندەر و قەڵا، سەمەرقەند، باخچەکانی ڕووناکی، کیمیا خاتوون...." چەندانی تر، کە هەندێکیان تەنها ڕازیکەری خوێنەری ئاسایین، چونکە تەنها نووسینەوەی واقیعی هەبووە، هەندێکی تریان لەبەر دوورخستنەوەی کەسێتی مێژوویی لە کەسێتی ڕۆمانەکە، وایکردوە ئەو چەمکە گرنگەی پێشتر لە بارەیەوە دواین {چەمکی قەناعەت پێکردن} لە دەست بدەن. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ و جێی باسە، ڕۆمانەکانی جان دۆستە بە تایبەت "میرنامە". دۆست جگە لە میرنامە لە ڕۆمانی "سێ هەنگاو و سیدارەیەک" کە لە بارەی ژیانی شێخ

سەعیدی پیرانەوەیە {دۆست: ٢٠١٦} بەشێوەیەکی هونەرکاریی و گەڕانەوە بۆ دواوە، ژیانی کەسێتییەکی مێژوویی باس دەکات، لە میانەی هەڵهێنانەوەی سی هەنگاوی دا بەرەو سێدارە و ڕۆمانەکەی دابەشکردووە بە پێنج بەش، پێش هەنگاو، هەنگاوی یەک تا چوار.

هەرچی میرنامەیە لە بارەی کەسێتی ئەحمەدی خانییەوەیە، یەکێک لەو دەگمەن ڕۆمانانەی لە لایەکەوە مێژووی وەک ئەوەی کە هەیە نەگێڕاوەتەوە و خۆی لە ڕووکارییبوون و سەتحی بوون پاراستووە، لە لایەکی ترەوە بەو هەموو ئەندێشەکارییەی لە ئەفراندنەوەی کەسێتی خانی دا، بە خەرجی داوە، بەهۆی پابەندبوون بە جەوهەری خانییەوە، سیفەتی قەناعەتپێکردنی هێندە تێدا زاڵە، خوێنەر بابەتە ئەندێشەییەکانیش وەک بابەتی واقیعی ناو ڕۆمانەکە وەردەگرێت. گونجاندنی ڕیتمی مێژوویی بابەت و فرەوەگێڕی گێڕانەوە و تەکنیکی ڕیالیزمی جادوویی، ڕۆمانەکەی کردووە بە یەکێک لە ئێستاتیکیترین گێڕانەوەکانی ناو ڕۆمانی کوردی.

پێشتر لە باسێکماندا {کەسنەزانی:٢٠١٦} لە بارەی پاڵەوانی مێژوویی و ئەندێشەیی ئەحمەدی خانی و عومەر خەییامەوە دوابووین، لە ڕوانگەی کەسێتیسازی خانی و خەییامەوە کۆی هەر دوو ڕۆمانەکەمان شیکار کردبوو، بەو واتایەی کەسێتیسازی خانی و خەیام لە ڕەوتی ڕووداو بەڕێوەچوون و گۆشەنیگای گێڕانەوەوە نیشاندەدرێن. لە ڕۆمانی سەمەرقەند دا ژیانی خەییام بەهۆی گێڕانەوەی دەنگی باڵادەستی نوسەرەوە باس دەکرێت، هەموو جۆرە زانیارییەک لەوەوە بە ئێمە دەگات، چونکە گێڕانەوە دانای گشتییە، بەڵام گێڕانەوەی خانی بەهۆی یەک وەگێڕەوە نییە، بەڵکو دابەشکردنی زانیارییە و وەرگرتنە لە دەنگە جوداکان، کە بەهای ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لەوەدایە ڕۆڵی نوسەر و زانیاری بارکردنی لە دیدگای تاقانەوە دەگوازێتەوە بۆ زانیاری بەخشین لە چەند دیدێک و دەنگ و تۆنێک. لەم ڕۆمانەدا وەگێڕەکان ژمارەیان بیست و یەک وەگێڕە، کە پاری بەشێکی گەورەن بە ناوی ژیانی ئەحمەدی خانی. بە واتایەکی تر پەزلی تەواوکاری ڕووداوەکانن کە لای ئەمین مەعلوف بەیەک نەفەس و یەک ترپەیە، بەڵام لای جان دۆست دەبێتە کەرنەڤالی گێڕانەوەگەڕی، کە بە هەموو دژایەتی و کۆنتراستێکەوە، هارمۆنییەک دروست دەکات لە نیشاندانی بەشە نەبینراو و نامێژووییەکانی کەسێتی ئەحمەدی خانیدا.

هەرچی ڕۆمانی مێژوویی قەڵای دمدمە، بەهۆی هەندێک هەڵەی مێژووییەوە نابێتە قەناعەت پێکەری بەشێک لە ڕووداوەکان، هێمن لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا، وێڕای تەماشاکردنی بەرهەمە کە چاوی پڕ بەها و پەسندانی بە بەهەمی کەم وێنە، بەڵام ئاماژەش بەوە دەدات، شەمۆ شارەزایی باشی لە نیشاندانی کلتور و کۆمەڵگای کوردیدا هەیە و کەسێتییەکانی گەلێک لە واقیعەوە نزیکن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاگاداری مێژوو و تەنانەت ناوچەناسی و جیوگرافی نیشتمانەکەی نییە، بۆیە کەوتۆتە هەڵەی زەقی مێژووییەوە. لە دیارترینیان، تاران بە پایتەخت دانانی دەوڵەتی سەفەوی سەردەمی شاعەباسە، لە کاتێکدا ئەسفەهانە و باسکردنی شاری سلێمانییە، کە شاری سلێمانی مێژووییەکەی نوێترە لەو ڕووداوە: ((چیرۆکی مێژوویی ئەسڵێکی هەیە و هەموو زادەی خەیاڵی

نووسەر نییە، بەڵام نوسەر شاخ و باڵی لێ دەنێت و لکوپۆپی لێ دەکاتەوە. لە چیرۆکە سەرکەوتووەکاندا هەمیشە ناوی قارەمانە ناسراوەکانی و شوێنی گرنگی جوگرافیایی دەپارێزن...جێی داخە مامۆستای ئێمە زۆر کەمی شارەزایی لە مێژووی جغرافیای کوردستان و ئێران هەبووە. سەرانسەری چیرۆکەکەی لەسەر خەیاڵی خۆی داڕشتووە، بۆیە هەڵەی زۆر زەق و بەرچاو لە نووسینەکەیدا هەیە)) {شەمۆ:٢٠١٠،}

**سێیەم: خەیاڵ وەک هونەر**

تۆدۆرۆف لە بارەی ئەدەبیاتەوە دەڵێت: ((ئەگەر بمانەوێت بە زمانێکی لۆجیکی بدوێین، دەبێت ئەرخەیان بین لەوەی، کە هیچ ڕستەیەکی دەقی ئەدەبی، نە ڕاستییە و نە درۆ)) {تودوروف: ١٣٨٢، ٣٩} بەو مانایەی ناکرێت ئێمە لە ئەدەبیاتدا بۆ واقیع بگەڕێین، ناشکرێت چاوەڕوانیمان لە ئەدەبیات خستەڕووی بابەتی بانمرۆیی بێت. ئەدەبیات بە جۆریک لە جۆرەکان ڕەنگدەرەوەی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤە. بۆیە هەر یەک لە ڕاستەقینە و خەیاڵ، لە بونیادنانیدا پشکیان هەیە. بەڵام لێرەدا مامەڵەی نوسەر لەگەڵ دەقدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، لە تێرکردنی چاوەڕوانی خوێنەری دەقەکەدا. بۆ نموونە: ئەوەی لە چوارچێوەی خەیاڵدا لە ڕۆماندا دەخرێتە ڕوو، مامەڵەکردنی بۆ بابەتی بڕواپێهێنان کەمێک گرانترە، چونکە خوێنەر لە بارەی پرسیار و گومانی، ئەوە چۆن ڕوویدا؟ پێوستی بە پاساوی ڕۆماننووسە،ئەم ئەرکە تەنها لە خەیاڵبازی و نابا‌وکاری و سەیروسەمەرەیی دا نییە، بەڵکو لە گەمەی نیشاندانی ڕووداو و بابەتی نائاساییش دایە، کە لە ژیانی ئاساییدا بوونیان کەمە و بڕواپێکردنیان بە سەرسوڕمانەوەیە. "تۆماس هاردی" لەم بارەیەوە ڕای وایە، کیشەی نوسەر لێرەدا چۆنییەتی هاوسەنگی ڕاگرتنی نێوان ئاسایی و نائاساییە، لە لایەکەوە سەرنجڕاکێش بێت و لە لایەکی ترەوە واقیعی بنوێنێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەوەش پێوستە، کار لەسەر ڕووداوی نائاسایی بکات، نەک کەسێتی، چونکە بەوە گێڕانەوەکەی دەبێتە جێی گومان و ناواقیعی دەکەوێتەوە. هونەرکاریی ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت، ڕۆمانووس بابەتێکی سەرنجڕاکێشتری لە ژیانی ڕۆژانەی ڕۆتینی بۆ گێڕانەوە پێبێت و دواجار دەڵێت: ((هەموو ڕازی گێڕانەوەی چیرۆک و شانۆیەک -لە ڕووی بونیاد و چینینەوە- لەوەدا شاراوەتەوە کە شتە نائاساییەکان لەگەڵ شتە جاوید و جیهانییەکاندا بسازێنێت، ئەو چیرۆکخوانەی زۆر ورد دەزانێت ڕووداوەکانی گێڕانەوەکەی تا چ ئەندازەیەک دەبێت نائاسایی و تا چ ئەندازەیەک ئاسایی دەرکەوێت، بێگومان کلیلی ئەو هونەرەی لە دەستدایە)).{آلوت: ١٣٦٨، ٦٨}

نیشاندانی ڕووداو و بابەتی لە ڕۆژ جیاواز، و خستەڕووی بە شێوەیەکی نائاسایی نوێن، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هێزی خەیاڵکاری نوسەرەوە هەیە، ڕۆمانە زیندووەکانی دنیا ئەوانەن، کە نوسەر؛ کەسایەتی و ڕووداوی واقیعی نوێنی وەها ئەفراندووە، بۆ زۆرێک لە خوێنەران بۆتە واقیع، لە کاتێکدا هەموو ئەوانە چەندێکیش ڕەگداکوتاو و هاوشێوەی واقیع بن، دیسانەوە

خەیاڵکردی نوسەرن. بۆ نموونە لە ڕۆمانی "ژانی گەل" {ئەحمەد: ٢٠٠٨}دا هەموو ئەوەی دەگێڕیتەوە، لە ناوچوارچێوەی واقیعدایە، بەڵام خەیاڵی برایم ئەحمەد کارەکتەرێک بە ناوی جوامێرەوە دروست دەکات و لە ڕەوتی ڕۆمانەکەدا، زنجیرە ڕووداوێکی بەسەردا دێت، هەندێکی بەستراوەتەوە بە ڕووداوی ڕاستەقینەی لە مێژوودا تۆمارکراو، بەڵام ئەوانی تر دروستکراوی ئەندێشەی نوسەرن، بە ئاوێتەکاری ڕووداوە ڕاستەقینەکان و ڕووداوە خەیاڵکردەکان، چیرۆکێک دەگێڕیتەوە، کە هەم سەرنجڕاکێشە، هەمیش وەک واقیع خۆی دەنوێنێ. ئیمبەرتۆ ئێکۆ لە بارەی ئەم ئەفراندنەوە، پێی وایە دروستکردنی هەقیقەتێکی چەسپاوە و بە گوزەری زەمەنیش ناگۆڕێت، بەو واتایەی ئەوەی لە ناو پرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆمانێکدا ڕوودەدات هەر چەند خەیاڵیش بێت، کاتێک خوێنەر بەری دەکەوێت و دێتە ناو واقیعی دەرەوەی کتێب، ئەو کەسێتی و بەسەرهاتانە وەک واقیع وامامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەو لە بارەی جیاوازی دۆزینەوەی مێژوویی و گۆڕانی ڕۆمانەوە، نمونەی ناپلیۆن دێنێتەوە کە هەرکات، مێژوونووسێک بەڵگەی بڵاونەکراوەی دۆزییەوە لەبارەی مردنییەوە بۆ نموونە: بیسەلمێنێ ناپلیۆن لە دەمی هەڵاتندا لەسەر کەشتییەک مرد، ئەوا ئێمەش ڕای خۆمان دەگۆڕین، بەڵام کاتێک لەگەڵ گێڕانەوەی ئەدەبیاتدا ڕووبەڕووین، ئەوا کەسمان ناتوانین هیچ یەک لەو دەربڕینانە ڕەت بکەینەوە کە دەڵێت: شارلۆک هۆڵمز سەڵت بوو، گورگە بەدکارەکە کڵاوسووری خوارد، بەڵام ڕاوچییەکان ڕزگاریان کرد، ئانا کارنینا خۆی کوشت. ئەمانە بۆ ئەبەد بە ڕاستی دەمێننەوە و هەر یەک لەم کارەکتەرانە، هەرچەند خەیاڵی و دەستکردی نوسەرانێکن لە ناو ڕۆماندا، بەڵام ئیدی بوونیان هەیە و ئێمە لە دەرەوەی ڕۆمان باسیان لێوە دەکەین وەک ئەوەی کەسانی ڕاستەقینە بن.{امبرتو اکو، سفید}

ڕەنگە ئەو بۆچونەی ئیکۆ بە جۆرێکی تر بتوانرێت قسەی لە بارەوە بکرێت، کە ئەدەب دەتوانێت مۆدێلێک لە خەیاڵمان پێببەخشێت و ئێمە دواتر لێمان ببێت بە ڕاستی، بۆ نموونە: ((چیرۆکی لە خەومای جەمیل سائیب، ئەو چیرۆکە هەمیشە دەتوانرێت وەک نموونەیەی واقعێک سەیر بکرێت کە کەسێکت هەیەو ئازایانە ڕەخنە لە واقعی سەردەمی خۆی دەگرێت. هەرچەند چیرۆکەکە لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوو نووسراوە، بەڵام هەمیشە دەتوانرێت وەک ڕاستییەکی مێژوویی تەماشا بکرێت و بۆ ڕەخنەی هەموو سەردەمەکانیش بەکاربێت. هەر کەسێکیش بێت و بڵێت کە پاڵەوانی ئەو چیرۆکە هیچ ڕەخنەیەکی نەگرتووە، بەڵکو مەدحێکی زۆری حکومەتی شێخی کردووە، ئەوە هەموومان یەکسەر دەتوانین وەڵام بدەینەوە کە وا نییە، ئەو ڕەخنەی زۆر گرتووە، هەموو چیرۆکەکە لەسەر ڕەخنە لە دەسەڵات دروست بووە. وەک ئەوەی ئەو چیرۆکە بووبێتە بەشێک لە سەیرکردنی ئێمە بۆ مێژووی خۆمان. یان سەیرکردنی ڕۆشنبیران بۆ دەسەڵات. هەرچەند بەرهەمی خەیاڵە، بەڵام وا بووە بە ڕاستیی کە مەحاڵە بشێوێنرێت.)){ئارام کاکەی فەلاح، لە وتارێکی دا بە ناوی ڕاستیەکانی ناو خەیاڵ، ئاماژەی بەمە داوە}.

واقیعی جوانکراو، بەشێکی گرنگی ناو ڕۆمانە، بۆ نموونە وێڕای ڕووداوە واقیعییەکانی ناو ڕۆمانی "منداڵانی گەڕەک"{قادر: ٢٠١٠} لە دەرخستنی سیمای ساڵانی شەست و حەفتاکانی گەڕەکەکانی

ناوجەرگەی شار و بە سمبولکردنی ناوە ڕاستییەکانی وەک: چوارباخ و گۆڕینی بە چوارخوشکەکە، ڕووداوی شوونەکردنی سێ خوشکی تێدایە، کە پوری گوڵ محەمەدی شاکەسن، وێنەی ئەو سێ ئافرەتە بە تەمەنە سەڵتە، لە ناو ئەو بەسەرهاتە زۆرانەی، شەڕە سەگ و لاقەکردن و یەککوژی و جاسووسی دا، دەبێتە ئەهوەنکەرەوەی ڕووداوەکان و بەشێکی جوانی ناو گێڕانەوەکان. پورەکان سێ کارەکتەرن، کە گوڵ محەمەدی شاکەس لە فەزای ئەوانەوە بەرەوە فەزای کۆڵان و گەورەبوون دەچێت. لە ڕۆمانەکەدا نیشاندانی کولتووری توندوتیژی ناو منداڵانی کۆڵان و دواتر گواستنەوەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی بەعس و بوون بە پێشمەرگە، واقیعێکی مێژووییە، وەک چۆن لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان" {عەلی:٢٠٠٩}دا بە جۆرێکی تر نیشداندراوەتەوە و بە شێوەیەکی زۆر دراماتیکی، بە هۆی سێ خوازبێنیکەرەکەی "سەوسەن گوڵدانچی"یەوە، سێ چینی دیاری ناو کۆمەڵگەی کوردیی نیشانداوە:

- "مەنسوور ئەسرین"ی خوێندکاری زانکۆ، دەبێتە نوێنەری چینی خوێندەواری خەیاڵپڵاو، کە بەهۆی ساویلکەییەوە لە وەهمی ئەوینداربووندا دەژی.
- "خالید ئاموون"ی چاولەدەر و داوێنتەڕ و زەنگین، نوێنەری عەشایەرگەری و دواجار پارتی دیموکراتی کوردستان.
- "کامەرانی سەلما"ی چەقۆکێش و سەرکێش و لادەر، نوێنەری پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

هەر دوو ڕۆمانەکە، مێژووی شۆڕشی کوردی لە کوردستانی باشوور و کارەکتەری پێشمەرگە، دەبەنەوە سەرکردەکانی تاکی کورد لە ناو کۆمەڵگەدا. جا لای هیوا قادر، جەنگی ئەوان لە بڕینی گوانی مانگا و کلکی توتکە سەگەکانی گەڕەکەکانەوە دەستی پێکردووە. لای بەختیار عەلیش لە مێبازی و چەقۆکێشییەوە، لە ناونیشیاندا ئەوەی بێدەسەڵات و بێ هەڵوێستە، چینی خوێندەوارە، کە هەڵدێت و گۆڕەپانەکە بۆ ئەوانی سیاسی جێدێڵێت. ئەم حەقیقەتە شتێکی نامۆ و نەبیسراو نییە، بەڵام لە پاڵ ئەو هێڵەدا لە "منداڵانی گەڕەک" دا سێ خوشکەکە و چیرۆکی ئەویندارى ڕەحیم و گوڵچین دەبێتە ڕۆحی جوانی گێڕانەوەکە، لە "کۆشکی باڵندە خەمگینەکان"یشدا، چیرۆکی خودی سەوسەن و ئەوینی بۆ سەفەر و کۆکردنەوەی باڵندە؛ لەنگەری جوانی ناو ڕۆمانەکەیە.

باسکردنی ئەم دووڕۆمانە پێکەوە، پەیوەندی بە زەمەنی ڕووداوەکانەوە هەیە، لەگەڵێشیدا هەر یەکەیان زەمەنی ناوەکی جیاوازیان هەیە و بەسەرهاتەکان لە چوارچێوەی شێوازی تایبەتی هەردوو نوسەردا دەگێڕدرێنەوە. وێنەی سێ کارەکتەرە بەتەمەن، ئیماندار، شەرمن و سەڵتەکانی ئەو دیو دەرگای ماڵێکی شاری سلێمانی، وێنەیەکی دروستکراوی واقیعییە و بەشێکی تەبای، ناو ئەو هەراو زەنایەی ژیانی "گوڵ محەمەد"ە، لەگەڵ ژیانی ئەودا درێژ دەبێتەوە، کە تەنها خەیاڵ دەستی لە ئەفراندنیاندا هەیە. بەڵام وێنەی "سەوسەن" و خەونی بۆ ئازادی و دوورکەوتنەوە لە شاری سلێمانی {کە زۆرێک لە نوسەران وەک نەفرەتی هەمیشەیی تەماشای دەکەن، بۆ نموونە

عەتا محەمەد}، وێنەیەکی ناواقیعی ناباوە، بەهۆی چنینی لەگەڵ هێڵی ڕووداوەکانی تردا، خوێنەر وەک واقیع تەماشای دەکات. سەوسەن دەبێت بە کەسێتییەکی خەیاڵکرد، لە دەرەوەی ڕۆمان بۆ خوێنەران بوونی خۆی دەبێت، بێ ئەوەی پێشتر هاوشێوەکەی لە واقیعدا هەبووبێت.

**چوارەم: فەنتازیا**

پێشتر لە بارەی بەرهەمی ئەدەبییەوە دواوین، کە چەندێک واقیعیش بێت دیسانەوە بەرهەمی خەیاڵە، لێرەدا لە بارەی بەرهەمی ناواقیعییەوە دەدوێن، کە وێناکاریی زەین، دەستی لە دروستکردنیدا هەیە و بوونی لە واقیع دا ناکردە و ڕێتێنەچووە. دەتوانین فەنتازیا بەوە بناسێنن: ((چەشنێکی ئەدەبی و هونەرییە، پشت بە خەیاڵ و سیحر و بابەتی ناماقوڵ و سرووشتبەزێن دەبەستێت، یان ئەو کارە ئەدەبییە، کە خۆی لە کۆتەکانی لۆجیک و واقیع ڕزگار دەکات و بە تەواوی پشت بە خەیاڵێکی ڕەها و بەرین دەبەستێت.)){ئەسوەد:٢٠١١، ٢٦٢}

تۆدۆرۆف{تودوروف: ١٣٨٢، ٤٦}. بە شێوەیەکی ورد، فەنتازیا و دوو بابەتی تر پۆلێندەکات، کە بە ئەندێشە و فەنتازیاوە پەیوەستن، ئەوانیش "نامۆیی و سەمەرەیی"ن. ئەو لەو بارەیەوە ڕوونیدەکاتەوە، خەیاڵ لە چیرۆکدا تا ئەو دەمە دەمێنێتەوە و هەڵدەکات، کە دڕدونگی وڕاڕاییەک لە ئارادایە. ڕاڕایەک؛ کە هەم کەسێتی ناو چیرۆکەکە و هەم خوێنەریش تیایدا بەشدارە، دڕدۆنگیەکەش لەو دەمەدایە، کە دەبێت بڕیاربدەن ئایا ئەوەی هەستپێدەکەن لە ڕیالەوە(واقیعییەت) سەرچاوەدەگرێت یان نا. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا بە لانی کەمەوە خوێنەرەکە بڕیارێک دەدات و ڕێگە چارەیەک دەدۆزێتەوەو خۆی یەکلادەکاتەوە. بە سەرنجدان لەو ڕێگەچارەیە لە ئەندێشەی چیرۆکەکە دەردەچێت. تۆدۆرۆف لێرەوە دوو ڕێگەچارە دادەنێت، ئەگەر خوێنەرەکە بڕیاربدات یاساکانی واقیعیەت وەک خۆی بمێنێتەوە و ئەم یاسایانە ڕێگە بە ڕوونکردنەوەو ئاڕاستەکردنی دیاردە وەسفکراوەکان بدەن، ئەوا دەڵێین بەرهەمەکە سەر بە ژانرێکی ترە کە(ژانری نامۆیی)ە، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە خوێنەر بگاتە ئەو ئەنجامەی، کە پێویستە یاسای نوێ بۆ سروشت و واقیعییەت بدۆزرێتەوە، تا بەهۆیانەوە بتوانرێت دیاردەیەک ئاراستە بکرێت، ئەوا چووینەتە ناو ژانری ناباوەوە. لەم بەشەی ڕوونکردنەوەی تۆدۆرۆفەوە، دەگەینە سەر ئەو جیاکارییەی، کە بۆ ئەو دوو شتەی دەکات. وەکچۆن پێشتریشی باسمان لێوەکرد، دەشێت ئەو دووانە(نامۆیی و سەمەرەیی) بە چەشنێک سنوورەکانیان لێک نزیکبێت، کە بەلای هەندێکەوە نامێنێت و تێکەڵدەبێت. بەڵام لەلای تۆدۆرۆف جودایە و بۆ ئەمەش جیاکردنەوەی هەر سێکیان(فەنتازیا و نامۆیی و سەمەرەیی) پەیوەستدەکاتەوە بە کاتەوە. بۆ نموونە: پێناسەی کلاسیک بۆ دەمی ئێستا بەو شێوەیەیە کە لە نێوان ڕابردوو و داهاتوو دایە، لەمەوە دەتوانین ئەم سییانەش بە کاتەوە پەیوەستبکەینەوە، بەو واتایەی (ناباو) بە دیاردەیەکی نەناسراوەوە پەیوەستدەکرێتەوە، کە تا ئێستا ڕوووینەداوە و ڕوودەدات، کەوایە سەر بە ئایندەیە. لە

بەرامبەریدا(نامۆ) لە ڕووەوەی ئەزموونی پێشینە و سەرنجڕانەکێشە لە شتە ناسراوەکاندایە، ئەوا سەر بە ڕابردووە. لە نێوان ئەمانیشیدا خوی خەیاڵ و ئەندێشە، بەهۆی ئەو دوودڵی و گومانەوە کە تایبەتمەندییەتی، جگە لە دەمی ئێستا لە هیچ دەمێکی تردا نییە. (١٨)

ئەگەر باس لە فەنتازیای ڕۆمانی کوردی بکەین دەبینین، یەکێک لە دیمەنە فەنتازییەکانی ناو ڕۆمانی ڕیالیستی ماڵی پشیلەکان، دیمەنی سەمای ئیرۆتیکی کارینا –کارمەندی ماڵی پشیلەی سیمبا–یە. وێڕای باری سەرسامکردنی خوێنەر لە دەرەوەی ڕۆمانەکە، دەبێتە هۆی سەرسامکردنی یوسف لە ناو ڕووداوە ڕاستەقینەکانی گێڕانەوەکەدا، ئەو کە دڵنیایە ئەوەی بە چاوی خۆی دەیبینێت ڕاستییە، بەڵام نازانێت چۆن تەفسیری بکات. کارینا بە ڕووتوقوی بە کلکێکی درێژەوە لە ناو دەرگاکەدا دەردەکەوێت و بە میاواندنەوە بەرەو ناوەندی ژوورەکە دەچێت. یەک یەک پشیلەکان لە دەوری کۆدەبنەوە، پێکەوە دەست بە سەمای ڕۆمانسی خۆیان دەکەن، تا یوسفیش دەچێتە ناویانەوە، ئەوسا دەگاتە ترۆپکی ئیرۆتیکی و زمانی وەسفی دەخاتەکار بۆ نیشاندانی ئەو بەپشیلەبوونەی کارینا، وەسفەکان ئاوێتەیەکن لە نیشاندانی سەرسامی و وێنەی ئیرۆتیکی، لە چرکەساتی خۆدەرخستنی کارینا وەک پشیلە تا سەماکردن و وروژاندن و ئۆخژنکردنییەوە، یوسف سەرسامە! تەنانەت پاش خاوبوونەوەی کارینا، وێنە واقیعییەکە، هێشتا فەنتازی و ئەفسوناوی دەنوێنێت:

((..سووک سووک کەوتە سەر زەوییەکە و لە جێگای خۆیدا لەسەر ئەرزەکە ڕاکشا، جەستەی لوول کرد و باوەشی بە سنگ و بەرۆکی خۆیدا کرد، پشیلەکانیش، وەک ئەوەی چەند جارێک پێشتر ئەم دیمەنەیان بینیبێت، یەک یەک دەچوونە سەر جەستەی کارینا، تا وای لێهات جەستەی لە بەرچاومدا وردەوردە بوو بە گردۆلکەیەکی بچکۆلەی زیندوو، گردۆلکەیەکی پڕ لە پشیلەی ڕەنگاوڕەنگ و چاوداگیرساو.)){قادر:٢٠١٨، ٩٣}.

### پێنجەم: ناباوی {ناباوی}

ناباوکار کە بە زاراوەکانی نامۆکاری {ئیمە دەزانین کە ناباوی و نامۆکاری دوو شتی تەواو جیاوازن، بەڵام وەک زاراوە بەکارهاتووە و پێویستە ڕاستی بکەینەوە} ئاشنایی سڕینەوەش هاتووە{سەجادی:٢٠٠٤} بەشێکی گرنگی پێکهێنەری ئێستاتیکای هونەر و ئەدەبیاتە. کاری جوانناسی ناو بەرهەمی ئەدەبی لە دیاردەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بریتییە لە خستنەڕوویەکی جیاوازی ئەو شتانەی لە دەرەوەی ئەدەبدا هەن، جیاوازییەک کە تەنها کاری ئەدەبی یان لە واتا فراوانەکەیدا کاری هونەریی دەتوانێت دەستەبەری بکات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت، کە ئەدەب وێنایەکی دیکەی جیهانی هەبووە، ئەوا دەبێت پێداگری لەوە بکەین، لە ڕێگای نیشاندانەوەیەکی جیاوازەوە، بینەر و خوێنەر هەست بەو جوداییەدەکات و لە میانەی بەردەوامی خوێندنەوەدا، درک بەوەدەکات، کە ئەو بەرهەمە بەرلەوەی کاری نیشاندانی

نەبوویەک بێت، کە هێنراوەتەبوون، کاری ئەوەبووە هەستە پێشوەختەکانی لێدابماڵرێت و ببێتە خاوەنی دید و هەستێکی نوێ، بەرامبەر بە شتەکانی دەوروبەر و لە بەرهەمێکدا بخرێتە ڕوو.

وەها دیدیکی خولقێنەری جوانی و بەهای ئەدەبی، لە ئەدەبدا دەبێتە دیاردەیەک، کە لە لای فۆرمالیستە ڕووسەکان بە "دیاردەی ناباویی" ناودەنرێت و ئێستاتیکای بەرهەمی ئەدەبیش لەمەوە سەرچاوەدەگرێت. زاراوەی (defamiliarization) زاراوەیەکە؛ یەکەمجار بە شێوەیەکی دیار لەلایەن شکلۆفسکییەوە لە قوتابخانەی فۆرمالیستەکاندا ڕاگەیەنرا و بەیەکێک لە بنەما تیۆرییەکانی ئەدەبیاتی ئەم قوتابخانەیە دەژمێرێت. خودی بابەتەکە بەهۆی وتارێکییەوە بە ناوی "هونەر وەک داهێنان" کەوتە نێو ڕەخنە و تیۆری ئەدەبییەوە. شکلۆفسکی لە بابەتەکەیدا لە چەمکی جوانی کاری ئەدەبی و وێنەکاری شیعردەدوێت، دواتر دێتە سەر ئەو بابەتەی وادەکات، کاری ئەدەبی بابەتێک لە قاڵبێک و کلێشەیەکی سوواوە بکاتە دیاردەیەکی نوێ و گیانێکی زیندووی بەبەردا بکاتەوە. ئەم باسەی شکلۆفسکی لە دەمی خۆیدا و تا ئێستاش بناغەیەکی پتەوە، بۆ ڕووانینە دەق بە شێوەی هەڵسەنگاندن بەپێی بنەمای جوانناسی. هەڵبەت بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەم بابەتە وەک بابەتی ڕوانین نوێ نییە، بەڵکو بەر لە شکلۆفسکیش باسی لێوەکراوە، تەنانەت ئەگەری باسیشی لێوە نەکرابێت وەک مانیفێست و چەمکی ڕاگەێنراو، ئەوا شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، کە بناغەی ئەدەبییەتی ئەدەب لەسەر ئەم دیاردەیە وەستاوە.{کەسنەزانی: ٢٠١٢a،٢٤٨ }

ناباوکاری دەشێت پەیوەندییەکی قوڵی بە دنیای ئەفسانە و فەنتازیاوە هەبێت، بەڵام دابڕاوی واقیع نییە، نوسەرانێکی زۆر هەن توانای ناباوکاریی گێڕانەوەیان هەیە، بێ ئەوەی گێڕانەوەکە ئەفسانەیی بکەوێتەوە، بەڵکو خوێنەر دەخاتە سەر ئەو بڕوایەی بڵێت بۆ نا؟ بۆ ڕێی تێناچێت!. لە ڕۆمانی کوردی دا، ناباوکاریی واقیعی و ڕێتێچوو زۆرن، بەڵام سێ ڕووداوی ناو ڕووداوە زۆرەکانی سێ ڕۆمانی بەختیار عەلی؛ وەک ناباوکاری واقیعی باس دەکەین. یەکێک لەوانە دروستکردنی جەنگەڵی عاشقانە لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"دا، ئەوی تریان دروستکردنی تونێلی دوورودرێژ ژێر شارەکانی دنیایە لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا، سێیەمیان کەرەڤانەی پڕ لە باڵندەی هەمە چەشنەی ناو شارەکانی جیهان و هێنانەوەیان بۆ شاری سلێمانی لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمیگینەکان"دایە. لەمەی دواییاندا وێنەی ئەو دوو کاروانی باڵندەی تەنها دوان لە سێ ئەویندارەکە هێناویانەتەوە، وێنەیەکی نائاسایی بارودۆخێکی ئاساییە. سەوسەن داوای کردووە خوازبێنەکەرەکانی ببنە گەڕیدەی مەملەکەتە دوورەکان و باڵندەی بۆ بێنن، ئەوانیش ساڵانێکی زۆر گەڕاون و باڵندەی هەمە چەشنیان کۆکردۆتەوە. وەگێڕ کە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ چیرۆکەکە باس دەکات، بە زمانێکی ڕەوان و خۆمانەیی وەک ئەوەی خوێنەر بەشێکی بێت لەو ئێمەیە، بەڵام ئەو کات ئەو بە هەر هۆیەک بێت نەیتوانیوە شاهێدی ڕووداوەکان بێت، وێنەی هاتنەوەی کامەران و باڵندەکانمان نیشان دەدات:

((بەیانییەک هەستاین و لە ناوەڕاستی شاردا، کاروانێکی دووروودرێژی باڵندەمان بینی، چەندەها قەفەزی گەورە گەورە و چەندەها چەشنی سەیر سەیری باڵندە کە تا ئەو کاتە چاوی ئێمە لە خەونیشدا شێوەی بوونەوەری وەهای نەبینی بوو، دەیان قەفەز کە زۆربەیان پڕ بوون لە گەڵای سەرەتای خەزان، وەک ئەوەی کاروانەکە بەر لەوەی بگاتە شار، بە ناو گێژاوێکی گەورەی پاییز و جەنگەڵێکی پڕ گەڵاڕێزاندا ڕۆشتبێت.)) {عەلی:٢٠٠٩، ١٨١} ئیدی لە دوای ئەوەوە وەسفی باڵندەکان و تایبەتمەندی و جوانیان نیشان دەدرێت. تا ئەوەی سێ مانگ دواتر خالید ئامون بە خۆی باڵندەکانەوە دەگات، وێنەی بیدەنگی باڵندەکانی بە پێچەوانەی ئەوانەی کامەرانی سەلما، کوشتن و لە خوێندا گەوزانی ئەو تەیرە بێدەسەڵاتانە، دەبیتە یەکێک لە هەرە ناباوترین دیمەنی ناو ڕۆمانەکە:

((نزیکی سەعات دەونیو، هەندێکمان لە دەوری قەفەزەکان کۆبووینەوە، هەموو سەیرمان لە بێدەنگی باڵندەکان دەهات، تا بە لایت و چرادەستی سەیری ناو قەفەزەکانمان نەکرد، دڵنیانەبووین کە باڵندەی تێدایە، باڵندەکانی خالید بێ ئەندازە بێدەنگ بوون، چرکەیان لێوە نەدەهات... کە ناو قەفەزەکانمان بینی ترسێکی گەورە دایگرتین، خوایە ئەو هەموویە باڵندەیە کوژراو و زامداربوون، باڵندەی سەیرتر و قەشەنگتر لە باڵندەکانی کامەرانی سەلما..)){عەلی، کۆشک، ٢٠٩}. دیمەنی باڵندەکان لە ناوجەرگەی شار دا، دواتر گواستنەوەیان بۆ ماڵی سەوسەن و باسکردنیان، تەنها تابلۆیەکی کێشراوی ئێستاتیکی نییە، بەڵکو لەگەڵیدا جوڵە و ڕەوت و گوژمی داوە بە گێڕانەوەکان، لە لایەکەوە پڕە لە سەرسامی و بێ ئۆقرەیی بۆ تەواوبوونی چاوەڕوانی ئەو دەستەیەی، کە ئاگاداری ڕووداوەکان و بە جێناوی ئێمە دەیگێڕێنەوە. لە لایەکی ترەوە، هەڵگری مانای قوڵ و ڕەخنەکردنی کۆمەڵگای کوردی و شارە{کە مەبەست لە سلێمانییە} بۆ خوگرتن بە مانەوەوە، لە ناویشیاندا عەقڵیەتی نەگۆڕی عەشایەری و پاش گەڕانەوەی دیسانەوە مرۆڤی دۆگمای تەواو و دەست بۆ نەبراوە.

لە ڕۆمانی "ئێواری پەروانە" دا، ئەوینداران بەهۆی نەسرەدینی بۆنخۆشەوە، دەچنە جەنگەڵێکی گەورەی پاکیزەوە، بە پەیژەیەکی لە گوریس چێکراوی هەزار بە هەزاردا دادەبەزنە ناو جەنگەڵەکە، ئەوێ کە دەلالەتە لە بەهەشتی شاراوە، دەبێتە مەنزڵ و مەئوای ئەو ئەویندارانەی لە ترسی کوشتن هەڵدێن. وەسفکردنی جەنگەڵەکە بە داری چڕ و بوونەوەری هەمەڕەنگ و تاڤگەی بەخوڕ و ئاوی زوڵاڵ، وێنەی واقیعێکە ئەگەرچی ئەفسووناوی دێتە پێش چاو، بەڵام نەبوو و ئەفسانە نییە، ئەوەشی وادەکات خوێنەر بڕوا بەو جەنگەڵە بکات، گەڕانەوەی کەشفکردنێتی لە سەدەیەک پێش ئێستا دا، کە یەکەمین ئەویندار خۆی و دەستگیرانەکەی دێن و لەوێ دەژین، پاش هاتنی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە، کە ئێمە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە و لە ژیانی ناو شارەوە چاودێریانین و سەودامان لەگەڵیاندا هەیە، وێران دەبێت، چونکە دوای جەنگە زۆرەکان شوێنێک نامێنێت، ناوی شوێنی نهێنی بێت. بەمەش خوێنەر بە چڕی هەست بە بوون و فەوتانی دەکات. دۆزینەوەی ئەو جەنگەڵە و خەونی دروستکردنی مەملەکەتێک بۆ ئەوینداران، خەونی لە مێژینەی

هەموو مرۆڤە بیرکەرەوە یان ڕەنجدیدەکانی سەر زەوییە، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نمونەیی و ئایدیالی، بۆیە کارەکتەرە ئەویندارەکان، ئەم بەهەشتە ونبووە وەک جوگرافیا دەدۆزنەوە، دەیانەوێت سەرلەنوێ ببنەوە بە کۆمەڵگەیەک، یاسا و شەریعەت و خەونی خۆیانان هەبێت.

نوێنەری سازکەری ئەم جیهانەش گۆڤەندە، بە سیمایەکی پێغەمبەرئاساوە، دەروونێکی گەشبینی هەیە. دواتریش ئەوەی دەبێتە هەڵوەشێنەرەوەی خەونەکە خودی تاکەکانی ناو ئەو جەنگەڵەن، کە ئەوین تێکیشکاندوون و هیچ کات ناتوانن لەو بەهەشتەدا هەڵکەن. هەندێکیان بەهۆی هەست بە گوناهکردن، ئەوی تر شەیتانەکەی ناوەوەی، ئەوی دی تۆڵە و ناشیرینی و..هتد. بۆیە سەر لەنوێ دەکەونەوە ناو کۆمەڵگەکەی پێشوو و شکستی خۆیان دەژین. لە پاڵ ئەو ناباوکارییەدا، لە ڕۆمانەکەدا ناباوکاری ماڵی خوشکانی تۆبەکاردێت، کە هەرچەندە کۆمەڵگای کوردی هیچ کات ماڵی وەهای نەبووەو کەسانی دەفبەدەست و ڕۆحانی بێوەیترین کەسانی کۆمەڵگای کوردی بوون، بە بەراورد بەو تەوژمە ئیسلامە توندڕەوانەی کە ساڵانی دواتر کوردستانی گرتەوە، بۆیە ناباوکاری ئەوە، بۆ خوێنەری کورد سەرسامییە، خوێنەری ڕۆژئاوایی کە لە ژێر کلتوری مەسیحیدا قوتابخانەی وەهای زۆر بووە، وێنەکە نابێتە ناباوکاری و لە سنووری گێڕانەوەی باودا دەمێنێتەوە.

ناباوکاری هەبوونی تونێلێک بۆ پاراستنی جوانی و بەرهەمی هونەری و ئەدەبی، یەکێکی ترە لەو بارە نائاساییەی خوێنەر توشی دووبارە بیرکردنەوە و بینینی قوڵ دەکات، ئەگەرچی لەسەرەتادا ڕەنگە کەمێک ئەفسانەیی بکەوێتەوە، بەڵام کاتێک "مستەفای شەونم" حیکایەتی لە مێژینەڕووداوی پادشای ئەویندار دەگێڕێتەوە، کە کچێکی خۆشدەوێت و کچەش هونەرکارێک، چۆنییەتی لە ناوبردنیی هونەرو هەوڵی پاسەوانانی جوانی بۆ سازدانی ئەو ئۆقیانوسە گەورەیە، خوێنەر ناباوکارییەکە وەک واقیع وەردەگرێت. ئەوەی زیاتر هۆی قبوڵکردنی ناباوکارییەکەیە وەک حەقیقەت{چونکە دواتر، ناباوکاری ئەفسانەییشمان هەن لە ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی و ڕۆمانی تەنانەت مێژوویشدا} ئەو دۆزینەوانەی شوێنەوارناسییە، کە ڕۆژ بەڕۆژ جیهان سەیر و پەی پێنەبراوی مێژوو کەشف دەکەن. نمونەی دیاریان دۆزینەوەی لەشکری گڵێنەی "تراکوتا"ی چینییە، کە مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٢٠ پ.ز، کە حەوت هەزار سەرباز، پێنج سەدوبیست ئەسپ، سەدوسی گالیسەی سوپایی بوون. بۆیە ئەم تونێلە ناباوە، دیسانەوە دەبێتە جێی بڕوا.

گێڕانەوەی حیکایەتە کۆنەکە لە زەمەنی مێژووەوە بۆ ئێستا، لە پێناوی ئەو خاڵە گرنگەدایە لە بارەی جوانییەوە بدوێت، هەمان چەشنی وێنەی باڵندەی ناو قەفەزەکان، چەندێک وێنەیەکی جوانی ئەو تونێلە گەورەیە نیشاندەدات، کە وەک ڕەگی جەستەی شارەکان، بەیەکەوە بەستراونەتەوە و ئەوانە ڕاگری زیندوویەتی زەوین، لە گەڵیشیدا لە میانەی باسکردنی جوانی و پاراستنی جوانیدا،

ڕەخنەی زۆر کەس و گروپ و لایەن دەکات. ڕەنگە هێنانەوەی بەشێکی ئەو وتانەی لە زاری مستەفای شەونمەوە بۆ جەلادەتی کۆتر دەدرێت، بۆ ئەم باسە گونجا بێت:

((جەلادەت؛ هونەر تەنها لە دیکتاتۆرەکان ڕاناکات، لە چەند وەحشییەکی وەک ئاغای سەرەک کۆمار هەڵنایەت، زۆرجار هونەر و کتێب و جوانی ناچار دەبن لە ترسی جەهل خۆیان بشارنەوە، ئەو بینەر و خوێنەر و ڕەخنەگرانەی لە جوانی تێناگەن و حوکمی بەسەردا دەدەن، ترسناکترن لەو سەربازانەی ئاگریان تێبەردەدەن، هەندێک جار سەدەیەک تێدەپەڕیت و ڕۆحێک سەرهەڵنادات بە قوڵی لە مانای هونەر تێبگات، لە شارستانییەتی ئێمەدا ساڵان دێت و دەڕوات، هونەر لەگەڵیدا تەنیا وەک هەتیوێکی بێکەس لەدایکدەبێت و بیردەچێتەوە.هاوارەکان لەم ئۆقیانووسەدا وندەبێت، جەلادەت هەر هەرێمێک بتوانێت دیکتاتۆر و جەلاد زۆر بەرهەمبهێنێت، لەگەڵیشیاندا هونەرمەندی درۆزن، ڕەخنەگری گەمژە، بینەری کوێر، زۆر بەرهەمدەهێنێت)){عەلی:٢٠٠٥، ٤٧٩}

ناباوکاری ئەفسانەشێوە، چەشنێکە، لە ناو لۆجیکی ڕۆمانەکەدا جێگەی بڕوا بێت، لە دەرەوەی ڕۆمانەکە کاری کردە و ئەقڵبڕ نەبێت، ئەم جۆرەی ناباوکاری لە بەشێکی زۆری ڕووداو و کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکانی دیکەی بەختیار عەلیدا بەرچاودەکەون، بۆ نموونە: کەسێتی غەزەلنووس و تریفە یابەحری لە ڕۆمانی "غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ"دا، ڕووداوی چەندین جار مردن و زیندووبوونەوەی جەلادەتی کۆتر لە "شاری مۆسیقارەسپییەکان"دا، لوتکەی هەرە ناباوترینی ئەفسانەیی، کەسێتی بابردەڵەی جەمشیدخانە، بەهۆی لاوازی و بێ کیشییەوە هەمیشە با دەیبات و بەختیار عەلی بەهۆیەوە کەسێتی بێ مەبدەئی، تاکی کوردی لە نێو مێژووی چل ساڵی دواییدا نیشانداوە.

بەرجەستەیی ئەندێشە لە گێڕانەوەی ڕۆماندا، دەبێتە هێزێک هەموو توخمەکانی تری گێڕانەوە دەخاتە ژێر جڵەوی خۆیەوە، لە نیوان ئەندێشە و واقیعدا دەبێتە گەمەیەکی ئاشکرا. بە تایبەت لە گێڕانەوەی ڕیالیزمی جادوویی و سوریالی دا، کە خاڵی لێکچوونی زۆریان لە نێواندایە: ((لە ڕیالیزمی جادوویی دا هەمیشە پەیوەندییەکی چنراو لە نیوان لایەنە واقعی و ئەندێشەییەکاندا هەیە، ڕووداوە ڕێتێنەچووەکان، جۆرێک لە خواستن بۆ نیشاندانی دژایەتییە ناسازەکانی مێژووی مۆدیرن، بەلام لە سوریالیزم دا خواستنەکان دەبنە واقیعی و دنیای عەقڵ و تێگەشتن، بارگەوبنە دەبەستن و دەڕۆن)){لاج:١٣٨٨، ٢٩٦}

ڕووداوی ئەفسانەیی و تێکەڵ بە فەنتازیا لە ڕۆمانی "کازینۆی منداڵان"ی کاروان کاکەسوور دا لە کەسێتی وەگێڕی بەشی سییەمی ڕۆمانەدا دەردەکەوێت، جگە لەوەی ئەم بەشە پشکی لە سەرسامکردنی خوێنەردا هەیە، چونکە دوو بەشی پێشووی ڕۆمانەکە لە لایەن دوو کوڕەوە گێڕاونەتەوە، کە لە منداڵیدا پێکەوە بەخێوکراون و ڕووداوەکان. لە ناو تەوژمی هۆشدا ئاسایی نوێنن، بەلام لە بەشی سێیەم دا وەگێڕێک بە شێوەیەکی نائاسایی دەردەکەوێت، خۆی وەک

خوشکیان دەناسێنێت، کە کچی باپیری یەکێک لە کوڕەکان و خوشکی هەردووکیانە بەهۆی ئەوەی ئەوان شیری ئەو مانگایەیان خواردوە کە دایکی ئەمە:

((باوەڕ ناکەم ئێوە، کە ئەوەتا تەمەنتان لە هەشتا تێدەپەڕێت، بۆ تاقە جارێکیش خەیاڵتان بۆ ئەوە چووبێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان ژنێک لەم شارەدا دەردەکەوێت و پێتان دەڵێت: من خوشکتانم، ئەگەر ئەمەتان بەلاوە سەیر بێت، ئەوا سێ شتی زۆر سەیرتریشم لایە: یەکەم ناوم پەریهانە، دووەم: کچی مەیسوون و حەمدیم، سێیەم، مەبەستم "مەیسوون" ئەو مانگا سپییەیە کە بە منداڵی ئێوەی بەخێوکردووە و تاکو ئێستاش بە دایکی خۆتانی دەزانن، بگرە هەر بە ڕاستیش دایکتانە، مەگەر ئەو شیری خۆی بە ئێوە نەداوە، برا ئازیزەکانم؟!)){کاکەسوور:٢٠١٣، ١٩٥}

لە ڕۆمانە مێژووییەکانی "جان دۆست"دا، ناباوکاری بەهەردوو شێوەی واقیعی و ئەفسانەیی دەردەکەوێت. ئەگەر تەماشای ڕۆمانی "میرنامە" بکەین، ڕووداوی ڕۆژی ناشتنی ئەحمەدی خانی، لە زاری کارەکتەرەکانی دەورییەوە، بەر ئەو ناباوکارییە دەکەوین. ڕووداوەکە وەهایە لە دەمی ناشتنی تەرمەکەدا، بارانی بەخوڕ دەبارێت و هەمووان تەڕ دەکات، بەڵام کفنەکەی ئەو تەڕ نابێت. پاش ناشتنیشی بارانەکە لە ئاوەوە دەبێت بە مەرەکەب، هەموویان بەهۆی دەنگی "تەیموری فاسق"ەوە سەرنج دەدەن، هاواردەکات: ئەی هاوار ئەمە چییە مەرەکەب دەبارێت!{دۆست:٢٠١٧، ٢٥} ئەم ڕستەیە دواتر دەبێت بە دەستپێک بۆ گێڕانەوەی ئەوانەی تر، کە لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەدا ئامادە بوون. هەندێکیان بە مەرەکەبی دەزانن و هەندێکی تری وەک "بوهاری" بە دوکەڵی دوکەڵکێشەکان. لە هەردوو بارەکەشدا، هیچ لەوە ناگۆڕێت، ئەو بارانەی دڵۆپەکانی ڕەشن و قوماشی خامەک و ئەسڵ و گرانبەهای وەک "حاجی زوهدی بازرگان"ی چەشنی خاڵخاڵۆکە پڕ لە پەڵەی ڕەش کردووە و لەگەڵ گێڕانەوەکاندا، وەک ڕووداوێکی ناباوخۆی دەنوێنێت. ئەگەر خوێنەر هاودڵی لەگەڵ بوهاری بێت ئەوە دەبێتە ناباوکاری واقیعی و ئەگەریش لەگەڵ تەیموری فاسق و دۆستانی خانی بێت، ئەوە ناباوکاریی ئەفسانە، هەر چەندە بەهۆی کەشی زاڵی عیرفانی و ئەدەبی ناو گێڕانەوەکەوە، کۆی ڕووداوە نائاساییی و باوەکانیش لە ناو ڕۆمانەکەدا، وەک باری شیاو بۆ ئەحمەدی خانی دەردەکەوێت. لەو دیدەوەی بەهۆی کەسێتی پیرۆزییەوە هەموو حاڵەتێکی بانواقیع بە شیاو دەزانن بۆ ئەو، ئەمانەش وەک کەرامات خۆیان دەنوێنن، کە حاڵەتی ئەفسانەییە بۆ کەسانی ئایینی.

### شەشەم: سەرسامکردن

لە ڕۆماندا یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی گێڕانەوە کە زیاتر جێی سەرنجە، سەرسامکردنە. پەیوەندی ڕاستەخۆی بە چۆنییەتی چنینی پلۆتەوە هەیە، چونکە ئەگەر خوێنەر بتوانێت یەک بە یەکی جوڵەکانی پلۆتەکە پێشبینی بکات، ئەوا ئالوودەی گێڕانەوەکە نابێت، هەر بۆیە جوڵەکان نەک دەبێت چاوەڕوان نەکراو بن، بەڵکو دەبێت لەگەڵیشیدا بڕواپێکەربن. {لاج:١٣٨٨، ١٣٥} یاریکردن

بە خستەڕووی ڕووداوەکان لە گێڕانەوەی ڕۆماندا، دەبێتە هۆیەک بۆ سەرسامکردنی خوێنەر و ڕووبەڕووکردنەوە لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا، کە بە هیچ جۆرێک چاوەڕوانی نەبووە. وەک: لە ڕۆمانی "ژانی گەل"ی ئیبراهیم ئەحمەد دا خوێنەر سەرسام دەبێت، کاتێک دوای چاوەڕوانییەکی زۆر لەگەڵ "جوامێر"ی شاکەس دا، دەیانەوێت ژوانی هاوسەر و کوڕەکەی ببینن، کە لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا جوامێر بە ژانی منداڵبوونەوە بە مەبەستی بانگکردنی مامان، بەجێیدەهێڵێت و تا دەساڵ نایبینێت. جوامیر دەکەوێتە ناو خۆپیشاندانەوە و وەک سیاسییەک دەخرێتە زیندانەوە. دەستپێکی ڕۆمانەکە ئەو کاتەیە کە "جوامێر" لە زیندان ئازاد کراوە، بە تەکنیکی گەڕانەوە بۆ دواوە، دەمی جێهێشتنەکە نیشاندەدات. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی ئێستای گێڕانەوە و ئازادبوونی و گەڕانەوەی بۆ ماڵی لاوەی ئامۆزای، بە مەبەستی بینیی هیوای کوڕی و کاڵێ خێزانی.

خوێنەر لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەڕوات و چاوەڕێیە، بزانێت دەی جوامێر ئەوان دەبینێ یان چیان لێهاتووە و بۆ ناتوانێت بیانبینێت، بەڵام لە بری کردنەوەی ئەو گرێیە، ڕوداوەکان دەگەڕێنەوە بۆ دوو ساڵ پێش ئێوارەی ژانگرتنەکەی دەساڵی پێشوو. بەوەش خوێنەر هەنگاوێک لە گەیشتن بە کۆتایی چاوەڕوانییەکەی بۆ بینینەوەی ئەوان، دوورتر دەکەوێتەوە. چونکە ڕوواوەکان گەڕێنەوە بۆ دەمی لاوێتی جوامێر و کاڵێ و چۆنییەتی ئەوینداری و پێکەوەبوونیان. بەو جۆرە لە ڕۆمانەکەدا یاری بەگێڕانەوە دەکرێت، تا جوامێر و خوێنەر پێکەوە توشی سەرسامی دەبن، کاتێک دەردەکەوێت هەموو ئەو وێنەی بونیادنراوە بۆ ساتی ئەو پێکەوە شادبوونەوەیە، خەیاڵییە و بوونی نییە، چونکە هەر ئەو دەمەی جوامێر دەچێتە دەرەوە، کاڵی گیان دەسپێرێت و کوڕێک بە ناوی هیوا لە دایک نابێت. ئەو سەرسامییەی بەرۆکی جوامیر دەگرێت لە جۆری نائومێدی و خەمباری قوڵە، بەڵام بۆ خوێنەر جۆرێکی ترە، فریوێکی گێڕانەوەیی و تەکنیکییە، کارزانی نوسەرەکەی دەردەخات.

باری سەرسامکردن لە ڕۆمانی منداڵانی گەڕەک دا{قادر:٢٠١٠} دەکەوێتە کۆتا بەشی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەوە. تەکنیکی گێڕانەوە لە جۆری "میتاڕۆمان" ە و کارەکتەری "گۆستاڤ" کە پزیشکی دەروونییە و نوسەری سوێدییە، بەر گەنجێکی کورد دەکەوێت بە ناوی "گوڵ محەمەد" و داوای لێدەکات، هەم گوێی لێبگرێت بۆ سارێژبوونی دەردی، هەمیش بە شێوەی ڕۆمان، ڕووداوەکان بنووسێتەوە. چەندین جار داواکەی دووبارە دەکاتەوە، تا لە کۆتاییدا بەهۆی کچی ڕۆماننووسەکەوە، گۆستاڤ ڕازی دەبێت بە نووسینەوەی بەسەرهاتەکانی گوڵ محەمەد، چونکە "سیسلیا" مەرجی خۆدرەخستنی بۆ باوکی بڵاوکردنەوەی بەسەرهاتەکانی هاوڕێ کوڕەکەیەتی، کە گوڵ محەمەدە. هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە ڕووداوێکی کۆنی خێزانی گۆستاڤەوە.

گۆستاڤ و یولیا یەکیان خۆشدەوێت و یولیا پەیمانی ئەوە دەدات، تا ئەو ڕۆژەی گوستاڤی خۆشدەوێت جێی نەهێڵیت، بەڵام کاتێک زانی خۆشەویستییەکەی نەماوە، ئەوا باوەشی پیاوێک تر

دەدۆزێتەوە بۆ خۆی. هەر بۆیە ڕۆژێک، کە بە سیسیلیا دووگیانە، بە گۆستاڤ دەڵێت: ئەو پەیوەندی سەرجێی لەگەڵ جۆرجی ڕەش پێست دا هەیە و ئێستە ئەو دۆستێتی. بۆیە گۆستاڤ؛ کە نازانێت منداڵەکە هی ئەوە یان جۆرج، بڕیاردەدات بۆ هەمیشە ئەو ژنە بەجێبهێڵێت و دواتکاشی ئەوەیە کچەکە ناو بنێت سیسیلیا. ئەم ڕووداوە کە پارچە پارچە لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیانی گوڵ محەمەدی پەناهەندەدا دەگێڕدرێنەوە، دەبنە هەقیقەت، هاوخەمی و سۆزی خوێنەر بۆ لای گوستاڤ ڕادەکێشن، بەڵام کە ڕووداوەکانی گوڵ محەمەد تەواو دەبێت و ڕۆمانەکە دەگاتە خاڵی کۆتایی، ڕاستییەک دەنووسێت خوێنەر توشی ڕاچەنین دەکات، کە هەموو ئەوانەی باسی کردوون لە پەیوەندییە خێزانییەکە و تەنانەت پەیوەندی سیسیلیای کچی و پەناهەندەکە، پێچەوانەیە و ئەوانە تەکنیکی بەکارهاتوو بۆ نووسینی ڕۆمانێک بوون. ئەوە پەناهەندە نەبووە هاتووە بۆی، بەڵکو ئەو خۆی چووە بۆ کوردستان و لەوێ بۆ ماوەی سێ مانگ ماتەوە. لەگەڵیشیدا ئەوە ئاشکرا دەکات، کە گۆستاڤ ولیای بەجێهیشتووە و شتێک نییە، بە ناوی خیانەت و کەسێکیش بە ناوی جۆرجەوە لە ئارادا نییە:

((من نە ئەو کات و نە ئێستاش ناتوانم، نە بۆ تۆ نە بۆ یولیا ئەو هۆکاری بەجێهێشتنە باسبکەم، نەک لەبەر ئەوەی نامەوێت، بەڵکە لەبەر ئەوەی زۆر بە سادەیی نازانم. بەڵام تەنها داوایەکی من لەو نامەیەدا بۆ یۆلیا ئەوە بوو، کچەکەمان کە تۆ بوویت ناوبنێت سیسیلیا، پاڕابوومەوە لیی وتبووم؛ لەبەر خاتری ئەو ڕۆژە جوان و خۆشانەی لە ژیانی هەردووکماندا هەبووە، کچەکەمان ناوبنێت سیسیلیا. من دڵنیابووم یولیا دوای خوێندەوەی ئەو نامەیە زۆر ڕقی لێم هەستاوە... ئەشمزانی من بەم کارەم تا هەتایە دڵی ئەو و تۆ لە خۆم ئەڕەنجێنم.)). {قادر:٢٠١٠، ٣٨٤}

هەمان شێوازی سەرسامکردن، لە ڕۆمانی ماڵی پشیلەکانیش دا هەیە، بە هەمان بیرۆکەی جێهێشتن و خیانەتکردنەوە. ڕۆمانەکە لە بارەی پەنابەرێکی کوردەوەیە-یوسف- سزای یەک مانگی کاری زۆرە ملێی بەسەردا دراوە. سزانەکەش بریتییە لە ڕۆژانە هەشت سەعات کارکردن لە ماڵی پشیلەکان دا. ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەبەسترێنەوە بەو کەسانەی لەوێ کاردەکەن، ئەوانەی پشیلەکانیان دێنن بۆ ئەوێ و خودی پشیلەکانیش. لە ناو هەموو ئەو ڕووداوانەدا، چیرۆکێک بە درێژی دەکشێت، چیرۆکی خاوەنی پشیلەیەکی قاوەیی ئێرانییە، بە ناوی زیبا-وە. خاوەنی پشیلەکە پیاوێکە بە ناوی ئاغای شەریفییەوە، ئەو دەمەی ژنە زۆر نازدار و جوانەکەی کە ناوی زیبایە، بەسەردانێک دەگەڕێتەوە بۆ لای دایکوباوکی لە ئێران و بۆ ئەبەد ناگەڕێتەوە، ئاغای شەریفی ئەو پشیلە قاوەییە لە ماڵی پشیلەکان دەکڕێت، وەک دیارییەک بۆ ساڵوەگەڕی هاوسەرگیریان و پشیلەکەش ناو دەنێت زیبا، وەک نیشاندانی ئەوینی نەبڕاوەی خۆی بۆ هاوسەرەکەی کە جێیهێشتووە. شەیدایانە چاوەڕێی گەڕانەوەی زیبای ژنی دەکات، بەڵام زیبای ژنی دوانزە ساڵ دواتر دەگەڕێیتەوە، ئەویش نەک بۆ ژیان لەگەڵ مێردەکەی، بەڵکو بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی بە خاک سپاردنی و دڵدانەوەی فریشتەی کچیان.

لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە، کە بەر ئەم هێڵە باریکەی گێڕانەوەی دوو زیبا دەکەوین لەگەڵ هێڵەکانی تردا، هاوسۆزی و هاودڵیمان چەشنی ڕۆمانی منداڵانی گەڕەک، بۆ ئاغای شەریفییە، کە ژنەکەی بەجێی هێشتووە و هەرگیز ئەو ئەڤینەی لەبەرچاو نەبووە، کە ئەم بۆی هەبووە. بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکە و کۆتایی ڕووداوەکاندا، فریشتەی کچی ئاغای شەریفی چیرۆکی ڕاستەقینەی دایک و باوک و زیبای پشیلە، بۆ یوسفی پەناهەندە و کارگوزاری کاتیی ماڵی پشیلەکان و زیبای پیشلە باس دەکات، ئەو کات خوێنەر سەرسام دەبێت، بەو یارییەی لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە لەگەڵی کراوە و ئەو وای زانیوە یان وای لێکەیەنراوە کە زیباخانم بێ مورووەت بووە وکچە هەژدەساڵان و شووەکەی بەجێهێشتوە، بەڵام ئێستا لە زاری کەسی یەکەمی خێزانەکەوە، لەبەردەم ڕووداوە ڕاستییەکە دایە، بۆیە هەموو هاودڵی پێشووی هەڵدەوەشێتەوە.

چیرۆکە ڕاستەقینەکەش ئەوەیە، فریشتە، ئانای هاوڕێی دەبات پۆرترێتی دایک و باوکی بکێشێت، ئانا هەر زوو پۆرترێتی دایکی دەکێشێت، بەڵام هی باوکی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک دەمێنێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی ئانا و ئاغای شەریفی و خیانەتکردن لە هاوڕێیەتی فریشتە و لە زیبای هاوسەری. دیمەنی ڕۆژی خیانەت و تێکەڵبوونی جەستەی ئانا و شەریفی، لە لایەکەوە فریشتە دەیبینێت، لە لایەکەوە زیباخانم خۆی دەکات بە ژووردا، هێندە ورد و پڕ سەلیقە نیشاندراوە، خوێنەر خوێنی دەجۆشێت و پەشیمانی هەموو ئەو هاودڵییەی پێشووی دەبێت و هەموو مافێک دەدات بە زیبا خانم و کۆتاییەکەشی وەها نیشان دەدات:

((دایکم دەستی دایە ئەو تەپڵەکەجگەرە کریستاڵەی، کە لەسەر مێزی کارکردنی باوکم بوو، ویستی بیکێشێت بە سەری باوکمدا، بەڵام سورێکی بە جەستەخواروخێچەکەی خۆی دایەوە و بەهەموو هێزی گرتییە ئەو پەنجەرەی من لەو دیوەوە بە بێدەنگی و ڕەنگی سپی و چاوی گریاناوییەوە وەستابووم. لەو پەنجەرەیەوە کەوتمە بەرچاوی دایک و باوکم، هەرسێکمان لەوێدا جارێکی تر بەر گوژمی ڕاتەکانێکی گەورەتر کەوتینەوە و هەر یەکەمان لە قوڵایی دەروونیدا، گوێی لە شکانی شتێک بوو لە ناوەوەیدا هاڕەی دەکرد. کاتێک ئاوڕیشم دایەوە بۆ لای دەرگای دەرەوە، ئانام بینی لە جێگای خۆیدا وەستا بوو، بە چاوێکەوە سەیری ئەکردم، کە پڕ بوو لە پەشیمانی، گلەیی، توڕەیی و شەرمەزاری.

زیبا! تۆ دوای ئەو ڕووداوە بە چەند هەفتەیەک هاتیت بۆ ماڵی ئێمە، بەڵام ئەو کاتە نە دایکم لەوێ مابوو، نە باوکم ئەو باوکەی جاران بوو، نە منیش ئەو کچە هەژدە ساڵە نەفامە بووم، کە لە سنووری منداڵی و گەورەییدا جۆلانەم دەکرد)){قادر:٢٠١٨، ٢٩٧}.

## پارچەی دووەم: ڕیالیزمی جادوویی

هەر یەک لە خاڵەکانی: "ناباوی، سەرسامکردن، فەنتازیا، خەیاڵ، واقیع..." کاتێک یەک بگرن، کەرنەڤاڵی ئێستاتیکی گێڕانەوە دروست دەکەن. کۆکرنەوەی ئەو هەموو لێکچوونە تا سنووری تێکەڵی، ئەو هەموو دژایەتییە تا ئەوپەڕی لەیەک دووری، لە گۆڕەپانی ڕۆمانی ڕیالیزمی جادووییدا، دەبێتە دروستکەری تێکستی هەرگیز لە ناونەچوو و هەمیشە زیندوو، نمونەی ڕۆمانە جیهانییەکان سەلمێنەری ئەوەن، ڕۆمانەکانی وەک::منداڵانی نیوەشەوی سەلمان ڕووشدی، مورشید و مارگرێتای بۆلگاکۆف، سەدساڵ تەنیایی گابرێل گارسیا مارکیز، بەدگۆڕانی فرانس کافکا، سێینەی ئیتاڵۆ کالڤینۆ" و زۆرێکی تر. لە چیرۆکی کوردیدا، نمونەی ڕیالیزمی جادووییمان زۆرە و لە شوێنی تردا لێی دواوین، بەڵام بەڕای ئێمە لە ڕۆماندا وێڕای ئەوەی نموونەکان زۆرنین، پێگەشتووترین و باشترین مۆدێل، {هەتا ئێستا}ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی-ن.

ڕیالیزمی جادوویی بە شێوازی ئێستاتیکی ناودەبرێت و تویژەرانی کورد، زاراوەکانی: ڕیالیزمی ئەفسوونگەرا، ڕیالیزی سیحری، ڕیالیزمی جادوویی، ڕیالیزمی وەهمیش، بەکاردێنن و مەبەستیش لە زاراوەکە: ((شێوازێکی ئێستاتیکی یان ژانرێکی ئەدەبییە و لە کورتترین پێناسەدا، ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە ڕەگەزێکی ئەفسوونگەرا، یان ڕووداوێکی نائاسا، کە ناچێتە مێشکەوە سنووری شوێنکات و دەوربەرێکی ڕاستەقینە دەشکێنێت و بڵاودەبێتەوە)). {یاقووب:٢٠١٩، ٣٣٥} ڕیالیزمی جادوویی، جۆرێکی گێڕانەوەیە کە هێڵی زۆر تەنک وتیوار، واقیع و خەیاڵ لەیەک جیادەکاتەوە، ڕیشاڵی واقیع و خەیاڵ وەها پێکەوە دەچنرێن، خوێنەرانێکی زۆر سەراسیمە و ئەفسون دەکەن، ڕەنگە بەلای کەسانێکەوە ڕیالیزمی جادوویی بەشێک، لە ئەدەبیاتی خەیاڵپلاوی یان ئەفسانەیی بێت، بەڵام کاتێک ڕەچاوی واقیعمان کرد، بابەتەکە دەگۆڕێت. نوسەرانی ئەم شێوازەی گێڕانەوە، پێیان وایە جیهانی واقیع، ڕەنگە واقیع نەبێت و خەیاڵ بێت، کەسیش ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت، ئێمە لە جیهانی خەیاڵی یان واقیعدیا دەژین، کەس نازانێت ئایا ئەم جیهانە ڕەوتی ئاسایی هەیە یان جگە لە خەونێک هیچی تر نییە، خەونێک ڕەنگە ئەوانی تری تێدا پشکیان هەبێت یان نەبێت. کاتێک جۆزێف کۆنراد {اخوت:١٣٧١، ٨١} پێیوایە تەنانەت ئەگەر نوسەرێک چیرۆکێک لە بارەی جیهانەوە بنووسێت، چەندێک بیەوێت گێڕانەوەکەی واقیعی بێت، دیسانەوە چیرۆکەکەی خەیاڵئامێز دەردەچێت، چونکە جیهان خۆی خەیاڵئامێز و قوڵ و پڕڕازە. بۆرخیس و کارساس دەبنە هاوڕای، هەر سێکیشیان پێیان وایە ئەوان خەریکی گێڕانەوەی خەیاڵ نین، بەڵکو ژیان خۆی شتێکی نامەئلوف و کەشفنەکراوە. جگە لە مان بەختیار عەلی ڕایوایە بەکارهێنانی خەیاڵ و فەنتازیا وەک کەرەستەی گێڕانەوە، تەنها یاریدەدەرە، وەگەرنا سەرسامی زۆری بۆ مرۆڤ وەها دەکات بگێڕێتەوە، ئەو سەرسوڕمانی بێسنووری بوو بۆ مرۆڤەکان، توانای مرۆڤەکان و بۆ ویست و بۆ زیرەکییان بە پاڵنەری ئەو گێڕانەوانە دەزانێت کە بە خەیاڵ ناودەبرێن و دەڵێت: ((هەموو ڕۆمانەکانم لەو سەرسامییەوە سەرچاوە دەگرن. خەیاڵ و فەنتازیا هەمیشە کەرەستەی من بووە، بۆ ئەوەی باس لە جوانییەکانی ژنان، پیاوان و منداڵان بکەم، چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان

بگێڕمەوە، چیرۆکی ئەو مرۆڤانە بپارێزم کە لە چەقی شەڕ، کارەساتەکان و ململانێکاندا ڕوحی زیندووی خۆیان و مرۆڤبوونی خۆیان دەپارێزن و ئەوانی تر فەرامۆش ناکەن. بۆ من گرنگە پێشانی بدەم، هەر مرۆڤێک هەرچەندە خاوەنی دەسەڵاتێکی ترسناکیش بێت، شەڕەنگێز یان بێدڵ یاخود ڕقاوی و پڕکینەیش بێت، کەسێکە، مەخلوقێکە، ئێمە دەتوانین لە هەناویدا، لە ناخیدا، شتێک بدۆزینەوە کە مایەی سەرسوڕمان بێت.)){عەلی:٢٠١٧، کولتوورمەگەزین}. سەرسامی بەختیار عەلی، دەبێتە مایەی ئەوەی بە تێکەڵکردنی واقیع و ئەفسوون، مرۆڤ و جیهانەکەی سەر لەنوێ بەجۆرێکی تر نیشانبداتەوە، هەر بۆیە توخمە بونیادییەکانی گێڕانەوە لە: کەسێتی، شوێنکات، ڕووداو، چنین، ئاواز..هتد بە ئاوێتەکاری خەیاڵ و ڕاستی گێڕانەوەکە بونیاد دەنێن و سەرەنجام دەبنە بەرهەمهێنەری دەقێکی پڕ لە ڕاستی ژیان و باسی سەیروسەمەرە، لە لایەکەوە خوێنەر سەرسام دەکات، لە لایەکی ترەوە دەیخاتە ژێر بیرکردنەوە لە توانا شاراوەکانی مرۆڤ و نهێنە کەشفنەکراوە؛ جیهان!

ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، چەندێک گێڕانەوەی ڕووداون، هێندەش گێڕانەوەی کەسێتین، کەسێتیسازی لە ڕۆمانەکاندا هێندە بەرجەستەیە، خوێنەر زۆرجار چاو لە ناواقعیبوونی هەندێک کردەی دەپۆشێت و خودە واقیعییەکەی وەک تاکی ناو کۆمەڵ تەماشا دەکات. ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر بۆ کەسێتی پیاو دەگەڕێتەوە، ڕەنگە کەسێتییە مێینەکان، نموونەی زۆر ئایدیالی یان دووری ناو کۆمەڵی کوردی بن. کەسێتی وەک: مەنگوڕی بابا گەورە، موسای بابەک، محەمەدی فیردەوسی، گۆڤەند..چەندانی تر، بونەوەری کۆمەڵگای کوردین، خوێنەری کوردی زمان، دەیناسێت و دەستی لێدەدات و درکی دەکات، بۆیە لە ناو ڕووداوە ئەفسوناوییەکاندا پشتی تێناکات و بڕوا دەهێنێت بەوەی لە چوارچێوەی واقعی گێڕانەوەکەدا ڕوودەدات. گێڕانەوەکانی بەختیار عەلی؛ لە چوارچێوەی ئەدەبی ڕیالیزمی جادوویدا، پەیڕەوکاری کۆمەڵێک هێڵی گشتی و دووبارەیە، کە خودی ژانرەکە وەک هەر یەک لە ژانرەکانی تر، پەیڕەوی دەکات. بۆ نموونە: وەک چۆن ڕۆمانی مێژوویی، کەڵک لە کەسێتییەکی ناو مێژوو وەردەگرێت و بە تێکەڵکردنی کەسێتی خەیاڵی ڕووداوەکەی دەسازێنێت، ئاوهاش ڕۆمانی شەپۆلی هۆش گرێی دەروونی و کەپتی سێکسی و بیماریی ڕۆحی دەکات بە ناوەندی گێڕانەوە. ئەگەر نموونە بۆ هەر یەک لەوانە بێنینەوە، بەر ئەو ڕۆمانە زۆرانە دەکەوین، کە لەم چەند دەیەی کۆتاییدا لە بارەی کەسێتییە ئایینییەکانی دنیا بە گشتی و ڕۆژهەڵات بە تایبەت نووسراون. لە هەر یەک لەوانە کەسێتییە دیارەکە، لە ناو زنجیرە ڕووداوێکدا هەڵدەسوڕێنترێت، کە وابەستەی ئەوینێکی زەمینییە. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو دەخرێتە ناو دیمەنی زۆر ڕۆمانسی و ئیرۆتیکی و تابووەوە، ئەم خاڵە ئەوەندە دووبارەبۆتەوە، هەر کات بەر ڕۆمانێکی نوێ دەکەوێن، پێشوەختە ڕازی هێڵی کارکردنی لەبەردەماندا درکاوە، ڕەنگە ڕۆمانەکانی کە لەبارەی: (قەشە ئاگۆستین، مەولانا جەلالەدین، عومەر خەییام، سوهرەوەردی، مەنسوری حەلاج و ئیبن عەرەبی..)وەن، دەرخەری مەبەستمان بن. هەرچی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشیشە، کە شێرزاد حەسەن و کاروان عومەر کاکەسوور، دەنگی بەرجەستەن

له ناو ئەدەبی کوردیدا، لەو ڕەوتە بەردەرنین، کە خودی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش، بۆ بونیادی گێڕانەوە، لە وڕێنە و خۆدواندن و درکاندن، کەڵک وەردەرگرێت. تاکی نەخۆشی پڕکێشە، کە هەمیشە پێیەکی لە ناو ڕابردوو و منداڵیدایە، دەبێتە شاکەسی ئەم مۆدێلە لە ڕۆمان. ئەگەر بێینەوە سەر ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی لەگەڵیشیدا پەیوەستی بکەینەوە بە سنووری گێڕانەوەناسی لای بەختیار عەلی، لە ناو بازنەیەکی گەورەتری ئەو نوسەرانەی سەر بەم تەیارەی گێڕانەوەن، ئەوا چەند خاڵێک دیاریدەکەین:

**یەکەم: دەقئاوێزان**

لە غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ-دا، لە چەندین بەشی جودای ڕووداو و گێڕانەوەکاندا بەر دەقئاوێزان دەکەوین، هەندێک لەوانە حیکایەتی فۆلکلۆر و گۆرانین، هەندێکی تریان بەرهەمی ڕۆژئاوایین و بوونەتە هۆی چڕکردن و ڕەگدارکردنی گێڕانەوەکان. دەقئاوێزانی حیکایەتی فۆلکلۆر لە دیمەنێک دا، سەرنجڕاکیشانە خراوەتە ڕوو، ئەو دەمەی غەزەلنووس وەک گەڕیدەیەکی دەروێش مەسلەک، دەستی بە سەفەری پاڵەوانانەی خۆی کردووە. بەلای ئێمەوە ئەم دیمەنە ئاوێزانکراوەی هەقایەت بە گێڕانەوە مۆدیرنەکەی ڕۆمانەکەدا، بەیەکێک لە ئێستاتیکی ترین دەقئاوێزان دادەنرێت لە پاڵ ڕووداو و دیمەنەکانی تردا، کە نموونەیان وەردەگرین. لە دیمەنەکەدا غەزەلنووس چەشنی پاڵەوانی ناو هەقایەتەکان، کە بۆ گەشتە چارەنووس سازەکەی دەڕوات، لە ناکاو پیری نوورانی یان جادوگەری فەریادڕەس دەبینێت، ئەمیش وەها پیرەژنێک دەبینێت، کە دەرخەری نهێنییەکی گرنگە{بڕوانە مۆتیڤی دەستەواژە لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا}:

((غەزەلنووس ڕۆژێک بە دەم غەزەل خوێندنەوەوە، گەیشتە دەشت و تەلانێکی سەوز، وەک دەروێشی دەور و زەمانە دوورەکان، گۆپاڵێکی درێژی پێبوو، بە خۆی و هەگبەیەکی مۆنەوە بە ڕێگا دا دەڕۆیشت. ڕیشی تا سەر سنگی هاتبوو، قژێکی لوول و قەترانی تا سەرشانی بەردابووەوە. لە ناکاو ژنێکی بە تەمەن هاتە سەر ڕێگای و گووتی: "ها غەزەلنووس بۆ کوێ دەچیت؟" غەزەلنووس بە دەستووری پاڵەوانی ناو هەقایەتە ئەفسانەییە کۆنەکان گووتی: " داپیرە چۆن دەزانیت ناوم غەزەلنووسە، ئاوهاش دەزانیت بۆ کوێ دەچم". پیرەژنەکە گووتی: "کەواتە دوامکەوە، ژنێک هەیە ئیحتیاجی بە هاودەستی تۆیە". غەزەلنووس چوارشەو و چوار ڕۆژ بە بێدەنگ دوای ئەو داپیرەیە کەوت. بە خاکی گەلێک سارد و بە سەرزەمینی زۆر گەرمدا ڕابوردن، بە باغی گەلێک سەوز و بە چیمەنی زۆر پەژمووردە و بێئاودا تێپەڕین، بە گونددا ڕابوردن نوقمی وشکەساڵی بوو، بە ئاوەدانییە خوڕەم و پڕپیزیشدا گوزەریان کرد. دواجار گەشتنە گوندێکی زۆر بێدەنگ و فەرامۆشکراو. گوندەکە تەنیا لە چەند ماڵێکی چکۆلانە و نزم و داڕوخاو پیکهاتبوو... لە یەکێک لەو ماڵانەدا غەزەلنووس ژنێکی چکۆلانە و نەخۆشی بینی لەسەر جێگایەکی چکۆلانە و

پەرپووت کەوتبوو. دۆشەکێکی دڕاو، لێفەیەک بە متیلێکی بۆر، و سەرینێک لە سوورمەی مۆر و هەڵوەشاو، هەموو شتێک سارد و کۆن و بێڕەونەق دەینواند......)){عەلی:٢٠٠٧، ١٨٣}

لە ڕۆمانەکە دا، دەقئاوێزانی ئەو هەقایەتە کۆنانە، باشترین ڕێگەیە بۆ قەناعەتپێکردنی دۆزینەوەی ئەو ژنە و بینینەوەی غەزەلنووس. جادووی هەقایەت بە گشتی و هەقایەتی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەتی، یارمەتیدەرێکی باشن بۆ چنینی دەقی فەنتازی و خەیاڵئامێز لە ناو ڕۆماندا. لە باسێکی تردا لە بارەی دەقئاوێزانی حیکایەتەوە دواوین، کە چۆن ڕۆمانی نوێ پشتی پێدەبەستێت، نموونەی ڕۆمانی ساڵی بەڵای عەباسی مەعروفی و تەمی سەرخەرەندی شێرزاد حەسەنمان وەرگرتبوو. کە گەلێک حیکایەتی دێرینیان تێکەڵ بە ڕووداوەکان کردووە و پلۆتی گێڕانەوەکەیان پێ بوونیاد ناوە. بەو هۆیەوەی لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ ڕۆمانی ئەفسووناوی دا هەیە، ئەوە حیکایەتی پەرییان و ئەفسانەیی دەبنە بزوێنەری بابەتەکە و لەپاڵیشیدا وەک کارکردن لەسەر سایکۆلۆژیای وەرگر، خوێنەر هەست بە ئاشنایی بابەتەکە دەکات و زیاتر دەبێتە جێی متمانەی.

لە ڕۆمانە ئەفسوناوییەکانیدا، بەختیار عەلی، نەک هەر هەقایەت، بەڵکو گۆرانییەکی لەبەردڵانی ساڵانی حەفتاکان، دەهێنێت و لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەیچنێت و لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، لە نێوان گۆڕینی سیما و شتە ڕووکەشەکان و هێماکردن بۆ ڕەسەنیەتیان، دەقێک بەرهەم دەهێنێت، دەبێتە جێی سەرسوڕمانی خوێنەر. بە پلەی یەکەم ئەمە بۆ خوێنەرێک ڕاستە، کە ئاگاداری ئەو باکگراوەندە مێژووییە بێت. بەختیار عەلی هەمان ئەو کارەی هیوا قادر لە ڕۆمانی منداڵانی گەڕەک دا لەگەڵ ناوی گەڕەکی چوارباخ دا کردی، ئەمیش دەیکات، بەوەی ناوەکەی وەک سێ باخ دەناسێنێت، بەڵام شەوان دەبێت بە هەزارباغ. ئەم گۆڕینی واقیعە تا ئاستی گەمەی زمانی و یارییە لەگەڵ خوێنەر، وەگەرنا نایگەیەنێتە سنووری سڕینەوە و لە چوارچێوەی گەمەی ناسینەوە و گۆڕین و پاساوهێنانەوەی جواندا بابەتەکە دەمێنێتەوە و دیدی خوێنەر بۆ هەموو ئەو شتانە دەگۆڕێت، کە ئەو پێشتر لە جیهانی دەرەوەی ڕۆمانەکەدا بەریان کەوتووە. نوسەر "سەبری گوڵفرۆش"ی ناو گۆرانییە فۆلکلۆرەکە، دەکات بە کارەکتەرێکی چیرۆکدار، ئیدی خوێنەر دەکەوێتە سەر بڕوای تەواو بەو چیرۆکە: ((گوڵستان خان"بەرپرسی چەندین باغ" کچێکی ئێجگار جوانی دەبێت، کە سستەری خەستەخانەیە و بەردەوام بۆن گوڵاوێکی لە پرچ و هەناسەی دێت، بۆنێکی وەها هەر کەسێک بەلایدا دەڕوات دەمودەست عاشقی دەبێت. بۆنێک نەخۆشەکان لە دەردێک چاکدەکاتەوە و دەردێکی تریان دەداتێ، کچەکە ناوی سەبرییە، جوانی و نیگاکانی و بۆی پرچ و هەناسەی ساڵانێک دەبێت سەردێڕی گەورەی گۆرانیبێژان و بابەتی یەکەمی حەیرانبێژانی ئەم دەڤەرە)). {عەلی:٢٠٠٥، ٢٠٧}

لەیەکێک لە دەقئاوێزەکانی تری هەمان ڕۆماندا، بەر کارەکتەری "نەوجەوانی چینی" دەکەوین، لە لایەکەوە پێیەکی لە ناو حەکایەتی کۆندا هەیە، کە ژنی یەکێک لە بارۆنەکان لە ڕێگای وێنەکەیەوە شەیدای دەبێت، {بڕوانە مۆتیڤی چەمک و بابەت، مۆتیڤی ئەویندابوون لە هەقایەتدا لە ڕێگای

وێنەوە} لە لایەکی ترەوە جوانی و ناوهێنانەکەی بیرخەرەوەی هەقایەتە کۆنەکانن. وێڕای ئەمانە کارەکتەری موراد جەمیلی ناسراو بە نەوجەوانی چینی، کارەکتەرێکی دۆن خوانییە، لە گۆشەنیگای بەختیار عەلییەوە بۆ چیرۆکی ئەو پیاوەی بە درێژایی چەندین سەدە، تێڕوانین لە بارەوەیەوە جۆراوجۆرە و کاری ئەو فریودانی ژنانە. ئەوەی جێی سەرنجە لە ڕۆمانەکەدا "نەوجەوانی چینی" وێڕای بیرخەرەوەی هەر یەک لەو هەقایەتە کۆنانە، بەڵام هیچیان نییە و کارەکتەرێکی لەبیرنەچووی سەرنجڕاکێشە، لە بوونێکی خەیاڵیی ناو واقیعەوە، دەبێت بە کارەکتەرێک و دێتە ناو خەیاڵ و واقیعی خوێنەرەکانەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم دەقانەدا، لە ڕێی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە، دەقێکی ترمان بیردەخاتەوە، کە "ئۆتیلۆ"ی شکسپیرە. دیمەنی شانۆیی ئۆتیلۆ و کوژرانی لەلایەن مێردەکەیەوە دەکات بە هاوشیوەی دیمەنی "باران شوکر"ی ژنی بارۆنی کولەکە، ئەگەرچی دیزدمونا بۆی دەردەکەوێت هاوسەری خیانەتی پێنەکردوە، بەڵام بەهاوشێوەکردنی دیمەنی باران شوکری خیانەتکار، بە بێگوناهی ئەتیلۆ، دەگەڕێتەوە بۆ خواستی بارۆنی کولەکە، لە نەکوشتنی ژنەکەی و خۆشویستنی.

**دووەم: کەسێتیسازی**

کەسێتی ڕۆڵی گەورەی لە ئەفسووناویکردنی ئەم جۆرەی گێڕانەوە دا هەیە، بەوەدا بەشێکی زۆری بوون و ڕەفتار و بیریان واقیعییە، بەشێکی تریان فەنتازی، دەتوانن بوونی قورسیان هەبێت و ببنە کەسانی لەیادنەچوو. بەو پێیەی بەشێک لە ڕۆمانەکان مەودا درێژ و پڕ ڕووداون، ئەوا بەر لەشکرێک لە کارەکتەر بە ناوی سەرسوڕهینەرەوە دەکەوین، کە هەندێکیان هەر زوو لە یاد دەچنەوە، بەڵام ئەوانەی شاکەسن و پشکی زۆری گێڕانەوەکان ئەوان بەڕێوەی دەبن، یان ڕووداوەکان لە بارەی ئەوانەوەیە، ئەوە دەبنە کارەکتەری چەق و ناوەند و چەندان ساڵ پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکەش لە زەینی خوێنەردا دەمێننەوە. وەک کارەکتەرەکانی: "جەلادەتی کۆتر، دالیا سیراجەدین، محەمەدی دڵشوشە، جەمشیدخان، غەزەلنووس، تریفە یابەحری، ئەشرەف، خەندانی بچکۆلە و فەرەیدونی مەلەک، سەوسەنی فیکرەت گوڵدانچی، بیلال ئەشکزاد...".

سێ ڕەگەزی گرنگ یارمەتیدەری بونیادی کەسێتین لە گێڕانەوەکانی نوسەردا، بە تایبەت کاتێک سەروکاری لەگەڵ ڕۆمانی کەسێتی دا هەیە، ئەوا کەسێتیسازی ئەرکی گرانترە بەو واتایەی ((هەموو گێڕانەوەیەیک باش و سەرکەوتووی کەسێتی، دەبێت کەسێتیسازی شایستەی بۆ کرابێت، چونکە ناسنامەی ئەوان نیشان دەدات، بەڵام جۆرەکانی تری گێڕانەوە، پێویستی وەهای بە کەسێتی سازی تەواو و کامڵ نییە)).{میرصادقی:١٣٩٢،٧٤} ئەوانیش بریتین لە:

- ناوی کەسێتی
- وەسفی کەسێتی
- دیالۆگی کەسێتی

کەسێتی ناو گێڕانەوەکان، وێڕای وەسفی ڕووکار، شێوە، سیما و هەڵسوکەوتیان لەلایەن وەگێڕەوە، بەهۆی دیالۆگە درێژەکانەوە دەردەکەوێت {کە بێگومان هاوتای دیالۆگ، مۆنۆلۆگ و گفتوگۆی ناوەکی و خۆدواندیش هەمان ڕۆڵیان هەیە} کە هەندێک جار بەهۆی درێژی و نۆرەنەکەوتنەوەی کەسی بەرامبەرەوە، خوێنەر لە یادی دەچیت ئەوە دیالۆگە. خوێنەری نەفەس درێژ لە میانەی ئەو گفتوگۆیانەوە ڕەهەندی کەسێتییەکانی بۆ دەردەکەوێت. بۆ نموونە: هەندێک لەو کەسێتیانە ساختەکار، زمانلوس، شۆخیبازن، لە ڕێی دەربڕینەکانیانەوە خوێنەر پەی بە ڕاستی و درۆی قسەکانیان دەبێت. کامڵترین نمونەی ئەم جۆرەی کەسێتی کە ڕەهەندی واقیعی هەیە، "مەنگوری بابا گەورە"ی ناو ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"ە. مەنگوڕی بابا گەورە وێڕای سیمای ناشرین و نەخوازراو، زمانێکی سەیر و کاریگەری هەیە، ئەو کە (تێکەڵەیەکە لە شەلاتی و مەلای دوانزە عیلم، لە بودەڵەو پیاو ماقوڵ)، هەم خاوەن شەرەفە و پشتیوانە بۆ گەنجێکی چەقۆکیش، هەمیش قۆشمەباز و زیادەڕەوە. کەسێتی مەنگور، کەسێتی پڕ جوڵە و بزاوتە، لەگەڵ دەرکەوتنیدا، ڕەوتی گێڕانەوە دەگۆڕێت و پڕ هەیەجان دەبێت، بەهۆی قسە سەیر و بازاڕییەکانییەوە، کە زۆرجار دەیەوێت بەرگی ڕێزی بەبەردا بکات، دەبێت بە کەسێتییەکی لە یادنەچوو. یەکێک لە درۆکانیشی دەبێت بە جوانترین درۆی ناو ڕۆمانەکە، کاتێک وەک نوێنەری کامەرانی سەلما بۆ لای سەوسەن دەچێت، دەڵێت: ((کامەرانی سەلما لە ئەفریقا تووتییەکی لە دارستانێکیدا گرتووە، کە هەموو مەموزینی ئەحمەدی خانی لەبەر بووە...)){عەلی:٢٠٠٩،١٧١}.

مورتەزای شەیتانیش لە ڕۆمانی غەزەلنووس دا مۆدێلی کەسێتی مەنگورە، مەنگور کە لە ڕۆمانەکەدا وەها وەسف دەکرێت: ((بە درێژایی ژیانی وەک کەسێکی کورت و کونج و سەر ڕووتاوە دەبایە دڕتر و بێرەحمتر بێت، بۆ ئەوەی لە شارێکی بێ ڕەحمی وەک ئێرەدا بژی، ئەو وەک پیاوێکی ناشرین دەبایە دەجار لەوانی دی زیاتر هونەری ژیان بزانێت، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و نەخۆرێت و فەرامۆش نەکرێت)){هەر ئەو سەرچاوە،٩} مورتەزای شەیتانیش کە لە وەرزی لەدایکبوونی منداڵە شێواوەکاندا لە دایکبووە و بەهۆی زمان و سیفەتی ئەهریمەنییەوە دەتوانێت لەگەڵ ژیان بسازێت: ((..بەلاغەتی جوانم بۆ شاردنەوەی دەستی ڕەش و دڵی ڕەشم نییە، بەڵکو بۆ داپۆشینی عەیبی ڕووخسار و ناشرینی جەستەمە، پیاوە ناشرینە بەستەزمانەکان، گەر وشەی جوانیان نەبێت، لەم دونیا و لەو دنیا مەنزڵ وماڵیان جەهەنەممە)).{عەلی: ٢٠٠٧، ٥٠٣} خوێنەری بەسەرنج هەر زوو مۆدیلی کەسێتییەکانی ناو گێڕانەوەکانی بەختیار دەناسێت و دەتوانێت لە زەینی خۆیدا، پۆلینبەندیان بۆبکات.

له شاری مۆسیقاره سپییەکاندا، دیالۆگە درێژەکانی نێوان جەلادەتی کۆتر و سامری بابلی، له بارەی قوربانی و جەلادەوە. یان موسای بابەک و جەلادەت، له بارەی سزا و بەخشینەوە، وێڕای بیره هزری و جیهانبینیەکەی، دەرخەری سێ مۆدێل له مرۆڤن که مێژوو سەرڕێژه لێیان، هەروەک چۆن گفتوگۆکانی نێوان خەندانی بچکۆله و زەینەبی کوێستانی له ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدەدا، له باری ئیمان و کوفر، شەریعەت و ئازادی، خودادۆستی و خوداسازی، دەرخەری کارەکتەرەکانه و هاوکات بیری جدی و بابەتی فکری گرنگن.

کارەکتەرەکان وڕێڕای واقیعیان [بەدەر له خەیاڵکردەکانی ناو ڕۆمانی غەزەلنووس]، کاری بانمرۆییان لێدەوەشێتەوە، یان هەڵگری سیمبول و ئاماژەی سرووشتی و ئاسمانی سەیرن. بۆ نموونە: یاقوبی سنۆبەر: ((ئەو پیاوەی کاتێک سەیری ئاسمان دەکات، شتێک ڕوودەدات، هەورێکی ناکاو دروست دەبێت، نەیزەکێک دەکشێت، نورێک توندتر له خێرایی خۆی دێته دڵمانەوە، یان شەوێک زووتر لەوادەی خۆی دادێت)){عەلی: ۲۰۱۵،۹}. پەپوولەکانی پەروانه له "ئێوارەی پەروانە" دا، ئەستێرەکانی سەر جەستەی ئەو ژنانەی نەوجەوانی چینی لەگەڵیان دەخەوێت له ڕۆمانی "غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ" دا. پەپووله ڕەشه گەورەکەی سەر لاڕوومەتی چەپی، داپیرەی ناو ڕۆمانی "مەرگی تاقانەی دووەم" و چەندەها باری تری ناباو و سەرسامکەر، پەیوەستن به کەسێتیەکانەوە، زۆر جار وەگێڕ خۆیشی دڕدۆنگه له نێوان ئەوەی بینیویەتی ئایا ڕاستیه یان خەیاڵ.

بەشێکی گرنگی کەسێتیسازی ئەم کارەکتەرانه، بەهۆی ناو و نازناوەوە بونیاد دەنرێت: ((ناوی کەسێتییەکانی چیرۆک دەبێت واقیعی بێت، هاوشیوەی مرۆڤی واقیعی.. و لەگەڵ کەسیتیدا گونجاو بێت)) {نایت:۱۳۸۸، ۱۲۷}جۆرەکانی ناونان له ڕۆمان  وچیرۆکدا که پێکدێن له "ناوی تایبەتی، ناوی گشتی، پەسنکردن، جێناو"، له جۆری ناوی تایبەتدا، کەسێتییەکان له جۆری ناوی خەسڵەتداری لێکدراودا ناویان لێنراوه. بەو جۆرەی ناو له خەسڵەت و تابەتمەندی ناوەکی یان دەرەکی کەسێتییەوە وەرگیراوه و وەک ناو بۆتەوە بەبەشێک له شوناسی کەسێتییەکە. ڕێبوار سیوەیلی ئەم جۆره ناونانەی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی [نووسینەکەی ئەو له بارەی ئێوارەی پەروانەوەیه] به ڕەگەزێکی مینیاتۆری وەسف دەکات و پێی وایه بەختیار عەلی له میانەی ڕەوتی ڕووداوەکان و له میانەی بەسەرهاتەکاندا، قارەمان و کەسێتیەکانی پێنەگەیاندووه، بەڵکو هەر یەکەیانی له ناولێنانی خۆیانەوە خولقاندووه و ڕای وایه ((هەموو ئەو زانیاریانەی بەهۆی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیانەوە لەسەریان دەیخوێنینەوە، دەیبیستین و پێی ئاشنا دەبین، له ڕاستیدا بریتییه له فراوانکردن، کردنەوەی کۆد و ئاشکراکردنی نهێنی و سنووری مانای ناوەکان)){سیوەیلی:۲۰۰٦، ۲٦۱}. پێمان باشه، کردەی ناونانی کەسێتی له ڕۆمانەکاندا به چەند خاڵێک نیشان بدەین:

- ناوی کەسێتی لە بوونەوەرێکەوە دەخوازرێت، کە کەسێتی هەڵگری خەسڵەتییەتی، بۆ نموونە: ناوی پەروانە، پەیوەندی بە نزیکی و لێکچوونی سەیری ئەو کارەکتەرەوە هەیە لەگەڵ پەپوولەدا، ژیانێکی پەپوولەئاسای کورتی هەیە و هەر زووش دەبێتە تۆز.
- ناوی کەسێتییەکان پەیوەست بە وەسفەوەن. نوسەر بە شێوەی وەسفی کورت و خێرا بۆ پشوودان لە گێڕانەوەی ڕووداو دەیانخاتە ڕوو. بۆ نموونە: ناوی کەسانی لاوەکی وەک: عەزیزی تیرەنداز، تاکە تفەنگچی جەنگەڵە و خۆی بە دەستڕاسترین پیاوی دنیا دەزانێت. یان وەسفی پڕ جوڵە کە ناو و کردارەکانی پێکەوە گرێدراون و ناوەکە بەبەردەوامی وابەستەی ڕەفتاری کارەکتەرە وەک: شەهلای خوداناس کە هەمیشە پاش هەڵگرتن و هەڵاتنیشی خەریکی خوداپەرستییە.
- نازناوەکان جێگیر نین، بۆ نموونە: "گۆڤەندی مەلەوان" بەهۆی گۆڕینی پیشەکەیەوە بە گۆڤەندی پەیکەرتاش دەناسرێت، یان ناوەکانی:(ماجیدی گوڵسۆلاڤ، زوهدی شازەمان) وێڕای ناوی لیکدراوی خۆیان نازناوی (ماجەلاین خەیاڵ، ماجەلانی ڕاستەقینە) وەردەگرن. یا خود حەسەنی پیزۆی گوڵاو بۆ حەسەن تۆفان دەگۆڕێت. موراد جەمیل وێڕای ناوی خۆی دەبێتە هەڵگری نازناوی(نەوجەوانی چینی) لە ڕۆمانی(غەزەلنووس) دا.
- دوو ناو بۆ یەک کەسێتی، نیشاندەری دوو بەشی جودای لەیەک دووری کەسێتین، وەک لە ناوناوی کەسیتی مەلای هاجەردا، ناو دەبێتە جیاکەرەوەی دوو کەسێتی ناو یەک مرۆڤ. مەلای هاجەر، مەلایەکی لە خواترسە و لەبەشە ئەویندارەکەی هەڵدێت و هیجرەت دەکات، مەلای هاجەر مەلایەکە {کۆچکردوانە} لە خۆی و لە عەشق هەڵدێت، بە جۆرێک کە ڕاکردن و کۆچکردن بە تەنها ڕێگەیەک دەزانێت بۆ کوشتنی بەشەکەی دیکەی و ڕزگاربوون لە وەسوەسەکانی، هاوتا مەلای سوختە، وەک ڕۆحی نەوجەوانی مەلای هاجە وایە و نەبۆتە مەلایەکی کامڵ و لە تاو ئەوینیشدا دەسوتێت.
- نازناو وەک تەشەر و تیروتوانج بۆ گاڵتەپێکردن دێت: بەشێکی زۆری ناوی بارۆنەکان لە ڕۆمانی غەزەلنووس دا بەو جۆرەن: "میری خەنەو وسمە، بارۆنی کولەکە، بارۆنی شیرو شەکر، هەنگوێن، سێبەر، مەیکەدە، مەدەنی، ئارد، ئاسک، چینی، گوڵ، ڕەش، خەیاڵ، پۆرسەلان، مریشک، هەرمێ، بەڕۆن، بووکەشوشە..."
- هاوناویی: جۆرێکی ترە لە ناوناندا کەڵکی لێوەردەگرێت، بۆ نموونە بۆ شاردنەوەی شوناس، سێ منداڵ دەبنە هەڵگری یەک ناوونازناو: (سەریاسی سوبحدەم).
- کارەکتەر جگە لە ناوونازی خۆی و تەنانەت ناو و نازناوی دووەم، بە گەلێک گرێی وەسفی ناودەبرێت، وەک سەریاسی گەورە لە ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دنیا" دا بە ناوەکانی: " پرۆفیسۆری عارەبانەکان، مارشاڵ، پرۆفیسۆری شەوە تاریکەکان، سەریاسی مەزن" هاوکات، سەریاسی دووەم بە (سەریاسی چەپەڵ، سەلکە زوڕنا)ش ناوی دێت. (١٩)

## سێیەم: زمانی شیعریی

بەشێکی جوانیناسی ڕۆمان وابەستەی زمانە، بەو پێیەی زمان بەهۆی شیعرییەتەوە دەبێت بە گوتار و خودی شیعرییەتەکەش دەبێتە شوناسێک بۆ بەرهەمەکە، کە دواجار وەک شێوازی نوسەرەکەش دەناسرێت.{کاظم: ٢٠١٨، ٧٨} زمان بە چەند ئاستێک لە گێڕانەوەکاندا کاردەکات، یەکێک لە ئاستەکانی، ڕەوانی و نزیکییەتی لە زمانی ئاسایی قسەپێکردنی خەڵکانەوە، بە تایبەت وەک هێڵی گشتی کۆی دەربڕینەکان. بەڵام کاتێک زمان لە دیالۆگ و دەربڕینی ڕاکاندا دەکەوێتەکار، لە زمانی گەیاندن و وەسفی ئاسایی و تێگەشتنی باوەوە، دەبێت بە زمانی هزر و فکر. لێرەدا زمان لەسەرو گوزارشتکردن لە بیری کەسێتی و مەبەستی قسەکەرەوە هەڵدەکشێت، ئەمەش زۆرجاران نوسەر ڕووبەڕووی ڕەخنە دەکاتەوە، کە بۆچی هەموو بەشێکی زۆری کەسێتییەکان بە یەک زمانی بیرمەندانە دەدوێن. بەڕای ئێمە هەندێک لەو کەسێتییانە زەمینەی ڕۆشنبیری و هزریان هەیە و بەکارهێنانی زمانیان لە کێشانەی خۆیاندایە، وەک چۆن زۆرێکی تری کارەکتەرەکان بە پێکهاتەی کەسێتی ناسک و خەیاڵئامێز، یان ڕۆمانسیانە و شاعیرانە دەدوێن. بەڵام لە کۆدا، ئەو زمانە هزرییە وەک تۆڕێکی چنراو هەموو ڕۆمانەکانی داپۆشیوە و لە زۆر شوێندا خوێنەر ماندوو دەکەن. وەک چۆن زیادەڕەوی لە بەرکارهێنانی ئاستی زمانی شیعریشدا هەمان ڕەخنەیە بۆ ئەو جۆرەی گێڕانەوە.

بەشێکی جوانی گێڕانەوەی ڕیالیزمی جادوویی، بە هێزی بەکارهێنانی زمانەوە لە چوارچێوەی خواستن و لێکچوون و سازاندنی وێنەی هونەرییەوە، پەیوەستە. کە هەموویان زمانێکی شیعرئامێز بونیاد دەنێن. ئەم هێزی بەکارهێنانە لای بەختیار عەلی، هێندە زاڵە، کە هاوتای زمانە هزرییەکە، دەبنە بار بەسەر تێکستەوە. ڕووداوە زۆر و ئاڵۆز و فەنتازییەکان، شۆڕش و سیاسەت و جینۆساید، خیانەت و کوردایەتی و گەندەڵی، ئەوین و ئازادی و دابڕان، ئیمان و کوفر و ئایین، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسێتی وادەکات، گێڕانەوەکان پێویستیان بە زمانێکی ڕوونتر و سیستماتیک تر و کوردیانە تربێت. ئەمەش بەو مانایە نایەت، زمانی شیعری و زمانی بیرمەندانەی لایەندارانەی ناو ڕۆمانەکە، لە کات و شوێنی خۆیدا ئێستاتیکی نەبن. بەڕای ئێمە ئارامبوونەوەی زمان و ڕووداوی سەرسامکەر و گێڕانەی سەرسوڕهێنەر بە بەکارهێنانی زمانێکی چنراوی کوردانە، لە ڕۆمانەکانی: (دواهەمین هەناری دنیا، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، ئێوارەی پەروانە) بەشێکن لە کارنامەی پڕ ئێستاتیکی ڕۆماننوس. وێڕای هەندێک چەوتی زمان، کە لە زۆر شوێندا زیان بە گێڕانەوەی دەق دەگەینن. بۆ نموونە: لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا وشەی داڕوساز بەکاردێنێت:((نەنکم کاتی خۆی بەناوبانگترین داڕوسازی سابڵاغ بووە)){عەلی: ٢٠٠٧a،١٣٣} نوسەر داڕوو بە مانای "دەرمان، دەوا، داروو" بەکاردەهێنت، بەڵام وشەی داڕوو بەهۆی حەوتەکەی ژێرییەوە ماناکەی لە چەمکی دەواوە گۆڕاوە بۆ جۆرێک لە موولابەر و پاکژکەرەوەی مووی زیادە، کە تۆزێکی بۆرباوە و لە ئێران دروستدەکرا و لە دێر زەمانەوە لە گەرماوە گشتییەکانی ژناندا لە شاری سلێماندا فرۆشراوە، ژنان ئەو تۆزەیان بە ئاو گرتوتەوە، کە بۆنێکی

زۆر ناخۆشی لیدێت، پاشان هەڵیان سووە لە لەشیان تا مووە زیادەکان بوەرێنێت. ئەمە تەنها هەڵەی تایپ نییە، چونکە لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)یش دا هەمان وشە بە مانای دەرمان بەکاردەهێنێت.

جگە لەوەی هەر لە ئێوارەی پەروانەدا لە پەسنی خوێن لێرووشتن دا دەنووسێت: ((خوێنی ئەو ددانە زامدارانەم کە بە قوڵپ دەڕژایە نابەینی سندوقەکان و..)).{عەلی: a۲۰۰۷، ۲۷} هەم وشەی زامدار وشەیەکە لە زمانی کوردیدا بۆ ددان نابێت، بەڵکو بۆ پوک یان گۆشت دەبێت. هەمیش نابەین وشەیەکی هەڵەیە و پێمان وایە لە بری مابەین، بەکاری هێناوە. لە شوێنێکی تریشدا هەمان وشە دووبارە دەبێتەوە: نەسرەدینی بۆنخۆش لە نابەینی دەیەها لوتکە..، {عەلی: a۲۰۰۷، ۸۵} لە هەمان پەڕەدا وشەی (سۆفیلکە) بۆ پەسنی ژنێک بەکاردێنێت، کە ئەو زاراوەیە لە زمانی کوردیدا بۆ دوودەنکی جیاکەرەوەی تەسبیح لە نێوان سیوسێ دەنکەکەدا بەکاردێت، ئەگەریش مەبەست لە سۆفییە و دەیەوێت تەشەر بدات، ئەوا کورد وشەی وشکەسۆفی بەکاردێنێت. یاخود لە ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا وشەی: ((خانونەنی بابونەنی)) دێنێت، کە دیارە مەبەستی لە وشەی (خانوونەنی، مانوونەنی) کە لە وشەی خانومانەوە هاتەوە و بابوون هیچ مانایەک ناگەیەنێت.{عەلی: ۲۰۰۹، ۵۷}.

**پاری چوارەم:** ژیاننامە و سەفەرنامە

پارچەی یەکەم: جۆرەکانیان

نووسینەوە و گێڕانەوەی ژیاننامە بە شێوەی پەخشان و زمانی ئەدەبی و گۆشەنیگای تایبەت بۆ ڕووداوە ڕاستەقینەکانی سەردەمی ژیانی کەسی مەبەست، بە ژیاننامە ناودەبرێت. لە ئەدەبی کوردیدا لە چاو ژانرەکانی تر دا نوێترە. بە شێوەیەکی گشتی، ناوەکانی: "سەرگوزەشتە، بیرەوەری، یادداشت، یادەوەری، ژیننامە، تەرجومانی حاڵ، یادننووس، گەشتی ژیان..." و کۆمەڵێک زاراوەی تێکەڵ بۆ ئەو جۆرانەی گێڕانەوە دانراون، کە لە بارەی ژیانی خودی نووسەرەوە، یان کەسێک کە جێی سەرنجی نوسەر بووە، یاخود تێڕوانینی نوسەرە لە بارەی ڕووداوەکانی ماوەکانی ژیانییەوە. هەر یەک لەمانە زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئێمە ئاماژەیان پێدەدەین. وشەکانی بیروەری و یادەوەری و یادداشت، نزیکترن بۆ ناساندنی ژانرەکە، دەرخەری ئەو پاڵنەرەن، کە دەبێتە هۆی نووسنی ئەم جۆرەی ئەدەب. لە هەمبانە بۆرینە دا ئەم زاراوانە وەها ناسراون: ((یادداشت: نووسینی مەبەست بۆ لەبیر نەچوون))، ((یاداوەری: وەبیرهاتنەوە))، ((یادنامە: دەفتەری بیرەوەریان))، ((یادگار: ئاسەواری کە دەبێتە هۆی لەبیرنەچوونەوە)). {موکریانی: ۱۳۸۱، ۱۰۲٦}. ئەگەر بمانەوێت بە زاراوەکانی هەژاردا بچینەوە، دەبێت بڵێین: یاداشت، تۆماری شتێکی گرنگە کە نەمانەوێت لەبیرمان بچێت، یاداوەری زاراوەیەکی

فارسییە و کورد دەڵێت: یادەوەری، تۆماری ئەو یادانەی بوونەتە گشتی، یان چوونەتە یادی گشتییەوە. یادنامە: تۆمارکراوێک لە ژیان، یان ئەزموونێکی ڕابردوو، کە لە سیپارەیەکدا تۆمار کراوە. نامەی یاد. یادگار: جێماوی یادێک، یان نیشانەیەک بۆ بیرنەچوونەوە. هەرچەندە بیرەوەری و ژیاننامە جیاوازییەکی سەرەکییان هەیە و ئەوەش ئەوەیە، کە ژیاننامە دەکرێت کەسێکی دیکە بینووسێت لەبارەی کەسێکەوە، بەڵام یادوەری هەمیشە تۆمارکراو، یان بەجێماو و یادگاری کەسی ئەزموونکەرە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو زاراوەکان ((جەخت لە یەک شت دەکەنەوە، ئەوەی ڕووی داوە لەڕابردوو دا، لە زەین و یادگە و بیرەوەریدا ماوەتەوە، بە مەبەستی لە ناونەچوون و گێڕانەوە تۆمار دەکرێن)). {کمری: ١٣٨٩، ٢٨}.

**یەکەم: ژیاننامەی ئەویدی**

بەناوەکەدا دیارە، کە بریتیە لە نووسینەوەی ژیانی کەسێک لە لایەن نووسەرێکەوە، دەشێت کەسێکی دیاری نێو ئەدەبیات، هونەر، هزر، ئایین، سیاسەت بێت، یان کەسێکی کۆمەڵایەتی. نوسەرەکە لەسەرەتا تا کۆتایی {ئەگەر زیندوو یان مردوو بێت} ژیانی، ڕووەکان، بیرکردنەوە، کارو بەرهەمی بە وردی بەهۆی بەکارهێنانی بەڵگە و تۆماری بەردەستەوە دەنووسێتەوە. لە دێرزەمانەوە، خاوەن دەسەڵات و پادشایان و پیاوانی سیاسی؛ کەسانی تایبەتیان هەبووە بۆ نووسینەوەی ژیانیان، وێڕای کەسە گرنگەکانی بواری هونەر و ئەدەب، ژیانیان جێگای سەرنج بووە و نووسراوەتەوە.

**دووەم: خۆژیاننامەنووسی**

گێڕانەوەی ژیانی خودی نوسەرە، چەنێک فۆڕم یان شێوەیەکی ئەدەبییە، هێندەش بە کردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە (من)ی وەگێڕ، کە بۆ خوێنەرانی نادیار ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، بونەوەرێکی ڕاستەقینەیە و بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیەوێت ڕاستی بگێڕێتەوە و سەرنجی خوێنەرانی ڕابکێشێت، بەوەش کنجکۆڵی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت.{ئەحمەد:١٢،٢٠١٢} کنجکۆڵی خوێنەریش جیاواز لە ژانرە خەیاڵئامێزەکانی وەک: هەقایەت، چیرۆک، ڕۆمان دەگەڕێتەوە بۆ پێگە و کەسێتی و ئایدۆلۆژیای نوسەر. خوێنەر بە پێی هاودڵی و ویستی بۆ ئەو کەسێتییە لەسەر بنەمای زانیارەییە کەم و پێشوەختەکانی بڕیاری خوێندنەوە دەدات. بۆ نموونە بە شێوەیەکی گشتی، کەسانی سەر بە ئایدۆلۆژیاکی دیاریکراو، ژیاننامەی خودیی، کەسێتی سیاسی دەخوێننەوە، وەک چۆن خوێنەری ئەدەبیات، ژیاننامەی خودیی، کەسە دیارەکانی ناو جیهانی ئەدەبیات جێی سەرنجیانە. لێرەشەوە جۆرەکانی ژیاننامەی خودی و پۆلێنکاری بەهۆی هەمان خاڵەوە دیاریدەکرێت، چونکە خاڵی جیاکەرەوەی جۆری

ئۆتۆبایۆگرافی پەیوەستی بابەت و ناواخنە، ئەو نوسەرەی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، بازنەی خێزانی، بازنەی کۆمەڵایەتی، بازنەی ئایدۆلۆژیا، کە ئەم وەک خاڵێک تیایاندابووە، جێگەی بایەخن. بۆ نموونە لە هەردوو جۆری خودیی و ئەودیدی-یش دا، کەسێتییەکە ئەگەر وەک ناو، ڕۆحانی و ئایینی بێت، بێگومان بازنەکە گەورەی گێڕانەوەکانی ناو ژیانی ئایینین، بۆ نموونە: ژیاننامەی خودیی، {چروستانی: ١٩٨٤} مەلا محەمەدی چروستانی، هەم لە بنەماڵەی ئایینییە و مەلازادەیە، هەمیش خۆی مەلا و خوێنەواری سەر بە ڕۆشنبیری جیهانی ئیسلامییە. لە سەردەمی زنجیرە کەسایەتییەکی ئایینی گرنگی وەک: کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ نەجمەدین و چەندانی تری شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری دا ژیاوە. خوێنەری ئەم جۆرە لە ژیاننامە، ڕەنگە هەر یەک لەم خاڵانە سەرنجی ڕابکێشێت: پێگە ئاینییەکە، ڕۆشنبیری ئاینیی سەرەتای سەدەی بیست لە سلێمانی، چۆنییەتی پرۆسەی خوێندنی فەقێیەتی، گێڕانەوە بە زمانی ڕۆشنبیری مەلایانەی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی پێشوو. ئەم قسانە بۆ بەشێکی سەرەتای ژیاننامەی مستەفا ئیبراهیم زەڵمیش ڕاستە، ئەگەرچی دواتر وەک کەسایەتی یاسایی و پێگەدیار، گێڕانەوەکان تەوەرەی تر و ڕووی تر بەخۆوە دەگرن.(کاروانی ژیانم، مستەفا ئیبراهیم زەڵمی)، هەرچی کەسێتی ئەدەبییە، ئەوا ژیاننامەکەشی وێڕای بازنەی کۆمەڵایەتی ئەوە بازنەی ئەدەبی تێدا بەرجەستەیە، وەک ژیاننامەی خودیی هێمن (لە کوێوە بۆ کوێ) و شێرکۆ بێکەس (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش)، ئەمە بۆ کەسایەتییە سیاسییەکانی وەک: نەوشیروان مستەفا، مام جەلال، پشکۆ نەجمەدین-ش ڕاستە.

خۆژیاننامە، پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ ژیاننامەی ئەویدی، بیرەوەری، ڕۆژانە یادنووس، نامە و ڕووداونامە دا هەیە. خۆژیاننامەنووسی بە زۆری لە بارەی ڕووداوی گرنگ و جێی سەرنجی ژیانی ڕابردووی نوسەرەوە دەدوێت، بە شێوەیکی ئاسایی بەشێکی زۆری ژیانی دەگرێتەوە. بەڵام ڕۆژانەیادنووس و یادداشت و نامە، بە گشتی لەسەر قۆناغێکی تایبەت و هەستیاری ژیانی کەسێک دەوەستێت. هەرچی یادەوەرییە لەسەر بابەتێک جەخت دەکاتەوە، کە تێیدا لە بارەی کەسێکی دیار یان ڕووداوی بایەخدارەوە باسکرابێت{میرصادقی: ١٣٨٨، ١٠٣}

گێڕانەوە لە ژیاننامەی خودییدا، بە گۆشەنیگای کەسی یەکەمی تاکە، بەڵام دەشێت بە کەسی دووەم و سێیەمیش ببێت، ئەوەش پەیوەندی بە سەلیقەی ئەدەبکاریی نوسەرەوە هەیە، وەک چۆن، بەکارهێنانی زمان لە ڕووی چۆنییەتییەوە بە هەمان شێوە، پەیوەستە بە ستایلی نووسین لای نوسەرەکەوە و پاشتر لە بارەیانەوە دەدوێین.

لە ئەدەبی کوردیدا، ژانری گێڕانەوەی بیرەوەری و ژیاننامە و یاداشت و سەفەرنامە، مێژووی زۆر کۆنی نییە، ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووی چاپبوونیانەوە تەماشایان بکەین، یادداشتەکانی "ڕەفیق حیلمی" و، "چیم دی؟"ی ئەحمەد خواجەن، کە لە چوارچێوەی دەفتەری یادداشت دا نووسراونەتەوە و بابەتەکان پەیوەستی سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحموودی مەلیکەوەن. هەر چەندە لە خۆژیاننامە و ئەویدیشدا جێیان نابێتەوە و نووسینەوەی مێژوون، بە زمانێکی ڕەسمی

و بابەتی، بەڵام سەرەتای دەستپێکی ئەم چەشنە هونەرەن لە ناو ئەدەبی کوردیدا. بە تێبینیکردنی ئەوەی وەفایی زۆر بەر لەمان بیرەوەرەییەکانی بە ناوی (توحفەی موریدین)ەوە بە زمانی فارسی دەنووسێت. لە پاڵ ئەماندا نووسینەوەی ژیاننامەی خودیی (مەلا محەمەدی چروستانی) لە ساڵی ١٩٥٦ دەچێتە پاڵ ئەوانی تر، بەڵام چاپکردنی دەکەوێتە ساڵانی هەشتاکان و تەنها بەشێک لە ژیانی لاوێتی و خوێندنی حوجرەی تێدایە. دامەزراندنی حوکمەتی کوردی و ڕووخان و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەلیک، ڕووداوێکی گران و پڕ بەهای سەدەی پێشوو بوو، بۆیە هەندێک لەوانەی نوسەر یان کارەکتەری ناو ئەو ڕووداوانە بوون، پاش تەواو بوون و لە دوورەوە تەماشاکردنی ڕووداوەکان و درووستبوونی بەرەی یاران و نەیاران، نووسینەوەی بەسەرهاتەکان دەستی پێکرد، ئەحمەد خواجە و ڕەفیق حیلمی و دواتریش شێخ لەتیفی حەفید تێڕوانینی خۆیان بۆ ڕووداوەکان و سەردەمەکە خستۆتە ڕوو، زیوەریش لە شێوەی سەفەرنامەدا، ڕووداوی پاش ڕووخانی حکومەتەکەی بە شێوەیەکی تەواونەکراو گێڕاوەتەوە. لەسەروبەندی ئەم بەرهەمانەدا، هێمن لە پێشەکی تاریک و ڕوون دا، بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە، بەشێکی ڕووداوە دیارەکانی ناو وێستگەکانی ژیانی دەگێڕێتەوە. ئەو پێی وایە چ کەسیک زیاتر لە خۆی دەتوانێت لە بارەی ئەوەوە وەک شاعیریک بدوێت، بۆیە باشترین شت ئەوەیە خۆی ئەو کارە بکات: ((بۆیە بڕیارم دا سەرگوزەشتەی خۆم لە سەرەتای ئەو بەشی دیوانەکەم دا بنووسم. بە کێم گوتبا ئەو سەرگوزەشتە بنووسیٚ؟ کیٚ لە من خۆم باش تر دەناسیٚ؟)) {هێمن: ١٤٠٠، ١٣}

لە پاش ڕاپەڕینەوە نووسینەوەی یادەوەری و ژیاننامە، لە کوردستان بە تایبەت باشوور، بوویە دیاردەیەکی باو. تەیکردنی ساڵانێکی زۆر لە ناو شۆڕشی کوردی و دروستبوونی گرووپ و بەرەو و حیزبی جیاواز و لەسەرو هەمووشیانەوە شۆڕشگێڕی دژی دەسەڵاتی بەعسی فاشیست، نسکۆ، جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفال، بردنەوە و ڕاپەڕین، ئازادکردنی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی و دواجار چوونە سەر دەسەڵات و مافخواردنی میللەت و لەبنەوە کەلبوونی هەر دوو دەسەڵاتی حیزبی باڵا. زنجیرە ڕووداوێکی نائاسایی و پڕ کارەساتی پەنجا ساڵی کۆتایین، کەسانێکی زۆری خستە سەر کەڵکەڵەی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە لە گۆشەنیگای جودا و پێگەی جیاوازی بیرکردنە و و لایەنگیری جوداوە. نووسینی بیرەوەری و یادداشت لە گۆشەنیگای زۆرێک لەوانەی بەشداری ناو ئەم پرۆسە نەتەوەیی و سیاسییە بوون، نووسینی مێژوویی و سیاسی و لایەنگیرانەیە، بەشێکی زۆری گێڕانەوە، بە زمانێکی ڕەسمی-مێژوویی دەخرێتەڕوو، چەند نموونەیەکی کەمیان نەبێت ڕووی زاڵی ئەدەبیان تێدایە و وەک ژانرێکی ئەدەبی دەتوانرێت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ئەوانی تر لە چوارچێوەی یادەوەری سیاسی-نائەدەبی دا دەمێننەوە، لەو ڕوانگەوەی هەموو یادەوەریی کەسانێکی سیاسی نائەدەبی نییە، ونستۆن چەرچیڵ بەهۆی نووسینی ئەدەبی و یادەوەرییەوە دەبێتە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، بۆیە لێرەدا نووسین هێندەی پەیوەندی بە سەلیقە و توانای داهێنانە و گێڕانەوەوە هەیە، پەیوەندی بە سیاسی بوون و ناسیاسی بوونەوە نییە.

لە پاڵ نووسینەوەی ژیاننامەی نوسەرانی کورددا، دەشێت ئاماژە بەو بەرهەمانەش بدرێت کە بە زمانی بیگانە نووسراون، ئەگەرچی تاکی کورد و زەینی کوردی نووسیونی بەڵام، بە زمانی کورد نەهۆنراونەتەوە وەک: ژیاننامەی ئەکرەم جەمیل پاشا {جەمیل پاشا: ٢٠٠٧} و یادەوەری ئیحسان نووری پاشا لە بارەی ئاراراتەوە {نووری پاشا: ٢٠٠١}، هەردووکیان دووبەرهەمی نوسەری کوردن، بە زمانی بێگانە.

**سێیەم: سەفەرنامە / گەشتنامە**

سەفەرنامە، تۆماکردنی ئەو بەسەرهات و دیمەنانەیەکە کەسی گەڕیدە دیونی، گواستنەوەی زانیاری و تایبەتمەندی ئەو شوینانەیە کە ئەو بەری کەوتووە، لە چاوی خۆیەوە بۆ خوینەری دەگێڕێتەوە. عەبدولڕەزاق بیمار وەها جۆرەکانی دەناسێنێت: ((شێوازی گەشتنامە بە گشتی لەسەر دوو کۆڵەکە دەوەستێت، یەکێک تۆمارکرن و بینین و گوێبیست و بەڵگەنامە کۆکردنەوە. دووەم: وەسفکردن و داڕشتنێکی ئەدەبییانە. لەم مەیدانەشدا پشت دەبەستێت بە سەرنج هەڵگرتنی ورد و زیرەکانە، یان بە خەیاڵ ئەگەر باس باسی وەسفی روشت و گەردوون و شتی دی بێت، کە کار ەل نووسەر دەکەن ئەویش بە هەست و سۆزی خۆی ڕەنگاورەنگیان دەکات و لە دڵ و بیر و درەوونی خۆشی دا شتیکی زۆریان بەسەردا دەڕێژێت.)) {بیمار:١٩٩٨، ١٨٢.}

جگە لە یادەوەری لە ناو سنووری خۆژیاننامەنووسی دا {ئۆتۆبایۆگرافی} ژانری گەشتنامە و سەفەرنامە لە ناو ئەدەبی کوردی باشوور دا، بە ڕێژەیەکی کەم لە چاو هەموو ژانرەکانی تری گێڕانەوە دەبینرێت. دەشێت یەکەمین گەشتنامەی نووسراو بە زمانی کوردی، ئەو گەشتنامە ناتەواوەی زێوەر بێت، کە پاش تێکشکانی حوکمەتەکەی مەلیک مەحموود لە ڕۆژانی دەربەدەریدا دەینووسێت، کاکە حەمەی مەلا کەریم هەم ناونیشانی ڕۆژانی دەربەدەری بۆ داناوە، هەمیش وەک یەکەمین یاداشتی بە کوردی نووسراو ئاماژەی بۆ دەکات{زێوەر: ١٩٨٥} بەڵام بە ڕای ئێمە، ئەمە لە سنووری سەفەرنامەدا دەمێنێتەوە، کە ژمارەیەک گوند دەبڕن و دەچنە شاری مەریوان. پاش ئەوەش گەشتنامەی عەلادین سەجادییە، کە هەمیشە لە هەستکردن بە نەبوونی ژانرێکدا لە ناو ئەدەبی کوردی دا، ویستوویەتی بەو ژانرە بنووسێت و بە چاپی بگەیەنێت، لە لایەکەوە بۆ ئاشنابوون بەو ناوچانەی کە ئەو گەڕاوە، لە لایەکی ترەوە بۆ بونیادنانی ئەو جۆرە لە نووسین کە تا ئەو دەمە، زۆر نەبووبووە جێی بایەخ. لەم بارەیەوە لە پێشەکی گەشتەکەدیا (گەشتیک بە کوردستانا) دەنووسێت:

((هەر بستە خاکێک لەم وڵاتی کوردەوارییە شووشە زێڕیکە و ئێمە ئاگاداری نین، نەوەک هەر ئاگاداری نین، بەڵکو نازنین دانیشتوانی شار وە یا گوندێک چۆن ڕائەبوێرن و چی ئەکەم و چە سەرمایەێکیان هەیە؟! لام وایە ئەمە شورەییکی زۆر زلە بۆ ئیمە کە سۆرانێک ئاگای لە چۆنییەتی ژیانی بۆتانێک نەبیت، وەیا موکرییەک نەزانێت برایەکی ئەردەڵانی چۆن ڕائەبوێرێت و چە

ڕەوشتێکی هەیە. هەر لەبەر ئەمە بوو کە هاتم ئەمجارە ئەم گەشتەم کرد بە پاداشتێک و خستمە پێش چاوی هەموو کورێک و هەموو کەسێکی وا کە ئارەزووی لە زانین هاڵ و ئەهواڵی کورد بێت. باوەرم وایە ئەگەر ئیمڕۆ شتێکی وا نەبیت لە پاش چەند ساڵێکی کەم ئەووی بە شتێکی دیاری و ئاگاداری لێ وەردەگیرێت. بە تایبەتی ئەمە یەکەم گەشتێکە کە کوردێک لە وڵاتی خۆیا کردبێتی و هێشتبێتییەوە بۆ ڕۆژانی دوایی.)) {سەجادی: ١٩٥٨، ٤} لە پاش سەجادی، شاکر فەتاح-ە بۆ شارباژێر و پێنجوێن گەشتێک دەکات و تۆماری دەکات، کە دواتر لە ناو یادەوەریەکانیدا جێ دەگرێت.{فەتاح: ٢٠٠٣}. ژمارەیەک گەشتنامەی تریش هەن، کە بیمار لە کتێبی پەخشانی کوردی دا ئاماژەی پێداون {بیمار: ١٩٩٨}لە پاش ئەوانە دووان لە سەفەرنامە دیارەکانی ئەو ئەدەبی کوردی "بەرەو کەناری شپرزەیی"ی ڕەوف بێگەرد و "سەفەرنامە"ی هیوا قادرە.

سەبارەت بە گێڕانەوە لە ژیاننامە و ڕووی گرنگی، عەبدوڵڕەحمان مونیف، بە چوونەوە سەر وتەکەی کۆلریدج (ژیانی هەر مرۆڤێک چەندە هیچیش بێت، ئەگەر بە ڕاستگۆیی بگێڕدریتەوە خۆشە) لە بارەی دوو ڕەگەزی گرنگی گێڕانەوەوە دەدوێت. یەکەمیان شێوازی هونەریی گێڕانەوەیە، دووەم ڕاستبێژییە. ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی خوێنەر شوێن گێڕانەوەکە بکەوێت. هەر چەندە شتێکی زۆر کەسی و سنووردار بێت. بۆ ئەوەی چێژ وەربگریت دەبێت دوو ڕەگەزی سەرەکی لە گێڕانەوەدا هەبێت، یەکەمیان ئەو شێوازەیە کە ژیانەکەی پێ دەگێڕدرێتەوە، پێوستە شیوازێکی هونەریی بێت، دووەمیشیان ڕاستگۆیانە بێت. بە ڕادەیەیک کە گوێگر و خوێنەر هەست بە چێژ بکات لەگەڵ بەرکەوتنی لەگەڵ گێڕانەوەکەدا، چونکە ئەگەر هونەر چێژی تای نەبوو، هونەر نییە، دەشێت شتێکی سوودبەخشی وەک مێژوو یان زانست و ئامۆژگاری بێت، بەڵام دواجار هەرشتێکە هونەر نەبێت. {مونیف: ٢٠٠٦، ٦٣}. ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێت، سەبارەت بەم ژانرە، ئەوەیە سەردەمانێکی زۆر وامان دەزانی کە خۆژیاننامەنووسی و دانپیانان {ئیعتیرافات} هەوڵدانی نووسەرانن، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان و ئەوەی بەسەریان هاتووە وەکخۆی بۆ خوێنەر، یان خودا بگێڕنەوە. بەڵام توێژینەوەکان لە کتێبەکانی وەک ئاگۆستین و ڕۆسۆ ئاشکرایان کرد، کە ئەم دوو نووسەرە شتیان زۆر شاردۆتەوەو هەموو ئەوەشیان نەنووسییوە کە ئەزموونیان کردووە. کەواتە خودژیاننامەنووسی هەموو ڕەگەزەکانی وەک خەیاڵکردنەوە، لابردن، زیاد و کەمکردن، پێوەنان، گەورەکردن، زیادەڕۆییکردن لە گێڕانەوە، درۆکردن، پینەکردن، خۆوێناکردنەوە بەو شێوەی نووسەر خۆی دەیەوێت و گەلێک شتی دیکەیشی تیدایە. هیچ ژیاننامەنووسییەک نییە بەدەر لە مانە و شتی زیاتریش، بۆیە مەرج نییە خودژیاننامەنووسی هەڵگری ڕاستەقینەی ژیانی نووسەرەکەی بێت. بە داخەوە بەشێکی زۆری ژیاننامەی سەرکردەکانی دوای ڕاپەڕین، ڕاستی ڕووداوەکانیان شێواندووە، هەر یەکەیان لە دیدی خۆیانەوە نەک ڕاستەقینەی مێژووییەوە، ڕووداوەکان دەگێڕنەوە و لایەنگری دەکەن و هەڵەکانی خۆیان پەردەپۆش دەکەن. بە خۆبواردن لەم خاڵە، لێرەدا چەند خاڵێک وەک بەشێک لە جوانیناسی گێڕانەوەی یادەوەری دەخەینە ڕوو.

## پارچەی دووەم: پێکهاتەی جوانیناسی

### یەکەم: زمان

لایەنگرانی ڕەخنەی نوێ، پێیان وایە یەکێتی نێوان توخمەکانی دەقی ئەدەبی و گرنگی توخمەکانی، لە زمانی ئەدەبییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ زمانی زانستی و زمانی ئاخاوتن دا هەیە. زمانی زانستی و بەشێکی زۆری زمانی ئاخاوتنیش، پشت بە دەربڕینی ڕاستەوخۆ و زانیاری بەخشین دەبەستێت و سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕاناکێشت و هەوڵی جوان بوون یان جوڵاندنی هەستی نادات. لە کاتێکدا زمانی ئەدەبی کار لەسەر ئاماژە و هێما و تێلنیشان دەکات، بە ڕێکخستنی سەرچاوە زمانەوانییەکان لە چوارچێوەی ڕازاوەی تایبەت و یەکێتی ئاڵۆزدا، ئەزموونێکی جوانیناسی و جیهانی تایبەت بە خۆی خەلق دەکات.{تایس:١٣٨٧، ٢١٠}

زمانی گێڕانەوە، هەتا لە هەناوی ئەدەبیات و شیعری بوونەوە سەردەربێنێت، ژیاننامە ڕوویەکی ئەدەبیتر وەردەگرێت، هەرچەندە بابەتەکە بابەتی سیاسی یان هەر شتێکی تر بێت، بەڵام کاتێک چنینی زمان کاڵ و، بەکارهێنان لە سنووری زمانی قسەپێکردندا بمێنێتەوە، ئەوا بەسەرهاتە سەرنجڕاکێشەکانیش سیحری خۆیان لە دەست دەدەن، وەک بەڵگە نامە و مێژوو دەکەونەوە، بە مەش ژانرەکە هەنگاوێک لە ئەدەبیات دوور دەکەوێتەوە و بەرەو مێژوو دەچێت. لە نێوانیشیاندا دەشێت، زمانی گێڕانەوە ڕەوان و سادە و نزیکە خەڵک بێت، لە نێوان مێژوو و ئەدەبدا بمێنێتەوە، یاخود زمانی گێڕانەوە ناوچەیی بێت و لە پاڵێشیدا نافەرمی و ئاڵۆز و تێکەڵ. بۆ هەر یەک لە مانە نموونە باس دەکەین.

- **زمانی شیعرئامێز**: زۆرێک لەو ژیاننامانەی شاعیران یان چیرۆکنووسان دەینووسن، دەبێتە پارچەیەکی ئەدەبی. بەهۆی زمانی گێڕانەوەوە، کە زمانی بەوێنە و شیعرییە، ژیاننامەکە لە بەرهەمی خەیاڵی خۆی نزک دەکاتەوە. بەکارهێنانی زمان لەو ئاستەدا نەک هەر بیرەوەری، بەڵکو تەنانەت چاوپێکەوتنیش دەکاتە گێڕانەوەی چیرۆک و سەرنجی خوێنەر دەبات. بۆ نموونە: ڕەوف بێگەرد لە گەشتنامەکەیدا زمانی ئەدەبی دەکات بە کەناڵی خستنەڕووی چیرۆکەکانی، لەگەڵیشدا چاوپێکەوتنەکانیشی دەبنە بەشێکی گرنگ و تەوکاری سەفەرنامە و ژیاننامەکەی:

((هەر لەو شەوانەدا بۆ یەکەمین جار گوێم لە دەنگی باڵندەیەک بوو بە ناوی تاق تاقکەرە، ئەو بەسەر دارێکەوە هەڵدەنیشت و تا بەرەبەیان تاق تاقی دەکرد، نەنکم دەیوت: ئەوە زیکرە و داوای لێبوردن لە خوا دەکات. شەوانی نێو گوند لە گۆڕستانی شەخسەکەی داوێن دەچوو، کە پانتاییەکی فراوانی بە بەرد پەرژین کرابێت، ناوەوە کەلایکی ئەو کۆتەرە دارانە بێت، کە چەندین ساڵە بانگی مەرگی خۆیان داوە، کەچی کەس لە ترسی قسنەکە، ئەگەر لە سەرماندا منداڵەکانیشی ڕەق ببنەوە،

بۆ سوتاندن دەست بۆ بڕەدارێکی نابات، ئەو گۆڕستانە لەو دوورگە ئەفسانەییە دەچوو، کە بێجگە لە تارمایی، مرۆڤ بە مردوویی نەبێت ڕێی تێنکەوێت.)){بێگەرد:٢٠٠٩، ١٢٣}.

هیوا قادر لە سەفەرنامەدا، زمانی گێڕانەوەی هێندە لە چیرۆکەوە نزیک دەبێتەوە، خوێنەر لە چەندین وێنە و بەسەرهاتدا هەست بە نزیکی لە ڕۆمانەکانی (منداڵێک لەسەر مانگ، منداڵانی گەڕەک) دەکات. وەسفی دیمەن و ئاوێتەکاری ئەندێشە و چنینی وێنەکاری زمان، دەقەکە دەکات بە دەقێکی پڕ بەسەرهاتی ڕاستەقینەی لەبەردڵان، کە سنوورەکانی تابوو و زمانی گێڕانەوەی ئاسایی بڕیوە:

((چۆڵی ئەو ڕێگاوبانە هەموو بیری منی ڕووتووقووتکردەوە لە یادوەریەکانم، ئەو یادوەریانەی لەگەڵ گەیشتنمەوە بۆ کوردستان وەکو تۆپی پەمووییەک تەقین و سپی و تەڕ دەرکەوتن، وەک قۆزاخەیەک درزی برد و پەپوولەیەک بەدەیان ڕەنگی سەربالییەوە کەوتە فڕین. شەڕ تەنها جەستە ناکوژێت، بەڵکە ئاوی پێی هەنگاوی یادوەریەکانیش دادێنێت و سست و سڕ وەک بەرد لەسەر پشت دەیاندا بەئەردا. هەستم بە بریسکەی ئازای سەریەشەیەک دەکرد، کە تەنها لایەکی سەرم گەرم ڕادەهات و ژانی دەکرد)){قادر:٢٠١٧، ٩٢}.

شاکر فەتاح، لە گەشتنامە و یادەوەرییەکانیشیدا بە زمانی ئەدەبی و وەسفی چیرۆکئامێز، دەنووسێت، بەرهەمەکەی وەک ژیاننامەی ئەدەبی دەردەکەوێت، وێرای بابەتە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەییەکانی:

((بەیانی هەڵسام ڕۆژ خۆش بوو، هەتا هێزم بێت چاوم دەبینیێ، شاخی دارمازەڵە لە دوورەوە دیارە، شین دەکاتەوە، تەوقەسەرەکەی نەبێ، کە بە قەیتانێی پەمەیی تیشکی ڕۆژ ڕەنگین بووە، بایەک پیاک و خۆش دێ بەسەر ئەو چڵەدارانەدا. خۆم پۆشتە کردەوە، چوومە دەرێ، کە دەبینم ئەوا شار لە هەموو لایەوە ڕازارەوەتەوە. بەردەکی سەرا لەبەر کورد و منداڵ کەوا سەوز و سوور، ئوتۆمبیل، دەرگەزێن لەبەر چەرخوفەلەکی ڕازاوە بە دەستەکچی ئاڵوواڵا لەبەر، ڕێ بەر کەس ناکەوێت.)){فەتاح:٢٠٠٣، ٩٢}

نموونەی زمانی چنراوی پڕ وێنەکاری لە "ئەزموون و یاد" دا دەبینین، گێڕانەوە بە زمانێکی پڕ خواستن و وێنەی شیعری، خوێنەر دەباتە نێو ئەدەبی خەیاڵییەوە، ڕاستەقینەیی ڕووداوەکان و گێڕانەوەیان بە ئاوازی جوداوە، خوێنەر ئامادەی واقیع دەکاتەوە، ئەم گەمەیەش دەبێتە خاڵی سەرەکی جوانیناسی ئەو یادداشتە. وەسفکردنی دیمەنەکان، وێنەی خاوی گێڕانەوەن، کە ڕووی چیرۆکی زاڵ دەکەن بەسەر ژیاننامەدا، لە یەکێک لە هەرە تراژیدیترین دیمەنەکانی ناو جەنگ، زمانی وەسف وەها دەکەوێتە کار، خوێنەر چێژ لە باسکردنی تراژیدیا ببینێت، بە گرنگی دەزانین ئەو پارەچەیە بخەینە ڕوو:

((لەسەر چەمەلەغی تراکتۆرەکەوە لە ئاسۆم دەڕوانی، گوندی "سۆیلەمیش" هێشتا تەمێکی پاییزی لە خۆی پێچابوو، ژن و منداڵ بە چاوانی هەترەشچوویانەوە، لە کاروانی سەفەری ئێمەیان دەڕوانی. باری دوو تراکتۆر ئەنگاوتە و کوژراومان هەڵگرتووە و ماڵئاوایی لە گوتدێکی قنوپۆپ خوێناوی دەکەین. تراکتۆرەکەی بەردەممان عەرەبانەیەک ڕادەکێشێ سیخناخ لە لاشەی براکان. مام ئاراس لە ژێر خۆڵی ڕۆخی تانجەرۆدا بەجێما، ئەو پێش ئەوەی بیبەن، نیگایەکی لە من گرت، نیگایەک پاڕانەوەی تیا نەبوو!

نیگام لەسەر تابووتی تراکتۆرەکە بەند دەبێت، ڕێچکەی خوێن دەچکێتە سەر زەوین و تراکتۆرەکەی ئێمە تایەماڵی دەکات. تیشکی زەردەپەڕ لە دڵۆپی یاقووتیی خوێنەکان دەئاڵێ و لە نیگای مندا سەوز دەبێت، درەختی خوێنەکان، هەرگیز لە ڕۆحدا وشک نابن. لە گوندی "ئالان" بارکوژراو دادەگرین تا خەڵکوخوا بیاننێژن. کاروانی خوێنەکان لە ڕۆشتن بەردەوامە و من بڕیاری دابڕان و تەرەبوون دەدەم)){پشکۆ:٢٠١١، ١٥٤}.

- **زمانی فەرمی و مێژوویی**: بەشێکی زۆری گێڕانەوە سیاسییەکان وەک پێشترین ئاژەمان پێدا، لە مێژووەوە نزیکن، بەرهەمەکانی نەوشیروان مستەفا، ئەحمەد خواجە و ڕەفیق حیلمی و شێخ لەتیفی حەفید لەم جۆرەی گێڕانەوەن: ((دوای ئەمە کە نوئێل چووە کوردستانی تورکیا، وردە وردە ئینگلیزەکان، دەستەودائیرەیەکی هەمووجۆرەیان ڕژاندە سلێمانی، ئەمانە عەجەم و هیند و عەرەب و ئەفغانی، گاور و جۆلەکە و ئەرمەنی، بە کورتی ڕەگەزو تیرە نەمابوو کە تیایا نەبێ، دایەرەکان چەهی حاکمی سیاسی، چەهی عەسکەریی و ماڵی و گومرگ و ئەوانیتر هەر یەکە معاون و یان مشاورێکی ئینگلیزی چووە سەر..)) {حیلمی:١٣٨٨، ٧٧}. ئەو زمانەی لەم جۆرە یاددشتانەدا زاڵە زمانی ڕەسمییە، وەگەرنا، گێڕانەوە و چیرۆکخوانی ئەو ڕەگەزەیە، کە هێشتا ژانرەکەی لەسەر بەندە، و لە پاڵیشیدا کار لەسەر زانیاری گواستەوە دەکات، بەڵگەی دیار و داتای ورد و وێنەی گشتی بارودۆخەکە. وەک چۆن لە (چیم دی)یش دا دەبینرێت:

((ئینگلیزەکان کە زانییان برسیەتی زۆر بڵاوبۆتەوە؛ گەنم، شەکر، چایەکی زۆریان هێنایە سلێمانی. بە پارە دەیانفرۆشت، بێ پارە هەر لە سەخڵەتیدا ما، ئەو ئازووقەیەیان کرد بە هۆیەکی باش بۆ ناسینی دانیشتوانی ناو شار، هەل و فەرێکی سیاسی باشیان لەبرسی و هەژارەکان دەست کەوت، گرین هاوس بە هەموو لایەکدا هەڵپەی دەکرد، خۆی لە کاربەدەستانی نەوتی عەبادان بوو، زمانی فارسی زۆر باش دەزانی. بە پیاوە نالەبارەکانەوە زۆر تێکەڵی پەیدا کرد و زۆر دەستدرێژی دەکردە سەر کاروباری وڵات)){خواجە:٢٠١٣، ٢٤}.

- **زمانی ئاسایی:** هەندێک لە گێڕانەوەکان زمانی ئاسایین، ڕەوان و سادە، ئەمەش بۆ نزیکبوونەوەی خوێنەر لە دەقەکەیە. نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش نمونەی بەرجەستەی ئەم جۆرەیە، بە زمانێکی ڕۆژانە و ئاسایی کەموکوڕییەکانی خۆی نیشان دەدات:

((بە ڕاستی من پیاوێکم؛ کەم کەس دەتوانێت لە نزیکەوە یان بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لەگەڵمدا بژی و بێزار نەبێت، چونکە بۆڵەبۆڵم زۆرە و بە ئەرکم. زۆر زوو دڵم ئەڕەنجێ، کەم تورە ئەبم، بەڵام کە بووم، دۆودۆشاو تێکەڵ ئەکەم. جگەرە زۆر ئەکێشم و دەروبەرم ئیزعاج ئەکەم. هەندێک جاریش قسەم ڕەقە. شوێنی پارچە کاغەزێک لەسەر مێزەکەم بگۆڕن، دەهری ئەبم، بەڵام بەوەش چاکە سروشتێکم هەیە. هەر ئەو ساتەیە و هیچ لە دڵمدا نامێنێت، لە دوایدا خۆم ئەگەڕێم بە شوێن ئەو کەسەدا و ماچی ئەکەم و ئاشتی ئەکەمەوە. من ڕق ئەستوور نیم، تۆڵەکرنەوەم نییە. بە ڕاستی من پیاوێکی منداڵم! میزاجم شێوەی هەڵسوکەوتم دیاریدەکات. کەس بە قەد من عاشقی ژن نییە، لە بەرامبەر جوانییەکانیدا ئەبمە تەیرێکی بەشەوارە کەوتوو. ئەم سیفەتەش زیانی زۆری پێگەیاندوم، گەلێ جار کردومیان بە تەڵەوە و دایاندۆشیوم و شوڵێکیانداوە لەسەری لووتم. من وەک شاعیرێکی مناڵ باوەشم بۆ گرتوونەتەوە و بەڵام هەیانبووە وەک جانەوەر گەماری داوم و تەفرەی داوم و کردوومی بە چەشنی قولاپەکەی.)){بێکەس:٢٠١٣، ب١، ٤٢٠}

سادەیی زمان و گێڕانەوە بەشێوەیەکی ڕەوان، لە بیرەوەرییەکانی بەهییە مەعروفیش دا دەبینرێت، ئەگەرچی نووسین بیرەوەری ژنان زۆر کەم و دەگمەنە، بەڵام لەم بیرەوەرییە دا ڕووداوەکان و گێڕانەوەکان پچڕ پچڕن و تیشک لەسەر ڕووداوە گرنگ و سیاسییەکانی ژیانییەتی وەک لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکەسییە خودییەکان و گەلێک ڕووداوی گرنگی ژیانی سیاسی و چالاکی ژنانی باس کردووە:

((وتم یەکەم من مامۆستام، نەوەی حاجی کاک ئەحمەدی شێخم و کچی ئەو شێخ مارفە بەناوبانگە زانا و لەخوا ترسەم.

وتیان: چییان پی ئەڵێیت؟

وتم: ئاینمان هەیە باسی خوا و پێغەمبەر.

وتیان ئەی ناڕۆیتەوە؟

وتم: نەء واز لە مامۆستایی ئەهێنمو خەیاتی ئەکەم و موڵک و ماڵی خۆم هەیە و ئەیخۆم.

خۆزگا ئێستا هەردوکتان ئەهاتن و پێکەوە ئەچووین بۆ ماوەت، تا بزانین ڕێگا خۆش و قیرتاوەکەی و قەسر و قسوورەکەی کامەیە کە ئیوە باستان لێ ئەکرد، خۆ بێ مامۆستاش نییە و بۆ سی قوتابی هەشت مامۆستای لێیە، ئیتر هی پێوست بە گەرانەوەی من ناکا..)) {سالَح: ٢٠٠٢، ٣٧}

- **زمانی مەجلیسی:** ئەم جۆرەی بەکارهێنانی زمان، شێوازی قسەکردنی تاکەکەسی پێوەیە، نەک شێوازی نووسین، واتە نەک هەر زمانی نووسین ڕەچاو نەکراوە، بەڵکو زمان نارەسمییە، ناوچەییە و تەنانەت هەڵگری تۆنی دەنگی نوسەریشە. نموونەی ئەم جۆرە گێڕانەوەی چێشتی مجێورە. هەژار لە سەرەتادا دەڵێت: خۆی بە زمانەوە ماندوو نەکردوە و هیچ ڕەخنەیەکیشی لەبارەی زمانەوە، بۆ

گرنگ نییە، چونکە ئەو وەک مەجلیسان قسە دەکات. ئەم زمانی قسەپێکردنە، زمانێکی هەمە چەشنەیە لە: زمانی بەپلار، زمانی قین لە دڵ، زمانی تۆڵەکەرەوە، زمانی ڕەق، دواجار زمانی گاڵتەگەپیش. بەو مانایەی هەژار بە مەبەست ئەمە دەکات و وێڕای زمانزانی و تواناکانی بەسەر زماندا لە کتێبەکانی تر و بابەتە وەرگێڕاوەکانیدا، لێرەدا زمانیکی ساکاری ناو کۆڕ و کۆبوونەوە بەکاردەهینێت: ((هەژار لە زمانی ڕاوە و لە سەجع، لە گەمەی زمانی و قەتارەی وشەکان و بە گشتی لە زمانی شیعر کەڵک وەرناگریت، تاکو ڕوون و شەفاف و بێ پەردە بدوێت و هەڵوێستی خۆی بە ئاشکرا ڕابگەیێنێت، زۆربەی شتەکان لە چێشتی مجێوردا ڕووت و ڕوونن، مانای شاراوە و ئیلهام و خوازە نابینرێت. خوێنەر یان لەگەڵی هاوڕا دەبێت یان قەبووڵی نییە و دژی ڕادەوەستێت، نەسر و دارِشتەی زمانیش ڕێک لە خزمەتی ئەو مەبەست و ئامانجەدایە، نەسرێکی گیاندار و زیندوو بە چاویلکەی تەنزو و شۆخییەوە)){هیدایەتی:١٣٨٩، ٨٣}. بۆ نموونە:

((ئەو بەینە زۆر بەتاسەوە بووم شێخ مەحموود ببینم، بەڵام تا داوام دەکرد شێخ لەتیف بەهانەیەکی دەدۆزییەوە دەیگوت جارێ! شێخ لەتیف بۆ خۆی شاعیر بوو، بەڵام باوەڕناکەم شیعری کەسی خویندبێتەوە، تەنانەت ئەو کاغەزانەی لێقەوماوان بۆیان دەنووسی، قەت یەکی نەدەخوێندەوە، وە بن دۆشەگی بن قونی دەدان. کە لە (بی بی جەک) بووم سوارێک بە غار هات و نامەی شێخ لەتیفی دامێ، کە زۆرم تاریفی تۆ لای شێخ مەحموود کردووە، پێی خۆشە نمونەی شیعرت ببینێت، تکایە شیعرێکی بنووسە با بۆی بخوێنمەوە. من کە مەزانی حاڵی چۆنە، کاغەزێکی سپیم خستە ناو پاکەتەوە و ناردم. کە شێخ لەتیفم دیتەوە کوتم، ها؟ شیعرەکە چۆن بوو؟ فەرمووی: زۆر خۆش بوو، شێخ مەحمویش پەسەندی کرد!)) {موکریانی:١٩٩٧، ١٠٤}.

وەک دەزانین، زمان شوێنکەوتەی بابەتە، هەر بابەت و بەسەرهاتێک پێوستی بە گێڕانەوەی چەشنە زمانێک هەیە، بەڵام گێڕانەوە لە چێشتی مجێودا جیاکراوە نییە، هەمیشە بە پلرو و بچووککردنەوە و لایەنگیرانەیە، پێشناو بەخشین بە کەسانی بەرە، پێشناو لێکردنەوە بۆ دوژمن، وشەی بازاڕی و نائەدەبی و هاوشتنی ڕاستەوخۆ دەبێتە شێوازی زمانەوانی ناو گێڕانەوەکە:

((قاسم لە بنەوە چەک و پووڵی بۆ زێبارییەکان نارد، کە بە بارزان هەڵڕۆشێن. بۆ جێژنی ئۆکتۆبر، بارزانی دەگەڵ چەند وەزیر و پیاوماقووڵی عێراقی بۆ مۆسکۆ دەعوەت کرا. لە هاتنەوەدا قاسم گوتبووی: بیستوومە غەیبەتی منت کردووە. بارزانی گوتبووی: حەز دەکەم ئەوی بۆی گێڕاویەوە بێتە ڕووبەڕووم؛ چونکە من لە بیرم نەبووە بە چاکەش باست بکەم. هەر ناوی تۆم وە بیر نەهاتەوە... جارێک بە قاسمی گوتبوو: بۆ لە خۆتەوە دوو ملیۆنونیو دینار بە شێخی زوفار دەبەخشی، گەلی عێراق ڕازییە؟ ئەو تەرزە ڕەفتارە و قسانە، قاسمی ئەواو شێت و هار کردبوو. چۆنی لە کۆڵ خۆی کاتەوە؟!

زێباری وەک عەشایر ملیان لە شڕەخۆری و دەستدرێژی بۆ بارزان دەکرد. مەلا مستەفا ماوەیەک بوو لە بارزان بوو. لەم بەینەدا دەزگای دەوڵەت زۆری تەشقەڵە بۆ پارتی نایەوە. ڕۆژنامە داخران؛

برایم و جەلال خۆیان لە بەغدادا شاردەوە؛ بەڵام کاری حیزب پەک نەکەوت.)) {موکریانی:١٩٩٧، ١٢٣}

**دووەم: ناونیشان**

ناونیشان لە دەقی گێڕانەوەدا، ئەرکی ڕاکێشان و دروستکردنی پرسیاری لە ئەستۆیە، نەک کورتکراوەی ئەوەی لە ناو گێڕانەوەکەدا هەیە. بەو جۆرەی نوسەری شارەزا، بەهۆی ناونیشانەوە کنجکۆڵی خوێنەر دەوروژێنیت بۆ شوێنکەوتنی ئەو تیشکە بچووکەی وەک ناونیشان خراوەتە ڕوو، تاکو بۆ شەبەنگە ڕوناکییەکە بڕوات و گرێی واتایی ناونیشانەکە بکاتەوە. لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوەی باو، ناونیشان لە ژیاننامە و بیرەوەری و ڕۆژانەیادنووسدا، دەرخەری ڕاستەوخۆی ناوەڕۆکی بیرەوەرییەکەن. بۆیە بەردەوام، بەر ناونیشانی وەها دەکەوین کە هەندێک میتافۆڕی نزیک لە مانای ژیانەوە بەکاردێنن بۆ ناونیشان. وەک: کاروان، گەشت، وێستگە، ئاوێنە، تاکو زووتر مانای بیرەوەری بە دەستەوە بدەن. ئەمانە کۆمەڵێک ناونیشانی ئەم جۆرە ژانرەن: (کاروانی ژیانم، گەشتی ژیان، ئاوێنەی ژیان، بەسەرهاتی من، ڕۆژانی سەخت، کاروانی بێ کۆتایی، ململانێ لەگەڵ ژیاندا، گەڕان بە دوای ڕاستیدا، ڕاستییەکان دەڵێمەوە، لە کاروانێکی دووردرێژدا، ژینا نیگارا من، وێستگەی ژیان، ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی، دیداری تەمەن، ئاوێنەی ژین....). (٢٠)

لە کاتێکدا جۆرێکی تر لە ناونیشان بۆ بیرەوەری هەن، کە جگە لەوەی نیشاندەری ڕاستەوخۆی بیرەوەری نین، ناونیشانی جێی سەرنج و جیاوازن وەک یادەوەرییەکانی نەوشیروان مستەفا: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، خولانەوە لە ناو بازنەدا، "چێشتی مجێور"ی هەژار موکریانی، "ژانەڕێیە خۆڵەمێشییەکان"ی کاکە مەم بۆتانی، "منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد"ی کاروان کاکەسوور، "نووسین بە ئاوی خۆمەڵەمێش"ی شێرکۆ بێکەس، "چیم دی؟"ی ئەحمەد خواجە. لە جۆری سەفەرنامەش "بەرەو کەناری شپرزەیی" ڕەوف بێگەرد.

**ناونیشانی بەش:** ناونیشانی بەش هەندێک جار دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی فرەچیرۆکی، چونکە گێڕانەوەی هێڵی سەرەکی گەشتنامە، خۆژیاننامەنووسی خودی یان ئەویدی، ئەرکی چوارچێوەداری خودی ژانرەکەیە، بەڵام هونەری جوانیناسی ناو گێڕانەوە پشت بەو وردە چیرۆکانە دەبەستێت، کە لە گۆشە و کەنارەکانی گێڕانەوەدا دێنە ناوەوە، تا بەسەرهاتەکان وەک چیرۆکی هونەریی بە زمانی چڕ و کورت و پوخت داڕێژرابن و سەربەخۆ بن، زیاتر لای خوێنەر دەمێننە و دەبنە پشوویەکیش لە گێڕانەوە سەرەکییەکە. بۆ نموونە: ناونیشانی هەندێک بەشی ناو (ئەزموون و یاد) شیعرین و هەندێکی تریشی وێنەی تەنزئامێزن: وەک (خەوبینین لە ژێر کورتاندا)، جگە لەوەی چیرۆکی ڕاستەقینەی کورتان بە خۆدادانە لە بێ پەنایی و خاپووربوونی گوند و لە ترسی باران، بەڵام وێنەکە دەبێتە تەنزێک بۆ ئەو پێشمەرگانەی خەونی گەورەیان هەبوو، کەچی

لە ژێر بارێکی قورسدا پشتیان چەمابوویەوە و کورتان داڵدەیان بوو. لە ناونیشانێکی تردا (وێنە گەردلێنیشتووەکان، من لە وێنەکان ماندووم و ئەوان دەست لە ئێخەم ناکەنەوە)، ناونیشانە سەرنجڕاکیشەکە بەرەو چیرۆکێکی تراژیدیا خوێنەر دەبات، دەبێتە یەکێک لە چیرۆکە بچوک و سەربەخۆ و هەرگیز لەبیرنەچووەکانی پێشمەرگەیەکی تازەهاتوو و تازە شەهیدبووش.

ناونیشانی بەش لە نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش جیاواز لە گێڕانەوە شیعرییە، هەندێک جار وەک بەیتێک شیعر خۆی دەنوێنێت: (زللەیەک لە هەڵبەست دەدەم، پەرداخی شەراب دەڕژێ!)، (لەسەر ژن، ناویان بە دەرگای مزگەوتەکانا هەڵواسیوم)، (ئەو شوێنانەم نەدۆزییەوە، کە شەوانە نانوون!)، ( لە شاری شیعر و ئاوا، گوڵی بێ ئینجانە و دڵی بێ فریشتە)، (سەیابم لە پاسەکەدا بینی)، هەر یەک لە مانە وادەکەن، کەمێتی زمانی شیعری ناو دەق بشارنەوە و هاوسەنگی لە گێڕانەوەکەدا درووست بکەن.

**سێیەم: گۆشەنیگا**

گێڕانەوە لە یادەوەری و یادداشت و بایۆگرافیدا، جیاواز لە ژانرەکانی تری گێڕانەوە، پەیوەستە بە هەقیقەت و ڕووداوی ڕاستەقینەوە، بەڵام ئەوەی دەیکات بە نووسینی ئەدەبی؛ داڕشتن، فۆرم، زمان و خەیاڵی چنینە. خوێنەری ئەم جۆرەی ژانەر بە پێی زانیاری پێشوەختەی بۆ ژانرەکە، چاوەڕوانی گێڕانەوەی ڕاستییە، بەڵام کاتێک نووسینی نوسەرانی سیاسی دەخوێنێتەوە، کەمتر بەر ئەو ڕاستییە دەکەوێت، یان ڕەنگە دژایەتی لە گێڕانەوە جیاوازەکاندا بەدی بکات. بەشێکی ئەمە پەیوەندی بەو تاکەوە هەیە کە دەیەوێت ئەوەی ژیاوە بیگڕێتەوە، بۆ تاکی ڕۆژهەڵاتی لە ڕوویەوەکەوە شتەکان گرانتر و قورستر دەبن، لەو ڕوانگەوەی دەرخستی ژیان وەک ئەوەی هەبووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند نییە و لە ڕووی سیاسیشەوە،هیچ کەسێک نییە خۆی بە کارەکتەرە ناشرینەکە نادات ە قەڵەم. هەر ئەوەشە تا ئێستا شتێک بە ناوی دانپێدانان، وەک ئەوەی لە ئەدەبی ڕۆژئاوایی دا هەیە، لە ئەدەبی کوردیدا بەدی ناکرێت.

هەر یەکە لە نوسەران لە پێشەکی یان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناو دەقی گێڕانەوەدا ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ناشێت هەموو شتێک بڵێین و ژیانی تایبەتیان وەک ئەوەی هەیە نەگێڕاوەتەوە. هیمن لەم بارەیەوە دەڵێت: ((خوێنەری خۆشەویست پێت وانەبێ لێفەم لەسەر هەتیوان هەڵداوەتەوە و لە بنی کوولەکەم داوە و هەرچی هەیە نووسیومە. نا، هەروا کورتە سەرگوزەشتەکەمت بۆ دەگێڕمەوە.)){هێمن: ١٤٠٠، ١٤}. شێرکۆ بێکەس ئەم پەڕاندن و بێپەردە باسنەکردن، یان شەرمنانە باسکردنی بابەت و بەسەرهاتە خودییانە، نەک تەنها بۆ کورد، بەڵکو ئەمە بۆ کۆمەڵگای ئیسلامی ڕۆژهەڵات، بۆ ترس لە دین و دابونەریتی کۆمەڵ دەگەڕێنێتەوە. کە وادەکەن نوسەر لە گێڕانەوەدا توشی دڵەڕاوکی و ترس و نائومێدی ببێت و بە ناچاری، خۆی سانسۆر لەسەر خۆی دابنێت: ((نووسینەوەی یادەوەری لە دنیای ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دا، هەمیشە یادەوەرییەکی نوقسان دەبێت؛ چ لە ترسی هەژموونە ڕەهاکەی دیین و شەریعەت و چ

له ترسی کۆتۆپیوەندەکانی دابونەریتی ناو کۆمەڵ خۆی، بەو جۆرە ئەم یادەوەرییانەی منیش لەو سڵمینەوە و ترس و پەردەپۆشیانە خاڵی نین)).{بێکەس:٢٠١٣، ١١} نوسەرانێکی تریش هەن، لە زۆر شوێندا بێپەردە دەستیان بۆ گێڕانەوە تابووەکانی ناو ژیانی خۆیان بردووە، کە بەشێکن لە ڕەفتار و ژیانی نەوەیەکی هاوتەمەن و هاودەمی ئەو، بۆ نموونە هیوا قادر لە گێڕانەوەی سەفەرنامەدا پێی وایە: ((ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ناو سەفەرنامە وا لە خوێنەر دەکات، لە باسکردنی ئازادییەکان و شکستەکان و ناشیرینییەکانی ژیانی خۆی نەترسێت، ئازابێت لە باسکردن و گوزارشکردن لە خۆی وەک ئەوەی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی ئەبێت ببێت و کۆمەڵگە داوای لێ ئەکات.)) {قادر:٢٠١٧، ٦}

هەر ئەو ڕاستەقینەیەشە وادەکات خوێنەر هەست بە جوانی گێڕانەوەکان بکات، چونکە ئەو پەیمانەی کە بەشێکی زۆری نوسەرانی کورد لە گێڕانەوە خودییەکاندا شکاندوویانە، ئەو لە گێڕانەوەی بەسەرهاتە شاراوەو بێپەردەکاندا بردویەتییە سەر. هەندێک لەو دیاردانەی لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دیاردەی باوی کۆمەڵایەتین، نوسەران لە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆدا خۆیان لێ بواردووە. ئەگەرچی لە گێڕانەوەی ژانرەکانی تردا، کە گێڕانەوەی خەیاڵین دەبینرێن. لە سەفەرنامەدا بە زمانێکی ڕوون و گێڕانەوەیەکی پەلکێشکەر، نیشان دراون، دوان لەو بەسەرهاتە تابووانە، دەستپەڕکردنی هەرزەکارانە لە دەمی تەماشاکردنی فیلمە ئیرۆتیکی و پۆرنۆگرافییەکاندا، ئەوی دیش، سەردانی گەنجانی کوردستانە بۆ بەغدا و ئەزموونکردنی سەرجێیە لە سۆزانیخانەکانی بەغداد دا:

((ئەو سەردەمانە لەگەڵ ئەو چەند هاوڕێیەمدا کە وەک من شەرمن بوون، چەند ڕۆژێک پێش چوونە سینەما دەچووین لەجامخانەی سینەماکاندا، سەیری وێنەی ئەو فیلمە "ئیرۆتیک"یانەمان دەکرد کە هەڵدەواسران، لە ڕوومان نەدەهات یەکسەر خۆمان بکەین بە سینەماکاندا، دەهاتینە دەرەوە و خۆمان وا پیشاندەدا تەنها سەیری وێنەکانیان دەکەین، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک بەپەلە و بێ سەیرکردنی وێنەکان خۆمان دەکرد بەهۆڵی سینەماکەدا. دوای چەند جار چوونە سەیرکردنی ئەو جۆر فیلمانە، فێربووین کە دەسڕی کلێنکس لەگەڵ خۆمان بەرین، تا دوای هاتنە دەرەوە، هێندە بۆنی شەهوەتمان لێنەیەت و پەڕی دەفتەری کتێبەکانیشمان هێندە کەمنەبێتەوە. سەرەتا هەموومان شەرمن و لارەمل لە کورسییەکاندا خۆمان نوقم دەکرد، دەستی ڕاستمان دەخستە شەڕواڵەکانمانەوە و جارجارەش بۆ قەرزکردنی تفێک دەرمان دەهێنایەوە. کەمجار دەمانهێشت بەیەکتری بزانین کە دەسپەڕ دەکەین، مەگەر ئەو کاتانە نەبێت، کە ئیدی دەچووینە لووتکەی لەزەت و شێوەی دانیشتنمان تێکدەچوو، دەستیشمان ئاشکراتر و قایمتر شەڕواڵەکانمانی ڕادەتەکاند. بەڵام هەر دوای ئەو تێربوونە هەر چ کامماں بووینایە خەم و پەشیمانی دایدەگرتین و بەبێدەنگی جێگاکەمان جێدەهێشت و دەچووینە چەند ڕیزێکی دواتر، مەگەر بەدەگمەن هەوەسی دەستپەڕکردنێکی تر بیگێڕاینایەتەوە هەمان شوێن، دەنا بێدەنگ و کز دادەنیشتین و هەستکردن بەگوناهـ داگیری دەکردین. دوای تەواوبوونی فیلمەکە هەموومان شەرممان لەیەکتری دەکرد و

زاتی سەیرکردنی چاوی یەکتریمان نەدەکرد، تانیوەی ڕێش بێدەنگ دەگەڕاینەوە و کەس قسەی نەدەکرد.)){قادر:٢٠١٧، ٧٦}

هەندێک لە نوسەران لە ئاستی سیاسی دا ئەم تابووشکێنییە دەکەن، ئەو بارودۆخە ناشرین و وێنانەکراوانەی ناو سیاسەتی کوردی دەگێڕنەوە، کە ڕەنگە دواجار وەک کارەکتەری کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەریان بکەوێت. بۆ نموونە: پشکۆ نەجمەدین لە "ئەزموون و یاد" دا پێی وایە گێڕانەوەی ئاسایی ڕووداوەکان و داتا و بەڵگەی جەنگ و شەهیدەکان، گەلێک پێشتر لە لایەن سیاسییەکانی ترەوە گێڕاونەتەوە، ئەوەی بۆ ئێستا گرنگە باسکردنی ناشرینییەکانە: ((من بە مەبەست و لە ئاگاییدا، لەسەر تراژیدیاکانی شەڕی ناوخۆ ورددەبمەوە و زەوق و زۆپیان دەکەمەوە. من کە لە بەشێکی زۆری ئەو شەڕانەدا بەشداریم کردووە، ئێستاش پاش بیستوسێ ساڵان، لە ئاگایی و نائاگایم دا ئازارم دەدەن و لە ناخەوە دەمسوتێنن! شەڕی نێوخۆ و کوولتوری یەکترکوشتن، فاکتەری کاربڕی خولقاندنی ئەم بارە شێواوەن، کە کوردی تێدا دەژی، وێنەگرتنی شەپۆلەکانی ڕووباری خوێن، سەررێژی شەڕی دەسەڵات لە نائامادەیی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی کورردیدا و نیشاندانیان بەنەوەکانی ئێستا و ئایندە، بە ئەرکێکی گرنگی پرۆسەی نووسینی سیاسی دەزانم)){نەجمەدین:٢٠١١، ٤}.

وەک چۆن یادەوەری نوسەران لە ڕووی کونپشکنییەوە کەم دەهێنت، ئەوە یادەوەری سیاسییەکان لە ڕووی گێڕانەوەی ڕاستەقینەوە کەم دەهێنێت و خۆ بە پاڵەوانکردن  و یەک بەدرۆخستنەوە دەبێت بە ڕووی دیاری ناو گێڕانەوەکان. جگە لە گێڕانەوەی کارەکتەرە سیاسییەکان، نوسەرانی وەک هەژاریش دەکەونە ناو ئەو بە پاڵەوانکردن و دابەشکردنی جیهان بۆ چەپ و ڕاست و ڕەش و سپی-یەوە. ئەو لە باسی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتدا، بە زمانێکی تەنزئامێز لە بارەی شاعیرانی دەربارەوە دەدوێت، کە چاوەڕوانی بارودۆخی پادشا بوون تا شیعرێکی بڵێن و ئەویش خەڵاتیان بکات: ((تۆ بێنە بەرچاوت سەد شاعیر، هەر یەک چەند شەو خۆی جیرەبابە داوە، قەسیدەیەکی پڕ درۆی گەورەی بە قەدوباڵای نافەساڵی خەلیفە یان پادشا هەڵگوتووە؛ پرسیویانە:

-ئەمڕۆ خەلیفە یان شا ڕووی خۆشە؟ تورە نییە؟ ئیجازە هەیە بچینە زمەتی؟

-بەڵێ فەرموو..دەی شیعر بخوێننەوە.

شا و خەلیفە لە کەر کەرتر، لەو ناوەدا شیعری یەکێکیانی پەسەند دەکرد، خەڵات بەو دراوە و ئەوانی تر دەم لە پوش کراون، نیزامی کە خودای شیعرە بە حاکمی وەخت دەڵێت من سەگێکی تۆم، چاوم لە ئێسکێکە بۆم باوێژی، فیردەوسی خاوەنی شانامە، وەها خۆی لە بەرامبەر مەحمودی غەزنەویدا بە سواڵکەر نیشاندەدات پیاو بەزەیی پێدادێتەوە..)) {موکریانی:١٩٩٧، ٢}  هێندە نابات پاش ئەوەی خۆی وەک پاڵەوان دەناسێنیت و پارەی شیعرێکی وەرگیراوی لە قازی محەمەد دەدات بە دەفتەر و قەڵەم بۆ منداڵە هەژار. کەچی خۆیشی چەشنی ئەو خەلیفە و شاعیرانەی دە سەدە پێش ئەو ژیاون، بە زاری خۆی وەک نۆکەری مەلا مستەفا خۆی دەناسێنێت. بەوەش

نووسینەکە لە سەرەتاوە بە دژایەتی و بەرەداری دەستپێدەکات و یەکەمین متمانەی ڕاستەقینەبوون بۆ خوێنەر لە دەستدەدات: ((..دیاریشە لە پاش ئەوە توانیومە بە یارمەتی بارزانی کتێبی شیعری خۆم چاپ بکەن، پوڵی کتێبانم زۆر دەستکەوتووە، کە مەمنوونی هیچ کڕیارێک نەبووم، من بارزانیم بە گەورەی خۆم قبوڵکردبوو، شانازیشم بەو دەکرد کە نۆکەری ئەو بم، پێشم شەرم نەبووە ئەو یاریدەم بدا، چونکە لام وابووە مەرد و ڕەندێکە نمونەی کەم لە دنیادا هاتوون)) {موکریانی:١٩٩٧، ٣} بێگومان ئەو شاعیرانەی دە سەدە پێش ئەو، سوڵتان مەحموود یان هەر خەلیفەیەکی تریان بە مەرد و ڕەند زانیوە، شیعریان پێدا وتون و پێیان شەرم نەبووە پارە وەربگرن، بۆیە ئەگەر دیارەکە ناشرین بێت، هەمیشە ناشرینە، ئەگەریش جوان بێت، ناکرێت لۆمەی ئەوانی تری لەسەر بکرێت. سەرباری ئەمانە، دەبێت ئەوەشمان لە یادبێت شاعیرانی کورد بەراورد بە شاعیرانی تری هاوسێ، کەمتر لە دەرباردا بوون و پوڵپەرست بوون، مێژووش شاهێدی ئەوەیە.

## بەشی سێیەم

## ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ژانری شیعردا

### پاری یەکەم: ژانری شیعر

پرسیارێک لە بارەی شیعرەوە سەری هەڵداوە، ئایا جگە لە فۆرمە باوەکانی شیعری گێڕانەوە (ئیپیک، دراما) شیعر دەتوانێت چاوەڕوانی گێڕانەوەی لێبکرێت؟ شیعر ئەگەر شتێکی لێ چاوەڕوان بکرێت، بە تایبەت شیعری لیریکی، هەست دەربڕین و بابەتە جوانکارییە زمانییەکانە؟ لە بەرامبەر ئەوەدا ئەی چی لە چیرۆک داوا دەکرێت؟ بنەماکانی گێڕانەوە بۆ چیرۆک و بنەما شیعرییەکان بۆ شیعر جێبهێڵین؟ ئەی ئەو دەمەی نوسەران، هونەرەکان ئاوێتە دەکەن و خۆیان نابەستنەوە بە سنووری ژانرەکانەوە چی ڕوو دەدات؟ ئەو دەم جوانیناسی ئەدەبیات چۆن تەماشا بکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەمانە دەتوانین بچینەوە سەر گرنگترین بنەمای جوانیناسی، کە ئەریستۆتالیس ڕێکیخست. ئەو لە بارەی چیرۆکەوە وتی: چیرۆکە بەراورد بە مێژوو بەهای فەلسەفی هەیە، بەو پێیەی مێژوو شتەکان وەک ئەوەی کە هەن دەیگێڕێتەوە، لە کاتێکدا چیرۆک بەو جۆرەی کە دەشێت یان دەبێت ببێت، نیشاندەدات. ئەم بنەمایە بۆ هەموو قاڵبە ئەدەبییەکان ڕاستە، لە هەمووشی زیاتر بۆ ڕۆمان کە زۆر دواتر دێتە ئاراوە. ڕۆمان بە هەر چوار تایبەتمەندییەکەیەوە (تێمە، پلۆت، کەسێتیسازی، شێواز) دەبێتە دەقی خەملاو، کە هەموو چوارچێوە چیرۆکییەکان لە (ڕۆمان، شانۆنامە، سیناریۆ و شیعری ئۆپێرا و کورتە چیرۆک) دەگرێتەوە، تەنها بابەتی جیاواز لە نەریتەکە، شیعرە. چونکە لە بنەڕەتدا شیعر ناچار نییە چیرۆک بگێڕێتەوە و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی هۆنراوە تیمە و شێوازن {رند:١٣٩٦، ٩٤} ئەم جیاکارییە بۆ شیعر، بە مانای دەرکردنی دوو بنەمای گرنگی گێڕانەوە (پلۆت و کەسیتیسازی) نییە، بەڵکو بە مانای زەقکردنەوەی دووبنەمای ترە، لەگەڵ ناوهێنانی شیعردا دێتە زەینمان و دەبنە پێوەری هەڵسەنگاندنی جوانیناسی شیعر. بەڵام زۆرجاریش ڕێکدەکەوێت شیعر بگێڕێتەوە، ڕەگەزەکانی گێڕانەوە بێنە پاڵ ڕەگەزە شیعرییەکان، بەو واتایەی دەوترێت بە شێوەیەکی گشتی شیعر: ((یان وەسف دەکات، یان دەگێڕێتەوە، دواجاریش زۆربەی وەسفەکان دەگەن بە وێنە و گێڕانەوەکانیش بە گوتار)){بذرافشان:١٣٩٧، ٥٥} لە هەردوو بارەکەدا، شیعر تایبەتمەندی خۆی بەهۆی پێکهاتەی شیعرییەتەوە دەپارێزێت و لەیەک کاتدا توانای، وەسفکردن و گێڕانەوەشی هەیە. هەمیشە شیعر وەک بابەتێکی جوانیناسی تەماشادەکرێت، بەر لە خوێندنەوە و تەفسیر و ڕاڤە، وەک ژانر بە جوانییەکی بێ کۆتا دەدرێتە قەڵەم. "شیللی" لە بارەی ئەم جوانییەوە پێی وایە: شیعر هەموو شتێک بۆ جوانی دەگۆڕێت، جوانیش بڵندتر و جوانتر دەکات و هەرشتێکیش بەدشێوە بێت، سیمای جوانی پێدەبەخشێت. شادی و ترس، خەم و سروور، ئەبەدییەت و گۆڕانکاری پێکەوە ئاوێتە دەکات و بە پێوەندێک هەموو شتە پێکەوە نەسازاوەکان، کۆدەکاتەوە و یەکێتیان پێدەبەخشێت. شیعر دەست بۆ

هەرشتێک ببات دەیگۆڕێت، دەمامەکی ئاشنایی لەسەر جیهان لادەبات و جوانی نووستو و ڕووت و بێ پۆشاکی کە ڕۆحی ئاشکرای ئەوە، دەردەخات. {دیچز:١٣٧٩،٢٠٤}.

ژانری شیعر بە بونیادی خەیاڵ، سۆز، هونەرئارایی زمان، ڕەوانبێژی، کێش و سەروا و ڕیتم و تۆن، خۆی لە ژانری پەخشان جیادەکاتەوە. کارکردنی ئەم توخمانە پێکەوە، بەرهەمێکی هونەری وەها پێکدێنن، کە بچوکترین لابردن و ئاڵوگۆڕ، پاش و پێشخستن، دەبێتەهۆی کەلکردن و شێواندنی بەرهەمەکە. لەو ڕوانگەوەی شیعر، چ وەک ئیلهام و چ وەک داهێنان{سەنعەت}، کار لە سەر زمانئارایی و وێنەسازی دەکات، بەهۆی زمانی وێنە و خواستن و خوازەوە، بەرهەمێکی ماناداری مۆسیقی مانا ئاڵۆز دەئافرێنێت، کە تێگەشتن لێی پێویستی بە هەڵوێستەکردن و بیرلێکردنەوەیە، ڕادەی تێگەشتن و زووگەشتنی ماناش پەیوەندی بە جۆری شیعرەکەوە هەیە. بۆ نموونە: شیعری فێرکاری لەم ناساندنە بێبەرییە، لە کاتێکدا هەتا جۆری شیعرەکە لە شیعری گۆرانی و لیریکی نزیک بێتەوە، هونەرکاری وردتر و زوومانا بەخشین سەختر دەبێت.

یاکۆبسن پێی وایە {لاج:١٣٨٨، ٥١})هەندێک لە جۆری شیعر زیاتر بە لای خوازەدا{مەجاز} دەشکێنەوە، وەک داستانی پاڵەوانێتی، هەندێکی تر لە چوارچێوەی خواستندان{ئیستیعارە} وەک شیعری گۆرانی. هەندێکی تر پێیان وایە لە بنەڕەتدا داستانی دڵداری و غەزەل دوو فۆڕمی شیعری لیریکین، یەکێکیان هەستە جیاوازەکانی شاعیر بەرامبەر بە مەسەلە جیهانییەکان لە فۆڕم و قاڵبێکی کورتدا نیشاندەدات و ئەوی تر کە داستانی ئەوینداریییە- جا خودیی یان یەزدانی یا هی تر بێت- مەودایەکی فراوانتری هەیە بۆ خستەڕوو و گێڕانەوە.{رستگار:١٣٨٠، ١٥١}. بەڵام فۆرمالیستە ڕووسەکان، لە ڕووی تێمۆلۆجییەوە تەماشای جیاکاری ژانرەکان دەکەن، پێیان وایە نۆڤڵ ڕەگی خۆی لە مێژوو و سەفەرنامەوە وەردەگرێت، هەرچی چیرۆکی هونەریشە لە قسەی نەستەق و هەقایەت، جیاوازیشیان لە درێژ و کورتی فۆڕم دایە. سەبارەت بە شیعری گۆرانی "لیریک"یش پێیان وایە، پەرەسەندنی تێمە پەیوەندی بە زمانی هۆنینەوەوە هەیە. لە شیعردا وشەیەکی دیاریکراو بە یەکەیەکی واتایی نایەتە ژمار، بەڵکو کۆمەڵێکی ئاڵۆز لە دەنگەکان، لەگەڵ بەهایەکی جوانیناسییە، خوێنەر یان بیسەر بەرەو خۆی ڕادەکێشیت. لە وەها پێڕەوێکدا، ڕیزبەندی وشەکان بە شێوەیەکی تایبەت و بە جۆری ڕیزی هاوتەریب، ماناکەیان دەردەکەوێت وەک لە ئاستی ڕێزمانی دا. لە شیعری لیریکدا مۆتیڤی چیرۆکی کەمتر دەردەکەون، کردە یان ڕووداو ئەگەر لە شیعری گۆرانیدا دەرکەون، وەک ڕووداوێکی ئاسایی وەهایە، بەڵام هەرگیز ڕۆڵی پلۆتیان نییە. تێمەش بە سێ شێوە دەخرێتە ڕوو: سەرەتا و خستەڕووی بابەت، برەوپێدانی بابەتەکە، کۆتایی شیعرەکە.{کدکنی:١٣٩١، ٢٢٠}. لەو ڕوانگەوەی شیعری گۆرانی، بونیادێکی ئاوازداری وشەسازی هەیە، لە یەکەم بەرکەوتن دا، چاوەڕوانی وەسف و وێنەی هونەریی و دەربڕینی بابەتە خودییەکانی لێدەکرێت، بەڵام هیچ چوارچێوەو یاسایەکیش نییە، ڕێ لە شیعری گۆرانی بگرێت، تا گێڕانەوەی تێدانەبێت، وەک چۆن هەمیشە ژانرەکان سنووری یەکیان بەزاندووە، لە نوێبوونەوە

گۆران و تێکەڵ بوون دابوون، وەهاش شیعری گۆرانی بە ئاوێتەکاری چیرۆک، چیرۆکە شیعری بەرهەمهێناوە.

خۆرخە لویس بۆرخیس {بورخیس:١٣٨٨، ٤٦} پێی وایە هەمیشە جیاکارییە زمانییەکان و ناونان لە دیاردە و شتەکان، جێی بایەخن، چونکە نیشاندەری جیاوازییە زەینی و هزرییەکانن، بەڵام بەداخە بۆ ئەوەی وشەیەکی وەک وشەی شاعیر دوو کەرت بووە. چونکە ئێستا شاعیر بوون تەنها پەیوەستە بە هۆنینەوەی ئاوازی شاد و دەربڕی هەست، بەڵام لە کۆندا کاتێک لە بارەی شاعیرەوە دەدوان بە مانا ئافەرێنەرەکەی، مەبەستیان لە کەسێک نەبوو کە ئاوازی زۆرشاد بهۆنێتەوە، بەڵکو کەسێکیان لە خەیاڵدا بوو کە چیرۆکیشی دەگێڕایەوە. چیرۆکێک دەکرا تێیدا هەموو دەنگی مرۆڤایەتی ببیستێت، نەک تەنها دەنگی شاد، بەڵکو حەسرەتبار و خەمبار و تەنانەت دەنگی ئازایەتی و ئومێدیشت تێدا دەبیست. بۆرخیس پێی وایە ئەو جۆرەی کە ئەم لە بارەیەوە دەدوێت کۆنترین مۆدیلی شیعرە کە بە حەماسە دەناسرێت، هەمیشەش ئەو مانایەی بۆ شاعیری لە زەیندا دەمێنێتەوە.

## پارچەی یەکەم: ئەدەبی زارەکی و داستان

### یەکەم: بەیت-ئیپیکی میللی

بەرلە باسکردنی گێڕانەوە لە داستان و شیعری کلاسیکدا بە پێوستی دەزانین وەک بنەڕەتی داستانی کوردی ئاماژە بە بەیت و بالۆرە بدەین، چونکە ئەوەی پاشتر وەک بەرهەمی جدی نوسەران لە ژێر ناوی داستاندا دەبینرێت، بناغەکەی بەیتی فۆلکلۆری کوردییە، ((ناوەڕۆکی لە سەرچاوەی ئەدەبی میللی نەنووسراوی سەرزار وەردەگرێت)){خەزنەدار:٢٠٠٢، ب٢، ٤٢٥}. بەیتەکانیش لە سەرەتادا بەشێوەی هەقایەت و سەرگوزەشتەی ڕووداو لە ناو خەڵکدا بڵاوبوون و پاشتر خۆشخوان و شایەرەکان، بە شێوەی پەخشان و هۆنراوەی فۆڕم سادە هۆنیویانەتەوە. لە زمانی کوردیدا و سەبارەت بە بەرهەمی فۆلکلۆری بەیت؛ دەوترێت: ((چەشنێک شیعری تایبەت و بڕگەییە کە بە دەنگ و ئاواز دەیڵێن و ناوەڕۆکەکەی دەبێ تایبەتی ڕووداونووسی بێت و باسی بەسەرهاتێک بکات.)){قازی:٢٠٠٩،٥} ئەم ژانرەی سەر بە فۆلکلۆر، یەکگیری هەقایەت و هۆنراوەیە، هۆنینەوەیەتی بە زمانی پەخشانی و سەروادار و زۆرجاریش تێکەڵەیەک لە زمانی ناوچەیی. ئەوەی بەیت لە داستان جیا دەکاتەوە، جگە لە ناسنامە ونی، هێز و تینی نمایشکردن و خوێندنێتی. بەبێ خۆشخوان و شایەر، بەیت وەک سیناریۆیەکی نمایشنەکراو دەردەکەوێت. بەو مانایەی جوانی ئەم بەرهەمە لە بونیاد و هۆنینەوە و فۆڕم و بابەت و ناواخندا نییە، بەڵکو لەچۆنییەتی وتن و ئاوازپێبەخشینیایەتی. هەر یەک لە ڕەگەزە هونەریی و پێکهاتەکەشی لە ڕووی وێنە و زمانەوە، بەشێکی گۆڕاوی زاری خۆشخوانەکانە، چونکە دواجار ئەوەی لە بەیت

دەمێنێتەوە کرۆکی بابەتەکەیە، ئەوی تری لە گوازتنەوەی سینەبەسینەدا و لە ناوچە جیاواز و تەنانەت زارە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا دەگۆڕێت.

بەیتی کوردی بەشێکی زۆری چیرۆک و بەسەرهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردییە، لە پاڵیشیدا چیرۆکی ئایینی و دڵداری و ئەفسانەیی نەتەوەکانی تری رۆژهەڵاتی تێکەڵ بووە. ئەمە بۆ داستانیش ڕاستە کە دواتر لە بارەیەوە دەدوێین. ڕووداوە پاڵەوانێتییەکانی وەک: قەڵای دمدم، عەبدوڕەحمان پاشای بەبە. چیرۆکە دڵدارییەکانی وەک: لاس و خەزاڵ، مەم و زین، خەج و سیامەند، بارام و گوڵئەندام، برایمۆک. چیرۆکی ئیماندارییی وەک زەمبیل فرۆش، بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک: جوڵندی، شێخ فەرخ و خاتوو ئەستێ، کاکە میر و کاکە شێخ، داستانی ڕەسەنی کوردین و بە زاری بەیتبێژەکانەوە بوون و هەندێکیان پاشتر بە شێوەی داستانی کلاسیک هۆنراونەتەوە. هەندێک بەیتی تری وەک پاڵەوانێتی بۆ نموونە: ئەمیر ئەرسەلان، ئیسماعیل نامە، سەنگتراش، رۆستەم و زۆراب، وەرگیرای شانامەی فیردەوسین، {هەندیکیان کەمالی عەلی باپیر ئاغا وەری گێڕاون} وەک چۆن دکتۆر عیزەدینش ئاماژەی پێداوە و پێی وایە دەشێت بەشی کوردیشی پێوە بێت، چونکە ئەمانە لە مەجلیس و قاوەخانەکاندا خوێندراونەتەوە و دواجار لە فارسییەوە کراون بە کوردی.{ڕەسوڵ:٢٠١٠. ٤١} هەندێکی تر ڕووداوی ناو جیهانی ئیسلامین وەک: فەتحی قەڵای خەیبەر، میعراجنامە و مەولوودنامە، گەلێک بەیتی تریش لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا باو بووە وەک: شێخی سەنعان. {ئۆسکارمان، ٢٠١١}، {شارووخ:٢٠٠٢} {قازی:٢٠٠٧} بەهۆی گۆڕاوی و جێگیرنەبوونی بەیتەکان و جیاوازی گێڕانەوەکانە، ئێمە لە بارەی بەیتەکانەوە یەک نموونە وەردەگرین، کە گێڕانەوەی شێخی سەنعانە.

بەیتی شێخی سەنعان، یەکێک لە بەناوبانگترین بەیتەکانی ناو فۆلکلۆری کوردییە و چەندین گێڕانەوەی جودای بۆ کراوە، بەشێوەی نووسراویش داستانی شێخی سەنعان بە گێڕانەوەی فەقێی تەیران شوێنی دیاری خۆیی هەیە. مارف خەزنەدار{خەزنەدار:٢٠٠٢، ب٢، ١٧٤} پێیوایە، فەقێ تەیران جگە لەوەی ئاگای لە گێڕانەوەکانی تر و گێڕانەوەکەی عەتتاری نیشابوری بووە، بەڵام جەوهەری چیرۆکەکەی لە گێڕانەوەی فۆلکلۆری ناو خەڵکەوە وەرگرتوە و شێخ عەتتاریشی کردووە بە قارەمانێک لە قارەمانەکانی بەیتەکەی، دیمەنێکی داهێنەر و ناوەڕۆکێکی پڕ مانای هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی.

هەقایەتی شێخی سەنعان لە ئەدەبیاتی ئێرانی کۆندا، یەکێکە لەو چیرۆکانەی زۆرترین گێڕانەوەی بۆکراوە، لەناو هەموو گێڕانەوەکانیشیدا داستانەکەی عەتتاری نیشابوری جێی تایبەتی خۆیی گرتووە، ببوو بە کانگایەک بۆ هەموو ئەو گێڕانەوە فارسی و تورکی و کوردییانەی پاش ئەو هۆنراوەنەتەوە. لە بنەڕەتدا بەسەرهاتەکە وەک ڕووداو مێژوویەکی کۆنی هەیە، شەفیعی کەدکەنی ئاماژە بە هەموو سەرچاوە کۆنەکان دەکات، کە پێیانوایە بەر لە عەتتاری نیشابوریش چیرۆکەکە هەبووە. هەندێک لەوان دەیگەڕێننەوە بۆ چیروکی عەبدولڕەزاق سەنعانی-ی ئەبوحامیدی غەزالی

له کتێبی (توحفەتول ملوک)دا باسی کردووە، هەندێکی تر پێیان وایە گێڕانەوەکە لە کتێبی (ذم الهوی)ی ئیبن جوزی دا هاتووە، یان ئەو گێڕانەوەی لە کتێبی (النطق المفهوم)ی سەیفەدین حەمیدی دیمەشقی دا هاتووە، بە زاری عارفی گەورە- شبلییەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. هەموو چیرۆکەکانیش لە بارەی شێخێکی خوداناسی ڕەبانییەوەن، بەهۆی ئەوینی کچێکی گاورەوە، لە دینی ئیسلام وەردەگەڕێت، پاشان دێتەوە سەر دین و بە ئیمانەوە گیان دەسپێرێت.{کدکنی:١٣٨٩، ١٨٨}.

بەیتی شێخی سەنعان لە فۆلکلۆری کوردیدا، گێڕانەوەیەکی جیاوازی لەوەی نیشابوری و فەقێی تەیران هەیە. بەشێکی جوانییەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازبوونەکەی. هەرچەندە دەشێت گێڕانەوەیەک وەک بابەت و بیرۆکە جیاواز نەبێت و دیسانیش جوانی خۆی هەبێت، بەڵام لەم بەیتەی فۆلکلۆردا، گێڕانەوەکە بە کێشمەکێشی دوو کەسێتی دەست پێدەکات، لە کاتێکدا لە گێڕانەوەکانی تردا، کەسیتی گرنگ و ڕووناکی لەسەر تەنها شێخی سەنعانە، بەڵام لە بەیتەکەدا، پلۆتسازی گێڕانەوەکە بە چەشنێکە، بیسەر بەسەرهاتی شێخی سەنعانی پێشتر بیستووە، ئەمێستاکە، لەم گێڕانەوەیەدا هۆی، ئەو ئەنجامە خراوەتەڕوو، کە شێخی تووشی کارەساتی وەرگەڕان لە دین کردووە. هەڵبەت ئەوەمان لە یاد بێت، لە دین وەرگەڕانی شێخی سەنعان لە ئەدەبیاتی عیرفانی و سۆفیزم دا بووەتە سیمبول، لە لادانەوە بۆتە جوانی و لە سەرزەنشتەوە کراوە بە دروشم. وەک چۆن مەحوی دەڵێت: وەکو شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چ بکەم!. سەرەتای بەیت بە گێڕانەوەی پەخشانیی وەگێڕ دەست پێدەکات و لە بارەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە دەدوێت. وەگێڕ لە بری باسی شێخی سەنعان، بە بچوکترین یەکەی گێڕانەوە، مۆتیڤی چوونە بەغدادی شێخی گەیلانی دەست پێدەکات، پاشان پەسنی شێخی سەنعان دەکات و ڕاستەوخۆ ناکۆکییەکەش نیشان دەدات:

((هەوەڵ دەقینەی، حەزرەتی غەوس ئەگەر چوویە بەغدایە، گوتی: ڕەئیسی ئەولییام، تەواوی شێخان قەبوڵیان کرد. شێخی سەنعانێ حەوت هەزار موریدی بوو، ساحێب دەستیش بوو، زۆریش پیر و ئیفتادە و ڕدێن سپی بوو. زۆریش پیاوێکی حەقیقی و خوداشوناس بوو. گوتی: قەبوڵت ناکەم بە ڕەئیسی ئەولییا. حەزرەتی غەوس دەروازەی بەحەشتی پێ نیشان دا بە حوکمی باتین. بەحەشت هەشت دەروازەی هەیە، دەروازەی "مەرحەبا"ی پێ نیشان دا، شێخی سەنعانیش دەروازێکی دیکەی پێ نیشان دا. حەرزەتی غەوس کوتی: ئەمن ڕەئیسی ئەولیام. ئەویش هەر قەبوڵی نەکرد. جا ئەگەر شێخی سەنعان چووە تاییفێ، خەڵکی تایفێ بوو، لەگەڵ حەرزەتی غەوس نیزاعیان لێ پەیدابوو.

پادشایەک بوو، پادشای فەرەنگ، نیوی شاڕوخ شا بوو، پادشایەکی زۆر سەقەت بوو، کچێکی زینهار لە پشتی بوو، یەک جووان بوو، تەواوی فەرەنگییان وەخت بوو گیانیان بۆی دەرچێت.

حەزرەتی غەوس هێنایە سەر ڕەنگی باڵندە، پیشانی شێخی سەنعانی دەدا، ئەوە هیمەتی حەرزەتی غەوس بوو، ئەگەر سێ چوار جاری چاوپێکەوت، بۆ شێخ شێت و شەیدا نەبوو!

بیسمیلاهی ڕڕەحمانی            بە هیدایەتی سوبحانی

هیمەتی غەوسی گەیلانی            چی کرد لە شێخەکەی سەنعانی {قازی:١٣٤٦، ٤١}.

گێڕانەوە فۆلکۆرییەکە، لەسەر دوو هێڵ کار دەکات، هێڵی یەکەمیان هۆکاری لە دین دەرچوونی شێخی سەنعانە، بەهۆی قبوڵنەکردنی حەزرەتی غەوس وەک سەرۆکی پیاوچاکان، کە ئەمە خۆی لە چوارچێوەی سۆفیزم دا لادانێکە لە جۆری هەرگیز نەبەخشین، لەوێ ملکەچی و قەبوڵکردنی پیر و ئوستاد؛ بڕینی یەکەم پلەی بەرزبوونەوەیە بەرەو حەق، وەک چۆن دواتر لە داستانەکانی تری جیهانی ئیسلامیدا ئەوە دەبینین، چی بەسەر بەرسیسی عابید دا دێت. هێڵی دووەم، چیرۆکی ئەوینداربوونی شێخی سەنعانە بە کچەی گاور و سۆزبزواندنی بیسەرە بۆ ئەو شێخە کە گیرۆدەی چ ئەوینێک بووە. بەڵام وەگێڕ توانای تێکەڵکردنی دوو هێڵەکەی هەیە، ئەو کاتەی خوێنەر یان بیسەر لە هۆکاری کافربوونی دوورکەوتەوە ئەو بیری دەخاتە بۆ وای بەسەرهاتووە، ئەو دەمەیشی خوێنەر وەک سزادراوێک تەماشای شێخی سەنعان دەکات، وێنەی ئەوینداربوونی دێتەوە گۆڕێ.

پاش ئەوەی حەزرەتی غەوس، کچەکە بەشێوەی بازێک بۆلای شێخی سەنعان دەنێریت و ئەو ئەویندارى دەبێت، موریدان بەو حاڵە نازانن، دەچن بە شوێن شێخیاندا بێت بەرنوێژییان بۆ بکات، بەڵام ئەو ئیدی توشی حاڵی خۆی بووە و لە بارەی کیژەکەوە لەبەر خۆوە شت دەڵێت، پەسنی دەکات و باسی بێقەراری خۆی دەکات. مورید کە حاڵی دەزانێت، دەگەڕێتەوە ناو دەروێشان و دەڵێت: ئێوە نوێژی خۆتان بکەن شێخ ئاگای لەخۆی نییە. بەڵام دواتر شێخ دەچێت و حاڵی خۆیشی بۆ ئەوانر تر بەیان دەکات، حاشا لە موریدان، خێزان و ماڵ و خانەقای دەکات، دەیەوێت هەر چۆن بووە بیگەیەننە فەرەنگستان. لەم بەشەی گێڕانەوەدا، خوێنەر شوێن گێڕانەوەکانی شێخی سەنعان کەوتوە، کە بە زاری کەسی یەکەمەوە دەگێڕدرینەوە، ئەوەش بۆ سۆزجوڵاندنی خوێنەر و فەرامۆشکردنی سزاکە بەسە. گێڕانەوەی حاڵی شێخی سەنعان لە زاری خۆیەوە، بەهۆی گیرۆدەی بوونی بە ئەوینی کچێکی جوانەوە، وەسفەکان وەسفی وردی جوانی جەستە و پیاهەڵدانی ئیرۆتیکیانەیە، هەموو ئەوانەش بارەکە لەسەر شانی شێخی سەنعان قورستر دەکەن، چونکە تا وێنەکان پتر ئیرۆتیکی بن، دوورکەوتنەوەی شێخ لە ئیمان نیشان دەدەن، بە تایبەت لەو دەمەدا، کە هێشتا لە حوجرەکەیەتی و دەستی نەکردووە بە گەشتەکەی، لە بەینی کاتی دوو نوێژدا ئەو قسانە دەکات:

دیومه گۆیەک لە نێو سنگان        سنگی وەکو تەختی سوڵتان

لێم تێکچووە دین و ئیمان        پەرچەمی وەک گوڵ و ڕەیحان

ئاورِ دەداتەوە سەرشان        بە لەبز دەکا عەتر پەخشان

بە من دەڵێن شای دەرویشان        ئەمن بەو دەفرۆشم ئیمان

جگە لە باسی جەستەی یارەکەی، توشی گومڕایی و سەرلێشێوانی ئاینیش دەبێت، هەر لەم کاتەی بەر لە چوونی بۆلای کچەکە، قورئان دەسوتێنیت و دەفەکەی دەدڕێنێت. ئەم دەربڕینە، کە بەر لە پارچەی وەسفە ئیرۆتیکییەکە هاتووە، سەرنجی خوێنەر زۆرتر ڕادەکێشێت و بەو گفتوگۆیەی، کەسێتی گۆڕاوی شێخی سەنعان تەواو دەردەکەوێت:

نامێنم لەسەر ئیختیارە        لە ئەو شیرینە تۆق و گورارە

قورعان دەسوتێنم بە نارە        دەفە دەکەم پارە پارە

لە پشت دەبەستم زینهارە        سەبارەت بە چاوی یارە.

هەڵکشانی چیرۆکەکە بە شێوەی دراماتیکی، پاڕانەوەی شێخ بۆ چارەسەری دەردی بێدەرمانی، چوونە کەنار دەریا، بۆ ئەوەی کەشتی بۆ بێت، بچیت بۆ وڵاتی فەرەنگ و لەوێ بچێتە ماڵی پادشا و ببێتە شوانی بەرازان، خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ چوونە ناو ترۆپکی ڕووداوەکە، لە دەمی گێڕانەوەی هەر یەک لەو بەشانەشدا بەردەوام وەسفی باڵا، بۆ جوانی کچەکەیە و ڕووداوێکی وەها ڕوو نادات، جگەلە پێکرانی شێخ و چارەسەرکردنی لە لایەن کچەکەوە. وێنەکان هێندە زۆر بە دوای یەکدا هاتوون، لەگەڵیشیدا هەست بە تێپەڕینی کاتێکی زۆر دەکرێت، بەبێ ئەوەی ئاماژەی پێدرابێت. ئەوسا گێڕانەوەکە دەچێتەوە سەر تەوەری سزادان و باجی قەبوڵنەکردنەکە.

وەگێڕ باسی دوو موریدی بە وەفای شێخی سەنعان دەکات، کە دووساڵە چوون خزمەتیان بە حەرزەتی غەوس کردووە، تاکو شێخیان ببەخشیت و بیتەوە سەر ڕێ. حەرزەتی غەوسیش پاش چوونە ناو تێڕامان و موراقەبەوە، دەڵێت خودا لێی خۆش بووە، ئێوە بچن حەڵقەی زکریک بگرن ئەویش دێتەوە ناوتان. بەو شێوەیە کۆڕی زکر دەبەستن، شێخ دڵی گەرم دەبێت و بەشیوەی ئەفسانەئاسا، بەرماڵەکەی فڕێ دەداتە ناو دەریا و دەبێت بە کەشتی، هاوشێوەی ئەو کچەکەش وادەکات، و ئیمان دەهێنیت، ئەوسا هەموویان "کۆڕی موریدان، شێخی سەنعان، کچەی تازە موسوڵمان بوو" دەچن بۆ لای حەزرەتی غەوس و ئەویش لێکیان مارە دەکات. جوانی گێڕانەوەکە لە چنینی دوو هێڵی گێڕانەوەکەدایە، ئەگەر بونیادی گێڕانەوەکە بەم شێوەیە وەسف بکەین، مەبەستەکە زووتر دەگات. سێ ستوون و ڕایەڵی پتەوی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی، سێ گێڕانەوەن کە سەبارەت بە حەزرەتی غەوسن:

- حەزرەتی غەوس وتی: ڕەئیسی ئەولیام و شێخی سەنعان قبوڵی نەکرد، بۆیە حەزرەتی غەوس بە ئەویندارببوون سزای دا.
- دوو موریدی دڵسۆزی تکای لای حەزرەتی غەوس بۆ دەکەن.
- شێخی سەنعان ئیمان دێنێتەوە، دەچێتەوە بۆلای غەوس و ئەویش کچەکەی لێ مارە دەکات.

نێوان ئەم سێ ستوونە بە وەسفی ئەویندارانە و گومڕابوونی شێخی سەنعان پڕکراوەتەوە، بە ستون و یەکە وەسفییە بچووکەکان، بە جوانترین شێوەی ئاوێتەکاری، گێڕانەوەکەیان بونیاد ناوە.

## دووەم: داستان {ئیپیک}

داستان یان ئیپیک ((بەرهەمێکی چیرۆکئامێزە، لە فۆرمی وێنەدا باری ژیان و بوونی گەل و پێوەندیی کۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەو پێشچوونی مێژوویی دەردەخات.)){ڕەسول:٢٠١٠، ٣١} بەوە لە ژانرەکانی تر جیادەکرێتەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هونەرێکی دێرینە و زۆرێک لە شاعیرانی کورد، ئەم هونەرەیان بۆ داڕشتنی بیرو ئەندیشە و ڕوانینان بۆ ژیان بەکارهێناوە. ئەم جۆرە هونەرە لەسەر بنەمای ڕووداو و گێڕانەوەی بابەتی ئەوینداری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، سۆفیزم...هتد دادەمەزرێت. {خەزنەدار:٢٠٠٣، ب٢، ١٧٣}. ئیپیکی کوردی، نمونەی نووسراو و پێشکەوتووی، بەیت و باڵۆرەیە. ئەم ژانرە بە پێچەوانەی زاری سۆرانی یان زمانی فەرمی نووسین، لە زارەکانی گۆرانی و کرمانجی، لە ترۆپکی خۆیدایە. نموونە گرنگ و سەرکەوتوو و باشەکانی داستان لە شێوەکانی ئەوینداری و پاڵەوانی و عیرفانی و کۆمەڵایەتی، بەو دوو شێوەزارە نووسراونەتەوە. بۆ ئێمە ئەوەی ئەم ژانرە لە کۆی ژانرەکانی تری گێڕانەوەی ناو ئەم نامەیە جیادەکاتەوە وکارکردن تێیدا گران دەکات، ئەوەیە کە بەشێکی بەرهەمە دیار و بەنرخەکان ئەوانەن، کە لەژێر کاریگەری ئەدەبی فارسیدا نووسراون. خانای قوبادی "شیرین و خوسرەو" بە کاریگەری نیزامی گەنجەوی دەهۆنێتەوە، ئەگەرچی ئەو مەبەستییەتی بڵێت: زمانی کوردی شیرینتر لە هەر زمانێکە، بۆیە ئەوەم بەو زمانە نووسیوەتەوە. فەقێ تەیران داستانی "شێخی سەنعان" بە کاریگەری بەرهەمەکەی عەتتاری نیشابووری دەنووسێت. لە قۆناغەکانی دواتردا زۆرێک لە بەرهەمان وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی. بۆ نموونە: خورشیدو خاوەر، لەیل ومەجنوون، یوسف و زولێخا، ئەمیرئەرسەلان، دزوقازی، ئیسماعیل نامە، سەنگتراش... لە ناو هەموو ئەو داستانانەدا ئەوەی بە بەرهەمی ڕەسەنی کوردی دادەنرێت "مەموزین"ە. نەوشیروان مستەفا پێی وایە، داستانەکانی ناو زاری کرمانجی ژووروو، وەرگیراوی بەیت و باڵۆرەی ناو فۆلکلۆرن و ڕیشەیەکی ڕەسەنیان هەیە، بەڵام داستانەکانی ناو زاری گۆران، لە زمانی فارسییەوە خوازراون و دەڵێت: ((هەندێک لە داستانە بە ناوبانگەکانی ڕۆژهەڵات، کە لە ئەدەبی فارسی و

عەرەبی دا باو بوون، لە لایەن شاعیرانی گۆرانەوە بە شیعر هۆنراونەتەوە و لە ئەدەبی فارسی وەرگیراون و هەندێکیان جلی کوردیان لەبەر کراوە، لەوانە شیرین و فەرهاد، لەیل و مەجنوون، بارام و گوڵئەندام، خورشید و خاوەر، مەنیژە و بیژەن، شێخی سەنعان و تەرسا)). {مستەفا: ٢٠١٢، ٢٥٠}.

تەماشاکردنی ڕووی جوانیناسی داستانی کوردی، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دیدی نوسەرەوە هەیە، ئەو دەمەی وەک وەگێڕی هەمووشتزان ئامادەیی پڕڕەنگی لە داستانەکەدا هەیە، ئەمەش لەو ڕوانگەوەی کە پێشتر باسمان کرد، ئەمان ئەفرێنەری حیکایەت نین، بەڵکو هۆنەرەوەین و بۆ نیشاندانی هونەری خۆیان، تێوەردان و بیری خۆیان ڕاستەوخۆ لە ناو بەرهەمەکەدا تیشک دەداتەوە.

## ◆ وەگێڕ وەک جوانیناسی داستان

گێڕەرەوە، یان وەگێڕ، ڕۆڵی هەرە مەزنی گێڕانەوەی لە ئەستۆدایە، لە ڕێگای ئەوەوە، کۆی ڕووداوەکانی گێڕانەوەکە بە ئێمەی خوێنەر دەگات و شوێن دیدگا و بۆچۆنی ئەو دەکەوین. هەر یەک لە ئێمەی خوێنەر بنەمای زانیارییەکانمان لەسەر گێڕانەوەی وەگێڕ بونیاد دەنێن. وەگێڕ لە هەر گۆشەنیگایەکەوە، ڕووداوەکان باس بکات، ئەوە دەبێتە دەلاقە بۆ خوێنەر و هەر لەوێشەوە شوێن هێڵی گێڕانەوەکە دەکەوێت. وەگێڕ دەتوانێت بە هەر یەک لە جێناوەکانی: (من، تۆ، ئەو) چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە یاخود، چەندەها کارەکتەر بکات بە وەگێڕ و چیرۆکەکە بخولقێنن. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی؛ باوترین و دێرینترین گۆشەنیگا وەگێڕ لێوەی بدوێت، گۆشەنیگای هەمووشتزانە؛ ((ئەم گۆشەنیگایە، ڕەنگە کۆنترین گۆشەنیگای گێڕانەوە بێت. لە ئەلیادە و ئۆدیسە، ڕامایانا و تەواوی کتێبە پیرۆزەکان بە تایبەت چیرۆکەکانی تەورات و لە داستانە پاڵەوانێتی و عاشقانەکان و زۆربەی حیکایەتەکاندا بەکارهاتووە، دواتریش لە سەدەی هەژدەهەم دا لە زۆرینەی چیرۆکە ڕیالیستی و ناڕیالیستییەکاندا ئەم گۆشەنیگایە بەدیدەکرێت)){براهنی:١٣٦٨، ٢٠٠}. زۆرینەی داستانەکان بەم گۆشەنیگایە دەگێڕێنەوە. گۆشەنیگای هەمووشتزان بە جێناوی "ئەو" بەسەرهات دەگێڕێتەوە و وەگێڕ لە سەرەوە دەبێتە هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکان، خالقانە داشەکان دەجوڵێنێت و بە چ ئاراستەیەکدا بیەوێت کارەکتەرەکان هەڵدەسوڕێنێت. بەڵام لە داستاندا، ئەوە نوسەر نییە خولقینەری ڕووداوەکانە، بەڵکو ڕووداوەکان ڕوویان داوە، ئەو تەنها زانیاری پێشینەی لەسەر کۆی ڕووداوەکە هەیە، بۆیە کاتێک دەیگێڕێتەوە سەربەخۆ نابێت و مەیلی خۆیشی ئاوێتەی گێڕانەوەکە دەکات. هەر یەک لە ئەحمەدی خانی و خانای قوبادیش ئاماژەیان بەوە داوە، یا خود فەقێ تەیران بە ئاماژەیەک ڕاستەوخۆ هۆی، هەندێک ڕووداو باس دەکات.

جوانیناسی گێڕانەوەی داستانی کوردی، وابەستەی فۆڕم و بابەتە زمانی و لادانە شیعرییەکان نییە، بەڵکو ئەو جوانییانە شوێنی خۆیان وەک شێوازی باوی داستانی پاراستووە، پێکهاتەی

زنجیرەیی داستانی لە هەر یەک داستانە کوردییەکاندا وەک خۆیەتی: "دیباچە، پەسنی خوا و پاڕانەوە، چۆنییەتی گەورەیی پێغەمبەر، تکاکاری پێغەمبەر، دەستپێک" ئەم زنجیرەی سەرەتا، لەزۆربەی داستانەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەبینرێت، بە زیادکردنی هەندێک بەش، بۆ نمونە: پەسنی خەلیفەکانی ڕاشدین. لای خانی و خاناش بابەتی زمانی و کوردی و هەستی نەتەوایەتی، کە مارف خەزنەدار بە ڕچەشکێنی ناو داستانی کوردی ناوی دەبات، {خەزنەدار:٢٠٠٣، ب٢، ٣٤٣}، بەڵام ئەوەی لە ناو  پێشەکییەکەدا جێی سەرنجە، وەگێڕ ئەمانە دەکاتە زەمینەیەک بۆ چوونە ناو بابەتی سەرەکی گێڕانەوەوە، دەشێت هەندێک جار پێشەکییەکە وەک بەشی سەربەخۆ لە گێڕانەوەکە تەماشابکرێت، وەک چۆن مارف خەزنەدار ڕای وایە سەربەخۆیە و، بە لێکردنەوەی لە داستانەکە مانا کەل نەبێت، بەڵام ئەوەی لە مەموزین دا دەبینرێت، ئەحمەدی خانی، وەک نوسەری داستان، هەر خۆی وەک وەگێڕیش دەردەکەوێت و پێشەکییەکەی لە پاش تێبنیکردنی بەسەرهاتەکەوە دێنێتە بوون. چونکە پاڕانەوەی بۆ زاتی خودا، لە بارەی ئەوین و دەسەڵاتی خواوەیە. وەک وەگێڕ؛ ئامادەکاری بۆ گێڕانەوەیەکی ئەوینداری دەکات، ڕای خۆیشی وەک وەگێڕی هەمووشتزان بەر لە چیرۆکەکە دەنووسێت: ئەوین لە دەسەڵاتی خودادایە، چ مەجازی و چ حەقیقی لە ناو مەشیەتی ئەودان و ئەوەشی ئەوین نێرە، خودایە! هەر خۆیشی عاشق و مەعشوقیشە. ئەمەش وەک تێمەی ناوەندی بازنەی گێڕانەوە، دەبێت بە جوانیناسی ناو داستانەکە:

| | |
|---|---|
| سەرنامەئێ نامە نامێ ئەڵلا | بێ نامێ وی ناتەمامە وەڵلا |
| ئەی مەتلەعێ حوسنێ عشقبازی | مەحبووبێ حەقیقی و مەجازی |
| نامێ تەیە لەوحێ نامەیا عشق | ئسمێ تەیە نەقشێ خامەیا عشق |
| مەحبووبێ قولووبێ من لە القلب | قەلبان تو دکی ب با خوە ڤەن جەلب |
| مەعشووق تویی ب فەخر و نازی | عاشق تویی لێک بێ نیازی |
| موتلەق تو موفید و موستەفادی | بێ شوبهە مورید و هەم موڕادی |
| نووری تو د حوسنێ ڕوویێ دلدار | ناری تو د قەلبێ عاشقێ زار |
| شەمعی نە ژ قسمێ نوور و ناری | شەمسی ژ عەیان تو پەردەداری {خانی: ٢٠٠٨، ٢٥} |

هەمان تێمە، لە "شیرین و خوسرەو"یش دا بەدی دەکرێت، وەگێڕ کە خودی خانای قوبادییە، لە پێشەکی دا کە سوپاسگوزاری خوداوەندە. سوپاسەکەی وابەستەی چیرۆکە ئەویندارانەکەی دەکاتەوە، لەگەڵیشدا دەسەڵاتی ڕەهای خودایی لە ناو چیرۆکی خەلق دا نیشاندەدات. هەر یەک لە: ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، فەقێ تەیران خۆیان بڕوای تەواویان بە بابەتی قەزاوقەدەر هەیە، پێیان وایە مرۆڤ ئەوەی بۆی بڕیاردراوە، جگەلە جێبەجیکردن، هیچی تری پێ ناکرێت. ئەم

بیره جگە لەوەی لە کۆی داستانەکاندا لەگەڵ ڕووداوەکاندا ورد چنراوە، بەڵام بەشێوەی دەربڕینی بڕوای وەگێڕ، هەر لە سەرەتای بەیتەکانەوە ڕاستەوخۆ دەخرێنە ڕوو:

بە نام ئەو کەس شیرین ئەرمەن پەیداکرد فەرهاد، پەیش بە کۆکەن

هەر سوب تا ئیوار نە پای بێستون تەقەی قوڵنگیش یاوا بە گەردوون {قوبادی، ١٩٧٥، ١}

وەک چۆن ئەحمەدی خانی ناواخنی عیرفانی لە هەر یەک لە زنجیرە پێشەکی گێڕانەوەکەدا بە زاری وەگێڕەوە دەردەبڕێت، خانای قوبادیش هەر لە سەرەتاوە، جەبەروتی خودایی نیشاندەدات، لای هەردووکیشیان لە دەمی دەستپێکدا، وەگێڕ بە هۆی تەکنیکەکانی گێڕانەوەوە، دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەسەر گێڕانەوەدا نیشاندەدات. بۆ نموونە: بەهۆی تەکنیکی پێشخستنەوە، بەر لە گێڕانەوە مەرگەساتەکە، ئاماژە بە بوونی مەرگەسات دەدات{خانی: ٢٠٠٨، ٦٣}:

لێ عاشق و بولهەوەس جودانە هن فائیدەخواز و هن فدانە

جانان تەلەبن هنەک ژ بۆ جان هن جان تەلەبەن ژ بۆیی جانان

هن وەسل حەبین ژ ڕەنگی تاجدین هن دەردگوزین وەکی مەم و زین

خوێنەر بەهۆی پێشخستنی وەگێڕەوە، دەزانێت مەم و زین چیرۆکێکی بە ئازاریان هەیە، لە کاتێکدا تاجیدن و ستێ پێکدەگەن. باکی بەوەش نییە، گێڕانەوەکە سیحری خۆی لە دەست بدات، بەڵکو ئەو زانیارییە پێشوەختە وا لە خوێنەر دەکات، لە بری پرسیاری: "چی ڕووی دا؟" پرسیاری "چۆن ڕوویدا؟" بکات. خانای قوبادیش هەر لە سەرەتای ستایشی خوداوە باسی ئەو خودایە دەکات، کە فەرهادی ئەویندار کرد و کێوی بیستوونی نەخشاندن بەڵام ڕەنجەکەی بە ناکامی چوو!

نەڕاش چەندین جەور چەند جەفا بەردەش

ئـاخر بـە ناکام ئـەڕوا سپەردەش! {قوبادی، ١٩٧٥، ١}

شێوەی پێشخستن، لە داستانی بەرسیسی عابید دا، دەبێتە بەهانەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە، وەگێڕی هەمووشتزان، دەیەوێت چیرۆکێک لە بارەی کەسێکەوە بە ناوی بەرسیس-ەوە بگێڕێتەوە، بەڵام هێندەی هۆی ڕوودانەکەی بۆ گرنگە، ئەوەندە ڕووداوەکە ناکاتە ناوەند، لە سەرەتا و بە چەندین پارچە ئامۆژگاری دەکات، هیچ کەسێک بێ پیر و ڕێنما سەرقاڵی خوداپەرستی نەبێت، چونکە وەک بەرسیسی عابیدی لێدێت. لەم سەرەتایەوە، خوێنەر بەهۆی زانیارییە پێشوەختەکانی وەگێڕی هەمووشتزانەوە، پەی بە تراژیدیایەک دەبات و هۆکاری ڕووداوەکانیش دەزانێت، کە کارەکتەری شەڕانی شەیتانە. بەڵام تەنها پێوستی بەوەیە بزانێت

کەسێتییە شەڕخواز و بەدکارەکە چۆن بەگژ عابیدەکەدا چوو و تراژیدیاکە درووست بوو. فەقێ تەیران نەک هەر لە سەرەتادا، بەڵکو لە ناو گێڕانەوەکەدا دیسانەوە بیرمان دەخاتەوە هۆکاری ئەم بەسەرهاتە، ئەوەیە هەر کەس پیری نەبێت وەهای لێدێت(٢١):

ئەر ئەولیا ئەر ئەنبیا ئەر عابید و ئەر ئەسفیا

بێ شێخ و پیر جائیز نییە تاعەت بکەن فێ وجهەتێ! {تەیران: ٢٠٠١، ٣٤}

## پاری دووەم: قەسیدە و غەزەل

### پارچەی یەکەم: قەسیدە

قەسیدە لە شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی دا کە بە دایکی قاڵبە شیعرییەکانی دیکە دادەنرێت، یەکێکە لەو بەرهەمانەی چەندێک لە چوارچێوەی سۆز و شیعری خودییدا نیشاندەدرێت، هێندەش لە ناو بازنەی گێڕانەوە و حیکایەتخوانیدا جێی دەبێتەوە. فۆڕمی باوی ئەم جۆرە شیعرە کە لە چوار بەش پێکدێت: "تەغەزەل یان تەشبیب، ڕۆشتن بەرەو مەدیح، مەدح، نزا و پاڕانەوە و داوای لێخۆشبوون"، بەشی سەرەتای [کە دواتر غەزەلی لێ جیادەبێتەوە] زۆرجار بە شێوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتێک بونیاد دەنرێت و لەوێوە بەرەو پیاهەڵدان دەڕوات. هەرچی فۆڕمی تری قەسیدەیە کە ناوەڕۆکی ئایینی، ئەوینداری یان کۆمەڵایەتیەی جێی بە مەدیح و پیاهەڵدان چۆڵکردبێت، ئەوا دابەشکارییەکەی پێشووی دەگۆڕێت و لەگەڵیشیدا جۆری گێڕانەوە و دابەشبوونی لە ناو قەسیدەکەدا وەک پێشوو نامێنێت. مەودای قەسیدە و نەفەسی درێژی، دەرفەتی گێڕانەوەی زیاتری تێدایە وەک لە غەزەل. ئەوەی لە قەسیدە و غەزەلدا دەگێڕێتەوە هەمیشە ناکرێت وەک چیرۆکی تەواوەتی یان ڕۆمان تەماشای بکرێت، چونکە هەر ناوبردن لە ژێر ناونیشانی شیعر و پەخشان دا جیاوازییەکی ئاشکرایە، وێڕای ئەوەی بەرهەمی شیعری جگەلە پرۆسەی گێڕانەوە، سەنعەتکاری و بەردەوام لەنگەرراگرتنی کێش و سەروا، مەبەستی سەرەکییەتی، بۆیە لە دەمی باسکردنی گێڕانەوەدا ناکرێت هیچ کات ئەو چاوەڕوانییەمان هەبێت، کە لە گێڕانەوە پەخشانییەکاندا هەمانە، وێڕای ئەوەش بەر گەلێک گێڕانەوەی هونەری و جوان دەکەوین کە دەبنە نمونەی درەوشاوەی ناو شیعری کوردی.

یەکێک لە قەسیدەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی{تاڵەبانی: ٢٠١٠، ٥٥} کە بۆ ستایشی ئەحمەدپاشای بابانی نووسیوە. تەغەزەلی قەسیدەکە بە گێڕانەوەیەک دەستپێدەکات، هیچ پەیوەندییەکی بە ستایشی ئەحمەد پاشاوە نییە، چیرۆکی دیتنیی کوڕە بولغارییەکە لە ڕۆژی یەک شەممە دا. هەڵبژاردنی ئەم چیرۆکە بۆ قەسیدەیەکی پیاهەڵدان، جگە لە بابەتی تابووشکێنی و تەنز، پەیوەستە

به خودی گێڕانەوەوە، کە هەستی چاوەڕوانکردن و کنجکۆڵی لە خوێنەر و گوێگردا درووست دەکات، چونکە تەغەزەل ئەگەر تەنها وەسف بێت، خوێنەر چەندێکیش غافڵ بێت، هیچی لە دەست نەچووە، دەزانێت بەیتەکان لە پەسنداندا تەواوکەری یەکن، بەڵام کاتێک گێڕانەوە دەبێتە سەنتەر و چەقەخاڵی تەغەزەلەکە، ئەوا گوێگر ناچاردەکات بە ورد سەرنجدان و چاوەڕوانکردن و دەستکەوتنی وەڵامی: "ئەی دواتر چی ڕوویدا؟"، کە شێخ ڕەزا لە وەڵامدا دێتە سەر ستایشەکە. دەستپێکی دووبەیتی قەسیدەکە، بە دیاریکردنی کات و شوێنە و کەسێتی و ڕووداوە، بە دواشیدا وەسفی وردی کەسێتی کوڕە بولغارییەکە.

ڕۆژی یەکشەممە کە مەشهورە بە ڕۆژی پازار

من بە غار کەوتمە دومبالی کوڕێکی بولغار

کوڕ؛ چ کوڕ لێوی وەک لالەیی حەمرا ڕەنگین

کوڕ؛ چ کوڕ چاوی وەکوو نەرگسی شەهلا بیمار

پاشتر بەشێوەیەکی دراماتیکی گفتوگۆی نیوانیان دەستپێدەکات لەسەر ڕازیکردنی بۆ سەرجێیکردن، ئەوسا ڕووداوی سەرجێی کردنەکە باسدەکات، لە وێنەی زۆر ورددا باسی هەڵهاتنی ڕۆژ دەکات، کە کوڕەکە داوای ئەو پارەیە دەکات کە مامەڵەی نێوانیان بووە، بەڵام ڕاوی ئەو پارەیەی پێی نییە و بۆیە کوڕەکە لە ناو گەڕەکدا هاوار دەکات و باسی حاڵی خۆی دەکات، شێخ ڕەزاش دوو ڕۆژە نازانێت چۆن ئەو پارە پەیدا بکات، بۆیە هاتۆتە بەردەرگای حەزرەتی ئەحمەد پاشا تا فریای بکەوێت. لەوێوە قەسیدەکە دەچێتەوە سەر ڕەوتی ستایشنامە و لە چیرۆکەکە دوور دەکەوێتەوە.

جوانی گێڕانەوەکە لە وردەکاری و وەسفی شیعریدایە، چەندێک سنووردارە لە سەروادا، کەچی هونەرمەندانە، ڕەوتی گێڕانەوەکەی ئاوێتە بە وەسفی کەسێتی و کێشمەکێشی سەرجێکردن و ناڕەزایی کارەکتەری بولغارییەکە، بەڕێوە دەبات. پارچەکە تەنها بریتی نییە لە گێڕانەوەی چیرۆک، بەڵکو هونەرئارایی شاعیرانەشە لەبەردەم ئەحمەد پاشای باباندا:

وەختی سبحەینێ کە داوێنی فەلەک ئەتڵەسی بوو

هەر لە جێ ڕاستەوە بوو دامەنی گرتم وەکوو خار

چنگی وەک پەنجەیی شاهین لە یەقەم قایم کرد

دەستی کردە جەزع و ناڵە و هاوار هاوار {تاڵەبانی: ٢٠١٠، ٥٦}

زۆرێک لە قەسیدە کلاسیکەکان، هەرچەندیش وەسف یان دەربڕینی عەرز و حاڵ بن، ڕەگی گێڕانەوەیان تیادا زاڵە بۆ نموونە: چامەکانی (نالی و سالم)، شیننامەی سالم بۆ ڕووخانی بابان، چوون بۆ شاری حیللەی سالم و چیرۆکی خۆی و ئەسپەکەی، سەفەربەلکی مەلا حەمدوون، نەعتی نالی بۆ پێغەمبەر(د.خ)، قەسیدەی میعراجنامەی بەحری نووری هەر چوار شاعیر: مەحوی، موخلیس، سەید ئەحمدی نەقیب، خاکی. دواجار قەسیدە ئیرۆتیکی و شەهوەتبازییەکانی: مەستوورەی نالی، شەوی شەنبەی ئەدەب، شیرینی وەفایی، خاتوو شەیتانی قانع، لە کتێبی شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی دا لێی دواوین.

لە جیهانی ئیسلامی دا ڕووداوی سەفەری پێغەمبەری ئیسلام بۆ ئاسمان، یان شەوڕەوی مەعنەوی و دیتنی جیهانی نەبینراو کەشفنەکراو و پاشان دیداری لەگەڵ کردگاردا، بووە بە بەشێکی گرنگی ناو هونەر و ئەدەبیات. لە شێوەی هەقایەت، بەیت، داستان و بەرهەمی فۆلکلۆر و میللی دا ڕەگێکی داکوتراوی هەیە. جگەلەوەش شاعیرانێکی زۆری کلاسیک لە نەعت و قەسیدەکانیاندا، هەم ڕووداوی هاتنە دنیا و هەمیش ئیسرا و میعراجیان گێڕاوەتەوە. ئەوەی ئەم شاعیرانە دەیکەن، لە دوو هۆی گرنگەوەیە: یەکێکیان بەکارهێنانی شیعر لە خزمەتی ئاییندا، ئەوی تریان نیشاندانی هونەرمەندیی خۆیان لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەدا، کە سەدان جار گێڕدراوەتەوە. بۆیە لێرەدا خودی ڕووداو و بیرۆکە و تێمەکە مەبەست نییە، بەڵکو چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان و وشەکارییە لە نیشاندانی ڕووداوەکەدا. بۆ نموونە: مەولەوی لە "عەقیدەی مەرزییە"دا بەو پەڕی کورتبڕی و وێنەکارییەوە لە چوار بەیتدا پوختەی شەوڕەوی وەها دەگێڕێتەوە:

ڕێی چەن هەزار ساڵ، تەی چەن حیجابات    زاتی حەق، کەلام، سوئال جەوابات

چوو، بوو، دی، بیستی، کریا، دریاوە    هـاتەوە حـەڵقە هــەر دەلەریـاوە

مانای بەیتەکە لە ناو ڕەوانبێژی پێچانەوە و پەشخانکردندا(لەفونەشر) واتە: ڕێی چەن هەزار ساڵ(چوو)، تەی چەن حیجابات(بوو)، زاتی حەق(ی دی)، کەلام(ی بیست)، سوئال (کرا)، جەوابات(درایەوە)، پاشان لە ژووری عەرشەوە هاتەوە بۆ شاری مەککە، کەچی هێشتا ئەڵقەی دەرگای ماڵی پووری، کە لە وێوە ڕۆیشتبوو، هەر دەلەرییەوە.{مەولەوی:١٩٨٨،٣٥٧}. وێنەکاری و وەسفی ڕۆشتن و هاتنەوەکانیش بەهۆی گێڕانەوەکانی زانایانی ئاینی و تەفسیرەکانەوە دەگۆڕێت، ئەم وێنەی لای شاعیرەکانی قەسیدەی بەحری نوور بەم شێوانە هاتووە:

لە حوجرەی "ئوم هانی" دا خەوی لێ کەوتبوو جوبریل

بە تەعجیل هات و فەرمووی مەرحەبا بۆو فەخری ئەکوانە

بوراقی بەرق ڕەفتار کە بۆ هێنا سواری بوو

گـەیشتە "مسجید الاقصی" ئـەوەنـدە نـەصـصـی قورئـانـە

ئەم گێڕانەوەیەی سەید ئەحمەدی نەقیب {نەقیب:١٩٨٥، ٥٤} لە هەقایەت و گێڕانەوەی ڕاستەوخۆوە نزیکە وەک لە هونەرکاری، چونکە زانیاری ورد دەبەخشێت و بەر لە وێنەکاری گێڕانەوەی مەبەستە.

تەی و پەی کرد، ڕەهـ و پەردە، سوئالی کرد جەوابی گرت

عەجەب بازانە بازانە، چوو هاتوو باز هەر ئەو ئانە

لە خەڵوەتخانە دەرکەوت و لە حەوت خانەی فەلەکە سەرکەوت

لە دەوڵەتخانە چوو یەک ئان، بە دەوڵەت هاتەوە خانە

شێخ محەمەدی خاڵ لە بارەی ئەم بەیتەوە دەنووسێت: لە باسی میعراجدا زانایان دەڵێن: پێغەمبەر لە مەسجیدولحەرام نووستبوو، کە جبریل هات و خەبەری کردەوە و خەبەرەکەی پێدا، ئەویش هەستا دەستنویژێکی شوشت و کەوتنە ڕێ تا گەشتنە مزگەوتی ئەقسا، لەوێشەوە بۆ میعراج چوو، لەو میانەدا چەندین باس و قسەو پرسیار و وەڵام ڕوویدا، پاشان گەڕایەوە بۆ ئەو جێیەی لێی نووستبوو، بینی جێگاکەی هێشتا گەرم و گوڕە، وەک ئەو ساتەی بەجێی هێشتووە. {خاڵ:١٣٧٨، ٤٠}

بەشێکی گرنگی گێڕانەوە لە شیعردا بەهۆی بابەتە ڕەوانبێژییەکانی خواستن، خوازە، درکە و ڕەگەزدۆزییەوە، پێویستی بە زانیاری پێشوەختەی بابەتەکان هەیە، وەک چۆن لە ئەدەبیاتی مۆدێرن و لە دەمی خوێندنەوەی دەقی کاریگەر بە دەقی تردا[دەقئاوێزان] خوێنەر بۆ درککردنی جوانی هونەریی بەرهەمەکە، پێوستی بە زانیاری خۆیەتی لە بارەی دەقی ڕەسەن و دەقی وەرگرەوە. لە ئەدەبی کلاسیکی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی دا، هەمان زانیاری پێوستە، چونکە بابەتێکی وەک میعراج، کاتێک لە لایەن شاعیرێکەوە دەگێڕێتەوە، زانیاری بەخشین و چیرۆکخوانی نییە بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەی پاشان چی ڕوویدا؟، بەڵکو دەشێت وەک کێشانەوەی وێنە و سەرلەنوێ پێدانەوە بێت، بەوەی خوێنەر بە شێوەی هەقایەت ئاگاداری ڕووداوەکانە، بەڵام بە وێنەکاری شیعر و سەنعەتکاری ورد، بەر هونەرێکی جوانیناسانە دەکەوێت، سەری سوڕدەمێنێت لە چۆنییەتی کارکردنی زمان و پێکهاتنی ئاستی دەنگ و وشە و ڕستە و دواجار مانا. موخلیس {موخلیس١٩٩٨، ٣٦} هەمان ڕووداو بە شێوازی خۆی دەگێڕێتەوە، کە بەر لەوە بە چەند بەیتێک دیدارەکە دەنەخشێنێت:

جەماڵێ بوو، جەلالێ بوو، ویسالی بوو، کەماڵێ بوو

نەجاتی بوو، سەباتێ بوو، کەوا مەخسووسە بەم دوانە

بەقایی بوو، لیقایی بوو، خەڵاتێ بوو، بەراتێ بوو

ئیشارەت بوو، بەشارەت بوو، هەزاران سیرڕی پەنهانە

که وەختێ ڕیجعەتی فەرموو، چ ڕیجعەت تا حەلقەیی دەرگا

که ئەم هێشتا لە جونبووشدا بوو ئەو هێشتا لە جەولانە

لە باڵشدا بوو هەستا، باڵشتی خەو مەزجەعی گەرمی

وەها زوو هاتەوە سەردیی نەدی، بەو لەحزە هیجرانە

سەرئامەدی ئەم قەسیدانە، قەسیدەکەی مەحوییە نەک لەو ڕوانگەوەی، مێژووی نووسینی بەر لەوانە(٢٢)، بەڵکو لەو دیدەوەی وێنەکاری بۆ میعراجنامە، گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بە زمانی پڕ ڕەوانبێژی، بۆتە هۆی تێکەڵکردنی چەندان ڕووداوی تری بچووک بە ڕووداوە گەورەکە. کە لە خاڵی یەکەمدا لەدایکبوون و ڕوخانی تاقی کیسرا، وشکبوونی ئاوا ساوا، کوژانەوەی ئاوری زەردەشتە، ڕووداوەکەی تر شەوڕەوییە. لە پاڵ نیشاندانی کەسێتی پێغەمبەر دا و پەسنی وردی ڕووداوی دیدارەکەی لەگەڵ خودادا، بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، کەسێتی و ڕووداوی پێشینی پێغەمبەرەکانی تریش باس دەکات.{مەحوی:١٣٨٤، ٤٣٥}

عولووی مەرتەبەی گەر شەممەیێکت تێ گەیێنم من … دەترسم بەردەبارانم بکەن ئەم تێ نەگەیوانە

نەزەر دەرکی عولووی هیممەتی ناکا یەقین ئەمما … لەگەڵ باقی ڕوسول دا تێبگەی، بۆ فەرقی بڕوانە

شەفاعەی نووحە بۆ کەنعان و ئیبراهیمە بۆ ئازەر … ڕسول الله شافیع بێ چ بۆ خزم و چ بێگانە

بە قوربانی ڕجایەک بم کە ڕاجی بێ موحابا بێ … ڕجا قوربانی یەئسە، بێتە سەر خۆمانە خۆمانە

کەلیم أرني کە فەرموو هەر جوابی لن ترانیی دی … موشەڕڕەف بوو موحەممەد بێ تەڵەب بەو مەرتەبە و شانە

عورووجی عیسەوی تا ئاسمان و شەمسی عالەم بوو … عورووجی ئەحمەدی تا لامکان و شەمسی جانانە

لە ڕێگای بەراوردکاری پێغەمبەرەکانی ترەوە، چیرۆکی ڕابردوو و داهاتووی ئەوانیش تێکەڵ بە چیرۆکە سەرەکییەکە دەکات. خوێنەر بەهۆی زانیاری لە بارەی بەسەرهاتی پێغەمبەر نوح و تیاچوونی کوڕەکەی بەهۆی گومڕاییەوە. لەم ئاماژە وەسفئامێزە تێدەگات، کە بۆ بڵندڕاگرتنی کەسێتی سەرەکی ناو قەسیدەکەیە. ڕووداوەکانی ڕابردوو خنکانی کەنعانە لە بەسەرهاتی پێغەمبەر نوح دا، لە بەسەرهاتی ئیبراهیمیش دا گومڕایی و بتپەرستی ئازەرە، هەر یەک لەم چیرۆکانە تەنها بە ئاماژەیەک نیشاندراونەتەوە کە سەبارەت بە ڕابردوو نین، بەڵکو سەبارەت بە ڕۆژی دواییە. ئەو چیرۆکە دەشێت سبەی ڕووبدات، مامۆستای مودەڕیس ڕاڤەی وەها کردووە کە: داوای نوحە بۆ بەخشینی کەنعان و داوای ئیبراهیمیش بۆ ئازەری باوکی. بەڵام دەشێت بەو

بارەشدا بخوێنریتەوە کە ئەو دەتوانێت وەک باوک شەفاعەت بکات بۆ کوڕ، وەک کوڕیش بۆ باوک.

لێرەوە ئێمە دوو چیرۆکی لاوەکی دوو پەیامبەرمان هەیە، لە بەیتی دواتردا دوو چیرۆکی تر تێکەڵ بە چیرۆکە سەرەکییەکە دەبێت، بەسەرهاتی موسای کەلیم و دیداری لە کێوی تور. داوای دیتنی خودای کرد، بەڵام خودا پێی فەرموو هەرگیز نامبینی. خوێنەر لەڕێگای زانیاری خۆیەوە کۆی چیرۆکی موسا و پلەی بالآی لای خوداوەند دەزانێت، بۆیە لێرەدا پەیوەست بە ڕووداوی سەرەکییەوە ئەو دیدارە جێی باسکردنە، چونکە دیسانەوە بۆ پلەی بەراودکارییە و لە پیناو نیشاندانی پێگەی پێغەمبەر لای خودا، بێ ئەوەی وەک موسا داوا بکات، خودا خۆی ئەو پلەی پێ بەخشی و بردی بۆ دیداری خۆی و چاوی پێکەوت. لە بەردەوامی دا بەسەهارتی عیسامان بیردەخاتەوە، خودا هەڵیدەکێشێتەوە بۆ ئاسمان، چونەکەشی تا شوێن بوو، بەڵام چوونی پێغەمبەر بۆ ناشوێن و لای خوداوەند بوو. لە پاش هەموو ئەو وردە چیرۆکانە باسی چوون و هاتنەوەکەی دەکات کە شاعیرەکانی تریش باسیان لێوە کردوە:

لە زەرفی یەک نەفەسدا شەو هەزار ئەندەر هەزاران ساڵ

زیاتر بەڵکی ڕێ تەی کات و ڕیجعەت کا هەر ئەو ئانە {مەحوی:١٣٨٤، ٤٣٥}

قەسیدەکە بە هەموو وردەکارییەکەوە، لەسەرەتادا بەهۆی وەسفی ڕاستەوخۆوە کەسێتی پێغەمبەر نیشاندەدات:

لە ڕوخساری لەتیفی گوڵ، لە جەعدی عەنبەرینی دڵ

دەجۆشێت و دەبارێ، ئەو گولستان، ئەم دلستانە

لەبی ڕۆحی ڕەوان و نێوچەوانی ڕۆژی لێ دەتکێ

زوبانی تا شەکەرڕێزە، دەهانی گەوهەر ئەفشانە

مەلاحەت مەحوی دیداری، حەلاوەت وەقفی گوفتاری

تەراوەت نەزری گوڵزاری، کە ڕەشکی باغی ڕیزوانە {مەحوی:١٣٨٤، ٤٣٧}

دواتر بەهۆی ڕووداوە سەرەکی "لە دایکبوونی پەیامبەر و ڕووداوی موجیزەئاسا، شەوڕەوی، موجیزەکانی" و ڕووداوی لاوەکی " بەسەرهاتی پێغەمبەران: نوح، موسا، عیسا، ئیبراهیم"، کەسێتی وەک جەوهەر، هەڵویست، تاقانەی وجود نیشاندەدات. لەم قەسیدەیەدا، خوێنەر بە سیحری گێڕانەوەیەک دەکەوێت، کە پلۆتێکی ورد داڕێژراو، زمانێکی چڕی پڕ مۆسیقی و وشەی داتاشراوی ناباو "دڵستان، پێغەمبەرستان، خودازان" دروستیان کردووە و هەر ئەوەش کە کۆی گێڕانەوەکانی تری بەحری نوور و میعراج و مەولوودنامە جیای دەکاتەوە.

**پارچەی دووەم: غەزەل**

غەزەل وەک شیعری گۆرانی و لیریک، دەربڕینی خودیی شاعیرە. هەست و بیرکردنەوە، مەیل و گۆشەنیگای ئەو بۆ سرووشت و ئەوین و بڕوا و جیهان، بە غەزەل دەهۆنرێتەوە. غەزەل وەک بەشێکی جیابووەوە لە قەسیدە، بەهۆی مەودای سنووردار و کورتییەوە، چرکەساتی هەڵچوونەکانی شاعیر نیشاندەدات و زمانی وەسف ئامێز، سەرتاپای شیعری غەزەل دەگرێتەوە. بەراورد بە قەسیدە هەمیشە زۆر کەم چاوەڕوانی لە غەزەل دەکرێت تا ڕەگەزی چیرۆکی تێدابێت و گێڕانەوە بکات، بەڵکو بەهۆی شێوەی باوی غەزەلەوە، خوێنەری غەزەل بە شوێن وێنەی جوان، مۆسیقا و ڕیتمی بە جۆش و سۆز، وەسفی بارە جیاوازەکانەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەر ڕەگەزەکانی گێڕانەوە دەکەوین تێیدا، کە هەستی چاوەڕوانی و ڕەهەندی چیرۆکی دەبەخشن بە غەزەلەکە.

لە ئاستی گشتی دا غەزەل و قەسیدەی ڕۆژهەڵات بە گشتی و ئەدەبی کوردی بە تایبەت، گێڕانەوەیەکی کامڵی کەسێتی خودی شاعیرە. بەهۆی وردبوونەوە و خوێندنەوەی سەرجەم بەرهەمی کلاسیکەوە، بەر گێڕانەوەی پچڕپچڕ و پڕ بەسەرهاتەکەی شاعیر دەکەوین، و بە خستنەوە پاڵ یەک چیرۆکی شاعیری کلاسیک بە گێڕانەوەی کەسی یەکەمی تاک، بە بەشداری چەندان کەسێتی یار و نەیار لە کات و شوێنی جیاواز دا، دەخوێنینەوە.

ئەگەر شیعری کلاسیکی کوردی وەک گێڕانەوە تەماشا بکەین، ئەوا دەشێت بە دوای پێشنموونەکاندا بگەڕێین، کە پێیەکی لە نێو ئەفسانە و پێیەکی لە جیهانی ڕۆحانی و ئایینی و پێیەکی تریشی لە ناو واقیعدایە، ئێمە لە کارێکی ترمان دا بە وردی حەکایەتی شاعیری کلاسیکی و گەشتەکەیمان لە ڕووی دەروونی و بونیادگەرییەوە باسکردووە و لێرەدا تەنها وەک ئاماژەیەکی سەرپێی باسی لێوەدەکەین. دیارە دنیای شیعری کلاسیک لە چەند یەکەیەک و کەسێتییەک دووبارە دەبیێتەوە لای هەموو شاعیرەکان دەبینێرن. چونکە کۆمەڵگا وەک ئەفسانە خاوەنی ئەمە نییە، بەڵام ڕەنگدانەوەی نائاگایی دەستەجەمعی کاری خۆی لەسەر کردووە و بەشێکی ئەفسانەکان ڕەنگدانەوەی ڕەنگ تێریان هەیە لەم گەشتەی شاعیر دا کە خۆی بە پاڵەوان دادەنێت و هەر خۆشی ڕاوی خۆیەتی. چیرۆکی ناو شیعری کلاسیک چیرۆکی شاعیرێکە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیارەوە، پاڵەوان و حیکایەتخوانە وەک: ئەویندار، دیندار، هێرشبەر، مەزلوم، هاوشاریی. بیگومان زەقترینیان نیشاندانی عاشقێتییەتی و ڕۆڵی ئەو وەک ئەویندارێکی سەرسپردە. ئەم پاڵەوانە وەک مۆنۆلۆگ، دیالۆگ، وەگێڕیش دەنگی هەیە، کۆی ڕووداوەکان لە دەوری ئەو دەسوڕێنەوە و خۆی وەک سەنتەر تەماشا دەکات، لەبەر ئەوەی هەر خۆیشی ڕاوییە، بۆیە ئێمە لە چاوی ئەوەوە تەماشای پاڵەوانیش دەکەین، و دواجار بۆ ئێمەش دەبێتە سەنتەر، هەموو کەسێتییەکانی تر بە یار و نەیاریشەوە، تەواوکەری حیکایەتەکەی ئەون. لەگەڵ ئەودا

گەلێک کەسێتی تری تێدایە وەک: (شاعیر، پیر(شێخ)، یار، ڕەقیب، ئەسپ(کەر)، پیاوانی ئایینی (زاهید، سۆفی، موفتی، مەلا، واعز). لەگەڵیشیدا ئەفسانە ئاسا، جیهانێکی زیندووی گیانداری ئەفسووناوی تێدایە، و کات و شوێنەکانیش نزیکی نادیارن( دوێ شەو، ئەم شەو، بوو). شاعیر لە هەر غەزەلیکدا یەکیک لە مانە باس دەکات، جارێک وەسفی وردی یارەکەی، لە غەزەلێکی تردا دڵڕەقی و بێ مەیلی، کێشمەکێشی نێوان یار و ڕەقیب و شاعیر، سەفەری شاعیر، ڕووکردنە خودا و پشتکردنە دنیا هەموو ئەمانە دەبێت بخرێنە پاڵ یەک و وەک پەزڵەکەی پێ تەواو بکرێت، تا حیکایەتی شاعیرانی کلاسیک بخوێنینەوە.{کەسنەزانی:٢٠١٩}

بەڵام کاتێک دێینە سەر غەزەل بە شێوەی سەربەخۆ، دیسانەوە بەر ڕەگەزەکانی گێڕانەوە دەکەوین، لە هەندێکیاندا گفتوگۆیە و بەشێک لە ڕووداوەکان بەهۆیەوە دەزانرێن، هەندێکی تر بارودۆخی تایبەت، یان ڕووداوێکی کاریگەر نیشاندەدەن. بەڵام کەم بەر ئەو غەزەلانە دەکەوین کە سەرتاپای گێڕانەوە بێت. لای مەلای جزیری، وەفایی، سالم و مەولەوی چەند شاعیرێک تر نمونەیان هەیە، ئەوی تری وەک ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆک بەشێوەی بەیت دەبینرێت. سالم لە غەزەلێکدا باسی ڕێکەوت چوونە مەیخانە و دیتنی ساقی و دەرکەوتنی خۆر دەکات. غەزەلەکە لەسەرەتادا بە وەسفکردنی دیمەنی یەکەم دەرکەوتنی ساقی دەست پێدەکات:

ساقی لە پەردە دەرهات، جامی شەرابی هێنا

دڵ خیرە ما لـە حیرەت، مەهـ ئافتابی هێنا

یەک زەڕە عەکسی پەڕتەو دەرکەوت و تووری سووتاند

ئایینە سەخترِوو بوو لەو عەکسە تابی هێنا

تیماری چاکی سینەم ڕاجیع بە چاوی مەستە

بەختیش موافقی عیشق بۆ من خەرابی هێنا

یارم لە دەر دەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا

غەمناک و شادمانم ڕەحمەت عەزابی هێنا

بۆ تۆبە سوویی مەسجید هاتم بچم لەڕێدا

بۆ کۆیی مەیفرۆشان عەزمم شتابی هێنا

ڕوو هەر لە من دەپۆشێ وا حاڵییە کە جیبریل

هەر خاسسە بۆ من و ئەو ئایەی حیجابی هێنا

وەهـ وەهـ چ مەجلیسێ بوو دوێشەو لە دیدە و دڵ

دڵبەر شەڕابی گێڕا سالم کەبابی هێنا {سالم: ٢٠١٦، ١٣٤}

به شوێنگۆڕینی بەیتەکان، هێنانە سەرەتای بەیتی" بۆ تۆبە سوویی مەسجید". گێڕانەوەکەی لە بارەی چوونی بۆ مەیخانە و دیتنی یار و ئەویندار‌بوونییەوە، دەبێتە چیرۆکی تەواوی لیرۆئیپیکی. بەڵام جوانی غەزەلەکە و بونیادی گێڕانەوەکەی لە پلۆتسازی و ڕێکخستنی ناوەکی گێڕانەوەکەدایە، خوێنەر بە کۆتایی هاتنی غەزەلەکە، دەتوانێت ڕووداوەکان بە شێوەی پلۆتی مێژوویی ڕێکبخاتەوە و چیرۆکەکە درک بکات.

ئەم جۆرەی چوونە مەیخانە و لیقای یار و مەستبوون، هەم وەک ڕووی ڕاستی، هەمیش وەک ناواخنە سۆفیگەرانەکەی، لە غەزەلیاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتدا باوە و حافزی شیرازی لەم بابەتەدا خاوەنی زۆرترین غەزەلی گێڕانەوەییە لە ئەدەبی فارسی دا.{مالیمیر:١٣٩٦، ژ٢} بۆیە وێنەی تری گێڕانەوەیی لای وەفایی و مەلای جزیری دەبینرێت، دیسانەوە هەمان بابەتی مەیخانە و دیداری یار و ئەوینی سۆفیانەی خۆیەتی لە بەرگی چوونە مەیخانە و دیتنی بەچە تەرسا و تێکەڵبوون لەگەڵ دەستەی مەستانی خودایی دا:

سەحەر مەستانە ڕابوردم بە بەر دەرکی کلیسایێ

کەچی دەستی دڵی گرتم خەرامان بەچچە تەرسایێ

ئیرەم بوو عەنبەری زولفی، ئەسیری چەنبەری زولفی

کەراماتی سەری زولفی بە هەر تایێ مەسیحایێ {وەفایی:١٣٨١،١٦٥}

مەلای جزیریش بە گێڕانەوەیەکی مۆسیقی باسی چوونە مەیخانەی عارفێک دەکات لە دەمەوەختی سبەیناندا، هەرچەندە گێڕانەوەی غەزەلەکە لەسەرەتادا بە ڕاناوی ئەو دەستپێدەکات، بەڵام دوایی دەبێت بە ڕاناوی من. ئەوەش هێندەی پەیوەندی بە خاکەڕایی خودی شاعیر لە عیرفاندا هەیە، هێندە پەیوەندی بە تەکنیکی نووسینەوە نییە. چونکە هیچ شاعیرێکی سۆفیزم پلەی خۆی وەک عارف نیشان نادات. بۆیە بە ڕاناوی ئەو دەڵێت:

دەرێ مەیخانەیا عیشقێ، سەحەر عارف زیارەت کر

ب ئابێ چەشم و خوێنی دڵ وزووو بەست و تەهارت کر

ب میزان قەوسێ ماهێ نەو ل وەجهێ دلبەرێ من دی

ز چەشم و گۆشەیێ ئەبوو بدوڕ جامێ ئیشارەت کرد {جزیری١٣٩٣، ٢٧٤}

عارفێک لە بەرەبەیاندا زیارەتی [وشەی زیارەت لە بری سەردان لە چوارچێوەی سۆفیزمدا بۆ سەردانی کەس وشوێنی پیرۆزە] دەرگای مەیخانەی کرد، بۆ ئەو زیارەتە پیرۆزە، بە فرمێسکی چاو و خوێنی دڵ خوی شوشت و دەستنوێژی هەڵگرت. لە بەیتی دووەمدا عارفەکە خۆیەتی کە

دەڵێت: لە ئاسمانی سیمای دڵبەرم دا، لە ناوچاوانی مانگا ئاسایدا کەوانی برۆیم دی، و ئیشارەی بۆ کردم کە جامێ شەراب بنۆشم.

ئەز چوومە دەرێ مەیکەدەئێ سوبحەیەکێ زوو          من دی یەکی ئەسمەر

قامەت ب مسالێ دارێ شمشادێ دو گیسوو          مانەندی دو ئەژدەر {xani:٢٠١٤،٢١٦}

مەولەوی جیاواز لە غەزەلی مەینۆشی، بەڵام بە ناوەرۆکی سۆفیزمەوە، بە شێوەی غەزەلی کوردی [کە تایبەتمەندی جیاوازە، لە غەزەلی ڕۆژهەڵاتی]، چیرۆکی خەمخواردنی بۆ بەخت ڕەشی و ناکامی خۆی باس دەکات. گێڕانەوەکە لە ناوەڕۆکێکی عارفانەی پەندئامێز دا، بە بەشداری سێ کەسێتی بەڕێوە دەچێت. کەسێتی شاعیر کە خەمبارە و گلەیی لە چارەڕەشی خۆی دەکات، کەسێتییەکی ڕاگوزەر[ئەو بە هاودەردی ناوی دەبات] کە پارچە شوشەیەکی پێدەدات. کەسێتی شووشەکە. هەموو ڕووداوەکاوەنیش بە زاری شووشەوە دەگێڕدرێنەوە. بەو شێوەیەی لە سەرەتای گێڕانەوەدا وەگێڕ شاعیرە، دواتر شووشە دەست بە گێڕانەوە دەکات، لە کۆتاییش دا شاعیر بە شێوەیی خۆدواندن کۆتایی بە گێڕانەوەکە دەهێنێت:

ڕوێ فکری بەخت سیای وێم مەکەرد:          پەی چێش هەر پەستی پەرێ من ئاوەرد

یاران گشت کەیفوەش سەفا فراوان          یەک یەک وە ئەعەلای مەقامان یاوان

گرد سەرشاری مەی لەقا نماوە          هەر من بەستەی خاک چەم ئەو دماوە

جەو فکرەدا بیم یەک هامدەردی وێم          ڕێزە بلوورێ قەدیمش داپێم

ئاما وە جواو ڕێزەی قەدیم ساڵ          بە زوبانی حاڵ فەسیحتەر جە قاڵ

وات: من سەنگێ بیم کەفتەی هەواران          بێقەدر و قیمەت نارەوای شاران

گرتم نە گەردەن بێباک و شادان          بەڵای پێکی سەخت کوورەی ئوستادان {مەولەوی:١٣٧٨، ٢٥٦}

غەزەلەکە، بەشێوەی پلۆتی مێژوویی داڕێژراوە، بە کاتێکی نادیار دەستپێدەکات و شاعیر وشەی ڕۆژێک-ی بۆ سەرەتای گێڕانەوەکە دیاریکردووە، بێتاقەت بووە و خۆی بەراورد کردوە بەوانی دیکە، بۆچی تەنها ئەم بەدبەختە. لە ناکاو هاودەمێک یان کەسێکی وەک خۆی، شووشەیەکی پێدەدات، شووشەکە دەست بەگێڕانەوەی چیرۆکی خۆی دەکات، کە چۆن ئەو لەسەرتادا پارچەیەکی بێ نرخ بووە، بەهۆی زەبری وەستا و کورەی ئاگرینەوە، بۆتە مەوجودێکی شایستە.، لە گێڕانەوەکاندا وێنەی وردی وەسفئامێز باس دەکات، کە تایبەتمەندی شووشەن. دواتر لەگەڵ هێنانی نازناوی شیعریدا، مەولەوی بە شێوەی خۆدواندن بە خۆی دەڵێت: تا دووجار لەدایک نەبیت، بەختەوەر نیت.

- **گفتوگۆ وەک جوانیناسی غەزەل:**

بە مانای قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروبۆچون و ڕا دێت، لە هۆنراوە، چیرۆک، شانۆگەریی و فیلمنامەدا بە زاری کارەکتەرەکانەوە دەوترێن. مەودایەکی باشە بۆ نیشاندانی بەشێکی ڕووداو و کەسێتی. گفتوگۆی کامڵ بە جۆرێکە کە لە خۆیدا سێ تایبەتمەنی دەخاتەڕوو: تایبەتمەندی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی{میرصادقی:١٣٨٢، ٣٠٥}. گفتوگۆ لە ناساندنی زمانی دا، ئەرکی گەیاندنی بیروڕای لە ئەستۆدایە، ڕۆژانە لە بەکارهێنانی ئاسایی زماندا، گفتوگۆ ڕۆڵی خۆشکردنی پەیوەندی و گواستنەوەی بیروڕا دەبینێت، ئەمەش بە شێوەی ڕاستەوخۆ و واقیعی ڕوودەدات، بەڵام کاتێک دێتە ناو ئەدەبیات و شیعرەوە، بەهای جوانیناسی دەبێت و هیچ کات ئاستی خۆی بۆ گفتوگۆی واقیعی ڕۆژانە ناهێنێتە خوارەوە و بەشێوەی دراماتیکی دەچێت بەڕێوە. جیاوازیشی لەگەڵ گفتوگۆی ئاساییدا لەوەدایە، لایەنی گفتوگۆکە، دەشێت خەیاڵی بن، دەشێت بوونی ڕاستەقینەیان نەبێت یاخود کەرەستە و شتە بانمرۆییەکان بن. {آسیابادی:١٣٨٩،١٨٤} لە ڕەوانبێژی و زانستی جوانکاریدا وەک لقێک لە ژێر ناونیشانی "پرسیار وەڵام"دا باسی لێوە کراوە، هەرچەندە هەمیشە پرسیار و وەڵام نییە، و زۆر جار گفتوگۆیە. گفتوگۆ و پرسیارەکان لە هۆنراوەدا، دەبێت جوان و شیرین بن بە تایبەت وەڵامەکان ڕوویەکی ئەدەبییان هەبێت و هەڵگری مانای پێکراو بن و هاوکات لایەنی هونەریشی بەرز بێت.

لە پرسیار و وەڵامدا، پرسیارکەر وەڵامبڕ دەکرێت، بەو شێوەیەی ئەگەر پرسیارەکە بەڵگەدار بێت، وەڵامەکە بە شێوەیەکە ڕەتی دەکاتەوە، ئەگەر لایەنی ڕەخنەگرانەی هەیە، وەڵامەکە بەهانەخوازی بێت، هەندیک جاریش وەڵامەکە تەوساوی دەبێت.{شمیسا:١٣٩٥، ١٧٣}

لە غەزەل دا، بەو پێیەی دەرخەری ناخی خودە، زۆرجار بەر گفتوگۆی ناوەکی، یان خۆدواندن دەکەوین، لەگەڵیشیدا بە شێوەی تاک بەیت یان چەند بەیتێک گفتوگۆی نێوان شاعیر و یار و ڕەقیب دەبیستین. هەندێک جار گفتوگۆکان لە نێوان مرۆڤان دەردەچێت و دەبێت بە گفتوگۆی شاعیر لەگەڵ ڕەگەز و دیاردە سرووشتی و ئەندامی لەش و بونەوەرەکانی تر. بۆ نموونە گفتوگۆی سالم و ئەسپەبۆز، کە غەزلێکی هەجووئامێزە، کۆی گێڕانەوەکە بەهۆی گفتوگۆی شێوە پرسیار و وەڵامی ئەسپەکە و شاعیرە.{سالم:٢٠١٦، ٧٨٨} مەحوی لە غەزەلێکدا، بەهۆی گفتوگۆوە، ڕوویەکی زاڵی چیرۆکی بە غەزەلەکە دەدات، گفتوگۆکە ڕووی سۆزداری هەیە لە نێوان وەگێڕ و یاردا، بە دەمی ڕابردوو دەگێڕێتەوە، لەسەرەتادا وەسفی چاوی نائارامی دەکات، پاشان گفتوگۆ دەستپێدەکات: {مەحوی: ١٣٨٤، ٢٦٦}

که دیم ئالۆزە چاوی، زوو وتم: ئەم فیتنە هەڵبەستە

وتی: جاران ئەتۆ دەتوت بە من: کەم فیتنە هەڵبەستە

بە سووتن چم، گلەم نەبووە لە دەردی سەردی میهری تۆ

من و شەکوە؟ وتی: گوێ ناگرم لەم فیتنە هەڵبەستە

بە غەیرەز شوکر، ئەگەر شەکوەم لە جەوری تۆ ببێ، سپڵەم

وتی: حاشا، دەزانم ئەم ڕەقیبەم فیتنە هەڵبەستە

بە جێیە کوشتنم، سووتاندنم، خاکت بە با بۆ دام؟!

وتی: ئاهەنگی عیشقی من مەقاماتە لەگەڵ بەستە

بە زوڵفیدا هەڵاوەسرابوو دڵ عومری بە سەد ئامال

نیگاهی وەک ئەجەل هات و وتی: تووڵی ئەمەل بەستە

قەزا بێ دەستەڵاتت کا، چییە غەیری ڕەزا چارە؟

لە بەر دەستی جەلابا ڕێوییکە شێری پەل بەستە

بە خۆ کوشتن نەجاتی خۆ بدە **مەحوی** وەکوو فەرهاد

لە زۆری قەهرەمانی عیشق، ئەفەندم، هەر ئەجەل بەستە

غەزەلەکە ئەگەرچی بەشێوەی دیار بەهۆی گفتوگۆوە دەچێت بەرێوە، بەڵام لە ناو گفتوگۆکەدا چۆنییەتی پەیوەندییەکە، دەمی گفتوگۆ، ڕابردووی پەیوەندیەکە و کەسێتی ڕەقیبیش باسدەکرێت. بەهۆی وشەی جارانەوە، دەردەکەوێت، ئەم پەیوەندییە دێرینە و پێشترینش گفتوگۆی لەم شێوە کراوە، بەڵام ئەمجارە کەسێتی ڕەقیبی بەدکار بۆتە هۆی ئەم گرژی و بێ متمانەیی نێوانیان. لە کۆتاییش دا بەهۆی خۆدواندنەوە مەحوی کۆتایی بە گێڕانەوەکە دێنێت، کە داوای خۆکوژی دەکات لە خۆی.

لە هەندێک غەزەلدا، گفتوگۆ بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن شاعیرەوە بە دەمی ڕابردوو دەستی پێکردووە، بۆ نیشاندانی ڕێزی زۆریش وەڵامی، گفتوگۆ، وشەی فەرموو-وە. گێڕانەوەی گفتوگۆکەش بەڕاناوی کەسی یەکەمە و سەبارەت بە کەسی سێیەمە:

- کوتم: دا ڕوومەتت وا بێنە بگرم زوڵفەکەت! **فەرمووی**:

بڵا گوڵ تێک نەچێ، بولبول نەسووتێ، چت لە پەرژینم؟

بە باغم کوت: بە ڕەنگ و بۆت مەنازە، زەرد و سوور بووە

ئەگەر بارم هەموو سونبول بێ تاپێک زولفی ناهێنم {وەفایی:١٣٨١، ٦٦}

- وتم:بەو تیغی ئەبرۆتە دڵم لەتلەت بووە قوربان

کەچی **فەرمووی** ئەگەر بیشتکوژم تۆ هەر بڵێ چاکە {موختارجاف: ١٩٨٦، ١٢٤}

- وتم: با لەم دەر و لەم کۆیە دا ئانێ سکوونەت کەم

وتی: عاشق دەبێ هەر دەربەدەر بێ، کۆ بە کۆ بڕوا

ڕەقیب دەرکە، ئەم بەردەرکە پاکە پیس ئەکا، فەرمووی:

کە بەم بەرقاپیە لازم سەگێکی وایە، بۆ بڕوا!

وتی: **مەحوی** من و تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین

جەنابی من کە دەرکەوتم، دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا {مەحوی: ١٣٨٤، ٣٦}

لای هەندێک شاعیر گێڕانەوەکە، وێڕای دیاریکردنی کاتی ڕابردوو، بە ڕاناوی کەسی یەکەمە و باسی کەسی دووەمە، بەو شێوەی وەرگرەکەی نادیار نییە، خوی یار خۆیەتی، وەک ئەدەب کە دەڵێت:

دوێنێ گوتم: جەفا بەسە، جانا مرووەتێک

فەرمووت: چ وەقتی مەوعیزەیە! مەیکە مزگەوت

فەرمووت: لە ماچی کوڵمەت و لەب، کامە خۆش مەزەن؟

چ بڵێم **ئەدەب** فیدات، لە نێوان ئەم و ئەوت {ئەدەب:٢٠١٠، ٧٧}

لە هەندێک غەزەلدا، وشەکانی: "وتم، وتی" کە ئاماژەی ڕاستەوخۆی گفتوگۆکردنە، دوادەخرێت، لەلایەکەوە سەرەتا وەک وەسف دەکەوێتەوە، لە لایەکی ترەوە، پەیوەندی بە تێکشکاندنی یاسای زمانی ئاستی ڕستەسازییە، بە هەمووشی جوانی دەبەخشیت بە گێڕانەوەکە:

شیرەیی جانە وتم یا مەیە؟ چا بوو فەرمووی عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا {نالی، ٩٣}

لوتفێ بە حاڵی من کە، وتم؛ ئەو وتی بە قار: تۆ شێخی با خودا و ئەمن شۆخی ناخودا {مەحوی،٤}

وەردەگێڕێ ڕوو کە سوجدەی بەر دەبەم

هەی دەڵێ: کەی نوێژی ڕۆژاوا دەکا

چاوە، جێی ئەو شۆخە بێ، وتم و وتی:

ئەم مەلا شێخە قسەی بێجا دەکا {مەحوی، ٢٣}

هەندێک جار لە گفتوگۆکەدا، دەستپێکی شاعیری تێدایە، بەڵام وەڵامەکە ڕاستەوخۆ دەدرێتەوە بەبێ ئاماژەدان بە وتی:

به سەرووم وت: کە ڕاستە سەرکەش و بەرزی، کەچی

لەرزیی کە فەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم!     {نالی، ٢٧٢}

هەندێک جاریش گفتوگۆکە بەشێوەی پرسیار و وەڵامە، بەڵام تەنها بە سیگناڵی نازمانی و ئاماژە؛ شاعیر وەڵامدەدرێتەوە، شاعیریش وەسفی ئاماژەکە دەکات و لەوێوە وەڵامەکە بۆ خوێنەریش دەردەکەوێت:

وتم ئایا بە زاری خۆت ئەپرسی حاڵی زاری من ؟

برۆی هێنایە یەک وەک شکڵی (لا) یەعنی کە بێزارم!     {نالی، ٢٧٢}

جگە لە دیالۆگ و گفتوگۆ، شاعیران لە غەزەل و قەسیدەش دا بەشێوەی مۆنۆلۆگ و خۆدواندنیش بەشدارن لە گێڕانەوەدا، بۆ نموونە بەیتەکانی کۆتایی مەستوورە کە حەسنا و ئەدبیە، نالی بە شێوەی خودواندن کۆتایی بە بەسەرهاتی خەوەکەی دەهێنێت، جۆرێک لە گەڕانەوە و پاشگەزبوونەوەی خۆی لەو بێپەردە دواندن و تابووشکێینە نیشان دەدات:

نالی !وەرە هەزلێکی کە عاری شوعەرا بێ     ڕووڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ

تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ،     دەروێش و گەدا، شاهـ و دەبێ شاهـ گەدا بێ

وا چاکە خەیاڵ و خەوت ئەسراری هودا بێ     نەک بەحسی سورروور و عەلەم و بادی هەوا بێ{نالی، ٢٦٧}

**پاری سێیەم: لە بارەی شیعری نوێیەوە**

**پارچەی یەکەم: لیریک**

پاش غەزەل لە قۆناغی نوێبوونەوەی کلاسیکدا، نمونەی شیعری گێڕانەوەیی لە فۆڕمی نوێدا لای حاجی قادری کۆیی دەبینرێت، لە پارچەکانی: "گوتم بە بەختی خەواڵوو، لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم، کوردەکی کۆیە کەوتە یادم.." {کۆیی:٢٧٠٧} بەڵام بەڕای ئێمە لە ڕووی ئێستاتیکی و هونەرکارییەوە، پێگەیەکی وەهای نییە و تەنها تێمە و ماناکەی بەهادارن. لە قۆناغی نوێبوونەوەی شیعریشدا، لای گۆران لە پارچەکانی "گەشت لە قەرەداغ، گەشت لە هەورامان، نیاز، بەندینخانە" و چەندانی تر دەبینرێت، لای پیرەمێرد شیعری گێڕانەوە زۆرن بۆ نموونە "شەوێ لە گوێ شەتی بەغدا" کە گێڕانەوەکە بەشێوەی پێشختن و ئاواتهەڵچنین هۆنراوەتەوە، لای هێمنیش لە هۆنراوە "سورِی دەوران" دا چیرۆکە شیعر هەیە. ئەم شیعرانە کە هەڵگری تایبەتمەندی شیعری سەردەمی خۆیانن لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕووخسارەوە و گەلێک جیاوازترن لە شیعری داستان، یان غەزەلی گێڕانەوەیی. {ئەحمەد:٢٠١٤، ٦٠}. ئەوەی لەم قۆناغە شیعریەدا دیارە، شیعری گۆرانی، بە شێوەیەکی تەواو ڕووداوێک دەگێڕێتەوە و هۆنراوەکە دەبێت بە چیرۆکەشیعر، لە زۆربەشیاندا جووت سەروا بەکاردەهێنن، بە وشەی سادەوساکار و زمانی ئاسایی ڕۆژانە بەسەرهاتەکە دەگێڕنەوە، بۆ نموونە "کچەکەی بەرتیلە"ی کامەران موکری {موکری:٢٠١٣، ٢١٩}، جۆلانەی هێمن {هێمن:٢٧٠٨، ١٨٠}.

ڕەنگە ئەوەی لەم سەردەمەدا زۆر جێی سەرنج بێت "دڵێکی تێکشکاو"ی ئەحمەدی هەردی{هەردی:٢٠٠٦، ١٣} و هەندێک لە گێڕانەوەکانی گۆران بێت وەک: درزی پەچە، ئۆپەریتی گوڵی خوێناوی. بە چاوپۆشیکردن لە کاریگەری زەقی چیرۆکی بولبول و گوڵی ئۆسکار وایڵد لەسەر گوڵی خوێناوی گۆران {لەم بارەیەوە عومەر مارف بەرزنجی لە کتێبی گۆران و ئەدەبی ئینگلیزیدا لەمە دواوە.} {بەرزنجی:٢٠٠٦}گۆران ناوی گێڕانەوەکەی ناوە ئۆپەرێت. ئۆرپەرێتیش کورتکراوەی ئۆپێرایە، مەبەستیش لە ئۆپێرا نمایشکردن بە ئاوازەوەیە، هەر نمایشیک بە ئاواز و ئۆرکێستراوە خرایەڕوو، ئۆپێرای پێدەوتریت. هەرچی وشەی ئۆپەرێتە، بە مانای ئۆپیرای بچووک دێت، وەک لە ناوەکەیەوە دیارە بە ئۆپێرای بچوک دەوترێت کە بە گۆرانی میللی و شادییەوە هۆنرابێتەوە. دەقی ئۆپێرا بە شێوەیەکی گشتی بە هۆنراوە دەنووسیت و ئەکتەرەکان هاوڕێ لەگەڵ ئۆرکێسترادا بەیتەکان بە ئاوازەوە دەڵێنەوە. گفتوگۆ و قسە و ئاخاوتنەکانیش بەشێوەی شیعر لە نیوان کارەکتەرەکاندا دەگۆڕیدرینەوە. شێوەکانی ئۆپێرا دەکرێت (ئۆپێرا کۆمێک، ئۆراتۆریۆ یان ئۆپێرای ئایینی، ئۆپێرای جدی، ئۆپێرا بوفا، ئۆپێرای بچووک) بێت. {پروفیل:١٣٩٠، ٥٥} ئۆپەرەیتەکەی گۆران، لەسەرەتا وێنەی شادی و زەماوەندە بەهۆی وەسفی دەنگ و ڕەنگەوە، ئاوازێکی شادی و سروربەخشی داوە بە گێڕانەوەکە:

بڕوانە! شاییە، چۆپییە، لەو ماڵە

گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە! {گۆران:١٩٨٠، ١٦}

وێنەکان لەسەرەتای دووبەیتی گێڕانەوەکەدا بە دوو زاراوەی بڕوانە و گوێبگرە، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن. لە ئاگادارکردنەوەی ڕوانینەکەدا، وێنەی پڕ جوڵەی شایی و چۆپییە، لە گوێگرتنەکەشدا، دەنگی زوڕنا و دەهۆڵ و شمشاڵی کوردییە. ئەم وێنانە لە زاری کوڕەوە دەوترێن تا یارەکەی ڕازی بکات بچن بۆ ئەو زەماوەندە و لەوێ هەڵپەڕن. پاش ئەو دوو بەیتە، بە هەمان ڕیتمی پێشوو، وێنەکان فراوانتر دەکات و وەسفەکان وردتر:

زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو، هەرایە

لـەو ناوە هـەر هاڕەی هـەیاسـەی تۆ نایـە {گۆران:١٩٨٠، ١٦}

کاتێک دەڵێت: هاڕەی هەیاسەی تۆ نایەت، ئاوازی هەیاسەو هاڕەی ئەوانتر هاتوونەتە ناو وێنەی نیشاندراوی زەماوەندەکە. بەڵام وێنەکە پاش ئەوە بەهۆی ناز و داوای کچەوە دەگۆڕێت، گێڕانەوەکە بەرەو هەڵکشانی خۆی دەچێت، چونکە کچ ڕازی نییە بی گوڵی سوور بچێت بۆ هەڵپەڕکێ، کوڕ دەچێت لە باخچەی پاشا گوڵی بۆ بێنێت، گوڵی سووری دەستناکەوێت، گوڵی زەرد دێنێت. کچە ناڕازییە، تا کوڕ برینی سەر سینەی نیشان دەدات، کە پێکراوە و خوێنی لێدێت. بەوەش چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی تراژیدی خۆی. گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە تراژیدییە بە زمانیکی نوێکراوەی پاش کلاسیک و وێنەی وردی پڕ جوڵە، دەبێت بە یەکێک لە گێڕانەوە جوانەکانی ئەو قۆناغەی شیعری کوردی. لە لایەکەوە چیرۆکەکە لە خاڵی ڕووداوەوە دەستی پێکردوە، کە داواکارییە بۆ چوونە ناو ئەو زەماوەندەی لەمانەوە دیارە. لە لایەکی ترەوە، لە مەودایەکی کورتی شیعرییدا، بە فەزایەکی سۆزاوی چیرۆکێکی ئەویندارانە بە زمانی خوازە دەگێڕێتەوە و تێڕوانینی جوانیناسانەی گۆران بەرجەستەدەکات، بەو شێوەیەی کە ڕێبوار سیوەیلی لە بارەیەوە دەنووسێت: ((گۆران خەیاڵێکی شاعیرانەی هەیە و تیایدا بە جۆریکی تایبەت بیر لە شتەکان دەکاتەوە، بیرکردنەوەیەک لە دەرەوەی تێگەشتنی ڕاستەوخۆی ئێمەیە لە شتەکان و دیمەنەکان، لە دەرەوەی بیرکردنەوەی عەوام و ڕەشۆک و باو.)) {سیوەیلی:٢٠٢١، ٥١}

پاش ئەم قۆناغە، لە قۆناغی شیعری نوێ و ئازادیشدا چیرۆکەشیعر لە فۆرمی شیعری لیریکی (کورت، مامناوەند، درێژ) لای ژمارەیەکی زۆری شاعیران دەبینرێت وەک: ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر، عەبدوڵا پەشێو، قوبادی جەلیزادە. بەشێوەی چیرۆکەشیعر و دەقی ئاوەڵا زۆرترین نموونەی ئێستاتیکی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دان.(٢٢) هەرچی قۆناغی پاش ڕاپەڕینە، ژمارەیەک پەخشانەشیعر و قەسیدە بە شێوەی گێڕانەوە دەنووسرێن و

نمونەی جدی و دیاریان (دلاوەر قەرەداغی، ڕێبوار سیوەیلی، بەختیار عەلی، ماردین ئیبراهیم)ە.لە شیعری نوێدا چەندێک چێژی شیعربوون و جوانی بەخشینی دەربڕین جێی مەبەستە، وەهاش گێڕانەوە شوێنی خۆی هەیە. لەو ڕوانگەوەی لە چیرۆک و هەقایەت و گێڕانەوەدا شتێک هەیە، هەمیشە مرۆڤ تێر نابێت لێی، بەو جۆرەی کە هەرگیز لە وتن و بیستنی چیرۆکیش ماندوو نابێت، لەم بارەیەوە بۆرخیس پێی وایە، ئەگەر لە پاڵ چێژی بیستن چیرۆک دێت، چێژی شکۆ و هێزی شیعریشمان هەبێت، ئەو دەمە ڕووداوێکی مەزن ڕوودەدات. ئەو پێی وایە پاش سەدەی نۆزدە دەبێت ڕۆژێک بێت حەماسە بگەڕێتەوە و شاعیر تەنها دەربڕی وێنەی شیعری نەبێت، بەڵکو چیرۆک بگێڕێتەوە و بە شێوەی شیعریش گێڕانەوەکەی بکات، ئەو ڕۆژە ئیدی شیعر و چیرۆک وەک دوو شتی جیا تەماشا نەکرت، وەک چۆن لە بەرهەمەکانی هۆمەر و ڤێرجیل دا شیعرو گێڕانەوە یەک شتن بوون. {بورخیس:١٣٨٨، ٥٦}.

**پارچەی دووەم:**

**وێنەی شیعریی، جوانیی دەربڕین**

لە دێرزەمانەوە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شیعر بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بووە. لە ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتیدا "عەرەب، فارس، کورد"، ڕەوانبێژی وەک بابەتی جوانیناسی _قسە_ زمان لێی دەڕوانرێت. زانست و هونەرەکانی "جوانیناسی قسە" لەسەر سێ بنەما بونیاد نراوە: "واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری". هەموو هۆنراوەیەک یان هەر بەرهەمێکی تری هونەریی کە بەهای جوانیناسی هەبێت، دەبێت بە هونەرەکانی ناو ئەم سێ قەڵەمڕەوە ڕازابێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم سێ هونەرە پشکی گرنگیان لەو بەهایانەدا هەیە کە ئەدەب دەخولقێنن، بە یارمەتی ئەم سێ مەودایەی جوانیناسی قسە، زمان لە ئەدەب جیا دەکرێتەوە و سنووری باریکیان دەردەخرێت. دەتوانرێت لەم سێ هونەرەدا، یاسا و ڕەفتارە تایبەتییەکانی جوانیناسی لە زماندا بناسرێت، کە جوانی و باڵایی هونەریی دەبەخشێت و تا سنووری ئەفراندنی ئەدەب و هونەر دەڕوات. {کزازی:١٣٦٨، ١٤} کاتێکیش لە بارەی جوانی ڕەوانبێژییەوە قسە دەکرێت، ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا بابەتی کاریگەری دێتە ئاراوە، چونکە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە هەموو لق و پۆلەکانییەوە، دەبنە جیاکەرەوەی قسەی ئاسایی لە قسەی جوان و بەهادار و بابەتی ئەدەبی، خودی جوانییەکە بەهۆی کاریگەری دانان لەسەر خوێنەر و سەرسامکردنییەوە دەناسرێتەوە. جوانی و کاریگەری جوانی لە بەرهەمی ئەدەبیدا[هونراوە بێت یان پەخشان] بەهۆی کۆمەڵێک ڕەگەزەوە دەردەکەون:

- بونیادی گشتی یان تەوەری ستوونی.
- یەکە پێکهێنەرەکانی تەوەرەی ستوونی یان بونیاد کە پێکدێت لە بەش و جومگە و پەرەگرافەکان.

- یەکە پێهێنەرەکانی بەش و جومگە و پەرەگراف کە بریتین لە ڕستەکان؟
- یەکەی بچووکتری ڕستە کە پێکدێت لە گرێ.
- یەکەی پێکهێنەری دەربڕین و ڕستە کە وشەکان و پێکهاتە دەنگییەکانن.

جوانی و بایەخی بەرهەمەکە لە یەک بە یەکی ئەو یەکانەدا، دەردەکەوێت، بەڵام دکتۆر شەفیعی کەدکەنی لەم بارەیەوە ڕای وایە: ئەو ڕەگەزانە لە ڕەوانبێژی کۆندا جێی سەرنج و لێڕوانین و نەبوون، لە ڕەخنەی کۆندا هیچ کاتێک وەک بابەتێکی گشتی و یەکگرتوو تەماشای جوانییان نەکردووە و هیچ دەمێکێش لە بارەی جوانی و کاریگەری یەکە ستوونییەکانەوە نەدوان، ئەوان لە ڕستە- کە بچووکترین بەشی ماناداری بەرهەمی ئەدەبییە، بە دوای جوانیدا دەگەڕان بە شێوەی ڕەوانبێژی پێشین لەسەر دووبنەما کاریان دەکرد:"جوانی و کاریگەری لە ڕستەدا، جوانی و کاریگەری لە بەشەکانی ڕستەدا" {کدکنی:١٣٩١،٤٢٤}.

لە ڕەخنەی نوێ دا، بابەتی ڕەوانبێژی بە جۆرێکی تر دەخرێتەڕوو، وێنەی هونەریی {یان زمانی بەوێنە} وەک بەشێکی جوانیناسی هۆنراوە لێی دەڕوانرێت، کە بەهۆی توخمەکانی ڕەوابێژییەوە پێکدین و دیارترینیان: "خواستن، خوازە، درکە"یە. وێنەی هونەریی، خەیاڵی داهێنەرانەی نوسەرو خستەگەڕی توانای زمانە بۆ نیشاندانی مانا، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و زۆرجار لە بەرگی تەمومژ و ناڕوونی دا، چونکە زمان وێڕای بەجێهێنانی ئەرکی خۆی لە بواری زمانەوانیدا ((لە هەمان کاتیشدا هۆیەکی گەیەنەری ئێستاتیکای ئەدەبە بۆ گوزارشتکردن لە ژیان)) {تاهیر: ٢٠٠٨، ١٤٩} بەو مانایەی زمان لە مانای فەرهەنگی دوور بکەوێتەوە بەهۆی ئاماژە و دەقئاوێزان و سیمبول و بابەتە وێنانەکراوەکانەوە، مانای قوڵتر و کاریگەرتر نیشانبدات. ئەم هێزە جادووییەی شیعر کاتێک دەکەوێتە گەڕ بۆ گێڕانەوە، ئەوا ڕەگەزی جوانیناسی شیعر و ڕەگەزی بونیادنەری گێڕانەوە، دەقێکی هونەریی نەمر دروست دەکەن.

دکتۆر دڵشاد عەلی، لە بارەی بنەماکانی وێنەی شیعرییەوە دواوە و لەم بارەوە دەڵێت: بنەمای پێکهاتنی وێنەی شیعریی، هونەرەکانی ڕەوانبێژییە، لە ناو هونەرەکانیداش لیکۆڵەران و رەخنەگران ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە "لێکچواندن" ئاسانترین جۆری ئەو پیکهێنەرە ڕەوانبیژییانەیە کە وێنەکە دەئەفرێنێت، لێرەوە شاعیر سەربەستر و دەستکراوەتر دەبێت لە ناو هونەری چواندندا ڕووبکاتە خوازە و خواستن بۆ دروستکردنی وێنە، چونکە دواجار ئەوەی زیاتر شاعیران دەبیتە جیگای سەرنجیان خوازەیە، هەم لە ڕەخنەی کۆن و هەمیش لە ڕەخنەی نوێ دا. {عەلی: ٢٠٠٧، ١٧٠}.

وێنەی شیعریی بەهۆی چوار بنەڕەتی سەرەکییەوە پێکدێت: میتافۆڕ، خواستنی بە پلار، درکە، خوازەی بەرەڵا{هاڵبێرگ:٢٠١٠، ٨٤}. سەبارەت بە جوانکاری شیعر، پێوستە لە بارەی مامەڵەی شاعیر لەگەڵ وشەوە بدوێین. چونکە بەهۆی گۆڕینی مانای وشە و دەربڕینەکانەوە، لە مانای فەرهەنگییەوە بۆ مانای تری بارکراو، وێنە دروست دەبێت، بەو واتایەی ((شیوازی شاعیر لە کار و مامەڵەکردنیدا، لەگەڵ وشەو دەستەواژەکان، شێوازێکی هونەریی جوانکارییە و کارێکی

هونەرییە کە شاعیر بنیادی دەنێت. کەرەستەی سەرەکی لەو پرۆسەیەدا خوازەیە، کە بە گوازستنەوەی وشە لە مانا ڕاستەقینەکەیەوە بۆ مانایەکی تر بنیات دەنریت، چونکە ئەو واتا و مانا نوییەی کە لە ڕیگای ئەم هونەرەوە دەیگەیەنێت، واتا ڕاستەقینەکەی نایگەیەنێت.)){نوری کاکی:٢٠١٣، ٢٦٠}

**یەکەم: خواستن "میتافۆڕ":** یەکێکە لە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی زمان، ئەوەی تێیدا دەردەبڕێت هێما نییە بۆ مانای ڕاستەقینەی وشەکە، کەوایە دەتوانریت بوترێت خواستن، شیوەی قسەکردنە لە بارەی شتێکەوە لە ڕیگەی قسەکردن لە بارەی شتێکی ترەوە.{لوینسون:١٣٨٧،١٢٠}. وشەی میتافۆڕ لە بنەڕەتدا یۆنانیە و بە مانای گواستنەوە دێت. بەو واتایەی سیفەتی شتێک دەگوێزینەوە بۆ شتێکی تر یان بۆ مرۆڤ، یان لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ و بە پێچەوانەشەوە.{هالبیرگ:٢٠١٠، ٧٩}. ڕەفیق سابیر لە دیمەنێکی کورتی گێڕانەوەی باری خۆیدا لە هۆنراوەی "بەرێکردن" دا بەشێوەی خواستن وێنەی ژیان بەرێکردنی خۆی نیشان دەدات: {سابیر:٢٠١٤، ٦٥٣}

بەسەر پردی خۆڵ و دوکەڵ دا دەڕۆم

تەرمەکەم ناوەتە کۆڵم

لە نێو بادا لە نێو تیشکدا

گۆرەکەی خۆم هەڵدەکۆڵم

بەسەر تەمەندا ڕێدەکەم

ساتە وشک و خۆڵاوییەکان

لەگەڵ بادا بەڕێ دەکەم

"خۆڵ، دوکەڵ، با، تیشک، تەمەن" خواستنن، سیفاتی تریان پێبەخشراوە، کراون بە شوێن و جوگرافیا و زەوی، شاعیر بەسەریاندا دەپەڕێتەوە، گۆڕی تیاهەڵدەکەنێت، پیاسەی بەسەردا دەکات.

**دووەم: خوازە {ئەلیگۆریا، مەجاز}:** چیرۆک یان وێنەیەکە کە چەندین توێژی مانایی هەیە[ڕووکەش، قوڵ]، لە پشت مانای ڕاستەقینە وڕووکەشییەوە، هەڵگری مانای دووەمە، کە هەر یەکەیان پلەی ناڕوونی و ئاڵۆزی جیاوازیان هەیە. بنەڕەتی خوازە، وەک شێوازی گێڕانەوە، ڕیشەیەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە ئەدەبیات. بۆ نموونە ئەفسانەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەکان بەهۆی چواندن و ڕەگەزدۆزییەوە تطابق و خوازەیان بەکارهێناوە. خوازە نزیکی زۆری لەگەڵ فۆڕمە ئەدەبییەکانی تری وەک: ئەفسانە و پەند و حیکایەتی پەندئامێز، هەیە. هەندێکجار وەک خواستنێکی فراوانکراو تەماشاکراوە. لەم شێوازە جیاوازانە دا خوازە دەشێت مەبەستی گاڵتەجاڕانە، سودبەخش یان ئەخلاقی بێت. وەک فۆڕمیش دەشێت گێڕانەوە یان وێنەیی یان هەردووکیان بێت. بە گشتی، لە کتێبە ئاسمانییەکاندا، بەشێوەیەکی بەرچاو خوازە

بەکارهاتووە، بە تایبەت لە ئینجیلدا، کە زۆربەی وانەکانی پێغەمبەر مەسیح بە شێوەی چیرۆکی پەندئامێز وتراونەتەوە، هەروەها لە قورئاندا، خودا بە شێوەی خوازە لەگەڵ مرۆڤدا دەدوێت. خوازە لە هەردوو ئینجیل و تەوراتیشدا بەشێوەی جۆرناسی(تایپیکەڵ) دەبینرێت، بۆ نموونە لە غەزەلی غەزلەکانی سولەیماندا، سولەیمان وەک مەسیح، شاژنیش وەک نوێنەری کلیسا دەبینرێت.{Cuddon: ٢٠١٢, ٢١}. لە کتێبی کورسی شێرکۆ بێکەس دا زۆرێکی وێنەکان بەهۆی کورسی، کە خوازەیە لە مرۆڤ، دەسەڵات، گێڕانەوەکان باس دەکرێن. لە دەقی "پرسیارە بێ وەڵامەکان"ی ڕەفیق سابیردا. دیمەنی بارینی کلوەبەفرەکان نیشان دەدات بەسەر جەستەی ڕووتی بێ گیانی باوکی دا. چەندێک گێڕانەوەکە لە بارەی مردنی باوکی و کۆبونەوەی حەشاماتەوەیە، بەردەوام وێنەیە بارینی کلوە بەفرەکان دێتەوە ناو گێڕانەوەکە. {سابیر:٢٠١٤، ٣١١}

کلوە بەفرەکان بەسەر ئێوارەدا دەبارێن

کلوە بەفرەکان بەسەر جەستە ڕووتەکەتدا دەبارێن و

دوا ساتی تەمەنت دادەپۆشن

من بە پەنجەی مناڵانەم تابلۆ جەستەت لەسەر بەفر دەکێشم

ئەو جەستەیەی درزێکی خستۆتە ئێوارە

ئەو جەستەیەی وەک خەتێکی زیوین

بە بۆلێڵەوە دیارە

لە گێڕانەوەکەدا، کلوەبەفرەکان وەک خوازە بەکارهاتوون، لە لایەکەوە هەڵگری مانای فەرهەنگی خۆیەتی، ئێوارەیە و بەفر باریوە، لە لاەیکی ترەوە، ماناکەی بارکراوە، بۆ وەستانی ژیان، ڕۆحکێشان و جەستە لە گەرمی کەوتن. بەهۆی وشەوەکەوە، ساردی مەودای نێوان کوڕ و باوک. ساردی مەودای دوو تەمەنی جیاواز نیشان دەدات.

خوازە لە وشە و دەبڕینی شیعریدا ئاشکرا ودیار دەدۆزرێتەوە، بەڵام ((لە چیرۆک دا ئەم گوزارانە ئاشکرا و ڕوون نین، بەڵکو چیرۆک مانایەکی ڕووکەشی هەیە، کە لە خودی خۆیدا کامڵ و تەواوە و تێگەیشتنی پێوستی بە ڕوونکردنەوە نییە، بەڵام لە ژێر هەمان مانای ڕووگەشداو مانایەکی ناوەکی و شاراوە حەشارەکە مەبەستی نوسەر بەیانکردنی هەمان مانا بووە)).{کروسە:٢٠٢٠، ٢١}

**درکە:** ((شێوەیەکی ئاخاوتنە، کە جێگەی ناوی شتێک بە ناوی چەند شتێکی تر دەگرێتەوە، کە یەکسەر ئەوت بیر دەخاتەوە، بۆ نموونە بوتڵ-خواردنەوە، ڕۆژنامە-ڕۆژنامەنووس، تەنوورە-ژن، مۆزارت- مۆسیقای مۆزارت)) {هاڵبێرگ:٢٠١٠، ٨١}درکە و خوازەی بەرەڵا کە هەر بەشێکە درکە، کەمتر لە چاو خواستن و خوازە و بەکاردێن. ئەگەر نمونەیەک لە کتێبی ملوانکەدا وەربگرین:

بەیانیان ئاسکەکان کە ئەچنە سەر ئاوی خەواڵوو

ئەترسن نەبادا لە پەنا بەردێکدا، تاپڕێ

لە توخمی نێرینەی لوولەڕەش، لەوێبێ و لە پڕێ

ئاگرێ هەڵبکا و پریشکێ بگرێتە جەستەیان {بێکەس:٢٠٠٧، ٧٤}

دەبینین ئاوی خەواڵوو، درکەیە بۆ کانی و سەرچاوە، بەڵام گشتی لە جیاتی بەش بەکارهێناوە. لە پاڵ درکەدا لە شوشەی (لوولەڕەش) دا خوازە هەیە، کە هەم بە مانای لولەی تاپڕدێت و هەم بە مانای ئەندامی نێرینە.

## سێیەم: وەسف

گێڕانەوە؛ نیشاندانی زنجیرە ڕووداوێکە، بە شێوەیەکی هونەری وەها، خوێنەر توانای تێگەشتن و درککردن و وێناکردنی ئەو شتانەی هەبێت، کە نەبینراو یان ئەزموون نەکراون. بەهۆی وەسفەوە، وێنەی ئەو جیهانە خەیاڵییەی نوسەر بە خوێنەر دەگات، چۆنایەتی گێڕانەوەکەش ئاستی جوانیناسی بەرهەمەکە دیاریدەکات، بۆیە ((وەسف بە ڕەگەزی چیرۆک دانانرێت، بەڵکو بە جەوهەری چیرۆکەکە دەژمێرێت، و ئەو وێنە زەینییانەیە کە ڕێگە بە خوێنەر دەدات بە شێوەیەکی گشتی هەست بە چیرۆکەکە بکات)){وود:١٣٨٨، ١١}. لە چیرۆکەشیعردا، وەسف بەهۆی وێنەی شیعرییەوە، کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر خوێنەر دادەنێت، هەر یەک لە توخمەکانی ناو چیرۆک، بە وێنەی شیعریی، وەسف دەکرێن و لە گێڕانەوەکەدا جێی خۆیان دەگرن. ڕەگەزەکانی: کەسێتی، ڕووداو، شوێن، کات؛ بەهۆی خواستن و خوازە و درکەوە، وەسف دەکرێن و جوانیناسی گێڕانەوەی چیرۆکەشیعر دەخولقینن. نوسەر بەهۆی وەسفی هەر یەک لە ڕەگەزەکان و بارودۆخەکەوە، گێڕانەوەکە وا لێدەکات، خوێنەر وێنای بکات، هەرچەندە ڕووداوەکە ڕێتێنەچوو و نائاسایش بێت، بەڵام وەسفی ورد دەتوانێت خوێنەر وا لێبکات بەرجەستەی ئەوە بکات، کە دەیگرێتەوە. بەر لە باسکردنی ڕەگەزەکان، شیعری "دەروێش"ی ڕەفیق سابیر وەک نمونەی وێناکردن بەهۆی وەسفەوە دەهێنینەوە:

ئەو دەروێشەی دڵی لەبەر هەتاوی عەشقدا هەڵدەخست

پاڵی بە ئاسۆوە دەدا و

لەسەر دڵۆپە بارانێک

لەسەر گۆنای ئێوارانێک

ڕووخساری خوای ڕەسم دەکرد

شەوێک لەگەڵ نەرمەبایەکی فێنک دا

بەڕێ کەوت

ڕووبارێکی کردە بەر و

بەسەر کێوی نهێنییەکاندا سەرکەوت

کاتێک چاوم پێی کەوتەوە

کەشکۆڵەکەی

پڕ لە ڕووناکی و باران بوو

پۆلێک گزنگ بەسەر یەوە نیشتبۆوە و

سەری ماندووی

بە ئامێزی گەرمی خەونەکان کردبوو

ڕووبارێک لە ژێر پێڵویدا پاڵ کەوتبوو

لەگەڵ خۆیدا

ناونیشانی دەریای هەڵگرتبوو {سابیر:٢٠١٤، ٧٥٠}

گێڕانەوەکە دوو دیمەنە. دیمەنی یەکەم وەگێڕ کارەکتەرێکی دەروێشی دیوە، بێ ناو. ئەم کارەکتەرە نە بە باری جەستەیی و دەروونیدا باس دەکرێت، نە پەیوەست بە کات و شوێنشەوە هیچی لە بارەوە دەوترێت. تەنها وەسفی بارودۆخەکەی دەکات بە کۆمەڵێک وێنەو کە بابەتە ژێرییەکانی تێدا بەرجەستە کردووە: (هەتاوی عەشق، پاڵی بە ئاسۆوە دەدا، گۆنای ئێوارە، ڕوخساری خوا..) ئەم وێنانە دەبنە نیشاندەری کەسێتی دەروێش، کە وێنەشیعرییەکان بوونەتە دەرخەری ڕیتواڵی دەروێشی، کە پێیەکی لە ناو نادیارەکانە و پێیەکی تری بینراو و درک پێکراوە. لە دوای ئەم دیمەنە، سەفەرێک دێتە ڕێی دەروێش (شەوێک لەگەڵ نەرمە بایەکی فینک دا بەڕێکەوت، ڕووبارێکی کردە بەر و بەسەر کێوی نهێنییەکدا سەرکەوت). ئەم سەفەرە بەر لەوەی جوگرافی بێت بەهۆی وێنەشیعریی و خەیاڵە ڕامنەکراوەکەوە نیشاندانی سەفەرێک ڕۆحییە. وەک گرێیەک دیمەنی دووەم دەبەستێتەوە بە خۆیەوە کە کامڵ بوون و گەڕانەوەیەتی. ئەو سەفەرەی وای لێکردوە کەشکۆڵی ڕووناکی تێدا بێت و پێڵوەکانی ناونیشانی دەریا{کە لە عیرفانیەتدا ئاماژەیە بۆ نووری خودا} هەڵگرتووە.

- **وەسفی کەسێتی:** کەسێتی بە شێوەی ئاسایی لە گێڕانەوەی پەخشانیدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و وەک داینەمۆی ڕووداوەکان تەماشای دەکرێت، بەڵام کاتێک لە ناو گێڕانەوەی شیعری دا بەر کەسێتی دەکەوین، ئەوا بە زمانێکی شیعری و بەهۆی بەراوردی هونەریی و چواندن و خوازەوە، خوێنەر کەسێتییەک دەبینێت، کە زمانێکی باڵای پڕ وێنە دروستی کردووە. کەشفی کەسێتێکی کردووە، ڕەنگە ئاسایی و بینرابێت، بەڵام هەرگیز درکی بەو سیفاتانە نەکردبێت کە پێی وەسف کراوە. لە قەسیدەی "شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات"ی قوبادی جەلیزادەدا. کەسێتی شەهید بەهۆی کۆمەڵێک وێنەوە نیشاندەدات. شەهید کە گەڕاوەتەوە و سواری پاس دەبێت، سیفاتەکانی

لەڕ و کز و لەرزۆک بەهۆی چواندنەوە دەداتە پاڵی و لەگەڵیشیدا خوازە بۆ تەنیایی و تاریک و بومەلەرزە بەکاردێنێت، وێنەکە هێندە بەرجەستەیە، کە جوانییەکەی خوێنەر دەوەستێنێت:

شەهید سواری پاس دەبێت

دەستە تەزیوەکانی لە ستوونێکی تەزیو گیر دەکات و

بە پێوە دەوەستێ!

لەڕ وەک تەنیایی،

کز وەک چاوی تاریکی

لەرزۆک وەک ئەژنۆی بومەلەرزە! {جەلیزادە:٢٠٠٧،٦٧٤}

لە "زمانی عەشق زەمەنی ئەنفال"ی ڕێبوار سیوەیلی دا، کارەکتەری "یار" کە بە شەهرەزاد دەناسرێت، بۆ نیشاندانی وێنەیەکی گشتی لە بارەیەوە، دەیچوێنێت بە کارەکتەری ناو ڕۆمانی (تورەیی و هەرواوهۆریا)ی ولیام فۆکنەر، و "سەدساڵ تەنیایی"ی گابرێل گارسیا مارکیز. لەگەڵیشیدا ناوی ڕۆمانەکان دەبن بە وەسفی کەسێتییەکە، یار هەم تورەیە و هەم تەنیا! بۆ نیشاندانی سیفەتە جەستەییەکانی لە وردیلەیی و بچووکی، بە وشەی خنجیلە و ڕۆحی زەنگیانەیی وەسف دەکرێت. بەهۆی وێنەی دژیەکی "کێوی نا" و "ڕۆحی زەنگیانەیی"یەوە، سیفاتی پڕ دژایەتی دەداتە پاڵی، وەک نیشتمانی شیعر و حەشارگەی نا وەسفی دەکات.

ئەی کچی "تورەیی و هەراوهۆریا"،

ئەی بوونەوەری "سەد ساڵ تەنیایی"

بەم هەموو خنجیلەیی و ڕۆحە زەنگیانەییەتەوە

کێوی ئەم هەموو نەئانە چین لە تۆدا؟

تۆ کە هێندە هەنارێکی و

چڕترە لە سنەوبەر دنیات

چۆن دەتوانیت لە یەک کاتدا:

نیشتمانی شیعری سادەی نەرم و شل و

حەشارگەی ئەم هەموو

"نەء"ی ڕەق و

"نەء"ی تەق و

"نەء"ی نابێ و

شاژنی ئەم نەئستانە بیت؟! {سیوەیلی:٢٠٠٤، ٦٧}

نیشاندانی کەسێتی چەندێک بەهۆی سیفاتە جەستەییەکانەوە، هێندەش بەهۆی ئاکار و بیرکردنەوەکانییەوە، بۆ نموونە لە کۆمەڵە هۆنراوەی "بۆهیمی و ئەستێرەکان"ی بەختیار عەلی دا، هۆنراوەی "وەسێتی دیکتاتۆرێک بۆ منداڵان" کەسێتی دیکتاتۆر، بەهۆی ڕاسپاردەکانییەوە دەردەکەوێت. خودی ناونیشانی هۆنراوەکە لەگەڵ وێنە شیعرییەکاندا کە زمانێکی وەسفئامێز بەڕێوەی دەبات، دەبێتە کەسێتیسازی بۆ دیکتاتۆر. وەسێتی دیکتاتۆر بەهۆی دووبارەبوونەوەی وشەکانی: "زووبکەن، خێراکەن، پەلە بکەن"وە دەیەوێت منداڵەکان لەسەر ڕیتمی خواستی زاڵمانە و دیدگای ئەو بۆ دەسەلات و داگیرکاری و شێواندن، پێبگەیەنێت:

((زوو گەورە بن، زوو بچنە سەر مینبەرەکان، زوو فتوای کوشتنی ئەم سەردەمانە دەرکەن، بەهار بە سەوزی، باڵندەکان بە گڕەوە، خوداکان بە نورەوە بخۆن... تەورەکان بە خوێنەوە، زمانەکان بە قولاپەوە، لێوەکان بە تاعونەوە ماچبکەن... خێرا لە قیبلەکان وەرگەڕێن، خێرا لە قوربانییەکان تەڕا بن، خێرا دەستنوێژەکانتان بە مردن بشکێنن، پەلە بکەن لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی مردندا، پەلە بکەن لە کورتکردنەوەی چیرۆکی ئەم شەونمانەدا..)). {عەلی:٢٠٠٦، ٣٨٢} لە قەسیدەی "با یار لە ماڵ دەرکەین"یش دا، لە دیدگای وەگێڕەوە بەر کەسێتی یار دەکەوین، کەسێتی وەگێڕ لەگەڵ بەرەکەی خۆیدا دەبینین، کە دەیانەوێت یار لە ماڵ دەرکەن. ئەوەی لەو قەسیدەیەدا جێی ڕامانە، کەسێتی ئێمەیە کە چی بەرامبەر بە یار دەکەین و نەک کەسێتی خودی یار.

کەسێتی وەک بونەوەری دروستکراوی زەینی نووسەر، دەکرێت هەمیشە مرۆڤ نەبێت، ئاژەڵ یان شت یان بیرۆکە و چەمک بێت، بەڵام هەر چییەک بێت ئەکتەری ناو گێڕانەوەکەیە و لە بەرهەمەکەدا کەسێکە کە لایەنی دەروونی و ئاکارییەکەی لە کرداری و ئەوەی کە دەیڵێت و دەیکات، ڕەنگ دەداتەوە (میرصادیقی:١٣٨٢، ٢٩٩} لە هۆنراوەکانی شیرکۆ بێکەسدا {کە دواتر بە وردی لەبارەیەوە دەدوێین} کەسێتی بێگیان یان زیندە و ئاژەڵ و ڕووەکە، بەڵام بەهۆی کەسیتیسازییەوە، وەک مرۆڤی تەواو نیشان دەدرێن، بۆ نموونە کتێبی ملوانکە و کورسی دا:

لە ڕەفەی دەستەچەپیش دا مووکێشیکی پیاوانەی سەرزل و قاچ خوار،
بەم ڕۆژگارە هەر بە منەوە گرتویەتی و کە ئەمبینێ ئەکەوێتە سمێڵ بادان.
ئەم مووکێشە بەردەوام، هەر لە بەردەمی ژوورەکەیدا پیاسە ئەکات و
پەیتا پەیتاش هەر خەریکی دەرهینانی مووی دەموچاوی خۆیەتی. {بێکەس:٢٠٠٧، ٢٦}

لە ڕۆمانەشیعر و چیرۆکەشیعردا، کەسێتی بەهۆی زۆری ڕووداو و مەودای درێژی کاتەوە، هاوشێوەی گێڕانەوەی پەخشانی کەسێتیسازی بۆ دەکرێت. کەسێتیسازی بە دوو جۆر ئەنجام دەدرێت{یاکوب:١٣٨٨، ١٠٧}:

**وەسفی ڕاستەوخۆ:** بەو مانایەی کەسێتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و پوختەکراو دەناسرێنرێت، بۆ ئەمەش بە گشتی وەگێڕ سوود لە وەسفکردن و ناونان وەردەگرێت. بێگومان ئەوەی دەتوانێت بەسەر هەموو ڕەهەندە دەرەکی و دەروونییەکانی کەسیتیدا زاڵ بێت، وەگێڕی هەمووشتزانە. بەشێکی زۆری کەسێتیسازی ناو دەقی (ملوانکە) لەو جۆرەن. وەسفەکان ڕاستەوخۆ و بڕیارلەسەردراون. ناساندنی کەرەستە مێینەکان، بە وێنەی ڕاستەوخۆ و ئاوەڵناوی جوان خەرمانەدراون، هەرچی ناساندنی کەرەستە نێرەکانە، بە وەسفی توندوتیژی و دواکەوتویی و نامرۆڤانە کەسێتیان نیشاندراوە:

ملوانکەی دووەم: بەختم نەبوو، کەوتمە شارێکەوە، کەوتمە دوکانێکەوە، ئەگەرچی ناوی مێلاقەیە، بەڵام هەر هەموو نێرەکانی لاسار و دڕ و خۆپەرست، ئەوە گوێزانی ڕیشتاشینیان و ئەوە قەڵەمبڕیان و، ئەوە قایشی کەمەریان و ئەوە هەڕەشەی مقەستی بەرسمێڵیان! {بێکەس:٢٠٠٧، ٢٩}

..چاوی هەموو دەنکەکانم کرانەوە، و ئەوسا چوار دەوری خۆم بینی. دەستەیەک کچ لەوێد بوون: قژسوور، قژ زەرد، باڵابەرز و باڵا ناوەندی. چاوڕەش، چاوشین. هەندێ قەڵەو هەندێ باریک. کچە ئاوێنەی ناسک و کچە سوراوی، کچە قەڵەمی قەترانی و کچە بۆدرەی سپی سپی. کچە ئاوریشمی دەسڕ و جووتێ کچەگوارەی خوشک و دووکچە بازنەی زیڕ و کچەشووشەیەکی بۆن و لەگەڵ نامەیەکی نێرینەی دڵداردا کە لەو وە زۆر شپرزە ەسەر قەراغی قەڵەمێک دانیشتبوو! {بێکەس:٢٠٠٧، ٤٨}

وەسفی کچەکان بەهۆی ئاوەڵناوی چۆنییەتی و چەندێتی و ڕەنگەوە، وەسفی ڕاستەوخۆ و دڵپەسەندن، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن بۆ ناسینی ڕاستەوخۆی هەر یەک لەو مێیانە.

**وەسفی ناڕاستەوخۆ:** ئەم جۆرەی وەسفی کەسێتی، ناڕاستەوخۆیە، لەبری ئاماژە ڕاستەوخۆکانی تایبەتمەندی کەسێتییەکە، نوسەر هەوڵ دەدات، ئەو تایبەتمەندیانە بە شێوەیەکی دراماتیکی بەهۆی کردە، ڕەفتار، گوفتار، ژینگەی دەروونی و دەرەکییەوە نیشان بدات. بۆ نموونە ئەگەر تەماشای کەسێتی ڕافائیل بکەین، دەبینن بەهۆی وەسفی ناراستەوخۆ و نیشاندانی کردەکانییەوە، کەسیتی نیشان دراوە. شاعیر خۆی پاراستووە لە ئاوەڵنا و وەسفی ڕاستەوخۆی، دڵڕەقی، یان زاڵمی یان بی ئیمانی و هەیر یەک لە وشەکانی سەر بە کێڵگە واتاییەکانی، بەڵکو بەهۆی زنجیرە وێنەیەکەوە ئەو ڕووداوانە نیشان دەدات کە بەهۆی کردەی ڕافائیلەوە ڕوویان داوە:

به هەر باخێکدا ڕەت بووبا هەرمێکان لە ترسان دەوەرین

ڕۆشتبا بۆ هەر مەیخانەیەک

کوپە شەرابەکان لە ترسا ڕایاندەکردەوە بۆ ناو ڕەز

لە ناو دەماری مێوەکاندا خۆیان دەشاردەوە

بە هەر مێرگێکدا ڕەت بووبا

ساڵێکی ڕەبەق ئەسپەکان نەیاندەحیلاند

سەری بە هەر کوچەیەکدا کردبا

ساڵێکی تەواو سیحربازەکان

ئاگریان لە دەم نەدەهاتە دەر و

کۆتر لە گیرفانیانەوە نەدەفڕی

بە هەر شارێکدا ڕەت بووبا،

ئەو بۆنەی لە بێ ئیمانی ئەوەوە هەڵدەستا

قەدیسەکانی لاڵ دەکرد

ئاگری ئاگرپەرستەکانی دەکوژاندەوە

ڕاهیبەکانی لە دین وەردەگێڕا {ئیبراهیم:٢٠١٢، ٤٩}

لە هۆنراوەی (ماڵەکان)ی دلاوەر قەرەداغی دا، ماڵەکان وەک مرۆڤ وەسف دەکرێن و سیفاتی جەستەیی و دەروونی و ئاکارییان هەیە. لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ماڵەکاندا، وەسفی گشتی دەکرێن و دواتریش بێ جیاکردنەوە، بە شێوەی نەناسراوی لە بارەی تایبەتمەندی هەر یەکەیانەوە دەدوێت:

ماڵەکان زستانان دێنەوە یەک

هیندەی ڕیزێک گوڵدانی سپییان لێ دەمێنێتەوە

لە حەژمەت سەرما، بەسەر یەکدا دەنوشتینەوە

قژی یەکدی وشک دەکەنەوە

پشتی یەک دی دەشێلن

ئاگر بەشی یەکدی دەدەن

حەمام بۆ یەکتری دادەخەن

حەکایەت بۆ یەکدی دەگێڕنەوە

هاڵاو بە دەستی یەکتردا دەکەن

ملپێچی خوری دەنە مل ی یەکتر

لێفەی گەرم بەیەکدیدا دەدەن

دڵنەوایی یەکدی دەکەن... {قەرەداغی:٢٠٢٠، ٤٢٨}

**وەسفی شوێن:**

وەسفی شوێن بەهۆی وێنەوە، یارمەتی زووتر وێناکردنی دەدات بە خوێنەر، شوێن لە شیعری گێڕانەوەدا، وەک چیرۆک بە وەسفی وردو درێژ نیشان نادرێت، چونکە لە هۆنراوەدا، بەهۆی کەمی مەوداوە کەسێتی و بابەتە هەستییەکان دەبنە ناوەندی گێڕانەوە و خستەڕوو، بۆیە ئاماژەدان بە شوێن، زۆرجار سیمبولی و بەشێوەی خواستنە. هەندێک جاریش بۆ دروستکردنی فەزای چیرۆکەکەیە، کە دواتر لە بارەییەوە دەدوێن. بۆ نموونە: نیشاندانی شارە کۆنەکان، نیشاندانی جیاوازی شار و گوند، خستەڕووی جوگرافیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هەمووی دەبنە بەشێک لە فەزاسازی بۆ گێڕانەوەکان. لە چیرۆک و ڕۆمان دا شوێن، وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لە پاڵ ڕەگەزەکانی تردا بونیادی چیرۆکەکە پێکدەهێنن، جا ئەگەر شوێن واقیعی و جوگرافی بێت یان ئەندێشەیی و وێناکراو، لەگەڵ کاتدا، دەبنە پێکهێنەری فەزایەک کە کەسێتی تێدا هەڵسوڕێت و ڕووداوەکانی تێیدا ڕوودەن، بەڵام لە شیعری گێڕانەوەدا، چەندێک شوێن سیمبولی و مەوداکەمیش بێت، دەتوانێت ببێتە سەنتەری گێڕانەوە و کۆی ڕووداو و وێنەکان لەوەوە سەرچاوە بگرن.

جوانی شوێن لە گێڕانەوەی شیعریی دا، لە وەسف و وێنەسازییەوە بەرهەم دێت، شوێن دەبێت بە کەس، شوێن دەبێت بە سیمبول، دواجار دەشێت کۆی گێڕانەوەکە لە بارەی شوێنەوە بێت نەک کەسی تر. قوبادی جەلیزدە لە کۆپلە هۆنراوەیەکی کورت دا قاهیرە وەک پیاوێکی پیری دوو کەسێتی وەسف دەکات:

پیرەمێردێکی ڕەشتاڵەی تریاک فرۆش

بەڕۆژ لەسەر بەرماڵ

بە شەو

ماڵێکە پڕ لە لەشفرۆش {جەلیزادە:٢٠١٢، ١٧٦}

شێرکۆ بێکەس لە هۆنراوەی "یەکەم سەفەر"دا، وەسفی شاری ئەستەموڵ، بە شێوەی بەکەسکردن دەکات، شارەکە وەک پێگەی جوگرافی و دواجاریش وەک ڕۆحی ڕۆژهەڵاتی بوون و ڕۆژئاوایی بوون، بەهۆی بەمێکردنییەوە خستۆتەڕوو:

وا دوو ڕۆژە لەلای ئەم شارە چاوشینە، لامان داوە،

کە هەر دەڵێی شۆڕەژنێکە کراس سەوزە، ڕاکشاوە

بالیفی ژێرسەری کەژە و قاچی سپیش لە بسفۆڕ دا

وەک مەرمەری بەر هەتاوە

ئەمشارە برۆی پەیوەستی

سەرچاوانی شین و ڕەشی

هەردوو شۆخی ئەورووپایە و ئاسیایە

کە ئەیبینی و تێئەپەڕێ:

جارێک قۆڵ ڕووت و کراس کورت

جارێکی دی کراسێکی ئاودامانی لەبەردایە. {بێکەس:٢٠٠٩، ب٢، ٢٢}

مامەڵەکردنی شێرکۆ بێکەس، لەگەڵ شوێندا، کە لە شیعرەکەدا شاری ئەستەمووڵە. مامەڵەیەکی شاعیرانەیە، بۆیە وەسفەکان تەنها لە بارەی جوانی و خۆشی شارەکەوە نین، بەڵکو گێڕانەوەی شوێنە بە زمانی میتافۆڕ و وێنەخوازی لە گۆشەنیگای شاعیرێکەوە. لە شیعری ماڵەکانی دلاوەر قەرەداغی دا، ماڵەکان لە شوێنەوە بوون بە بوونەوەری زیندوو. لەو شیعرەدا، ماڵ تەنها شوێن نییە، بەڵکو هەڵگری مانای زیندوویەتییە، مامەڵەکردن لەگەڵ ماڵدا، لە دیدگای شاعیرانەوەیە، وەک ئەوەی تەنها چوارپەیکەری چیمەنتۆ نەبێت، بەڵکو خاوەنی جەستەو ئاکار و ڕۆحی خۆیانن. قەرەداغی بە شێوەی بونیادی هاوشێوەیی دێڕەکانی پێکهێناوە، بونیادی هاوشێوەش ((بریتییە لە دووبارەبوونەوەی یەکەیەک لەسەر ئاستی ڕستە و پیکهاتەی گشتی)) {تاهیر: ٢٠٠٨، ١٧٤}، ماڵەکان، دەبێتە یەکەیەکی دووبارەی ناو هەموو ڕستەکانی پاش خۆی و لەسەر بنەمای باسکردنی ماڵەکان ڕستەکان دێنە ئاراوە.

ماڵەکان هەر لەوێن، دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانە،

ماڵەکان هەوڵ دەدەن گەنج بنوێنن

ماڵەکان قژیان بۆیە دەکەن

ماڵەکان پڕن لە ئاوێنە

ماڵەکان زۆر نایەنە بەردەرگا

ماڵەکان بە چرپە دەدوێن

ماڵەکان پڕن لە شەو

ماڵەکان دینە خەونی یەکتر

ماڵەکان خەون بە یەکترییەوە دەبینن {قەرەداغی:٢٠٢٠، ٤٣١}

هەندێک جار گێڕانەوەی شیعری و ڕووداوی باسکراو، هەموو بەهانەیەکن بۆ باسکردنی شوێنێک، بەو شێوەیەی ئەوەی ڕوودەدات لە ڕوانگەی بەهای شوێنەکەوە باس دەکرێت، بەمەش لە پلەبەندێتی سەرەکیبوونی توخمەکانی گێڕانەوە، شوێن دەبێت بە پلەی یەکەم. بۆ نموونە لە هۆنراوەی "گەڕەکی شاعیران"ی دلاوەر قەرەداغی دا، جگە لە ناونیشانی هۆنراوەکە، چوونە ناو

گێڕانەوەوە لە پەنجەرەی ماڵەوە دەست پێدەکات، دواتر بۆ کۆڵان و بۆ گەڕەک دەکشێت. باسکردنی کەسێتی وەگێڕ کە کوڕێکی شاعیرە، لە شوێندایە، دیسانەوە باسکردنی کەسانی تری ناو گێڕانەوەکە، سەر بە شوێنن، کە دراوسێی وەگێڕن. یەکیک لە وێنە نەخشبەستووەکانی ناو هۆنراوەکەش، لە بارەی کوڕێکەوەیە، کە دیسانەوە بەهانەی باسکردنی ئەوەیە خەڵکی هەمان گەڕەک بووە، کە ناسراوە بە گەڕەکی شاعیران. چیرۆکی کورت و ناباوی ئەو هاوڕیی کە خەڵکی هەمان گەڕەکە، دەبێتە وێنەیەکی فەرامۆشنەکراوی ناو ئەو هۆنراوەیە{قەرەداغی:٢٠٢٠،٦١٦}:

با ئەوەش بڵێم هەر لەم گەڕەکەدا هاوڕێیەکم هەبوو،ناوی یوسف بوو

ئەگەرچی لە هیچی کەم نەبوو، بەڵام تەنیا بوو وەک گوڵدان

ئەو جگەلە لەوەی شاعیرێکی باش بوو

جاروبار نیگاری دەکێشا و خەتیشی تا بڵێی خۆش بوو

پاییزێکی درەنگ ئەو کوڕە تاقانەیان ڕفاند و

چوون لە جیگایەکی دوور کوشتیان و بەجێیانهێشت

ئیوارەیەک یوسف بە کوژراوی و بە پێی خۆی

خۆی کردەوە بە ماڵدا و بە گریانەوە گوتی:

وای دایکە ئازارم زۆرە بمنێژن!

وەسفی شوێن بەوپەڕی وردەکاری و وێنەسازییەوە، لە "داستانی ئەڤینی سێوەخانێ"ی ئەنوەر قادر دا، دەبێتە دەستپێکی گێڕانەوەکە. وەسفئارایی و وێنەکێشانی سرووشتی دێیەک، بۆ گێڕانەوەی داستانی ئەویندارانە، هەڵبژاردنێکی وریایانە و جوانیناسیانەیە. چیرۆکەکە بەهۆی وەسفی شوێنەوە، وەک کامێرایەک وێنە لە دوورەوە بگرێت و پاشان وردە وردە وێنەکە لە چاوئەندازێکی گشتی و دیمەنی دوورەوە، بخاتە سەر وێنەیەکی تایبەت کە وێنەی کچێکە بە ناوی سێوە خانەوە:

دێیەک هەبوو بە زستانان کراسی بەفری دەپۆشی

بەهارانیش گوڵاڵەی دەکردە بەری

ڕەز بە هاوین کراسی ئاودامانی بوو

پاییزانیش خۆی هەڵدەژەند لە گەڵای زەردی ئاڵتوونی

دێیەک هەبوو، دێیەک چ دێ!

دێ قەد شاخی کوردستان بوو،

چەمێک بووبووە کەمەرەی زیوینی قەدی

هەوری سپی..سپی جار جار دەبوو

بە چەتری شیرینی سەری

دێیەک چ دێ! لە زاری ئاگردانییەوە

سەدان داستانی گەرموگوڕ، سەدان رازی خۆشەویستی،

دەپرژاندە دڵی ڕۆڵەکانی..

دییەک چ دێ! دێی قەد چیای کوردستان بوو

لەم دێیەدا کچێک هەبوو

لە ئاست جوانی و ژێری ئەمدا زمان لاڵ بوو {قادر محەمەد: ٢٠٠٤، ١٣٧}

**وەسفی کات:**

گرنگی کات لە گێڕانەوەدا، بە تایبەت لە ڕۆماندا، بۆ ئەو مەودایەی کە نوسەر هەڵیبژاردووە دەگەڕێتەوە، باسکردنی ڕووداوەکان، بێگومان لە دەرەوەی کاتدا ڕوونادات. لەم بارەیەوە فۆرستێر ئاماژە دەدات بەوەی کە ژیانی ڕۆژانە لە بنەڕەتدا هەرچی بێت لە دوو ژیان پێکهاتووە، یەکێکیان ژیان لە چوارچێوەی کاتدا، ئەوی تری ژیان لە چوارچێوەی بەهاکاندا، ڕەفتاری ئێمەی مرۆڤیش شوێنکەوتووی ئەم دووانەیە. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین: "ئەوم تەنها پێنج دەقە بینی، بەڵام ئەیهێنا" لە یەک ڕستەدا هەردوو ڕیتمەکەی تێدایە. ئەوەی چیرۆک دەیکات ئەوەیە کە ژیان لە چوارچێوەی کاتدا دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر گێڕانەوەکە باش بێت، دەبێت ژیانی تێدا بێت لەسەر بنەمای بەهاکانیش، هەر چەندە شوێنکەوتنی گێڕانەوە لە کاتدا پێوستی حەتمیە{آلوت:١٣٦٨، ٣٩٢}. سەبارەت بە کات، دەشێت نوسەر پلۆتەکەی لەسەر بنەمای یەکێک لە چوار جۆری پلۆت ڕێک بخات "گەڕانەوە، پێشخستن، مێژوویی، شەپۆلی هۆش". بەڵام سەبارەت بە کاتی بەسەرهات، نوسەر ئەو کاتانە دەبنە جێی سەرنجی کە پڕ ڕووداون و بە مانا فۆرستێرییەکەی بەهای هەبێت، بە تایبەت لە شیعردا تەنانەت ڕۆمانەشیعریش ناتوانین مامەڵەی شاعیر لەگەڵ کاتدا وەک مامەڵەی ڕۆمانووس تەماشا بکەین. لە شیعردا کاتە هەڵبژێراوەکان دەکرێن بە گێڕانەوە، لە کاتیکدا لە ڕۆماندا نوسەر دەتوانێت هەموو ئەو کاتانەش وەسف بکات کە هیچ ڕوونادات و زەمینە و ئامادەکارین بۆ ئەو دەمانەی کە بڕیارە شتێک ڕووبدات.

لە گێڕانەوەی شیعریی دا، کات یان دەمی ڕابردووە، یاخود کاتە شیعرییەکانی وەک: "ئێوارە، شەو، سپێدە، زستان، پاییز.."ە ئەمانە بەشێکن لە کلتوری شیعری لیریکی و شاعیرەکان وەک سۆزپێدەری شیعرەکانیان ئاماژەیان پێدەدەن. وێنەی کات و بەستەوەی بە هەستەکانی شاعیرەوە، زۆرجار بە وەرزەکانەوە پەیوەستە، پاییز دەبێتە سمبولی بێ هیوایی و بەهار نوێبوونەوە و زستان و هاوینیش وەرزی جاڕسکەر. بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا لای محەمەد

عومەر عوسمان، پاییز تەنها لە سنووری کات دا نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە شوێن، دەبێت بەیار، دەبێت بە سمبولی تەنهایی خۆی:

پاییز بوو باران نم نم ئەباری

نیگای چوانی پاییزیی و مەستی

وەک چەم ڕژایە دەشتی گیانمەوە

دەستی خۆزگەمی خستە ناو دەستی {عوسمان:٢٠٠٢، ٦٥}

وەک چۆن محەمەد عومەر پاییز بە وەرزی شاعیری دادەنێت، ماردین ئیبراهیمش ئاماژە بە وشەی ئێوارە دەدات، ئەگەرچی هەموو شاعیرەکان لە باسی خەمینی و ڕووداني کارەساتێکدا دەڵێن ئێوارە بوو، ئەم نایەوێت چاو لەوان بکات، بەڵام چونکە هەقیقەت وەهایە و لە ئیوارەدا ڕووداوەکە ڕوویداوە، بۆیە ناچارە دیسانەوە ئەویش بڵێت ئێوارە بوو{ئیبراهیم:٢٠١٢، ١٢}:

بیرت نەماوە یەکەمجار کە هاتیتە شار؟

حەز ناکەم وەک شاعیرەکانی دی بڵێم ئێوارە بوو

بەڵام ئێوارە بوو،

ڕوناکی گڵۆپەکان بە شەوارەیان خستیت

کچۆڵەیەک بوویت بە دزی خاڵتەوە جگەرەت دەکێشا..

لە قەسیدە درێژەکان و دەقی واڵادا، کات فرە چەشنە. لە گێڕانەوەدا، یاری بە هەر سێ دەمی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەکرێت. شاعیری کارزان ڕایەڵەکان بە دەستەوە دەگرێت و بێ ئەوەی بیەڵێت بئاڵۆسکێن، ئاڵوگۆڕیان پێدەکات. بۆ نموونە لە قەسیدەی زمانی عەشق زەمەنی ئەنفال دا. کات دەبێت بە سەنتەری بیرکردنەوە، وێنە و ڕستە و چیرۆک نییە، بەو پەڕی جەختکردنەوە لە کاتەوە نەهۆنرابێتەوە، تا ئەو ئاستەی شاعیر دەیەوێت بەهۆی دەستڕاگەشتن بە کات و کۆنترۆڵکردنییەوە، لە سەدەی بیست دا بمێنێتەوە و نەچێتە ساڵی دووهەزارەوە. هەر لەو قەسیدەدا کارەساتی لە زەمەندا ڕووداوی ئەنفال، لە کاتەوە دەکات بە کەس و لەگەڵ شاعیردا دێتە ئێستاوە. زەمەنی ئەنفال، لە گێڕانەوەی سیوەیلی دا زەمەنێک نییە تەواو بووبێت و خاڵی کۆتایی خۆی دانابێت، بەڵکو مۆتەکەیە و بە شوێن وەگێڕەوەیە. هاوتای زەمەنی ئەنفال، پێداگری وەگێڕە لە ناسینەوەی زەمەندا کە تێناپەڕێت وەک چۆن ڕابردوو بە شوێن شاعیرەوەیە، شاعیریش دەتوانێت لە ئیستادا بچەقێت و نەچێتە داهاتووەوە:

ئێمە لە ئێستا دا دەمێنینەوە

لە کوردبوونی خۆماندا

ئێستا دەکەینە مەنزڵ

ئێستا دەزگیرانی هەمیشەیی ئێمەیە

ئێستا حیکایەتی تێنەپەڕیوی ئێمەیە {سیوەیلی:٢٠٠٤، ٤٤}

لە گێڕانەوەی شیعریی دا، دەشێت کات وەک نۆستالیژیا تەماشا بکرێت، زۆرجار شیعری لیریک دەبێتە مەودایەک تێیدا لە بارەی ڕابردوویەکی دوورەوە دەدوێت، ئەو کاتە لە دەستچووە، وەک خەم بەرۆکی شاعیری بەرنادات و حەسرەتی لە دەستدانی لەگەڵ شاعیردایە. یەکێک لەو هۆنراوانەی باسی ئەو کاتانە دەکات، (لە کاتێکدا کە منداڵ بووم)ی شێرکۆ بێکەسە. گێڕانەوەکە لەسەر دوو کاتی جیاواز بەڕێوە دەچێت، کاتی یەکەم، منداڵییە و کاتی دووەم گەورەیی. لە سەرەتادا پێنج ڕووداوی بچووکی منداڵی دەگێڕێتەوە، لە بەشی دووەمدا پێنج وێنەکە لە خەیاڵەوە دەبن بە واقیع، بەڵام هیچ کاتێک بەراورد ناکرێن بە خەیاڵەکانی زەمەنی منداڵی:

لە کاتێکدا کە منداڵ بووم

دەستی چەپم حەزی ئەکرد

وەک دەستی منداڵی پۆشتەی دراوسێمان،

سەعاتێکی تیابێ ئەویش.

وڕکم ئەگرت،

دایکم ناچار گازی ئەگرت لە مەچەکم

بە جێگەی دان سەعاتێکی بۆ ئەکردم

ئای.. کە دڵخۆشی ئەکردم.. {بێکەس: ٢٠٠٩، ب١، ٤٥٧}

لەم گێڕانەوەدا، کاتی منداڵی و کاتی گەورەیی دوو هێڵی ئاسۆیین ناگەن بەیەک، ئەوەی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، کەسێتیی شاعیرە لە هەردوو زەمەنەکەدا، شاعیریش کاری لەسەر کاتی بەهادار کردووە، لە کۆی منداڵی پێنج ڕووداوی هەڵبژاردووە، کۆتایی ئەو چیرۆکانەی منداڵی لە گەورەییدا ئامانجدارە، بەڵام ئیدی کات گورزی خۆی وەشاندووە و شادییەکە لە نیوان دوو کاتەکەدا ون بووە، ڕێک ئەو شوێنەی کە لە منداڵییەوە پەڕیوەتەوە بۆ گەورەیی و کاتی باس نەکراوی ناو هۆنراوەکەیە:

که گەورە بووم دەستی چەپم

زۆر سەعاتی ڕاستەقینەی جوانی بینی

بەڵام هیچیان وەک سەعاتی

جێگەدانی دایکم... لەسەر قۆڵ و دەستم

وەها دڵخۆشیان نەکردم. {بێکەس: ٢٠٠٩، ب١، ٤٥٩}

**وەسفی ڕووداو:**

وەسفی ڕووداو بەزمانی شیعریی، گێڕانەوەی ناو چیرۆک جوانتر دەکات. لە شیعر دا ڕووداوگێڕانەوە، لە ناوچوارچێوەی وێنەی هونەریی و شیعرییدا دەچنرێت، دەکرێت لە چامە و ڕۆمانەشیعر و دەقی ئاوەڵادا، ڕووداوەکان پڕوچڕ و تێکرژاو بن، لەسەر هەر دوو ئاستی ڕووداوی سەرەکی و لاوەکی بهۆنرێنەوە، بەڵام لە شیعری کورت دا، ڕووداو یەک دانەی سەرەکییە و کۆی قورسایی شیعرەکەی لەسەر شانە.

ئێوارەیەک، ئەستێرەیەک کەوتە ناو ڕووبارێکەوە

بوون بە هەزاران ئەستێرە

هەڵپەڕین و مەلەیان کرد تا بەیانی

گۆرانییەک، کەوتە دەمی شارێکەوە

دوای چرکەیەک بوو بە هەزاران گۆرانی

بە دەمی گشت باڵندە و ڕێبوارێکەوە! {هەڵمەت:٢٠١٤،٣٦١}

ئەم هۆنراوەی هەڵمەت، دوو ڕووداوی خێرا نیشان دەدات، هۆنراوەکە تەنها وەک گێڕانەوەی ڕووداو تەماشا دەکرێت، بێ سەرنج خستنە سەر ڕەگەزەکانی تری گێڕانەوە. کەوتنەخوارەوەی ئەستیرەیەک و گۆرانییەک، پاشان زیادبوون و بڵاوبوونەوەیان.

بە تەماشاکردن لە بەرهەمی شیعری نوێی کوردی، دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین: شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆرترین شیعری گێڕانەوەی هەیە، بەشێکی زۆری کورتەشیعر و پۆستەرە شیعرەکانیشی گێڕانەوەی ڕووداوێکن، هەندێک جار ڕووداوەکە کێشدار و درێژە و پەلوپۆی هەیە، هەندێ جاری دیکەش وەک تیشک خستنەسەر ڕووداویک بە گێڕانەوەیەکی یەک نەفەسی و یەک ترپەیی دەیگێڕیتەوە.

مافوورەکە دڵی تەنگ و
زۆر بێزار بوو
بەڵام تازە چی بۆ ئەکرا؟
تەواو بووبوو!
چونکە وێنەی پیاوێکیان لەسەر چنیبوو
دەستی بە خوێنی قەسیدە و
گوڵ و منداڵ و باڵندەی ئەو وڵاتە
سوور سوور بووبوو! {بێکەس:٢٠٠٩، ب٨، ٣٩٠}

گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەهۆی چنینی ڕووداو و پلۆتەکەوە، لە هۆ و ئەنجامێکەوە سەرچاوەی گرتووە. وەسفکردنی مافورێک، لەبارودۆخی بیزاری و دڵتەنگی دا وەک ئەنجامی بەسەرهاتێک، دواتر کەشفکردنی هۆی دڵتەنگییەکەی، چونکە ئەو مافورە تازە لە چنین بۆتەوە، بەڵام وێنەکەی ناوی وێنەی پیاوێکی زۆردارە. وەسفی ڕووداوەکە بەهۆی بەکەسکردنی مافوور و پێبەخشینی سیفاتی مرۆیی، هاوکات کەسێتی نادیار و گشتیی پیاوێکی زۆردار، گێڕانەوەکەیان پێکهێناوە. بەهۆی نیشاندانی کەسێتی زۆردرایشەوە، کە دەستی خوێناوییە، خوێنەر بەر قورسایی دڵتەنگی مافوورەکە دەکەوێت، لەو خاڵەدا کە مافوورەکە سوورە و سووریش سمبولی دڵشادیە، بەڵام ئەم سوورییەکەی هی خوێنڕشتنە بۆیە زیاتر خەمگینی کردووە.

لە بەشێکی زۆری هۆنراوە کورت و پۆستەرییەکانیدا، گێڕانەوەی ڕووداو، بە شێوەی جوانی بایسە، پاساوێک دێنێتەوە بۆ دیاردەیەکی سروشتی و بەشێوەی چیرۆکێکی کورت، دەیخاتە ڕوو. لە زانستی جوانکاری ناو ڕەوانبیژی دا هۆکار و جوانی بایس بە یەکێک لە باسە گرنگەکانی ناو ئەدەبات دادەنرێت، یەکێک لە خاڵە جیاکەرەوەکانی شێوازی ئەدەبی، جوانی بایسە. بایسی ئەدەبی لەسەر بنەمای چواندن و بەکەسکردن هۆیەک بۆ دیاردەیەک دەهێنێتەوە{شمیسا١٣٩٥،١٧٠} دیاردەکانی وەک: "هەڵچوون و داچوونی زەریا، تاڤگە، پولەکەی پشتی ماسی، دروستبوونی دۆڵ و چیا" هۆکاری فیزکی و سروشتی خۆیانیان هەیە، بەڵام شێرکۆ بێکەس، هۆکاری تری داوەتە پاڵ، بەسەرهاتەکەشی بە نیشاندانی چۆنییەتی ڕووداوەکە، دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە لە بارەی دروستبوونی تاڤگەوە، وێنەی دیلێکی ناو چیا دێنێتەوە، کە دەگاتە تینی و دەرگای بەردین دەشکێنێت. ئەم وێنەیە چەندێک ڕووداوی درووستبوونی تاڤگە باس دەکات، هێندەش سیمبولی چیرۆکی ئازایەتی و جەنگان بۆ ئازادی و بردنەوەی دەدات بە گوێی خوێنەری کورد دا{بێکەس:٢٠٠٩، ب٥، ٢٤٠}:

لەسەر شاخێک ئاوێک دیل بوو

ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاوی گیراو

خەمی شینی گەورە ئەبوو

هەتا جارێ خەم تەقییەوە و

ئاوی کۆیلە دەرگای بەردینی شکان و

بە گوڕ هات و

لەو بەرزەوە بازێکی دا و

بوو بە تاڤگە !

لە هۆنراوەی "مانگ و زەریا" دا، چیرۆکی ئەوینداربوونی زەریا دەگێڕێتەوە. کارەکتەری ناو گێڕانەوەکە مانگە، و شاعیر بەدەم گێڕانەوەوە پەسنی جوانییەکانی دەدات، بەڵام هەر هێندەی دەڵێت: ئەم مانگە نا، مانگێکی تر، خوێنەر چاوەڕێی گێڕانەوەی ڕووداوێک دەکات کە ئاسایی نەبێت و کەشفی شتێک بێت کە ئەم تا ئێستا لە بارەیەوە نایزانێت. وێنەی ئەوینداربوونی زەریا و نازی مانگ دەبن بە زەمینەیەک بۆ نیشاندانی هەڵکشانی ڕووداو. بەو جۆرەی باری گێڕانەوە، نیشاندانی جوانی مانگ و شەیدایی زەریا و هەوڵەکانییەتی بۆ گرتنی، بەڵام مانگ بەسەفەرێک دەڕوات. لێرەدا ڕووداو بەرەو هەڵکشان دەچێت، مانگ دێتەوە، بەڵام سەفەر خۆڵاوی کردوە، دەیەوێت خۆی بشوات، دەریاش بێخەبەر و نووستوە، مانگی پێی هەڵدەخزێت و دەکەوێتە ناو زەریا، ڕووداو لە ترۆپکی خۆیدایە، کە دەریا لە تاو شڵپە بەخەبەر دێت، دەریا دەیەوێت مانگ بدۆزێتەوە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بەڵام مانگ ونە و دیار نییە. چیرۆکەکە وەک گێڕانەوەو هەڵکشانی ڕووداو بۆ ترۆپک و داکشانەوەی تەواو دەبێت، بەڵام شاعیر پاساو بۆ دیاردە سروشتییەکە دەهێنێتەوە، کە چیرۆکەکە بەردەوامە، چونکە ئیدی زەریا لەو دەمەوە وازی لە گەڕان نەهێناوە و هەموو هەڵچوون و داچوونێکی گەڕانە بۆ مانگ. گۆڕینی بارە سرووشتییەکە بۆ بارێکی ئێستاتیکی وا لە خوێنەر دەکات، پاش بەرکەوتنی لەگەڵ ئەم گێڕانەوەیەدا، هەمیشە لە دەمی تەماشاکردنی زەریادا ئەم پاساوە بە پاساوێکی جوان بزانێت و لەبەر خۆیەوە بڵێت، کەواتە وەها هەڵچوون و داچوونی دەریا درووست بوو!

زووتر زووتر
ئەم مانگە نا مانگێکی تر هەبوو جوانتر
دەموچاوی ئێجگار گەشتر
ئاو شێتی بووو ئاو شەیدایی بوو
هەموو شەوێ لە کەنارا ئەهات ئەچوو بەتەمای بوو
بەڵام مانگ لەو لوتەلا بوو
زەریا ویستی بەفێڵ بیگرێ،

شەپۆل هەرچەند خۆی هەڵبری
دەمی نەگەشتە روومەتی،

مانگ بە ئەنقەست نازی ئەکرد
بۆ چاوشارکێ لەژێر چوغمەکانی هەوردا خۆی ون دەکرد
هەتا جارێ بە سەفەرێ مانگ کۆچی کرد بۆ بیابان
تا چەند شەوێ نەهاتەوە!
کە هاتەوە، تەپوتۆز و خۆڵی قاقڕ لە دەموچاوی نیشتبوو
تریفەی قژی خۆڵاوی، پۆشاکی زیونین بەری گەرد لێ نیشتوو
ئەو کاتەی مانگ گەرایەوە، ئاو نووستبوو...!
مانگ بریاری دا خۆی بشوات
بە پەلە پەل جلەکانی بەری داکەند
ڕووە و زەریا هەنگاوی نا شڵەژا بوو
مانگ پێی لەسەر بەردێ دانا، بەرد زۆر لوس بوو
شڵپەیەک هات، مانگ خلیسکا مانگ نوقم بوو
زەریا وەک شێت و هار هەستا بۆ مانگ گەرا!
سەری کرد و خواری کرد و دەستی بەناو بنیا گێرا
هەر چووە سەر هەر هاتە خوار
مانگ هەر نەبوو
لەو شەوەوە هەڵچوون و داچوونی زەریا
لە دایک بوو....! {بێکەس:٢٠٠٩، ب٢، ٥٩٦}

وەسفی ڕووداو، بەهەمان پاساوی جوانی بۆ دیاردە سرووشتییەکان، لە هۆنراوەی "منداڵەکەم لێم دەپرسێ"ی"قوبادی جەلیزادە"دا، دەبینرێت. منداڵەکە لە بارەی ڕاکردنی با و بەرزی مانگ و درووستبوونی ئەستێرەوە، لە باوکی دەپرسێت، ئەویش لە بارەی هەریەکەیانەوە ڕووداوێک

دەگێڕێتەوە، هاوشێوەی ڕووداوەکانی شێرکۆ بێکەس، چیرۆکی ئەفرینراوی ئەندێشەیی جوانن بۆ دیاردەیەکی فیزیکی هەبوو:

بابە –با- بۆچی ڕادەکا و دەلورێنی؟

شایەک ویستی بۆخۆی بیکا بە شانەێی و

بە تەنها هەر

قژی شاژن دابهێنێ! {جەلیزادە:٢٠٠٧، ١٨٣}

ڕووداو لە دەقی ڕۆمانەشیعر و دەقی ئاوەڵا و چیرۆکەشیعردا، پەلوپۆدارە، لە پاڵ ڕووداوی سەرەکی دا کە ستوونی چیرۆکەکەیە، دەیان وردە ڕووداو دەگێڕدرێنەوە. بوونی ڕووداوی سەرەکی، پێوستی تەواوە لە ناو گێڕانەوەکەدا و زنجیرە ڕووداوێک یەک لە دوای یەکە کە نوسەر پلۆتی چیرۆکەکەی لەسەر بونیاد ناوە، ئەگەر چیرۆکنووس تۆکمە و گرێدراو ڕووداوەکانی هۆنیبیتەوە، ئەوا لابردنی هەر یەکێک لە ڕووداوە سەرەکییەکان، دەبێتە کەلێن و کەمێتی گێڕانەوەکە. هەرچی ڕووداوی لاوەکییە، ڕووداوی یاریدەدەرن، نوسەر بەهۆیانەوە گێڕانەوەکە دەباتە پێش، ڕۆڵیان دەبێتە گرێدانەوەی زنجیرە ڕووداوە سەرەکییەکان، یاخود دەبنە زەمینە بۆ درووستبوونی ڕووداوی سەرەکی. ڕووداوی لاوەکی کاریگەری گرنگی هەیە بۆ نیشاندانی کەسێتی و چۆنییەتی بەرەو پیشبردنی گێڕانەوەکە، بەڵام دواجار نەبوونیان زیان ناگەیەنیت بە ڕووداوە سەرەکییەکە.{یونسی١٣٨٢، ١٥٤} بەو واتایەی ڕووداوی سەرەکی خودی گێڕانەوەکەیە، هەرچی ڕووداوی لاوەکییە ئەرکی جوانیناسی لەئەستۆدایە، لە لایەکەوە پشوو دەدات بە خوێنەر لە ڕووداوە چڕو قورسەکە، لە لایەکی ترەوە، هێزی کەشفکردن و بەستنەوە دەدات بە خوێنەر، بۆ دۆزینەوەی سەرەداوەکان. یەکێک لەو نموونە شیعرییانەی کە لە پاڵ ڕووداوە سەرەکییەکاندا، ڕووداوە لاوەکییەکان گێڕانەوەکەیان پڕ کردووە لە وێنەی جوانیناسی، دەقی والای "کورسی"ی شێرکۆ بێکەسە. دەقەکە لە بارەی ژیاننامەی کورسییەی داگوێزەوەیە، لە فلاش بکات دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، لە بارەی ڕەچەڵەکی باووباپیرانیەوە دەدوێت کە دارگوێزن، تا دەگاتە خۆی لەسەر دەمی درەختی دا و دواتر بوونی بە کورسی، شوێنگۆڕکی و ژیانی لە سەردەم و شوێنە جیاوازەکاندا. لە میانەی گێڕانەوەکەدا یەکێک لە سەرەکیترین ڕووداوەکان، بە کورسی بوونی ئەوە، چونکە ئەوە دەبێتە خاڵێک لێوەی کەسایەتییە دیارەکانی بەهۆیەوە دەگێڕدریتەوە. بەر لە کورسی بوونی چەندان ڕووداوی بچوک و لاوەکی دەگێڕێتەوە دەبنە زەمینە بۆ ڕووداوە سەرەکییەکە. بۆ نموونە:

((لە سەردەمی درەختیم دا ڕۆژ هەبوو، پڕ بوو لە کوللە، چاوی گوێزیان دەرئەهێنا))

((لەبەرچاومان دارچنارە کچەکانیان ئەتک ئەکرد، رەزە ژنیان تینوو ئەکرد هەتا ئەمرد))

ڕووداوە سەرەکییەکە:

((سەردەمی درەختیم تێپەڕی و ڕۆژی هات قڵیشام

کەرت کەرتیان کردم و خشەخش بە سواری ئێستریّ

ڕاکێشرام بۆ شاری هەڵەبجە و چوومە لای خواوەندی دارتاش و کردیانم بە کورسی!.{بێکەس:٢٠٠٥، ٨٨}

ئیدی ڕووداوی لاوەکی کارەکتەرەکانی تر و هی کورسی، تێکەڵ بە ڕووداوە سەرەکییەکان دەبن و کۆی گێڕانەوە شیعرییەکە پێک دەهێنن.

## پارچەی سێیەم: فەزاسازی

فەزا لە ئەدەبیاتدا ئەو بارودۆخەیە بەهۆی کۆی بەرهەمەکەوە دروست بێت، لە ڕاستیدا فەزا کاریگەری کۆی جوانیناسی بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەریی، دۆخی زاڵ و کاریگەری سۆزئامێز و ململانێی بەرهەمەکەیە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو بارودۆخەی خوێنەر بە چوونە ناو بەرهەمێکی ئەدەبی هەستی پێدەکات بە فەزا دەناسرێت. هەرچەندە وەسف بە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی فەزاسازی دادەنرێت، بەڵام فەزا ئاوێتەکارییەکە لە تایبەتمەندییەکانی؛ کەسێتییەکان، سمبولەکان، شێواز و شێوەی نووسین، پلۆت و تایبەتمەندییەکانی تری گێڕانەوە. فەزا دەشێت شاد یان خەمبارانە، خەیاڵئامیز یان ترسناک، نامۆ و وەهماوی یان ئازاراوی و پڕ لە ناشرینی و بەڵا بێت.{رضایی:١٣٨٢، ٢٢} فەزا لە گێڕانەوەدا، ڕۆڵ و ئەرکی گرنگی هەیە، لە لایەکەوە ئەرکی بڕواپێهێنان لە ئەستۆ دەگرێت، بەو شێوەی ئەو خەیاڵەت لادروست دەکات، ئەوەی دەیخوێنێتەوە ڕاستییە، دیارە پاشتر لە بارەی ئەمەوە دەدوێین، کە دەبێت فەزا گونجانی تەواوی لەگەڵ شێوازی گێڕانەوەکەدا هەبێت. بۆ نموونە: ئەگەر فەنتازییە، ئەوا فەزاکەی بە شێوەیەک بێت ئەوەی ڕوودەدات لۆجیکی ناوەوەی دەق توانای بارکردنی هەبێت. فەزا لە لایەکی ترەوە ئەرکی گێڕانەوەیی هەیە، بەو جۆرەی کە دەنگی چیرۆکنووس کەم دەکاتەوە و ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت دەنگی ئەوانی تر دەرکەون. ئەرکێکی تریشی دانانی کاریگەری و سەرنجراکێشانە ((ئەو جیهانەی چیرۆکنووس بەهۆی فەزاوە دروستی دەکات، کاریگەری لەسە ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر هەیە. لە لایەکی ترەوە کاریگەری ئەوەی بە دوای ڕووداوەکاندا بچن، هەست بە ئێستاتیکای گێڕانەوە بکەن. فەزا هەوەڵین هۆکاری ئەو هەڵچوونانەیە، کە خوێنەر لە کاتی خویندنەوەی چیرۆکدا تووشی دەبێت)). {مەنتک:٢٠١٨، ٧٠}. لێرەدا ئاماژە بە هەندێک جۆری فەزا دەدەین و نموونەی هۆنراوەی گێڕانەوەیی نیشان دەدەین:

**فەزای ئەفسانەیی:**

فەزای ئەفسانەیی، فەزایەکە خوێنەر هەست دەکات، لە بەردەم دەقێکدایە سەر بە کات و شوێنێکی دوورە، پێیەکی لە واقیع و پێیەکی تری لە خەیاڵدایە، کەسێتییەکان دابەش بوون بەسەر کەسێتی چاکە و خراپە، یان بڕوادار و بێبڕوا، خێروشەڕدا و گێڕانەوە لە ناو دژایەتییە زۆرەکاندا بەڕێوەدەچێت. لە گێڕانەوەی چیرۆکەشیعری نوێدا بەهۆی سیمبول و ئاماژە ئەفسانەیی و ئایینی و ڕۆحانییەوەکانەوە، فەزای ئستۆرەیی بەشێوەیەکی هونەریی دەردەکەوێت. بەشێکی ئەم فەزایە بەهۆی تیلنیشان و فەرهەنگی وشەسازییەوە بونیاد دەنرێت، بەشێکی تریشی لە ڕێگای وەسف و کەسێتیسازییەوە. یەکێک لەو نوسەرانەی ئەم فەزایە بە شیعرەکانییەوە دەبینرێت، بەختیار عەلییە، تەنانەت ئەو شیعرانەشی کە کەمترین ڕەگی گێڕانەوەیان تێدایە، فەزایەکی ئەفسانەیی یان دیرۆکی و ئستۆرەییان هەیە.

لە قەسیدەکانی سەرەتاوە تا  بەرهەمی "ئیشکردنی لە دارستانەکانی فیردەوس" دا، وشەئارایی و زمانی کلاسیک بونیادنەری ئەو شیعرانەن، کە بەردەوام ڕەگەزە زاڵەکانی گێڕانەوەیان تێدایە، ئەگەر شیعرەکە سەرتاپای گێڕانەوە نەبێت. بەهۆی ناباوکاری و بەرجەستەسازی و بەکەسکردن و هونەرە ڕەوانبێژییەکانەوە، توخمە گێڕانەوەییەکان، لە فەزایەکی ئستۆرەیی و مێژوویدا دەخرێنە خزمەتی شیعرەکانەوە. بۆ نموونە لە قەسیدەی جەلاد دا، لە بەشێکدا بە ناونیشانی جەلاد و گۆڕهەڵکەن، بە دەمی ڕابردوو گێڕانەوەکە بەڕێوەدەچێت و بەهۆی ئاماژەدان بە شارە دێرینەکان کە هەمیشە جێی یارمەتیدەری وێنای ئەفسانە و حیکایەتن و بۆنی زەمەنی دێرینیان لێدێت، ئەو فەزایە دروست دەکات:

((نیوەڕۆیەک لەسەر ئەسپێکی سپی خۆی کرد بە ناو بازاڕەکاندا، چی جوان بوو، لە قافڵەکانی ئەسفەهان، چی جوان بوو لە تەمە سپییەکانی کەشمیر، لە ئاوریشمی پاکی حەرەمسەراکانی کەلکەتا، لەگەڵ هالاوی دەستە خوێناوییەکانی خۆیدا کردییە دیاری، هیچیشی سەبارەت بە زامی سەر ڕۆحی من نەگووت.)).{عەلی:٢٠٠٦، ٦٥}

لە گێڕانەوە کۆنەکاندا، چ ئایینی و چ ئەفسانە و هەقایەت، شارەکان سیحری خۆیانیان هەیە. هەر یەک لە شارەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ نموونە لە شیعری کلاسیکدا چین و ماچین، ئەو شوێنان بە ناوهێنانیان کچی شۆخ و قەشەنگ و مامز و میسک دێتە زەینەوە. کشمیر بە ئاوریشم و ئەسفەهان بە بابەتە بازرگانییەکان و کرمان بە زیرە و کوفە و بابل بە شوێنی ئایین و جادوو و بەغدا بە شوینی کەیف و سەفا و زانست و شیراز بە شوینی شەراب ناسراون. بۆیە خوێنەر بەهۆی ئەو وێنە زەینیانەی لە گێڕانەوەکانی پێشووەوە وەری گرتەوە، هەست بەو فەزا دیرۆکی و ئەفسانەییەی ناو ئەم دەقە نوێیە دەکات. نەک هە شوێن، بەڵکو زۆرجار بەهۆی تیلنیشانی ناو و کەسیتی مێژووییەوە فەزاکە درووست دەبێت بۆ نموونە لە چیرۆکی سادەی من و ئاسمان و لەیلام:

((ئێوارەیەک هات، بۆنی گریکە کۆنەکانی لێدەهات. بە دەستە سوکراتییەکانی ژەهرێکی دیکەی بۆ هێنام. وەک ئەفلاتوونێکی پیر بە ژێر درەختەکانمدا پیاسەی دەکرد. فیساگۆرسییەکی منداڵ بوو ژمارەی ساڵەکانی ژیانی دەژمارد. بە وێنەی هیراکلیتسێکی گەمژە دەچووە ناو ئاوی باخی من و دەیگووت: هەموو شتێ دەڕوا، ئاسمان نەبێت، بێچارە دەیگووت: هەر کۆشکێکت بۆ بکەم لە گیا بێت یان دوکەڵ یا بەرد دەڕوخێت. هەر ژوورێکت بۆ بکەم بە ئێسک بێت یا تەلا یا ئاگر دەکوژێتەوە. هەر عەشقیکت بۆ ساز کەم لەگەڵ ئاودا بێت یا خودا یا ئینسان دەمریت، لە هەر مەعدەنیکت بگرم لە ستیل یا هەوا یا لم دەڕزیت، لە هەر قەڵایەکدا هەڵتگرم لە تەمبێت یا سەراب یان شوشە دەشکێیت)) {عەلی:٢٠٠٦، ٤٢٤}

خواستنی ناوەکانی (سوکرات، ئەفلاتوون، فیساگۆرس، هێراکلیتس)، بە وێنەکردنیان، هەرچەندە فەزاکەی کپ کردووە و شیعرییەتی دەقەکەی کاڵ کردۆتەوە، بەڵام هیچ لەوە ناگۆڕێت بەشداربوون لە دروستکردنی ئەو فەزا ئەفسانەیی و مێژووییەدا کە نوسەر بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی و ئاسمان و لەیلا پێوستی پێی بووە. وەسفی ئەو ئێوارەی پێکردووە کە قورس و گران لەسەری {وەگێڕ} کەوتووە، گفتوگۆکانیش دواتر دەبنە تەواوکەری ئەو فەزایەی لە پێشدا بەهۆی دەربڕینی (بۆنی گریکە کۆنەکانی لێدەهات) دروست کراوە، چونکە بەشێکی تری دروست بوونی ئەم فەزایە، بەهۆی بەکارهێنانەوەی وشەی کۆن و ناوچەیی و هەندێک جار بێگانەوە دروست دەبێت: ((ئێوارەیەک هەنگاوێکی گەورە کەوتە نێوانمانەوە. خەنجەرێک بە خوێنی زەمانێکی کۆنەوە، فەیلەسوفێک بە پرسیاری ناکۆتاوە دەربارەی فاسیلەی ناکۆتای من و ئەو، کیمیاگەریک بە هاوکێشەی جاویدانی ئەو و مەعدەنی ژەنگاوی دڵی منەوە)) {عەلی:٢٠٠٦، ٤٢٢}

هەر یەک لە وشەکانی، فاسیلە، جاوید، مەعدەن لە بەرامبەریدا وشەی کوردی ڕەوان هەن، بەڵام لێرەدا بوون بە بەشێک لە تەوکاری فەزا ئەفسانەییەکە.

ماردین ئیبراهیم یەکێکی ترە لەو نووسەرانەی هەمیشە شیعرەکانی گێڕانەوەن، زۆربەی گێڕانەوەکانیش لە فەزایەکی ئستۆرەییدا ڕوودەدەن. لە هەردوو شیعری "پێنج پیاوی وەحشی بووین، ڕافائیل"دا گێڕانەوە بە زمانێکی پڕوێنە بەڕێوەدەچێت و بەهۆی ڕووداوی ئەفسانەئاسا، ناوی مێژوویی، بابەتی ئەوین و دڕدۆنگی نێوان کوفر و ئیمان، ئەو فەزایە درووست بووە. لە "ڕافائیل" دا، گێڕانەوە لە مێژوویەکی دووری نادیارەوە دەستپێدەکات:

"ئەوە زەمەنە وابوو، بابم بە دەنگی بەرز دوعای دەخوێند،

بۆ ئەوەی گوێی لەناڵەی ئیبلیسێکی زامدار نەبێت لەسەریدا"

بەستنەوەی ناونیشانی دەقەکە[ڕافائێل] بە سەرەتای گێڕانەوە شیعرییەکەوە، دەبێت بە ئامادەکاری بۆ دەستپێکی فەزایەکی مێژوویی و ئەفسانەیی. ناوی ڕافائیل، لە کلتوری یەهودی و مەسیحی دا، ناوێکی پیرۆزە و یادخەرەوەی یەکێک لە فریشتە نزیکەکانی خوداوەندە، کە ناسراوە بە فریشتەی ڕزگاریکەر، لە دیارترین بەسەرهاتەکانیشی، ڕزگاری فریشتەکانی ژێردەستییەتی لە چیرۆکی دروستبوونی ئادەم دا. خودا لە بارەی ئادەمەوە لە فریشتەکانی ژێردەستی میکائیل دەپرسێت، ئەوانیش دەڵێن مرۆڤ چییە تا بە بیرتا بێت، خوداوەند هەموویان دەسوتێنێت، پاشان هەمان کار لەگەل فریشتەکانی جوبریلیش دا دەکات، و دەسوتێن، بەڵام لابیل ڕاوێژ لەگەڵ فریشتەکانی خۆی دەکات، دەڵێت با ملکەچ بین و لاساری نەکەین، تا وەک فریشتەکانی ترتان بەسەر نەیەت، بۆیە لە وەڵامی خوداوەندا دەڵێت ئەی پەروەردەگار ئەو کارەی کردووتە چاکە، بە ویستی خۆت خەلقی کە، سەبارەت بە ئێمەش، ئێمە خزمەتکاری ئەو دەکەین. لەو کاتەدا هەم فریشتەکان پارێزران، هەمیش ناوی لابیل گۆڕا بۆ ڕافائیل بە مانای ڕزگارکەر. (ڕافائیل). تەنها بەهۆی ناوی کارەکتەرەکەوە کە پاڵەوانی گێڕانەوەکەیە و ڕستەکانی سەرەتا، خوێنەر ئەو کۆزانیارییە، لە زەینیدا دەبوژێتەوە، خۆی ئامادەکات بۆ فەزایەکی ئایینی و ئەفسانەیی. دواتر بەهۆی ناوی کارکتەرێکی ترەوە [ئۆفیلیا]، خوێنەر کۆزانیارییەکی تری لە بارەی تراژیدیای هاملێتەوە دێتەوە بیر، ئۆفیلیای یاری هاملێت کە دێوانە دەبێت و دەکەوێتە ناو ڕووبارێکەوە و دەمرێت. ئەم زانیارییانە لە هێڵێکدا کار دەکەن، لە هێڵێکی تریشیدا خوێنەر لەگەڵ دوو کارەکتەری ناو گێڕانەوەکەدا دەڕوات کە لە لایەکەوە هەڵگری ناوی مێژوویی و ئەدەبین، لە لایەکی ترەوە کارەکتەری خەلقکراوی ناو گێڕانەوەیەکی نوێن. ڕافائیل باوکی وەگێڕە، بەهۆی ڕووداوە سەمەرە و ڕەفتارە بانمرۆییەکانییەوە، کەسێتی ئەو دەناسرێت. ئەو ڕووداوانەی لە حیکایەتی کۆن و ئەفسانەکانەوە نزیکن و لە وێنەی هونەرییدا نەخشێنراون:

سەری بە هەر کوچەیەکدا کردبا،

ساڵێکی تەواو سیحربازەکان ئاگریان لە دەم نەدەهاتە دەر و

کۆتر لە گیرفانەکانیانەوە نەدەفڕی

بە هەر شارێکدا ڕەت بووبا، ئەو بۆنەی لە بێ ئیمانی ئەوەوە هەڵدەستا

قەدیسەکانی لاڵ دەکرد، ئاگری پەرستگاکانی دەکوژاندنەوە

ڕاهیبەکانی لە دین وەردەگێڕا{ئیبراهیم:٢٠١٢، ٥٠}

دواتر دیسانەوە بەهۆی ئاماژەدان بە زەمەنی ڕابردووەوە، وەگێڕ وێنە دژیەکەکانی بڕوا و ئیمانیان نیشان دەدات و دەبێت بە ئەفرێنەری فەزائەفسانەییەکەی خوێنەر دەبێت لەگەڵی بڕوات و کۆی گێڕانەوە نوێکە هەڵمژێت:

ئەو ڕۆژگارە وابوو، بە دەنگی بەرز کوفرمان دەکرد

نەبادا چکەی خوێنێک لەسەر خاچیکەوە ببیستین

بەدەنگی نزم دوعامان دەخوێند

نەبادا یەهوودایەکی خەوتوو لە ناو سەرماندا بێدار بکەینەوە

لەم دەقەدا وێڕای دوو ناوە بارکراوەکەی (ڕافائیل، ئۆرفیلیا)، گێڕانەوە و دەقئاوێزانی هەندێک وێنەی ناو گێڕانەوە کۆنەکان، دەقەکە نەک هەر فەزایەکی ئەفسانەیی بۆ دروست بووە، بەڵکو بەهۆی بونیادی گێڕانەوە و چنینی ڕووداوی ئەفسانەییەوە دەبێتە هەڵگری خەسڵەتی دەقە دێرینەکان. بۆنمونە: کاتێک وەگێڕ لە پڕ دەکەوێتە وڵاتی تیمساحەکان، زیاتر لەوەی وێنەیەکی سوریالی بێت، وینەی دەقەکۆنەکانی ئەلیادەمان بیر دەکەوێتەوە، وێنەی شارە نادیارەکانی ئیتالۆکالڤینۆمان دێتەوە یاد:

ئیتر کاتێکم زانی من لە وڵاتی تیمساحەکاندا بووم

تیمساحەکانیش وەکو من خەمبار دەبوون

نیوەڕۆیانی زستان لەبەر خۆرەتاودا

خۆیان هەڵدەخست و بە بێتاقەتییەوە جگەرەیان دەکێشا..

تیمساحەکانیش وەکو من کە خەواڵوو دەبوون، خۆیان بە پێوە ڕانەدەگرت

هەرزەکارەکانیان بە خەوەوە دەڕۆیشتن

ئێوارەیان بە دیل دەگرت و دەیان کوشت

تەرمی زەردەپەڕیان دەشیواند

کاتژمێری وەستاویان لە دەستی نیوەشەو دادەماڵی و دەیانبرد بۆ خۆیان

هەندێکیان تاریکیان ئاو دەدا

شەپۆلەکانیان دەبەستەوە

ساڵانی نەهاتیان زین دەکرد

نائومێدیان لغاو دەکرد

ڕکێفیان لە تەنیایی دەدا

هەندێکیان قاچی شکاوی بۆقەکانیان تیمار دەکرد

دانی کلۆری قرژاڵەکانیان پڕ دەکردەوە.. {ئیبراهیم:٢٠١٢، ٥٥}

دواتر بە هۆنینەوەی هۆنراوە بۆ ئۆفیلیا، ئاماژە بە چیرۆکە مێژووییەکان دەدات، کە هەمیشە لەبەر شازادەخانم جەنگ هەڵستاوە. ئۆفیلیا، دەبێتە شازادەی شانشینە جیاکان. لەبەر ئەو جەنگی تاتارهەڵدەگرسێت، ئاگر لە ڕۆما بەردەبێت، خەلیفەکان دەکوژرێن، سەری یوحەنا دەچێتە سەر سینی، بەغدا وێران دەکرێت.سۆزکردن بۆ ئۆفیلیا و تێکەڵکردنی بە ڕووداوە مێژووییەکان، فەزایەکی وەهای داوە بە دەقەکە، هەست بە دابڕانی لەگەڵ سەردەمی ئێستە دەکەین، لە پۆلینبەندی دا بەهۆی وێنە و دەقئاوێزە مێژووییەکانەوە خۆی لە ناو دەقە کلاسیکەکاندا جێدەکاتەوە.

**فەزای سۆزاوی:**

ئەم فەزایە بەهۆی وێنەی هەستبزوێن و دەربڕینی ڕاستەوخۆی هەستەکانەوەیە، چ وەک بابەتی ئەویندای و باسی دابڕانی نێوان خۆشەویستان، یان وەک بابەتی مرۆیی، شین و لە ناوچوون و لەدەستدانی کەسێک، دروست دەبێت. لەم جۆرانەی گێڕانەوەدا بەهۆی ڕووداوی دابڕان، وێنە و وەسفی وردی خەمهێن، فەزایەکی سۆزبزوێن دەخولقێت، بەهۆی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە و ئەزموونە مرۆییەکەوە، خوێنەر زوو تێکەڵ بە فەزاکە دەبێت و دەبێتە هاودڵی وەگێڕ. هەندێک لە شیعرەکانی عەبدوڵا پەشێو ئەم فەزایەیان تێدا زاڵە وەک: "گۆڕی سەربازی ون، بۆ کچێکی کاڵ. هەمان فەزا لە شیعری "خەدیجە گوڵاوی"ی ماردین ئیبراهیم دا دەبینرێت.

فەزای سۆزاوی لە شیعری "باوکە پەنجەرەکە بکەوە، قسەیەک لە دڵمدا ماوە دەیڵێم!" فەزای زاڵە. دلاوەر قەرەداغی بە فەزایەکی سۆزاوی چیرۆکی مەزەندەکراوی ئەویندابوونی کوڕەکەی دەگێڕێتەوە. گێڕانەوەی چیرۆکی عەشق جگە لەوەی هەمیشە هەستبزوێنە، ئەگەر بە زمانێکی ڕەوان و وێنەی هونەریی هۆنرابێتەوە، وادەکات فەزایەکی هەستبزوێن و پڕ لە سۆز دروست بکات، فەزاکە لەم هۆنراوەیەدا بەهۆی دووبارەکردنەوە زۆرەکان و ئاوەڵناو و وێنە بچووکەکانەوە درووست بووە. گێڕانەوەکە لە دوو وێنەی سەرەکی پێکهاتووە، وێنەی یەکەم، سەرەتای ئەویندابوونی کوڕەکەیەتی، وێنەی دووەم بە ئەوین گەشتنەکەیەتی. لە وێنەی یەکەمدا، گێڕانەوەکە پڕە لە دووبارەیی، هەر لە بەشی سەرەتادا سێ جار ئێوارەیەک دادێ، دەوترێتەوە تا فەزایەکی پڕسۆزی شاعیرانە بخولقێنێت، کەچی لە پارچەی دووەم دا یەک جار هەمان دەستەواژە دێتەوە، بەوەش خەمگینییەکە لە کوڕەوە دەگوازرێتەوە بۆ باوک. وتنەوەی چەندین جاری وای باوکە، دووبارکردنەوەی دەستەواژە جیاکان، تەنانەت دووبارەکردنەوەی پێکهێنانی وێنەکان، هۆنراوەیەکی یەک پارچەی پڕ لە سرتە و جوڵەی پێکهێناوە، بۆ نموونە پەسندانی دڵەکوتە و پڕ هەستی ئەوینداریی کوڕەکە، بە زنجیرە وێنەیەکە کە بونیادی درووستبوونیان دووبارەیە، بەڵام دووبارەییەکە بۆتە پێکهێنانی زنجیرە وینەیەک، کە وێنە گەورەکەی کەسی ئەویندار نیشان دەدەن. بە تێبینی کردنی وێنە بچووکەکانی ناو وێنەی یەکەم، دەبینین پڕن لە ڕیتمی جیاواز، هەندێک جار

شاد، هەندێک جار کپ، هەندێک جاری تر خەمگین. ئەگەر تەماشای بەشی یەکەمی گێڕانەوەکە بکەین، دەبینین چەند هێشووە وێنەیەکن، بەهۆی هونەرە ڕەوانبێژییەکانەوە دروستبوون:

**هێشووە وێنەی یەکەم:** وای باوکە تا گەشتمەوە ماڵەوە: (هەزاران کەڕەت دڵم شکا، هەزاران جۆر تام لێهات، هەزاران قەزەم هاتنە سەر ڕێم.

**هێشووە وێنەی دووەم:** وای باوکە: (چەند دڵم تەنگە، چ ترسێکم لینیشت، چ لەرزێکم تێ ڕژا).

**هێشووە وێنەی سێیەم:** باوکە دە دەی شیعریکی ناسک، شیعرێک:

لە هەڵکردنی ناکاوی بایەک بچێ، بە ناو شەوی دارستانێکی نووستوودا

لە دانیشتنی عەیارانەی دوو هەرمێ بچێ بۆرەسمگرتن.

**هێشووە وێنەی چوارەم:** باوکە دەستم لێوە بدە، خۆت بڵێ:

بزانە من گەرمترم یاخود باوەشی نیشتمان

بزانە من دڵم خۆشترە یان هەنار

بزانە من قەرەباڵخترم یا ئەو مناڵیانەم کە بە جیمهێشتوون لە کۆڵان

باوکە خۆت بڵێ، بزانە

من تەنیاترم یا عەشق

بزانە من خەمگینترم یان چواڵە

بزانە من پەلەترم یا مەرگ

بزانە من دلم خێراتر لێدەدا یا دەف!

**هێشتووە وێنەی پینجەم:** باوکە دەزانیت هاژەیەک لە گوێمدایە

لە زەریایەک دەچێ، لە دوورەوە بانگم کا

لە بانگی کەسێک دەچێ ئازایەتیم بداتە بەر بۆ ڕیسکی سەفەر

لە نەڕەی ڕەقیبێک دەچێ هانم بدا بۆ فێربوونی خووی خەراپ

لە چپەچپی ناحەزێک دەچێ، بیەوێ سەرم پڕ بکا لە وەسوەسە

بیەوێ لەگەڵیدا بچم بۆ ئەو شوێنەی

کە ڕەنگی لیوە هەڵدەکا

لە ورتە ورتی ئەغیارێک دەچێ، بیەوی بە مەیلی خۆی دەستم بۆ بخوێنێتەوە

بیەوی بە کەیفی خۆی ئاوەڕۆی مناڵیم بۆ حونجە کا

له نەغمەی نەیاریک دەچێ بیەوێ لە کۆڵانی خیاڵدا

لە بەردەم ماڵی خۆیاندا شەرم پێ بفرۆشێ، گەلە کۆمەم لێ بکا

بیەوێ لە بەردەم مەرجندا تەریقم کاتەوە

بیەوێ لە چوارڕاکانی ئەفسانەدا فریوم بدا!..

وێنەکانی ئەم پارچەیەی کۆتایی بەهۆی دەنگێکەوەیە کە لە گوێیدا دروستت بووە و بە چواندن، وەک ناساندنی بارودۆخەکە دەستپیدەکات: بانگی کەسێک، ڕەقیبێک، چپەچپی ناحەز، نەغمەی نەیار. پاشان وەسفی ئەرکەکەشی دەکات: ئازایەتیم بداتەبەر، هانم بدات.. بەو جۆرە وێنەکان درێژ دەبنەوە و دەبنە دەرخەری بارە هەستیارەکەی کوڕەکەی. هەرچی بەشی دووەمی گێڕانەوەکەیە، کورت و بێوێنە و ڕاستەوخۆ نیشاندانە و قورسایی گێڕانەوەکەی لە ئەستۆیە، وەک خاڵی کۆتایی هێنان بە ڕووداوەکە، کە بە پێکگەشتن کۆتایی هاتووە، بەڵام پێک گەشتنەکە نەک فەزاکەی شاد نەکردووە، بەڵکو سۆزەکەی گۆڕیوە بۆ سۆزێکی خەمگین و کپ:

ئێوارەیەک دادێ

یەکێک لە زەنگی دەرگاکە دەدا، بە لیدانی دڵیدا دڵنیام کوڕەکەمە

بە گاڵتەوە دەڵێم: کێیت ئەی هاوڕێی ئازیز، کێ؟

ئەو بە خەمێکی قووڵەوە دەڵێ:

باوکە منم کوڕەکەی تۆم

باوکە پەلەمە، پەلەمە، پەلە

یەکێک لە دەرەوە لەبەر بارانەکە چاوەڕێمە

هاتووم خواحافیزییەکت لێ بکەم و

یەکسەر بڕۆم! {قەرەداغی:٢٠٢٠: ٢٤٨}

**فەزای شارنشینی:**

فەزای شارنشینی و نیشاندانی واقیعی سەردەمیانەی ناو شار، لە زۆر گێڕانەوەی ئەویندارنەدا دەبینرێت، نیشاندانی ڕۆحی مردووی شار، ساردوسڕی و تەنگی و دوکەڵی ڕەش، خستەڕووی دیمەنی شار لە چوارچێوەی چاوی شاعیرەوە، ئەو فەزایە دروست دەکات، تا خوێنەر درک بە گەرمی ئەوین لە شاری بێگیاندا بکات. شیعری "شار"ی سوارەی ئیلخانی زادە و "پرسیارێک"ی پەشێو نمونەی فەزاسازی شارن. گێڕانەوەی پەشێو، لەو هۆنراوە ئەوینداریيەدا، بە دەستپێکی

ڕاستەوخۆ و دیاریکراوی کات و شوێن و کەسێتییە، پاشتر ڕووداوەکە ڕوودەدات، بەڵام ئەو دەستپێکە سەرەتایەکی باشی ئەفراندنی فەزاکەیە، چونکە لەلایەکەوە خێرا و بێ نمایشی درێژ دەچێتە ناو گێڕانەوەکەوە، لە لایەکی ترەوە زمانێکی تیژی ڕووڕاستە:

لە یادمە،

ساڵ: کۆتایی شەستوشەش بوو

شار: مەچەک بوو

زستان: بازنێکی ڕەش بوو!

ئێوارە بوو بۆ یەکەمجار

من هەستم کرد بە تەنگی شار

تۆش هەستت کرد بە تەنگی شار{پەشێو:٢٠٠٢، ١٣٠}

فەزاکە، لەم سەرەتایەوە دروست دەبێت، پاش ئەوە ڕووداوی ڕۆشتن و دوورکەوتنەوە و ژوانگرتن، دەبێتە چەقی گێڕانەوەکە. باسکردنی شار، وەسفکردنی لە ئێوارەیەکی زستانی ساردا کە وەک بازنێک مەچەکی شاری گرتوە، دواجار، شار وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، مەودایەکی تەنگ و تەسکە بۆ ئەوین، چونکە لە شارە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هێشتا گوند جێی ئازادی و شوێنە نمونەییەکەی ناو خەیاڵی ئەویندارانە، شار بێڕەحمە دارودیوار، دەم و چاویان هەیە، دەبینن و لە بارەیەوە دەیڵێن. هەموو ئەمانەش هێشتا، تراژیدیای ناو ژیانی شاعیر نین لە گێڕانەوەکەدا، بەڵکو ئەوەی تراژیدیاکە دروست دەکات، کەسێتی یارەکەی شاعیرە، کە دواجار جێی هێشتووە، بە وتنی؛ بۆچی چوار ساڵ، دوو باڵی خۆت، بۆ گەردنی من کرد بە کۆت" وێنەی ساردی و بێباکی یار لەگەڵ وێنەی ساردی و بێ باکی شار بەیەکەوە دەبەستیتەوە، زستان مەچەکی شاری گرت وباڵی یاریش گەردنی وەگێڕ.

هەمان فەزاسازی، بەڵام پڕڕەنگتر و قوڵتر لە شیعری "شار"ی ئێلخانیزادە دا دەبینرێت، فەزای شاری ناو گەشەسەندنی سیستمی سەرمایەداری، زیندانێکی تاریکە بۆ وەگێڕ، لەبەرامبەریدا دێ بەهەشتی نەبڕاوەیە. فەزاسازی شیعرەکە لەسەر بنەمای دوانە دژەکان بونیادنراوە:

"شار-دێ، کانیاو- گرە، چرای نیۆن- مانگ، زۆنگ و زەل- جارەگوڵ، تەنگ- هەراو، دەواری عەشیرەت- کوچەی تەنگی شار،"

وێنە دژەکان، چەندێک نیشاندەری فەزای بێهیواکەری شارن، هێندەش نیشاندەری فەزای هێمنی گەرموگوڕی مرۆڤانەی دێن، بەڵام لەو دیدەوەی کە وەگێڕ و پاڵەوان لە ناو فەزای شارەوە

قسەدەکات و چرکەساتی گێڕانەوە لەو فەزا چارسکەرەدایە، هەر بۆیە ئەو فەزایە زاڵ دەبێت بەسەر فەزای پڕ وێنەی دێ دا.

وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هارەهارەی ئەو

لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاو و یاوی شەو

دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت؛

لە شاری چاولەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت

بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم

چلۆن بژیم لە شارەکەت کە پڕ بەدڵ دژی گزەم.

لە شارەکەت کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە

مەلی ئەوین غەوارەیە. {ئێلخانی زادە: ٢٠٠٧، ٤٩٩}

فەزای دێ بە کۆمەڵێک وێنەی دڵڕفێن وەسف دەکرێت: "بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم، بناری پڕ بەهاری دێ، ڕەنگی سوور و شین ئەدا لە شیعر و عاتیفەی گەشم!، بەجامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم.." بەڵام بەهۆی زاڵی وێنە زۆرەکانی شارەوە، وەسفەکانی گوند ناتوانن ببنە فەزای گشتی گێڕانەوەکە، چونکە لە شاردا دیاردە سروشتییەکانیش بوونەتەوە بە ژێر ناشرینییەکانی شارەوە "لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاو و یاوی شەو، لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە، کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند، وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند!".

**فەزای مۆدێرن:**

دروستبوونی ئەم فەزایە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبی مۆدێرنە دایە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم جۆرەی ئەدەب و دواجار بەرکەوتنی ئەم فەزایە لە گێڕانەوەدا، دەبێت لە بارەی مۆدێرنیتیەوە بدوێین وەک مۆدێلی ژیانی نوێ: ((مۆدێرنیتی بە چەشنە شیوازێکی ژیان و ئەزموونکردن دادەنرێت کە بەهۆی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە پیشەسازییەکان و شارنشینی و جیاکردنەوەی مەجالی ئایینی لە نائاینییەوە هاتۆتەدی. تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی بریتین لە هەڵوەشاندنەوە و ریفۆرمخوازی، پەرشوبڵاوی و گۆڕانکاریی خێرا، ناجێگری و نائەمنی، هاوشانیشە لەگەڵ تێگەشتنی نوێ لەمەڕ کات و شوێنەوە.)).{پیتەر:٢٠١٩، ٤١} مۆدیرنیتە وەک تیۆر، لە ئیستادا بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک کۆمەڵناسی، ئابووری، مێژوو، فەلسەفە، ئەدەبیات و زماننناسی، جوانیناسی و دیاردەناسی و زۆر بەشی تری گرتۆتەوە، بە هەمووشیان لە هەوڵی وردبوونەوە و دۆزینەوەی تایەتمەندییەکانی هەنوکەیی و ئیستایین لە ڕیی بەراوردکردنی بە سەدە و چاخەکانی ڕابردووەوە. ئەوەی لە ژیانی نوێی هەنوکەدا دەبینرێت کۆمەڵێک گۆڕان و وەرچەرخانی گرنگن، وەک: گەشەی

زانستی تەکنەلۆجیا، گشتگیربوونی سیستمی سەرمایەداری، دەزگای زانیاری و سیخوڕی، گەشەی نائایینی و چەند خودایی، گەشی عەقلانییەتی بوروگراتیک، گەشەی لە ڕادەبەدەری شارنشینی و کۆرەوی گەورە لە دێهات و شارە بچووکەکانەوە بەرەو شارە گەورەکان، زاڵبوونی کولتووری ڕۆژئاوا، لە خۆنامۆبۆن و زۆر دیاردەی تر. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم دنیا نوێیەی بە مۆدیرنە ناو دەبریت، دنیایەکە شوێنەواری لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە وەرگرتوە و زانست زاڵە تێیدا، لە کاتیکدا لەبەرامبەردا دنیای پێشتر بە خورافەپەرست و دنیای پڕ لە وەهم، ساویلە، زووباوەڕ، جادووی سیحراوی دادەنریت، لێرەشەوە زۆربەی مشتومڕە هزری و فەلسەفەکان سەر بە سنووری زانست و عەقڵخوازیین.{بۆردیار:٢٠٠٩، ٦٥}

کاتێک لە بارەی دەقی ئەدەبی سەر بە جیهانی مۆدێرن دەدوویین، مەبەستمان لەو جۆرە دەقەیە بڕوای بە ئەدەب هەیە، نەک بە مانا فۆرمالیست و بونیادگەرییەکەی، بەڵکو لەو ڕوانگەوەی دەقی ئەدەبی بەرهەمی مرۆڤە، مرۆڤیش لە سەردەمی نوێدا، پێوستی بە هیچ بەهایەکی پێشینە لەسەر بڕیاردراو نییە، تاکو دەقی ئەدەبی لەسەر بونیاد بنێت، بۆ نموونە وەک چۆن نووسینی کلاسیکی لەسەر بنەما ئەخلاقییەکان و بەرهەمی ڕۆمانسیەت لەسەر خواستە ناوەکی و سۆزاوییەکان و ڕیالیزم واقیعگەرا بوو، ئەدەبی نوێگەرا، پاش ئەو بەسەرهات و گۆرانە مەزنانەی دوو سەدەی پێشوو لە جەنگە جیهانییەکانەوە تا شۆڕشی پیشەسازی و بە تەکنەلۆژی بوونی زۆر بواری ژیان و زەقبوونەوەی هەندێک تەیاری گرنگی فەلسەفی و هزری، بووە زمانحاڵی تاکی ناو ئەو ژیانە جەنجاڵ و نوێیەی بە ژیانی مۆدێرین ناوبرا. بێگومان ئەم جیهانە لە لایەن نوسەرانی دیاری جیهانییەوە لەبەر هەمە هەم فەلسەفی و تیۆرییەکان هەمیش لە دەقی ئەدەبی بە تایبەت گێڕانەوەدا نوێنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار دەقەکە تەنها لە خزمەت نیشاندانی ئەو جیهانەدا نییە، بەڵام بەو پێیەی وەگێڕ یان کەسێتی سەرەکی ناو گێڕانەوەکە سەر بە جیهانی نوێیە، لە میانەی خودگێڕانەوەکانیدا بەر جیهانەکە دەکەوین.

یەکێک لە نموونە دیار و ئێستاتیکییەکانی ناو شیعری گێڕانەوەی ئەدەبی نویی کوردی، "زمانی عەشق زەمەنی ئەنفال"ە. ئەو قەسیدەیەی وێرای گۆڕانی فەزا، ڕیتم، گێڕانەوە و پچڕپچڕی لە نیوان سێ زەمەنی ڕابردوو و ئێستاو داهاتوودا، فەزای مۆدیرن، دەبێتە فەزای زاڵ بەسەر گێڕانەوەکەدا. قەسیدەکە لە گۆشەنیگای کەسی یەکەمەوەیە، بە شێوەی خۆدوان و یادەوەری گێڕانەوە، چیرۆکی ڕێکنەخراوی خۆی دەگێڕێتەوە، لە ناو سەدەیەکی زۆر گران تێپەڕبوودا، کە زنجیرە شکست و گۆڕانێکی بۆ تاکی کورد هێنابوو. ڕاویی کەسیکی بریندار خەمگینە، لە دەروازەی چوونە ناو سەدەی نوێدا، لە مەنفادا وەستاوە و ئێستای خۆی نیشاندەدات:

لەبەر دەرگای قەسیدەوە تا دەروازەی جەهەننەم خوێنم لێدەڕژێ

بریندارە لە ئەزەلمەوە تا عەدەم

ئەی حەرف قەبریکم بۆ هەڵکەنە بە پانتایی عەرش

گەورەترم بەم هەموو تێکشانەوە لە بەخشندەترین ئاسمان

بەم فڕینەوە تەنیاترم لە تاقتاقکەرە {سیوەیلی:٢٠٠٤، ٢٣}

زەمەنی ناو گێڕانەوە، بەشێوەی گەڕانەوە و پێشخستن و دەروونییە، قەسیدەکە چەندێک پارچەیەکی گێڕانەوەیە، هێندەش پڕە لە پۆستەرەشیعر و پارچەی بچوکی سەربەخۆ، ڕیتم چەندێک خاو و خەمیگینە، بەڵام یەک ئاست نییە، لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا، بە ئاوازی وەگێڕ دەگۆڕێت، لە خەمبارەوە بۆ تووڕە و لە وەڕس و نائومیدەوە، بۆ تۆنی ئایرۆنی و گاڵتەجاڕی. وێنەکان و زمانی گێڕانەوە، چەندێک گوازتنەوەی بیر و چیرۆکخوانییە، هێندەش لە شوێنی خۆیدا دەبن، بە وێنەی هونەریی و زمانی شیعری ناوازە. هەموو ئەمانەش خەسڵەتی دەقی مۆدێرنیستین کە لە ئاستی نمونەیی بوون و باڵایی بووندا کارناکات، بەڵکو وینەی مرۆڤی ناو جیهانە نوێکە نیشان دەدات، لە لایەکەوە لەتلەتی دەستی بێڕەحمییەکانی جەنگ و جینۆسایدە لە لایەکی ترەوە ئەوینی بە ناوی دیموکراسی بوون و ئازادی ژن و فیمینیزم خوازییەوە – کە هەر یەکەیان چەمکە کار لەسەرکراوەکانی مۆدێرنەن- لە دەست دەدات. ڕاوی ناو گێڕانەوەکە لە سەردەمی نوێدایە، شارە گەورەکانی مەنفا ئاهەنگی گەورەی شادیی خۆیان دەگێڕن بۆ چوونە ناو ساڵ و سەدەی نوێیەوە، کەچی مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتی بریندار، برینداری دەستی سڕینەوەی ناسنامە، برینداری هەڵاتن لە شەڕی براکوژی، برینداری لە دەستدانی ئەوین، برینداری ناو جەبری جوگرافیا، ناتوانێت لە ناو فەزا سارد و بێڕەحمەکەدا هەڵکات و دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو کە پڕ لە ئارامییەکانی، هەرچەندە تەماشاکردنی بە چاوی ئێستاوە جیایە وەک لە چوونەوە ناوی بە نەفەسی منداڵییە، بەڵام هێشتا هێز و تین بەخشینە بە غەریبە خوێن لێڕۆشتووەکە. چەندین جار دووپاتی دەکاتەوە کە ناچێتە ناو ساڵی دوو هەزار و لە ئۆکتۆبەردا دەوەستێت، خودی وەستان لە مەنفا و ناوهێنانی ئۆکتۆبەر دروستکەری فەزای مۆدێرنن وەک هیوا قادر لە پێشەکی قەسیدەکەدا ئاماژەی پێکردووە ((ئۆکتۆبەر لە ئەسکەندەنافیاو واتا مانگی کزەی مۆم و تارکی و گەرمی بازاڕ و دیاریکڕین بۆ یەکتری.. شەوق و دەنگی فیشەکە شێتە لە قوڵایی ئاسمانێکی تاریک و ترشاودا، واتا مانگی موحیبەت و قاوەڵتی و دەعوەتکردن و ئامێز بۆ یەکتری کردنەوە و لە ماڵی یەکتر کۆبوونەوە. بە دیوێکی تریشدا بۆ کەسێکی تەنیا تاراوگەکراویش واتا بیر لە مەرگکردنەوە و قوڵپەقوڵپی غوربەتستان و خۆمەستکردن. بۆ زۆرکەسیش واتا خۆکوژی و خۆفڕیدانە ژێر پێچکە ساردەکانی شەمەندەفەر یان شکانی سەهۆڵەکانی سەر دەریا و خۆخنکاندن.)) {سیوەیلی:٢٠٠٤، ١١}

من ناچمە داهاتووەوە.. من لە ئۆکتۆبەردا وەستام!  لە ئێستادا...
لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا دەوەستم و ناچمە ساڵی دووهەزارەوە.
ساڵی دووهەزار، خۆشتر نییە لە ساڵانی نەوەد
ساڵی دووهەزار، میهرەبانتر نییە لە ڕۆژەکانی کەنار دەریا،
لە پیاسەکانی کۆپنهاگن، لە خەندەکانی ئۆکسفۆرد.
لە گەڕانی ئەم شارە و شار بە پایسکیلێکی ژەنگاوی..
ساڵی دووهەزار، خەبەری مردنی ئەکتەرێکی ترە لە برسان
ساڵی دووهەزار، پووچییەکی ترە بە ناوچەوانی زەمەنەوە
شەڕێکی ترە لە کۆسۆڤۆ، زیندانێکی ترە لە ئەنقەرە، زووڵمێکی ترە لە چیچان..
خەبەری پێکهەڵپڕژانێکی تری براکانە  لە سەر تەپۆڵکەیەکی ڕووتەن!
هەلهەلەی شارێکە لە مەرگی کۆلانێکی خۆیدا
نوکتەی شەکانەوەی ئالای دوو دەوڵەتە
لە سەر بستێ عەردی بریندار
پێشبڕکێی دوو وەزیرە لە پێشوازیی گزیرێکدا
بینینەوەی هاوڕێیەکی کۆنە، کە فەلسەفەی خوێندووە و بۆتە پۆلیس
لە خۆدانی شارێکی سوونییە بۆ ئیمامێکی شیعە
چەقۆیەکی ترە لە پشتی ئەزموون، ڕێگایەکی ترە بەرەو تەنیایی،
چاوەڕوانییەکی ترە لە بەردەم نائومێدیدا
ئەنفالێکی ترە لە ئایندەدا،
ڕۆح یەکجار ئەنفال دەکرێ.. یەک جار...
لە هەر سەدەیەکدا، لە هەر سووڕێکی ژیاندا.

فەزای گێڕانەوەکە، مۆدێرنەی پڕە لە دژایەتییە گەورەکان و پڕ لە نابەرابەرییە. لە گەڵیشیدا لەگەڵ هەر وێنەیەکدا گۆڕینی ئاوازی گێڕانەوەیە، بۆ نموونە بەو پەڕی ئاوازی تەشەرەوە لە بارەی بە پۆلیسبوونی دەرچوویەکی فەلسەفە و لەخۆدانی شاری سوونەوە، دەدوێت، کەچی بەیتی دواتر ئاوازەکەی خەمبار دەبێتەوە، چەقۆیەکی ترە لە پشتی ئەزموون. گێڕانەوەکە بە شێوەی فلاش باک دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بۆ رابردوویەکی گەرم، تەنانەت بۆ ڕابردوویەکی

نزیکی ناو مەنفا، بەڵام کەسی خەیاڵکەر و نۆستالیژ لە دەمی گەڕانەوەشدا ناتوانێت ببیتەوە بە کەسەکەی بەر لە مەنفا، بۆیە فەزاکەی پاش تەواوبوون و ڕەوینەوەی خەیاڵەکانی پێشوی سارد دەبێتەوە و دەبێتە بە فەزا مۆدیرنە بێڕەحمەکەی کە خۆی و ئەنفال بەرامبەر بەیەک دەکەونە گفتوگۆ، لەبارەی سڕینەوە و هەمیشە بەشوێنەبوونی ڕاوییەوە. تەنانەت قەرزکردنی وێنەی سەردەمی خورافی بوون و ڕۆژگاری هەقایەت و ئەفسانەش، ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو. بۆیە بەردەوام دەڵێت لە ئێستادا دەوەستم، ناشیەوێت بچێتە داهاتووەوە. کاتێک ئەوینەکەی بە شەهرەزاد ناودەبات، لەبری چوونەوە ناو ئەو فەزا ئستۆرەییە، حیکایەتی شەهرەزادیش دەگۆڕیت لە فەزا مۆدێرنەکەدا. لە باسێکی تردا لە بارەی ئەم گۆڕانەوە دوابووین، ڕەنگە وەک خۆی هێنانەوەی یارمەتی نیشاندانی فەزاکەمان بدات.

ڕاوی لە ئێستادا هەڵوێستە لەسەر جێهێشتنی شەهریار دەکات و دەمانخاتە گومانەوە بەرامبەر بە کەسێتی شەهریارانەی خۆی و لە ڕێگای زمانێکی ناسۆردەربڕەوە وێنەی شەهریارێکی عاشقمان نیشاندەدات کە هەنوکە زەمەن گورزی خۆیی لێ وەشاندووە و لە کونجی تەنیایی خۆیدا بێ چەک ڕووبەڕووی ئایندە بۆتەوە کە بەڕێوەیە. شەهریارێک کە کات دەبێتە وێنەی دێوەزمەی ئەنفال و بەردەوام لەسەر سنگێتی و نایەڵێت بوونێکی مرۆڤ ئاسای هەبێت لە دەرەوەی ئەنفالدا، هاوکات لەگەڵیشیدا پرشنگێکی دوور بۆ ژیان لە دەرەوەی کات بەدیدەکات، ئەویش یادەوەری عەشقە! زمان دێتە گۆ و شەهرەزادئاسا دەدوێت بۆ هێشتنەوەی لەو کابوسەدا، بە واتایەکی تر شەهریارێک لە ناخی دەقدا لە نێو زەمەنی ئەنفالدایەو عەشقێک دێت و ڕابردووی خۆیی بۆ دەگێڕێتەوە، تا لەگەڵ ئەنفالدا بێت تا هاتنی سەری ساڵی نوێ.

لە ئاستێکی دی و بە ڕاڤەیەکی دی، شەهریار دانیشتووە و پاشماوەی چیرۆکەکانی شەهرەزاد دەگێڕێتەوە کە ئەو نەیگێڕاونەتەوە و بەهۆی جێهێشتنەوە خولقاندنی و سپاردی بە یادەوەری شەهریار تاکو ئەو بۆمان بگێڕێتەوە. لێرادا چیرۆکی عەشق نەک هەر ناگاتە کامڵبوون، بەڵکو بە پەلە تەواو دەبێ و شەهرەزاد دیار نامێنێ و خۆی دەربازدەکات و لە سنووری ژیانی وەگێڕی ناو گێڕانەوەگە دەچێتە دەر، ئەودەم ئاوڕدەداتەوە لەو ساڵانەی هەندەران کە شەهرەزادی هەبووە. لەوێشەوە بیری بۆ دوورتر بۆ ژیانی نیشتمان دەگەڕێتەوە پەی بە بەسەرچوونی ژیان دەبات لە ژوورێکی تەریک و سارد و تەنیادا و خۆی لەبەردەم هەموو هەرەسێکدا دەبێتەوە و چنگەکرێ دەکات بۆ دەستپێکردنەوە و گێڕانەوەی شیعریی دەکاتە گۆڕەپانی یادەکانی {کەسنەزانی: ٢٠١٢b، ٢٧٤}. ئاڵوگۆڕی حیکایەتخوانی لە شەهریارەوە بۆ شەهرەزاد، نیشاندانی وینەی شەهرەزادەکان، کە ئیدی بە دیار حیکایەتەوە دانانیشن، گێڕانەوەکەی کردووە بە گێڕانەوەیەکی نوێ بە ئاوەژووکردنەوەی وێنە خوازراوەکانی سەردەمی بەر لە مۆدیرن و بە مانا تیۆرییە توندەکەی، سەردەمی ساویلکەیی:

هێندە ژنەکانمان خۆشویست تا زمانیان کەوتە گۆ و گۆرانیمان لەگەڵ چڕین،

ئەوان گوێیان لە دەنگدانەوەی خۆیان بوو.

هێندە لە بەر قاچە بچووکەکانیاندا بە سووجدەوە فرمێسکمان ڕشت

تا پێیەکانیان سەوز بوون و کەوتنە گاگۆڵکێ و هەستانە پێ و

شوێن دەنگدانەوەی خۆیان کەوتن،

تا، باڵیان گرت، باڵیانگرت و

لە باوەشی ئێمەوە دایانە شەققەی باڵ و فڕین،

فڕین، بەرەو لەززەتی سەربەخۆیی،

بەرەو هەندەرانی ونبوون... {سیوەیلی:٢٠٠٤، ٤٥}

## پارچەی چوارەم: دەقی والا

پێشتر لە بەشی یەکەمدا لە بارەی ژانرەوە دواین، کە هەندێک لە نوسەران پێیان وایە ناسینی ژانرەکان و جیاکردنەوەیان چ وەک جۆری سەرەکی و چ وەک پاری ناو جۆرەکان گرنگی خۆی هەیە بۆ خوێنەر. خوێنەر کاتێک دەقێک بە ژانری غەزەل و لیریک بە دەستەوە دەگرێت بۆ خوێندنەوە، چاوەڕوانی ئەو لەو شیعرە جیاوازە لەوەی کە دەست دەداتە ڕۆمانێک. لە یەکەمیاندا وشەکان جێگای هەڵوێستە لەسەرکردن و کۆکردنی هەست و هاودڵییەتی لەگەڵ هۆنراوەکە، هەرچی ژانری دووەمە، شوێنکەوتنی ڕستەکان و ماتڵ نەبوونە، بۆ گەیشتن بە دوو وەڵامی دوو پرسیاری گرنگ، چۆن ڕوویدا، بۆ ڕوویدا. هەمان ناسین لە لێکۆڵینە و ڕەخنەی پێشینیش دا گرنگ بوو. کارکردن لەسەر دەق، لە ڕوانگەی ژانرەوە یارمەتیدەری ڕەخنەگر بوو ڕوونتر و ئاسانتر کارەکەی ئەنجام بدات. بەڵام لە ئێستادا پاش پەیدابوونی ژمارەیەک پارەژانری تری وەک {نووسینی هەواداران، چیرۆکی وەتسەپی، دانانی ستۆری ڕۆژانە}، هەم خوێنەر و هەمیش ڕەخنەگر، چاوەڕوانیان لە دەقی ئەدەبی، دەقێکی وەستاو لە قاڵبدراو نییە، وەک "سیلینا کوش" دەڵێت چونکە کاتێک دەقێک هاوتای ژانرێکی دیاریکراو بە نەریتی ژانرەکە نووسرابێت. ڕاستە چاوەڕوانی خوێنەر بەدیدێت سەبارەت بە دەقەکە، بۆ نموونە دەستی داوەتە دەقێکی سەر بە ژانری ڕۆمانی ڕۆمانسی، دەقەکە ڕێکاوڕێک بە پێوەرەکانی ڕۆمانی ڕۆمانسی نووسراوە، بەڵام بە گشتی خوێنەری بیرکەرەوە مەیلیان لەو دەقانە نییە کە موو بە موو لە ژانرەکە لای نەداوە، چونکە ئەو کات هەست بە ماندوویی و چەقبەستوویی دەکەن. ئەو نوسەرانەی چاوەڕوانی خوێنەر ناهێننە دی و دەست بۆ لادانی ژانری دەبەن، دەبنە نوسەری داهێنەر و نوێخواز{کوش:١٣٩٦،٦٣}. بۆ نموونە داهێنان لە ژانری شیعری نوێی دا، وێڕای شێوەپەخشانی و گێڕانەوەییەکەی دەشێت

به شێوەی لادان لە ژانری شیعر بێت بەهۆی میوانداری ژانرەکانی تر بۆ ناو ئەو دەقەی لە پۆلینبەندی ژانری شیعری لیریکی دا تۆمارکراوە، بەوەش جۆرێک لە دەقی نوێ دەهێنێتە ئاراوە، کە سەر بە هیچ ژانرێک نییە و زۆرێک لە ژانرەکانی تر بە تایبەتمەندی خۆیانەوە بەشدارن لە بونیادنانی دا، ئەم جۆرە بە دەقی والا دەناسرێت.

دەقی والا وەک مۆدێلێکی نوێی دەقی شیعریی، پاش شیعری ئازاد و پەخشانە شیعر، بە ژانری دیاری فرەچەشن دادەنرێت. دەق بەهۆی کەرنەڤاڵی یەکگرتنی ژانرەکانەوە بونیاد دەنرێت. دەقی والا، لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی: "دەقی ئاوەلا، دەقی کراوە، دەقی ئاوێتە"یشی بۆ بەکاردێت. مەبەست لەو جۆرەی دەقە کە ((شیعر و پەخشان و چیرۆک و دیالۆگی شانۆیی لە خۆدەگرێت، پتر ڕیتمی گێڕانەوەیی بەسەریدا زاڵە، بێ ئەوەی پشت لە ئیقاعی ناوەکی بکات)){ئەسوەد:٢٠١١،،٢٠٧}. سەبارەت بە زاراوەکە زۆر جار تێکەڵییەک ڕوودەدات لەگەڵ زاراوەی "دەقی کراوە". کە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە ڕاڤە و تەئویلی دەقی ئەدەبییەوە هەیە و زاراوەکە سەر بە ڕەخنەی ئەدەبییە وەک لە تیۆری ئەدەبی و جۆرناسی{ژانەرناسی}. بەو واتایەی دەتوانیت بڵێین: ((زاراوەی دەقی کراوە و دەقی داخراو "Open Text, Closed Text" دوو زاراوەی پێکەوە بەستراون، ئیمبەرتۆ ئیکۆ هێنایە ئاراوە تا بەهۆیانەوە ئاماژە بە جۆرەکانی خوێنەر، جۆرەکانی ڕاڤە و مامەڵەی تەفسیری جۆراوجۆری نێوان خوێنەر و دەق، بدات.)){مکاریک:١٣٨٨، ٢٧٤} لێرەوە بۆ جیاکردنەوەی چەمکەکان، کە یەکێکیان لە بارەی چۆنییەتی مامەڵەی دەق و خوێنەرەوە، ئەوی دیان سەر بە جۆری ئەدەبییە، ئێمە زاراوەی دەقی والا بەکاردێنن، کە زاراوەیەکی گونجاو و چەسپیووە و مەبەستیشمان لێی، ئەو پانتاییە، کە نوسەر خۆی بەیەک جۆری ئەدەبییەوە نابەستێتەوە، لە چوارچێوەی شیعردا، بە پشت بەستن و خواستنی ژانرەکانی تر، دەقێک بەرهەم دێنێت، لە ئاوێتەیی ژانرەکان دروست بووە و هیچیشیان نییە، بەڵکو دەقێکی نوێیە توانای جێکرنەوەی ئەوانی تری هەیە لە خۆیدا. بەشێکی هۆکاری ئەم یەکگرتن و جێبوونەوەیە، پەیوەستە بە ڕەگەزی بالای ناو بونیادەکەوە، کە ڕەگەزی گێڕانەوەیە. ڕەخنەی ئەوروپی دەقی کراوە پەیوەست دەکاتەوە بە ئێستاتیکای وەرگرەوە، هەرچی ڕەخنەی عەرەبییە، زاراوەکەی بۆ جۆرێک لە ئاوێتەبوونی ژانرەکان داناوە، لەم دیدەوە ئەدەبی کوردیش شوێنەکەوتەی ئەو تێڕوانینەیە: ((..ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە پلەی یەکەم سوودی لە ڕەخنە عەرەبییەکە وەرگرتووە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرچاوەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی شێرکۆبێکەس وەک داهێنەری ئەکەمی ئەم چەمکە لە ئەدەبی کوردیدا- زمانی عەرەبی بووە، هەروەک خۆی لە چەندین بۆنە و شوێندا ڕاشکاوانە ئەمەی دووپات کردووەتەوە)){کەریم و ڕۆستەم: ٢٠١٩}

لە دەقی والا دا، ئەو بەن و دەزووەی، ژانرەکانی تر پێکەوە دەهۆنێتەوە، گێڕانەوەیە، چونکە توانایەکی پەرگیری هەیە بەسەر ژانرەکانی تردا، بەهۆی گێڕانەوەوە، فۆرمە جیاکان بە خەسڵەتی تایبەتی خۆیانەوە، نابنە پارچە و پینە، بەڵکو دەبنە پەزڵ و بەشی مینیاتۆری ناو دەقەکە و دواجار

دەقەکە یەکپارچە خۆی دەنوێنێت. لە ئەدەبی کوردیدا "شێرکۆ بێکەس" بە دەنگی دیاری ئەم جۆرەی دەق دەزانین، هەندێک جار زاراوەی والا، هەندێک جاریش دەقی کراوە بەکار دەهێنێت، لە پێشەکی دەقی ملوانکەدا بەم جۆرە وەسفی جۆرە ئەدەبیەکە دەکات: ((بەڵی ئەم کتێبەشم هەر ناوناوەو دەقێکی والا!. بەڵام من مەبەستم لە تێکستی والا و کراوە چییە؟! لە سادەترین پێناسەکردندا. ماڵێکە نە یەک بابەت و نە یەک فۆرمی دیاریکراوی تیا ناژی. هیچ کام لە شیعر و چیرۆک و پەخشان و پەخشانەشیعر و شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکە نین. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ماڵی هەموویانە. دەشێت لە حەوشەی ئەم ماڵەدا گوێمان لە خوێندنی باڵندەکانی شیعر بێت، یان لە ژوورێکدا چاومان بە نەخشونیگار و مافووری ڕەنگاڵەی پەخشان و پەخشانەشیعر بکەوێت. یان لە ڕارەوێکدا تووشمان ببێت بە تووشی حیکایەتخوانێکەوە، چاومان بە ڕەوتی چیرۆک بکەوێت یان لە هۆڵەکەیدا درامای شانۆ ببینین. هەر جارەی ببینە میوانی یەکێکیان. کەواتە ئەم جارەش من هەر شیعرم نەنووسیوە، بەڵکو کتێبیکە ئاوێتە لە هەموویان و ملوانکەش ئەو فۆرمە جیاوازانەی پێکەوە هۆنیوەتەوە)){بێکەس: ٢٠٠٧، ٦}. پێشتریش هەمان ڕوونکردنەوەی لە دەقی " کورسی" دا دابوو، کە لە یەکگرتنی ئەم ژانرانە، ڕۆمان دروست بووە. لە دەقە درێژەکانیدا وەک ناساندنی بەرهەمەکە وشەکانی: "قەسیدەی درێژ، ڕۆمانەشیعر، پەخشانەشیعر، دەقی والا"ی بەکارهێناوە. لە هەمووشیاندا هاوتای بونیادە شیعرەییەکان، ڕەگی گێڕانەوە بە ناو دەقەکەدا داکوتراوە و لایەنە جوانیێژییەکانی شیعرەی لەسەر بونیاد نراوە.

شێرکۆ بێکەس لە نامەیەکیدا بۆ ڕەوف بێگەرد، لە بارەی فۆرمی نوێی شیعرەوە دەدوێت، هەوڵی فراوان بۆ گۆڕینی قاڵبە باوەکان دەدات، نموونەی دیار و سەرکەوتویشی "دەربەندی پەپوولە"یە. نامەکەش هەر لە بارەی ئەم بەرهەمەوەیە: ((من لە ڕووی نووسین و بەرهەمەوە لێم دەڕژێت، هەست ناکەم نە تووشی بارانبڕان بووم و نە ماندوویشم. دوا بەرهەمم "دەربەندی پەپولە"یە کە ئێستە لە ژێرچاپ دایە. یەک قەسیدەی درێژی درامییە کە بە نەفەسی ڕۆمان نووسیومە. نامۆیی و نیشتمان و مێژوو و یادگارە، بە قەوارەی مام ناوەندی(١٨٢) لاپەڕەیە، تاقیکردنەوەیەکی تازەمە، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی شیعر لەو قاوغە بەرمە دەرەوە کە تا ئێستا گیریان تیا خواردووە، پارانۆمایەکی هەزار ڕەنگە..)){کەسنەزانی:٢٠١٤، ٢٥٦}

به تەماشاکردنی کارنامەی شێرکۆ بێکەس، هەست بەو گۆڕان و کرانەوەیە دەکەین، هەمیشە لە فۆرمێکی شیعرییەوە بەرەو فۆرمیکی نویَ چووە، ئەگەر تەماشای ناساندنی دیوانەکانیشی بکەین هەر یەک لەم زاراوانە دەبینین: (شیعر، شیعری درێژ، پۆستەرەشیعر، چیرۆکەشیعر، ڕۆمانە شیعر، دەقی والا، دەقی ئاوێتە، ڕۆمانەشیعر، پەخشانە شیعر، شیعر و پەخشان، شانۆنامەی شیعر، یادداشتە شیعر). ئەگەرچی جاری وایە ئەم ناوانە نابنە ناسنامەی تەواو، چونکە ئیتر هێندە بەیەکدا دەچین کە جیاکردنەوەیان ئەستەمە، بۆ نموونە، شیعری کورت و پۆستەرەشیعر، کە هەندێکیان وەک کورتەچیرۆکی شیعری وان، تەنها لە پۆستەرە شیعرەکان و حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک دا نین، بەڵکو لە زۆربەی ئەو دیوانانەدا هەن بە ناوی شیعر و پەخشانەوە بڵاوکراونەتەوە. بە

تەماشاکردنی وردی شیعرەکانی، هەست بە هەمیشە زاڵی ڕەگەزی گێڕانەوە دەکەین، ئەمە نەک تەنها لە دەقی والادا کە بڕیارە لە بارەیەوە بدوێین، بەڵکو لە پۆستەر و پەخشان و شیعرە درێژەکانیشدا. بۆ بەرچاوڕوونی خشتەی ژانەریمان بە پێی ناساندنی سەر کتێبەکانی خۆی کێشاوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت، بەردەوام شێرکۆ بێکەس لە کەڵکەڵەی ئەزمونکردنی ژانری نوێدا بووە، ئەمەش وای کردووە، بەردەوام ناساندن و پێناسەی ئەو بۆ بەرهەمەکانی خۆی لە گۆڕندا بن و نەچەسپن:

| | |
|---|---|
| شیعر | تریفەی هەڵبەست، کەژاوەی گریان، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ئافات، مێرگی زام، مێرگی هەتاو، نسێ، ژن و باران، پایزە میوان، تەون، کەشکۆڵی پێشمەرگە، خێراکە مردن خەریکە بگات. |
| شیعری درێژ | دوو سروودی کێوی، داستانی هەڵۆی سوور، تەمتوومان، بۆننامە، ڕەنگدان، پیاوێ لە دارسێو |
| پۆستەرەشیعر | کازیوە، پۆستەرە شیعر، ئاوێنە بچکۆلەکان، حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک |
| چیرۆکە شیعر | ڕووبار، داڵ |
| شانۆنامەی شیعر | کاوەی ئاسنگەر، ئاسک |
| پەخشان | چراکانی سەر هەڵەموت |
| یادداشتە شیعر | یادداشتی ماکەوێکی ڕەشپۆش |
| ڕۆمانە شیعر | خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، گۆڕستانی چراکان، دەربەندی پەپوولە |
| دەقی ئاوێتە | لە چلەی چلچرایەکدا |
| شیعر و پەخشان | خۆم ئەو وەختەی باڵندە بوون، ئێوە بە خۆشەویستی ئەسپێرن، تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین، زێ و زنە، لە گوڵەوە هەتا سووتوو |
| تێکستی والا | سرووده بەردینەکان، کورسی، ملوانکە، ئێستا کچێک نیشتمانمە، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە |

**کورسی، وەک دەقی والا:**

دەقی کورسی بەر لەوەی شیعر بێت، گێڕانەوەیە. گێڕانەوە لە زمانی تەختە و دارەوە کە پێشتر درەخت بووە! دەلالەتی دارێتی و تەختەیی کورسی جیاوازە لە دەلالەتی درەختبوونی. شێرکۆ بێکەس زیرەکانە توانیویەتی درەختبوونەکە لە دار و تەختەیی و لە فۆڕمی کوسییدا بە زمان بهێنێتەوە. بە زمانێکی شیعری و وێنەی هونەری یادەوەرییەکانی نوسەری دەقەکە دەگێڕێتەوە لە زاری کورسییەکەوە. ئەمەش دەقەکە دەکات بە دەقی والای بیۆگرافی و خۆژیاننامەنووسی. بەو جۆرەی کە ڕەگەزی زاڵ لە دەقی خۆژیننامەنووسی دا گێڕانەوە، لە بونیادی دەقی والاشدا زمان بارگاوییە بە شیعرییەت، ئیدی وەگێڕی ڕووداوەکان لە ڕێگەی دەنگی شاعیرەوە دێتەگۆ و ئیمە بەر چەمکی وەگێڕی شیعری دەکەوین. {کەریم و ڕۆستەم: ٢٠١٩}

پلۆتی گێڕانەوەکە بە دەنگی وەگێڕ دەست پێدەکات کە ڕۆژانە لە چاخانەیەکی بچوکی شێداردا دادەنیشیت و شایەتی ڕووداوە زۆرەکانی شارەکەی دەبێت {سلێمانی}. وەگێڕ کە نوسەری دەقە و بە شێوازی میتاگێڕانەوە لەگەڵ کارەکتەری ناو گێڕانەوەکەیدا مامەڵە دەکات، پاش باسکردنی تەنهایی و نیشاندانی شاعیریێتی خۆی، وەک ئەوەی چیرۆکبێژی سەر شانۆ بێت، کارەکتەرەکەمان بە پێدەناسێنێت، کێیە و نەوەی کێیە ولە کوێوە هاتووە، پاشان بێدەنگ دەبێت و ڕووناکی دەخاتە سەر کورسییەکە تا خۆی دەست بە گێڕانەوە بکات. دیمەنی گێڕانەوەکە وەهایە، کە کورسییەکە لەگەڵ تاکێک قەنەفەی عوسمانی و کورسییەکی سنەیی دانیشتوون و کۆمەڵێک کورسی تریان لە دەورە، ئەم کورسییە کە بووە بە وەگێڕ و ڕۆڵی پاڵەوانی چیرۆکەکەی پێدراوە، یادەوەری خۆی دەگێڕێتەوە، لەسەرەتادا یادەوەری ئەو وەک درەخت و دواتر وەک کورسی باس دەکات، پاشان دەستاودەستکردنی و گەڕانە زۆرەکانی و خاوەنە جیاوازەکانی. لێرەوە کورسی دەبێتە زارێک، چیرۆکی یەک ئەو شوێنانە دەگێڕێتەوە کە تیای بووە و لە بارەی ئەو کەسانەوە هەقایەتخوانی دەکات کە لەسەری دانیشتوون. هەردوو وەگێڕ چ نوسەری دەقەکە و چ کورسی، ڕۆڵی خۆیان وەک ڕاوی دەگێڕن. ئەگەر ئاماژەیەکی کورت بدەین بە ڕۆڵی وەگێڕ بەو جۆرەی لە کتێبیی " وەگێڕ و دەقی چیرۆکی" دا هاتووە:{الکردی:١٩٩٦ ٥٩-٦٨}

١. ئەرکی قسەکردن و هەواڵگەیاندن.
٢. ئەرکی ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن
٣. ئەرکی هەڵسەنگاندن
٤. ئەرکی ئاماژەی ڕاستەوخۆ
٥. ئەرکی بەیانکردن و گەیاندن
٦. ئەرکی ئایدۆلۆجی
٧. ئەرکی داهێنان یان جوانیناسی
٨. ئەرکی ناباوی
٩. ئەرگی بەڵگەنامەیی
١٠. ئەرکی زارەکی بەخشین بە ئەدەبی نووسراو.

کورسی، یادەوەری خۆی لەو دانیشتنە شەوانەیەدا، بۆ دۆستەکانی باس دەکات، ناو بەناو ئەوان پرسیار دەکەن و دێنە ناو گێڕانەوەکەوە. کورسی وەڵام دەداتەوە و لە یادەوەری خۆی بەردەوام دەبێت، تا گێڕانەوەکانی دەگاتە کۆتایی و وەسێت دەکات، کە مرد بیسووتینن. لێرەوە ڕووناکی لەسەر کورسی و هاوەڵانی لادەچێت. چیرۆکخوان کە خۆی وەک نوسەری دەقەکە ناساندووە، یادەوەری و بەسەرهاتی خۆی بە کورتی دەگێڕێتەوە کە سەفەری هەندەرانی کردووە و دواتر کە هاتۆتەوە بەسەر ئازادی دا کەوتووە، هەواڵی کورسی و هاوەڵەکانی دەپرسێت، پێی دەڵێن تۆ لە گوێی گادا نووستووی، چونکە ئەوان وەختی خۆی نێرداون بۆ گەرمیان و دوایش لەوێ ئەنفال کراون. گێڕانەوەکە بە ئاوێتەکاری و بەیەکداچوونی فۆڕمە جیاکانی ئەدەب بونیادنراوە، تێهەڵکێشی

ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب و کرانەوەی دەق بەسەر هونەرە جیاوازەکان دا، وادەکات هەر یەکێکیان بەئاڕاستەی خۆی هەڵگری مانایەکی تایبەت بێت و لەهەمان کاتیشدا ئاماژەیەک بێت بۆ مانای جیاواز، ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی دەق لە ڕووی ماناوە، هاوکات کرانەوەی دەقەکەش نیشان دەدات بەڕووی فرەچەشنی سەرچاوە بونیادنەرەکانی دا، بەم پێیەش دەقی والا باشترین تەکنیکە جوانسییەکان بۆ خۆی دەستەبەر دەکات و سەرلەنوێ لە چوارچێوەیەکی هونەری و ئەدەبیدا دەیخاتەوە ڕوو{عارف:٢٠١٩، ١٥-١٦}، لێرەدا دەستنیشانی ئەو ژانرانە دەکەین کە بوونەتە بونیادنەری دەقەکە:

☐ **بونیادی ژانری:** لە دەقی کورسی دا{بە نزیکەی لە دەقی ملوانەکە، ئێستا کچێک نیشتمانمە-یش دا} بونیادی دەق بەهۆی ئاوێتەکردنی ژانرەکانەوە هاتۆتەدی. هەر ژانرەی بە هەمان نەریت و تایبەتمەندی خۆیەوە، چ لە ئاستی ڕووکاری و فۆرمەوە، چ لە ئاستی بونیاد و زمانی داڕشتنییەوە، لە دەقەکەدا کاران. بۆ نمونە: کاتێک نوسەر گێڕانەوەکەی بە شوازی شیعر دەگێڕێتەوە، شێوەی شیعری لە ئاستی بینیندا بە پارچەکەوە دیارە، مەودای دێرەکان و فەزای بۆشی پەڕەکە نیشاندەری ئەو پارچەیەن، کە بە شیعر هۆنراوەتەوە، کاتێکیش گێڕانەوە شێوەی چیرۆک وەردەگرێت، دیسانەوە نووسین بەشێوەی پەرەگراف و ڕستەکان لەپاڵ یەکدا دەپەستێورێن و خوێنەر تەنها بە چاو دەزانێت گۆڕانی ژانری ڕوویداوە. ئێمە لێرەدا ژانرەکان کە بەشدار بوون لە بونیادی دەقەکەدا جیا دەکەینەوە.

**شیعر:** لە هۆنراوەدا دەتوانین سەرنج لەو خاڵە بدەین، سەرەرای شێوەی نووسین و مەودای دێرە و کورتی و درێژی دێرەکان، وێنە و ئاواز و مۆسیقا، دەبنە دەرخەری خەسڵەتە ڕەسەنەکانی کە هۆکاری شیعر بوونییەتی. بۆ نموونە لە کورسی دا سەرەتای دەقەکە، بە گێڕانەوەیەکی شیعری دەست پێدەکات، بە زمانئاراییی و وێنە و ڕیتمەوە خوێنەر لەگەڵ خۆی دەباتە ناو چیرۆکەکەوە:

منی نووسەری ئەم دەقە، دێرزەمانە

لەم شارەدا، چوون بایەکی شێتوویتی

پێخاوسی شەرواڵ دڕاوی سەرگەردان،

دێم و دەچم و جارێک ئەبم بە شیعرێکی

مەست و سەرخۆشی مەیخانە و جاریکی دی

بە چیرۆکێکی کۆماوەی ناو خەڵوەتێکی سۆفیانەو

یان بە گوناهی بێداڵدە و یان بە پەخشانی

بی ماڵی ئەو دەشتانە و یان بە شانی گەلاڕێزان {بێکەس:٢٠٠٥، ١٣}

**چیرۆک:** دارِشتنی چیرۆکی لە ڕووی فۆرمەوە، بەشێوەی ڕستەی لەپاڵ یەکنراو و دواجار پەرەگرافی تەواو دەردەکەوێت، شاعیر لە بەردەوامی گێڕانەوەدا، هەندێک جار دەستبەرداری ڕیتم و ئاواز دەبیت بە شیوەی چیرۆک گێڕانەوەکەی تەواو دەکات. ئەو دەمەی زمانی پەخشانی و شێوەی چیرۆکخوانی گێڕانەوەکە دەگرێتە دەست:

بە شەو خۆی و چەند تاکێ لەو کورسییانەی دەوەروبەر، قەفەیەکی عوسمانی فێست لەسەر و ئەسکەمیلیکی راکردووی، خۆ گۆڕیوی خەڵکی سنە، ئەمێننەوە. لە ناو یەکدا حیکایەتی ژیانیان و ڕابردوویان، لە ڕەگەوە لە بنج و بیخی دیاکەوە یان باوکەوە، لە گەڵاکانی دڵداری و لە هەزنەکانی خەزان و لە بڕینەوەی جەستەیان، بۆ یەکتری دەگێڕینەوە. {بێکەس:٢٠٠٥، ٣١}

هەندێک لە گێڕانەوە چیرۆکییەکان، کە کورسی ناتوانێت بیان گێڕێتەوە، وەگێڕی سەرەکی خۆی دیتە ئاراوە و بە چیرۆک بەیانی دەکات:

بەیانییەکی ئێسک سووکی پاییز بوو، دنیا تازە خەریک بوو گڕەی گەرمای هاوین لە لەش دەرچێ. نوبەناویش شنەی شەماڵێ کە دیار بوو لە بەفری سەر پیرەمەگرونەوە بەڕێ کەوتبوو ئەگەیشت و لە ساتەوەختێکی خێرادا بە کزە خۆشەکەی فێنکی دەکردیتەوە. دیلان لە ماڵ هاتە دەرێ، قاتێکی تازەی زەیتوونی لەبەردا و بۆینباخێکی سوور لە ملدا و تاسەر ناوک شۆڕ و قژی ڕەشی داهێنراو بە بریسکە و خوینی لاوێتیش لە لەشدا قوڵپی ئەدا.. {بێکەس:٢٠٠٥، ١٦٢}

**چاوپێکەوتن:** چاوپێکەوتن وەک بابەتی میدیایی، جۆر و مۆدێلی خۆی هەیە، دەکرێت ڕاستەوخۆ تەنها پرسیار و وەڵام بێت، یان خود بە شێوەی چیرۆکی کەسی دیدارسازکەر فەزا و شوێن و بارودۆخ و ژینگەی چاوپیکەوتنەکە پەسن بدات. لە کورسی دا گێڕانەوە بە زمانی شیعری بەردەوام دەبێت لە دەقەکەدا و شیعر و ڕیتمی خۆی وەردەگرێت، تا بە هەمان ڕیتم، بێئەوەی بێتەوە ناو پەخشان، گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانی، سازدەدات، کورسی بە شێوەی بینەری گشتی دەیگێڕێتەوە:

لەبیرم دێ نەورەسێکی

پانتۆل لەبەری قژزەردی ڕۆژنامەنووسی هەڤاڤی

جارێک ڕێی کەوتە لای ئێمە

دەیوست ڕیپۆرتاجێکی جوان لە بارەی

هەردوو ژیانی درەختەوە بنێری بۆ ڕۆژنامەکەی....

دەیان پرسیاری لێکردم

هەستا ئێستاش پرسیارەکانیم بیرماوە

یەکەم پرسیار: ئەی تۆ ئاواتەخوازی چیت؟ ببی بە چی؟

و: به مێزی ژووری شاعیرێ

پ.ئایا خۆشەویستت هەیە؟

و.تەماشاکە ئا ئەو کچەدارهەنارەی ئەوبەرەوە.

بەڵام تەیمانی توترکی باوک و دایک و براکەیان ڕێی لیگرتووین.( {بێکەس:٢٠٠٥، ٦٩}

**هەقایەت:** له پاڵ گێڕانەوەی چیرۆکی دا، کورسی لە باسی "ئەوبا" و "ئەلبێرت عیسا"دا، بە شیوەی هەقایەت بەسەرهاتەکە دەگەڕێتەوە، بەو جۆرەی کە هەقایەتخوان دانیشتوە و گوێگرەکانی لە دەورین و چاولە دەمی ئەون بۆ گێڕانەوە، ئەویش بەردەوام ئەوانی لە یادە و دەیەوێت بەشداریان لە گێڕانەوەکەدا پێبکات:

..ڕۆژێک عاشق میوانی هات. میوان هاتە باڵکۆن و ئۆکۆردوێنێ بە سنگەوە. میوانێکی زۆر بۆنخۆش بوو.بۆنی گەردنی مریەم و بۆنی مۆردی ماڵی کەریمی ئەلەکە و بۆنی "ئەبونا"ی لێ دەهات. گەنجێکی کەمێک گردەڵە، مەدالیا سەلیبیکی کردبووە مل. تا ئەو کاتە من نەمدی بوو هیچ میوانێ هێندەی ئەم میوانە مۆسیقارە لە لای عاشق خۆشەویست بێت من ئەڵیم دە، ئێوە بڵێن سەد ماچی زیاتر کردووە...

**دیمەنی شانۆیی:** ناسینەوەی دەقی شانۆیی لە ژانرەکانی تر ئاسانترە، چونکە چ بە شیوەی نمایش چ وەک دەق، دیمەن و پەردەکان بە روونی جیادەکرێنەوە، بە تایبەت لە دەق دا روونکردنەوەی پیوست لە بارەی شوێن و کات و جۆری پۆشکا و جۆری هەڵسوکەوت دەدرێت. لێرەدا کاتێک کورسی لە بارەی چێوارەوە دەدوێت، گێڕانەوەکە لە فۆڕمی شیعر و پەخشانەوە دەبێت بە دیمەنی شانۆیی:

"سەرشانۆ. شەو درەنگە. ژوورێک. کورسییەکە و مێزێکی تەختە. ڕوو لە بینەران"

کورسییەکە: شەو درەنگی کردووە و بەڵام من هەر چاوەڕوانم.

تۆزێکی تر چێوار دەگەڕێتەوە. بادە و مەراق تەواو مەستیان کردووە،

دەست دەداتە باڵم و کەمێک لە مێزەکە دوورم دەخاتەوە... {بێکەس:٢٠٠٥، ١٣٨}

**بەسەرهاتی ڕۆژانە:** هەندێک جار گێڕانەوەکە لە چیرۆک و هەقایەت و یادەوەرییەوە دەگۆڕیت و سادە دەبیتەوە بۆ گیرانەوە بەسەرهاتی ڕۆژانەی ناو خەڵکی. ئەمەش لەو شوێنەدایە، کە گفتوگۆی ئاسایی ناو قاوەخانە و چایخانەکانمان وەیاد دێنیتەوە:

ئیتر بەو جۆرە وەک گوێتان بە حیکایەتی ژیانم بوو، خاوەنەکەم وەیزانی بوو، من نەماوم. ئاخر ئەمیش هەروەکو خۆم هەورامییە. زۆر گەڕا بوو منی نەدۆزیبووەوە دابرانەکە درێژ بوو، زۆر درێژ بوو. تا گەشتمە مەزاتخانە و تەنیش عەلادینە هەڵەوەڕەکە، لەوێ ڕۆژێ هەر بە ڕیکەوت چایچییەکەی جاری جارانم منی بینی و ناسیمییەوە و کڕیمییەوە منی هێنایەوە ئێرە! {بێکەس:٢٠٠٥، ٢٢٩}

هەر یەک لەم ژانر و فۆڕمانە، سنووریکی زۆر تیواری جیایان دەکاتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی ناو یادەوەری وەگێڕ و کورسی، بوونەتە هۆکارێک تا هەر یەک لە ژانرەکان، یارمەتی دەری تەواوکاری گێڕانەوەکە بن. لە کوێدا زمان پیوستی بە ئاواز بوو، شیعر دێتە ئاراوە، لە کوێدا ڕووداو زمانی ڕوونکردنەوەیی و پەخشانی ویست چیرۆک و هەقایەت دێتە پێشەوە. هەرکاتێکیش شاعیر ویستی هونەرکاری خۆی بنوێنێ و پشوویەک بە خوێنەر بدات، ئەوا شانۆ و دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و تەنانەت قسەی ئاساییش دەهێنێتە ئاراوە، تا چیرۆکەکە بگێڕێتەوە. لە کۆتایشدا خوێنەر لە زاری کورسییەوە دەیان ڕووداوی بۆ گێڕاوەتەوە، چەندەها کارەکتەری ناسیوە و دواجار لە یەکێتی ئەمانەدا هەست دەکات دەقێکی هەرگیز لە یادنەچووی خویندۆتەوە.

گێڕانەوە لە دەقی کورسی دا، بازنەییە، لە کوێوە دەست پێبکات دوای زنجیرە ڕووداوێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵە. لە زۆر شوێن دا و لە ناو هەر یەک لە ژانرە جیاکاندا کورسی لە قۆناغێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی تر و ساڵانێکی تەمەنی کە دەکریت شتێکی گرنگ تیای ڕوونەدابێت، لادەدات و دەپەڕێنێت. چونکە کاتی گێڕانەوە شەوێکە لە ناو چاخانەکەدا، بەڵام کاتی ڕووداو لە سەردەمی درەختییەوە کە دووسەدە بەر لە ئێستایە تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی پێشووە، بۆیە گێڕانەوەکان و بەسەرهاتەکان، چەند وێستگە و خاڵی گرنگن. ئەم لادانەش وەک بەشێکی هونەرکاری گێڕانەوە، دەبیتە یارمەتیدەری جوڵە و بزاوتی گێڕانەوەکە. دەتوانین بڵێن برین یان لادان ((دەبێتە هۆی توندبوونی زۆری ڕەوتی داستان. لادان بریتییە لە باس نەکردنی ماوەیەکی درێژی داستان لە لایەن وەگێڕەوە. مەنتقی ڕووداوەکان دەڵێت شتیک هاتۆتە پێش، لە خاڵێکدا دەق باسی ناکا، کەوابوو وەگێڕ کاتێکی یەکجار زۆر کەم تەرخان دەکات بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی مەودایەکی بەرچاویان خایاندووە، چونکە هیچ نانووسێت لەسەر هەندێک شت کە هاتوونەتە پێش)){ژووف:٢٠٢٠،٩٥}

چیرۆکەکەی لە نێوان ئەندێشەو واقیعدا بونیاد نراوە، بەو جۆرەی کە لە داڕشتنی پلۆتی گێڕانەوەکەدا شێرکۆ بێکەس، بە ڕەوتی مێژوویی بەسەرهاتە ڕاستەقینەکان دەگێڕێتەوە و هاوتای تەمەن و بیرەوەری خۆی گێڕانەوەکە بەڕێوە دەبات، ئەمەش ئەو کات تەواو ڕەنگی خۆی وەردەگرێت، کە باسی جێهێشتنی کوردستان و دواجار گەڕانەوەی پاش ڕاپەڕین دەکات.

## □ بونیادی هونەریی:

لە پاڵ یەکبوونی ژانرەکان و بونیاد دەقەکە و ناساندنی وەک دەقی والا، بە گرنگی دەزانین لە بارەی بونیادی وێنەی شیعری و بونیادی هونەرییەوە بدوێین. باسکردنی وینەی هونەری یان لایەنی ڕەوانبێژی هۆنراوە، بە چەندان شێوە دیاری دەکرێت. بۆ نموونە دەشیت بۆ جوانیناسی هۆنراوە تەماشای ئەم لایەنانە بکەین لە دەقەکەدا: (یەکێتی، هاوتایی، بەرامبەری، هاوسەنگی، جۆراوجۆری، ڕوونی، لێڵی، گونجاندن، جوڵە) یان خود لە ڕوانگەی زمانی بە وێنەوە تەماشای بکەین (خوازە، خواستن، درکە، خوازەی بەرەلا). دەشکرێت وەک بونیادی فرەلایەنەی وێنەی هونەریی تەماشا بکرێت. وێنەی هونەری یان وێنەی شیعری ((پێکهاتەیەکی گرنگی بنیاتی شیعرییە و شاعیر لە شێوەی تابلۆیەکی هونەریی دا دەریدەبڕێت، لێرەدا کەرەستەی شاعیر بریتین لە وشەی جوان و ئەندێشە و خەیاڵ و دەروونی شاعیر، کەبەهۆیەوە ئەزمونی خۆی و تێڕوانینی بۆ ژیان و سروشت لە دەقیکی شیعری دا دەردەخات)){ئەسوەد:٢٠١١، ١٩٥}. وێنەی شیعری لە شیعری نوێدا، بە یەکێک لە چالاکترین ڕەگەزە بونیادیەکان ددەنریت، بە گەلێک شێوە دروست دەبیت و هاوتا گەلیک ئەرکیشی هەیە، یەکێک لەوانە پاش نەمانی سەروا و گۆڕانی شیعر لە کلاسیکەوە بۆ شیعری ئازاد، وێنە ڕۆڵی بەستنەوە و گریدانەوەیە پارچەکانی شیعر دەگریتە ئەستۆ.{عیسا:٢٠٠٩، ٢١}. لێرەدا ئێمە بە باشی دەزانین لە ڕوانگەی سێ جۆر وێنەوە تەماشای بونیادە هونەرییەکە بکەین، لە وێنەی زاڵ و پەرگیری ناو دەقەکەیە ئەویش: (بە تەنەکردن، بە گیانەوەرکردن، بە کەسکردن)ە.

- **بە جەستەییکردن(بە تەنکردن):**

بە واتای پێدانی قەبارە و بارستایی بە شتە واتایی و ژێرییەکان، چونکە شتە واتاییەکان هیچ تەنیکیان نییە، شاعیر دێت بارستایی و قەبارەیان پێدەبەخشێت و وێنەی هونەری پی بونیاد دەنێت، تا لە زەینی مرۆڤ دا جێگر بن. {عیسا:٢٠٠٩، ٨٧} لە وێنەی بە تەنکردندا، شاعیر نایەڵیت هیچ شتێک نەبیرنراو درک پێنەکراو بێت، بۆیە سیفاتی شتی پێدەبەخشێت، هەندێک جار لە شتەوە دەیکات بە گیانلەبەر یان بە کەس. ئەویش تێپەڕاندنی هەر سێ قۆناغەکە وێنەییەکە. لێرەدا هەندێک نموونە نیشان دەدەین کە ئەم دەربڕینانە وێنەی بە تەنکردنیان دروست کردووە: (شیعری مەست و سەرخۆش، دەستی مەراق، ژێرچەنەی یاد، دەنگی ڕۆحی، بچووکبوونەوەی تەنایی، گەورەبوونی بێدەنگی، دنیای سیاسەت، خەمی سپی، باوەشی وەرز، وەرزی دڵڕەق..)

-جارێک دەبم بە شیعرێکی مەست و سەرخۆشی مەیخانە {بێکەس:٢٠٠٥، ١٢}

-دەستی مەراق ئەخاتە ژێرچەنەی یاد و یەکلەدواییەک وەکو سیگار، تەم ئەکێشێ {هەمان، ١٤}

-وا هەست ئەکەی دەنگی ڕۆحی وەکوو جەستەی

هەڵئەقرچێ و بەردەوامیش وەکو بڵێی لە جۆلانەی ئاگردایە {هەمان،١٨}

-بەڵام ئەو وەختەی تەنیایم

بچووک بچووک ببێتەوە و

بە تنها جێی ئاخەکانی تیا بێتەوە و بیدەنگیشم زۆر گەورە بێ {هەمان، ١٢٩}

-ئەم سیاسەتە دینایەکی وشک و برینگە {هەمان، ١٨٨}

-من خەمی سپی دارسێویکی نەفرەتیم لە باوەشی وەرزیکی دڵرەقدا بۆ هێناوی. {هەمان، ٢٠٣}

- **بە گیانلەبەرکردن:**

لە ڕاستیدا هەر ئەم جۆرەی وێنە و تەنانەت دوانەکەی تریش، هێڵێکی تەنک لە یەکیان جیا دەکاتەوە، چونکە ئەم وێنەکارییە ئەگەرچی لە ئێستادا لە ناو ئەدەبدا بایەخی هەیە، بەڵام لە هزری مرۆڤی دێرین دا، بەشێک بوو لە باوەڕ. باوەڕ بەوەی کە هەر شتێک لە دنیادا هەیە گیانلەبەرە. هەندێک لەو باوەڕانە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا بە شێوەی سواو دەبینرێت بۆ نموونە: قاچی کورسییەکە، چاوی عەلادینەکە. ئەمانە نابنە جێی سەرنج، بەڵام کاتێک شاعیران بە هەمان خەیاڵی مرۆڤی دێرینەوە دەڕواننە جیهانی دەوروبە، سەر لەنوێ جیهانە گیاندارەکە بە وێنە نیشان دەدەنەوە.{شمیسا:١٣٧٦، ١٧٨}. لە گێڕانەوەکەدا بەر دەیان وێنەی وەها دەکەوین. ڕەنگە باشتر بێت بڵێین، کۆی گێڕانەوەکە لە ناو جیهانێکی زیندوودا بەڕێوە دەچێت. هەور دڵی هەیە، ئاو چاوی هەیە و کوێر بووە، دەرگا گوێی هەیە و کەڕ بووە، درەختەکانیش وەک بونەوەر پێیان گرتووەو هەڵاتوون:

- ئەڵێی هەورکی بچکۆلەی دڵگوشراوی سەر سەیوانە و

تەمێک کەوتۆتە سەر دیدەی {بێکەس:٢٠٠٥، ١٧}

- پرسیار وەکوو منداڵ کوژرا و

خەون وەکوو شیعر کوژراو

ئاو لێڵایی دیدەی هات و

ئەم پەنجەرانە کوێر بوون و

ئەو دەرگایانە کەڕ بوون و

چەندین درەختیش لە بەری ئەو بەرەوە بۆ

ئەمبەر و یان سەربەرەوخوار هەڵاتن {هەمان، ٢٣٧}

ڕەنگە نموونەی بە گیانەوەرکردن نزیکایەتی زۆری لەگەڵ کەسانەکردن و بەکەسکردن دا هەبێت، لەسەر بنەمای خاڵی هاوبەشی گیانەوەر و مرۆڤ، بەڵام لەو ڕوانگەوەی لە نێو باسوخواسی وێنەی هونەرییدا وەک دوو بابەتی جیا لێی دەڕوانریت، بۆیە بە باشمان زانی وەها داینێن.

- **کەسانەکردن {بە کەسکردن}**

جۆری دیاری ناو شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسە. بە کەسکردن، پێدانی سیفاتی مرۆڤانەیە لە جەستە و گیان و هەست و هزر و تەنانەت مامەڵەکردنە لەگەڵ شت یان چەمک یان گیانلەبەر وەکو مرۆڤ و بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پێگەدار. بەکەسکردن Personnification هەندێ جار بە وشەی بەرجەستەکردن هاتووە کە بەڕای ئێمە بە مرۆڤکردن یان بە کەسکردن گونجاوترە بۆی. بەو شیوەیە ناساندنی بۆ کراوە: ((بریتییە لە بەفیگەرکردن یان وێناکردنێکی فیکری. لە هونەرەکانی رەوانبێژی دا بریتییە لە پیشاندانی خەسڵەتێکی مرۆڤایەتی یان ئەخلاقی بە شتێکی دیکە))(ئەحمەد: ٢٠١٢، ٦٧}. بە کەسکردن بە یەکێک لە جوانترین وێنەشیعرییەکان دادەنرێت، شاعیر شت و تەنە بیگیانەکان، دەباتە زەینی و لە ڕێگەی کەناڵی خەیاڵەوە جوڵە و بزاوتیان پیدەبەخشێت و دواجار کاتێک لە دیدگای ئەوەوە تەماشای سروشت و شتەکانی دەوروبەر دەکەین، هەموو شتێک لە بەرامبەرمندا پڕە لە ژیان و جوڵە.{کدکنی: ١٣٨٦a، ١٤٩}

لەم دیوانەدا بەکەسکردن لە پاڵەوانی یەکەمەوە تا کەسێتییە سەرەکییەکان، وێنەی دیاری ناو گێڕانەوەکەیە. گێڕانەوە لەسەرەتای درەختیی کورسییەوە تا کۆتایی و گفتوگۆی بۆ دوو هاوەڵە عوسمانی و سنەییەکەی. بەکەسکردن هێندە زۆرە، ڕەنگە بڵێن ئەم بەرهەمە لە پاڵ دەقی ملوانکە و "ئێستا کچێک نیشتمانمە"دا سێ بەرهەمن، بێشومار وێنەی بەکەسکردنی تێدایە. لە ملوانکەدا{بێکەس:٢٠٠٧، ملوانکە} (موکێشی سمێڵ بابڕ، کچە ملوانکەی لەش شینی چاوسەوز، و گوێزانی حەشیشەکێش، قەڵەمی کەمدوو، کورە نامە...) کارەکتەر و وەگێڕی چیرۆکەکەن، لە ئێستا کچێک نیشتمانمە دا {بێکەس:٢٠١٢} (ئیرەیی، کێڵ، کرمی ئاوریشم، قەڵەم، گابەرد، دەرد، ناڕەزایی، دیوار، نان، جوانوی بێکار..) دەبنە کارەکتەر و چیرۆکی خۆیان و نیشتمان و نادادپەروەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕیوایەت دەکەن. هەرچی گێڕانەوەی ناو کورسییە، کارەکتەرسازی لە سەردەمی درەختییەوە دەست پێدەکات، ئەم کورسییە کوڕەزای دارگوێزێکی نەقشبەندییە. ئەم دانە پاڵە، ئاماژەیە بۆ نیشاندانی جیهانە زیندووەکە، جیهانی درەختەکان، سەرزەمینی پڕ جوڵە و خرۆش و ژیانە، ئەوان وەک ئێمەی مرۆڤ بوونەوەری کۆمەڵایەتین، تورە دەبن، دوژمنیان هەیە، توشی ئەوین دەبن. کاتێکیش دەبڕدرێن و دەبرینە لای دارتاش، ئەوان لە ژیان و لە کەسێتی ناکەون، بەڵکو بە هەمان ڕۆحی خۆیانەوە، ژیانیان دۆناودۆن دەکات و تەنها بەهۆی دەستی خالقەکەیانەوە فۆرمیان دەگۆڕێت. ئەو ڕۆحەی لە درەختەکەدایە، لە پرۆسەی دۆناودۆنەکەدا، دەچێتە یەکەم شتێک کە لە درەختەکە دروست دەکرێت. وەک چۆن بڕوادارانی ڕۆحگۆڕکێ، بڕوایان وایە کەسی باش دەچێتەوە لاشەیەکی باش و کەسی خراپیش لە لەشی بونەوەری تر دا

دێتەوە سەرزەوی، ئاوها لە قەسیدەکەدا، لە زاری کورسییەوە باسی گۆڕینی کەسوکار و ناسیاوەکانی دەکات، کە لە دوای درەختی بوون بە چی:

وەختێ باوکم ئەم قسانەی بۆ ئەکردم/ بۆ خۆی بووبوو بە کۆڵەکەی ناو مزگەوتێ

ئەوەش دووەم ژنی باوکمە باوەژنمە/ بووە بە کۆتەی قەساب و

ئەویش پورمە بووە بە تەختەی نووسین و

لە ژووری پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی تەویڵەدا هەڵواسراوە

ئەوەش مامە بووە بە ڕەفەی دوکانێ و / هەر گوێزەکانی لەشی خۆی لەسەر پشتی دانراوە

ئەوەش خاڵمە لەماڵێکدا بووە بە پەنجەریی ژوورێ رووله هەتاو

ئەوەش خوشکە بچکۆلەکەم ئاوڵە کوشی و ئێستا بووە بە تیرۆکێکی نازدار و

ئەوەیەش پیاوەکەی دراوسێی دەستەڕاستمان چوارەم ژنی وەختێ هانی

عومری خۆی ئەدا لە هەشتا و ئێستە بووە یە

دارەڕای سەر ئاودەست.... {بێکەس:٢٠٠٥، ٥٦}

بەم شێوەیە، داری خێرخواز دەبێت، بە دارچرا، داری هەڵەوەڕ دەبێت بە ستوونی بەردەمی ئاش، داری مەست، ئەبێت بە لاشیپانی مەیخانە، عاشقی شیت دەبێت بە تەختەی جۆلانە...

کاتێک لە دەمی ئێستاوە دەست دەکات بە گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی، سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری جیهانی ناو درەختەکان. ئەو دەمە کوڕێکی لاوە و چاوی لە درەختە کچەکانە. وێنەی درەختە کچەکان هێندە بەرجەستەیە، ئەگەر خوێنەر تاوێک دابرێت، لە یادی دەچیت باس باسی درەختە و وەک کیژێکی جوانی ناو شیعر دەیبینیت:

بۆ خۆیشم لەوە تێناگەم چۆن گەورە بووم!

کە وەختێکیش هەرزەکاریم بریق و باق سەوزیکرد و

لەوبەر پەنجەرەی گەڵاوە قژ بە ئاونگ

کەوتمە چاوبڕیکی لەگەڵ کچ

کچەدارسیوی دراوسێی مەمک قوتی لەش سپی و سۆڵ

کچە گێلاسی سوخمە ئاڵ

گوێ بە گوارەی کەسک شۆڕی  هەتا سەر ڕنووی شان و مل.

یان کچە قۆخی عەیاری، تۆزێک بە حاڵ موو لەژێر چەناگە هاتوو

یان کچە قەیسی شان سووتاو  لەبەر هەتاو. {بێکەس:٢٠٠٥، ٤٥}

کورسی، نەک هەر بەکەس کراوە، زۆرجار هێندە سیفاتە مرۆییەکانی زاڵە، هەست دەکەین لەگەڵ نوسەری دەقەکە {وەگێڕی سەرەکی}جیاناکرێتەوە. شاعیرانە دەدوێت، ئەویندار بووەو مرۆڤی سیاسی لە مرۆڤی عاشق جیا دەکاتەوە، بەرەی ڕۆشنبیران و ئەدیبانە و پاڵپشتی ئەوانەیە کە جوانی بەرهەم دەهێنن.

کورسییەکی کورتەباڵای بە تەمەنە و

ئێسک سووک و تەوێل پان و  دەست باریک و ناوشان تەنگە و

بەڵام هێشتا وریا و قنجە و قاچێکی کەمێ ئەشەلێ و

بە ڕەنگ و ڕوو زەردەڵەیە و

قژ ڕووتاوە و، وەلێ تەندرووستی تەختە و

جومگەکانی گەلێ باشە!

کورسییەکی شپرزەیە و خەیاڵاوی

هێندەی تەپلەکی جگەرەی پر لە سووتووی بێتاقەتە... {بێکەس:٢٠٠٥، ١٦}

بەهۆی ئەو وێنانەوە، دەقەکە جیهانێکی زیندوویی گیانداری وێنەکێشانەوە، کە بە جۆریک لە جۆرەکان پەیوەست دەبێتەوە بە تێڕوانینی دێرینەوە سەبارەت بە جیهان کە بونەوەرێکی گیاندارە، لە لایەکی ترەوە دەقەکە وەک دەقی سوریالی و دەقی ڕیالیزمی جادوویی، لە نێوان خەیاڵ و واقیع دا، چیرۆکەکەی بە زمانێکی وێنەدار دەگێڕێتەوە. دواجار هەموو خەسڵەتانەی باسکرا بوونەهۆی ئەوەی دەقی کورسی جیاواز لە هەر یەک لە تێکستە واڵاکانی تری شێرکۆ بێکەس پێگەی ئێستاتیکی خۆی ڕابگرێت.

## ئەنجامەکان

١. زانستی گێڕانەوەناسی، یەکێکە لەو زانستە گرنگانەی لە ڕێگەیەوە دەتوانین، لە ئەدەبیاتی گێڕانەوە بکۆڵینەوە، بەهۆیەوە لە ڕێگای دەستوور و یاسای وەرگیراو لە گێڕانەوەوە، بواری دەرخستنی نهێنییەکانی گێڕانەوەمان دەدات و دەتوانین وەک ڕێناسێک تەماشای بکەین، تا لە بونیادی دەق تێبگەین و دەستمان بگات بە ڕەهەندە جیاکانی ماناکانی پشت دەق.

٢. بواری گێڕانەوەناسی، لە چەندان ڕووەوە خزمەت بە گێڕانەوە دەکات و سنووری گێڕانەوە، ڕیزمانی گێڕانەوە، ئەرکی گێڕانەوە، ڕۆڵی گێڕانەوە، بونیادی هونەریی گێڕانەوە، گوتاری گێڕانەوە، دەستنیشان دەکات. کە دواجار هەموویان پێکەوە دەبنە بۆتەیەک و جوانیناسی گێڕانەوەی تێدا قاڵ دەبێت.

٣. جوانیناسی گێڕانەوە، وەک لقێک لە گێڕانەوەناسی، کار بۆ نیشاندانی، ئەو بنەما هونەری و ئەدەبییەکانە دەکات، کە گێڕانەوەیەک دەکاتە، دەقێکی هەرمان و وێڕای دووبارەیی و چەندان جار بەرکەوتنی، دیسانەوە جوانییەکانی کاڵ نابنەوە و وەک دەقی زەمەن بەزێن تۆمار دەکرێن.

٤. لە ناو ئەدەبی کوردی دا، گێڕانەوە تۆڕێکی فروانی چنراوە لە دێرزەمانەوە تا ئێستا، کولتوور و هونەر و ئەدەبیاتی گرتۆتەوە و، لە سەردەمە جیاوازەکان، بە زارە جیاکان، لە نێو فۆڕمە جۆراوجۆرەکان و لە چوارچێوەی قوتابخانە جیاکاندا و دواجار بە شێوەی پەخشانی و هونراوەیی، خۆی نواندووە.

٥. جوانیناسی گێڕانەوە لە دەقی کوردیدا، تایبەت نییە بە ژانرێک، بەڵکو وەک مەیلێکی مرۆڤی دێرینە، لە ناو هەر یەک ژانرەکاندا، بەر گێڕانەوە دەکەوین، گێڕانەوە سنووری پەخشان و داستان و قەسیدە تێدەپەڕێنێت و شیعری گۆرانی و لیریک و غەزەلیش دەگرێتەوە. لە دەرەوەی ئەدەبیاتیش گێڕانەوە وەک چەقی ئاخاوتن و قسەکردن لە ژیانی هەر یەکێکماندا خۆی دەنوێنێت.

٧. هەر یەک لە ژانرە جیاکان، تایبەتمەندی جوانیناسیانەی خۆیانیان هەیە، کە دەبێتە ناسنامەی جوانی و خاڵی جیاکەرەوە لە ژانرەکانی تر، بۆ نموونە ئەوەی وادەکات هەقایەت سەرنجراکێش و هەمیشە شیاوی بیستن بێت، مۆتیڤ و دووبارەییە، وێڕای تێمەی دووبارە و بەکارهێنانی بابەتە بانسرووشتییەکان، لە کاتێکدا ئەوەی وا دەکات چیرۆک هەڵگری تایبەتمەندی جوانیناسی بێت، ئاواز و تۆنە و لە ڕۆمانیش دا مامەڵەکردن لەگەڵ دووبابەتی گرنگدا، واقیع و خەیاڵ و چۆنییەتی ئەرکپێدانیان لە دەقەکەدا، دەبێتە نیشاندەری جوانی دەقەکە. هەرچی ژیاننامە و سەفەرنامەیە، زمانی گێڕانەوە و جادووی بەکارهێنانی زمان، دەقەکە دەکاتە دەقێکی ئێستاتیکی.

٨. جوانیناسی لە ژانری شیعردا، لە هەر فۆڕمێکدا بە شێوەی جیاواز خۆی دەردەخات، لە بەیت دا پەیوەستە بە پڵۆت و چۆنییەتی چنین و خستنەڕوو، لە کاتێکدا لە داستاندا وەگێڕ دەبێتە

نیشاندەری جوانیناسی گێڕانەوەکە، هەرچی قەسیدە و غەزەلە، لە قەسیدەدا وێنەکاری و دارِشتنی چیرۆکیی بۆ چوونە نێو باسەوە، خاڵیی گرنگە، هەروەها جگەلە هەموو وردچینینێکی ڕووداو، ئەرکی جوانیناسی لە غەزەل دا لەئەستۆی دیالۆگ دایە. ئەوەی دەمێنتەوە لیریک و شیعری والآیە، کە فەزاسازی و بونیادی هونەری و وێنەسازی، ئەفرینەری جوانی ناو دەقن.

٩. کورد وەک میللەتێکی مێژوویی و خاوەنی شارستانییەتێکی دێرینە، ئێستاتیکای خۆی لە کۆی چالاکییە ئەدەبییەکاندا بەرجەستە کردووە، دیارترین خەسڵەتی ئەو تایبەتمەندییانە، لە ئەدەبی گێڕانەوەدا وەک بەشێکی دانەبڕاوی شوناس و کلتور و ژیاریی کورد، بەرجەستەبووە.

پەراوێزەکان

**بەشی یەکەم:**

(١) هەمان بابەت لە کتێبەکەی ئەحمەد ئوخووەت دا{ڕێزمانی چیرۆک} بڵاوکراوەتەوە و ئێمە سودمان لە هەردوو وەرگێڕانەکە وەرگرتووە.
(٢) هۆشەنگ گوڵشیری بەراوردی هێڵی گێڕانەوەی چیرۆکی یوسف پێغەمبەری کردووە، بە گێڕانەوەی قورئان و تەورات و لە بارەی گێڕانەوەی ئاماژەییەوە دواوە، کە یارمەتی گێڕەرەوەکانی دەرەوەی دوو کتێبەکە دەدات، بە خەیاڵی خۆیان چیرۆکەکە پڕ بکەنەوە. بڕوانە: روایت خطی، هوشنگ گولشیری، باغ در باغ، کتاب دوم، انتشارات نیلوفر، چاپ سوم ١٣٨٨.
(٣) ئەم بنەمایە دەبێتە پیکهێنەری زنجیرە فیلمی دارک"Dark"، گریمانەیەک دەتوانێت سێ چیرۆک بخولقێنێت.
(٤) لاوژەی گلگامێش و ئەنکیدۆ و جیهانی ژێروو، چەندین یەکەی دووبارەی تێدایە، کە وێڕای بەخشینی ڕیتم؛ چاوەڕوانی بۆ خوێنەر دەهێنێت. بۆ نموونە: لە پرسیاری مردوویەکی کوڕداری ناو جیهانی ژێروودا دەڵێت: ئەوەت بینیی کە یەک کوڕی هەیە؟ تا حەوت دەڕوات و بەردەوامیش وەڵامی جیاواز و پڕ وێنەی سەیر دەداتەوە. سەبارەت بە کەسیتیسازی بڕوانە باسی گلگامێش: دوای ئەوەی گلگامێش خولقێنرا، خوای گەورە باشی خولقاند شاماشی ئاسمانی چاکە و ئەدەد پاڵەوانێتی پێ بەخشیووە خوا گەورەکان شێوەیان داڕشت بالآی یانزە باڵ و پانی سنگی نۆ بست بوو دووسێیەکی خوا و سێیەکی مرۆڤە، بیچمی جەستەی ترسناکە وەکو گاکێوی. وەرگێڕانی گەلگامێش لە کتێبی بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین بڕوانە: مستەفا، نەوشیروان: ٢٠١٢بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، بەرگی یەکەم، الدار العربیە للعلوم، بیروت، چاپی یەکەم.

(٥) سەبارەت بەم دوو ڕەوتە، لە کتێبی ئەرکی ئەدەبیاتدا کە کۆکراوە وتارەکانی چەند کۆنفرانسێکی گرنگە کە لە بارەی سوودمەندی ئەدەبیات و ئەدەبییەتی ئەدەبیاتەوە نووسراوە، بەرهەمەکە گەلێک ڕای جیاواز و گرنگی تێدایە کە هەندێکیان وەڵامدەرەوەی ئەوانی ترە، بەمەش زیندوویی و گفتوگۆی بەردەوام دەبینن لە وتارەکاندا، کە خۆی لە ژان پۆل سارتەر، ژان ریکاردو، ئۆژن یونوسکۆ، ناتالی سارووت، ئالان ڕۆب گرێ.. هتد. بڕوانە: وظیفه ادبیات، مجموعه مقالات، ت. ابوالحسن نجفی، انتشارات نیلوفر، چاپ سوم ١٣٨٩.
(٦)ئێمە لە کتێبی شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی دا، لە بارەی ئەمەوە دواوین، خوێنەر دەتوانێت بۆ زانیاری زیاتر بچێتەوە سەریان، بڕوانە کەسنەزانی: ٢٠١٩.
(٧) لە کتێبی شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێندا لە بارەی ئارکیتایپی ئاژەڵی شاعیرەوە دواوین.

**بەشی دووەم:**

(٨) لە کتێبی "شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی"دا کە لە بارەی چۆنییەتی بەربڵاوی ئەم چیرۆکە و بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم دوو کارکتەرەوە باسکراوە. بڕوانە: بوشرا کەسنەزانی، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی، ٢٠١٩، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

(٩) گێڕانەوەی ئەم هەقایەتە، بە شێوازی هەقایەت لە هەقایەتدا لە کتێبی (کانی خومان، هێمن خۆشناو) لە هەقایەتی سوڵتان و شای پەرییان دا گێڕاوەتەوە، بڕوانە لاپەڕە ٦٥.
(١٠) لە دیاریکردنی جۆرەکانی مۆتیڤدا پشت بە باسێکی دکتۆر محەمەدی پارسا نەسەب بەستراوە و بە گونجاندن لەگەڵ ئەم بەشەی گێڕانەوەی ئەدەبی کوردیدا دەستکاری کراوە، ئەو تەنها باسە تیۆرییەکانی نیشان داوە، ئێمە نمونەی هەقایەتی کوردیمان بۆ داناوە.
(١١) هەمان حیکایەت بە چەندان شێوەی تر گێڕدراوەتەوە. لە (سێ دەرمان)ی عەزیز گەردی دا بە ناوی"شای ماران"وەیە. لە "چیرۆک و ئەفسانەی موکریان"ی هاشم سەلیمی دا بە ناوی "ئازایەتی"یەوەیە.
(١٢) ئەم حیکایەتە بە شێوازی جودای گێڕانەوەوە لە (کانی خومان) بە ناوی فەقیری دان کەسک و چل برایەوە نووسراوتەوە، ٩١.
(١٣) لە باسێکیدا بە وردی لە بارەی چیرۆکی پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین-ەوە دواوین و نموونەمان بۆ هێناوەتەوە. لەوێدا لێکدانەوە و بەراوردمان بۆ ئەو دوو قۆناغە جودایەی چیرۆکی کوردی کردووە. بڕوانە: بوشرا قادر کاکە محمد، چیرۆکی کوردی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ٤٢.

(١٤)لە ماستەرنامەکەماندا بە ناوی پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، بەشی سێیەم تەرخانە بۆ ئێستاتیکای پلۆتی چیرۆکی نوێی کوردی پاش ڕاپەرێن، لەوێدا باس لە گۆشەنگای فرەوەگێڕی کراوە و بە وردی نمونەی ئەو چیرۆکانە باس کراوە.

(١٥) بڕوانە: لە گەمەی دەستنووسەوە بۆ ئاوێتەبوون بە حیکایەت، بوشرا کەسنەزانی، ئاستانەی سبەینێ.
(١٦) محەمەد خزری ئەقدەم لە پێشەکی ڕۆمانی شوانی کورد دا، لە بارەی قۆناغەکانی سەرەتا سەرهەڵدانی ڕۆمانەوە دواوە، ئێمە لێرەدا بە پێستی نازانین بچینەوە سەر ئەو باسە: شەمۆ، عەرەب: ١٣٩٧، شوانی کورد، محەمە خزۆری ئەقدەم، سنندج، انتشارات مادیار.
(١٧) من هەمیشە لە هاوڕێ نوسەر و مامۆستاکانمم بیستووە، کە فلان ڕۆمانیان چەندین جار بە چەندین زمان خوێندۆتەوە، بۆ نموونە دکتۆر ئەنوەر قادر لە بارەی تاوان و سزاوە دەیوت: یەکەم جار بە عەرەبی خوێندومەتەوە، دواتر کە چومەتە ئێران و فێری فارسی بووم بە فارسی، لە ڕووسیا بە ڕووسی و دواجاریش بە سوێدی.
(١٨) ئەم سەرچاوە و بە کوردیکردنی پێشتر لە ماستەرنامەکەماندا بەکارهاتووە.
(١٩) بۆ زانیاری وردتر بڕوانە: کەسنەزانی، بوشرا: ٢٠١٢، ئاستانەی سبەینێ، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
(٢٠) خوێنەر دەتوانێت بچێتەوە سەر باسەکەی دکتۆر موحسین لە بارەی بایۆگرافی و ئۆتۆبایۆگرافییەوە، خشتەی بۆ ٦٥ لەم یادەوەرییانە کردووە: عومەر، موحسین: ئۆتۆبیۆگرافی و بیۆگرافی وەک ژانرێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٢) ساڵی ٢٠١٥.

بەشی سێیەم:

(٢١) Eer ewliya er enbiya er abid u er esfiya {Teyran:٢٠١٧, ٣٤١}

Be sex u pir caiz niya taet bikin ve wechete

(٢٢) دکتۆر عیزەدین لەم بارەیەوە دەڵێت: سێ شاعیر بە ناوی بەحری نوورەوە قەسیدەیان هەیە، سەرەتا موخلیس، پاشان مەحوی و خاکی، هەر سێ قەسیدەکەیان ناردوە بۆ شێخ عومەری بیارە بڕیاریان لەسەر بدات، وەڵامی ئەوە بووە، هونر بۆ موخلیسە چونکە دەستپێکەرە، کارەکەی مەحوی شاکارە، ئەوەی خاکی باشە بەڵام هەناسەی وەک ئەوان نییە. لە ڕاستیدا بە ڕای ئێمە ئەوەی مەحوی دەستپێکە، بڕوانە: موخلیس: ١٩٩٨، دیوانی موخلیس، سلێمانی، چاپخانەی سەفوەت.

(٢٣) باخان ئەحمەد، بە وردی لە بارەی قۆناغەکانی چیرۆکەشیعرەوە دواوە، لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکیشەوە، باسی لە هەر یەک لە نمونەی شاعیرانس کردووە، خوێنەر دەتوانێت بچێتەوە سەر ئەو سەرچاوە. بڕوانە: ئەحمەد، باخان:٢٠١٤، شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا(بە کەرەسەی کرمانجی خواروو) ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٠، زانکۆی سلێمانی، فەکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

سەرچاوەکان:

- قورئانی پیرۆز
- هەژار، موکریانی: قورئانی پیرۆز.
- کتێبی پیرۆز، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کتێبی پیرۆز، چاپی یەکەم ٢٠١٧، لە کۆریا لە چاپدراوە.

ا.کتێب

-زمانی کوردی:


- ئاکرەیی، بەڕۆژ: ٢٠١١، ئێمە لێرەین، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- ئیبراهیم حەسەن، مەولوود: ٢٠٢٠a، قەدەغەشکێنێ، زنجیرە ٣٧، چاپی یەکەم، سلێمانی،ماڵی سوهرەوەردی.
- ئیبراهیم حەسەن، مەولوود: ٢٠٢٠b، گەڕان بە دوای نەمریی دا، زنجیرە ٣٨، سلێمانی، چاپی یەکەم، ماڵی سوهرەوەردی.
- ئیبراهیم، ماردین: ٢٠١٢، تۆ مەچۆ بۆ شەڕ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- ئیلخانی زادە، سوارە: ٢٠٠٧، زەمزەمەی زوڵاڵ، عەبدولخاق یەعقوبی، چاپی یەکەم، هەولێر. دەزگای ئاراس.
- ئەحمەد، موحسین عومەر:٢٠١٢، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.
- ئەحمەد، ئیبراهیم: ٢٠٠٨، ژانی گەل، چاپی چوارەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- ئەحمەدزادە، هاشم: ٢٠١٨، گێڕانەوەناسی، چاپی یەکەم، بانە، چاپەمەنی مانگ.
- ئەدرنۆ، تیۆدۆر/ نوسەرانی تر: ٢٠٠٩، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، هادی محەمەدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕیوەبەریێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- ئەدۆنیس: ٢٠٠٨، دەقی قورئان و ئاسۆی نووسین، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای توێژینەوەوبڵاوکردنەوەی موکریانی.
- ئەدەب: ٢٠١١، دیوانی ئەدەب، محەمەدی حەمەباقی، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
- ئەریستۆتالیس: ٢٠٠٤، هونەری شیعر، عەزیز گەردی، سلێمانی، چاپ و پەخشی ڕێنما.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد: ٢٠١١، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی چاپ و بڵاوکرنەوەی سلێمانی.
- ئەفلاتوون: ١٩٩٩، خوان، ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ئەفلاتوون: ٢٠٠٤، یوتیفرۆن.داکۆکی.کریتۆن، ئاوات ئەحمەد، سلێمانی، چاپخانەی سیما.
- ئەفەندی، خواجە: ٢٠٠٠، مەناقیبی کاک ئەحمەدی شێخ، پیرەمێرد، چاپی دووەم،، سلێمانی، چاپخانەی قەشەنگ.
- ئەقدەم، محەمەد خزری: ٢٠٢٠، پێشەکی کتێبی فەرهەنگی زارەکی موکریان، سەلاح پایانیانی، بەرگی نۆ(س)، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی.

- ئەلیگییری. دانتی، ٢٠١٥، کۆمیدیا، عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ئەمین، وریا ئەمین: ٢٠٠٤، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.
- برێسلێر، چارلز: ٢٠٠٧، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، عەبدولقالق یەعقوبی، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- بوردیار، ژان و کۆمەڵێک نوسەر: ٢٠٠٩، پرسەکانی مۆدێرنیزیم، ئیسماعیل ئیسماعیلزادە، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی.
- بۆتانی، کاکە مەم: ٢٠٠٧، ژانەڕێیە خۆڵەمێشییەکان، چاپی یەکەم، کوردستان، چاپخانەی بینایی.
- بۆکاچیۆ، جیۆڤانی: ٢٠٠٩، دیکامریۆن، دلێر میزا، چاپی یەکەم، هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- بێرلین، ئایزایا و نوسەرانی تر: ٢٠٢١، لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوا (گفتوگۆی فەلسەفی و ئەدەبی) پێشەکی. ڕێبوار سیوەیلی، و. ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- بێکەس، شێرکۆ: ٢٠٠٥، کورسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.
- بێکەس، شێرکۆ: ٢٠٠٧، کتێبی ملوانکە، چاپی یەکەم، سلێمانی،چاپخانەی ڕەنج.
- بێکەس، شێرکۆ: ٢٠٠٩، دیوانی شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم، سوید.
- بێکەس، شێرکۆ: ٢٠١٢، ئێستا کچێک نیشتمانمە، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- بێکەس، شێرکۆ: ٢٠١٣، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، ناوەندی غەزەلنووس، چاپی یەکەم،، سلێمانی.
- بێگەرد، ڕەوف: ٢٠٠٩، بەرەو کەناری شپرزەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- بەرزنجی، عومەر مارف: ١٩٧٨، لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
- بەرزنجی، عومەر مارف:٢٠٠٦ ، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- بەرزنجی، ئازاد: ٢٠٠٨، چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی، چاپی سێیەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- پاشا، حسان نوری: ٢٠٠١، بیرەوەرییەکانی ئیحسان نووری پاشا، وریا قانع، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- پامۆک، ئۆرهان: ٢٠١٦، ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە، بەکر شوانی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە.
- پیربال، فەرهاد: ٢٠٠٠، پەتاتەخۆرەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەکانی ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی.
- پیربال، فەرهاد:٢٠٠٠، مەلا مەحمودی بایەزیدی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس.
- پیربال، فەرهاد: ٢٠٠٤، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- پیربال، فەرهاد:٢٠١٠، هۆتێل ئەوروپا، چاپی ەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- پەشێو، عەبدوڵا: ٢٠٠٢، دیوانی عەبدوڵا پەشێو، چاپی یەکەم، سوئد.

- تاڵەبانی، شێخ ڕەزا: ٢٠١٠، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شکور مستەفا، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- تاهیر، عەلی: ٢٠٠٨، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرییەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- تێنز، هانز بێر: ٢٠١٥، بنەماکانی تیۆری ئەدەبی، عەبدولخالق یەعقوبی، چاپ یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- تەقی، جەلال: ٢٠٠٦، شەوانی گوێ ئاگردان(دووبەش)، چاپی دووەم، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
- تەیران، فەقێی: ٢٠٠١، بەرصیصی عابد، عەبدولرەقیب یوسف، چاپ یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- جاف، حەسەن: ١٩٨٥، چیرۆکی نوێی کوردی،.
- جاف، ئەحەد موختار: ١٩٨٦، دیوانی ئەحمەد موختارجاف، عیزەدین مستەفا ڕەسول، چاپی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی ئەدیب.
- جزیری، مەلای: ١٣٩٣، دیوانی مەلای جزیریی، هەژار موکریانی، چاپ اول، پەخشانگای پانیز.
- جمباز، تاریق: ١٩٨٩، چل کەزی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان.
- جوتیار، خالید: ٢٠٠٦، سەمای ئەجندان، هەولێر، کتێبفرۆشی سۆران.
- جەلیزادە، قوبادی: ٢٠٠٧، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- جەلیزادە، قوبادی: ٢٠١٢، باخچەکانی مەلەکتاووس، سلێمانی، دەزگا و چاپی حەمدی.
- جەلیل، ئۆردیخان جەلیل، جەلیلەی جەلیل:٢٠٠٨، ئەفسانەی کوردی، عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، خانەی وەرگێڕان.
- جەمیل پاشا، ئەکرەم: ٢٠٠٧، کورتەی ژیانم، فەزوڵا برایم خان-بەرزان وەهاب، چاپی سێیەم، دیاربەکر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بیر.
- چاک، ئەحمەد: ١٣٩٨، ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە ئەفسانەی کوردیدا، چاپی یەکەم، سەقز، دەزگای خانی.
- چایڵدز، پیتەر: ٢٠١٩، مۆدیرنیزم، هیوا عەزیزی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- چروستانی، مەلا محەمەد: ١٩٨٤، یادداشتەکانی منالی و بەشێک سەردەمی فەقێیەتیی مامۆستا مەلا محەمەدی چورستانی، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی الحوادث.
- حیلمی، ڕەفیق: ١٩٨٨، یاداشت، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان.
- حەسەن، شێرزاد: ٢٠٠٥، سەرجەم چیرۆکەکان، ١، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- حەسەن، شێرزاد: ٢٠١٤، حەسار و سەگەکانی باوکم، چاپی نوێ، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- حەسەن، محەمەد فەریق: ٢٠١٠، مەملەکەتی ماسی(٣٧ حیکایەتی فۆلکلۆرییە)، چاپی سێیەم، هەولێر، کتێبی ئاراس.
- حەسەن، محەمەد فەریق: ٢٠١٣، خۆرکەوتن(کۆی کورتە چیرۆکەکانم)، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- حەفید، شێخ لەتیف: ١٩٩٥، یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- حەیدەری، مەلا عەبدولسلام: ١٩٨٢، میعراج نامە، چاپی یەکەم، بەغداد، دار المثنی للطباعة و النشر بغداد.
- خاڵ، شیخ محەمەد: ١٩٧٨، مەلا محەمەدی خاکی، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
- خانی، ئەحمەدی: ٢٠٠٨، مەم و زین، هەژار، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- خواجە، ئەحمەد: ٢٠١٣، چیم دی، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- خۆشناو، سەرباز مەجید: ٢٠١٩، ساردۆن، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی تەفسیر.
- خۆشناو، هێمن عومەر: ٢٠١٣، کانی خومان( هەقایەت و ئەفسانەی کوردی ناوچەی خۆشناوەتی)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ئنستوتی کەلەپووری کوردی.
- خەزنەدار، مارف: ٢٠٠٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- دۆست، جان: ٢٠١٦، سێ هەنگاو و سێدارەیەک، وریا غەفووری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- دۆست، جان: ٢٠١٧، میرنامە، سەباح ئیسماعیل، چاپی سێیەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- ڕۆدینکۆ، م. ب: ٢٠٠٠، ئەفسانە کوردییەکان، کەریمی حیسامی، ستۆکهۆلم.
- ڕەسول، عیزەدین مستەفا: ٢٠١٠، لیکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- ڕەشید، سابیر: ٢٠١٦، چیرۆکی کوردی- ڕەخنە و لیکۆڵینەوە، چاپی دووەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
- زیوەر، مەلا عەبدوڵا: ١٩٨٥، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەبەردەری، محەمەدی مەلا کەریم، مطبعة الادیب البغدادیة.
- زەڵمی، مستەفا ئیبراهیم: ٢٠١٤، کاروانی ژیانم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- ژووف، ڤەنسان: ٢٠٢٠، بووتیقای ڕۆمان، محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، چاپی یەکەم، سەقز، دەزگای خانی.
- سابیر، ڕەفیق: ٢٠١٤، دیوانی ڕەفیق سابیر، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- ساڵح: لوتفییە ئیبراهیم: ٢٠٠٢، هەندێک لە بیرەوەرییەکانی خاتوو بەهییە مەعروف بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، سلێمانی.
- سالم: ٢٠١٦، دیوانی سالم، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدر.فاتح عەبدولکەریم. محەمەی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، سلێمانی، بنکەی ژین.
- سیوەیلی، ڕێبوار:٢٠٠١، کتێبی نالی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- سیوەیلی، ڕێبوار:٢٠٠٤، زمانی عەشق زەمەنی ئەنفال، چاپی یەکەم، کوردستان، چاپخانەی ڕەنج.
- سیوەیلی، ڕێبوار: a ٢٠٠٦، دنیای شتە بچووکەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.
- سیوەیلی، ڕێبوار: b٢٠٠٦، نووسین و بەرپرسیاری، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

- سیوەیلی، ڕێبوار:٢٠١١، مێژوو و هزری کۆمەڵایەتی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای زەریاب.
- سیوەیلی، ڕێبوار: ٢٠١٥، دیاردەناسی شوێن و شوناس، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- سیوەیلی، ڕێبوار: ٢٠٢٠، جوانیناسی و شوناس، چاپی یەکەم، کوردستان، ڕێکخراوی زەریاب.
- سیوەیلی، ڕێبوار: ٢٠٢١، کتێبی گۆران، چاپ یەکەم، کوردستان، ڕێکخراوی زەریاب.
- سەجادی بەختیار/ مەحموودی، محەمەد: ٢٠٠٤، فەرهەنگی شیکارییانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- سەجادی، عەلائەدین: ١٩٥٢، مێژووی ئەدەبی کوری، بەغدا، چاپی یەکەم.
- سەجادی، عەلائەدین: ١٩٥٨، گەشتێک لە کوردستانا، چاپی یەکەم، پاچخانەی مەعاریف، بەغدا.
- سەجادی، عەلائەدین: ٢٠١٢، هەمیشەبەهار، فەرهاد شاکەلی، چاپی دووەم، هەولێ، دەزگای ئاراس.
- سەجادی، عەلائەدین: ٢٠١٥، ڕشتەی مرواری (هەشت بەرگی)، تاران، چاپخانەی پەنجەرە.
- سەعید، محەمەد سالح: ٢٠٠٩، داستانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحمووود لە دووتوێی فۆلکلۆری کوردییەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.
- سەلیمی، هاشم: ٢٠١٣، چیرۆک و ئەفسانەی موکریان، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- شادی، ئەحمەد: ٢٠٠٥، چەپکێک فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، زنجیرە کتێبی ئنستیوتی کەلەپووری کورد.
- شاڕوخ، عەزیز: ٢٠٠٢،، چیرۆک و بەیتی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- شڵماشی، محەمەد: ١٣٨٤، ژیانی پێغەمبەران لە ئادەمەوە تا خاتەم، چاپی سێیەم، انتشارات کردستان.
- شڵماشی، محەمەد: ١٣٩٢، مەجلسی ئەولیا، چاپی شەشەم، انتشارات کردستان.
- شڵماشی، محەمەد: ٢٠٠٠، خەرمان لۆغە، چاپی یەکەم، سوید.
- شەریف، محەمەد کەریم: ١٩٨٥، هەقایەتی کوردەواری، بغداد، مطبعة دار الجاحز.
- شەمۆ، عەرەب: ١٣٩٧، شوانی کورد، محەمە خزۆری ئەقدەم، سنندج، انتشارات مادیار.
- شەمۆ، عەرەب: ٢٠١٠،، قەڵای دمدم، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- عارف، حسێن: ٢٠١١، چیرۆکی هونەریی کوردی(١٩٢٥/١٩٦٠)، (کۆی بەرهەمەکانی حسێن عارف٥)، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ئاراس.
- عارف، حسێن: ٢٠١١، شار(کۆی بەرهەمەکانی حسێن عارف٣)، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ئاراس.
- عوسمان، محەمەد عومەر: ٢٠٠٢،  لە غوربەتا، چاپی دووەم، سلێمانی.
- عیسا، هاوژین سلێوە: ٢٠٠٩، بنیاتی وێنەی هونەریی لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- عەلی، بەختیار: ٢٠٠٥، شاری مۆسیقارە سپییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.
- عەلی، بەختیار: ٢٠٠٦، تاماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج

- عەلی، بەختیار:a۲۰۰۷، ئێوارەی پەروانە، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.عەلی، بەختیار: ۲۰۰۹، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
- عەلی، بەختیار:b ۲۰۰۷ ، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.
- عەلی، بەختیار:b۲۰۰۹، مەرگی تاقانەی دووەم، سلیمانی، چاپخانەی کارۆ.
- عەلی، بەختیار:۲۰۱۵، دواهەمین هەناری دنیا، چاپی شەشەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشبیری ئەندێشە.
- عەلی، بەختیار، ۲۰۲۰، جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد، چاپی سێیەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- عەلی، دڵشاد: ۲۰۰۷، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- فایەق، دانا: ۲۰۲۰، لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- فولەر، ڕۆجەر و کۆمەڵێک نوسەر: ۲۰۲۰، وشەو جوانی، شاهۆ سەید، چاپی یەکەم، سلێمانی، زنجیرەی دۆسییەکانی سەردەم٦٤، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- فەتاح، شاکر: ۲۰۰۳، ئاوێنەی ژینم(یاددشتەکانی شاکر فەتاح)، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- قادر محەمەد، ئەنوەر: ۲۰۰٤، زریان و زایەڵە و زنار، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕیوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە.
- قادر، هیوا: ۲۰۱۰، منداڵانی گەڕەک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە.
- قادر، هیوا: ۲۰۱۷، سەفەرنامە، چاپی چوارەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- قادر، هیوا: ۲۰۱۸،ماڵی پشیلەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە.
- قازی، ڕەحیمی: ۲۰۱۰، پێشمەرگە، چاپی چوارەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- قازی، قادر فەتاحی: ۲۰۰۷، گەنجینەی بەیتی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- قازی، قادر فەتاحی: ۲۰۰۹، سێ بەیتی فۆلکلۆر، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- قوبادی، خانای: ۱۹۷٥، شیرین و خوسرەو، محەمەد مەلا کەریم، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
- قەرەداغی، دلاوەر: ۲۰۲۰، لێرەو لەوێ باران دووراودوور هەتاو چاپی یەکەم، سلێمانی، پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- کاکی، حەمەنوری عومەر: ۲۰۱۳، شێوازی شیعری نویی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- کاکەی فەلاح، ئارام: ۲۰۰۳، وێنەکان دووبارە دەبنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- کرۆسە، بینیدیتۆ: ۲۰۱۰، چەمکەکانی جوانناسی، سەربەست خەسرەو عارف، چاپی یەکەم، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردە.
- کۆیی، حاجی قادر: ۲۷۰۷، دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید/ کەریم شارەزا، سنە، کتێبی میدیا.
- کەرمەلی، ئەنستانس ماری: ۲۰۰٦، نەجاتی عەبدوڵا، چاپی یەکەم، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین.

- کەسنەزانی، بوشرا: a٢٠١٢، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا(ساڵی١٩٩٥-٢٠٠٥)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- کەسنەزانی، بوشرا: b٢٠١٢، ئاستانەی سبەینێ، چاپی یەکەم، سلێمانی. دەزگا چاپ و پەخشی سەردەم.
- کەسنەزانی، بوشرا: ٢٠١٤، ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- کەسنەزانی، بوشرا: ٢٠١٩، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی، چاپی یەکەم، سلێمانی. دەزگا چاپ و پەخشی سەردەم.
- کەمال، محەمەد: ٢٠٠٤، بوون و داهێنان، چاپی یەکەم،، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- کەمال، محەمەد: ٢٠٠٧،.فەلسەفەی کانت، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- کەمال، محەمەد: ٢٠١٠، فەلسەفەی ئەفلاتوون، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- کاکەسوور، کاروان عومەر: ٢٠٠٤، سەدەی یەکەمی خەیاڵ، چاپی یەکەم، هەولێر، کتێبفرۆشی سۆران.
- کاکەسوور، کاروان عومەر: ٢٠١٣، کازینۆی منداڵان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- کاکەی فەلاح، ئارام: ٢٠٠٧، نووسینەوەی درک، ڕۆژنامەی ئاوێنە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- کاکەی فەلاح، ئارام: ٢٠١٠، بلیتێک بۆ جەهەنەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، یانەی قەڵەم.
- کاکەی فەلاح، ئارام: ٢٠١١، دزینی خەونەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی. یانەی قەڵەم.
- کاکەی فەلاح، ئارام: ٢٠١٣، من و کامیراکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، یانەی قەڵەم،
- کەلیمولای تەوحودی، درەختی چل ئستران، کەمال تاهیر نەژاد، ماڵی سوهرەوەردی، زنجیرەکتێبی ٣٤، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، سلێمانی.
- گۆران: ١٩٨٠، دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
- گەردی، عەزیز: ٢٠١٤، سێ دەرمان( هەقایەتی کوردەواری)، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
- لوقمانی ڕەحیم: ٢٠٢٠، ئەفسانە و چیرۆکی کوردی، گێڕانەوەیی مام سەعیدی عەزیزی، چاپی یەکەم، سەق، دەزگای خانی.
- مان، ئۆسکار: ٢٠١١، توحفەی موزفەرییە، هێمن موکریانی، چاپی سێیەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- محەمەد، عەتا: ١٩٩٩، پاشماوەی خێڵەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- محەمەد، عەتا: ٢٠٠٢،، زارەکانی خەون، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.
- محەمەد، عەتا: ٢٠٠٣، دەستنووسی یەکەم و پەرتووکی خەون، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- محەمەد، عەتا: ٢٠٠٥، فریو و خۆحەشاردان، چاپی یەکەم، سلێمانی، یانەی قەڵەم.
- محەمەد، عەتا: ٢٠٠٩، تارژەنی ڕەنگ، چاپی یەکەم، سلێمانی، یانەی قەڵەم.
- مستەفا، نەوشیروان: ١٩٩٧، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، (ساڵ؟) (شوێن؟)
- مستەفا، نەوشیروان: ١٩٩٩، خولانەوە لە ناو بازنەدا، (ساڵ؟) (شوێن؟)

- مستەفا، نەوشیروان: ٢٠١٢، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، بەرگی یەکەم، الدار العربیە للعلوم، بیروت، چاپی یەکەم.
- مستەفا، نەوشیروان: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، چاپ و بڵاوکردنەوەی postfach٢١٠٢٣١K berlin. Germany.
- موخلیس: ١٩٩٨، دیوانی موخلیس، عیزەدین مستەفا ڕەسول، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەفوەت.
- مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم: ١٩٨٤، بنەماڵەی زانیاران، بەغدا، چاپخانەی شەفیق.
- مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم: ٢٠١٣، یادی مەردان، بەرگی یەکەم ودووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
- موکری، کامەران: ٢٠١٣، دیوانی کامەران موکری، حسێن بەفرین، چاپی دووم، چاپ و پەخشی چوارچرا.
- موکریانی، هەژار: ١٣٨١، هەمبانەبۆرینە، چاپی سوم، تهران، انتشارات سروش.
- موکریانی، هەژار: ١٩٩٧، چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس.
- مونیف، عەبدوڵڕەحمان: ٢٠٠٦، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، چاپی یەکەم، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- میراودەلی، کەمال مەمەند: ١٩٧٩، ئیستاتیکا، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
- مەحمود ئاغا، جەوهەر: ٢٠٠٧، هەزارویەک شەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.
- مەحوی: ١٣٨٤،دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی دووەم، سنە، انتشارات کردستان.
- مەلا ئەمین، هاوژین/ ئارام حاجی/ هۆشمەن جەلال: ٢٠١٥، ئەفسانە و ئایین و زانست، چاپی یەکەم، سلێمانی، ماڵی سوهرەوەردی.
- مەنتک، حەمە: ٢٠١٨، هونەرەکانی چیرۆکنووسین، چاپی یەکەم، کتێبفرۆشی مێخەک.
- مەنتک، حەمە: ٢٠١٩، سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.
- مەولەوی: ١٣٧٨، دیوانی مەولەوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، سنە، انتشارات کردستان.
- مەولەوی: ١٩٨٨، عەقیدەی مەرزییە، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس، سنە، انتشارات کردستان.
- نالی: ١٣٨٠، دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، سنە، انتشارات کردستان.
- نەجمەدین، پشکۆ: ٢٠١١، ئەزموون و یاد، چاپی سێیەم، سلێمانی، (دەزگا؟).
- نەقیب، سەید ئەحمەد: ١٩٨٥، بەشێک لە دیوانی سەید ئەحمەدی نەقیب، مەحمود ئەحمەد محەمەد، بەغداد، چاپخانەی ئیرشاد.
- نەهایی، عەتا: ٢٠٠٦، سەرجەم چیرۆکەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- نەهایی، عەتا: ٢٠٠٧، گرەوی بەختی هەڵاڵە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.
- هادی، سیامەند: ٢٠٠٦، یادەرییەکانی کۆلانێکی خاپوورکراو، چاپی یەکەم، سلێمانی، یانەی قەڵەم.
- هاڵبێرگ، پیتەر و دانەرانی تر: ٢٠١٠، تیۆری ئەدەبی و شیوازناسی، ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی کوردۆلۆجی.
- هۆراس: ١٩٧٩، هونەری شیعر، حەمید عەزیز، بەغدا مطبعة الزمان.

- هیدایەتی، سەید قادر: ١٣٨٩، نەسری کوردی و گۆڕانی فۆرم، چاپی یەکەم، سەقز، دەزگای خانی.
- هێمن: ٢٧٠٨، دیوانی هێمن موکریانی، سلێمانی، چاپ و پەخشی چوارچرا.
- هێمن: ١٤٠٠، دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، سەقز، دەزگای خانی.
- هەردی، ئەحمەد: ٢٠٠٦، ڕازی تەنیایی، چاپی سێیەم، سلێمانی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.
- هەڵمەت، لەتیف: ٢٠١٤، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- یاقووب، عەلی عوسمان:٢٠١٩، ڕۆمان، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای سەردەم.

- زاری کرمانجی:

- Cewerî,firat: ٢٠١٨, Antolojiya çîrokên Kurdî, çapa duyame,stembol, avesta.
- Teyran, Feqiye: ٢٠١٧, Feqiye Teyran,M.Xalid sadini, capa nehem, Istanbul, nubihar.
- Xani, Ehmede: ٢٠١٤, divan ehmede xani, kadri yildirim, astanbul, avesta.

- زمانی فارسی:

- ابراهیمی، نادر: ١٣٧٠، صوفیانەها و عارفانەها، چاپ اول، تابستان، نشر گسترە.
- ایهام پوپ، ارتور: ١٣٨٧، شاهکارهای هنر ایران، پرویز ناتل خانلری، چاپ چهارم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.
- احمدی، بابک: ١٣٩٥، حقیقت و زیبایی، چاپ سی و یکم، تهرا، نشر مرکز.
- احمدی، بابک: ١٣٨٠، ساختار و تأویل متن، چاپ یازدهم، تهران، نشر مرکز.
- احمدی، بابک: ١٣٩١، چهار گزارش از تذکرةالاولیاء هطار، چاپ پنجم، تهران، نشر مرکز.
- اخوت، احمد: ١٣٧١، کار نویسنده، چاپ اول، اصفهان، نشر فردا.
- اخوت، احمد: ١٣٩٢، دستور زبان داستان، چاپ دوم، نشر فردا.
- آدام، ژان میشل/ روزا، فرانسواز: ١٣٨٣، تحلیل انواع داستان، اذین حسین زاده/ کتایون شهپرراد، چاپ اول، تهران، نشر قطره.
- ادونیس: ١٣٨٥، تصوف و سوررئالیسم، حبیب الله عباس، چاپ اول، تهران، نشر سخن.
- اسکروتین، راجر: ١٣٩٣، زیبایی، فریده فرنودفر. امیر نصری، چاپ اول، تهران، انتشارات مینوی خرد.
- اسکولز، رابرت: ١٣٧٧، عناصر داستان، فرزانه طاهری، چاپ اول، تهران، نشر مرکز.

- اسکولز، رابرت: ۱۳۸۳، درآمدی بر ساختارگرایی در ادبیات، فرزانه طاهری، چاپ دوم، مؤسسه انتشارات اگاه.
- آلوت، میریام: ۱۳۶۸، رمان به روایت رمان نویسان، علیمحمد حق شناس، چاپ اول، تهران، نشر مرکز.
- اندروبنت/ رویل، نیکولاس: ۱۳۸۷، مقدمه‌ای بر ادبیات، چاپ اول، تهران، پژوهشکده مطالعت فرهنگی و اجتماعی، احمد تمیم داری.
- اوکو، امبرتو: ۱۳۹۲، تأریخ زیبایی، هما بینا، چاپ سوم، تهران، مؤسسه تألیف.
- اوکو، امبرتو: ۱۳۹۶، تأریخ زشتی، هما بینا، چاپ دوم، تهران، مؤسسه تألیف.
- بارت، رولان: ۱۳۸۷، در آمدی بر تحلیل ساختاری ریوایت ها، محمد راغب، چاپ اول، تهران، فرهنگ صبا.
- بذرافشان، رجب: ۱۳۹۷، روش متدولوژی روایت و ریواتگری، چاپ اول، نتشارات سولار.
- براهنی، رضا: ۱۳۶۸، قصه‌نویسی، چاپ چهارم، تهران، نشر البرز.
- بریسلر، چارلز: ۱۳۸۶، درآمدی بر نظریه‌ها و روشت های نقد ادبی، مصطفی عابدینی فرد، چاپ اول، تهران، انتشارات نیلوفر.
- بوخیس، خورخه لویس: ۱۳۸۸، این هنر شعر، میمنت میرصادقی/ هما متین رزم، چاپ دوم، تهران، انتشارات نیلوفر.
- پراپ، ولادیمر: ۱۳۸۶، ریخت شناسی قصه‌های پریان، فریدون بدره‌ای، چاپ دوم، تهران، انتشارات توس.
- پرینس، جرالد: ۱۳۹۵، روایت شناسی، محمد شهبا، چاپ دوم، تهران، انتشارات مینوی خرد.
- پین، جانی: ۱۳۸۹، سبک و لحن در داستان، کارگاه داستان۸، چاپ اول، تهران، نشر رسش.
- تاتارکیویچ، ووادیسواف:۱۳۹۶، تاریخ زیباشناسی، محمود عبادیان/سید جواد فندرسکی، چاپ اول، تهران، نشر علم.
- تایسن، لیس: ۱۳۸۷، نظریه‌های نقد ادبی معاصر، مازیار حسین زاده/ فاطمه حسینی، انتشارات نگاه امروز.
- تودوروف، تزوتان: ۱۳۸۲، بوطیقای ساختارگرا، محمد نبوی، چاپ دوم، انتشارات اگاه.
- تودوروف، تزوتان: ۱۳۸۵، نظریه ادبیات، عاطفه طاهایی، چاپ اول، تهران، نشر اختران.
- تودوروف، تزوتان: ۱۳۸۸، بوطیقای نثر، انوشیروان گنجی پور، چاپ اول، تهران، نشر نی.
- تولان، مایکل جی: ۱۳۸۳، درامدی نقادانه-زبان شناسی بر ریوایت، ابوالفضل حری، چاپ اول، تهران، انتشارات بنیاد سینمایی فارابی.
- جوانلی، الساندرو: ۱۳۹۷، زیبایی شناسی متفکران بزرگ، امیر مازیار، تهران، نشر لگا.
- چادویک، هـ‌مونرو/ ن. کرشاو چادویک: ۱۳۷۶، رشد ادبیات، جلد اول، فریدون بدره‌ای، چاپ اول، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.
- خسروی، ابوتراب: ۱۳۸۸، حاشیه‌ی بر مبانی داستان، چاپ اول، تهران، نشر ثالث.
- داد، سیما: ۱۳۸۵، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ سوم، تهران، انتشارات مروارید.

- دوبرو، هدر: ۱۳۸۹، ژانر، فرازانه طاهری، چاپ اول، تهران، نشر مرکز.
- دیچز، دیود: ۱۳۷۹، شیوه‌های نقد ادبی، ت.محمد تقی صدقیانی و غلامحسین یوسف، انتشارات عملی.
- راغب، محمد: ۱۳۹۱، دانشنامه روایت شناسی، گروهی مترجمان، چاپ اول، تهران، نشر علم.
- رستگارفسایی، منصور: ۱۳۸۰، انواع شعر فارسی، چاپ دوم، شیراز، انتشارات نوید شیراز.
- رضایی، عربعلی: ۱۳۸۲، واژگان توصیفی ادبیات، چاپ اول، تهران نشر فرهنگ معاصر.
- رضوانیان، قدسیه: ۱۳۸۹، ساختار داستانی حکایت های عرفانی، چاپ اول، تهران، انتشارات سخن.
- رند، این: ۱۳۹٦، بیانیه‌ی کتب رمانتیک، نیلوفر اقا ابراهیمی، چاپ اول، انتشارات تمدن علمی.
- ریکورو پل، ۱۳۹۷، زمان و حیکایت، مهشید نونهالی، چاپ دوم، تهران، نشر نی.
- زرین کوب، عبدالحسین: ۱۳۸۰، آشنایی با نقد ادبی، چاپ ششم، تهران، انتشارات سخن.
- سوانه، پیر: ۱۳۸۹، مبانی زیباشناسی، محمدرضا ابوالقاسمی، چاپ اول، نشر ماهی.
- شریفی، محمد: ۱۳۸۷، فرهنگ ادبیات فارسی، چاپ دوم، تهران، انتشارات معین.
- شمیسا، سیروس: ۱۳۷٦، بیان، چاپ ششم،، تهران، انتشارات فردوسی.
- شمیسا، سیروس: ۱۳۹۵، نگاهی تازه به بدیع، چاپ ششم، تهران، نشر مترا.
- شوکینگ، لوین ل: ۱۳۷۳، جمعه‌شناسی ذوق ادبی، فریدون بدره‌ای، چاپ نخست، انتشارات توس.
- صفوی، کورش: ۱۳۹٤، از زبان شناسی تا ادبیات، دوره دو جلدی (شعر، نظم)، چاپ پنجم، انتشارات سوره مهر.
- عمران، اسیه ذبیح نیا. یزدانی، حسین: ۱۳۹۵، زیباشناسی ادبیات عامه، چاپ اول، انتشارات هومان.
- غیاثوند، امیر حسین: ۱۳۹٤، فرهنگ واژگان سینما و تئاتر، چاپ اول، انتشارات امام همم.
- فاولر، راجر: ۱۳۹۰زبان شناسی و رمان، محمد غفاری، تهران، نشر نی.
- فتوحی، محمود: ۱۳۹۱، سبک شناسی، چاپ نخست، تهران، انتشارات سخن.
- فرای، نورثروپ: ۱۳۷۹، رمز کل: کتاب مقدس و ادبیات، صالح حسینی، چاپ اول، تهران، انتشارات نیلوفر.
- فرای، نورتروپ: ۱۳۹۱، تحلیل نقد(کالبدشکافی نقد)، صالح حسینی، چاپ دوم، تهران، انتشارات نیلوفر.
- فورستر، ادروارد مورگان: ۱۳۸٤، جنبه‌های رمان، ابراهیم یونسی، چاپ پنجم، تهران، مؤسسه انتشارات نگاه.
- فیاض، عای اصغر: ۱۳٤۵، افسانه‌های از بومیان استرالیا، چاپ اول، انتشارات نیل.
- قاسمی، مینو امیر: ۱۳۹۱، درباره‌ی قصه‌های اسطوره‌ای، چاپ اول، تهران، نشر مرکز.
- قاضی، قادر فتاحی: ۱۳٤٦، منضومه کردی شیخ صنعان، تبریز، مؤسسه تاریخ و فرهنگ ایران.
- کالر، جاناتان: ۱۳۸۸، بوطیقای ساختارگرا، کوروش صفوی، چاپ اول، تهران، انتشارات مینوی خرد.
- کالر، جاناتان: ۱۳۸۹، نظریه ادبی، فرزانه طاهری، چاپ سوم، تهران، نشر مرکز.
- کزازی، میر جلال الدین: ۱۳۷۲، رؤیا.حماسه.اسطوره، چاپ اول، تهران، نشر مرکز.
- کمری، علیرضا: ۱۳۸۹، با یاد خاطره، جلد اول، چاپ دوم، تهران، انتشارات سوره مهر.
- کوش، سیلینا: ۱۳۹٦، تحلیل متون ادبی، حسین پاینده، چاپ دوم، تهران، انتشارات مروارید.
- کدکنی، محمدرضا شفیعی: ۱۳۸۹، منطق الطیر، عطار نیشابوری، چاپ دهم، تهران، انتشارات سخن.

- کدکنی، محمدرضا شفیعی: ۱۳۹۱، رستاخیز کلمات(درس گفتارهایی درباره نظریه ادبی صورتگرایان روس)، چاپ اول، انتشارات سخن.
- کدکنی، محمدرضا شفیعی: a۱۳۸٦، صور خیال در شعر فارسی، چاپ یازده، تهران، انتشارات اگاه.
- کدکنی، محمدرضا شفیعی: b۱۳۸٦، موسیقی شعر، چاپ دهم، تهران، انتشارات اگاه.
- کزازی، میرجلال الدین: ۱۳٦۸، زیباشناسی سخن فارسی (بیان)، چاپ اول تهران، نشر مرکز.
- کمپل، جوزیف: ۱۳۸۸، قهرمان هزار چهره، شادی خسروه‌پناه، مشهد، چاپ هفتم، نشر گل افتاب.
- گات، بریس/ لویس، دومینیک مکایور: ۱۳۸٦، دانشنامه زیبایی شناسی، گروه مترجمان، چاپ سوم، تهران، انتشارات فرهنگستان هنر.
- گری یه، الن روب و نویسندگان دیگر: ۱۳۸۹، وظیفه ادبیات، ابوالحسن نجفی، چاپ سوم، تهران، انتشارات نیلوفر.
- لاج، دیوید: ۱۳۸۸، هنر داستان نویسی، رضا رضایی، تهران، نشر نی.
- لوته، یاکوب: ۱۳۸۸، مقدمه‌ای بر روایت در ادبیات و داستان، امید نیک فرجام، چاپ دوم، تهران انتشارات مینوی خرد.
- لوینسون، جرولد: ۱۳۸۷، مسائل کلی زیبایی شناسی، فریبرز مجیدی، قسمت اول، انتشارات هنر متن.
- مارکوزه، هربرت: ۱۳۹٤، بعد زیباشناختی، داریوش مهرجویی، چاپ هفتم، نشر هرمس.
- مقدادی، بهرام: ۱۳۷۸، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی از افلاطون تا عصر حاضر، چاپ دوم، تهران، نشر سروش.
- مک کی، برات: ۱۳۸۲، داستان ساختار سبک و اصول فیلمنامه‌نویسی. محمد گذرابادی، چاپ اول، انتشارات هرمس.
- مکاریک، اریرنا ریما: ۱۳۸۸، دانش نامه‌ی نظریه‌های ادبی معاصر، مهران مهاجر و محمد نبوی،، چاپ سوم، مؤسسه انتشارات اگاه.
- مکوئیلان، مارتین: ۱۳۸۸، گذیده مقالات ریوایت، فتاح محمدی، چاپ اول، انتشارات مینوی خرد.
- مگی، بریان: ۱۳۸۸، داستان فلسفه، مانی صالحی علامه، چاپ نخست، تهران، کتاب امه.
- مندنی پور، شهریار: ۱۳۸۳، کتاب ارواح شهرزاد، چاپ اول، تهران، نشر ققنوس.
- میر، مستنصر/ عبدالرئوف، حسین: ۱۳۹۰، مطالعهء قران به منزل اثر ادبی، ابوالفضل حری، چاپ اول، تهران، انتشارات نیلوفر.
- میرصادقی، جمال/ میرصادقی، میمنت: ۱۳۸۸، واژه‌نامه هنر داستان نویسی، چاپ دوم، کتاب مهنارز.
- میرصادقی، جمال: ۱۳۸۲، ادبیات داستانی، چاپ چهارم، تهران، انتشارات علمی.
- میرصادقی، جمال: ۱۳۹۲، شناخت داستان، چاپ اول، مؤسه انتشارات نگاه.
- میرصادقی، جمال: ۱۳۹۳، داستان های خیالی، چاپ اول، تهران، نشر سخ.
- نایت، دیمون: ۱۳۸۸، داستان نویسی نوین، چاپ دوم، تهران، نشر چشمه.
- نواک، میروسلاو/ چرناو زالتا:۱۳۸٤، افسانه‌های از خاور دور(ژاپن)، اردشیکر نیک پور، چاپ چهارم، تهران، انتشارات امیر کبیر.
- هارلند، ریچارد: ۱۳۸۵، درامدی تاریخی بر نظریه ادبی از افلاطون تا بارت، علی معصومی و گروه ترجمه شیراز، چاپ دوم نشر چشمه.

- هاسپرس، جان: ۱۳۹۳، زیبایی شناسی، مازیار اسلامی و...، چاپ اول، انتشارات مدرس اسلامی هنر.
- هایلند، درو: ۱۳۹۵، زیبایی شناسی افلاطون، عبدالله سالاروند، چاپ اول، تهران، انتشارات نقش جهان.
- ولک، رنه/ وارن، اوستین: ۱۳۸۲، نظریه ادبیات، ضیاء موحد/ پروزی مهاجر، تهران، انتشارات نیلوفر.
- ولک، رنه: ۱۳۷۹، تأریخ نقد جدید، جلد ٤، بخش دوم، چاپ اول، تهران انتشارات نیلوفر.
- ونزل، کریستین هلموت: ۱۳۹۵، مسائل و مفاهیم کلیدی زیباشناسی کانت، داود میرزایی-منیا نوریان، تهران، انتشارات حکمت.
- وود، مونیکا: ۱۳۸۸، توصیف در داستان، نیلوفر اربابی، چاپ اول، تهران، نشر رسش.
- وولف، ورجینا و نویسندگان دیگر: ۱۳۸۵، زن و ادبیات، گزینش و ترجمه، منیژه نجم عرافی ومترجمان دیگرچاپ دوم، تهران، نشر چشمه.
- وولگر، کریستوفر: ۱۳۹۱، سفر نویسنده، محمد گذرابادی، چاپ دوم، انتشارات مینوی خرد.
- یاکوبسن، رومن: ۱۳۸٦، دیود لاج و نویسندگان، زبانشناسی و نقد ادبی، حسین پاینده، چاپ سوم، تهران، نشر نی.
- یونسی، ئیبراهیم: ۱۳۸۲، هنر داستان نویسی،، چاپ حفتم، تهران، انتشارات نگاه.

-زمانی عەرەبی:

- القاضی، محمد: ۲۰۱۰، نعجم السردیات، طبعه الاول، تونس، دار محمد علی للشر.
- کاظم، نجم عبدالله: ۲۰۱۸، جمالیات الروایة العراقیة، طبعة الاول، العراق، دار شهریار.
- الکردی، عبدالرحیم: ۱۹۹٦، الراوی و النص القصصی، الطبعة الثانیة، القاهره، دار النشر للجامعات.

- زمانی ئینگلیزی

- J. A. Cuddon, A DICTINORY OF LITERARY TERMS AND LITERARY THEORY, First published:٦ December ٢٠١٢

## ب. گۆڤار:

### کوردی


- ئیکۆ، ئیمبەرتۆ: چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیکۆ، و. زولێخا، گۆڤاری سەردەمی نوێ، ژمارە١، ٢٠١٩، سلێمانی.
- عومەر، موحسین: ئۆتۆبیۆگرافی و بیۆگرافی وەک ژانرێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٢) ساڵی ٢٠١٥.
- عەلی، بەختیار: عەتا محەمەد، ئاوێنە، گۆشەی ژوورێک لە ئاوێنە، ژمارە ٦، سێ شەممە ١٤-٢-٢٠٠٦.
- کەریم، فەرهاد قادر. ڕۆستەم، ئاری عوسمان: ئەزمونگەرایی دەقی والا لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، سرودە بەردینەکان و کورسی بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، زستانی ٢٠١٩، لاپەڕە ١٧٧-١٩٩.
- کەسنەزانی، بوشرا: چیرۆکی کوردی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ٤٢.
- کەسنەزانی، بوشرا: ٢٠١٦، خانی و خەییام؛ دوو پاڵەوانی مێژوویی و ئەندێشەیی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٣٩.
- کەسنەزانی، بوشرا: ٢٠١٢C، سەردەمی ژن، ژمارە ١.
- محەمەد، عەتا: جیهانی ڕاڤە نەکراو، سەردەمی رەخنە، ژ(٣)، ٢٠٠٦.


### زمانی فارسی


- آسیابادی، علی محمدی: گفتگو ساختار آن در غزلیات شمس، مولانا پژوه، سال اول، تابستان ١٣٨٩ شماره ٢.
- پارسانسب، محمد: بنمایه، تعاریف گونەها کارکردها، فصل نامه نقد ادبی، س١، ش ٥، بهار ١٣٨٨.
- میرزایی پرکلی، جعفر / کشکولی، سیما محمد: خوانش ریوایتهای تصویری (درامدی بر زیبایی شناسی نلسون گودمن)، مجله جهانی رسانه- نسخه فارسی،١٣٩٦، دوره ١٢، شماره١.
- پروفیل: اپرا و اپرت، حسین لعل، موسیقی، اسفند ١٣٣٩، شماره ٥٢
- تودوروف، تزوتان: از غریب تا شگفت، فصلنامه ارغنون(داستانهای عامەپسند)، شماره ٢٥، پایز ١٣٨٣.
- مالیمور، تیمور/ احمدی، شادی: تحلیل ساختارهای ریوای غزلیات حافظ، ادب فارسی(دانشکده ادبیات و علوم انسانی)، دانشگاه تهران،١٣٩٦، سال ٧، شماره ٢.
- یوسفیان، جواد: نگاهی به مفهوم زیبایی شناسی، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی، پایگاه مراکز اطلاعات علمی جهاد دانشگاهی. ١٣٧٩، دانشگاه تبریز، شماره ١٧٧.

پ. نامەی ئەکادیمی:

- ئەحمەد، باخان:٢٠١٤، شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا(بە کەرەسەی کرمانجی خواروو) سالآنی ١٩٩٠-٢٠٠٠، زانکۆی سلێمانی، فەکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

- عارف، سیڤا علی: ٢٠١٩، النص المفتوح في أدب فلك الدين كاكەيی، أطروحة دكتوراه، كلية اللغات، جامعة السليمانية.

ت. پێگەی ئەلیکترۆنی

کوردی

- نەهایی، عەتا: ٧ی ئابی ٢٠١٧، ڕۆمان و چیرۆکی کوردی دابڕاوە لە واقیع، شۆڕش غەفوری وێبسایتی جامی کوردی. http://www.shorshghafuri.blogfa.com/post/١٠٤
- عەلی، بەختیار:٢٠١٧، وتاری بەختیار عەلی لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نیلی زاکس دا، سیروان ڕەحیم، دیدی من. https://www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=٣٣٩٠٧
- محەمەد پوور، کاروان: ٢٠١٨، ڕەوت و قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کلتور مەگەزین، ٦ی مارس. http://cultureproject.org.uk/kurdish/
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد: ١٧-٦-٢٠١٨، دەق لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا، بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ. https://galawej.com/
- حەمەسوور، بەختیار، گفتوگۆ لەگەڵ بەختیار حەمەسوور دا، ١-١-٢٠٢٠ ماڵپەڕی چیرۆک نێت: http://chirok.net/
- کاکەی فەلاح، ئارام: پەڕەی فەرمی نوسەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک.

**فارسی:**

- اکو، اومبرتو:٢٠٠٠، من باب برخی از کاربردهای ادبیات، وب سایت سفید:
- ٣feed https://٣feed.ir/topics/literature/

## الملخص

تعد السرديات علما حديثا وطريقا منظما نحو بحث عن البنية السردية،من خلال التعمق في شكل الإنتاج الأدبي كما أنها تحاول الوصول إلى نظام وهيكلية معينة من أجل تحقيق دلالات و معاني ما فوق النص تجعل الخطابية السردية للنص قابلة للفهم. بمعنى آخر: هذا العلم عن طريق مجموعة من القوانين والأنظمة المستخرجة من السرد ذاته، يُعلن حكمه على النص وفي الوقت نفسه تجعل من قابلية الفهم والإدراك للسرد لدينا كثيرة. سواء كان هذا النص نصا شعريا أم نثريا بسبب تلك الأبنية والمفاهيم التي كونها السرد لنا وهم جوهر أو نواة السرد وبهذه الطريقة تبحث وتحلل النص وينظر إليه بعين فاحصة وتحت مجهر المتلقي أو الباحث لوحدات النص، كما أن النص بشكل عام يحلل ويفسر، وقد يأتي الناقد ويعطي رأيه وحكمه الأخير حول النص بشكل عام.

من هذا المنطلق وبالإعتماد على هذا العلم الحديث/ الجديد وتأمل النصوص السردية في الأدب الكوردي؛ قررنا أن يكون بحثنا في زاوية من زوايا السردية ألا وهو ( الاستاطيقا/علم الجمال)، لذلك عنوان اطروحتنا " جماليات السرد في الأدب الكوردي". وهي محاولة من أجل الكشف و معرفة عمل السرد داخل الأدب الكوردي. ومن خلال التحليل و التعليل وعرض كل التفاصيل الفنية الموجودة في الأدب السردي الكوردي. كما وأننا بصورة عامة إلتزمنا في هذه الطروحة بنظرية البنيوية، لكن في أي جزء إحتاج النص إلى تحليل أكثر، إعتمدنا على المنهج ( الوصفي / التحليلي).

خطة بحثنا لهذا الموضوع قسمت إلى ثلاثة فصول رئيسة، وكل فصل في محتواها قسمت على مجموعة من المباحث و المحاور. الفصل الأول بعنوان (الأستاطيقا والسرد) تناولنا فيها السمات و الخصائص المتعلقة بهذا العنوان في الأدب الكوردي، وبشكل عام اعتمدنا على التنظير من أجل التعريفات اللغوية و الإصطلاحية لكل من ( السرديات) و( الأستاطيقا)، كما وتحدثنا عن طريقة النوعية والكيفية لعمل هذه المصطلحات في النص وعززنا هذه التعريفات والشروحات بنماذج تطبيقية متى أحسسنا إننا بحاجة إلى الآتيان بهذه النماذج.

أما في الفصل الثاني تطرقنا إلى (جماليات السردي النثري) وتحدثنا عن كل من: "الحكاية، القصة، الرواية، السيرة الذاتية، الرسالة" تكوّن لنا هذا الفصل. كما تحدثنا بصورة دقيقة عن (علم الجمال)، والأسباب التي تجعل من النص نصا جماليا. وفي الفصل الأخير و لأن هذا الفصل تعتبر الأرضية الأساسية للأطروحة خصصناه للشعر من الأدب الشفاهي مثل: "الملحمة الشعبية "، "الملحمة" ومن الأدب الكلاسيكي "القصيدة والغزل".وفي الختام تحدثنا عن الغنائية في الشعر الحديث و بحثنا عنها، وكذلك القصة الشعرية والنص المفتوح وتطرقنا إليهما بشكل مفصل ودقيق عن طريق الأستاطيقا/ علم الجمال وحللناهما. وقمنا بعرض ما وصلنا إليه من مجموعة إستنتاجات محصلة ومستخرجة نتيجة البحث والكشف عنها.

# Abstract

Narration as a new science, is an organized way to investigate the structure of narration, by scrutinizing the form of literary production, tries to achieve a meaning above text approach and text narration discourse that makes it understandable. In other words, this science, because of a set of constitutions and laws derived in the narration itself, judges the text and concurrently gives us the ability to comprehend and understand more about narration. The text, whether prose or poetry, will be investigated because of the principles that have led to the creation of narration and are the essence of narration. By focusing on the sections and contents of the of the narration, the text will be discussed and eventually the critic will comprehensively express his/her judgment about the text. Thus, based on this science and our understanding of the literary texts of Kurdish literature, I decided to investigate one aspect narrative, which is of aesthetics, so I entitle the thesis: " Aesthetics Narration in Kurdish Literature". This is an attempt to identify and recognize the aesthetics aspect of narrating in Kurdish literature. Analyzing, interpreting, and finally showing all the details and artistic aspects that exists in Kurdish narrative literature. In general, we adhered to the method of Structuralism, however, wherever a text deemed it necessary to be analyzed more, I employed on the Descriptive Analysis approach.

I have set out a plan to work on this subject, which will be divided into three major sections and each section will be subdivided into several subsections and parts. The first section, entitled “Aesthetics and Narration, its characteristics and features in Kurdish Literature” which is mostly comprised of theoretical applications in order to survey and scrutinize concepts and terminology, also introducing both concepts of aesthetics and narratology. Here, despite the fact that I first discussed the historical beginning of both sciences, I explore what these concepts and functions are within the text and wherever I deemed it necessary, I have demonstrated and offered examples in support of my arguments. The second section, is about the aesthetics of prose narration, which includes the genres of "tale, story, novel, biography and travel literature," which I discuss in detail about aesthetics and the reasons why the text classify as an aesthetic text. The final section, which have become the foundation of the research, is narrating in the genre of poetry from "folklore literature” to "*beit and balorra* – Song and Saga" to "epic" and "qasida and ghazal" and finally discussing lyrics as a new poetry, and I have examined in detail the narrative poetry and the open text from the perspective of aesthetics. In the end, I have stated the obtained conclusions of my research.